# وەرچەرخانی جیهانی:
# فرەجەمسەری و جیۆپۆلیتیکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

د. بەهرۆز جەعفەر

لەبڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٦

**ناوی کتێب:**

وەرچەرخانی جیهانی: فرەجەمسەریی و جیۆپۆلیتیکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

**نووسین و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:** د. بەهرۆز جەعفەر

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٦

**چاپخانە:** ڕۆژهەڵات

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٢٩٧) ساڵی ٢٠٢٦ پێدراوە.**

ئـەم کتێبــەی لەبەردەســتدایە، لەلایــەن یەکێــک لــە دە بەهێزتریــن بڵاوکــەرەوە زانسـتییەکانی ئـەم جیهانـە "سـپرینگە-Springer" بـە زمانـی ئینگلیزیـی لـە ساڵی (٢٠٢٥) دا بڵاوکراوەتــەوە؛ لــە ئێســتادا لــە (٧٠٠٠) کتێبخانــە و دامــەزراوەی جیهانیــی و (١٨٠) دەوڵــەت بەردەســتە. هەروەهــا لــە دەیــان بــازاڕی گــەورەی ئۆنلاینــی وەک: ســپرینگە، ئەمـازۆن، بارنـس نۆبـڵ، بـووک شـۆپ، ئـای بـووک، بـووک تۆپیـا، کۆبـۆ، ئیندیگـۆ، ئوبـەی، واڵمارت و لـیمان و زۆری دیکـەوە بـە نرخـی سـەروو سـەت دۆلار لـە لایـەن بڵاوکـەرەوە زانســتییەکەوە دەفرۆشرێــت. نووســەرەکەی (د. بەهــرۆز جەعفــەر) هــەر خــۆی بــۆ خزمەتـی گـەل و ناوەندیـی کوردیـی وەریگێـڕاوە بـۆ زمانـی کوردیـی. ئێمـەش لە "دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان" چـاپ و بڵاوکردنـەوەی وەهـا بەرهەمێکـی جیهانـیمان بـە گرینـگ زانـی.

# ناوەڕۆک

پوختەیەک.......................................................................................................... ١١

پێشەکی............................................................................................................ ١٣

**بەشی یەکەم**

**جەمسەرگیریی لە ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا**

١.١. جەمسەرگیریی: چەمک و جۆرەکانی.......................................................... ٣٠

١.١.١. تاک جەمسەریی......................................................................................... ٣٧

٢.١.١. دوو جەمسەریی......................................................................................... ٤٤

٣.١.١. فرە جەمسەریی.......................................................................................... ٥١

٢.١. مانشـێتەکان تەنیـا ئـەوە پشتڕاسـت دەکەنـەوە کـە زلهێـزە مامناوەندییـەکان کاریگەرتـر دەبـن.............................................................................................. ٦١

٣.١. حەتمییەتی تەکنەلۆژی: زیرەکی دەستکرد و داینامیکییەتی دەستەڵاتی جیهانی........ ٦٧

١.٣.١. ترامپ و ململانێی دەسەڵاتی دیجیتاڵی.................................................... ٧١

٤.١. بەرەو جیهانێکی بێ جەمسەر: نەزمێک لە مێژوودا نەبیندراوەوە........................ ٧٥

**بەشی دووەم**

**بەریەککەوتنی زلهێزەکان: هەژموونی ئەمریکا و چین لە سەدەی بیستو یەک**

١.٢.پارادایمی گەشەی چینی: ئەمە چۆن هاتە ئاراوە؟ ..................................... ٨٧

٢.٢.پرۆژەی دەستپێشخەریی پشتێن و ڕێگا (BRI): تۆڕێکی چینی بۆ پێکەوەبەستنی جیهانی.... ٩٩

٣.٢.یەکتربڕینەکان: نەرمە هێزی چین چۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاردەکات؟.......... ١٠٧

١.٣.٢. عێراق: هێزی نەرمی چینی بەسەر هێزی ڕەقی ئەمریکییدا سەرکەوت................ ١١٢

٢.٣.٢. چین و ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو ........................................................ ١٢٠

٣.٣.٢. ئێران........................................................................................................١٢٨

٤.٣.٢. ئیسرائیل...................................................................................................١٣٢

٤.٢.ئایا هەموو بردنەوەیەکی چین مانای دۆڕانێکی ئەمریکایە؟....................................١٣٦

٥.٢. هێشتا ئەمریکا تاکە زلهێزی جیهانە؛ بەڵام پێویستی بە ئاگایی زیاتر هەیە............١٤٣

٦.٢. بریکس و گۆڕانی دارایی جیهانی: بۆچی ڕەنگە داماڵینی دۆلار شکست بهێنێت؟....١٥٠

١.٦.٢. بۆچی دژە سەرمایەداریی و دژە ئەمریکایی لە هەڵکشاندایە؟..........................١٥٥

## بەشی سێهەم

## داینامیکییەتـــی جیۆپۆڵەتیکیـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت و کاریگەریـــی بەســـەر باڵانســـی هێـــزی جیهانییـــەوە

١.٣. پێناسە و پێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست..........................................................١٦٥

٢.٣. ئەگـــەر نەتتـــوانی چوارچێوەکـــە بگۆڕیـــت، چـــاکتر وایـــە ئاڵوگـــۆڕ بـــە یاریزانـــەکان بکەیـــت.......................................................................................................١٧٠

٣.٣. بنج و بنەوانی گەمە ئایدۆلۆژییەکان..............................................................١٧٢

٤.٣. ٧ ی ئۆکتۆبەر: نەزمێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟........................................١٧٨

٥.٣. جیهان و سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست...............................١٩٠

٦.٣. نـەوت و تێـزی پێویسـت بوونـی حاکمێـك بـۆ ئـەم جیهانـە لـە سـەدەی بیسـت و یەکـدا......................................................................................................١٩٧

٧.٣. قسـەی زلـی لووتکـەکان، پێچەوانـەی کردارەکانـە: پشـتبەستن بـە هایدرۆکاربـۆن زیاتـری کـردووە.......................................................................................٢٠٢

٨.٣. بۆچـی لـە ڕووی پیشەسـازیی، تەکنیـک، نـرخ دانانـەوە وڵاتانـی بەرهەمهێنـەری نـەوت پشـت دەرەوەی خۆیان دەبەستن؟!.....................................................................٢٠٧

٩.٣. جیۆپۆڵەتیکی وزە و ململانێی حەوزە ستراتیجییەکان.........................................٢١٦

٣.٩.١. حەوزەی یەکەم: قەزوین: ڕێگای ئاوریشمی نوێ، ململانێیەکی نوێ، تەواوکارییەکی نوێ.......................................................................٢١٧
٣.٩.٢. جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا: دیبلۆماسی نەیتوانی بەر بە سەرهەڵدانی جەنگ بگرێت.......................................................................٢١٩
٣.٩.٣. تیۆری ئاڵۆزیی ئاسایشی ناوچەی : کێشەی ئاسایشی ناوچەیی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.......................................................................٢٢١
٣.٩.٤. هێڵی بۆڕیی گاز لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی: ئایا بۆڕی گاز هاریکاریی هەرێمایەتی پێش دەخات؟ .......................................................................٢٢٥
٣.٩.٥. پرسە ژینگەییەکان و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان.......................................................................٢٣٢

## بەشی چوارەم

## شیکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی فرە جەمسەریدا: تێکەڵەیەک لە هاوپەیمانی و کێبڕکێی نێوان یاریزانانی ناوچەیی

٤.١. ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی.......................................................................٢٣٧
٤.٢. ئێران و سعودییە: پەکین دەڵاڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان.......................................................................٢٤٤
٤.٢.١. خوزستان لە نێوان عەرەبستان و ئێران دا.......................................................................٢٤٧
٤.٢.٢. ئایا ویلایەتە یەکگرتوەکان لە پەراوێزدا ماوەتەوە؟.......................................................................٢٥١
٤.٣. دیبلۆماسی لە تاریکیدا: پەیوەندیی و گفتوگۆکانی نێوان سعودییە و ئیسرائیل.........٢٥٧
٤.٤. ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیمارات و تورکیا: هۆکارەکانی، لێکەوتە ناوچەیی و ئابورییەکانی.......................................................................٢٦٢
٤.٤.١. پڕۆژەی "دوقم" ..هەوڵێک بۆ پەراوێزخستنی ئیمارات لە کەنداوی عەرەبی.........٢٧٠
٤.٥. پەیوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئاکپارتی دا............٢٧٤
٤.٦. گەڕانەوەی سووریا بۆ کۆمکاری عەرەبی: بۆچی پرسێکی تایبەتە بە عەرەبەکان؟.....٢٨٣

٧.٤. شەپۆلە مەترسیدارەکان: قەیرانی مادده هۆشبەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە دەستوەردانی توندی ئەمریکایە...........................................٢٨٨

٤.٧.١. بانگەوازێک بۆ تێڵا گەورەکەی ئەمریکا لەسەردەمی ئەهریمەنەکاندا.................٢٩٦

٨.٤. قەیرانی کەمبوونەوەی ئاو: ڕەهەند و لێکەوتە مەترسیدارەکانی.............................٣٠٤

## بەشی پێنجەم

## لە تیۆرییەوە بۆ پراکتیک: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوان دەستەڵاتی جیهانیی و ڕێکخستنەوەی ناوچەیی دا

١.٥. ڕێکخستنەوەی جیهانی: وەرچەرخانی ستراتیجیی ڕووسیا و ئایندەی سیاسەتی جیهانی..........................................................................................................٣١٣

٢.٥. ڕووسیا و داینامیکییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.......................................................٣١٨

١.٢.٥ ڕووسیا بە بێدەنگی کاریگەریی لە کەرتی وزەی عێراقدا پەیداکردووە..................٣٢٣

٣.٥. هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکان و وەرچەرخانی دەستەڵاتی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست..................................................................................................٣٣١

٤.٥. چین لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بەندەرەکانی دەرەوەی وڵاتدا..................................٣٤٢

٥.٥. هایدرۆجینی سەوز لە کەنداو، دووکەڵی ڕەش لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا !...............٣٤٨

٦.٥. گرینگ نییە ئەمریکا چی دەوێت!...........................................................................٣٥٦

٧.٥. دۆلارۆکراسی: قەیرانی لیبراڵیزم و پووچەڵکردنەوەی خۆرئاوا.................................٣٦٢

٨.٥. فرەجەمسەریی، جیهانێکی بێ جەمسەر، هەردووکیان بە یەکجار: جیهانەکەمان لەسەردەمی جەنگی ئۆکراین دا..................................................................................٣٦٨

٩.٥. تێگەیشتن لە گۆڕانکارییەکانی هێز: بەشدارییە تیۆرییەکان لە وەرچەرخانی هێزی جیهانی دا.....................................................................................................٣٧٥

١.٩.٥. وابەستەیی ئاڵۆز بە یەکتر- Complex Interdependence...............................٣٧٨

٢.٩.٥. نیۆڕیالیزم (ڕیالیزمی پێکهاتەیی- Structural Realism)....................................٣٨١

٣.٩.٥. تیۆری بوونیادگەرایی (کۆنستراکتیڤیزم- Constructivism)................................٣٨٤

٤.٩.٥. تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم (Post- Colonialism)..............................................٣٨٧

**ئەنجام.......................................................................................................٣٩٣**

**لیستی سەرچاوەکان.........................................................................................٤٠٩**

## پوختەیەک:

لەنـاو نەزمێکـی نوێـدا، کۆمپانیـا زەبەلاحەکانـی تەکنەلۆژیـا و زیرەکـی دەسـتکرد، کاریگەرییـە گەشەسـەندووەکانی نەرمـە هێـزی چیـن لـە ڕێگـەی پـڕۆژەی دەستپێشـخەری پشـتێن و ڕێـگاوە هاوشـانی ئەکتـەرە نا-دەوڵەتییەکانـی دیکـە سیسـتەمی جیهانـی لـە قاڵـب دەدەنـەوە. هەرئەوەنـدە نییـە، بەڵکـو سـیمایەکی دیکـەی ئـەو نەزمـە نوێیـە سـەرهەڵدان و زیادبوونـی ژمارەی"هێـزە مامناوەنـدەکان"ە، ئەمانـە ئـەو وڵاتانـەن هێشـتا زلهێـز نیـن، بـەڵام کاریگەرییەکـی گەورەیـان هەیـە لەسـەر بڕیـارە جیهانییـەکان وەکـو (هیندسـتان، سـعودییە، ئیسرائیـل، تورکیـا، ژاپـۆن، ئێـران، بەڕازیـل و..تادوایـی) ئـەم گەلانـە یارمەتیـدەرن بـۆ دیاریکردنـی داهاتـوو، چوونکـە لـە ڕێکخسـتنە جیهانییەکـەدا بەتـەواوی لەپـاڵ تاکـە زلهێزێکـدا نـاوەستن، بەمجـۆرە ئـەم فاکتەرانـە سیسـتەمی تاکجەمسـەریی دونیا کاڵ دەکەنـەوە. وەرچەرخانـی هێـز لـە یـەک تاکـە زلهێـزی باڵادەسـتەوە بـۆ جیهانێـک کـە چەندیـن یاریزانـی کاریگـەری تێدایـە، پێویسـتی بـە لێکۆڵینەوەیـە. بـۆ لێکۆڵینەوەیەکـی وەهـاش میتـۆدی "دامەزراوەگەرایـی مێژوویـی" گونجاوترینـە بـۆ جەختکردنـەوە لـەوەی چـۆن پرۆسـە مێژوویـیـەکان پێکهاتـە جیهانییەکانـی ئێسـتا و ڕێڕەوەکانـی داهاتـوو لـە قاڵـب دەدەن، میتۆدێکـی وا کـە بتوانێـت تێڕوانینێکـی نـوێ بـۆ چەمکـی جەمسـەرگیریی و جۆرەکانـی لـە ئەدەبیاتـی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا پێشـکەش بـکات. ئاوهـا بـاشتر دەردەکەوێـت کـە چـۆن "چیـن" کاریگـەری جیهانـی بەدەسـتهێنا و بریکـس لـە کاردانـەوە بەرانبـەر بـە سیسـتەمی دارایـی بـە سـەرکردایەتی ڕۆژئـاوا سـەریهەڵدا؟ بەڵـێ ئەمـە کتێبێکـە لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئەنجامەکانـی شـەڕی غـەزەی دوای ٧ی ئۆکتۆبـەری ٢٠٢٣ تیشـک دەخاتـە سـەر ڕکابەرییـە جیۆپۆلیتیکییـەکان و هـۆکارە ئابوورییـەکان. چـۆن ڕۆڵـی مێژوویـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت وەکـو پرسـێکی جیۆپۆلەتیکـی لـە ڕێگـەی ڕێگاکانـی وزە و بازرگانییـەوە پـەرەی سـەندووە. لێـرەدا تەحەداکانـی بـەردەم ئاینـدەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـاشتر نیشـان دەدرێـت: نەبوونـی دامـەزراوەی بەهێـز، بازرگانیکـردن بـە ماددە

هۆشـبەرەکان، قەیرانـی کەمـی ئـاو، ئاسایشـی وزە لەگـەڵ کـزە بـای ئـەو وەرچەرخانـە جیهانییـە بەتـەواوی سەروسـیمای ئـەم ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتە دەگـۆڕن. ئـەم هەوڵـە چرکەسـاتێکی نـوێ دەستنیشـان دەکات کـە مرۆڤایەتـی پێـی تێخسـتوە بـەڵام ڕا-نـە-گەیەنـدراوە؛ جیهـان دەچێتـە سـەردەمێکی نـوێ، لـەم سـەردەمە نوێیەشـدا ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت چەقـی گۆڕانکارییـەکان دەبێـت.

**وشـە کلیلییـەکان:** هەژموونـی ئەمریـکا، کاریگەرییەکانـی هەڵکشـانی چیـن، زلهێـزە ناوەڕاسـتەکان، سـەرهەڵدانی فـرە جەمسـەریی، نەزمێکـی جیهانـی بـێ جەمسـەر، داینامیکـی جیۆپۆلەتیکـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، وەرچەرخانـی دەسـەڵاتی جیهانـی.

# پێشەکی

ئەوڕووپای ڕۆژئاوا لە مێژوودا لە لوتکەی کاروباری نێودەوڵەتیدا دانیشتووە، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زاڵ بوو. لە کاتێکدا یەکێتی ئەوڕووپا هێشتا وەک هێزێکی گەورە لە پلانە جیهانییەکەدا ئامادەیی هەیە، کەچی داتا نوێیەکان ئەوە دەردەخەن کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (بەتایبەتی چین) لە ڕێگای خۆیدایە بۆ بەدەستهێنانی هەژموونێکی جیهانی ئەوتۆ کە کۆنترۆڵی نەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو کاروباری بازرگانی ئەوڕووپاش بکات. لە دوای کۆتاییهاتنی دووەمین جەنگی جیهانییەوە، ئەمریکا بە بەرچاوترین ئابووری جیهان، لە بواری دارایی، سەربازی، سەرکردایەتی، بازرگانی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت. بەڵام لەگەڵ گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا؛ لە باڵادەستی ڕۆژئاواوە بۆ سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بوونی هەژموونی ئەمریکا لە چارەکی یەکەمی سەدەی ٢١ ەوە بە هێواشی بەرەو دابەزین دەچێت!

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا؛ بووەتە گرنگترین ناوچەی ئابووری لە جیهاندا. ڕکابەری سەرەکی ئەمریکا، "چین" ە کە لە هێزی ئابووری، سەربازی، دیپلۆماسی و تەکنەلۆژیدا بەردی بناغەی داناوە. چین پێشەنگی هەناردەکاری نێودەوڵەتییە بۆ کاڵاکان و چەند ساڵێک پێشتر ئەمریکای تێپەڕاندووە؛ تەنیا لەماوەی دە ساڵدا (٢٠١٣-٢٠٢٣) چین هەنگاوی گەورەی ناوە لە تێکەڵکردنی خۆی بە سیستەمی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی بلۆکە جیۆپۆلیتیکییەکان، دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا، سەرپێخستنی دامەزراوەکان لە ناوچەکانی دیکە و زیادکردنی توانای پیشەسازی خۆی. ئەگەر ستراتیژییەکان بەبێ تێکچوون بەردەوام بن، ئەوا لە کۆتاییدا هەژموونی چینی لەسەرانسەری جیهاندا بە ڕاشکاوی دەبینین (Butler, A. J., 2024).

ئیتر ئەوە بابەتێکی سروشتییە کە مانشێتەکان جەخت لە گۆڕانی سیستەمی جیهانی دەکەنەوە. قسەکردن لەسەر داکشانی ڕێژەییانەی هێزی ئەمریکا و لە

بەرانبەردا هەڵکشانی ڕۆڵی چین، هیند و ڕووسیا و هێزە مامناوەندییەکانی تر بووەتە مۆدێلێک. زانایان باس لە گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان دەکەن لە سیستەمێکی یەک جەمسەرییەوە کە یەک حاڵەتی باڵادەستی هەیە، بۆ سیستەمێکی دوو جەمسەری (کە دوو باری باڵادەستی تێدایە)، یان سیستەمێکی فرە جەمسەری (کە سێ حاڵەتی باڵادەست یان زیاتری تێدایە). نەزمی جیهانی پارچە-پارچە بووە، زلهێزە ناوەڕاستەکان کە تێکەڵەیەک لە دەوڵەتانی دیموکراسی و دەوڵەتە تاکڕەوەکانن، بەپێی بارودۆخ و بەرژەوەندییەکانیان، یان لەگەڵ ئەمریکا یان چین - یان هیچ کامیان - هاوتەریب دەبن، لە ڕاستیدا ئەمە فرە ڕیزبەندیی (نا-یەکگرتوویی) درووست دەکات، وەک پرۆفیسۆر ئیما ئەشفۆرد لە زانکۆی جۆرج تاون دەڵێت؛ بەڵێ "جیهان فرە-جەمسەرییەو، ئەمەش هەواڵێکی ناخۆش نییە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵکو دەبێ هەوڵ بدات فرەجەمسەریی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار بهێنێت". (Ashford. 2023).

هەرچۆنێک بێت، دونیا وەک سادەییەکەی جاران نەماوە. ئێمەش باسی جیهانێکی ناجێگیر و ئایندەی جەمسەرگیریی جیهانی دەکەین، لەگەڵ گرژیی و گۆڵمەزە بەردەوامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تۆ ئێستا چی بە مێشکت دا دێ؟ پێتوا نییە، ئێمە لە یەککاتدا کۆمەڵێک جەنگی ساردمان دەبێت؛ جەنگ لەگەڵ چین، جەنگ لەگەڵ ڕووسیا، لەگەڵ هیند، لەگەڵ کۆریای باکوور، ململانێی بەردەوام لەگەڵ گرووپە ئایدۆلۆژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریکا، لەگەڵ ماددەی هۆشبەر، لێکەوتەکانی زیرەکی دەستکرد، گۆڕانی کەشوهەوا و ئاسایشی خۆراک، کێشەی بڵاوبوونەوەی نایەکسانی، بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، دیاردەی توندڕەوی، لەپاڵ ئەمانەشدا تێرامان و درووستکردنی ستراتیجییەتێکی نوێ بەرانبەر سەرهەڵدان و زیادبوونی ژمارەی هێزە -مامناوەندییەکان، زیادبوونی دەستەڵات و سەرە-ڕۆیی ئەکتەرە-نا-دەوڵەتییەکان. لەمەش گەورەتر وەرچەرخان لە دەستەڵاتی جیهانیدا بەرەو زەریای هێمن، بەتایبەتی بەرەو ئاسیا.

بێگومان، لێکۆڵینەوەکردن لەسەر سیاسەتی جیهانی قورسە، چوونکە بەدرێژایی مێژوو چارەنووسی مرۆڤایەتی بەند بوە بە سیستەم و سیستەمە جیهانییەکانەوە.

زیاتــر لــەوەش، سیاســەتی جیهانــی وابەســتەیە بــە کۆمەڵێــک تیــۆری جیــاواز بــۆ گفتوگۆکـردن لەسـەر فۆڕمێـک کـە پێکەوەژیانـی ئاشـتیانەی کۆمەڵـگاکان لـە خۆ-بگرێـت. کاتێــک بــە پلەیەکــی بــەرز گۆڕانکاریــی- بوومەلەرزەیــی لەپەیوەندییــە نێودەوڵەتییــدا ڕوودەدات، گرنگــە بزانیــن کێــن ئەوانــەی ڕۆڵــی گــەورە لــە سیاســەتی نێودەوڵەتییــدا دەگێــڕن؟ وە چــۆن کاریگەریــی دروســت دەکــەن لەســەر ڕێکخســتنەوەی بەهــاو نۆرمــە جیهانییــەکان ؟ بــۆ نموونــە؛ کێــن ئەوانــەی ڕووبــەڕووی پەتــاو ڤایرۆســەکان دەبنــەوە، چــۆن چارەســەری هاوبــەش بــۆ ئاسایشــی خــۆراک، گەرمبوونــی گــۆی زەوی، بڵاوبوونــەوەی نایەکســانی، تیــرۆر، مــاددە هۆشــبەرەکان دەدۆزرێتــەوە؟

بەتایبەتــی، لێــرەدا کێشــەیەکی ســەرەکی کــە پێشــووتر وێنــەی نەبــووە لەباشــووری جیهانــی دا هاتۆتــە ئــاراوە؛ ئــەو وڵاتانــەی کــە لــە پلەبەندیــدا لــە خــوار زلهێزەکانــەوەن و هێزێکــی مامناوەندییــان هەیــە، پابەنــدی ڕێکخســتنی جیهانــی نابــن، ئــەم کتێبــە وەک بەشــێک لــە ئەدەبیاتــی نــوێ بــە "نا-ڕێکخســتنی نــوێ -New Non-alignment" دەناســێندرێت، ئەمــە تایبەتمەنــدە بــەو وڵاتانــەی کــە ســەربەخۆیی ستراتیژییــان بەکاردەهێنــن بــۆ دەستخســتنی زۆرتریــن بەرژەوەنــدی جیۆ-ئابــووری، جیۆپۆلەتیکــی و جیۆستراتیژیــی خۆیــان؛ ئــەوان نــە لەگــەڵ ڕۆژئــاوا هاوتــەریبن و نــە لەگــەڵ زلهێــزە غەیــرە ڕۆژئاواییــەکان. وەک بینــیمان زۆربەیــان ئامــادە نەبــوون هیــچ جەمســەرێک لــە شــەڕی ڕووســیا و ئۆکرانیــادا بەتەواوەتــی هەڵبژێــرن (Burrows، M.، & Manning، R. A. 2024).

بۆیـە لـە نا-ڕێکخستن یـان ناتەبایـی سیسـتمەکەدا، دەوڵەتانی باشـووری جیهانـی ڕەخنە لــە هــەردوو زلهێــزی ڕۆژئــاوا و ناڕۆژئاوایــی لەوانــەش چیــن و ڕووســیا دەگــرن، ئەگــەر نەتوانـن چارەسـەری کاریگـەر بـۆ کێشـەکانیان دابیـن بکـەن و "نۆرمەکانـی"[(١)] خۆیـان ڕێک بخەنــەوە. ئــەم لــە ڕیــزدا نە-وەســتانەی هەندێــک هێــز دیمەنێکــی جیهانــی نا-ڕێکخــراو دەهێنێتــە پێشــەوە. ئەمــە لەســەردەمی جەنگــی ســارد وا نەبــوو کــە وڵاتانــی جیهــان بــە گشــتی بەســەر دوو ســەربازگەی خۆرئــاوا و خۆرهەڵاتــدا دابەشــبوو بــوون، هەندێــک

---

(١) نـۆرم لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا بریتییـە لـە تێگەیشـتنێکی بەکۆمـەڵ سـەبارەت بـەوەی کـە دەوڵەتـەکان دەبـێ لـە چوارچێوەیەکـی دیاریکراودا چـۆن هەڵسـوکەوت بکـەن.

وڵاتی کەم نەبێت کە پابەند نەبوون بەو ڕێکخستنە جیهانییەوە لە پێناو پاراستنی ئاشتی، پێشخستنی گەشەی ئابوری، دژایەتی ئیمپریالیزم، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دژایەتیکردنی هاوپەیمانێتیە سەربازییەکان لە بەدەستخستنی چەکی ئەتۆمیدا.

لەسەدەی ٢١ دا بەو شێوەیەی پێشوو نییە، بەڵکو هێزە مامناوەندییەکان لە ئاسیادا نەک لە هەندێ حاڵەتدا ڕێز لە ڕێکخستنی جیهانی ناگرن، بەڵکو هەریەکەیان بێگوێدانە بەها و نۆرمە گشتگیرەکان ئەجێندای خۆی هەیە بۆ بەهێزکردنی ئاستی ئابوری و هەژموونی ناوچەیی خۆی. ئەمەش پرسیارێکی چارەنووسساز دەوروژێنێت: ئایا پابەندنەبوونی زلهێزەکانی ناوەڕاست بە هێزە گەورەکان، یارمەتیدەر دەبێت بۆ جیهانێکی سەقامگیرتر، یان لە هەندێک حاڵەتدا، کەشێکی نەرێنی لێدەکەوێتەوە و بڕیاردانی جیهانی قورستر دەکات؟

بۆیە، کتومت ئەم کتێبە بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی سەرەکی نووسراوە: ئایا نەزمی جیهانی لە یەک جەمسەرییەوە بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دەگۆڕێت بۆ سیستەمێکی فرە جەمسەری یان نا-جەمسەریی و چین و بریکس و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ ڕۆڵێک دەگێڕن لە دارِشتنی ئەم گواستنەوەیە؟ ئایا سەربەخۆیی ستراتیژیی زلهێزە ناوەندەکان و نایەکگرتوویی نوێ سیاسەتی جیهانی سەقامگیر دەکات، یان ناسەقامگیری دەکات؟ ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و تەکنەلۆژیا چۆن نەزمی جیهانی لە قاڵب دەدەنەوە؟ ڕۆڵی ستراتیژیی پەرەسەندنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گۆڕانکارییەکانی دەسەڵاتی جیهانیدا چییە؟ هەر بەڕاستی دەکرێت نەزمی جیهانی بچێتە قۆناغێکی ڕاستەقینەی ناجەمسەرییەوە و مرۆڤایەتی ئەزموونێکی تاقیبکاتەوە کە پێشووتر نەبووە؟

ئەم لێکۆڵینەوەیە دامەزراوەگەرایی مێژوویی- Historical Institutionalism وەک میتۆدۆلۆژیای سەرەکی خۆی بەکاردەهێنێت. ئەمەش ڕێگە بە کتێبەکە دەدات نیشانی بدات چۆن پێکهاتە مێژووییەکان، واتە هەژموونی ئەمریکا دوای جەنگی دووەمی جیهانی، دامەزراوەکانی جەنگی سارد و سەرهەڵدانی چینی دوای ساڵی ٢٠١٣، سەرهەڵدانی زلهێزە مامناوەندەکان، تەکنەلۆژیا و زیرەکی دەستکرد دابەشکردنی دەسەڵاتی ئێستا و ڕێڕەوەکانی داهاتوو لە قاڵب دەدەن. ئەم شێوازە گونجاوە بۆ

شیکردنەوەی گواستنەوە درێژخایەنەکانی وەک گۆڕانکاری لە یەک جەمسەرییەوە بۆ فرە جەمسەری یان جیهانێکی بێ جەمسەر.

بۆ ئەمە گەرەکە لە سیاسەتی جیهانی وەک تۆڕێکی ئاڵۆز تێبگەین کە تیایدا کارلێک و ڕەفتار و چالاکییەکانی نێوان ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان، بە شێوەیەکی ئاشتیانە یان توندوتیژانە ڕوودەدات. ئێمە بۆئەوەی وێنایەکی زانستییانەی وردتر بۆ سیاسەتی جیهانی بکەین، کەمتر باسی "پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان" دەکەین؛ چوونکە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەنیا لەوێدا قەتیس دەبێت کە پەیوەندیی لە نێوان دەوڵەتاندا هەیە، جا یان لەسەر بنەمای ململانێیە یان هاریکاریی. بەڵام سیاسەتی جیهانی دیمەنە گەورەکەیە کە هەموو کایە ئەمنی، ئابوریی، سیاسیی، وەرزشی، کەلتورییەکانی تیا کۆدەبێتەوە، هەموو ئەمانە بە ناسنامە و زمان و ڕەگەزی جیاوازەوە، لە پێگەی جوگرافی جیاجیاوە بەریەکدەکەون و هەڵدەسوڕێن.

زیاتر لەوەش بەهۆی سیاسەتی جیهانییەوە باشتر لەو گۆڕانە قووڵە دەگەین کە"نەزمی جیهانی- World Order" پیایدا تێپەڕدەبێت (نەزم: ئاماژەیە بۆ بوونی تێگەیشتنێکی جێگیر لەسەر دامەزراوە و نۆرم و ڕێسا و پەیوەندییەکانی دەسەڵات کە یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایش و هاوکاری لە نێوان دەوڵەتەکاندا، بۆ نموونە؛ لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد هەمووان لەسەر تاکجەمسەریی ئەمریکا کۆک بوون کە ئەو دامەزراوە جیهانییەکان و نۆرم و بەها جیهانییەکان و پەیوەندییە جیهانییەکان لە قاڵب بداتەوە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئارامی جیهانیی).

ئەمە ساتە وەختێکی مێژوویی بێوێنەیە: لەداهاتوودا کۆمپانیاکانی تویتەر، گۆگڵ، فەیسبووک، خزمەتگوزارییەکانی ستارلینک، تەکنەلۆژیا ئاست بەرزەکان و ئەکتەرە-نادەوڵەتییەکان ڕەنگە ببنە یەکلاکەرەوەی جەنگ! بۆ نموونە؛ ئۆکرانیا داوای لە ئیلۆن مەسک کرد، هاوکاری بکات زانیاری پێ بدات لەسەر کەشتییەکانی ڕووسیا لە دەریای ڕەش بۆئەوەی بۆردومانیان بکات، ڕەنگە ئەگەر ئەمەی بکردایە پۆتین پەنای ببردایەتە بەر چەکی ئەتۆمی کۆ-کوژ. بۆیە ماسک ساڵی (٢٠٢٢) هێرشێکی بۆ سەر کەشتییەکانی ڕووسیا لە دەریای ڕەش پووچەڵکردۆتەوە، بەو پێیەی ڕەتیکردەوە ئۆکرانیا تۆڕی مانگی دەستکردەکەی بەکاربهێنێت بۆ

ڕێنماییکردنــی فڕۆکــە بێفڕۆکەوانەکانــی، ئەمــە مایــەی تووڕەیــی بەرپرســانی بــاڵای کییێــڤ بــوو کــە چــۆن بەشــێک لــە دەســەڵاتی جیهانــی لەلایــەن بازرگانێکــی فــرە ملیاردێــرەوە بەکاردەهێنرێــت! هێــزە ســەربازییەکانی ئۆکرانیــا بــۆ پەیوەندییــەکان زۆر پشــتیان بــە مانگــە دەســتکردەکانی ســتارلینک بەســتووە کــە خاوەنداریێتیەکــەی بــۆ کۆمپانیــای ســپەیس ئێکســی "ئیلــۆن ماســک" دەگەڕێتــەوە. کاتێــک لــە ســەرەتای ســاڵی ٢٠٢٢دا ڕووســیا لــە چوارچێــوەی لەشکرکێشــیەکەیدا خزمەتگوزارییەکانــی ئینتەرنێتــی ئۆکرانیــا لەکاردەخــات، ئــیتر ئۆکرانیــا هەبوونــی تــۆڕی مانگــی دەســتکردی ســتارلینک بــۆ جەنگەکــە بــە یەکلاکــەرەوە دەزانێــت (Talmazan. 2023).

لـە هەمـوو حاڵەتێکـدا، چیرۆکـی چیـن، چیرۆکـی ئێسـتاو داهاتـوە، لـە هـەر کوێیـەک و بەهــەر شــێوەیەک بیربکەینــەوە، ناتوانیــن خۆمــان لــە "چیــن" لابدەیــن، نەزمــی نوێــی جیهانــی دە ســاڵی دیکــە بــێ، یــان پەنجــا ســاڵی دیکــە بــە بــێ تێگەیــشتن و ئامادەگیــی چیــن لەســەر تەختــەی شــەترەنجی جیهانیــی نابێــت:

وەکــو پرۆفیســۆر ئــارەش ڕەئیســی نــەژاد لــە قوتابخانــەی ســتیڤن جــەی گریــن بــۆ کاروبــاری نێودەوڵەتــی تیشــک دەخاتەســەر ئــەو ڕاســتییەی تــازە چیــن هێڵەکــەی کێشــاوە: لەنێــوان ســاڵەکانی ٢٠١٣ تــا ٢٠١٩، نزیکــەی ســێ هــەزار پــڕۆژە لەســەر ڕێــگای ئاوریشــمی نــوێ لــە بوارەکانــی دروســتکردنی ڕێــگا، وزە، پەیوەندییــەکان و ژێرخانــەکان بــە بەهــای نزیکــەی چــوار ترلیــۆن دۆلار دەســتی پێکــردووە. لــە ڕاســتیدا چیــن لــەم پڕۆژەیــەدا زیاتــر لــە حــەوت هێنــدەی خەرجیــی ئەمەریــکا بــۆ بوونیادنانــەوەی ئەوڕووپــا لەســەر پــڕۆژەی مارشــاڵ خــەرج دەکات. قەبــارەی بازرگانــی لــە نێــوان چیــن و وڵاتانــی ســەر ڕێــگای ئاوریشــمی نــوێ لــە نێــوان (٢٠١٣ بــۆ ٢٠١٨) دا زیاتــر لــە شــەش تریلیــۆن دۆلاربــووە، لــەم ماوەیــەدا ٢٤٤ هــەزار هەلــی کار بــۆ ئــەم ناوچــە فراوانــە درووســتبووە. ئەمەشــیان بــێ مەترســی نییــە؛ ڕەنگــە بەدرێژایــی ئــەو وڵاتانــەی چیــن مامەڵەیــان لەگــەڵ دەکات "تەڵــەی قــەرز" و "دیبلۆماســییەتی قــەرز" پەیــڕەو بــکات، بــەو هۆیــەوە ئەگــەر نەتوانــن قــەرزەکان بدەنــەوە، ئــەو چیــن دەســت بەســەر پێگــە ستراتیجییەکانــی وڵاتــان و هەنــدێ بەنــدەردا بگرێــت، ئــەوەش جۆرێکــی دیکەیــە لــە ئیمپریالیزمــی نــوێ (Reisinezhad، A. 2022).

لەگەڵ ئەوەشدا بەشی ئەم بوارانە یەکسان نییە. پڕۆژەکانی گواستنەوە هەم زۆرترین و هەم بەبەهاترین بەشی پڕۆژەکانی ڕێگای ئاوریشمی نوێ لەخۆ دەگرێت. ئەم ناهاوسەنگییە گرنگیی پەیوەندییە زەمینییەکان و ڕێڕەوە ترانزێتەکان بۆ وڵاتی چین و وڵاتانی سەر ڕێی ئاوریشمی نوێ دەردەخات:

دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا (BRI یان B&R) کە لە چین بە یەک پشتێنە یەک ڕێگا ناسراوە و هەندێکجار بە ڕێگای ئاوریشمی نوێ ناودەبرێت، ستراتیژییەکی جیهانییە بۆ پەرەپێدانی ژێرخان کە لەلایەن حکومەتی چینەوە لە ساڵی ٢٠١٣ پەسەندکراوە، ئامانجی وەبەرهێنانە لە زیاتر ١٥٠ وڵات و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دا؛ بەپێی ڕاپۆرتی سەنتەری دارایی و گەشەپێدانی سەوز لە (٢٠٢٤) کە پشتی بە ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی چین بەستوە؛ تا مانگی نیسانی ٢٠٢٣، بە گشتی ١٤٩ وڵات (بە چینیشەوە) بەڵگەنامەیان واژۆ کردووە بۆ پەیوەستبوون بە دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگای چین-ەوە. دوای دەیەیەک لە ڕاگەیاندنی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا؛ لە ساڵی (٢٠٢٣) دا بەشداریی وەبەرهێنانی پڕۆژەکە یەک تریلیۆن دۆلاری ئەمریکی تێپەڕاندوە کە نزیکەی ٦٣٤ ملیار دۆلاری ئەمریکی لە گرێبەستی بیناسازیدا بووە، و ٤١٩ ملیار دۆلاری لە وەبەرهێنانی نا- داراییدا. دارایی و وەبەرهێنانی پڕۆژەی پشتێن و ڕێگا لە ساڵی ٢٠٢٣ دا بەرزبووەتەوە و نزیکەی ٢١٢ گرێبەست بە بەهای ٩٢.٤ نەوەت و دوومليارو چوارسەت ملیۆن دۆلار بە بەراورد بە نزیکەی ٧٤.٥ حەفتاوچوار ملیارو نیو دۆلار لە ساڵی ٢٠٢٢دا. لە ساڵی ٢٠٢٣ بە تایبەتی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی تەکنەلۆژیا بە ڕێژەی ١٠٤٦٪ (لە سەدا هەزارو چلوشەش) زیادیکردووە و کانزا و کانگاکان ١٥٨٪ گەشەی کردووە. جگەلەوەش بەشداریکردنی پەیوەندیدار بە پاترییەکان گەیشتۆتە نزیکەی ٨ ملیار دۆلار (Nedopil Wang، C. 2024، February 5).

لەوەش زیاتر، گەشەسەندنی هەنارده و وەبەرهێنانی چینی لە وڵاتانی ئابووری تازەپێگەیشتودا دەتوانێت پێچەوانەی مەترسیی بێت بۆ سەر گروپی حەوت. ستراتیژی ئەمریکا تا دووبارە هاتنەوەی ترەمپ بۆ کۆشکی سپی هاندان و فشارخستنە سەر وڵاتانی سێیەم بووە بۆئەوەی خۆیان لە بەشداریکردنی چین

لە زنجیرە ستراتیژییەکانی دابینکردندا بەدوور بگرن. یەکێتی ئەورووپا لە کاتێکدا زیاتر پێشوازی لە وەبەرهێنانەکانی چین دەکات، بەڵام دەتوانێت ئاگاداری هەمەچەشنکردنی رووکەش بێت کە پەرەسەندنی پشتبەستنی ناڕاستەوخۆ بە شتومەکی چینی دەشارێتەوە. با تۆزێک لۆژیک بین، تاکێکی ئەمریکی، یان ئەوروپی هەرچەندە هوشیار و دۆستی گەلەکەی خۆی بێت، ئایا شامپۆیەکی چینی بە دوو یۆرۆ دەکڕێت، یان شامپۆیەکی وڵاتەکەی خۆی کە نرخەکەی دە یۆرۆیە؟ ئایا ئامادەیە ئۆتۆمبیلێکی مارسیدیسی ئەڵمانی، یان گادیلاکێکی ئەمریکی بە سەت و چل هەزار دۆلار بکڕێت، یان ئۆتۆمبیلێکی شاهانەی چینی مۆدێل بەرز بە بەهای تەنیا سی و پێنج هەزار دۆلار دەکڕێت؟

چین، پەیوەندیی ستراتیجی و هەژموونی ئابوریی خۆی لەگەڵ کەنداودا بە روونی دەستپێکردووە کە لەماوەی سالآنی (٢٠١٥ -٢٠٢٢) ئاستی پەیوەندییە ئابورییەکانی لە چوارچێوەی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداودا لەگەڵ چین بەرێژەی (١٤٠٪) لەسەدا سەدوچل زیادی کردووە : لە ٢٣ ی ئایاری ٢٠٢٤ بۆ کۆنفرانسێک لە شاری شیامینی چین لە ژێر دروشمی "ئامێزگرتنی داهاتوو: پێشخستنی هاوکاری پیشەسازی و وەبەرهێنانی کوالێتی بەرز لە نێوان چین و وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو" وەزیری بازرگانی و پیشەسازی، شێخ محەمەد بن حەمەد بن قاسم ئالسانی سەرۆکایەتی شاندی دەوڵەتی قەتەری کردووە و روونی دەکاتەوە؛ قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردوولا لە ساڵی (٢٠٢٣) دا گەیشتووەتە نزیکەی (٢٣.٧) ملیار دۆلار، لە (٢٠٢٤)یشدا ئاستی گەشەی نێوانیان (٣.٧٪) زیادی کردووە (Qatar News Agency، 2024).

بە تاک بێت، یان بە کۆی گشتی، شەش وڵاتی ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو (بەحرەین، کوێت، عومان، قەتەر، سعودیە و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی) لە ریزبەندی گەورەترین هاوبەشە بازرگانییەکانی "چین" دان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە کۆی گشتی قەبارەی بازرگانی لە ساڵی ٢٠٢٢دا ( ٣١٥.٨) سێ سەتو پانزە ملیارو هەشت سەت ملیۆن دۆلار بووە. قەبارەی بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو دەگاتە (٢.٤) دوو تریلیۆن و چوارسەت ملیار

دۆلار بە بەراورد بە چین کە لە (٢٠٢٢) دا گەیشتە (١٧.٧) تریلیۆن دۆلار. وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو لە پلەی نۆیەمی گەورەترین ئابووری جیهانن لە کاتێکدا چین بە دووەم دادەنرێت، ئەمەش وایکردووە هاوکارییەکانی نێوان ئەم ناوچەیەی ئاسیا شتێکی سەرەکی بێت بۆ ئابووری جیهانی. لەوەش زیاتر، بەهای دەستخستن و وەبەرهێنان لەلایەن کۆمپانیاکانی کەنداو لە چین زیاتر لە (١٠٠٠٪) لەسەدا هەزار لە (٢٠٢٣) دا لە چاو ساڵی پێشوتردا بەرزبووەتەوە بۆ (٥.٣) ملیار دۆلار لە ساڵی (٢٠٢٣) دا، بەشێکی زۆری ئەم گەشەکردنە لە ئاستی کۆمپانیاکان و پڕۆژە هاوبەشەکانی پترۆکیمیاییدا بووە (Ali، L. 2024).

ئەم کتێبە زۆر بەڵگە و فاکت دەخاتەڕوو، لێکدانەوە دەکات، ئارگیۆمێنت و دژە ئارگیۆمێنت ڕووبەڕووی یەک دەکاتەوە. لە کۆتاییدا لایوایە بەڵێ، هەموو بردنەوەیەکی چین ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یەکسانە بە دۆڕان و پاشەکشەیەکی بەرچاوی ئەمریکا. یەکێک لە سەدان نموونە ئەوەیە؛ زانیاری پشتڕاستکراوە لە لیژنەی بێلایەنی دامەزراوەی میرات هیریتیچ لە تەمووزی ٢٠٢٤ دا، تیشک دەخاتە سەر خراپ مامەڵەکردنی چین و ناشەفافیەت سەبارەت بە کۆڤید-١٩، چونکە تەنیا کەمتەرخەمییەکی چین زیاتر لە (١٨) تریلیۆن دۆلار زیانی بە ئابوری ئەمریکا گەیاندوە، گیانلەدەستدان بەهۆی پەتاکەوە (٣٨) ملیۆنی تێپەڕاندوە کە زیاتر لە ملیۆنێك ئەمریکی بەم پەتایە لەماوەی دوو ساڵدا مردوون، ڕاپۆرتەکە پێی وایە تەنیا کەمتەرخەمییەکی چین بووەتە هۆی ئەو زیانە گەورەیە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و دەبێت چین وەڵام بداتەوە (Ratcliffe. 2024).

گریمانەکردن و پشکنینی گریمانەکان بەشێکە لە ئەرکە زانستییەکان؛ لێرەدا دەسەلمێندرێت، سەرهەڵدانی چین نوێنەرایەتی تەحەدایەکی پێکهاتەیی گەورە دەکات بۆ هەژموونی ئەمریکا؛ هەموو دەستکەوتێکی ستراتیژی بۆ چین هاوتایە لەگەڵ زیانێک بۆ ئەمریکا. لەم نێوەندەشدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاڵی بەریەککەوتنی وەرچەرخانە جیهانییەکەیە؛ "ناوەندی نوێی ڕێنێسانس" لە داڕشتنەوەی جیهانیدا.

شتێکی گەورە لە ڕێگەدایە! کاتێک سۆراخی نەزمی نوێی جیهانی دەکەیت، دەبینیت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ پێگەیەکی گرینگ و یەکلاکەرەوەی هەیە، بەڵکو

هـۆکاری ئـەم گلانـە (وەرچەرخانـە) لـە سیسـتەمی جیهانییـدا ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتە؛ هـەروەک چـۆن فلۆرانسـا لـە سـاڵی ١٤٩٠ دا تەقینەوەیەکـی لـە بازرگانـی نێودەوڵەتـی و داهێنانەکانـی داراییـدا بەخۆیـەوە بینـی، لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا ئـەوە دەردەکەوێـت کـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ناوەنـدی ڕێنێسانسـی جیهانـی نوێیـە. فلۆرانـس لـە میانـەی پژمینێکـدا بـووە ناوەندێـک بـۆ بازرگانـی ئەوروپـی، دەسـەڵاتی سیاسـی شـارەکە بـە پلـەی یەکـەم لـە دەسـتی ئـەو بازرگانـە دەوڵەمەندانـەدا بـوو کـە زاڵ بـوون بەسـەر پیشەسـازییەکەدا. لێـرەش چارەکێـک لـە سـەدەی ٢١ تـەواو بـووە، کەنـداوی عەرەبـی بـەدوای ستراتیژێکـی نـەرم و سـەربەخۆیی زیاترەوەیـە: سـەڵتەنەتی عومـان وڵاتێکـی بـە ڕووبـەر بچـووک، هایدرۆجینـی سـەوز بـۆ (١٣) دەوڵـەت بەرهـەم دەهێنێـت، لـە کاتێکـدا دووکەڵـی ڕەش لـە ئەوڕووپـا هەڵدەسـتێت، سـعودییە، قەتـەر، ئـیمارات سـاڵانە سـەرقاڵی بەرەوپێـش بردنـی دەیـان پـڕۆژەی مۆدێـرن و ستراتیجیـن بـە بەهـای چەندیـن تریلیـۆن دۆلار! تـۆ ئەگـەر باسـی دابەزینـی ئاسـتی تاکجەمسـەر (ئەمریـکا)ش نەکەیـت، دەتوانیـت لەبـارەی بەرزبوونـەوەی ئاسـتی خەڵکـی تـرەوە بدوێیـت.

وەک جـۆن میرشـایمەر دەڵێـت "هیـچ ڕێگەیـەک نییـە بتوانیـت پێشـبینی داهاتـوو بکەیـت بەبێ تیـۆری". ئـەم کتێبـە چوارچێوەیەکـی تیـۆری دیاریکـراو و تایبـەت پێشـکەش دەکات بـۆ شـیکردنەوەی گۆڕانکارییەکانـی دەسـەڵات و تێگەیـشتن لـەوەی چـۆن تیۆرییـە جیـاوازەکان داینامیکـی دەسـەڵاتی جیهانـی ڕوون دەکەنـەوە. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش سـوود لـە تیـۆری حەتمییەتـی تەکنەلـۆژی- Technological Determinism، تیـۆری وابەسـتەیی ئاڵـۆز- Complex Interdependence Theory، تیـۆری ڕیالیزمـی نـوێ- Neorealism، بوونیادگەرایـی- Constructivism و تیـۆری پۆسـت کۆلۆنیالیـزم-Post-Colonialism وەردەگرێـت. کتێبەکـە بـە دابینکردنـی ئـەم بنەمـا تیۆرییانـە، تەحـەدای ئـەو بۆچوونـە دەکات کـە لایوایـە دیسـیپلینی زانسـتی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان ناتوانێـت بـە وردی پێشـبینی ڕووداوەکانـی داهاتـوو و ڕێڕەوەکانیـان بـکات.

ئەگـەر تێبینـی بکەیـن؛ ناکۆکـی لەسـەر شـێوەی نەزمـی نێـوان نەتـەوەکان پەیوەسـتە بـە پەیوەنـدی نێـوان شـەرعیەتی یاسـاکان و نۆرمەکانیـان و دابەشـکردن و پەیڕەوکردنـی دەسـەڵاتیان. سـەرەڕای ئـەوەش، نەزمـی نێودەوڵەتـی ئـەو پرەنسـیپانە لەخۆدەگرێـت

کــە بــۆ بەڕێوەبــردن و ســنووردارکردنی ململانــێ چەکدارییــەکان داڕێــژراون، بــەڵام کاریگەرییەکانیــان بەهــۆی دووبەرەکــی و ڕکابەریــی نێــوان زلهێــزە پێشــەنگەکان و سروشــتی قووڵــی ڕەگداکوتــاوی زۆرێــک لــە ململانێــکان و کــردەوەی حکومەتــە ســەرەکییەکان و ســەرکردەکانیان لاواز دەبێــت. سیســتەمی نەتــەوە یەکگرتــووەکان ئامانجــی دابینکردنــی چوارچێوەیــەک بــوو بــۆ ئــەم نەزمــە نێودەوڵەتییــە، بــەڵام نەتــەوە یەکگرتــووەکان بەهــۆی ئــەوەی ڕێکخراوێکــە لەســەر بنەمــای نۆرمــەکان کاردەکات، ڕووبــەڕووی تەحەددیاتــی جۆراوجــۆر دەبێتــەوە، وەک ئــەوەی لــە وەڵامدانــەوەی کردەوەکانــی ئیسرائیــل لــە غــەزە ڕووبــەڕووی نا-تەبایــی و بێکاریگەریــی بووەتــەوە بــە بــەراورد بــە ئیدانەکردنــی ڕوونــی دەســتدرێژی ڕووســیا بــۆ ســەر ئۆکرانیــا. لێــرەدا کاریگــەری دامــەزراوە نێودەوڵەتییــەکان و یاســای مرۆیــی پەیوەســتە بــە کۆدەنگییەکــی تــەواو لەســەر پرســە نۆرماتیڤــەکان (واتــە شــێوازی پەیوەندییــەک کــە لەســەر مامەڵــەی ســتاندارد بینــا کرابێــت)؛ کاتێــک ئــەو کۆدەنگییــە کــەم دەبێتــەوە، کاریگــەری ئــەم دامەزراوانــەش کــەم دەبێتــەوە (SIPRI، 2024a).

"هێــز لــە ئاســتی نێودەوڵەتــی دا تــا ڕادەیەکــی زۆر دابەشــبوە یــان پــژاوە، ژمارەیــەک دەوڵەتــی نوێــش پەیدابــوون کــە پێگەیەکــی تایبەتیــان لــە کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتیــدا هەیــە، ئێمــە بــە "هێــزە مامناوەنــدەکان" پێناســەمان کــردووە . بەشــێکی زۆری کارتــە سیاســیی و ئەمنــی و ئابوورییەکانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت کەوتونەتــە دەســت قەتــەر، ســعودییە و ئــیمارات، لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا ئەمانــە دۆخەکــە یەکلایــی دەکەنــەوە نــەک ویلایەتــە یەکگرتوەکانــی ئەمریــکا بــە تەنیــا. بەهەمــان شــێوە ئێــران و تورکیــاو ئیسرائیلیــش لــە زلهێــزە دیارەکانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و ڕۆڵــی "هێــزە مامناوەندییــە" جیهانییەکانــن و پشــتێنەیەکی یەکلاکــەرەوەی ئاسایشــی ناوچەیــی و جیهانیــن."

گۆڕانــی سرووشــتی دەســتەڵاتی جیهانــی بووەتــە بابەتێکــی قســەلێکراو؛ ئەمــە شــتێکە وەک کەشــوهەوا کــە هەمــوو خەڵــک قســەی لەســەر دەکات، بــەڵام کــەم کــەس لێــی تێــدەگات. ئــەم کتێبــە ئــەم پرســە وا لێــک دەداتــەوە، داینامیکییەتــی ئاسایشــی جیهانــی و باڵانســی هێــز لــە ئاســتی ناوچەییــدا تــەواو وابەســتەی یــەکترن؛ قەیرانــی دارایــی جیهانــی لــە دوای ســاڵی (٢٠٠٨) ەوە، هەڵئاوســانی گرفتــە هەنووکەییەکانــی

وەکــو کۆچبــەر، توندوتیژیــی، ئەنجامەکانــی جەنگــی ئەفغانســتان، جیابوونــەوەی بەریتانیــا لــە یەکێتــی ئەورووپــا، کێشــە ناوخۆییــەکان لــە ویلایەیەتــە یەکگرتوەکانــی ئەمریــکا، بوونــی هەژموونــی ڕووســیا بەســەر ڕۆژهەڵاتــی ئەورووپــاوە، گەشەســەندن و بڵاوبوونــەوەی هەژموونــی چیــن، کۆرۆنــا ڤایــرەس و یەکســەر بەدوایــدا جەنگــی ئۆکرایــن، پاشــان یەکســەر بەدوایــدا جەنگــی غــەززە، ئەمانــە هەمــووی پێکــەوە بوونەتــە هــۆی بێتاقەتبوونــی ئەمریــکا لــە جیهــان و داکشــانی نەزمــی خۆرئــاوا.

پەرســەندنی نزیکبوونــەوە لەنێــوان دەوڵەتانی ناوچەکــە لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و ئاســاییبوونەوەی پەیوەندییەکانــی نێوانیــان، نیشــانەیەکی دیکــەی کەمبوونەوەی شــوێنپێی ئەمریکایــە لەناوچەکــەدا. ئەمــەش دەســتی هێــزە ناوچەییەکانــی واڵاکــردووە ، ئیــدارەی ئەمریــکا ئــەو کاریگەرییە بەهێزەی پێشــووتری نەماوە. لە دۆخێکی وەهــادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت دەرزەنێــک ئاســایی بوونــەوەی پەیوەندیــی نێــوان دەوڵەتــە ســەرەکییەکان ڕوویــداوە، تێکەڵەیــەک لــە هاوکاریــی و کێبڕکێیــی ناوچەیــی درووســتبوە؛ کــە ڕەنگــە ئەنجامەکــەی دوور بێــت لــە فەوزایەکــی نێگەتیــڤ، ئەگــەر هەڕەشــەکانی وەک تیــرۆر، کورتهێنانــی ئــاو، ماددە هۆشــبەرەکان و دەستگەیشــتنی ئێران بە چەکــی ئەتۆمی دۆخێکی نە-خــوازراو درووســت نەکات، ڕۆڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت لــە یەکلاکردنەوەی هەژموونی خۆرئــاوا و باشــووری ئاســیادا، هەروەهــا لــە گەشــەپێدانی جیهانــی دا یەکلاکەرەوەیــە.

ئەگەرچــی، هەمیشــە گرفتــە بەردەوامەکانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت پەڕیونەتــەوە وڵاتانــی خۆرئــاوا وەکــو کێشــەی کۆچبــەر، تیــرۆر، توندوتیژیــی، قەیرانــە ژینگەییــەکان، مــاددەی هۆشــبەر، لــە ئاینــدەی نزیکــدا کێشــەی وشــکبوون و کەمئاویــی دەبێتــە هــۆی کــۆچ و کێشــەی ئاسایشــی خــۆراک و...تادوایــی. لەهەمــوو ئەمانــەش زیاتــر ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت ســەرچاوەیەکی گــەورەی وزەیــە، نزیکــەی زیاتــر لــە نیــوەی یەدەگــی جیهانــی نــەوت و گازی سروشــتی دەکەوێتــە ئــەم ناوچەیــەوە، بۆیــە لــە بەشــی ســێهەمی کتێبەکــەدا جیۆپۆڵەتیکــی وزە و ململانێــی جەمســەرە هەرێمــی و جیهانییــەکان لەســەر حەوزەکانــی وزە، لاوازیــی ڕۆڵــی ئۆپیــک و بــازاڕی وزەی جیهانییــش تەتەڵــە دەکرێــت.

ئــیتر بەگشــتی ئەمــە دۆخەکەیــە، تــۆ چــی دەڵێــی؟ لــە دوای ڕووخانــی دیــواری بەرلینــەوە، وا دیــار بــوو زۆرێــک لــە پــڕۆژە گەورەکانــی ڕۆشــنگەری و لیبــڕاڵ و

پێشـکەوتنخوازی جیهـان بـەرەو پێشـەوە دەڕۆن و لەلایـەن خەڵکـەوە لـە ئەوڕووپـای ڕۆژهــەڵات ەوە تــا ئەمریــکای لاتیــن و ئەفریقــا لــە بــاوەش دەگیرێــن. کرانــەوە، ئەنجامدانــی هەڵبــژاردن، تەنانــەت زۆرێکیــان ئــازاد و دادپەروەرانــە. ئــەو بازاڕانــەی زۆرجـار داخـران، دەکرانـەوە بۆئـەوەی خەڵـک دەرفەتـی زۆر زیاتریـان هەبێـت بۆئـەوەی بـەرەو سـەرەوە بچـن. بازرگانـی نێـوان وڵاتـان گەشـە دەکات، گەشـتیاری نێـوان وڵاتـان گەشــە دەکات. دواتــر شۆڕشــی زانیــاری کــە خەریــک بــوو هەموومانــی کۆدەکــردەوە، ئێمــەی بەیەکــەوە دەبەســتەوە. وامانزانــی هەمــوو ئــەم تەوژمانــە بــەرەو پێشــەوە دەچــن. هەریەکەیــان بــە جۆرێــک لــە ســووڕی فەزیلەتــدا یەکتریــان بەهێــز دەکــرد. بــەڵام لــە دوای ١١ ی سـێپتەمبەری ٢٠٠١ ەوە، هێـواش- هێـواش پەتایەکـی بێدەنـگ و کوشـندە بـە کپـی نـاو بەنـاو لێکەوتـەی مەترسـیداری درووسـتکردووە ، ئـەوەی بینیومانـە ئەوەیــە کــە هــەر یەکێــک لــەو ڕەوتانــەی تــازە بــاسمان کــرد پێچەوانــە بووەتــەوە.

لــە پێنــاو چارەنووســی ئــەم هەســارەیە، مرۆڤایەتــی پێویســتی بەوەیــە لــە دەوری چارەسـەریی بـە کۆمـەڵ کۆببنـەوە، چارەنووسـی خـودی مـرۆڤ لەسـەردەمی زیرەکـی دەسـتکرد (AI) دا، پێشـبینی جیهانێکـت دەکـرد ئامێـر و ڕۆبۆتـەکان بەڕێـوەی ببـەن و مــرۆڤ تیایــدا بوونەوەرێکــی بێدەســەڵات و تەنانــەت چارەگرانیــش بێــت؟ دەبــێ بپرسـین بـازاڕ پـڕە لـە کاڵای هەمەجـۆر، ئـەی چارەنووسـی مـرۆڤ خـۆی لـە کوێدایـە؟ ئێمـە لـە پاشەکشـەی بەهـا هاوبەشـەکانداین، لـە پاشەکشێی دیموکراسـیداین. ئێمـە لـە سـەردەمی بەرزبوونـەوەی بەربەسـتی بازرگانـی و گومرگـی و پارێزگاریخوازیدایـن. ئێمـە لـە سـەردەمێکداین کـە ئـەو سیسـتەمە زانیارییانـەی ڕۆژێـک کـراوە بـوون، زیاتـر گەمارۆ دەدرێـن، چاودێـری دەکرێـن، بـۆ بەرژەوەندیـی جۆراوجـۆر ڕێکدەخرێـن. هەمـوو ئەمانـە بەهـۆی پلەیەکـی دیاریکـراوی هەسـتی پۆپۆلیسـتییەوە سـووتەمەنییان پێدەدرێـت:

وەک ڕیچـارد هـاس، بەڕێوەبـەری پێشـووی سـتافی پلاندانانـی سیاسـەتی ئەمریـکا لــە ســاڵی (٢٠٢٢) دا دەڵێــت؛ "ســەرۆکی داهاتــووی ویلایەتــە یەکگرتــوەکان دەبێــت بەهێزکردنـی واقیـع و تێڕوانیـن بـۆ یەکدەنگـی و بەهێـزی ئەمریـکا لـە دەرەوەی وڵات لـە پێشـینەیدا بێـت، پێویسـتە ئەولەویەتەکانـی خـۆی بـە وردی دیـاری بـکات. بـۆ ئەمـەش پەرەپێدانـی تۆڕێکـی بـەردەوام و متمانەپێکـراو لـە هاوبەشـە ئەمنییـەکان گرینـگ دەبێـت.

بـەڵام لـەم سـاڵانەی دواییـدا زیانێکـی زۆر بـە زۆرێـک لـە پەیوەندییـە نەریتییەکانـی واشـنتۆن کەوتـووە، لـە پێـش هەموویـان پەیوەندییەکانـی ئەمریـکا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست بەتایبەتـی لەگـەڵ سعودیە، بـە شـێوەیەکی خـراپ تێکچـوون و پێویسـتیان بـە دووبارە-ڕێکخسـتنەوەی گـەورە هەیـە" (Haass. 2022b).

ئـەم کتێبـە، نزیکـەی (٤٠٠) چوارسـەت سـەرچاوەی زانسـتی باوەڕپێکـراوی بەکارهێنـاوە؛ لەکۆتایـی (٢٠٢٥) دا بەزمانـی ئینگلیزیـی لەلایـەن یەکێـک لـە بەهێزتریـن بڵاوکـەرەوە ئەکادیمییەکانـی جیهـان "سـپرینگە-Springer" لـە (١٨٠) دەوڵـەت و (٧٠٠٠) کتێبخانـە و دامـەزراوەدا بەردەسـتکراوە، جگەلـەوەش لـە پلاتفۆڕمـە پڕفرۆشـە جیهانییـەکان بڵاوکەرەوەکـە بەشـێوەی ئۆنلایـن بـۆ داواکـردن دانـاوە. هەرخـۆم (وەک نووسـەر) بەپێویسـتم زانـی لەپـاڵ ئـەم بەشـدارییە زانسـتییە جیهانییـەدا کـە تێـزی نوێـی تێـدا پێشکەشـکراوە، ئـەم هەوڵـەی خـۆم وەربگێڕمـە سـەر زمانـی کوردیـی؟ چوونکـە ئەمـە دەروازەیەکـە بـۆ چۆنییەتـی ئامادەبوونـی کـورد لـە دونیـادا و تێگەیـشتن لـە چۆنییەتـی ئـەو نەزمـە جیهانییـە نوێیـە؛ کـە بەدڵنیاییـەوە یـان فـرە جەمسـەرییە یـان دەچینـە نـاو جیهانێکـەوە کـە "جەمسـەر" بوونـی نامێنێـت. پێشـنیاری "جیهانێکـی ناجەمسـەری" بووەتـە بابەتێکـی گـەرم لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا. جیهانێـک هەیـە نـە سیسـتەمێکی یـەک جەمسـەرییە، نـە دوو جەمسـەرییە، نـە فـرە جەمسـەرییە، نـە تەنانـەت هیـچ پێکهاتەیەکـی ئەمانـە..

لـە کۆتاییـدا، دەکرێـت ناوەڕۆکـی ئـەم کتێبـە لـە چەندیـن گۆشـەی جیـاوازەوە وەک سـەرچاوەی زانسـتی ببیندرێـت. ئەوانـەی دەتوانـن سـوود لـەم هەوڵـە وەربگـرن، تەنیـا چینێکـی دیاریکـراو، یـان وڵاتێـک و دووان نیـن، بەڵکـو:

- هەمـوو خوێنەرێـک کـە بیەوێـت لە جیهـان و گەمـە سەرسـوڕەێنەرەکانی ناو سیاسـەتی نێودەوڵەتـی تێبگات.
- مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆکان لە هەموو شوێنێکی جیهان.
- هەمـوو کۆمپانیـا فرەڕەگـەزەکان و دامـەزراوە- ناحکومییـە- جیهانییـەکان، پێویسـتییان بەوەیـە لـە جیهانێکـی نا-جێگیـر و وەرچەرخانـی سیسـتەمی نوێـی جیهانـی تێبگـەن، بۆئـەوەی هەنـگاوی پێچەوانـە بـە ئامانـج و بەرژەوەندییەکانیـان هەڵنەگـرن.

- دەزگاکانی میدیا و ناوەندەکانی توێژینەوەی جیهانی.
- ئـەم هەوڵـە زانسـتییە- بێلایەنـە دڵنیایـە کـە دەتوانێـت سـوود بـە درووسـتکەرانی بڕیـاری جیهانـی لـە ئاسـتی ویلایەتـە یەکگرتـوەکان، چیـن، یەکێتـی ئەوڕووپـا، ڕووسـیا و کاراکتـەرە سیاسـییەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بگەیەنێـت.

**"شته باشەکەی زانست ئەوەیە؛ باوەڕت پێی هەبێت یان نا، ڕاستە."**

**-نیل دیگراس تایسۆن-**

# بەشی یەکەم

## جەمسەرگیریی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

### ناساندن

لـە مـاوەی دوو دەیـەی دوای جەنگـی سـارددا، ئەمریـکا پێشـەنگی جیهانێکـی بـێ مشـتومڕ بـووە. بـەڵام دواتـر بۆچوونـەکان لەسـەر پێشـەنگایەتی ئەمریـکا دابـەش بـووە؛ هەندێـک دەڵێـن ئەمریـکا بـۆ داهاتوویەکـی نزیـک وەک هەژموونێکـی جیهانـی دەمێنێتـەوە، هەندێکـی تـر دەڵێـن؛ ئێمـە بـەرەو کێبڕکێیەکـی نوێـی دوو جەمسـەری لەگـەڵ چیـن دەڕۆیـن، هەندێکـی دیکـەش پێیانوایـە، سـەردەمی فـرە جەمسـەری سـبەی یـان دوو سـبەیە. جگەلەمـەش، ئـەم بەشـە بـاس لـە سیسـتەمێکی نـوێ دەکات کــە لــە مێــژووی پەیوەندییــە نێودەوڵەتییەکانــدا بوونــی نەبــووە ئەویــش "جیهانــی بــێ جەمســەر، یــان پۆســت جەمســەر". بابەتەکــە قــووڵ دەبێتــەوە لــە پێناسـەکردنی چەمکەکانـی "جەمسـەرگیری"، "نـەزم"، "سیسـتەمی نێودەوڵەتـی"، "هێـزە ناوەڕاسـتەکان" و ڕوونکردنـەوەی فـۆرم و تایبەتمەندییەکانـی جەمسـەرگیری. بۆچـی گۆڕانـی دەسـەڵاتی جیهانـی بووەتـە شـتێکی حەتمـی؟ تەکنەلۆژیـای دیجیتاڵـی و جیۆپۆلەتیکـی جیهانـی چـۆن کاردەکـەن؟ ئـیتر لـەم بەشـەوە تـا بەشـەکانی کۆتایـی تیشـک دەخاتـە سـەر ئـەوەی، چـۆن ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بووەتـە گۆڕەپانێـک لـە نێـوان بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا و چیـن و ڕووسـیادا. لـە هەنـدێ شـوێندا دۆخەکـە وەک فرەجەمسـەریی، هەندێجاریـش جەمسـەری ورد-ورد، لـە دواییـدا تێکەڵەیـەک لـە هەردووکیـان دەبینرێـت!

**وشــە ســەرەکییەکان:** جەمسـەرگیریی، هەژمـوون، زلهێـزە ناوەڕاسـتەکان، فـرە جەمسـەری، جیهانـی ناجەمسـەری.

## ١.١. جەمسەرگیریی: چەمک و جۆرەکانی

زیـادە ڕۆیـی نییـە بوترێـت؛ ئەگـەر "هێـز" و "هەژمـوون" لـە زانسـتی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان دووربخەینـەوە، وەکـو ئـەوە وایـە "پـارە" و "بانـک" لـە زانسـتی ئابوریـی لابدەیـن. ئەوانـەی هێـز و کاریگەرییـان زیاتـرە، ئەوانـەن بڕیـارەکان لـە سیسـتەمی نێودەوڵەتـی دا درووسـت دەکـەن. دوای داڕمانـی یەکێتـی سـۆڤیەت، نەزمـی جیهانـی چـووە قۆناغێکـی نوێـی وەهـا کـە پێشـوتر لـە مێـژوودا نەبـووە، بـەو پێیـەی یـەک زلهێـزی نێودەوڵەتـی زاڵ بـوو بەسـەر جیهانـدا و کۆنترۆڵـی بەڕێوەبردنـی هەمـوو جومگەکانـی نەزمـی نوێـی جیهانـی گرتـە دەسـت، ئـەم دۆخـەش بـە هەمـوو پێوەرێـک نـاوازە بـوو، یەکەمجـارە لـە مێـژووی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان، وڵاتێـک ببێتـە خاوەنـی هەمـوو ئـەو پێکهاتانـەی بـۆ کۆنترۆڵکردنـی جیهـان دەشـێت، جـا چ ئابـووری بێـت، چ سـەربازی بێـت یـان سیاسـی و تەکنەلـۆژی. ئـەم واقیعـە نوێیـە-نێودەوڵەتییـەی دوای داڕمانـی یەکێتـی سـۆڤییەت هاتـە ئـاراوە، وایکـرد هەمـوو یەکەکەکانـی دیکـەی نـاو سیسـتەمە نێودەوڵەتییەکـە، بـێ گوێدانـە قورسـایی خۆیـان تێیـدا، خۆیـان لەگـەڵ سیسـتەمی تـاک جەمسـەریی بەڕێبەرایەتـی ئەمریـکا بگونجێنـن؛ هەمـووان ددانیـان بـەوەدا نـاوە: ئەمریـکا هێـز و هەژموونـی جیهانـی هەیـە. بـەڵام دوای دوو دەیـە؛ مانشـێتەکان و کۆڕبەنـدەکان هەمـوو جەخـت لەسـەر گۆڕانـی سیسـتەمی جیهانـی دەکەنـەوە!

لەبنەڕەتـدا، چەمکـی "جەمسـەرگیری" لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان؛ ئاماژەیـە بـۆ هەبوونـی یـەک یـان چەنـد زلهێزێکـی گـەورە کـە زاڵـن بەسـەر سیسـتەمی نێودەوڵەتیـدا. ئـەو زلهێزانـەی توانایەکـی زۆریـان هەیـە، بـە پێـی سـەردەم و پێگـەی جوگرافـی و توانـای ئابوریـی و سـەربازییان دابەشـکراون. بـە گوێـرەی گۆیدێـل دی کیرسمایکـەر- Goedele De Keersmaeker: "جەمسـەرگیریی پەیوەنـدی بـە ژمـارەی زلهێـزە گـەورەکان، یـان زلهێـزە جەمسـەرییەکانەوە هەیـە." لێـرەدا دەتوانرێـت سیسـتەمی نێودەوڵەتـی وا ببینرێـت کـە خواسـتی بـۆ ئانارشـی (فـەوزا) هەیـە لـەو شـوێنانەی هیـچ یاسـایەک بـۆ کۆنترۆڵکردنـی ڕەفتـاری دەوڵـەت نییـە. کاتێکیـش سرووشـتی سیسـتەمەکە "فـەوزا" بـوو، بـەم شـێوەیە دەوڵـەت وەک ئەکتەرێـک

هــان دەدات ئازادانــە مامەڵــە بــکات بــۆ زیادکردنــی توانــای خــۆی بۆئــەوەی ببێتــە دەســتەڵاتێکی گــەورە. پاشــان، جەمســەرەکان دەردەکــەون و بــە پێــی پێگــەی جیاوازیــان وێنادەکرێـــن (Wardhani، 2021).

پێناســەی ســتانداردی جەمســەرگیریی لــە ئەدەبیاتــی پێشــوو و ئێســتادا بریتییــە لــە دابەشــکردنی توانــاکان لــە نێــوان دەوڵەتــە ســەرەکییەکان کــە پێکهاتــەی بەرهەمهێنەرییــان هەیــە. بۆیــە دەتوانرێــت لــە ڕووی دابەشــکردنی توانــاکان لــە سەرانســەری یەکەکانــی سیســتەمەکەدا بیــر لــە گۆڕانــکاری پێکهاتەیــی (ستراکچەریــی) بکرێتــەوە. هەنــگاوەکان بــۆ پێناســەکردنەوەی جەمســەرگیریی لــە ســەدەی بیســتو یەکــدا گفتوگــۆ ئامێــزن، وەک بنیامیــن زاڵــە هەوڵیــداوە بەمجــۆرە جەمســەرگیریی پێناســەبکاتەوە کــە بریتییــە لــە "ژمــارەی ئــەو دەوڵەتانــەی لــە هــەر کاتێکــدا وەک هەڵگــری پێگــەی کۆمەڵایەتــی گــەورە و هێــزی ســەروو (ســۆپەرپاوەر) هەســتیان پێدەکرێــت"، ئــەم پێناســەیە ڕێگــریمان لێنــاکات کــە ئێمــە بــە پێــی توانــا ماددییــەکان زلهێزێــک بپێویــن یــان نــا، بــەڵام جەخــت لــە توانــای کەلتوریــی و بەهــای هاوبەشــی زلهێزێــک دەکاتــەوە کــە دەکرێــت لەگــەڵ ئەوانــی دیکــەی دەرەوەی خۆیــدا هاوبەشــی پێبکــات (Zala، B. 2013).

جەمســەرگیریی، بەگشــتی بــە ســێ شــێوە دەردەکەوێــت: تــاک جەمســەری (کــە دەوڵەتێــک بــە شــێوەیەکی بەرچــاو بەهێزتــرە لــە دەوڵەتەکانــی تــر)، دوو جەمســەری (کــە دوو دەوڵــەت بــە نزیکەیــی هێزێکــی یەکســانیان هەیــە) و فــرە جەمســەری (کــە هێــز لــە نێــوان چەنــد ئەکتەرێکــدا دابەشــکراوە) ئەمــە بــە گشــتی فۆڕمــە جیاوازەکانــی جەمســەرگیرییە (Ashford. 2023). بــە ڕوونــی دەبینرێــت کــە هەندێــک لــە زانایــان پێناســەیەکی جیاوازیــان هەیــە بــۆ چەمکــی جەمســەرگیریی، هــاوکات نا-ڕوونــی هەیــە لەبــارەی پێگــەی یەکســان لــە بارودۆخــی دوو جەمســەری و فــرە جەمســەریدا چــی یــەو چەنــدە؟ بەگشــتی، زانایــان و داڕێژەرانــی سیاســەت بــەردەوام بۆچوونــی جیــاواز و دژبەیەکیــان لەبــارەی جەمســەرگیریی دەربڕیــوە، بۆیــە بەزەحمــەت کۆدەنگییــەک لــە ئەدەبیاتــی پەیوەندییــە نێودەوڵەتییەکانــدا ســەبارەت بــەم چەمکــە ســەرەکییە هەیــە کــە مانــای چییــە و چــۆن بپێورێــت.

ئـــەو زانايانـــەی لەســـەر ئـــەم بابەتـــە نووســـیویانە بەپێـــی ئـــەوەی لەبـــارەی پێناســـەکانی جەمســـەرگیری جۆرێـــک لـــە هاوبەشـــی لەنێوانیانـــدا هەیـــە، دەتوانرێـــت بەســـەر ســـێ گرووپـــدا دابـــەش بکرێـــن. ئـــەم ســـێ گرووپـــە بـــەم شـــێوەیە پۆلێـــن دەکرێـــن: یەکـــەم، ڕێبـــازی مـــاددی هەمـــوو شـــتێک لەخۆدەگرێـــت- The all-encompassing material approach ، دووەم، ڕێبـــازی گشـــتگیر- The inclusive approach و سێیەم، ڕێبـازی دەسـەڵاتی سـەربازی- The military power approach.

یەکەمیـان، ڕێبازێکـی مـاددی (ماتریالیسـتی) یـە کـە هەمـوو شـتێک لەخۆدەگرێـت، زانايانـــی وەک کینـــز والتـــز (١٩٩٣)، کریســـتوفر لایـــن (١٩٩٣) ئیکنبێـــری، ماســـتاندونۆ، ووڵفـــۆرس (٢٠١١)، تۆمپســـۆن (٢٠١٨) و تـــا ڕادەیـــەک مایـــکل بێکلـــی (٢٠١٨) جەختـــی لـــێ دەکەنـــەوە؛ کـــە بـــەزۆری جەمســـەرگیری وەک ڕەنگدانـــەوەی چۆنیەتـــی نمـــرەی دەوڵەتـەکان بـە بـەراورد لەگـەڵ یـەکتر لـە چەندیـن پۆلـی دەسـەڵاتدا پێناسـە دەکـەن، ئەوانیـــش دانیشـــتووان، خـــاک، ســـامانی ئابـــووری، توانـــا ســـەربازییەکان، تەکنەلۆژیـــا و (هەندێکجـــار) پێگەیشـــتنی دامەزراوەیـــی. جێـــگای ســـەرنجە، ئـــەم لقـــە لـــە ئەدەبیاتـــی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا جەمسـەرگیری بـە پێوەرێکـی بابەتیـی بـۆ توانـا ماددییـە ڕێژەییەکانـــی دەوڵەتـــەکان دەبینێـــت.

دووەمیـــان، هـــال برانـــدز (٢٠١٦) و بنیامیـــن زالا (٢٠١٧) زانایانـــی پێشـــەنگی ڕێبـــازی گشـــتگیرن. بـــە پێچەوانـــەی ئەدەبیاتـــی ڕێبـــازی مـــاددی کـــە هەمـــوو شـــتێک لەخۆدەگرێـــت، ئـــەوان جەمســـەرگیریی وەک زیاتـــر لـــە پێوەرێـــک بـــۆ توانـــا ماددییـــە ڕێژەییەکانـــی دەوڵەتـــەکان پێناســـە دەکـــەن، بەڵکـــو بـــۆ ئـــەوان جەمســـەرگیری ڕەنگدانـەوەی کۆمەڵەیەکـی فـراوانترە لـە گـۆڕاوە نامەعنەوییـەکان وەک سەرنجڕاکێشـیی ئایدیۆلـــۆژی و چـــۆن دەوڵەتەکانـــی دیکـــە ڕۆڵـــی جەمســـەرەکان هەســـت پێدەکـــەن (هەندێکجـــار ســـەروەت و ســـامان ماددیـــی نیـــن). بۆنموونـــە، جەمســـەرەکان تەنیـــا لـــە ڕووی سـەربازی و ئابوورییـەوە لەوانـی دیکـە باڵاتـر نیـن، بەڵکـو ڕۆڵێکـی کۆمەڵایەتیـش لـــە سیســـتەمەکەدا جێبەجـــێ دەکـــەن.

لـــە چوارچێـــوەی پەیوەندییـــە نێودەوڵەتییـــەکان و تیـــۆری جەمســـەرگیریدا، دەسـتەواژەی "ڕۆڵـی کۆمەڵایەتـی" ئاماژەیـە بـۆ ئـەو ڕەفتـار و بەرپرسـیارێتی و ناسـنامە

چاوەڕوانکراوانەی دەوڵەتە بەهێزەکان (یان "جەمسەرەکان") کە لە چوارچێوەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا ئەنجامی دەدەن، لە دەرەوەی تەنیا هێزی سەربازی یان ئابووری خۆیان. زلهێزە گەورەکان (یان جەمسەرەکان) تەنیا بەهۆی دەسەڵاتی ماددی (سەربازی، ئابووری) باڵادەست نین، بەڵکو بەهۆی ئەو ڕۆڵانەی ئەنجامی دەدەن و لە سیستەمی جیهانیدا ناسراون. ئەم ڕۆڵە کۆمەڵایەتیانە شتگەلێکی وەک: دانانی نۆرم و ڕێساکان (بۆ نموونە سەرکردایەتیکردن لە یاسا نێودەوڵەتییەکان، ڕێساکانی بازرگانی، ڕێککەوتنەکانی کەشوهەوا). ڕۆڵگێڕان وەک پارێزەر یان سەرکردەی دەوڵەتە بچووکەکان یان هاوپەیمانییەکان (بۆ نموونە ناتۆی پێشەنگی ئەمریکا). بوون بە مۆدێلێک بۆ ئایدۆلۆژیا، یان حوکمڕانی (بۆ نموونە ئەمریکا بەرەوپێشبردنی دیموکراسی و لیبراڵیزمی کردۆتە ناسنامەی خۆی). دەکرێت پێگە و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکە نێوەندگیری بێت لە ململانێکان یان سەرکردایەتیکردنی هەوڵەکانی ئاشتی، یاخود کارکردنی جیهانی بێت بۆ بەدیهێنانی جۆرێک لە چاکەی گشتی وەک بەرجەستەکردنی ئازادیی ڕادەربڕین، هاریکاریی، هەوڵ بۆ بەرزڕاگرتنی سەقامگیریی و...تادوایی.

چینی سێهەم لە زانایان، بۆ ناسینەوەی جەمسەرگیریی ڕێبازی دەسەڵاتی سەربازی بەکاردەبەن: لەلایەن مۆنتیرۆ (٢٠١٤) و تا ڕادەیەک باری پۆزن (٢٠١١) پێشنیار کراوە. ئەم ڕێبازە ئەوە پیشان دەدات کە جەمسەرگیری ناونیشانێکە بۆ هێزی سەربازی نەک دەسەڵاتی شاراوە کە لەلایەن پێکهاتەکانی تری دەسەڵاتەوە نوێنەرایەتی دەکرێت. لەوانەش سامانی ئابووری دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ توانا سەربازییەکان. بۆ ئەوەش تاکە مەرج ئەوەیە؛ جەمسەرەکە پێویستی بە توانای شاراوەی پلە یەکی وەکو؛ ئابوورییەکی بەهێز، توانای داهێنان، جوگرافیایەکی لەبار، دانیشتووانێکی تاڕادەیەک دەوڵەمەند و هتد هەیە، بۆئەوەی بتوانێت توانای خۆی لە ڕووی دەستەڵاتی سەربازییەوە فراوان و بەردەوام بکات (Burges.، L& Lucena، R. 2023).

کەواتە، وەسفکردنی جەمسەرگیریی ئاسانە، بەڵام پێوانەکردنی قورسە: هێزی سەربازیی و زەبەلاحیی ئابوریی و توانای بەرهەمهێنانە؟ پێوەری خەرجی سەربازیی و توانای تەکنەلۆژییە؟ چەسپاندنی کەلتوری دیموکراسییە...داهێنانی زانستییە؟

هەرچۆنێــک بێــت، لــە ژێــر ڕۆشــنایی دابەشــکردنی دەســەڵات لــە نێــوان دەوڵەتەکانــدا، دیســیپلینی پەیوەندییــە نێودەوڵەتییــەکان ســێ سیســتەمی نێودەوڵەتــی دەناســێنێت: یــەک جەمســەری، دوو جەمســەری و فــرە جەمســەری. لێــرەدا کرۆکــی باســەکە بریتییــە لــە "هێــزی ڕێژەیــی دەوڵەتــەکان": ئــەو هێــز و توانایــەی پێویســتە بۆئــەوەی کاریگەریــی بخەیتــە ســەر ڕەفتــاری ئەوانــی دیکــە چەنــدە"؟ ئــەوەش پێگــەی پلەبەندیــی دەوڵەتــەکان لــە گۆڕەپانــی نێودەوڵەتیــدا دیــاری دەکات. بوونــی تاکــە زلهێزێــک سیســتەمێکی یــەک جەمســەری نیشــان دەدات، لــە کاتێکــدا ڕکابــەری نێــوان دوو زلهێــز ئاماژەیــە بــۆ سیســتەمێکی دوو جەمســەری. لــە کۆتاییــدا بوونــی زۆرێــک لــە زلهێــزە گــەورەکان نوێنەرایەتــی سیســتەمێکی فــرە جەمســەری دەکات. ســەرەڕای مشــتومڕی بــەردەوام لەســەر مانــەوە و ســەقامگیریی ئــەم سیســتەمانە، ئــەم کتێبــە پێشــنیاری ئــەوە دەکات کــە شــیکردنەوەی ئــەم سیســتمانە وەک ســووڕێکی دووبارەبــووەوە گونجاوتــر دەبێــت.

لەمــەش زیاتــر، ڕەنگــە لــە هەمــووی گرنــگتر، چەمکــی جەمســەرگیریی زۆرجــار لەلایــەن کەســانی پیشــەییەوە لــە ڕاگەیاندنــە گشــتییەکاندا بەکاردەهێنرێــت، ئەمــەش بــە یەکســانی بــۆ زلهێــزە نا-گــەورەکان دەگونجێــت، وەک چــۆن ئــەو دەوڵەتانــە دەگرێتــەوە کــە زۆرتریــن قازانجیــان هەیــە لــە وێناکردنــی ڕێزبەندییەکــی پلەبەنــدی کــە لــە لوتکــەدا دادەنیشــن. بــۆ نموونــە ســتیڤن هارپــەر Stephen Harper- کــە دواتــر دەبێتــە ســەرۆکوەزیرانی کەنــەدا لــە ســاڵی ٢٠٠٣دا نووســیویەتی "جیهــان ئێســتا یــەک جەمســەرییە و تەنیــا یــەک زلهێــزی تێدایــە: کەنــەدا لەگــەڵ ئــەو زلهێــزەدا کیشــوەرێکی هاوبەشــە"، دوای ئــەو ســەرۆکی ئەوکاتــی ڕووســیا، دیمــیتری مێدڤێدێــڤ لــە ســاڵی ٢٠٠٨دا دەڵێــت "جیهــان دەبێــت فــرە جەمســەری بێــت. تاکــە جەمســەری قبــوڵ ناکرێــت" (Zala، B. 2013).

دەبێــت چەمکــی "سیســتەم یــان نەزمــی جیهانــی – النظــام العالمــي- World Order" یــش وەک یەکێــک لــە بەربڵاوتریــن چەمکــەکان لــە پەیوەندییــە نێودەوڵەتییەکانــدا بناســین کــە زۆرجــار، بەکاردێــت بــۆ تایبەتمەندکردنــی هاوســەنگی هێــز و پلەبەنــدی و "ڕێســاکانی یارییەکــە" کــە بنەمــای سیاســەتی جیهانیــن. هەنــدێ جــار سیســتەمی

جیهانـــی، لــە ڕووی دەســـەڵات و هەژموونەکەیـــەوە وەســـف دەکرێـــت، بـــەو پێیـــەی هەندێــک لــە ناوەندەکانــی دەســەڵات بەهرەمەندتــرن و توانــا و کاریگەرییــان زیاتــرە لــە هەندێکــی تــر. جگــە لــەوەش بــەردەوام جەنــگ و تێکۆشــان هەیــە لــە لایــەن دەوڵەتانــەوە بــۆ بەدەســتهێنانی ئــەو پێگەیــەی کــە لــە لوتکــەی هەڕەمەکــەدا هەیــە. بــەڵام "هاوســەنگی هێــز" یــش هەیــە کــە نەزمــی جیهانــی پێکهاتــە دەکات و ڕێگــری دەکات ئـــەم جەنـــگ و بەیەکداکێشـــانە ڕوو بـــدات و دەیگۆڕێـــت بـــۆ ئاژاوەیەکـــی تــەواو. بۆیــە هەندێکجــار دەتوانرێــت "نەزمــی جیهانــی" بــە "چاکــەی بەکۆمــەڵ" یــش وەســـف بکرێـــت کــە تیایــدا ســەقامگیری و نۆرمــە هاوبەشــەکان جیهــان ســەلامەتتر و پێشـــبینیکراوتر دەکـــەن. بەشـــێوەیەکی ئاســـایی، هەمـــوو یەکـــە نێودەوڵەتییـــەکان لەنــاو ئــەم سیســتمە نێودەوڵەتییــەدا ئــەو مافەیــان هەیــە کــە لــە پێنــاو زیادکردنــی ئاســـتی ئاســـایش و فراوانترکردنـــی مـــەودای بەرژەوەندییەکانیـــان هـــەوڵ بـــدەن، چوونکــە وەک ڕیالیســتەکان ئامــاژەی پێدەکــەن دۆخەکــە بەسرووشــت خــۆی فەوزایــە "ئەنارشـــییە"(Timofeev، I .2019).

ئەنارشــی لــە پەیوەندییــە نێودەوڵەتییەکانــدا، هاوشــێوەی ئــەو دۆخــە سروشــتییەیە کــە لــە تیۆرییــە کلاســیکییەکانی حکومەتــدا باســکراوە؛ دەســەڵاتی دەوڵــەت تاکــە ئامــرازە بــۆ کۆتایهێنــان بــە شــەڕی هەمــووان لــە دژی هەمــووان. ئــەوەی تۆمــاس هۆبــز پێشــنیاری دەکات "گرێبەســتێکی کۆمەڵایەتــی"، کاتێــک هاووڵاتیــان حکومەتێــک دەستنیشــان دەکــەن کــە کاروبارەکانیــان بــۆ ڕێــک بخــات و ئاســایش و دادپــەروەری بچەســپێنێت، ئــەم گرێبەســتە توندوتیــژی لــە دەســتی دەوڵەتــدا قــۆرخ دەکات. هۆبــز لــە بەرانبــەر ڕاگرتنــی تــەرازووی دادپــەروەری و نەهێشــتنی ســتەم و چەوســاندنەوەی مرۆڤێــک لەلایــەن مرۆڤێکــی تــرەوە، پێشــنیازی دەســەڵاتێکی توونــد دەکات کــە ئاســایش و دادپــەروەری بســەپێنێت بەســەر کۆمەڵــگادا و ئازادیــش بێــت لەبەکارهێنانــی هێــزدا ئەگــەر پێویســت بــوو. لــە تێگەیشــتنی هۆبــزدا، مــرۆڤ بەبــێ گرێبەســتی کۆمەڵایەتــی و ســەرکردایەتیەکی پتــەو و بەهێــز، جەنگەڵێــک ســازدەکات کــە زۆر لــە ژینگــەی ئاژەڵــە کێویەکانــەوە نزیکــە. یاســایەک نەبێــت ســزای خراپــەکار بــدات و ســنوورێک بــۆ ڕەفتــاری "ئازادیخــواز" دابنێــت، کۆمەڵــگا دەشــێوێت و هــەر کەســەو بــە پێــی ئــارەزووی خــۆی دەگــرێ و دەکوژێــت.

بۆیـە بـە پێـی تیـۆری ڕیالیـزم لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان بۆئـەوەی کێبڕکـێ لـە نێـوان دەوڵەتەکانـدا لـە پێنـاو دەستخسـتنی هێـزی زیاتـردا هەبێـت، پێویسـتە ئەنارشـییەت "فەوزا"هەبێـت، بـەڵام کاتێـک ئەمـە سەردەکێشـێت بـۆ ئـاژاوە و جەنگێکـی تـەواو، پێویسـتە زلهێزێکـی جیهانـی بـە کوتەکێکـەوە ڕاوەسـتابێت؛ تـا هـەر کەسـەو بـە ئـارەزووی خـۆی دیمەنـی جیهانـی یـان ناوچەیەکـی دیاریکـراو نەشـێوێنێت.

### ١.١.١. تاک جەمسەریی

تــاک جەمســەری، ئــەو پێگەیــە کــە دەوڵەتێــک لــە ڕووی دەســەڵاتەوە لــە دەوڵەتانــی دیکــە باڵاتــرە و هەژموونــی هەیــە، بــەو پێیــەی خاوەنــی بەشــێکی بەرچــاو لــە ســەرچاوەکانی هێــزە. دەشــێت لــە سیســتەمێکی تــاک جەمســەریدا چەندیـن دەوڵـەت بوونـی هەبێـت، بـەڵام هەژمـوون لـە گۆڕەپانـی نێودەوڵەتیـدا هیـچ ڕکابەرێکــی نییــە. ئەمــەش لەبەرئەوەیــە کــە هەژمــون ئاســتێکی دەســەڵاتی ئەوتــۆی هەیـە کـە دەوڵەتەکانـی دیکـە ناتوانـن بگەنـە هاوتـای ئـەو، تەنانـەت ئەگـەر چەنـد دەوڵەتێـک بەیەکیشـەوە بـن ناتوانـن ململانـێ لەگـەڵ تاکـە زلهێزێکـی بەهەژمـوون بکــەن (Wardhani، 2021). پێگــەی ئەمریــکا لــە قۆناغــی دوای کۆتاییهاتنــی جەنگــی ســارد نموونــەی تــاک جەمســەرییە. لەگــەڵ داڕمانــی یەکێتــی کۆمــاری سۆسیالیســتی ســۆڤیەت لــە (١٩٨٩) دا، سیســتەمی دوو جەمســەری بەهــۆی نەمانــی کێبڕکێــی نێــوان ئەمریــکا و یەکێتــی ســۆڤیەت وەک دوو جەمســەری تێکچــوو. لــە ئەنجامــدا ئەمریـکا بـوو بـە هەژمـوون و خاوەنـی گەورەتریـن سـەرچاوەی ئابـووری و سیاسـی و ســەربازیی و تەکنەلۆژیــی.

لەڕاســتییدا، مشــتومڕ و پرســیار لەســەر ئــەو ســاتەوەختە "تــاک جەمســەرییە"ی کـە دوای کۆتاییهاتنـی شـەڕی سـارد هاتۆتـە کایـەوە کـە لـە دوای ١١ی سـێپتەمبەری ٢٠٠١ ەوە دەســتیپێکرد، بەرە-بــەرە ڕووداوە جیهانــی و ناوچەییەکانــی دیکــە وەک قەیرانـی دارایـی جیهانـی (٢٠٠٨)، هەڵکشـانی هەژموونـی چیـن، سـێبەری بەردەوامـی ڕووســیا بەســەر ڕۆژهەڵاتــی ئەوڕووپــاوە، ماندووبــوون لــە جەنگــی ئەفغانســتان و عێـراق، زیادبوونـی ژمـارەی هێـزە مامناوەنـدەکان و زۆر فاکتـەری دیکـەی وەک پەتـای کۆرۆنـا، جەنگـی ئۆکرایـن، جەنگـی غـەزە، و ئـیتر لـە پاڵیشـیدا دیـاردە ترسـناکەکان پەرەیــان ســەندو کۆنترۆڵکردنیــان بــوو بــە شــتێکی زەحمــەت، هەمــوو ئەمانــە بــوو وایانکــرد ئێســتا لێــرەدا بڵێیــن: ئــەو نەزمــە جیهانییــەی ئەمریــکا ســەرکردایەتیی دەکات تێکچــوە"، بوونەهــۆی ئــەوەی شــیکەرەوەکان لــە گۆڕەپانــی نێودەوڵەتیــدا وەک بابەتێکــی ئاســایی مشــتومڕ لەبــارەی دابەزینــی کێرڤــی ئەمریــکا بکــەن. ئــا.. ئــیتر شــتێکی لەوجــۆرە کــە "ئەمریــکا تاقەتــی لــە دونیــا چــووە، یــان دونیــا تاقەتــی

ئەمریــکای نەمــاوە" بووەتــە وێــردو دەوترێتــەوە. وەک لەبەشــەکانی دواتــردا ئــەم کتێبــە بــەراوردی توانــا ســەربازیی و ئابوریــی و تەکنەلۆژییەکانــی چیــن بــە ویلایەتــە یەکگرتوەکانــی ئەمریــکا دەکات کــە هەردوولایــان لــەم قۆناخــەدا پێویســتییان بــە هاوپەیمانێتــی لەگــەڵ وڵاتانــی ئاســیا بەگشــتی و ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــە تایبەتــی لــە ئاســتێکی متمانــەی بــەرزدا هەیــە.

بــە بــڕوای هەندێــک لــە زانایــان و بەتایبــەت لایەنگرانــی تیــۆری ســەقامگیریی هەژمــوون (Hegemonic Stability Theory)، سیســتەمی تــاک جەمســەری جێگیرتریــن و بەردەوامتریــن سیســتەمە کــە دەتوانێــت بەرگــەی ئاشــتی بگرێــت، چوونکــە کرانــەوە و ســەقامگیری ئابووریــی نێودەوڵەتــی زیاتــر کاتێــک ڕوودەدات کــە یــەک دەوڵەتــی باڵادەســت هەبێــت. دوای جەنگــی ســارد، ســوودی دەســتەڵاتی تەواوەتــی ئەمریــکا بــەو مانایەیــە کــە ســەرچاوەیەکی گرنگــی گرژیــی و ململانــێ لــە ئــارادا نییــە، کاتێــک ئەمریــکا بــە هەژموونــە و ســەرکردایەتی سیســتەمی نێودەوڵەتــی دەکات، هیــچ زلهێزێکــی گــەورەی دیکــە لــە دۆخێکــدا نییــە، پەیــڕەوی لــە هیــچ سیاســەتێک بــکات کــە پشــتی پــێ ببەســتێت بــۆ ســەرکەوتنەکانی و زاڵبــوون بەســەر ئەمریــکا لــە شــەڕێکدا یــان لــە ڕکابەرییەکــی درێژخایەنــدا، ئەمــەش ئۆتۆماتیکــی وا دەکات سیســتەمی تــاک جەمســەریی ســەقامگیرتر دەرکەوێــت (Aktunç، D. 2022). هــەر ئەمــەش ئاماژەیــە بۆئــەوەی لــە حاڵەتێکــی وادا، هێزەکانــی دی نایەنــەوێ ئالنگاریــی هەژمــوون بکــەن، چوونکــە زلهێــزی هەژموونگــەرا توانــای ئــەوەی هەیــە، هــەر ململانێیــەک لــە نێوانیانــدا ئاراســتە بــکات، بۆیــە سیســتەمی یــەک جەمســەریی زیاتــر بــەردەوام و ئاشــتیخوازانە دەردەکەوێــت.

لێــرەوە دەردەکەوێــت؛ چەمکــی تــاک جەمســەری زۆر زیاتــر لــەوە دەگرێتــەوە کــە تەنیــا هێزێکــی گــەورە هەیــە و لــە هەمــوو هێزێکــی تــر بەهێزتــرە؛ بەڵکــو وەکــو هانســن (٢٠٠٠) لایوایــە، ئەمــە ئاماژەیــە بــۆ زنجیرەیــەک لــە داینامیکــی نێودەوڵەتــی کــە بــۆ ڕێکخســتنی دەســەڵات بــە تایبەتــی بــە یــەک جەمســەرییەوە بەستراوەتــەوە، لەوانــەش کاریگەرییــە تایبەتــەکان لەســەر شــێوازەکانی ململانــێ و هــاوکاری. لێــرەدا ئارگومێنتەکــە ئەوەیــە: یــەک جەمســەرییەت هانــدەری "لێــدان" و کاری قورســە،

نەزمێکـی جیهانییـە بـە بـەراورد بەوانـی دیکـە بەهێـزە، بـەڵام مـەرج نییـە بـەردەوام بێـت. تـاک جەمسـەریی لـە پێگەیەکـی ناوازەدایـە بـۆ بڵاوکردنـەوەی مۆدێلـی سیاسـی خـۆی و دانانـی کارنامـەی نێودەوڵەتـی (Hansen، B. 2000. P: 112).

لـە هەلومەرجـی سـاتەکانی دوای کۆتاییهاتنـی جەنگـی سـارد، سیاسـەتی نێودەوڵەتـی ئەمریـکا تـا دوا سـاتەکانی لاوازبوونیشـی بەرجەسـتەبوونی سـەرمایەداریی بـازاڕی ئـازاد و دیموکراسـی لـیبراڵ بـووە. لـە کاتێکـدا دەوڵەتانـی دیکـە ڕەنگـە سـوود لـە بەڕێوەبردنـی کاروبـاری جیهانـی تـاک جەمسـەریی وەربگـرن، بـەڵام ڕەنگـە بـە ئازادانـە بـێ یـان بـە تووڕەبـوون هەوڵـی ئـەوە بـدەن تـاک جەمسـەر مانـدوو بکـەن لـە پێنـاو پێگـەی سیاسـی خۆیـان، یـان بیخەنـە تەڵـەوە.

بـە ڕەچاوکردنـی ئـەم بۆچوونـە، ئێمـە ڕووبـەڕووی پێشـهاتە نێودەوڵەتییەکانـی داهاتـوو دەبینـەوە کـە ئەمریـکا هـەوڵ دەدات ڕۆڵێکـی باڵادەسـتی نێودەوڵەتـی بگێڕێـت کـە تێیـدا هەوڵـی بەردەوامـی تـاک جەمسـەریی و ئامادەگیـی ئەمریـکا وەک دەسـەڵاتێکی جیهانیـی بـە هەژمـوون دەدات کـە کاریگەریـی لەسـەر ڕەوت و ئەنجامـە نێودەوڵەتییـەکان هەبێـت. بـەڵام ڕێگاکـە بـۆ ئەمریـکا بـە گـوڵ نەتەنـدراوە، بەڵکـو ڕەنگـە هەوڵەکانـی ئەمریـکا بـۆ مانـەوەی تـاک جەمسـەریی ئەوەنـدە درەنـگ کەوتبێـت کـە جیهـان بـە فرە-جەمسـەرییەکی شـێواودا گـوزەردەکات، ئێمـەش ڕۆژێـک ئەمریـکا بەهـۆی گرفتـە ناوخۆییەکانییـەوە لەنـاو ئەمریـکا بدۆزینـەوە!

لـە تـاک جەمسـەرییدا، ئاسـتی تەندروسـتی سیسـتەمە جیهانییەکـە بـە ڕێژەیەکـی زۆر بـە کردارەکانـی تـاک جەمسـەر دیـاری دەکرێـت:

کاتێـک ئەمریـکا وەبەرهێنانـی لـە سیسـتەمی نێودەوڵەتیـدا کـرد و وەک تاکـە جەمسـەرێکی نـەرم و بەجـۆش مامەڵـەی کـرد، هاوکارییەکـی بـەرز و خۆشـگوزەرانی ئابـووری هەبـوو. بـەڵام نەزانییەکـەی لـە هەندێـک پرسـی ئاسایشـی مرۆیـی، وای لێکـرد تووشـی تیـرۆر بێـت و ئـەو کارە تاکلایەنەیـەی لـە ئەنجامـدا هاتـە ئـاراوە، بەشـداری کـرد لـە دابەزینـی ئاسـتی ئەمریـکا و تـا ڕادەیـەک سیسـتەمی نێودەوڵەتـی ناسـەقامگیرتر کـرد. هەروەهـا بڵاوبوونـەوەی چەکـی ئەتۆمـی، هەڵکشـانی چیـن، گرووپـە ئایدۆلۆژییە-چەکدارەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و نا-سـەقامگیریی بـازاڕی

وزە، گەرمبوونــی گــۆی زەویــی و هەڕەشــە ژینگەییــەکان پرســگەلێکن کــە ئەمریــکا بــە درێژایــی چارەکــی یەکەمــی ســەدەی بیســتویەک لــە مامەڵەکــردن لەگەڵیانــدا کێشــەی هەیــە. هەمــوو ئــەم کێشــانە هەموویــان تەنیــا لــە کاتێکــی هەڵــەدا هاتــوون. لەگــەڵ ئەوەشــدا، گرنگــە ببیندرێــت کــە گۆڕانــکاری کتوپــڕ لــە کــردارە ســەربازییەکانی ئەمریــکادا لــە چارەســەرکردنی ئــەو کێشــانەدا بەشــداری نەکــردووە. بــە خەرجکردنــی چەندیــن تریلیــۆن دۆلار بــۆ "جەنگێکــی ناپێویســت" لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، کردەوەکانــی ئەمریــکا پرســە ئەمنییەکانــی خــۆی خــراپتر کــرد و توانــای ئــەوی کــەمتر کــرد بــۆ مامەڵەکــردن لەگــەڵ پاراســتنی سیســتەمە- جیهانییەکــە لــە بوارەکانــی دیکــەدا.

بــە دڵنیاییــەوە، پارتنــەر و فیگــەرە سیاســییەکانی کــە ئەمریــکا لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت پشــتی پێبەســتبوون، زۆربەیــان بــژاردەی هەڵــە بــوون، زۆر لــە بڕیاربەدەســتەکانی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــە تایبــەت لــە دوای ڕووخانــی ســەدام حوســەین (٢٠٠٣) هەڵگــری ڕەگەزنامــەی ئەمریکــی و بەریتانــی بــوون، لەهەمــان کاتــدا خەڵکــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــوون، بــەڵام کەســانی خیانەتــکار و هەلپەرســت بــوون، هەڵســوکەوت و گەندەڵــی ئەوانــە بووەتــە هۆیــەک کــە دیموکراســییەت لەناوچەکــەدا ببێتــە نوکتەیــەک و کــەس بــاوەڕ بــە ئابوریــی بــازاڕ نــەکات!

ســەرەڕای ئــەم زیانانــە، وەک ڕووســێل (٢٠١١) ئامــاژەی پێکــردووە ؛ تــاک جەمســەری لــە لوتکــەی خۆیــدا کاریگەرتریــن سیســتەمە لــە کەمکردنــەوەی ســەرچاوەی ناکۆکــی نێــوان دەوڵەتــەکان و دابینکردنــی جیهانێکــی "بــاشتر". هەندێــک کێشــە هــەن کاتێــک ســەرهەڵدەدەن کــە تــاک جەمســەری لەلایــەن ئەکتــەرە نا-دەوڵەتییەکانــەوە هەڕەشــەی لێدەکرێــت، بــەڵام هیواکــە ئەوەیــە؛ تــاک جەمســەری کۆمەڵگەیەکــی نێودەوڵەتــی بەهێــزی دروســتکردووە کــە بتوانێــت خــۆی بەســەردا بگرێــت. تەنانــەت بــەو شــێوەیەش جیهانێکــی دوو جەمســەری یــان فــرە جەمســەری کــە بــە گۆڕینــی ڕێژەیــی لــە هەژموونــی جیهانییــدا دەســت پێــدەکات و ئەگــەری دابەشــبوونی ئایدیۆلۆژیــی هەیــە، هێشــتا هێــزە گەورەکانــی وەک چیــن و ڕووســیا بەزەحمــەت ئامــرازی پێویســتیان هەیــە بــۆ مامەڵەکــردن لەگــەڵ ئــەو پرســانەی ئاسایشــی مرۆیــی کــە دەبنــە هــۆی توندوتیــژی لەلایــەن ئەکتــەرە نــا- دەوڵەتییەکانــەوە. هەرچەنــدە لــە داهاتــوودا گۆڕانکاریــی لــە

تـاک جەمسـەرییەت گەرەنتـی دەکرێـت، بـەڵام تـاک جەمسـەریی ئەمریـکا بنەمایەکـی بـۆ کۆمەڵگەیەکـی نێودەوڵەتـی هاریکارتـر و هاوبـەشتر دانـاوە کـە بـە هیـوای ئـەوەی بتوانێــت پەیوەندییــە دوو جەمســەرییەکان یــان فــرە جەمســەرییەکانی داهاتــوو ســەقامگیر بــکات (Russell، P. 2011).

ســەرەڕای هەمــوو ئــەو پێداویســتییە ئەمنــی و هاوســەنگیانەی تــاک جەمســەری ئەمریــکا لــە دەوری بنیــات نــراوە، چەندیــن پاڵنــەر هەیــە کــە توانــای ئەوەیــان هەیــە هاوســەنگی تــاک جەمســەرییەکە تێــک بــدەن. لــە بەشــەکانی داهاتــووی ئــەم کتێبــەدا، بــاس لــەو زلهێزانــەی دیکــە دەکرێــت کــە دروســت بــوون و ئەوەنــدە حەزیــان لــە پاراســتنی سیســتەمی نێودەوڵەتــی نییــە، وەکــو ڕووســیاو چیــن. ئایــا بــە کاتێکــی زیاتــر ئەمریــکا دەتوانێــت ئــەم دەوڵەتانــە بەشــداریی پــێ بــکات و نۆرمەکانــی هاوکارییــان تێــدا بچێنێــت؟ یاخــوود لەکاتــی هەڵکشــانی هەژموونــی زلهێزەکانــی دیکــە و ســەرکەوتنی هاوپەیمانێتیــە ناوچەییەکانیــان لەگــەڵ هێــزە مامناوەندییــەکان نەزمــی نوێــی جیهانــی بــە شــێوەیەکی ئاشــتییانە و هاوســەنگانە لــە دایــک دەبێــت!؟

ساڵی (٢٠٠٨) فەریـد زەکەریـا کتێبـی " جیهانـی پـاش ئەمریـکا- The Post-American World”ی نووسـی، وەک فەریـد خـۆی دەڵێـت، ئەمـە کتێبێـک نییـە دەربـارەی دابەزینـی ئاسـتی ئەمریـکا، بەڵکـو بـاس لـە سـەرهەڵدانی هەمـوو کەسـێکی دیکـە دەکات کـە وەرچەرخانــی داینامیکیەتــی جیهانــی بــەدوادا دێــت. بــەم شــێوەیە کارە گرینگەکــەی فەریـد لەسـەر ئـەو سـەردەمەی ئێسـتا دەسـت پێـدەکات کـە پێـی گەیشـتووین؛ ئـەو بـەدوای سـەرکەوتنی کتێبـی "داهاتـووی ئـازادی" دا کـە زۆرتریـن فرۆشـی هەبـووە، بـە پێشـبینییەکی نـاوازەوە جیهانێـک بـاس دەکات کـە تێیـدا ئەمریـکا چـیتر بەسـەر ئابـووری جیهانیـدا زاڵ نابێـت، یـان جیۆپۆلیتیـک ڕێکناخـات، یـان کولتـوورەکان سـەرکوت نـاکات. ئـەو سـەرهەڵدانی گەشـەی وڵاتانـی وەک چیـن، هیندسـتان، بەرازیـل، ڕووسـیا و چەندانـی تـر وەک چیرۆکێکـی گـەورەی سـەردەمی ئێمـە دەبینێـت، چیرۆکێـک کـە جیهـان لـە قاڵـب دەداتـەوە: بەرزتریـن بینـا و گەورەتریـن بەنـداو و گەورەتریـن فیلمـی فـرۆشراو و زۆرتریـن مۆبایلـی پێشـکەوتوو هەموویـان لـە دەرەوەی ئەمریـکا دروسـت دەکرێـن. ئـەم گەشـەکردنە ئابوورییـە تێکەڵەیـەک لـە متمانـەی سیاسـی و شـانازی نیشـتیمانی و

ئەگەری کێشەی نێودەوڵەتی بەرهەم دەهێنێت(Zakaria، F. 2008). ئەمریکا چۆن لەم کەشوهەوای نێودەوڵەتییە بە خێرایی دەگۆڕێت، تێبگات و گەشە بکات؟

یەکێک لە پرسە کەمتر باسکراوەکان بریتییە لە دابەشبوونی هێز بەسەر ئەوانی تردا، یان وردتر "پژانی هێز- Power Erosion ". ڕەنگە پژانی هێز بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئالنگارییەکی گەورەتر بێت لە چین. وەک پرۆفیسۆر جۆزیف نای باسی دەکات، هێز لە چاخی زانیاریدا بە شێوازێک دابەشبووە کە لە یارییەکی شەترەنجی سێ ڕەهەندیی ئاڵۆز دەچێت: لە لوتکەی داشماڵەکەدا هێزی سەربازی تاک جەمسەرییە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەگەری هەیە بۆ ماوەیەکی درێژ پێشەنگییەکەی بپارێزێت، ناوەڕاستی داشماڵەکە هێزی ئابوورییە و فرە جەمسەرە کە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکانە، بنکەی داشماڵەکەش سەرزەمینی پەیوەندییە دەوڵەتبڕەکانی ترە کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتەکان سنوورەکان دەبڕێت. لەم بنکەیەدا هێز بە جۆرێک پژاوە ناتوانین باس لە تاک جەمسەری یان فرە جەمسەری یان هەژمووون بکەین، زۆربەی پرسەکان لە ڕووی سەربازییەوە چارسەر ناکرێن و بەڵکو کار کەوتۆتە دەست تۆڕەکانی هاریکاریی؛ ئەو تۆڕە سنوور -بڕانەی لەدەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتەکانن تا دێت کاریگەرتر دەبێت. لە کاتێکدا ئەم کۆمپانیا و تۆڕ و تاکەکەسە بەهێزانە گرفت بۆ سەرجەم حکومەتەکان دروست دەکەن بەبێ جیاوازی، بەڵام فەرهەنگی کرانەوە و داهێنانی ئەمەریکایی هۆکارن بۆ مانەوەی ئەمەریکا وەک هێزێکی ناوەندی “سێنتراڵ" لەم جیهانەدا.

جۆزیف نای لاری لەوە نییە دارمانێکی ڕێژەیی لە هێزی ئەمریکادا ڕووی داوە، بەڵام سەردەمی ئەمەریکایی کۆتایی نەهاتووە و پێمان نەخستووەتە ناو جیهانی پاش ئەمەریکا. ناونانی سەدەی بیست و یەک بە سەدەی داکشانی ئەمەریکایی، ڕەنگە ناولێنانێکی ورد نەبێت و بەلاڕێدابەر بێت. بۆیە هەر هەوڵێک بۆ هەڵسەنگاندنی هێزی ئەمەریکایی لە چەند دەیەی داهاتوودا نابێت زیادەڕەوی لە بارەیەوە بکرێت، چونکە چەند ئایندەیەک هەیە نەک تەنیا تاکە ئایندەیەک. جێگرەوەکانیش بە چەندین ڕووداو، هەڵە هەڵسەنگاندن، بڕاردەی مرۆیی پەرگیر ئاوسن (Nye، J. 2014).

سـی و پێنـج سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا، ئەمریـکا لـە ڕووی سیاسـی، سـەربازی، ئابـوری، زانسـتییەوە بەسـەر جیهانـدا زاڵ بـوو، بـەڵام ئەمـڕۆ؟ وەک فەریـد زەکەریـا دەنووسـێت، ئەمـڕۆ بەرزتریـن بینـای جیهـان ئێسـتا لـە دوبەیـە، گەورەتریـن کارگـەی جیهـان لـە چینـە، گەورەتریـن پاڵاوگـەی نـەوت لـە هیندسـتانە، گەورەتریـن سـندوقی وەبەرهێنـان لـە جیهانـدا لـە ئەبوزەبییـە، گەورەتریـن تایـەی فێریـس لـە جیهانـدا هەیـە لـە سـەنگافورەیە (Zakaria، 2008). زیاتـر لـەوەش، ژاپـۆن و کۆریـای باشـوور متمانەپێکراوتریـن ئۆتۆمبیلەکانـی گـۆی زەوی دروسـت دەکـەن، زۆربـەی کارتـە سیاسـییەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە قەتـەرە، عومـان و سـعودییە زۆرتریـن هایدرۆجینـی سـەوز بەرهـەم دەهێنـن. ئینجـاش هەمـوو ئەوانـە تێدەکۆشـن بۆئـەوەی بـە دراوێکـی نوێـی جیهانـی لـە چوارچێـوەی "بریکـس" دا لـە دەرەوەی دۆلار مامەڵـە بکـەن!

لێـرەوە، چەنـد وانەیـەک فێردەبیـن، یەکێـک لەوانـە ئەوەیـە وەرچەرخانـەکان سـەردەمی ئەمەریکایـی کۆتایـی پـێ ناهێنێـت، بـەڵام بەدڵنیاییـەوە دەیگۆڕێـت. پاشەکشـەی ئەمەریـکا و کۆتاییهێنـان بـە ناوەندێتیـی ئەمەریـکا لـە تـەرازووی هێـزی جیهانیـدا لەلایـەن هەریەکێـک لـە هێـزە ئالنـگارکارە نوێیەکانـی وەک: ئەوروپـا، ڕووسـیا، هیندسـتان، بەڕازیـل یـان چینـەوە مەحـاڵ نییـە، بـەڵام ئەگـەری ڕوودانیشـی زۆر نییـە. هەروەهـا، بەردەوامیـی سـەردەمی ئەمەریکایـی پشـت بـە ژمارەیـەک هاوپەیمانێتـی دەبەسـتێت، وەرچەرخـان بـەرەو ناوخـۆ و گۆشـەگیری، متمانـەی وڵاتـان بـە هاوپەیمانێتیـی ئەمەریـکا لاواز دەکات. سـەبارەت بـەو پرسـیارەی چـۆن ئەمەریـکا دەسـت لـە کاروبـاری ناوخـۆی وڵاتانـی تـر وەربـدات؟ دەکرێـت بڵێیـن جۆرێـک لـە دەسـتوەردان پێویسـتە، نـەک جەنـگ و داگیرکـردن. واتـە بەکارهێنانـی هێـز، بـەڵام لـە سـنوورێکدا.

### ٢.١.١. دوو جەمسەریی

لـە سیسـتەمی دوو جەمسـەریی، دەكـرێ توانـاكان ئەوەنـدە دابـەش بكرێـن كـە دوو دەسـەڵاتی دوژمنـكاری باڵادەسـت لـە ئەكتەرەكانـی تـر بەهێزتـر بـن، تـا ڕادەیـەک لـە بەرگریكـردن لـە خۆیـان ئۆتۆنۆمـی بـە دەسـەڵاتە باڵادەسـتەكان بـدات. لـە دوو جەمسـەرییدا زۆربـەی یـان هەمـوو دەوڵەتەكانـی نـاو سیسـتەمەكە بـە تونـدی لـە دوو پۆلـی سیاسـیدا كۆكراونەتـەوە، لەگـەڵ ئاسـتی دوژمنایەتییەكـی بـەرزی یـەكتر، زۆر كـەم دەوڵـەت یـان هیـچ دەوڵەتێـك ڕۆڵـی ماماوەنـد یـان بڕبڕەیـی دەگێـڕن. لـە فۆڕمـی تەواوەتـی دوو جەمسـەری تونـددا كـە بەسـەر دوو پـۆل یـان كوتلـەی بەرانبـەردا دابەشـبوون، ئەندامەكانـی هـەر كوتلەیـەک هەموویـان لە یـەكترەوە نزیـكترن، هەموویان لـە هـەر ئەندامێكـی پۆلەكـەی تـر دوورتـرن (Wardhani. N. F. 2021).

یەكێـک لـە مشـتومڕە گەورەكانـی لێكۆڵینـەوە لـە ململانـێ نێودەوڵەتییـەكان؛ پەیوەنـدی جەمسـەرگیریی سیسـتەمێكی نێودەوڵەتـی بـە سـەرهەڵدانی شـەڕەوە هەیـە؛ ئـەم مشـتومڕە لەسـەر ئـەوە كۆدەبێتـەوە، ئایـا ‹دوو جەمسـەری› یـان ‹فـرە جەمسـەری› زیاتـر ئەگـەری هەیـە ببێتـە هـۆی شـەڕ؟

لەڕاسـتییدا، دوو جەمسـەریی بـەزۆری ئاماژەیـە بـۆ دۆخێـک كـە لـە سیسـتەمی نێودەوڵەتـی دا دوو زلهێـزی زاڵ هـەن، هەریەكەیـان بلۆكێكـی پشـتیوانی و هاوپەیمانـی تاڕادەیـەک لاوازیـان هەیـە. لـە كاتێكدا "فرە جەمسـەری" بـەزۆری ئاماژەیە بـۆ بارودۆخێكی پێچەوانـە كـە زیاتـر لـە دوو زلهێـز ڕۆڵـی باڵادەسـت لـە سیسـتەمی نێودەوڵەتیـدا دەگێـڕن. لێـرەدا ئارگیۆمێنـت و دژە ئارگیۆمێنـت هەیـە، بـۆ نموونـە، بەشـێک پێیانوایـە؛ جیهانێكـی فرە-جەمسـەری ئازادتـر و ئـارامترە وەک لـە سیسـتەمی جووت-جەمسـەریی:

**یەكـەم:** لـە دونیـای دوو جەمسـەریدا، هەمـوو ململانێـكان گەلانی لایەنێک لـە بەرامبەر ئەوانـی لایەنەكـەی تـردا دەگرێتـەوە، بـە جۆرێـک كـە هـەر لایەنێـک وەک دووژمـن دێتـە بەرچـاوی ئـەوی دیكـە. لـە جیهانێكـی فـرە جەمسـەریدا، شـێوازەكانی كارلێككـردن لـە ئاڵـۆزی و جۆراوجۆریـدا زیـاد دەكات. دوژمنێـک لەسـەر پرسـێک دەبێتـە هاوپـەیمان لەسـەر بابەتێكـی تـر ڕەنگـە ناكـۆک بێـت. بۆیـە بڕینـی بڕبڕەیـی و فشـارە بنچینەییـەكان ئەگـەری پەرەسـەندنی دوژمنایەتییـە بـێ چەندووچوونـەكان كـەم دەكەنـەوە.

**دووەم:** لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی جەمسەرەکان، هەر ئەکتەرێک (دەوڵەتێک) ناچار دەبێت سەرنجی خۆی بەسەر زیاتردا دابەش بکات، چوونکە جەمسەرەکان زیاتر دەبن. بەلای پرۆفیسۆر "فرانک وایمان" ەوە ئەم سەرنجە دابەشبووە وا دەکات کە پەرەسەندنی کێبڕکێی چەک کەمتر ئەگەری هەبێت (Wayman، F. W. 1984).

بە گوێرەی کینز والتز کە پێشەنگی تیۆری نیۆریالیزم (ڕیالیزمی پێکهاتەیی)ە، فاکتەری سەرەکی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جەمسەرگیریی سیستەمەکەیە بۆئەوەی زاڵ بن بەسەر سیستەمەکەدا. ئایا یەک جەمسەرە، دوو، یان زۆر زلهێز. والتز بەرپەرچی ئەو تێزە دەداتەوە کە گوایە فرە جەمسەری سیستەمێکی جێگیرترە لە دوو جەمسەریی. لە ڕاستییدا بیرۆکەی سەرەکی لەبارەی شەڕ کە ڕیالیزمی پێکهاتەیی دەیخاتە ڕوو ئەوەیە کە دوو جەمسەری باشترە لە فرە جەمسەری. ئارگیۆمێنتەکەشیان ئەوەیە بە تێبینی کردنی شەڕی سارد لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت وەک سەردەمی سیستەمێکی دوو جەمسەری، دەڵێت تواناکانی لێدانی هەردوو جەمسەرەکە و پێگەی باڵادەستی سەربازیی دوو زلهێزەکە وایکرد؛ یەکەم: ئەگەری هێرشی هەر یەکێکیان بۆ سەر ئەوی دیکەیانی ڕاگرت، دوەمیش ڕێگەی بە هەریەکەیان دا توندڕەوەکان لە کەمپەکانی خۆیاندا کۆنترۆڵ بکەن ( بۆ نموونە ئەوەی ئەمریکا لە دژی بەریتانیا و فەرەنسا کردی کاتێک لە ساڵی ١٩٥٦ دەستیان بەسەر کەناڵی سوێسدا گرت). بۆیە ئەنجامی ئەم دوو- خۆگرتنە؛ سەرەڕای گرژییە زۆرەکان، سەردەمێکی تاڕادەیەک ئاشتیخوازانەی شەڕی سارد بوو.

هەروەها والتز باس لە بابەتی سەرنجی دابەشبوو دەکات، دەڵێت لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی جەمسەرەکان، سەرنجی دابەشکراو حیساباتی هەڵە دەهێنێتە ئاراوە و بەو هۆیەوە ئەگەری شەڕ زیاد دەکات، چوونکە دەوڵەتەکان لەوە دەچێت پێیانوابێت توانای ناچارکردن یان داگیرکردنی دەوڵەتێکی دیکەیان هەیە، لەکاتێکدا دەوڵەتەکانی دیکەش هەمان باوەڕ و بیرکردنەوەیان هەیە (Zala، 2013). لە ڕاستیشدا ئەو هاوسەنگییە سەربازییەی لەماوەی (١٩٤٥- ١٩٨٩) لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا دژبەیەکەکان دامەزرا، توانی جیهان لە ڕوودانی شەڕی جیهانی لە

نێوان زلهێزەکاندا بپارێزێت، لە بری ئەوە هەندێک ململانێ و شەڕی ئەڵتەرناتیڤ لە ناوچە جیاکراوەکاندا کە جەمسەرەکان بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان بەکاریان دەهێنا ڕوویدا.

بەمشێوەیە، ئەوەی سیستەمی دوو جەمسەریی (لەسەردەمی جەنگی سارد) دا جیادەکاتەوە، چەند تایبەتمەندییەکە:

**یەکەم:** بوونی ململانێیەکی ئایدیۆلۆژی لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا؛ یەکێکیان نوێنەرایەتی بیری سەرمایەداریی ڕۆژئاوایی دەکات کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بانگەشەی بۆ دەکات، لە بەرانبەر ئەو ڕێبازەدا بیری کۆمۆنیستی و سۆسیالیستیی هەیە کە یەکێتی سۆڤیەت ڕێبەرایەتییان دەکات، ئەوەش جیهان بەسەر دوو بیرۆکەدا دابەش دەکات.

**دووەم:** دوو سیستەمی جیاواز، دوو جەمسەری جیاواز، دوو هاوپەیمانی سەربازیی دروستکرد؛ یەکەمیان، بۆ بلۆکی ڕۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و ئەوڕووپای ڕۆژئاوا کە ناوی ناتۆ بوو، هەروەها بلۆکی ڕۆژهەڵات کە یەکێتی سۆڤیەت و ئەوڕووپای ڕۆژهەڵات سەرکردایەتی دەکرد و ناوی پەیمانی وارشۆ لێنرا. پێشبڕکێی چەک لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا تایبەتمەندییەکی دیار بوو، هەروەها خاوەندارێتی ئەو دوو جەمسەرە بە هێزی ئەتۆمی وێرانکەر بەشداری کرد لە ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی شەڕێکی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا.

**سێیەم:** مەودای جوگرافیای بەرفراوان و نەبوونی نزیکی ڕاستەوخۆی نێوان ئەو دوو جەمسەرە یارمەتیدەر بوو بۆئەوەی ڕێگە لە هەڵایسانی شەڕێکی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا بگرێت، بەڵام شەڕی بە وەکالەت لە ناوچەکانی دیکەدا سەریهەڵدا کە جەمسەرەکان ناڕاستەوخۆ کاریان لەسەر کرد (Al-Jubouri، 2022).

کاتێک ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩٩٠دا ڕایگەیاند؛ بە وتنی: "جەنگی سارد کۆتایی هات... ئێمە سەرکەوتین." سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. ئیتر تاکجەمسەریی جێگەی بە جووت جەمسەر لێژکرد؛ لەناوەڕۆکدا، ئەم سیستەمە نێودەوڵەتییە تاک جەمسەرییە بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، لەسەر ئەو شۆڕشە تەکنەلۆژییە بەرفراوانە دامەزراوە کە پشت بە مەعریفەی چڕ دەبەستێت و

ناوەندەکانــی ســەرمایەداری ڕۆژئــاوا بنکــە بنەڕەتییەکــەی پێکدەهێنــن، کەلتورێکــی تایبــەت بەخــۆی هەیــە، ڕووخســاری سیاســی و کۆمەڵایەتــی سیســتەمێکی بەمشــێوەیە وا دەکات دارایــی جیهانیــی بــەرەو خــۆی بگۆڕێــت.

ئەمریـکا ڕووداوەکانـی ١١ی ئەیلوولـی ٢٠٠١ی قۆسـتەوە، ئیـدارەی جـۆرج بوشـی کـوڕ پـەرەی بـەو گوتـارە دا کـە شـەڕەکانی ئەمریـکا لـە ناوچەکـەدا ئامانجیـان بەرەوپێشبردنـی دیموکراسـی و بەرگریکردنـە لـە مافەکانـی مـرۆڤ. بـوش وتـارە بەناوبانگەکـەی خـۆی بـەوە دەسـتپێکرد، "هەرکەسـێک لەگـەڵ ئێمـە نەبێـت، دژی ئێمەیـە"، وتەیەکـە بەڕوونـی گوزارشـت لـە نیـازی واشـنتۆن دەکات بـۆ درێژکردنـەوەی کاریگەرییەکانـی لـە جیهانـدا، بەتایبەتـی لـە جیهانـی عەرەبیـدا، لەژێـر دروشـمی ڕووبەڕووبوونـەوەی دیکتاتۆریـەت و تیـرۆر هـۆکاری ئامادەیـی خـۆی نیشـان دەدا (Aktunç، D. 2022).

هەریەکـە لـە ١١ ی سـێپتەمبەری ٢٠٠١، دەسـتپێکردنی جەنگـی ئۆکرایـن لـە ٢٠٢٢، شـەڕی غـەززە لـە ٢٠٢٣ وامـان لێـدەکات چەنـد ئایدیایـەک لـە کتێبـی "بەیەکداکێشـانی شارسـتانییەتەکان"ی "سـامویڵ هۆنتگتـۆن" قـەرز بکەیـن:

هۆنتیگتـۆن لایوایـە ململانـێ گەورەکانـی جیهـان لـە دوای جەنگـی سـارد ئایدۆلۆجـی و ئابوریـی نیـن، بەڵکـو کەلتوریـن، واتـە گەلانـی دونیـا لەڕێگـەی شـووناس، زمـان، هونـەر، ئاینـەوە خۆیـان نمایـش دەکـەن. هێزەکانـی جیهانگیـری و یەکانگیریـی لـە جیهانـدا هـەر خۆیـان دەبنەهـۆی ئـەوەی دژە هێـز لـە بەرانبـەر هەژموونـی کولتـووری ڕۆژئـاوادا دروسـت ببێـت! چوونکـە بـەلای هۆنتگتۆنـەوە مۆدێرنیزاسـیۆن و ڕۆژئاواییبـوون یـەک شـت نیـن. مـەرج نییـە بیانییـەکان کـە کاڵای ڕۆژئاوایـی بەکاردەهێنـن، بەهاکانـی ڕۆژئــاوا قبــوڵ بکــەن. بۆیــە ئــەو پێشــکەوتنەی دیموکراســی کــە لــە کۆتایــی شــەڕی ســارددا ئاهەنــگ دەگێڕدرێــت، بەهــای گشــتگیر (ئەمریکــی) بەرەوپێــش نابــات، بەڵکــو لــە ڕێگــەی ســندوقی دەنگدانــەوە ڕێــگا بــۆ ئــەم کولتــوورە هەمەچەشــنانە دەکاتــەوە وەک ئــەوەی لەگــەڵ زۆرێــک لــە ئەزموونەکانــی دیموکراســیکردن لــە وڵاتانــی جیهانــی ســێیەمدا بینــیمان کــە بزووتنــەوە ناسیۆنالیســتە دژە ڕۆژئاواییەکانــی بەهێــز کــرد.

کۆمەڵــگا غەیــرە ڕۆژئاواییــەکان پێویســتیان بــە کۆمەڵگەیەکــی جیهانــی فــرە-کەلتوریـی دەبێـت بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئاسایشـی جیهانـی، ئـەوەی لێـرەدا پێویسـتە

جیهانگەراییە نەک ئیمپریالیزم. ئەگەرچی هۆنتگتۆن نایشارێتەوە کە جیهانی خۆرئاوا سوودی لە خۆرهەڵات وەرگرتوە، بەڵام ئەوە جیهانی ئیسلامی و خۆرهەڵاتییە نایەوێ سوود لە کرۆکی دیموکراسی خۆرئاوایی وەربگرێت .(Kemp، G.، & Harkavy، R. E. 2000).

لە کۆتاییدا، بەرئەنجامی جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو شارستانییەتە، لە ١١ی سێپتەمبەردا ڕووخانی تاوەرەکانی بورجی بازرگانی نێودەوڵەتی لە نیۆرک بوو کە ئاماژەیە بۆ پەلاماردانی بەها ئابوریی و داراییەکانی خۆرئاوا. لە جەنگی ئۆکرایندا، داڕووخانی ئۆکرانیا و خەرج کردنی تریلیۆنەها دۆلار بوو لە جەنگەکەدا لەلایەن ئەمریکا و ئەوڕووپاوە. لە جەنگی غەزەدا، هەریەکە لە فەلەستینییەکانی غەزە و جووەکانی ئیسرائیل لەسەر پیرۆزیی خاک و جیاوازیی کەلتور و ئاین بەیەکیاندا کێشاوە، ئەنجامەکەی جەنگێکی فرە-بەرەیی بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم گرژییەی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە دەبینێت و سەرهەڵدانی نوێی زلهێزە جیهانییەکان کە ئاواتەخوازن شێوازی کارکردنی ئێستای نەزمی جیهانی بگۆڕن، پێشبینی دەکرێت فراوانبوونی ناوچەی جەنگ ڕووبدات، هەمیشە لە ساتەکانی وەرچەرخانی جیهانییدا؛ داینامیکییەتەکە سنووردار نابێت، بۆ نموونە جەنگەکە تەنیا لە ئۆکرانیا، سووریا، یەمەن و وڵاتانی عەرەبی دا قەتیس نابێت، بەڵکو ڕەنگە درێژببێتەوە بۆئەوەی بەشەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بگرێتەوە، واتە چین، تایوان و دوو کۆریا و ئەمەش لە بەرانبەردا زلهێزەکانی هاوپەیمانان بەو شێوەیە دەجولێنێت وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا کە کارنامەی خۆی لە زلهێزەکانی ئەوڕووپا دەگوازێتەوە، ئەمەش ئەگەری ڕوودانی شەڕی گەورەی دیکە لەسەر گۆڕەپانی ئەوڕووپاش بەرز دەکاتەوە.

هەموومان شاهیدی زیاتر لە سێ ساڵی جەنگی ئۆکراینایین. کاتێک جەنگەکە لە شوباتی ٢٠٢٢ هەڵگیرسا، ئەمریکا و ئەوڕووپا پاڵپشتییان کرد، بەدوایدا وڵاتانی تریش پشتیوانیان لە هەڵوێستی ئۆکرانیا کرد وەک کەنەدا و فەرەنسا و یۆنان. هەروەها وڵاتانی دیکەش هەبوون کە هەڵوێستێکی پراگماتیک و سوودمەندانەیان گرتەبەر کە بەدوای دەستکەوت لە هەردوو لایەندا دەگەڕان، وەک کۆماری

تورکیا و شانشینی سعودیە. جەنگی نێوان ڕووسیاو خۆرئاوا لە ئۆکراین، جەنگێکی ئاسایی نێوان دوو دەوڵەت نییە، جەنگی دوو کیشوەری جیاوازە، دوو جیهانبینی جیاواز کە تێڕوانینیان بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی جیهانی تەواو جودایە:

ئەگەر تێبینی بکەین، لە پەنجا ساڵی دوای دووەمین جەنگی جیهانییدا، تێگەیشتن لە دونیا هەتا ئاستێکی باش ئاسان بوو. سەرەتا دوو هێز یان دوو لایەن هەبوون، پاشان یەکێکیان لە ناوەوە هەرەسی هێنا و ئەویتریان کە ئەمریکایە، بانگەشەی سەرکەوتنی کرد. سەرکەوتنی ئەمریکا کۆمەڵێک تیۆری تایبەت بە خۆی بەرهەم هێنا کە هەرە ناسراوترینیان دوو تیۆرگەران، بە ناوی ساموئێل هانتنگتۆن لە گەڵ فرانسیس فۆکۆیاما. فۆکۆیاما، پێش هۆنتیگتۆن کەوت لە بڵاوکردنەوەی تێزە وروژێنەرەکەیدا کە کە لە ساڵی (١٩٩٢) جاڕی کۆتایی مێژووی دا. هەرچەندە فۆکۆیاما بانگەشەی ئەوەی نەکرد کە مرۆڤایەتی دەگاتە ساتەوەختی باڵایی و خۆشگوزەرانی، بەڵکو زیاتر بانگەشەی ئەوەی کرد؛ دونیا لە یەک مۆدێلی سیاسیدا دەگیرسێتەوە کە مۆدێلی لیبرال دیموکراسییە، جاڕی ئەوەشی دا جەنگ و ململانێ ئایدۆلۆژییەکان کۆتاییان دێت، بەڵام ئایا وا دەرچوو؟ بە بڕوای هەموو کەسێک "بە فۆکۆیاما خۆشییەوە" نەخێر.

کلیف کوپچان سەرۆکی گروپی ئۆراسیا و بەڕێوەبەری توێژینەوەیە، پلەداری ناو حکومەتی ئەمریکیی بووە، لە ساڵی (٢٠٢٢) دا دەنووسێت: دوو جەمسەری چیتر ناگەڕێتەوە- لێرەدا بۆئەوەی بۆ داهاتوویەکی نزیک بمێنێتەوە. هەواڵی ئەمڕۆ پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین زاڵە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دانان بە سیستەمی دوو جەمسەری ئەمڕۆ؛ چین بەردەوامە لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە بواری ئابووریدا.

کاریگەرییەکانی ئەم دوو جەمسەرییە بە شێوەیەکی بەرچاو قووڵتر بووەتەوە، چونکە دەستەبژێرەکان لە هەردوولا " واشنتۆن و پەکین" ئاگاداری پێکهاتەی نوێی جیهانی بوون و بەو پێیە مامەڵە دەکەن. پێکهاتە و بیروباوەڕەکان یەکتر گەورە دەکەن. لەبەرئەوەی جیهان تواناکانی دابەشبوونی بۆ دوو جەمسەری هەیە.

لە دۆخی جووت جەمسەریی نێوان ئەمریکاو چین دا، کێبڕکێ لە گۆڕەپانی ئابووریدا زۆر گەورەتر دەبێت کە لە کایەی سەربازی مەترسیدارترە.

بـەڵام دوو جەمسـەری دەبێتـە هـۆی هاندانـی پێداچوونـەوەی چینـی لـە هەندێـک گۆڕەپانـی ئابـووری سـەرەکیدا کـە کاریگەریـی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر هـەردوو جیۆپۆلیتیـک و کۆمپانیـاکان دەبێـت. کۆپچـان لـە توێژینەوەکەیـدا، ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە کـە بۆچـی دوو جەمسـەری و چەکـی ئەتۆمـی و بیروبـاوەڕی نوخبـە بزوێنـەری سـەرەکی سیاسـەتەکانی دەوڵەتەکانـن. چوونکـە لـە ڕاسـتیدا چەکـی ئەتۆمـی و کاریگەریـی بۆچوونەکانـی نوخبەیەکـی دیـار بزوێنـەری گەمـە جیۆپۆڵەتییکییەکانـن(Kupchan. 2022).

لێـرەدا، وانـە هەیـە بـۆ فێربـوون؛ دوو جەمسـەریی شـەڕی سـارد نییـە، پێویسـتە داڕێژەرانـی سیاسـەت و شرۆڤـەکاران ڕێبازێکـی نـوێ بگرنەبـەر بـۆ شـیکردنەوەی هـەردوو پەیوەندییەکانـی ئەمریـکا و چیـن و خـودی چیـن. لەبـری گفتوگـۆی بـێ هەناسـەدان لەبـارەی شـەڕی ساردی نـوێ و شـەڕێکی گەرمـی داهاتـوو لەسـەر تایـوان، پێویسـتە بیرمەنـدان سـەرەتا هەنـگاو بنێـن بـۆ دواوە و هەڵسـەنگاندن بـۆ سروشـتی بنەڕەتـی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـە هاوچەرخـەکان بکـەن کـە دوو جەمسـەرییە. هەنـگاوی داهاتـوو دابەشـکردنی نەزمـی نێودەوڵەتـی ئاڵـۆزە بەسـەر بەشـە پێکهێنەرەکانیـدا و هەڵسـەنگاندنی کاریگەرییەکانـی دوو جەمسـەرییە لەسـەریان. بـۆ ئەمـە، پرسـیارێکی سـەرەکی هەیـە کـە پێویسـتە بیرکـەرەوەکان و داڕێژەرانـی سیاسـەتی ڕۆژئـاوا تاوتوێـی بکـەن: ئایـا چیـن هێزێکـی پێداچوونەوەخـوازە؟

### ٣.١.١. فرەجەمسەریی

لەناکاو وەک مۆدێلێک زاراوەیەکی ئەکادیمی ناڕوون لە کاروباری نێودەوڵەتیدا گەڕاوەتەوە: "فرە جەمسەری،" بیرۆکەیەکە کە زۆر زلهێزی گرنگی جیهانی هەن، نەک تەنیا یەک یان چەند زلهێزێک. ئەمە لەلایەن سەرکردەکان و بەڕێوەبەری جێبەجێکار و شارەزایانەوە وەک داهاتوو بانگەشەی بۆ دەکرێت. لە ساتێکی وەهادا هێزە مامناوەندییەکان گرینگی زیاتر پەیدادەکەن و بە پێی پێگەی جیۆپۆلەتیکیی و ئابوریی و کەلتوریی خۆیان پرسیاری زۆرتریان لەسەر دەوروژێندرێت، وەکو: کۆریای باشوور، هیندستان، مالیزیا، ڕووسیا، سەنگافورا، بەرازیل، تورکیا، ئێران، سعودییە، ئیماراتی عەرەبی ، قەتەر و میسر. ئەمانە ئەو وڵاتانەن کە بە ڕێژەی جیا-جیا بەلایانەوە گرینگ نییە ئەمریکا چۆن بیردەکاتەوە و چی دەڵێت، لە خاڵێکدا هاوپەیمانی ئەمریکان، بەڵام لە بابەتێکی دیکە لەگەڵ چین بۆندی ستراتیجیی گەورە واژۆ دەکەن، لە بابەتێکدا پاڵپشتی ئەوڕووپا دەکەن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بەتووندی دەستی فلادیمێر پۆتین یان شی جی پینگ دەگووشن!

ئایا بەڕاستی جیهان زیاتر فرە جەمسەری دەبێت؟ ئەگەر وایە، چۆن داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا دەتوانن بە باشترین شێوە تایبەتمەندییەکانی ژینگەی نێودەوڵەتی بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەکاربهێنن. هەندێک لایوایە ئێمە ئێستا لە جیهانێکی فرەجەمسەردا دەژین، هاوکات جەخت دەکەنەوە کە فرە جەمسەری ئەمریکا بێدەسەڵات ناکات، بەڵکو لە ڕاستیدا دەتوانێت ببێتە نیعمەتێک بۆ داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا. بە گرنگیدان بە بەکارهێنانی فرە جەمسەری بە قازانجی خۆی، ئیدارەی ئەمریکا دەتوانێت ئاسایشی ئەمریکا بەرەوپێش ببات و ڕۆڵی جیهانی ئەمریکا بپارێزێت. بۆیە دەڵێن نابێت لە فرە جەمسەری بترسین؛ بەڵکو پێویستە لە باوەش بگیرێت (Brooks & Wohlforth، 2023).

سیستەمی جیهانی فرە جەمسەر یان هاوسەنگی هێز، بریتییە لە چەند یەکەیەکی سیاسی کە یەکێکیان ئەوەندە بەهێز نییە کە بتوانێت شکست بە ئەوی تردا بهێنێت، و پابەندن بە فەلسەفە و پراکتیزە ناوخۆییە دژبەیەکەکانەوە، بەدوای ڕێسایەکی بێلایەندا دەگەڕێن بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکانیان و

کەمکردنـەوەی ململانـێ. بەواتایەکـی تـر، لێـرەدا سیسـتەمی جیهانـی کوالیێتـی یـەک, یـان دوو زلهێـزی نییـە کـە بـە تـاک خاوەنـی توخمەکانـی دەسـەڵاتن و بەمجـۆرە جیهـان سـەرکردایەتی بکـەن، بەڵکـو سیسـتەمی هاوسـەنگی هێـز لـە نێـوان چەندیـن ناوەنـدی هێـزدا کاردەکات و بـۆ ڕێگریکـردن لـە سـەرهەڵدانی شـەڕی چەکـداری یارمەتیـدەرە، لـە هەمـان کاتـدا ئـەم سیسـتەمە کاردەکات بـۆ وەسـتاندنی هەوڵـی هـەر وڵاتێـک بـۆ زیادکردنـی توانـا سـەربازی و چەکییەکانـی، بەشـێوەیەک کـە ڕێگـرە لـەوەی ئـەم هاوسـەنگییە تێکبـدات و هەڕەشـە لـە سـەقامگیرییەکەی بـکات، ئـەوەش بـە دامەزراندنـی هاوپەیمانـی لەگـەڵ وڵاتانـی لاوازتـر کـە پێدەچـێ هەڕەشـە لـە هاوسـەنگییە جیهانییەکـە بکـەن، یـان بـە واژۆکردنـی پەیماننامـەی نێودەوڵەتـی کـە هەمـوو لایەنـەکان پابەنـد دەکات بۆئـەوەی هەڕەشـە لـە هاوسـەنگی نێودەوڵەتـی نەکـەن و نەزمەکـەی تێکبـدەن.

بـۆ نموونـە، وەکـو زوهەیـر حەمـودی ئەلجبـوری لـە سـەنتەری نەهرەیـن بـۆ توێژینـەوەی ستراتیجـی شـیدەکاتەوە، ئەوڕووپـا لـە ژێـر سیسـتەمی هاوسـەنگی هێـزدا سـەقامگیری بەدەسـتهێنا لـە دوای پەیمانـی وێسـتفالیا (١٦٤٨) تـا سـاڵی (١٨٨٩)، ئـەوە تاکـە جـار بـوو لـە مێـژووی جیهانـدا کـە مرۆڤایەتـی لـە قۆناغێکـی ئاشـتیدا بەهرەمەنـد بـوون، ئـەو کاتـە بـوو کـە هاوسـەنگی هێـز هەبـوو. بـەڵام کاتێـک وڵاتێـک یـان زیاتـر لەنـاو سیسـتەمە فرە-جەمسـەرییەکەدا هێزێکـی بێسـنووریان پەیداکـرد، مەترسـی شـەڕ سـەریهەڵدا، لەگـەڵ سـەرهەڵدانی دوو جەنگـە جیهانییەکـەدا، هاوسـەنگی هێـز تێکچـوو، سیسـتەمە جیهانییەکـە هەڵوەشـایەوە (Al-Jubouri، 2022).

هیـچ تاکـە ئەقڵێـک نییـە هەمـوو ژیرییەکـی لەدەسـتدا بێـت. بێکڤۆڵـد، ج.ئـای(٢٠٢٣) لـە گۆڤـاری فـۆڕن پۆلەسـی، داکۆکییەکـی زیاتـر لـە مانـەوەی تاکجەمسـەریی ئەمریـکا دەکات، ڕەتـی دەکاتـەوە جیهـان فـرە جەمسـەر بێـت، دەڵێـت: بانگەشـەی ئـەوەی جیهانـی ئەمـڕۆ فـرە جەمسـەرییە، یـان تەنانـەت نزیکیـش لـەوە، تەنیـا ئەفسـانەیە، ئامـاژە بـە کۆمەڵێـک هـۆکار دەکات، دیارترینیـان: بۆئـەوەی جیهـان فـرە جەمسـەری بێـت، دەبێـت سـێ دەسـەڵات یـان زیاتـر هەبـن و ئەمـڕۆ تەنیـا دوو وڵات هـەن کـە چێـژ لـە (توانـای ئابـووری، هێـزی سـەربازی و کاریگـەری

جیهانــی) وەردەگــرن، توانــای پێکهێنانــی جەمســەریان هەیــە (ئەمریــکا و چیــن). زلهێــزە گەورەکانــی تــر بــە ســادەیی بوونیــان نییــە، بــەم زووانــە بوونیــان نابێــت، ئــەوەی هەیــە تەنیــا بوونــی زلهێــزە ناوەندییەکانــن کــە ســەریانهەڵداوە، لێــرەدا دەوڵەتــە نــا- تەبــاکان کــە ژمــارەی دانیشــتووانێکی زۆریــان هەیــە و گەشەســەندنە ئابوررییــەکان، جیهــان ناکاتــە فــرە جەمســەری.

ئەگــەر تەماشــای پێگــەی ڕووســیا، هیندســتان، ژاپــۆن، هەروەهــا یەکێتــی ئەوروپــا بکەیــن، ڕوون دەبێتــەوە کــە هەندێکیــان هێشــتا هەندێــک لــە توخمەکانــی زلهێزێکــی گەورەیــان نییــە، هەربۆیــە توانــای ئەوەیــان نییــە ڕکابــەری لەگــەڵ (ئەمریــکا و چیــن) بکــەن، ئەگەرچــی بــە دوور نازانرێــت ئەمــە ڕووبــدات، بــەڵام لــە درێژخایەنــدا. لــە هەمــوو ئەمانەشــەوە بــە پشتڕاســتکردنەوەی ئــەوەی (ئەمریــکا و چیــن) تاکــە دوو جەمســەری سیســتەمی نێودەوڵەتــی ئێســتان، کۆتایــی پێدەهێنێــت. ئــەوان نیــوەی کــۆی خەرجییەکانــی بەرگــری جیهــان پێکدەهێنــن و بەرهەمــی ناوخۆیــی دوو وڵات بــە نزیکەیــی یەکســانە بــە ئابــووری ٣٣ گەورەتریــن وڵاتــی تــر بەیەکــەوە (Bekkevold، J. I.2023).

بــە پێچەوانــەی ئەوانــەی بانگەشــەی جیهانێکــی ســەقامگیر دەکــەن لەســەردەمی تــاک جەمســەرییدا، ڕوانگەیەکــی دیکــە کــە ڕاســتەوخۆ پێچەوانەیــە، بــاس لــەوە دەکات کــە نەزمــی جیهانــی لــیبراڵ ناســەقامگیرە و لــە لێــواری قەیراندایــە، لایەنگرانــی فرەجەمســەریی ئامــاژە بــەوە دەکــەن کــە لــە ڕاســتیدا ئــەوە نــەزم یــان سیســتەمێکی جیهانــی نییــە، بەڵکــو ئــەوە تــاک جەمســەرییەکە کــە تەنیــا لەســەر بنەمــای هەژموونــی ئەمریــکا و هاوپەیمانەکانــی دامــەزراوە. بەپێــی ئــەم ڕوانگەیــە، پێناچێــت مۆدێلــی یــەک جەمســەری هیــچ چانســێکی مێژوویــی هەبێــت، بۆیــە سیســتەمی تــاک جەمســەریی بەهــۆی ناوەندەکانــی دەســەڵاتی تازەپێگەیشــتووی وەک بریکــس- BRICS، ڕێکخــراوی هــاوکاری شــەنگەهای (SCO)، زیادبوونــی ڕۆڵــی ئەکتــەرە- نا-دەوڵەتییــەکان و هەڵکشــانی ڕۆڵــی هێــزە مامناوەندییــەکان و ئەوانــی دیکــەوە تێکدەچێــت. هەروەهــا لایەنگرانــی فرەجەمســەریی گومانیــان لــە کارایــی ڕێســاکانی یارییەکــە هەیــە کــە مۆدێلــی لیبــڕاڵ ئامــاژەی پێــدەکات. وەک جێگرەوەیــەک، ئــەوان جیهانێکــی فــرە جەمســەری (فــرە-

سـەنتەری) دەبینـن کـە کۆمەڵگەیەکـی جیهانیـی هاوبەشـی یەکسـان فەراهـەم بـکات، لەگـەڵ نەتـەوە یەکگرتـووەکان و دامـەزراوە نێودەوڵەتییەکانـی دیکـە کـە سروشـتە دیموکراسـییەکەی مسـۆگەر دەکـەن (Timofeev، I .2019).

لەسـەرەتادا، وا دەردەکـەوت، مشـتومڕ لەسـەر شرۆڤەکردنـی جەمسـەرە بچووکـەکان و هێـزە مامناوەنـدەکان بابەتێکـی بـێ مانـا بێـت، بـەڵام دواتـر گـرەوەکان زۆربـوون، جەمسـەرو هێـزە مامناوەنـدەکان جڵـەوی یەکلاکردنـەوەی گەمەکەیـان کەوتۆتـە دەسـت. ستراتیـژی سـەرۆکی ئەمریـکا جـۆ بایـدن بـۆ کۆنترۆڵکردنـی چیـن، ڕەنگـە لـە جیهانێکـی دوو جەمسـەریدا کـە واشـنتۆن و هاوپەیمانەکانـی پشـکی شـێر لـە هێـزی ئابـووری و سـەربازیدا کۆنتـڕۆڵ بکـەن، بـە باشـی بتوانرێـت. بـەڵام دوای بایـدن کاتێـک دووبـارە دۆناڵـد ترامـپ دەگەڕێتـەوە کۆشـکی سـپی، ئـیتر لـە جیهانێکـی فـرە جەمسـەرییدا، ئەمریـکا مەترسـی ئـەوەی لەسـەرە کـە زیاتـر لـە زلهێـزە ناوەڕاسـتەکان دابڕێـت کـە پێویسـتی پێیەتـی. ستراتیژێـک، تەنیـا پشـت بـە کێبڕکێـی ئەمریـکا و چیـن ببەسـتێت- بـە قووڵـی لەگـەڵ واقیعـە سـەرهەڵداوەکانی سیاسـەتی جیهانیـدا ناگونجێـت.

ئاماژەکانـی ئـەوەی لـە بەرەبەیانێکـدا بوتـرێ "بەخێـر بێـن بـۆ جیهانێکـی فـرە-جەمسـەر" زۆرن: جێـی خۆیەتـی بەراوردکارییەکـی ڕوون بهێنینـە پێـش چـاو؛ پشـکی ئابـووری جیهانـی کۆنترۆلکـراو لەلایـەن دوو دوو بلۆکـی واشـنتۆن و مۆسـکۆ کـە هاوپەیمانێتـی جیاوازیـان پێکهێنابـوو، لـە سـاڵی ١٩٥٠دا لەسـەدا ٨٨ی بەرهەمـی ناوخۆیـی جیهانـی بـوو؛ بـەڵام لـە سـاڵی (٢٠٢٣) دا ئـەم دوو وڵاتـە تەنیـا لەسـەدا ٥٧ی بەرهەمـی ناوخۆیـی جیهانـی پێکدەهێنـن (Ashford. 2023). مانـای وایـە ئـەو دەسـتەڵاتە لـە شـوێنانی دیکـەدا بڵاوبووەتـەوە (ئەمەیـە کـە جۆزیـف نـای پێـی دەڵێـت؛ پژانـی هێـز)، ئـەو هێـزە لـە زلهێـزەکان دوورکەوتووەتـەوە بـەرەو چەندیـن هێـزی ناوەڕاسـتینەی بەتوانـا و دینامیکـی کـە لـە دەیەکانـی داهاتـوودا بـۆ داڕشـتنی ژینگـەی نێودەوڵەتـی یارمەتیـدەر دەبـن.

لـە سـەردەمی ئیـدارەی بایـدن-ەوە، ئەمریـکا بەنیـازە یارییەکانـی جەنگـی سـارد دووبـارە بەڕێوەبباتـەوە؛ هەوڵـدەدات سـەرهەڵدانی چیـن کۆنتـڕۆڵ بـکات و هیـوادارە

هێـزی هاوپەیمانـان و هاوبەشـەکانی بتوانـن قەرەبـووی کەمبوونـەوەی دەسـەڵاتی ئەمریـکا بکەنـەوە. ئـەم ڕێگەیـە بـۆ سـەردەمی دوو جەمسـەریی توانیویەتـی کاری خـۆی بـکات، لـەوەی ئەمریـکا و هاوپەیمانەکانـی توانییـان هەژموونـی سـۆڤیەت کـۆنترۆڵ بکـەن، بـەڵام لـە جیهانێکـی فـرە جەمسـەریدا گرتنەبـەری هەمـان ستراتیـج پـڕە لـە مەترسـی، چوونکـە ئیـدارەی بایـدن هاوبەشـی لاوازی درووسـتکردووە کـە لەسـەر نزمتریـن بەرژەوەنـدی هاوبـەش هاوپەیمانێتییەکـە بوونیادنـراوە، بەتایبـەت لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هاوپەیمانەکانـی ئەمریـکا بـە هەمـان بـڕو ئاڕاسـتە پەیوەندیـی ئابوریـی و دیبلۆماسـیی و کەلتوریـی و هاوبەشـیکردنی بەهێزیـان لەگـەڵ پەکیـن و مۆسـکۆ هەیـە (وەک لـە چاپتەرەکانـی دواتـری ئـەم کتێبـەدا ڕوون کراوەتـەوە)، بەمـەش هەوڵەکانـی ئەمریـکا لـە ڕێکخسـتنی کۆمەڵێـک یـان زۆرتریـن وڵات لـە دژایەتیکردنـی چیـن سـەرکەوتوو نابێـت. بەهەمـان شـێوە، دواتـر کـە "ترەمـپ" گەڕاوەتـەوە سـەرۆکایەتی کۆشـکی سـپی بەهـۆی ئاکامەکانـی جەنگـی غـەزەوە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، بەڕێـژەی جیاجیـا متمانـەی هەمووانـی لەدەسـتداوە جگـە لـە ئیسرائیـل.

شـەڕی ئۆکرانیـاش بـە کـردەوە تیشـک دەخاتـە سـەر ئـەم داینامیکییـە: ئـەو دەوڵەتانـەی ئامـادەن- تەنانـەت بـە تامەزرۆییـەوە- لەگـەڵ ئەمریـکا کاربکـەن دژی چیـن، زۆرجـار کـەمتر ئامادەبـوون بـە پشـتگیریکردن لـە هەڵوێسـتی ئەمریـکا لەبـارەی ئۆکرانیـا پابەندبـن. بـۆ نموونـە هیندسـتان بەشـێکی گەشەسـەندووە لـە ستراتیـژی ئەمریـکا لـە زەریـای هینديـدا، بـەڵام هیندسـتان بەردەوامـە لـە هاوردەکردنـی وزە و چـەک لـە ڕووسـیا، بازرگانـی لەگـەڵ ئێـران دەکات، هەروەهـا پاڵپشـتی سـوپای میانمـار دەکات، هەمـوو ئەمانـە دژی سیاسـەتەکانی ئەمریـکان (Krishnan، M. 2024). هـاوکات لـە ئەوڕووپـا، بەچـاوی خۆمـان دەبینیـن کـە ئەڵمانیـا وەک هاوبەشـێکی بازرگانـی نزیکـی پەکیـن دەمێنێتـەوە و هـاوکات لـە نزیکـەوە لەگـەڵ ئەمریـکا سـەبارەت بـە ئۆکرانیـا هـاوکاری دەکات. بەهەمـان شـێوە تورکیـا لەگـەڵ ڕووسـیا گفتوگـۆی گەرمـە، لەسـووریا و لـە کێشـەی غـەزەدا، لـە دەسـتوەردان لـە دوورگـەی قوبـرس و ئاوەکانـی یۆنـان بەکـردار دژی بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا دەجووڵێتـەوە.

لەبەرئــەوەی ئەمریــکا کاریگەرییەکــی گــەورەی لــە ئابــووری جیهانیــدا هەیــە، دەتوانێــت بــۆ ســزادانی وڵاتانــی دیکــە کارتــی ئابــووری بەکاربهێنێــت بــێ ئــەوەی زۆر نیگــەران بێــت کــە لەوانەیــە لــە وەڵامــدا چــی بکــەن. ئەگــەر چیــن هەوڵــی داگیرکردنــی تایــوان بــدات و ئەمریــکا لــەو دوورەوە گەمــارۆ بەســەر چیــن دا بســەپێنێت، بــە دڵنیاییــەوە پەکیــن هەوڵــی تۆڵەســەندنەوەی ئابــووری دەدات. وەک زۆرێــک ترســیان هەبــووە چیــن دەتوانێــت لــە هەوڵێکــدا بەشــێک یــان هەمــوو پشــکە گەورەکانــی لــە زەمانەتنامــەی گەنجینــەی ئەمریــکا بفرۆشــێت بــۆ بەرزکردنــەوەی تێچــووی قەرزکــردن لــە ئەمریــکا. بــەڵام بانکــی فیدراڵــی ئەمریــکا دەتوانێــت تەنیــا هەمــوو ئــەو زەمانەتنامانــە بکڕێــت. وەک ئابورینــاس بــراد سێتســەر - Brad Setser لایوایــە، "لــە کۆتاییــدا ئەمریــکا کارتــە بەرزەکانــی لێــرەدا بەدەســتەوەیە: بانکــی ناوەنــدی ئەمریــکا تاکــە ئەکتــەرە لــە جیهانــدا کــە دەتوانێــت زیاتــر لــەوەی چیــن بتوانێــت بفرۆشــێت و بکڕێــت" (Brooks& Wohlforth، 2023).

ئێمــە شــاهیدی لەناوچوونــی سیســتەمی دوو جەمســەریی بوویــن کــە بەدوایــدا سیســتەمی بەنــاو یــەک جەمســەری هــات و ئێســتا خەریکــە سیســتمە جیهانییەکــە دەبێــت بــە فــرە جەمســەری. لــە ڕاســتیدا لانیکــەم ســێ جەمســەری هاوســەنگ (یــان ناوەنــد)ی لــە سیســتەمی مۆدێرنــی پەیوەندییــە نێودەوڵەتییەکانــدا هەیــە: ئەمریــکا، یەکێتــی ئەوڕووپــا و لێــواری زەریــای هێمــن کــە چیــن زاڵــە. هەندێــک کۆمەڵــە و دەوڵەتــی یەکگرتنــی دیکــە (بەرازیــل، ڕووســیا، هیندســتان، باشــووری ئەفریــکا) کــە ســەر بــە بریکســن، بانگەشــەی ڕۆڵــی مامناوەندیــی لــە سیاســەتی جیهانــی دا دەکــەن کــە ڕۆڵــی ئــەوان دەتوانێــت یەکلاکــەرەوە بێــت. ئەمــڕۆ ڕوســیا و چیــن هەماهەنگــی و بۆچوونــی تاڕادەیــەک یەکســانیان هەیــە بــۆ سیاســەتی جیهانــی، بۆیــە پشتبەســتوو بــە هێــز و توانــای خۆیــان کــە پێگــەی سیاســی خۆیــان هەیــە و هەڵوێســتی خۆیــان دەگرنەبــەر، لەگــەڵ پلانــی پاکــس ناتــۆدا ناگونجێــن کــە ئەمریکییــەکان تیایــدا پێشــنیاری مانــەوەی تــاک جەمســەریی دەکــەن.

بــە بــڕوای سارســینۆڤ، م ب، و ڕایــڤ، د.س (٢٠١٨) کەموکوڕییــە بنەڕەتییەکانــی ئــەم مۆدێلــە تــاک جەمســەرییە (هەڕەمییــە)ی سیســتەمی جیهانــی مۆدێــرن ڕوونــن؛

شتەکە ئەوەیە کە زۆرێک لە دەوڵەتانی دیکەی جیهان لەگەڵ ڕۆڵی دەوڵەتە لاوازەکاندا هاوڕا نابن. لەمەش زیاتر، ئەو وڵاتانەی لاوازن بە دڵنیاییەوە لەلایەن ستراتیژیستەکانی تاک جەمسەرییەوە بە کەم سەیر دەکرێن، ئەوەش بەپێی لیستی گرنگترین پارامێتەرەکانی هێزی نیشتمانی (لەوانەش توانای ئەتۆمی، خاک، هێزی ئابوریی، دامەزراوەی بەهێز و دانیشتووان و هتد).

بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی تایبەت و سیاسەتی دەرەوە و سەرچاوەکانی تر کە ئەمریکا خاوەنیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دەوڵەتێکی جیهانی، بە تاکە زلهێزیشەوە - ئەمریکا، لەم سەردەمەدا سەرچاوەی ئەوەندەی نییە کە وەک "پۆلیسی جیهانی" لە جیهانی یەک جەمسەریدا کاربکات. جگە لەوەی، مۆدێلی تاک جەمسەری ڕاستەوخۆ دژایەتی زۆرێک لە مەیلە سەرەکی و درێژخایەنەکانی گەشەسەندنی جیهانی مۆدێرن دەکات کە پشت بە دۆخی سیاسی کورتخایەن نابەستن. لە جیهانی مۆدێرندا ئەمانە هەمووی بە گۆڕانکاری توند پەیوەستن، بە تایبەت ئەوانەی لەسەرەتای سەدەی بیستویەکەوە ڕوویانداوە، لەوانەش گەشەسەندنی دیموکراسییەت و جیهانگیری کە لەسەرەتاوە بڕیار وابوو بڵاوە پێکردنی کەلتورێکی جیهانی لە لایەن تاک جەمسەرەوە، جیهانێکی کەمتر توندوتیژ بێت و ئیش لەسەر بە مرۆڤایەتیکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بکات (Sarsenov& Raev. 2018).

بەسادەیی، سیستەمی جیهانی پێگەیەکی دیاریکراوی لە دونیای سیاسەتدا هەیە، بەو پێیەی یەکێک لەبابەتە بێ مشتومڕەکان ئەوەیە کە سیستەمی جیهانی هەڵگری سیمای گۆڕانکاری بەردەوام دەبێت. هەر لە بنچینەدا سەرهەڵدانی سیستەمی جیهانی بەرهەمی زلهێزەکانە، بۆیە بە دڵنیاییەوە گۆڕانکاری لە فۆرم یان تایبەتمەندییەکانیدا لەلایەن هەمان ئەو زلهێزانە یان لەلایەن ئەو لایەنانەی خاوەنی توخمەکانی دەسەڵات و کێبڕکێن بەرجەستە دەبێت، هەر کام لە یەکە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیستەم و دامەزراوەکانیان بۆ بەردەوامکردنی باڵادەستی و هەژموونیان هەوڵ دەدەن گۆڕانکاریی درووست بکەن.

**ئاماژەکانی ڕۆیشتنی جیهان بەرەو نەزمێکی نوێ زۆرن، ئێمە لێرەدا پێنج دانەیان دەخەینە ڕوو:**

**ئاماژەی یەکەم:** دیمەنی ئێستای دۆخی جیهانی و سەرهەڵدانێکی نوێی وڵاتانی زلهێزە لەسەر شانۆی جیهانی، بە سەرۆکایەتی چین و ڕووسیا، ئەمە لەکاتێکدا پێشهاتە جیهانییە نوێیەکان هەن وەکو: قەیرانە داراییە جیهانییەکان، گۆڕانکاری جیۆپۆلەتیکی لە ناوچەکە، سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا و گەمارۆدانی ئەمریکا بۆ چین دوای باڵادەستی جیهانی و دابەزینی ڕۆڵی ئەمریکا، لوغزەکانی کیشوەری ئەفریقا بەرانبەر کۆلۆنیاڵیزمی ڕۆژئاوا، سەرەڕۆیی هەزارەها کۆمپانیا و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، لێکەوتەکانی زیرەکی دەستکرد لە سەر مرۆڤ، بڵاوبوونەوەی نایەکسانی، بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، شەڕ و ململانێکان لە کیشوەری ئەفریقا، تیرۆر، کۆچبەری، گۆڕانی کەشوهەوا و ململانێی ڕووسیا و ڕۆژئاوا، لەسەروو هەمووشیانەوە ئاژاوە بەردەوامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ هاتنی حەتمی نەزمێکی نوێی جیهانی، ئەم پێشهاتانە ئاماژەن بۆ سەرەتای ڕاستەقینەی پێکهێنانی نەزمێکی نوێی جیهانی، ئەو نەزمەی ئێستا کە واشنتۆن کاری لەسەر دەکات و شەڕی لەگەڵ دەکات بۆ مانەوە و بەردەوامییەکەی لە پلەی یەکەمدا، بوونی نەماوە. نەخشەی سیاسی جیهان شایەتحاڵی گۆڕانکاریی بووە لەگەڵ سەرهەڵدانی وڵاتانی نوێ کە بوونیان نەبووە.

**ئاماژەی دووەم:** گۆڕینی داینامیکی جوگرافیای سیاسی (جۆپۆلیتیک) لەسەر بنەمای سەرچاوە مرۆیی و سروشتییەکانی وڵاتان، لە ئەنجامدا فراوانبوونی جوگرافی لەسەر حیسابی وڵاتان و گەلان بۆ ڕەوتێک بەرەو نزیکبوونەوە لە پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان بەپێی بەرژەوەندی وڵاتان. لێرەدا دەستی هێزە ناوچەییە مامناوەندەکان کراوەتر و باڵاتر دەبێ و زلهێزەکان ڕۆڵیان لاوازتر دەردەکەوێ، وەکو ئەو ڕۆڵەی ئێران لەدوای ڕووخانی سەدام (٢٠٠٣) و لەدوای بەهاری عەرەبی (٢٠١١)ەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەیگێڕێ لەڕێگەی پاڵپشتی کردنی گرووپە ئایدۆلۆژییە-چەکدارەکانی عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەنەوە بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەرچاو ناوچەکەی کۆنترۆڵکردووە و هەڕەشە لە سیمبۆلیزمی ئەمریکاو بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوا دەکەن.

**ئامــاژەی ســێهەم:** جیهانەکەمــان لەســەردەمی جەنگــی ئۆکراینــادا، ســەرهەڵدانی هاوپەیمانــی و بلۆکــی جیاجیــا و گرووپکردنــی وڵاتانــی دیاریکــراو بەخۆیــەوە دەبینێــت کــە دواجــار تایبەتمەندییەکانــی نەزمــی نوێــی جیهانــی دیــاری دەکــەن. بــە پێچەوانــەوە هاوپەیمانییەکانــی ئێســتای وەک ناتــۆ بــۆ ئاراســتەکردنی پێکــدادان و شــەڕەکان ڕۆڵــی خــۆی کەمکردووەتــەوە. هەروەهــا نەتــەوە یەکگرتــووەکان کــە ڕۆڵــی خــۆی تەنیــا بــۆ ئیدانەکــردن کــورت کردۆتــەوە.

**چــوارەم:** هاتنەکایــەی لێکتێگەیــشتن لــە نێــوان ئەکتــەرە نوێیــەکان لەســەر نەخشــەی جیهانــی نــوێ، دوای ئــەوەی جیهــان شــایەتحاڵی یــەک جەمســەر بــوو کــە خەریکــە بــە تەنیــا دەمێنێتــەوە لــە ســەرکردایەتیکردنی جیهــان. ئەمــەش بەهــۆی ئــەو بڕیارانــەی ویلایەتــە یەکگرتــوەکان دەری کــردووە ، هەروەهــا ســەپاندنی ســزاکان و تۆخکردنــەوەی ســنوور ە کەلتوورییــەکان چ لــە کیشــوەری ئەمریــکا چ لــە نێــوان ئاســیاو ئەمریــکادا.

**پێنجــەم:** وەکــو "دکتــۆر کاترین"یــش پشتڕاســتی دەکاتــەوە، ئــەو سیســتەمە ئابوورییــە- جیهانییــەی لەســەر بنەمــای هەژموونــی گــەورەی یــەک دراو (دۆلار) بوونیــاد نرابــوو، هێــواش -هێــواش تێدەپەڕێــت، بــەرەو دراوی ناوخۆیــی و ســەبەتەیەکی نوێــی دراو هەنــگاوی نــاوە؛ بەجۆرێــک بەشــێک لــەو گــرووپ و بلۆکبەنــدی و هاوپەیمانێتییــە نوێیانــەی درووســت بــوون، لــە نێــوان خۆیانــدا بــە دۆلار مامەڵــە ناکــەن (Faraj Allah، C. 2023).

لــە ئەنجامــدا، ئەمریــکا چــیتر ناتوانێــت پێگــەی خــۆی وەک تاکــە دەســتەڵاتێکی جیهانــی بپارێزێــت و بەرژەوەندییــە ســەرەکییەکانی لــە هەمــوو ناوچەکانــدا کەوتۆتــە بــەر هەڕەشــە. بەتایبەتــی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، هەژموونــی ئەمریــکا ڕۆژ بــە ڕۆژ کــەم دەبێتــەوە. بــە پێچەوانــەی ویســتە دیپلۆماســییەکانی ئەمریــکاوە؛ چیــن و ڕووســیا ســوود لــە گروپــە بەهێزەکــەی خۆیــان بریکــس (BRICS) و هاوپەیمانێتییــە ناوچەییەکانــی وەک ئێــران و تورکیــا و گرووپــە چەکــدارە- ئایدۆلۆژییەکانــی لوبنــان و عێــراق و سووریاو یەمــەن بــۆ بەهێزکردنــی پلانــی ڕووســیا و تێکدانــی هەژموونــی ئەمریــکا و ناتــۆ لــە جیهانــدا وەردەگــرن. ئەگەرچــی کۆتاییهاتنــی ئــەم نەزمــە تــاک جەمســەرییە جیهانییــە یەکســان نییــە بــە کۆتاییهاتــن و ماڵئاوایــی یەکجارەکــی ویلایەتــە یەکگرتوەکانــی ئەمریــکا لــە هەمــوو

کایــە جیاوازەکانــدا، بەڵکــو تەنیــا داواو هەوڵــی ڕووســیا و چیــن تێکدانــی نەزمــی تــاک جەمســـەریی جیهانییــە و گۆڕینییەتــی بــە سیســـتەمێکی فرە-جەمســـەری کــە لەمــەولا بــە شــێوەیەکی ئاشــتییانە پشــکی خۆیــان لــە داڕشــتنەوە و ئاڕاســتەکردنی نەزمــی نوێــی جیهانیــدا مســۆگەر بکــەن.

### ٢.١. مانشێتەکان تەنیا ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە زلهێزە مامناوەندییەکان کاریگەرتر دەبن

تا ئێستا کەمترین لێکۆڵینەوەی قووڵ لەسەر زلهێزە-ناوەڕاستە تازە سەرهەڵداوەکان هەیە. زۆرجار وا باوە کە زلهێزەکان بەو وڵاتانە پێناسە دەکرێن کە کورسییەکی هەمیشەییان لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە وەکو: ئەمریکا، چین، فەرەنسا، ڕووسیا، بەریتانیا. ئەم وڵاتانە هەژموونی ئابووری و سیاسی و سەربازی بەسەر جیهاندا دەسەپێنن. زلهێزە- ناوەنجییەکانیش ئەو دەوڵەتە کاریگەرانەن کە لە خوار سۆپەرپاوەر و زلهێزە گەورەکان دادەنیشن. دەتوانن ئامرازێک بن لە پێکهێنانی فرەلایەنییەکی نوێ بۆ یارمەتیدان لە چارەسەرکردنی ئاستەنگە جیهانییەکان. زلهێزە ناوەڕاستەکان کە لە مێژە ڕۆڵێکی گرنگیان لە داهێنان و نێوەندگیری نێودەوڵەتیدا گێڕاوە، دەتوانن کلیلی بەدیهێنانی چارەسەرییە جیهانییەکان بن، هەروەک دەتوانن ڕۆڵی پێچەوانەش ببینن.

جۆردان (٢٠٠٣) پێیوایە؛ زلهێزەکانی ناوەڕاست ئەو دەوڵەتانەن کە لە ڕووی دەسەڵات و توانا و هەژموونی نێودەوڵەتییەوە نە گەورەن و نە بچووکن، خواستی خۆیان بۆ یەکگرتوویی و سەقامگیریی لەسیستەمی جیهانییدا نیشان دەدەن. سەرەڕای کێشەکانی پۆلێنکردن، کۆدەنگییەک پەرەی سەندووە کە دەوڵەتانی وەک ئوسترالیا، کەنەدا، نەرویج و سوید زلهێزی ناوەڕاستن. بەڵام ئەو کۆدەنگییە لەسەر ناسینەوەی دەسەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی هێنانە ناوەوەی ئەم دواییەی دەوڵەتانی وەک ئەرجەنتین، بەرازیل، نەیجیریا، مالیزیا، ئەفریقای باشوور و تورکیا لە پۆلی دەسەڵاتی ناوەڕاستدا، تێکدەچێت (Jordaan، 2003). ئەگەرچی ئەم گرووپکردنی دەوڵەتانە بەهەمان شێوەی بەرازیل و کەنەدا، یان باشووری ئەفریقا و سوید پێکەوە پرسی گرینگی ناسینی چەمکی دەسەڵاتی ناوەڕاست یان هێزە ناوەنجییەکان دەوروژێنن و گرفت دەخەنە سەر شیکاریکردنی چەمکی هێزە- ناوەنجییەکان.

لە لووتکەی داڤۆس ٢٠٢٤ پانێڵێک بەناونیشانی "هێزە ناوەڕاستەکان لە جیهانێکی فرە جەمسەریدا" هەبوو. لەنێو پانێڵەکەدا، دینۆ پاتی دجەلال (Dino Pati Djalal)، دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵگەی سیاسەتی دەرەوەی ئەندەنوسیا یەکێک بوو لە

قسەکەرەکان و وتی: "پێموایە لە سەدەی بیست و یەکدا نەزمی جیهانی نەک لە لایەن زلهێزەکان یان زلهێزە گەورەکانەوە، بەڵکو بە بڵاوبوونەوەی زلهێزە ناوەندەکان لە قاڵب دەدرێت، زلهێزی ناوەڕاست لە سەرانسەری هەموو ناوچەکانی جیهاندا زیاتر لە جاران هەن و هەریەکەیان قەبارە و تەماح و سەرچاوەی ئەوەیان هەیە کە ڕۆڵێکی گەورەتر بگێڕن، ئەمەش گەشەسەندنێکی جیۆ-پۆڵەتیکیی بەرچاوە. پێموایە تا زلهێزە مامناوەندەکان کەمتر پەیوەست بن بە زلهێزە گەورەکانەوە، لە ڕوانگەی منەوە پێکهاتەی کاروباری جیهانی باشتر دەبێت."(World Economic Forum، 2024).

هەلومەرجی مێژوویی، ناوچەیی، سەربازیی و جیۆ-ئابوریی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە ناسینی ڕەفتاری هێزە-ناوەندییەکاندا. ئەم کتێبە کلیک لەسەر هێزە مامناوەندەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراو دەکات؛ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لێکۆڵینەوە لەبارەی زلهێزە- ناوەندەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بابەتێکی تازەیە. دەرکەوتنی هێزە ناوچەییە-کاریگەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو؛ قەتەر، سعودییە، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، ئێران، تورکیا، ئیسرائیل لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەک یاریکەری ناوچەیی ئەنجام و لێکەوتەی ڕاستەوخۆی لەسەر وێناکردنەوەی ڕۆژهەڵات ێکی نوێ و دابەشبوونی پەیوەندییەکانی هێز دەبێ، هاوکات کار لەسەر داینامیکییەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانی پەیوەندییەکانی هێز لەناوچەکەدا دەکات.

تا ئێستا لە ئەدەبیاتی زلهێزە ناوەندەکاندا، گرنگییەکی زۆر بە زلهێزە ناوەندە "دامەزراوەکان"ی وەک "بریکس" دراوە، لە کاتێکدا زلهێزە ناوەڕاستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بە کەم لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوە. ئەمانە بەگشتی تەحەددای ئابووری، سەربازی، کولتووری، ئایینی و سیاسییان بۆ سەر نەزمی جیهانیی هەیە. لە دوای ئەو ڕووداوانەی لە بەهاری عەرەبی (٢٠١١)ەوە ڕوویانداوە، ئێران و تورکیا بارودۆخی ناوچەکەیان قۆستۆتەوە و یاخیبوون و سەرپێچیان لە خودی نەزمی ئێستای تاک جەمسەریی کردووە. ئەوەش بە سوودوەرگرتن لە ڕێکخستنەوەی نوێی دەسەڵاتی ناوچەیی. بە تایبەتی سەرنج دەخاتە سەر خەباتی ئێران و تورکیا لە بەدەستهێنانی دەستی باڵا بەسەر هەژموونی ناوچەکەدا.

بەڕاشـکاوی، لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت مۆدێلێکـی نـوێ سـەریهەڵداوە؛ وڵاتـی زۆر بچـووک لـە ڕووی ژمـارەی دانیشـتوان و ڕووبـەری جوگرافییـەوە، بـەڵام زۆر کاریگـەر لـە ئاسـتی ناوچەیـی و جیهانییـدا، وەکـو قەتـەر و ئیماراتـی یەکگرتـووی عەرەبـی، هەروەهـا هێـزی مامناوەنـدی وەهـا کـە بەشـداری کارا لـە وێناکردنـەوەی ئاسایشـی ناوچەیـی و بـازاڕی جیهانییـدا دەکات، وەکـو سـعودییە. بەپێـی داتابەیسـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان سـەبارەت بـە بازرگانـی نێودەوڵەتـی، هـاوردەی چیـن لـە سـعودیەوە لـە مـاوەی سـاڵی ٢٠٢٣ دا ٦٤.٣٦ ملیـار دۆلاری ئەمریکـی بـووە (Trading Economics، 2024). بەرهەمهێنانـی نەوتـی ڕۆژانـەی سـعودییە لـە (٢٠٢٤) دا ڕۆژانـە نزیکـەی (٩) نـۆ ملیـۆن بەرمیـل بـووە (یەکەمیـن بەرهەمهێنـەری نەوتـە لـە ئۆپیـک دا)، لەکاتێکـدا سـعودییە لـە گفتوگۆیەکـی چالاکدایـە لەگـەڵ پەکیـن بۆئـەوەی نرخـی بەشـێک لـە فرۆشـی نەوتەکـەی بـە چیـن بـە یـوان بفرۆشـێت. بریکـس نیـوز نووسـیویەتی: "ئێسـتا سـعودییە نـەوت بـە چەندیـن دراو دەفرۆشـێت، لەوانـە یـۆرۆ، یێـن و یـوان، لەبـری ئـەوەی تەنیـا بـە دۆلاری ئەمریکـی نـەوت بفرۆشـێت"(Krane، J. 2024).

ئەمـە هەنگاوێکـە باڵادەسـتی دۆلاری ئەمریکـی لـە بـازاڕی نەوتی جیهانیـدا تێکدەدات، گۆڕانکارییەکـە ئاڕاسـتەی بەرزتریـن ئاسـتی نەوتـی خاو لە جیهانـدا بەرەو ئاسـیا دەگۆڕێت. ئەگەرچـی لـە پێـش سـەرهەڵدانی کۆرۆنـا ڤایرەسـەوە، دانوسـتانەکانی سـعودییە لەگـەڵ چیـن لەبـارەی گرێبەسـتە نەوتییەکانـی نێوانیـان بـۆ مامەڵەکردنـی بـە دراوی یـوان دەسـتی پێکـردووە ، بـەڵام بڕیـاری سـعودییە بـۆ فرۆشـتنی نـەوت بـە دراوی ناوخۆیـی خـۆی یـان بـە یـوان بڕیارێکـی فەرمییـە و لـە خۆیـەوە نەهاتـوە. چونکـە سـعودییەکان ناڕازیبـوون بـە پابەندبوونـە ئەمنییەکانـی دەیـان سـاڵەی ئەمریـکا بـۆ بەرگریکـردن لە شانشـینی سـعودییە (لـە بەشـی سـێهەمدا ئەمـە وردتـر خراوەتـە ڕوو). هـەروەک چـۆن قەتەرییـەکان نیگـەران بـوون، لەگـەڵ ئـەوەی گەورەتریـن بنکـەی ئەمریکـی لـە وڵاتەکەیانـە و بـە تریلیـۆن بۆنـد لەگـەڵ ئیـدارەی ترەمـپ واژۆ دەکـەن، کەچـی ئیسرائیـل هێرشـی مووشـەکی کردۆتـە سـەریان بـە بیانـووی هەبوونـی سـەرکردەکانی حەمـاس لـە دۆحـە!

ململانێکانـی یەمـەن، تـاڵاوی سـووریا، باڵادەسـتی ئێـران لـە عێـراق، لوبنـان، یەمـەن و سـووریای سـەردەمی ئەسـەد. پەیوەندییەکانـی وزەو و هەڵکشـانی هەژموونـی چیـن

و ڕووسـيا لـە عێـراق. ڕێککەوتننامـەی پلانـی هەمەلایەنـەی هاوبـەش (JCPOA) بـۆ مامەڵەکردنـی خۆرئـاوا لەگـەڵ پرسـی چەکـە ناوەکییەکانـی ئێـران. کارنامـەی تورکیـا و ئێران بـۆ پرسـە ناوچەییـەکان و هاوپەیمانێتیـان لەگـەڵ ڕووسـیا. هەمـوو ئەمانـە وەرچەرخانـی جیۆپۆڵەتییکـی و دابەشـبوونی هێـز و سـەردەمێکی نـوێ لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا لەگـەڵ خـۆی دەهێنێـت.

ئایـا پێدەچێـت کۆمەڵێـک زلهێـزی ناوەڕاسـت ببنـە بلۆکێکـی جیهانـی یەکگرتـوو؟ ئەمـە ڕەنگـە تـا ئەندازەیـەک دوور بـێ، چوونکـە لەلایـەک، هەریەکێـک لـەو یاریکـەرە ناوچەییانـە کارنامـەی جیـاوازی خـۆی هەیـە، لـە لایەکـی دیکەش، هێشـتا ئیـدارەی ئەمریکا ئامادەییەکـی بەرچـاوی سـەربازیی، هەواڵگیریـی و دیبلۆماسـیی لەناوچەکـەدا هەیـە.

ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت سیسـتەمێکی ناوچەیـی زۆر داینامیکـی و بـێ ستراکتـۆری هەیـە کـە پەیوەندییەکانـی دەسـەڵات تێیـدا شـلۆقە و بەڕێکوپێکـی ڕێـک نەخـراوە؛ شـلۆقی دەسـەڵات و نەبوونـی دەسـەڵاتێکی هەژموونیـی- ناوچەیـی هـۆکاری بانگهێشـتکردنی دەسـتێوەردانی دەرەکیـە. جگـە لـەوەش، لـەڕووی پەیکەربەندییـەوە داینامیکـی ناوچەکـە نـەک هـەر پارچەبوونـی ژێـر سیسـتەمەکەی بـۆ ناوچـە لاوەکییـەکان خـراپتر کـردووە، بەڵکـو بەباشـی دەرفەتـی بـۆ دەوڵەتـە بچووکـە- عەرەبییـەکان ڕەخسـاندووە کـە لـە چوارچێـوە گەورەکـەی سیاسـەت و دەسـتەڵاتی ناوچەییـدا گەمـەی خۆیـان بکـەن. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەگـەر مـرۆڤ ڕوانگەیەکـی دوورودرێـژ وەربگرێـت، ئـەوە ڕوونـە کـە تەنیـا چەنـد دەوڵەتێکـی کـەم ڕاسـتەوخۆ کاریگەرییـان لەسـەر پەیوەندییەکانـی دەسـەڵاتی ناوچەکـە هەبـووە، ئەمـڕۆ تەنیـا چـوار لـەو وڵاتانـە؛ ئێـران، سـعودیە، تورکیـا و ئیسرائیـل وەک زیاتـر لـە دەسـتەڵاتێکی مامناوەنـد لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و باکـووری ئەفریـکادا مامەڵـە دەکـەن، هەریەکێکیـان بەجۆرێـک ئاسایشـی خـۆی لـەوەدا دەبینێـت کـە دەسـت لەکاروبـاری ئەوانـی تـر وەربـدات، هەریەکێـک لەوانـە بـە ئەجێندایەکـی جیـاوازەوە کێبڕکێـی بەدەسـتهێنانی "هێـز"ی زیاتـر دەکات لەسـەر تەختـەی شـەترەنجیی ناوچەییـدا.

دیمەنـی چڕبوونـەوەی بەرژەوەندییەکانـی چیـن و ئەمریـکا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەتایبەتـی لـە کەنـداو بـاشتر ئەمەمـان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە، لەگـەڵ دووبـارە هاتنـەوەی دۆناڵـد ترامـپ بـۆ کۆشـکی سـپی، سـعودییە بڕیاریـدا بـە بەهـای (١) یـەک تریلیـۆن دۆلار

لەماوەی چوار ساڵدا مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان بکات، بەدوایدا ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بڕیاریدا بە بەهای ( یەک تریلیۆن و ٤٠٠ ملیار دۆلار) مامەڵەی بازرگانی و وەبەرهێنان لەگەڵ ئەمریکادا بکات (Gulf Business. 2025). هەروەها یەکێک لە کۆمپاکانی ئیلۆن ماسک (Boring Company) لە شوباتی ٢٠٢٥ دا گرێبەستی لەگەڵ دەستەڵاتدارانی ئیمارات واژۆ دەکات بۆئەوەی تۆڕی ڕێگاوبانی ژێرزەمینی لە دووبەی هاوشێوەی لاس ڤێگاس دروست بکات. لەبەشەکانی دواتردا ڕوون دەبێتەوە کە بەهەمان شێوە ئەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرقاڵی بوونیادنانی ژێرخانی گەورە و بۆندی بازرگانی ئاست بەرزن لەگەڵ چین.

وەکو ئیهتیشام (٢٠١٤) ڕوونی دەکاتەوە، نەبوونی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی کاریگەر و پابەندکەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاستەوخۆ دەمانباتە سەر کرۆکی کێشەکان. هەرچەندە زۆرێک لە تۆڕە نافەرمیەکان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیبەری زیاتر دەکەنە سەر برینەکان، بەڵام ئەمانە هاندان نین بۆ ڕێکوپێککردنی ناوچەکە و زیاتر ڕێچکەی پەیوەندییەکان ئاڵۆزتر و سەرلێشێواوتر دەکەن، نەک ڕوونیان بکەنەوە. دەوڵەتەکان چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرێت ئەکتەری بەهێز بن لە پێکهاتەی ناوچەییدا، بەڵام هەڵە دەبێت ئەگەر وا دابنێین کە ئەوان کۆنترۆڵیان لەسەر تەواوی کردارەکان هەیە. ڕەنگە لەم ناوچەیە دەوڵەتان بیانەوێت تاکە سەرچاوەی دەسەڵات بن، بەڵام فرەیی ناسنامە و سروشتی سنوور بەزاندنەکانیان وا نیشانی جیهانی دەرەوە دەدات کە ئەوان کێبڕکێ لەسەر شەرعییەتی ئەو دەستەڵاتە دەکەن کە پێویستە هەیان بێت، ئەمەش ئەکتەرە دەوڵەتییەکان لەو ئامرازانە دادەشۆرێت کە پێویستە بۆ هەبوونی سەرکردایەتییەکی حاشا-هەڵنەگر هەیان بێت. ڕەفتاری ئەکتەرە دەوڵەتییەکان، دەستوەردانی زلهێزەکان، بوونی ئەکتەرە-نادەوڵەتییەکان، نەبوونی دامەزراوە و یەکێتییەکی بەهێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وایکردووە ئایندەی ئەم ناوچە- ستراتیژییە-هەستیارە بەرەو نادیارێک ببات (Ehteshami، 2014).

لە جیهانێکی ئاڵۆزی وەهادا، زۆرێک لە زلهێزە ناوەڕاستەکان هاوبەشییەکانیان هەمەچەشن دەکەن؛ نایانەوێت بە تەواوی لەگەڵ هیچ لایەنێکدا هاوتەریب بن، دەزانن کە توانای ئەوان بۆ ڕێکخستنەوەی نەزمی جیهانی دوو لەتکراوی

ئێستا سنووردارە. لە هەمان کاتدا کەلێنی نا-یەکسانی ئابووری لە نێوان گروپی حەوت (G-7) لە زیادبووندایە کە زلهێزە ناوەڕاستەکان بەرەو گروپکردنی بچووک و هاوکاری لە بوارەکانی ئاسایش، تەکنەلۆژیا، بازرگانی و ئابووریدا بۆی شۆڕبوونەتەوە. لۆژیکەکە سادەیە، بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیان؛ بەگشتی ئەم زلهێزە-ناوەنجیانە تایبەتمەندییەکیان وەرگرتوە کە خۆیان یەکلایی ناکەنەوە لە بەرەیەکی دیاریکراودا، "هەڵدەبژێرن کە هەڵنابژێرن".

هاوپەیمانێتیەکان ئەو وڵاتانە کۆدەکەنەوە کە ئەگەرنا ڕەنگە هاوکاری یەکتریان نەکردبایە؛ پێکهاتنی بریکس لە سەرەتادا بەرئەنجامی شیکاریی دامەزراوەی دارایی جیهانی گۆڵدمان ساکس (Goldman Sachs) بوو بۆ گەشەسەندنی خێرای وڵاتانی تازە پێگەیشتو لە ساڵی ٢٠٠١ دا. لەو کاتەوە زۆر شت گۆڕاوە. بەجۆرێک لە سەرەتای ٢٠٢٤ ەوە سعودیە، ئێران، ئەسیوپیا، میسر، ئەرجەنتین و ئیمارات پەیوەندییان بە "بریکس" ەوە کردووە (Burrows، M.، & Manning، R. A. 2024). سەرەڕای ئەوەی ئەو وڵاتانە زۆربەیان لەڕووی ئابوورییەوە زۆر بە خێرایی گەشە ناکەن، بەڵام بە ئەندامێتییەکی هەمەچەشنی ئاوا لە بریکس، سەختە بیر لەوە بکەینەوە کە گرووپکردنی بریکس بابەتێکی چەقبەستووە. بەهەند وەرنەگرتنی چین کە دووەم گەورەترین ئابووری جیهانە و گەورەترین قەرزدەری جیهانییە، هەروەها دوو گەورەترین هێزی ئەتۆمی کە چین و ڕووسیایە لە بریکس دا، کێشەدارە.

## ٣.١. تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆژی: زیرەکی دەستکرد و داینامیکییەتی دەستەڵاتی جیهانی

باڵادەستی کۆمپانیا تەکنەلۆژییە زەبەلاحەکان و حەتمییەتی ڕۆڵ بینینی تەکنەلۆژیا بەهەمـوو ئاسـتە پێشـکەوتوەکانییەوە بەڵگەیەکـی دیکەیـە بـۆ گۆڕانـی جیهانـی و وەرچەرخانـی هێـز لـە ئاسـتی ناوچەییـدا:

تیـۆری حەتمییەتـی تەکنەلۆژیـی، گرینگـە بـۆ تێگەیـشتن لـە ڕۆڵـی زیرەکـی دەسـتکرد و تەکنەلۆژیـا سـەرهەڵداوەکان لـە داڕشـتنەوەی سیاسـەتی جیهانـی داهاتـوودا، نیشـانمان دەدا کـە چـۆن پێشـکەوتنە تەکنەلۆژییـەکان دەتوانـن داینامیکـی هێـز و ڕەفتـاری دەوڵـەت و پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان بگـۆڕن. حەتمییـەت یـان دێترمینیزمـی تەکنەلـۆژی (TD)، بەسـادەیی ئـەو بیرۆکەیەیـە کـە پێـی وایـە تەکنەلۆژیـا کاریگـەری گرنگـی لەسـەر ژیانمـان هەیـە. ئـەم تێگەیشـتنە بـە شـێوەیەکی بەرچـاو لـە خەیاڵـی جەمـاوەری و ڕیتۆریکـی سیاسـیدا جێـی خۆیەتـی، بـۆ نموونـە؛ لـە ڕوانگـەی ئـەوەی ئینتەرنێـت شـۆڕش لـە ئابـووری و کۆمەڵـگادا دەکات، ئـەم ڕێبـازە تیۆرییـە کەشـێکی مشـتومڕاوی لـە زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان و کایەکانـی توێژینـەوەدا درووسـتکردووە :

زاراوەی "دیتەرمینیزمـی تەکنەلـۆژی" لەلایـەن تۆرشـتاین ڤێبلێنـەوە داڕێـژراوە و ئـەم تیۆرییـە لـە دەوری ئـەو گەڵاڵەیـەدا دەسـوڕێتەوە کـە تەکنەلۆژیـا لـە هـەر کۆمەڵگایەکـدا سروشـتی خـۆی پێناسـە دەکات؛ تەکنەلۆژیـا وەک هێـزی بزوێنـەری کولتـوور لـە کۆمەڵگایەکـدا سـەیر دەکرێـت و ڕەوتـی مێژووەکـەی دیـاری دەکات. ڤێبلێـن لـە هەڵسـەنگاندنەکانیدا بـۆ کاریگەرییەکانـی تەکنەلۆژیـا، تیشـک دەخاتـە سـەر حەتمییەتـی نەرمـی تەکنەلۆژیا (Soft TD)؛ وای دادەنـا کـە تەکنەلۆژیا یەکێکـە لـە هێـزە گرنگـەکان لەنێـو پرۆسـە کۆمەڵایەتـی و ئابوریـی و سـەربازییەکاندا، لـە کاتێکـدا حەتمییەتـی ڕەقـی تەکنەلۆژیـا (Hard TD) دەڵێـت؛ تەکنەلۆژیـا شـۆفێری سـەرەکی یـان تاکـە شـۆفێری بەرچـاوە لەچـاو بەشـەکانی دیکـەدا. ئەگەرچـی بۆچوونەکانـی دژە حەتمییەتـی تەکنەلۆژیـا جەخـت لـەوە دەکەنـەوە کـە تەکنەلۆژیـا "بێلایەنـە" و کاریگەرییەکانـی بەڕادەیەکـی زۆر وابەسـتەی چوارچێـوەی کۆمەڵایەتـی دەوروبـەرە.

کارل مارکـس، پێـی وابـوو پێشـکەوتنی تەکنەلـۆژی دەبێتـە هـۆی شـێوازی نـوێتری بەرهەمهێنـان لـە کۆمەڵـگادا، ئەمـەش دواجـار کاریگـەری لەسـەر لایەنـە کولتـووری و

سیاسـی و ئابوورییەکانـی هـەر کۆمەڵگەیـەک دادەنێـت، بەمـەش بـە ناچـاری خـودی کۆمەڵـگا خـۆی دەگۆڕێـت (Adler، P، S. 2006). ئـەم قسـەیەی مارکـس بـە نموونـەی ئـەوەی چـۆن کۆمەڵگایەکـی فیۆداڵـی کـە میلێکـی دەسـتی (دەسـتاڕێک یـان ئامێرێـک کـە خۆراکێکـی پـێ دەهاڕێـت) بەکارهێنابـوو، هێـواش هێـواش گـۆڕا بـۆ کۆمەڵگەیەکـی سـەرمایەداری پیشەسـازی لەگـەڵ هێنانەکایـەی کارگـەی هەڵـم.

لـە پـاڵ جەنگەکانـی ئۆکرایـن و غـەزەدا، لـە پەنـای بەرزبوونـەوەی هەژموونـی چیـن و ڕکابەرییـە هەمەلایەنەکانـی لەگـەڵ ئەمریـکادا، لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی سـەدان هـەزار کۆمپانیـای فرەڕەگـەز و ڕێکخـراوی نێودەوڵەتیـدا، دەبینیـن دێترمینیزمـی تەکنەلـۆژی و زیرەکـی دەسـتکرد ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێـت لـە دووبـارە داڕشـتنەوەی سیاسـەتی جیهانـی، ئـەوەش بـە کاریگەریـی دانـان لەسـەر پێکهاتـە ئابوورییـەکان، چوارچێـوەی حوکمڕانـی و پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان. جگەلـەوەش بیرۆکـەی دێترمینیزمـی تەکنەلـۆژی ئـەوە پیشـان دەدات کـە تەکنەلۆژیـا گۆڕانـکاری کۆمەڵایەتـی دەباتـە پێشـەوە، لەگـەڵ پێشـکەوتن لـە زیرەکـی دەسـتکرددا ئـەم گۆڕانکارییـە خێراتـر دەبێـت، بـە جۆرێـک حکومەتـەکان هیـچ ڕێگەیەکـی دیکەیـان نییـە جگەلـەوەی وا بکـەن هێـزی خۆیـان بەکاربهێنـن بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ گۆڕانکارییەکـەدا:

ئێسـتا لـە زۆربـەی کۆمەڵگـە دواکەوتـوو، یـان تـازە پەرەسـەندووەکاندا، ئـەوە ئەزمـوون دەکەیـن کـە "ئاخـۆ ئێمـە لـە ژێـر کۆنتڕۆڵـی مۆبایلەکانـی دەسـتمان و ئەپـە نوێیەکاندایـن، یـان ئـەوان لـە ژێـر دەسـت و کۆنترۆڵـی ئێمـەدان؟!" لـە سیاسـەتی جیهانیـدا کاریگەرییەکانـی زیرەکـی دەسـتکرد یەکلاکـەرەوە دەبێـت، بەتایبـەت لـە بـوارە جیاوازەکانـی وەک ئاسایشـی ئەلیکترۆنـی، پلاندانانـی ئابـووری، ڕێکخسـتنەوەی ناوەنـدە تەندرووسـتی و زانکۆییـەکان، ستراتیـژی سـەربازی و ئۆتۆماتیکیکردنـی پرۆسـەکانی بڕیاردانـدا. ئەمـەش یەکێکـە لـەو هۆکارانـەی وامـان لێـدەکات بـە درێژایـی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە جەخـت لـە حەتمییەتـی گۆڕانـی جیهانـی بکەینـەوە، بـەڵام چـۆن گۆڕانێـک؟!

زیرەکـی دەسـتکرد، لـە ڕێگـەی ئۆتۆماتیکیکردنـی پیشەسـازییەکان و دووبـارە داڕشـتنی بازاڕەکانـی کار و هاندانـی داهێنـان ئابوورییـەکان دەگۆڕێـت. ئـەو وڵاتانـەی لـە گەشـەپێدانی زیرەکـی دەسـتکرد پێشـەنگن، وەک ئەمریـکا و چیـن، خەریکـە بـەرەو

پێشچوونێکی جیۆپۆلەتیکی بەدەست دەهێنن، چوونکە کاتێک زیرەکی دەستکرد کاریگەریی لەسەر داینامیکییەتی هێزی جیهانی هەیە و دەبێتە سەرمایەکی ستراتیژیی بۆ گەلان، کاریگەریی لەسەر کێبڕکێی ئابوریی و توانای سەربازیی و ئاسایش ئەلیکترۆنی هەیە، ئەمە گۆڕانکاریی لە پێگەی کاراکتەرە نێودەوڵەتییەکان دا دەکات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی فۆرمێکی نوێی دێترمینیزمی تەکنەلۆژییە.

زیاتر لەوەش سەرهەڵدانی زیرەکی دەستکرد و کاریگەرییە تەکنەلۆژییەکان بووەتە هۆی دووڕیانێکی ئەخلاقی کە پاڵ بە گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی جیهانییەوە دەنێت، بەتایبەتی لە بوارەکانی پاراستنی نهێنی، ئاسایشی داتا و مافەکانی مرۆڤ. بۆیە دەزگا نێودەوڵەتییەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان خەریکی ململانێن لەگەڵ چۆنیەتی ڕێکخستنی زیرەکی دەستکرد بە شێوەیەک کە ڕێگری لە خراپ بەکارهێنان بکات لە هەمان کاتدا پەرە بە داهێنان بدات (Héder.2022).

هەر بەڕاستی داهێنانە تەکنەلۆژییەکان و زیرەکی دەستکرد شۆڕشێکی لە بواری جەنگ دا بەرپاکردووە ، ئیتر سیستەمی چەکی سەربەخۆ، تەکنەلۆژیای چاودێری و میکانیزمەکانی بەرگری ئەلیکترۆنی دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لە ستراتیژی هەواڵگریی و سەربازیدا. بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە بە زیرەکی دەستکرد بەڕێوەدەبرێت، شیکاری داتا بۆ هەواڵگری و ئاسایشی ئەلیکترۆنی بە یارمەتی زیرەکی دەستکرد، هەموو ئەمانە سیاسەتی سەربازیی زلهێزە جیهانییە پێشەنگەکان لە قاڵب دەدات. هەروەها زیرەکی دەستکرد توانای ئەکتەرە نا- دەوڵەتییەکان بۆ بەشداریکردن لە ململانێکان بەرز دەکاتەوە، ئەمەش ڕێبازە تەقلیدییەکانی دەوڵەت-سەنتەری بۆ ئاسایش ئاڵۆز دەکات:

ئەگەر تاکە یەک بەڵگە هەبێت بۆئەوەی بڵێین شێوازی جەنگ لە سەدەی ٢١ دا گۆڕاوە بۆ ئاستێک کە لە مێژوودا نەبووە، ئەوە شۆڕشی تەکنەلۆژیا و کلاود کەپیتاڵە (کلاود کەپیتاڵیزم؛ زاراوەیەکە ئاماژە بەسەرمایەگوزاریی دیجیتاڵی نوێ دەکات کە زانیارییەکان لە هەورەکاندا هەڵدەگیرێن). شێوازی تیرۆرکردنی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حەماس "ئیسماعیل هەنیە" لە شوێنی مانەوەی لە ٣١ی تەموزی ٢٠٢٤ لە ناو جەرگەی تاران و لە لایەن ئیسرائیلەوە باشترین نمونەیە

(Yeung، J & Salman، A. 2024) کـە تـا ماوەیەکـی درێـژ قسـەیەکی یەکلاکـەرەوە نییـە کـە ئاخـۆ ئەمـە چـۆن ئەنجـام دراوە؟!

لـە مێـژە دەبیسـتین کـە حیزبـوڵا، بانگەشـە بـۆ بـەردی بناغـەی ستراتیـژی سـەربازی خـۆی دەکات، گوایـە نهێنییەکانـی پارێـزراوە و دەسـتبەرداری ئامێـرە تەکنەلۆژییـە بـەرزەکان بـووە بۆئـەوەی لـە دزەکردنـی سـیخوڕی ئیسرائیـل و ئەمریـکا دوور بکەوێتـەوە، بـەڵام ئامێرەکانـی پەیجـەر کـە هێزەکانـی حیزبـوڵا لـە لوبنـان و سـووریا بـۆ پەیوەندییکـردن لـە نێـوان خۆیـان بەکاریـان دەهێنـا لـە ١٧ی ئەیلوولـی ٢٠٢٤ دا لەمـاوەی دوو خولەکـدا تەقینـەوە، بەپێـی ڕاپۆرتـە ناوخۆییـەکان لانیکـەم نـۆ کـوژراو و ٢٨٠٠ برینـداری لێکەوتـەوە. ڕۆژی دواتریـش ئامێـری واکـی تاکـی لـە سەرتاسـەری لوبنـان تەقیـەوە و ٢٠ کـەس کـوژران و لانیکـەم ٤٠٠ کەسـیش برینـدار بـوون، ئەمـەش کاری ئیسرائیـل بـوو کـە ناتانیاهـۆ بـە سـەرکەوتنێکی بێوێنـە ناوزەنـدی کـرد. دەکرێـت لێـرەدا هێرشـەکان نوێنەرایەتـی هەوڵێکـی ئیسرائیـل بکـەن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی سـنووری باکـووری وڵاتەکـەی کـە زیاتـر لـە (٦٠٠٠٠) شەسـت هـەزار کـەس ناوچەکانـی خۆیـان چۆڵکـردووە لـە ترسـی مووشـەکەکانی حیزبـوڵا (Maddox. 2024).

دواجـار، تیـۆری حەتمییەتـی تەکنەلـۆژی ئـەو ڕاسـتییە دووپـات دەکاتـەوە کـە تەکنەلۆژیـا بزوێنـەری سـەرەکی گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتـی و کولتـووری و سیاسـی و سـەربازییەکانە. تیۆرەکـە بانگەشـەکەی ئـەوە دەکات؛ پێشـکەوتنە تەکنەلۆژییـەکان ڕەفتـاری مـرۆڤ و پێکهاتـە کۆمەڵایەتییـەکان و گەشەسـەندنی مێژوویـی لـە قاڵـب دەدەن، زۆرجـار ئـەم دیاردەیـە دەکەوێتـە دەرەوەی کۆنترۆڵـی مـرۆڤ جـا بـە مەبەسـت بێـت یـان بـێ مەبەسـت. بۆیـە ئـەو گەلانـەی تەکنەلۆژیـای پێشـکەوتوویان هەیـە، وەک زیرەکـی دەسـتکرد، ئاسایشـی ئەلیکترۆنـی، یـان داهێنانـی سـەربازییان هەیـە، ئـەوا کاریگـەری جیۆپۆلەتیکـی بەدەسـت دەهێنـن. بـەم شـێوەیە تەکنەلۆژیـا پلەبەندییـە جیهانییـەکان لـە قاڵـب دەدات، زۆرجاریـش ئاسـتی کێبڕکێـی نێـوان زلهێـزە جیهانییـەکان زیاتـر دەکات.

### ١.٣.١. ترامپ و ململانێی دەسەڵاتی دیجیتاڵی

ململانـــێ و شـــەڕی کۆمپانیـــا زەبەلاحـــەکان لـــەم ڕێکخســـتنە نوێیـــەی جیهانـــدا تایبەتمەندییەکـی نوێـی نەزمـە جیهانییەکەیـە، بزوێنـەرە سـەرەکییەکە داهێنانـە یـەک لــەدوای یەکەکانــی تەکنەلۆژیــا و بە-بازاڕکردنییەتــی. کۆمپانیــاکان تەنانــەت دەســت بەسـەر حکومەتـەکان و ئەقڵـی هاووڵاتیـان دەگـرن و دەسـتکاریی ڕەفتـاری تاکـەکان و هەڵسـوکەوتی ڕۆژانـەو سـتایلی ژیانیـش دەکـەن، وەکـو ئـەوەی ڕۆبۆتـەکان دەیکـەن، ئــەوەی پلاتفۆڕمەکانــی زیرەکــی دەســتکرد، پلاتفۆڕمەکانــی سۆشــیال میدیــا و زۆری دیکـە کاری لەسـەر دەکـەن:

چیـن وەک ڕکابەرێکـی سـەرەکی ئەمریـکا پێشـکەوتنێکی بێوێنـەی لـە بەرهەمهێنـان و پیشەسـازیی و تەکنەلۆژیـادا بەدەسـتهێناوە؛ پێشـووتر هەوڵـەکان بـۆ ئـەوە بـوون ئامرازەکانـی وەبەرهێنـان گەشـە پـێ بـدەن، بـەڵام ئەمجارەیـان تەکنەلۆژیا دیجیتاڵییـەکان دەسـتکاریی ژیـان و ڕەفتـارو بیرکردنـەوەی مـرۆڤ دەکـەن وەکـو: سیسـتەمی ناسـینەوەی هەسـتەکانی AI، ڕۆبۆتـەکان، تیکتـۆک و..زۆری دیکـەش، ئـەم هێڵـە دیجیتاڵییـە توانـای گەیشـتنی بەهەمـوو جێگایـەک هەیـە، بۆیـە ئیـدارەی ئەمریـکا هەمـوو هەوڵێـک دەدات تاوەکـو چیـن ڕابگرێـت. وەکـو ئـەوەی چەندیـن ساڵە پێشـکەوتنەکانی بـواری ژیریـی دەسـتکرد، ملیـاران دۆلار قازانجـی بـۆ کۆمپانیـا ئەمریکییەکانـی بـواری تەکنەلۆژیـا دەسـتەبەرکردووە، بـەڵام کۆمپانیـای دیـپ سـیک-DeepSeekی چینـی لەنـاکاو دادەمەزرێـت و بـە تێچوویەکـی کـەمتر ڕکابـەری لەگـەڵ ئەپـی کۆمپانیـا ئەمریکییـەکان کـرد و لەسـەرەتای (٢٠٢٥) دا بەهـای بۆرسـەی ناسـداکی یـەک تریلیـۆن دۆلار دابەزانـد!

بـە ڕوونـی دیـارە، تەکنەلۆژیـای دیجیتاڵـی بڕبـڕەی پشـتی ژیانـی مۆدێرنـە و ئابـووری جیهانــی دەگۆڕێــت، ئەمــەش کلاود کەپیتــاڵ (Cloud Capital) دروســت دەکات کــە فۆرمێکـی نوێـی سـامانی دیجیتاڵییـە و لەلایـەن کۆمپانیـا زەبەلاحەکانـی تەکنەلۆژیـاوە کـۆنترۆڵ دەکرێـت. ئـەم گۆڕانکارییـە یان ئـەم بازدانـە بووەتە شـێواندنی ناوبانگـی لیبراڵیزم و هێنانـە ئـارای جۆرێـک لـە تەکنۆ-فیۆدالیـزم (ئـەوەی تەکنۆلۆژیـای بەدەسـتە ئـەوە ئاغـا و دەرەبەگـی سـەردەمی خۆیەتـی)، لێـرەدا کۆمپانیـا زەبەلاحـەکان ئیـش لەسـەر داتـا و زانیـاری و سـێرڤەرەکان دەکـەن کـە جگـە لـەوەی لـە بەردەسـتی خۆماندایـەو بەدەسـتی

خۆمانەوەیـە، ئـەوان کۆپییـەک لـە هـەور "کلاود"ەکانـدا هەڵدەگـرن و دەیپارێزن. پێشـووتر ئامرازەکانـی بەرهەمهێنـان تەنیـا بـۆ بەرهەمهێنـان و زیادکردنـی بەرهـەم بـوو، بـەڵام لـە "کلاود کەپیتـاڵ" و لەوەهـا دۆخێکـدا کەمینەیـەک لـە نوخبـەی دیجیتاڵـی دەسـتڕاگەیشتن بـە بـازاڕ و داتـا و تەنانـەت بژێـوی ژیانیـش قـۆرخ دەکـەن.

پێشـووتر و تـا ئێسـتا هـەر ئەمریـکا ڕابـەر و پێشـەنگی ئـەم بـوارە بـووە، بـەڵام ئـیتر چیـن لـە (٢٠٢٥) دا بەهـۆی دروسـتکردنی هێڵێکـی گـەورەی کاریگەریـی- جیهانییـەوە مەترسیی ڕاسـتەقینەی خسـتۆتە سـەر ئیـدارەی ترامـپ و بەهـای دۆلاری ئەمریکـی، بۆیـە ئەمریـکا گەرەکیەتـی چیـن بوەسـتێنێت! لەسـەر نەخشـە تەماشـای ناوچـەی پاسـیفیک (زەریـای هێمـن)م کـرد، ئەمریـکا لـە دەیـان شـوێندا بۆ ڕێگرتـن لە چیـن بنکەی سـەربازیی دانـاوە، بـەڵام لـە هیـچ شـوێنێکدا چیـن بنکەیەکـی سـەربازیی دانەنـاوە، تەماشـای پەنجا سـاڵی ڕابـردوو بکـە، چیـن بەشـداری لـە هیـچ جەنگێکـدا نەکـردووە ، بـەڵام بەنزیکەیـی چـوار دەیەیـە لـە هەمـوو جێگایەکـی جیهـان هەمـوو ڕۆژێـک ئەمریـکا لـە جەنگدایـە: لـە ڤێتنـام، لـە ئەفغانسـتان، لـە عێـراق، لـە سـووریا، لـە لیبیـا، لـە تایـوان، لـە ئۆکرایـن و تـا دەگاتـە سـنوور ەکانـی ئەمریـکا و مەکسـیک. ئەگـەر سـەرنجیش بدەیـن هەمـوو ئـەم ململانـێ و جەنگانـە دواتـر لـە دژی بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا کەوتوونەتـەوە!

وەکـو وتمـان لــە کلاو کەپیتاڵــدا ســەرچاوەکانی کۆمپیوتــەر (داتابەیــس، ســێرڤەر و خانەکانــی هەڵگرتــن "ســتۆرەیج" ەکان) لەناوخــۆدا بەڕێوەنابرێــن، لــە شــوێنێکدان نابیندرێـن، ئەمەیـە کـە کۆمپانیـا تەکنەلۆژیـی و دیجیتاڵییەکانـی "چیـن" بەشـێوەیەکی بەرچــاو کاریــان لەســەر کــردووە ، وەکــو کۆمپانیــای ئەلــی بابــا (Alibaba Cloud Company) کـە ئیـش لەسـەر ژێرخانـی دیجیتاڵـی BRI و داتـای بازرگانیـی دەوڵـەت دەکات، کلاودی تێنسـێت-Tencent Cloud کـە پلاتفۆڕمـی کۆمەڵایەتییـە و کارخانــەی داتــای دەوڵەمەنــدی هەیــە، هەورەهــا کلاودی هــواوی -Huawei Cloud کــە خزمەتگوزاریــی گشــتی لــە بــواری زیرەکــی دەســتکرد دا بــەرەو پێــش دەبــات.

هەرچەنـدە سـزاکان و لیسـتە ڕەشـەکانی ئەمریـکا لـە حاڵەتـی دیاریکـراودا کاریگەرییان لەسـەر چیـن سـەلماندووە، وەک ئـەوەی هـواوی، بـەڵام تـا ئێسـتا نەیانتوانیـوە پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیــای چیــن و کۆمپانیــا ســەرەکییەکانی بوەســتێنن. لــە (٢٠١٩)ەوە ســزاکان

بەردەوامن، بۆ نموونە وەزارەتی بازرگانی ئەمریکا هواوی و لقەکانی زیاد کرد بۆ لیستی یەکە سزادراوەکان، ئەوەش کۆمپانیا ئەمریکییەکانی سنووردار کرد لە فرۆشتن، یان هەناردەکردنی تەکنەلۆژیا و نەرمەکالا و پێکهاتەکانی هواوی بەبێ مۆڵەتی تایبەت. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەستڕاگەیشتن بە هواوی و نەرمەکالاکان (وەک خزمەتگوزارییەکانی ئەندرۆیدی گووگڵ) و تەکنەلۆژیا سەرەکییەکانی دیکە هەبوو. کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا وەک ئینتل، کوالکۆم، گووگڵ و مایکرۆسۆفت ناچار بوون کارەکانیان لەگەڵ هواوی ڕابگرن (De la Rubia. 2025).

لە کاتێکدایە لەباسەکەماندا، ئێمە توانا هەڵکشاوەکانی ژاپۆن، کۆریای باشوور و هیند و ئەوانی ترمان نەخستۆتە چوارچێوەی شیکارییەکەوە. هێشتا بەشی ئەوە فاکت لەبەردەستە دڵنیابین کە چین دەتوانێت هێزەکانی خۆی بەکاربهێنێت بۆ بەشداریکردن لە هاوکارییە جیهانییە قووڵەکان و هاوبەشکردنی ئەزموونەکان و یارمەتیدانی وڵاتانی دیکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی باڵادەستی تەکنەلۆژی و دیجیتاڵی ئەمریکا.

ئایا تا چەند ئەمریکا توانیویەتی ئاستی سیستماتیکی و شەفافییەت و متمانەپێکراویی خۆی بۆ جیهان بسەلمێنێت؟ لەڕاستییدا تێڕوانین بۆ بەرگریکردن لە ئازادی ڕادەربڕین لە ئەمریکادا لەگەڵ ئاشکراکردنی پشتگیرییەکانی گووگڵ بۆ ئیسرائیل و سکاڵای جۆراوجۆر لەسەر سانسۆرکردنەکان لەلایەن مێتا ناگونجێت. کەسایەتییەکانی وەک ماسک و زوکەربێرگ چەندین جار ڕوونیان کردووەتەوە کە هەموو سەرچاوە تەکنەلۆژییە بەردەستەکان بەکاردەهێنن بۆ کاریگەریی درووستکردن لەسەر سیاسەتی گەلانی دیکە (Ramos. 2025). بەڕاستی چۆن بێلایەنی و بەرجەستەبوونی بەها و مۆراڵ هەر بۆ توێژەرێکی ڕاستەقینە پێویستە بۆئەوەی متمانە و ناوبانگی خۆی بپارێزێت، بەهەمان شێوە بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهانیش ئەمە بابەتێکە پێویستە.

ئەم کۆمپانیایانە لە "چین"ەوە بەڕێکەوتون و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان تەنیوە و گەیشتونەتە ئەوڕووپا و سنوور ەکانی ئەمریکاو ناو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش. تاکە شتێک کە لایەنگرانی تاکجەمسەرییش دەیڵێنەوە ئەوەیە؛ ئەمریکا دامەزراوەی بەهێزی هەیە و بەردەوام خۆی نوێ دەکاتەوە.. ئەمریکا لەسەر کەلتوری دیموکراسییەت کاردەکات..ئەمریکا هاوپەیمانی بەهێزی هەن...و..تادوایی، لەڕاستییدا

مـرۆڤ بۆئـەوەی بڕیـار بـدات نـەک شـەش سـاڵ بەڵکـو شـەش مانگـی یەکەمـی دوای گەڕانـەوەی ترامـپ بـۆ کۆشـکی سـپی بەسـە هەمـوو کـەس ببینێـت کـە لـە (٢٠٢٥) دا نـەک هـەر لـە جیهانـدا، بەڵکـو لـە ئەمریـکاش دامـەزراوە و دیموکراسـییەت لـە قەیراندایە.

مـرۆڤ باوەڕنـاکات لـە هەمـوو تەمەنیـدا سـەرۆکی ویلایەتـە یەکگرتـوەکان "دۆناڵـد ترامـپ" کتێبێکـی خوێندبێتـەوە، بۆیـە بـەردەوام لـە کێشـە و دڕودۆنگیدایـە لەگـەڵ کەسـانی خـاوەن مەعریفـە، بۆیـە پرسـی مافەکانـی مـرۆڤ و پەرەپێدانـی پایەکانـی دیموکراسـیی لـە جیهانـدا کەوتۆتـە پەراوێـزەوە. حوکمڕانیکـردن ئاڵـۆزە و دۆخـی جیهـان ئاڵۆزتـرە، بـەڵام ترامـپ زۆر بەسـادەیی باسـی شـتەکان دەکات، چوونکـە لێـی نایزانێـت، بۆیـە وا دەزانێـت سـادەیە و ئاڵۆزییەکـی تیـا نییـە (ڕەنگـە کاتێـک بـۆی دەردەکەوێـت کـە بەرەکـە لـە سـەت لاوە دڕاوە!).

بۆیــە ئەســتەمە پیــاوی وەک دۆناڵــد ترامــپ تێبــگات لێکەوتەکانــی تەکنەلۆژیــای دیجیتاڵــی چییــە، ئەســتەمە بزانێــت سیســتەمی تاریفــە و ئابــوری و جیوپۆلەتیکــی جیهانــی چــۆن کار دەکات. ئێســتای ســەردەمی ترەمــپ؛ ئەمریــکا زۆر لــە وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت دەچێــت. توێژێــک تیایــدا حاکمــن کــە لــە ســەرۆکەکەیان دەترسـن، سـەرۆکەکەیان خـۆی لێبـوە بـە پادشـا، تەنیـا پێـوەری ئەوەبـوو، ئایـا ئـەوەی دەگوزەرێـت بـۆ شەخسـی ئـەو باشـە یـان خـراپ! ئـەو جەمـاوەرەی شـوێنی کەوتـوون هــەر گرووپێکیــان ئامانجێکــی جیــاوازی هەیــە، بــەڵام بــە زۆری کەســانی لووتبــەرز و ســادە ن. ســەرباری ئــەوەش مــرۆڤ بەئاســانی ئــەوە دەبینێــت کــە ترەمــپ دەیەوێــت ســوپا بــە سیاســیی بــکات؛ بــە سیاســی بوونــی ســوپا، زیانــی گــەورەی هەیــە کــە ناوچــەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت ماوەیەکــی زۆرە بــە دەســتیەوە دەناڵێنێــت.

### ٤.١. بەرەو جیهانێکی بێ جەمسەر: نەزمێک لە مێژوودا نەبیندراوە

**"دەیان ساڵ هەیە هیچ ڕوونادات، هەفتەش هەیە دەیان ساڵ ڕوودەدات"**

**- فلادیمێر لینین-**

وادیارە، ئیتر جیهان ئەوەندە سادە نابێت؛ دیمەنەکە ئیتر ئەوە بەڕوونی نیشان نادات "کێ لەگەڵ منە و کێ دوژمنی منە"، بەواتایەکی تر سەردەمی هاوپەیمانی هەمیشەیی بەرەو کۆتایی دەڕوات. مشتومڕ لەسەر ئەوەی، ئایا جیهان یەک یان دوو جەمسەرییە، یان فرە جەمسەرییە تا ڕادەیەکی زۆر مەبەستەکە لەدەست دەدات. ئێستا نەزمی جیهانیی پارچە-پارچە بووە و لە قۆناخی گواستنەوەدایە، گواستنەوەیەکی نەرم و ئاڵۆز، ئەمە بۆچی وایە!؟

پرۆفیسۆر جۆزیف نای، لە کتێبی "ئایا سەدەی ئەمریکا کۆتایی پێهاتوە؟ - Is the American century over? پێی وایە لەم سەدەی ٢١ ەدا، دوو بادانەوەی گەورە لە هێزدا ڕووی داوە: "جێگۆڕکێی هێز" و "پژانی هێز". جێگۆڕکێی هێز لەنێوان دەوڵەتاندا و لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات ، پژانی هێزیش لە حکومەتەکانەوە بۆ بکەرە نا-دەوڵەتییەکان، وەک بەرەنجامی شۆڕشی زانیاریی جیهانی. وەرچەرخانی یەکەم، واتە جێگۆڕکێی هێز لەنێوان دەوڵەتاندا شیمانەی ئەوەی نییە، لە چەند دەیەی داهاتوودا ناوەندبوونی ئەمەریکایی بۆ تەرازووی هێزی جیهانی کۆتایی پێ بهێنێت، بەڵکو گرفتەکە لە "پژانی هێز" دا قووڵترە کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەخاتە بەردەم کۆمەڵێک پرس و گرفتی دەوڵەتبڕ، لە هەمان کاتیشدا سەر دەکێشێت بۆ لاوازکردنی توانای حکومەتەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی یەک کۆمەڵە گرفتی گەورەی وەک: ماددەی هۆشبەر، تێکچوونی کەشوهەوا، تیرۆر و تادوایی (Nye، J. 2014).

زۆربوونی دیاردە ترسناکەکان، زیادبوونی هەژموونی چین و سەرهەڵدانی هێزە-مامناوەندەکان، هەڵکشانی ڕۆڵی ئەکتەرە-نا-دەوڵەتییەکان و گەشەسەندنی زیرەکیی دەستکرد، هەروەها داینامیکییەتی جیۆپۆلەتیکیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو خاڵی یەکتربڕینی نێوان زلهێزەکان دۆخێکی درووستکردووە کە کۆنترۆڵکردنی دیاردەکان بووەتە ئەستەم، ژیان بەگشتی خێرا بووە. سەدەیەک تێپەڕی جیهان

نەیتوانی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکات، نەیتوانی کێشەی فەلەستین یەک سانتیمەتر بباتە پێشەوە، نەیتوانی چەپکێک دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەوز بکات. بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبە ڕوونی دەکەنەوە کە هۆکارە ژینگەییەکان و گۆڕانی کەشوهەوا، بڵاوبوونەوەی دیاردەی نایەکسانی، تیرۆر، سپیکردنەوەی پارە، مادده هۆشبەرەکان چۆن لە تەشەنەسەندندان! بۆیە بانگەشەکردن بۆ جیهانی بێ جەمسەر، یان جیهان لەدوای جەمسەر دەکەینە بابەتێکی وروژێنراو، لێرەدا جیهانێک هەیە کە نە سیستەمێکی یەک جەمسەرییە، نە سیستەمی دوو جەمسەرییە، نە سیستەمێکی فرە جەمسەرییە، تەنانەت هیچ تێکەڵەیەک لەوانەش نییە:

تادێت ژمارەی ئەو توێژەر و زانایانە زیاد دەکات کە بانگەشەی "جیهانی بێ جەمسەر" دەکەن. نابێت ئەوە لە بیربکەین کە یەکەمین جار "ڕیچارد هاس-Richard Haass" لە ساڵی (٢٠٠٨) ئەم چەمکەی وروژاند. هاس لە ماوەی (٢٠٠٣- ٢٠٢٣) سەرۆکی ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکان بوو کە ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و بێلایەنی دیارە لە ئەمریکا و تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. دیپلۆماتکارێکی بە ئەزموونە، پێشوتر بەڕێوەبەری پلاندانانی سیاسەت لە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕاوێژکاری نزیک بووە لە کۆلین پاول وەزیری دەرەوە لە ئیدارەی جۆرج بوش.

هاس، لە میانەی بابەتێکدا بەناونیشانی "ژیان لە جیهانێکی ناجەمسەریدا-Living in a Non-Polar World" دەنووسێت: جیهانی ئەمڕۆ نەک لەلایەن یەک یان دوو دەسەڵات، یان تەنانەت چەند دەسەڵاتێکەوە زاڵە، بەڵکو لەژێر کاریگەری دەیان ئەکتەری دەوڵەتی و نادەوڵەتیدایە کە جۆرەها دەسەڵات بەکاردەهێنن. جیهانێکی غەیرە جەمسەری لەم جۆرە تا دێت مەترسیدارتر دەبێت، مەگەر هەنگاوی گرنگ بۆ داڕشتنی نەگیرێتەبەر. بە لای "ڕیچارد هاس" ەوە سێ هۆکار ئەمەیان هێناوەتە ئاراوە:

**یەکەم:** هەندێک دەوڵەت هاوکات لەگەڵ زیادبوونی کاریگەری ئابوورییان دەسەڵاتیان بەدەستهێناوە.

**دووەم:** جیهانگیـری ڕۆڵـی هەمـوو دەوڵەتەکانـی لاواز کـردووە بـە توانـای کۆکردنـەوەی دەسـەڵاتی جەوهەریـی لایەنەکانـی دیکە.

**سـێیەم:** سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریـکا دابەزینـی ڕێژەیـی ئەمریـکای لـە بەرانبـەر ئەوانـی دیکـە خێراتـر کـردووە. ئەنجامەکـەی جیهانێکـە کـە تادێـت دەسـەڵات زیاتـر دابـەش دەبێـت، نـەک چـڕ ببێتـەوە.

زیاتـر لـە دەیەیـەک پێـش ئـەوەی ئیـدارەی ئەمریـکا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت تووشـی شکسـتێکی بەرچـاو ببێتـەوە، هـاس لـە سـاڵی (٢٠٠٨) دا زەنگـی بـۆ بڕیاربەدەسـتانی ئەمریـکا لێـداوە و دەڵێـت: هەوڵـی زیاتـر پێویسـتە بـۆ ڕێگریکـردن لـە شکسـتی دەوڵـەت و مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئەنجامەکانـی. پێویسـتە ئەمریـکا و وڵاتانـی پێشـکەوتووی دیکـە توانـا سـەربازییەکانیان بەرزبکەنـەوە بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ جـۆری ئـەو مەترسـیانەی لـە عێـراق و ئەفغانسـتاندا ڕووبـەڕووی دەبنـەوە، هەروەهـا کۆمەڵێـک بەهرەمەنـدی مەدەنـی دابمەزرێنـن بـۆ هاوکاریکـردن لـە ئەرکـە سـەرەتاییەکانی بنیاتنانـی نیشـتیماندا. لەگـەڵ ئەمەشـدا، هـاوکاری ئابـووری و سـەربازی زیاتـر بـۆ زیادکردنـی توانـای دەوڵەتـەکان بـۆ جێبەجێکردنـی بەرپرسـیارێتیەکانیان بەرانبـەر بـە هاووڵاتییـان و دراوسـێکانیان زۆر پێویسـتە (Haass، 2008a). بـەم مانایـە، سـەرهەڵدانی جیهانێکـی نا-جەمسـەری دەتوانێـت زیاتـر نەرێنـی بێـت، ئەمـەش وادەکات دروسـتکردنی وەڵامـی بەکۆمـەڵ بـۆ ئاسـتەنگە زەقەکانـی ناوچەیـی و جیهانـی قـورستر بێـت. زۆر زیادبوونـی ژمـارەی بڕیـاردەران زیاتـر بڕیـاردان قـورستر دەکات. هەروەهـا نا-جەمسـەرگیری هـەم ژمـارە و هـەم تونـدی ئەگـەری هەڕەشـەکان زیـاد دەکات، جـا دەوڵەتـە ناپاکـەکان، گروپـە تیرۆریسـتییەکان، یـان میلیشـیاکان بـن.

مانـای وایـە، پێشـبینی کـردن بـۆ هاتنـە ئـارای جیهانێکـی بـێ جەمسـەر و لـە گرێژنـە دەرچوونـی بارودۆخـەکان ناگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی ئیـدارەی بایـدن، بەڵکـو زیاتـر لـە دەیەیـەک پێشـوتر؛ بەڵگـەش بـۆ ئەمـە، بـاراک ئۆبامـا سـەرۆکی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا لـە سـەرەتای خولـی خۆیـدا ئەجێنـدای سیاسـی خـۆی وەک ئامرازێـک خسـتەڕوو بۆئـەوەی "ئـەم سـەدەی ٢١ە بکاتـە سـەدەیەکی نوێـی ئەمریکـی"، بـەڵام دواتـر لـە لەمیانـەی گەشـتێکی شـەش ڕۆژەیـدا بـۆ ئەوڕووپـا لـە

ئایاری ٢٠١١ گوتی "سەرکردایەتی ڕۆژئاوا دەبێت لەگەڵ واقیعی جیهانی نوێ بگونجێنێت" (Abu Al-Khair. 2011). بەم شێوەیە ئۆباما بۆنی ئەو شتەی کردووە کە لە کۆدەنگییەک دەچێت لە نێوان سیاسەتمەداران و ئەکادیمییەکان، لە بەشە جیاوازەکانی جیهاندا کە گواستنەوەی سامان و دەسەڵات لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵات و باشوور گەیشتووەتە ئاستی نەگەڕانەوە.

لەسەر ئاستی ئابووری، بێن بێرنانکە- Ben S. Bernanke، سەرۆکی پێشووی بانکی ناوەندی ئەمریکا لە وتارێکی گرنگدا لە تشرینی دووەمی ٢٠١٠دا ڕایدەگەیەنێت؛ کۆی بەرهەمی وڵاتانی ئابووری تازەپێگەیشتو، لە چارەکی دووەمی ساڵی ٢٠١٠، بە ڕێژەی ٤١٪ زیادیکردووە بە بەراورد بەو ئاستە سەرەتاییەی لە ساڵی ٢٠٠٥ دا هەبوو. زیادبوونەکە لە چین گەیشتە ٧٠٪، لە هیندستانیش نزیکەی ٥٥٪. بەڵام لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئابووریدا، زیادبوونەکە لە ٥٪ زیاتر نەبووە. ئابوورییە تازەپێگەیشتوەکان بە ئاسانی قەیرانی ئابوورییان تێپەڕاند، بەڵام کاریگەرییەکانی بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو کارەساتبار بوون (Wolf، M. 2011).

ئەمە دەریدەخات، هەرکە جیهان پێی خستە ناو سەدەی ٢١ەوە، قەیرانی دارایی لە وڵاتانی خۆرئاواش بووەتە بابەتێکی حاشا هەڵنەگر. وڵاتانی ڕۆژئاوا ناچار بوون، لەژێر فشاری کێشەی قەرزەکاندا، قەبارەی هێزە سەربازییەکانیان و خەرجیەکانیان بۆ چەک کەم بکەنەوە، لەکاتێکدا وڵاتانی تازەپێگەیشتو بەتایبەتی لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خواستیان هەبووە هێزی ئابووری خۆیان بۆ بەهێزکردنی توانای سەربازی بەکاربهێنن، بەتایبەت لە ڕێگەی گرێبەستە زەبەلاحەکانی چەکەوە.

بە ڕاشکاوی، دەبێت ددان بەوەدا بنێین کە سیستەمی جیهانی دەگۆڕێت، ئەمە بە تێگەیشتن لە مانای گشتی "سیستەم" و پێناسەی "سیستەم یان نەزمی جیهانی" ژینگەی نێودەوڵەتی ڕوونتر دەردەکەوێت؛ نەزم، گوزارشتە لە کۆمەڵێک توخمی بەیەکەوە گرێدراو و یەکگرتوو کە لەگەڵ یەک کارلێک دەکەن، هەوڵدەدەن ئامانجی هاوبەش بۆ ئەم بەشە کارلێککەرانە بەدەستبهێنن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، ئەم ئامانجانە بۆ بەردەوامبوونی ئەم سیستەمە پێویستییەک پێکدەهێنن

و خواستی توخمە پێکهێنەرەکانی بەدی دێنن، لە هەمان کاتدا چوارچێوەیەک بۆ هەڵسوکەوتی توخمە سیاسی و سەربازیی و ئابوریی و کەلتورییەکان دادەنێن کە دەچنە ناو ئەم سیستەمەوە. ئێمە کاتێک دەگەینە چەمکی "نەزمی جیهانی"، لە فەرهەنگەکانی چەمکە سیاسییەکان چەندین پێناسەی بۆ دەدۆزینەوە، لەوانە پێناسەی - ئایکنبێری کە لایوایە: نەزمی جیهانی کۆمەڵێک ڕێکخستن و ڕێسایە بۆ حوکمڕانیکردنی نێوان وڵاتان کە ڕێسا و بنەما و داب و نەریتی بنەڕەتییان لەخۆدەگرێت و دەتوانێت بەشێوەیەکی دامەزراو نوێنەرایەتی بکات و دەبێتە پێکهاتەی سیستەمێکی دیاریکراو (Al-Jubouri، 2022).

پێشووتر، چەمکی سیستەمی نێودەوڵەتی کاتێک پێشنیار کرا کە لە سیستەمەکەدا دەوڵەتەکان تاکە ئەکتەر بوون، بەڵام دواتر کاتێک ژینگەی نێودەوڵەتی فراوان بوو، ڕۆڵی هێزە ماماوەندییەکان هاتە ئاراوە و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان زیاد و زیاتر بوون، ئیتر ناوەکە گۆڕا بۆ سیستەمی جیهانی. بەڵام چی بە ئێستایەک بڵێین کە جیهان بووەتە پاشاگەردانی و هاوپەیمانێتییە هەمیشەییەکان نەماون و دیاردە مرۆیی و تەکنەلۆژییەکان بێئەندازە هەموو کونجێکی ئەم هەسارەیەیان تەنیوەتەوە؟

وتاری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس لە داڤۆس ٢٠٢٤ زۆر زەق بوو: هۆشداریدا لەوەی جیهان دەبێت ئێستا لە بەرانبەر مەترسی جددی و تەنانەت بوونگەرایی دا مامەڵە بکات کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و پەرەپێدانی زیرەکی دەستکرد بەبێ فلتەرێکی پارێزگاریلێکراو دروستی دەکات. ڕەنگە یەکێک لە نیشانەکانی ئەو جیهانە بێ جەمسەرەی بانگەشەی دەرکەوتنی دەکرێت، هاوارە بێ ئاکام و بەردەوامەکانی گۆترێس بێ کە وتی: "ئێمە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا و لێکەوتەکانی زیرەکی دەستکرددا، هیچ ستراتیژییەکی جیهانی کاریگەرمان نییە، دابەشبوونی جیۆپۆلەتیکی ڕێگریمان لێدەکات لە کۆبوونەوە لە دەوری چارەسەرە جیهانییەکان" (World Economic Forum، 2024).

تێگەیشـتین لـەوەی زلهێـزە ئابوورییـە کلاسـیکەکان و ڕکابەرەکانـی هەژموونـی ڕۆژئـاوا، چیـن و ڕووسـیا، ئەوانـەن پێشـبینی "جیهانێکـی فـرە جەمسـەری" دەکـەن، بـەڵام لـەولاوە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هەیـە کـە ڕێـک و ڕەوان ئـەو جیهانـە بـێ جەمسـەرەمان نیشـان دەدات کـە تیایـدا هـەر ئەکتەرێـک مـەودای هێـزی خـۆی فـراوانتر دەکات:

تەنیـا لـە مـاوەی (٢٠١٤ بـۆ ٢٠٢٤) دا، قەتـەر بووەتـە گەورەتریـن هەنـاردەکاری غـازی سروشـتی لـە جیهانـدا و لـە دۆخێکدایـە کـە لـە هەنـدێ بـواردا جێگـەی ئەمریـکا بگرێتـەوە، هەروەهـا وەک جێگـرەوەی ڕووسـیا بـۆ دابینکـەری غـاز بـۆ ئەوڕووپـا دادەنرێـت. ئـەو وڵاتـەی زۆربـەی کارت و توانـای دەستەبەرکردنی ئازادکردنـی بارمتـەکان و ئاگربەسـتەکانی لـە جەنگـی غـەزەدا بەدەسـتەوە بێـت، ئەمریـکا نییـە، بەڵکـو قەتـەرە! ئـەوەی بڕیـار بـوو دوا کـردەوەی ئەمریـکا بێـت بـۆ خۆماڵیکردنـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و گۆشـەگیرکردنی ئێـران لـە ڕێگـەی ڕێککەوتنەکانـی ئەبراهامـەوە، ئێسـتا تائەندازەیـەک کورتبینانـە دەردەکەوێـت! ئیماراتـی یەکگرتـووی عەرەبـی ئامانجەکانـی لـە فراوانکردنـی هێـزی ئابووریـدا لەڕێگـەی دابینکردنـی زێـڕ و مانۆڕەکانـی لـە بەندەرەکانـی دەریـای سـوورەوە گەیشـتۆتە کەناراوەکانـی ئەفریقـا و بەمجـۆرە پەیوەنـدی بەهێزتـر لـە کیشـوەری ئەفریقـا دروسـت دەکات، دابینکردنـی چـەک و پـارە بـۆ هێـزە میلیشـیاییەکان لـە سـودان و دامەزراندنـی ڕێـڕەوی دابینکـردن لـە چـاد، ئـیمارات هاریکاریـی مـیسر دەکات، وەک پێشکەشـکاری خزمەتگوزارییـە داراییـەکان بـۆ جیهـان نمایشـی خـۆی دەکات، وەک ئەڵقەیەکـی لاوازی بەنـرخ لـە زنجیـرەی سـزاکانی سـەر ڕووسـیادا خزمـەت دەکات.

هەروەهـا سـعودیە لـە سـەردەمی شـازادەی جێنشـین محەمـەد بـن سـەلمان، خەریکـە پێگـەی خـۆی دەگۆڕێـت، واز لـە ڕۆڵـی خـۆی دەهێنێـت وەک سپۆنسـەری ئایینـی و باوکسـالاری جیهانـی موسـڵمانان بـۆ شـتێکی سـەرنجڕاکێشتر و قازانجدارتـر، لـە ڕێگـەی کولتـوری بـاوەوە بـەرەو درووسـتکردنی کاریگەریـی ڕۆیشـتووە؛ دوای مۆندیالـی قەتـەر لـە (٢٠٢٢) دا، ئەویـش نـاوە گەورەکانـی تۆپـی پێـی بـۆ پاڵەوانێتیـە ناوخۆییەکانـی ڕاکێشـاوە، وەبەرهێنانێکـی زۆر لـە گەشـتیاری و ژیانـی بـەرزی بریقـەداری تاراوگـەدا دەکات (Malik، 2024). دیـارە مێـژوو ڕێپێـوان دەکات و سروشـتی ئـەوەی (یەکێکـی تـر) نەزمێکـی نوێـی جیهانـی پێکدەهێنێـت، دوور لـە واشـنتۆن دی سـی و لەنـدەن و

جنێـڤ دیـاری دەکرێـت. ئـەم چرکەسـاتە دەتوانـن زلهێـزە مامناوەنـدەکان هەڵبژێـرن و وەک دەیانـەوێ ئەسـپی خۆیـان تاوبـدەن.

دووبـارە، ڕیچـارد هـاس لـە (٢٠٢٢) دا بابەتێـک لـە "فـۆڕن ئەفەیـەرز" دەنووسـێت، هۆشـداری بـە ئەمریـکا دەدات لـە مامەڵەکردنـی ورد لەگـەڵ ئـەو هەڕەشـە زۆرانـەی ئـەم دەیەیـە (٢٠٢٠-٢٠٣٠) پێناسـە دەکـەن، هـاس لایوایـە ئەمریـکا پێویسـتی هـەم بـە وریایـی زیاتـر و هـەم بـە بوێـری زیاتـر لـە بـواری ئابووریـدا دەبێـت. تـا ئێسـتا هیـچ جێگرەوەیەکـی سـەرەکی نییـە بـۆ دۆلار وەک دراوی یەدەگـی دیفاکتـۆی جیهـان، بـەڵام لەوانەیـە ئـەو ڕۆژە بێـت، بـە تایبـەت ئەگـەر واشـنتۆن بـەردەوام بێـت لـە چەککردنـی دۆلار لـە ڕێگـەی سـەپاندنی سـزای بەردەوامـەوە، بەتایبەتـی ئەوانـەی بانکـە ناوەندییـەکان دەکەنـە ئامانـج.

بـە بـڕوای هـاس ئەگـەر دراوێکـی ڕکابـەر سـەرهەڵبدات، ئەمریـکا توانـای قەرزکردنـی بـە ڕێژەیەکـی کـەم لەدەسـت دەدات و ڕێگـەی خـۆی لـە قـەرزە گەورەکەی هەڵئاوسـێنێت کـە لـە ئێسـتادا زیاتـر لـە ٣٠ سـی تریلیـۆن دۆلارە. ئێسـتاش ئـەم قـەرزە هەڕەشـەی قەرەباڵەغکردنـی خەرجییـە بەرهەمدارەکانـی حکومـەت دەکات، بـەو پێیـەی تێچـووی خزمەتگوزارییەکـەی لەگـەڵ ڕێـژەی سـووددا بـەرز دەبێتـەوە. بـەڵام پێویسـتە وریایـی دارایـی لەگـەڵ ڕێبازێکـی جەختکەرەوەتـر لـە بازرگانیـدا تێکـەڵ بکرێـت کـە بـە شـێوەیەکی ئایدیـاڵ بـە مانـای پەیوەسـتبوون بـە ڕێککەوتنـی گشـتگیر و پێشـکەوتنخوازانە بـۆ هاوبەشـی نێـوان زەریـای هێمـن و گەرەنتیکردنـی چوارچێـوە تـازە ڕاگەیەنـدراوەکان لـە هیندسـتان و زەریـای هێمـن و ئەمریـکا بەجۆرێـک کـە بەربەسـتەکانی بـەردەم بازرگانـی دابەزێنـن لـە کاڵا و خزمەتگوزارییـەکان، سـتانداردەکان بـۆ داتـاکان دابنێن و بە شـێوەیەکی مانـادار مامەڵـە لەگـەڵ گۆڕانـی کەشـوهەوا بکـەن (Haass، 2022b).

لـە کۆتاییـدا گەورەتریـن مەترسـی لەسـەر ئاسایشـی ئەمریـکا لـە دەیـەی داهاتـوودا ئەوەیـە کـە ئەمریـکا لـە خـودی ئەمریـکادا بدۆزرێتـەوە؛ وڵاتێـک کە لـە دژی خـۆی دابەش بووبێـت، ناتوانێـت بـە پێـوە بوەسـتێت؛ هەروەهـا ناتوانێـت لـە جیهانـدا کاریگـەر بێـت، چونکـە ئەمریکایەکـی دابەشـکراو وەک هاوبەشـێک یـان سـەرکردەیەکی جێـی متمانـە یـان پێشـبینیکراو سـەیر ناکرێـت. هەروەهـا ناتوانێـت ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگە ناوخۆییەکانـی

ببێتـەوە. پردێـک لـە دابەشـبوونەکانی وڵاتـدا پێویسـتی بـە هەوڵـی بـەردەوام دەبێـت لەلایـەن سیاسـەتمەداران، پـەروەردەکاران، سـەرکردە ئاینییـەکان و دایـک و باوکانـەوە.

ئەمـە مانـای وایـە؛ ویلایەتە-یەکگرتـوەکان بـە قەیرانێکـی قووڵـی نێوخۆیشـدا گـوزەر دەکات، ئەگـەر لـە سـاڵی (٢٠٠٨) قەیرانـی دارایـی جیهانـی بەهـۆی مایەپووچبوونـی لـیمان بـرازەر و گرفتـی دیکـەوە سـەریهەڵداو، خۆرئـاوا بەگشـتی ئەمەیـان لـە ڕووی سـایکۆلۆجییەوە هـەزم کـرد و تێیـان پەڕانـد، ئێسـتا گرفتـەکان کەڵەگەتـر بوونـە. ئەگـەر لـە چەندیـن ئاسـتدا ڕووبـەڕووی مەترسـییەکان نەبنـەوە، ئـەوا ئەمریـکا خـۆی نـەک هـەر لـە جیهـان و نەزمـی نوێـدا نادۆزێتـەوە، بەڵکـو لـە ئەمریـکا – ئەمریـکا دەدۆزرێتـەوە. لەحاڵەتـی ئاوهـادا، زۆربـەی نـۆرم و ڕەفتـارە خـوازراوەکان ناتوانرێـت لێپێچینەوەیـان لەگـەڵ بکرێـت، بـەڵام دەنگـدەران دەسـەڵاتی ئەوەیـان هەیـە بەپێـی ڕەفتارەکانیـان پاداشـت یـان سـزادانی سیاسـەتمەداران بـدەن و هەندێـک گۆڕانـکاری، لەوانـەش فراوانکردنـی خوێندنـی مەدەنـی و دەرفەتـەکان بـۆ خزمەتکردنـی نیشـتمانی، دەتوانرێـت بـە فەرمـی بخرێتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە.

دەبێـت "هنری کیسـنجەر" ڕای چـی بێـت لەسـەر دۆخێکـی وەهـا!؟ ئـەو سـەت سـاڵ ژیـا؛ کـەم کـەس هەیـە لـە سـەدەی بیسـتەمدا وەکـو ئـەو جـێ پەنجەیەکـی وای لـە مێـژووی جیهانـدا بەجێهێشـتبێت. کیسـنجەر لـە تەمەنـی سـەت سـاڵیدا لـە (٢٠٢٣) دا سـەردانی "چیـن" ی کـرد. هێشـتا تارمایـی بیروبۆچوونەکانـی کیسـنجەر بەسـەر پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـەوە، بەسـەر سیاسـەتی دەرەوەی ویلایەتـە یەکگرتوەکانـەوە دێـت و دەچێـت، بەتایبـەت ئـەو دیـدەی کیسـنجەر لـە حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوودا بـۆ ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هەیبـوو، هێشـتا هـەر بەردەوامـە:

کیسـینجەر ڕوانگەیەکـی جیـاواز لەمـەڕ پرسـی سـەرهەڵدانی چیـن دەگرێتەبـەر، بـەو پێیـەی پێیوایـە نابێـت چیـن وەک دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی تەماشـا بکرێـت، وەک وڵاتانـی ئەوروپـی کـە لـە سـەدەی ڕابـردوودا سـەریان هەڵـدا، چونکـە چیـن بـە قەوارەیەکـی شارسـتانی و زلهێزێکـی کیشـوەری هەمەلایەنـە دادەنرێـت و ئەمریـکاش وڵاتێکـە کـە ناسـنامەیەکی کولتـووری لـە ڕادەیەکـی فراوانـی کیشـوەریدا بەرجەسـتە دەکات. بۆیـە کیسـینجەر پێیوایـە پەیوەنـدی نێـوان چیـن و ئەمریـکا زۆر گرینگـە بـۆ گەیـشتن بـە

ئاشـتی و سـەقامگیری جیهانـی. سـەرکردەکان دەبـێ هەسـت بـەوە بکـەن کـە هیـچ کام لـە وڵاتـان ناتوانـن کـۆنترۆڵ و هەژموونـی خۆیـان بەسـەر ئـەوی دیکـەدا بسـەپێنن، ململانێـی نێوانیـان تەنیـا دەبێتـە هـۆی ماندووبوونـی گـەورەی کۆمەڵگاکانیـان، ئەمـە جگـە لـەوەی کـە چانسـی ئاشـتی جیهانـی تێکـدەدات (Abu Al-Khair، 2011).

بۆیـە، بـۆ هێورکردنـەوەی پشـێویی لـە ڕادەبـەدەری جیهانـی و گەڕاندنـەوەی هاوسـەنگی بـۆ سیسـتەمی نێودەوڵەتـی بەرپرسـیارێتییەکە دەکەوێتـە ئەسـتۆی سـەرکردە سیاسـییەکان کـە دەبێـت هـەوڵ بـدەن بۆئـەوەی جیهـان لـە مەترسـییەکانی ئـاژاوە و ململانـێ لـە قۆناغـە مێژووییەکانـی گواسـتنەوەدا بپارێـزن. لێـرەوە دەبێـت باسـەکە بـۆ تێگەیـشتن لـە داینامیکییەتـی بەریەککەوتنـی زلهێـزەکان و هەژموونـی چیـن لـە سـەدەی بیسـتو یەکـدا بگوێزینـەوە کـە لەبەشـی دووەمـی ئـەم کتێبـەدا دەخرێتـەڕوو.

# بەشی دووەم

## بەریەککەوتنی زلهێزەکان: هەژموونی ئەمریکاو چین لە سەدەی بیستو یەک

### ناساندن

شۆکێکی کەلتوریی لە ناوخۆدا دەبێتە هۆی ئامادەبوونێکی گەورە لە جیهاندا، ئەمە سەرەتای چیرۆکی کرانەوەو ئامادەبوونی "چین" ە لە دونیادا. داتاو فاکتە زۆرەکان ئاست و کاریگەریی نەرمە هێز و پڕۆژەی دەستپێشخەریی پشتێنەو ڕێگای چین لە ئاسیا بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی ڕوون دەکەنەوە. ئەم بەشە تیشک دەخاتە سەر گەشەکردنی بەرچاوی پەیوەندییە بازرگانی و ئابورییەکانی چین لەگەڵ ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو بەگشتی و، سعودییەو ئیمارات و قەتەر بەتایبەتی. پەیوەندییە ئابورییەکانی چین لەگەڵ ئیسرائیل زیاترە وەک لە ئێران؟ لە کاتێکدا ئێمە وامان بیستوە کە چین و ئێران لە بەرەیەکی ستراتیجی بەهێزدان. داتاکان و ئاستی پەیوەندییەکان ئەوە دەردەخات کە نەرمە هێزی چینی لە عێراقدا توانیویەتی بەسەر هێزی ڕەقی ئەمریکادا سەربکەوێت. دەتوانین بڵێین چین خۆی لە ململانێ ڕەگەزیی و تایەفییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لا دەدات و، هەوڵ دەدات هاوسەنگی بپارێزێت، لە لایەک پاڵپشتی عەرەبەکان دەکات و نایەوێ ئەوانی لەدەست بچێت، لەلایەکیش دەیەوێ بازاڕو وەبەرهێنانی خۆی لە ئیسرائیل لە زۆربەی بوارەکاندا بەرز ڕابگرێت. دەبێت بڵێین ئایا "دۆناڵد ترامپ" دەتوانێت چین بوەستێنێت؟ ئایا بۆچی دژە لیبراڵیزم و دژە ئەمریکایی بوون لە هەڵکشاندایە؟ لە کۆتاییدا، هێشتا ئەمریکا بەهێزە، بەڵام پێویستی بە وریایی زیاترە. ئاستی قووڵی جوگرافی و دیمۆگرافی و دامەزراوەیی ئەمریکا خۆڕاگرییەکی ناوازە بە وڵاتەکە دەبەخشێت. سیناریۆ بەهێزەکەی ئەم بەشە بۆ پێشبینیکردنی داهاتوو ئەوەیە ئەمریکا تاکە زلهێزێکی گەورەیە کە ڕکابەری ناوچەیی نییە، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی و زانکۆکانی و بڵاوکەرەوەکانی زاڵن

بەسـەر جیهانـدا. تەنانـەت ئەمریـکا باشتریـن بنەماکانـی هەیـە بـۆ گەشـەی ئابـووری داهاتـوو. ئەمـە بـە مەرجێـک ئەگـەر ویلایەتـە یەکگرتـوەکان دەسـت بـە بەهاکانـی دیموکراسـییەتی لیبراڵـەوە بگرێـت و، هاوپەیمانەکانـی تـووڕە نـەکات، لەنـاوەوەی ئەمریـکا دارمانـی فەرهەنگیـی و ئابوریـی نەبێتـە سـوپرایزێک بـۆ جیهـان.

**وشــە ســەرەکییەکان:** چیـن، نەرمـە هێـز، پـڕۆژەی دەستپێشـخەریی پشـتێنەو ڕێـگا، بریکـس، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، هەژموونـی ویلایەیـە یەکگرتـوەکان.

### ١.٢. پارادایمی گەشەی چینی: ئەمە چۆن هاتە ئاراوە؟

ئامادەبوونـی چیـن، وەک زلهێزێـک کـە دەخوازێـت سیسـتەمی تـاک جەمسـەریی جیهانـی نەهێڵێـت و بەشـداریيەکی کارای هەبێـت لـە ڕێکخسـتنەوە و بەڕێوەبردنـی پرسـە جیهانییەکانـدا، دیاردەیەکـی لەنـاکاو و نامـۆ نییـە، بـەو پێیـەی جیهـان بـە چەندیـن شـێواز ئـاگاداری ڕیفۆرمـە نێوخۆییەکانـی چیـن و بڵاوبوونـەوەی هەژموونـی چیـن بـووە؛ دوو دەیـە پێـش ئـەوەی چیـن ببێتـە زلهێزێکـی نکۆڵـی لێنەکـراو و کاڵای چینـی بـە نرخێکـی هـەرزان لـە هەمـوو کونجێکـی ئـەم جیهانـەدا بەرچـاو بێـت، نووسـەری ئوردونـی "ئیبراهیـم غەرایبـە" بابەتێکـی لەسـەر ماڵپـەری جەزیـرە لـە ئۆکتۆبـەری ٢٠٠٤ دا بـە ناونیشـانی "چیـن.. ئایـا دەگەڕێتـەوە بـۆ بـوون بـە زلهێزێکـی جیهانـی؟" بڵاوکردۆتـەوە و دەنووسـێت: "بـە پشـتبەستن بـە بنکـەی هێـزی ئابـووری و سـەربازی، پێدەچێـت چیـن بگەڕێتـەوە بـۆ زلهێزێکـی جیهانـی وەک چەنـد سـەدەیەک لەمەوبـەر و ڕەنگـە لـە چەنـد سـاڵی داهاتـوودا گەورەتریـن و گرنگتریـن ڕکابـەری ئەمریـکا بێـت، ئـەوەی بـە چـارەک سـەدەیەک بەدەسـتی هێنـاوە دەیکاتـە یەکـەم هێـزی ئابـووری لـە جیهانـدا، ژمـارەی دانیشـتووان و هێـزە سـەربازییەکەی کاندیـدی دەکات بـۆ پێگەیەکـی پێشـەنگ لـە جیهانـدا" (Gharaibeh، 2004).

بـە دڵنیاییـەوە، ئـەم ئامادەگییـە گـەورە جیهانییـە بـە بـێ ڕاچڵەکینێکـی ناوخۆیـی نەبـووە؛ دەکرێـت بڵێیـن یەکێـک لـە ئامـرازە گرینگەکانـی وەرچەرخانـی چیـن لـە ئاسـتی ناوخۆییـدا فاکتـەری کرانـەوەی کۆمەڵایەتـی بـووە، دواتـر ئەمـە بووەتـە شـۆکێکی کەلتوریـی و هەمـوو پنتەکانـی ژیانـی گرتۆتـەوە؛ ئەمـە گەردەلولـی چاکسـازیی بـوو کـە لـە ١٩٨٠ ەوە دەسـتی پێکـرد و سـەردەمی پێشـووی چینـی ڕامالـی؛ لـە سـەردەمی چاکسـازیدا، بەربەسـتە قورسـەکانی پێشـوو لەسـەر کۆمەڵـگا هەڵگیـرا، خەڵـک لـەم قۆناغـەی چینـدا ئازادتـر بـوون لـە کۆچکـردن بەسـەر پارێـزگاکان، تەنانـەت لـە دەرەوەی چینیـش چینییـەکان چـیتر پێویسـتیان بـە ڕەزامەنـدی دەوڵـەت نەمـا بـۆ دۆزینـەوەی کار و هاوسـەرگیری؛ ئـازادن لـە بەشـداریکردن و تەنانـەت بەشـداریکردنیان لـە چەندیـن کاری کات بەسـەربردن و خولیـا و هەڵبژاردنـی خۆیـان لـە مـۆدە دڵخـوازەکان.

بـە پێـی لیندسـای (٢٠٢٢) چیرۆکـی چیـن دەگمەنـە؛ گێڕانەوەکـە لـە کۆمەڵەیەکـی

بچووکی جووتیارانی برسی لە گوندی شیاوگانگ- Xiaogang دەستپێدەکات کە بەهۆی ژیانی کۆمەڵگەرایی و سۆشیالیزمەوە ژیانیان لەوپەڕی کۆڵەمەرگییدا بوو. ژیانێکی پڕ برسێتی وەها کە پێشووتر لە ساڵانی ١٩٥٠دا، نزیکەی ٤٠ چل ملیۆن کەس لە کاتی "برسێتییە گەورەکە" دا بەهۆی برسێتییەوە گیانیان لەدەستدا. لە ژێرسیستەمی بەکۆمەڵگەریدا، بەرهەمی جووتیاران لە بنەڕەتدا دەستیان بەسەردا گیرا، ئەمەش ناچاری دەکردن بە بەشەخۆراکی کەم بژین. هیچ هاندەرێک بۆ بەرهەمهێنان نەبوو. کاری قورس مرۆڤی برسیتر دەکرد. خراپ بەکارهێنان لەلایەن ئەوانەی سەروەت و سامان دابەش دەکەنەوە، خەمە ئابوورییەکانی زیاتر کرد:

دوای کۆچی دوایی ماو، پاش ماوەیەک پیاوێک بە ناوی " یان هۆنگچانگ- Yan Hongchang"، جێگری سەرۆکی تیمی کاری گوندی شیاوگانگ Xiaogang، بڕیاریدا گۆڕانکارییەکی بوێرانە ئەنجام بدات. لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨ دا، سەرۆکی هەژدە خێزانی جوتیار، بە نهێنی کۆبوونەوە و ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆ کرد؛ ئەم ڕێککەوتننامەیە ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەو هەژدە جوتیارە بڕیاریاندا ئیتر بە مۆدێلی هەرەوەزیی و کۆمەڵگەرایی کارنەکەن، واز لەوە بهێنن کە هەموویان پێکەوە ئەو زەوییانە بەڕێوە ببەن، بەڵکو لە نێوخۆیاندا زەوییەکان دابەش بکەن و پشکێک لە دانەوێڵەکانیان بدەن بە حکومەت و ئەوەی دیکەش بۆ خۆیان هەڵبگرنەوە؛ جووتیاران واژۆیان لەسەر بەڵگەنامەکە کرد و پەنجەمۆریان لێدا. بەم شێوەیە چاکسازی گوندنشینەکانی چین دەستی پێکرد و دوای ماوەیەکی کەم ئاستی بەرهەمهێنان بە خێرایی و بە ڕێژەی ٦٠٠٪ لەناوچە گوندنشینەکاندا گەشەی کرد (Figure: 1).

ئەگەرچی ئاشکرابوونی ڕێککەوتننامەکە بۆسەر گیانی جوتیارەکان مەترسیدار بوو، بەڵام تا دەهات ئەم دەنگۆیە گوندەکانی دەوروبەری دەتەنییەوە. بەڵام خۆشبەختانە سەرکردایەتیکردنی قۆناخەکە، کەوتە دەست سیاسەتمەدارو تیۆرسێن و سەرکردەی چینی دینگ شیاو بینگ (Deng Xiaoping- 邓小平) کە لە ماوەی سەرۆکایەتی وڵاتەکەیدا(لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨ بۆ ١٩٩٢) بە ئاڕاستەی ئابوری بازاڕ هەنگاوی نا. بەتایبەت کە شیاوپینگ سەرۆکایەتی حیزبی شیوعی چینی دوای شکستهێنانی لەهوا جیو فینگ

وەرگرت. شیاوپینگ، پێشبینیی ئەوەی هەبوو کە چین بۆ تەواوکردنی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن و کۆنترۆڵکردنی لایەنی سیاسی و ئابوری پێویستی بە نیو سەدەیە. ناوی شیاوبینگ ئاماژەیە بۆ ئەقڵە گەورەکەی کە لە پشت "چین ی ئەمڕۆ"وەیە، ئەو قۆناخی پاش "ماو"ی داهێناو ئەو سەرەتایەی دارِشت کە چین بێتە ناو دنیاوە.




واژۆکردنی گرێبەستی شیاوگانگ لە نێوان جوتیارەکاندا لە تابلۆیەکدا گیراوە. سەرچاوە (Linsay، J، D. 2022).

لەواقیعدا، دەکرێت هۆشیاریی خەڵک بۆ کۆمەڵێک هۆکار بگەڕێتەوە؛ لەسەرەتادا نیگەرانییە گەورەکانی هاووڵاتییان سەبارەت بە بەرژەوەندییە مادییەکانیان، پاشان باشتربوونی ئاستی ژیانیان و کەڵەکەبوونی سامانەکانیان، ڕووماڵکردنی زیاتری میدیایی لەسەر مافە یاساییەکانی خەڵک و هەوڵەکانی ئەم دواییەی دەوڵەت بۆ پاراستنی مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی هاووڵاتیان لە ڕێگەی هەموارکردنەوەی دەستوورەوە. جگە لەوەش، ئەگەری ئەوە هەیە هاووڵاتیان زیاتر هۆشیار بن لە "باشترین پەیڕەوکارییەکان" سەبارەت بە دەوڵەت کە چۆن مافەکانی هاووڵاتیان دەپارێزێت و دەستپێشخەرییەکانی هاووڵاتیان لە بەرگریکردن مافە ئابوورییەکانیان بەهەند وەردەگرێت. ئەم گۆڕانکارییە ئاماژەیە بۆ بەرزبوونەوەی هۆشیاری هەر

چینییـەک وەک هاووڵاتـی، بەشـداریی لـە پێگەیشـتنێکی بنەڕەتـی لـە کۆمەڵگـەی چینـی دا دەکات و بـەرە- بـەرە دەبێتـە بەشـێک لـە پرۆسـەکەدا و بەهـۆی زۆری ژمـارەی دانیشـتوان و گەشەسـەندنی سـەرمایەوە نۆرمێکـی نێودەوڵەتـی وەردەگرێـت.

بەدیاریکـراوی، وەکـو پرۆفیسـۆر هۆنگـی لای (٢٠١٠) لـە زانکـۆی نۆتینگهـام لایوایـە؛ ئـەوەی سـەبارەت بـە چیـن پەیوەسـتە بـە کرانـەوەی ئابوورییـەوە، لـە ڕاسـتییدا لـە کرانـەوەی کۆمەڵایەتییـەوە سـەرچاوەی گرتـوە. لـە سـاڵی (١٩٨٠) ەوە دەوڵـەت بـە یاسـا و دەسـتوور کشـتوکاڵی بەکۆمەڵـی هەڵوەشـاندەوە و چاکسـازی لـە کارگـە دەوڵەتییـەکان کـرد. لـە ئەنجامـی ئەمـەدا، هەرەوەزیـی یـان کۆمەڵگەرایـی دابەزینـی بەخۆیـەوە بینـی و دەستپێشـخەرییە ئابوورییـە تاکەکەسـییەکان بەرەوپێـش چـوون و هانـدران. هاندانـی دەوڵەتیـش بـۆ کارگـە تایبەتـەکان و سـەرهەڵدانی کارگـە تایبەتـەکان ڕەنگدانـەوەی تایبەتـی لای خاوەنـکارەکان درووسـت دەکات کـە لـە سـەردەمی ماوتیسـتۆنگ دا مۆدێلـی وەهـا قەدەغـە کراوبـوون. چینییـەکان حەزیـان لـە خۆشـگوزەرانی مـاددی-کەسـی و خێزانـی زیاتـرە کـە لـە سـەردەمی مـاودا کـەمتر هەیانبـوو.

دوای ئـەم ڕیفۆرمـە چینییـەکان زیاتـر هۆشـیار دەبنـەوە لـە مافـە یاسـاییەکانیان (بەتایبـەت مافـە ئابووریـی و کۆمەڵایەتییـەکان). ڕاپرسـییەکی بچووکـی نموونەیـی لـە نـاو پیشـە جیاوازەکانـی چینییەکانـەوە لـە سـاڵی ٢٠٠٥ تـا سـاڵی ٢٠٠٦ ئـەوە نیشـان دەدات کـە زیاتـر ٦٠ لەسـەدی خەڵکـی شـارەکان و لەسـەدا ٣٨ی گوندنشـینەکان ئـاگاداری ئـەوە بـوون کـە دەسـتوور موڵکـی تایبەتـی یاسـایی هاووڵاتیـان دەپارێزێـت، هەروەهـا لەسـەدا ٩٠ ی چینییەکانـی شـار و زیاتـر لـە سـەدا ٦٠ی کۆڵبـەران بـە دروسـتی پێیانوابـوو، دەسـتوور خزمەتێکـی زۆری کـرد بـۆ ڕێکخسـتنی دەسـەڵاتی دەوڵـەت و پاراسـتنی مافەکانـی هاووڵاتیـان (Lai. 2010).

ئیتر شـیاوبینگ وتەنـی "پشـیلە ڕەش بێـت یـان سـپی، گرینـگ نییـە، بـەو مەرجـەی مشـک بگرێـت"، چیـن هـەر چینـە و دەبـێ لـە ڕێگـەی زیادکردنـی بەرهەمـەوە گەشـە بـکات. ئابـووری چیـن لـە سـاڵی ١٩٨٠ەوە سـاڵانە بـە ڕێـژەی ١٠٪ گەشـەی کـردووە و وابەسـتەیی لـە نێـوان خـۆی و جیهانـی دەرەوەدا درووسـتکردووە . چیـن لـە سـاڵی ١٩٧٩ەوە دەسـتی بـە بەرنامەیەکـی ئابـووری کـردووە کـە پشـت بـە بنەمـای

کراوەیـی ئابـووری و ڕاکێشـانی وەبەرهێنـەران دەبەسـتێت؛ ئەمـە چـووە چوارچێـوەی وەرشـە و کارگـە بـۆ کۆمپانیاکانـی هۆنـگ کۆنـگ، تایـوان، ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، سـەنگافورە و ژاپـۆن. بەمجـۆرە تـا سـاڵی ٢٠٠٠، ئاسـتی ئـەو وەبەرهێنانـەی هاتبوونـە هۆنـگ کۆنـگ لـە چیـن نزیکـەی ١٧٥ ملیـار دۆلار بـوو کـە ١٩٠ هـەزار پـڕۆژەی وەبەرهێنانـی دەگرتـەوە. شـاری بچووکـی کشـتوکاڵی شـێنژێن (Shenzhen) کەوتـە سـەر پـێ کـە نزیکـەی چارەگـە ملیۆنێـک دانیشـتووی هەبـوو و دەکەوێتـە بەرانبـەر کەنارەکانـی هۆنـگ کۆنـگ، بـە پێشـوازیی لـە پـڕۆژەکان تاوەکـو لـە مـاوەی دوو دەیـەدا لەسـاڵی (٢٠٠٠) دا شـینژین بـوو بـە شـارێک کـە کێبڕکـێ لەگـەڵ هۆنـگ کۆنـگ دەکـرد و ژمـارەی دانیشـتوانەکەی نیـو ملیۆنـی تێپەڕانـد و هاتوچـۆ و ئاسـتی بـەرزی پیشەسـازیی و فرۆکەخانـەی بـۆ فەراهـەم بـوو (Gharaibeh، 2004).

چیـن لـە مـاوەی سـێ دەیـەدا، گەشـەی ئابـووری خێـرای خـۆی پاراسـت؛ لـە سـاڵی ١٩٧٨ەوە تـا سـاڵی ٢٠٠٨ بەرهەمـی ناوخۆیـی چیـن (GDP) بـە ڕێژەیەکـی خێـرا لەسـەدا ٩.٨٪ بـۆ ١٥٪ ی سـاڵانە گەشـەی کـردووە. لـە سـاڵی ١٩٩٣ تـا ٢٠٠٦ ڕێـژەی گەشـەی سـاڵانەی بەرهەمـی ناوخۆیـی چیـن لـە نێـوان لەسـەدا ٧.٦ ٪ بـۆ ١٤٪ بـووە. تێکـڕای گەشـەکردن بـە نزیکـەی لەسـەدا ١٠ بـووە (Lai، 2010، pp. 12-13).

ئابـووری چیـن لـە سـاڵی ٢٠٢٤دا بـە شـێوەیەکی بەهێـز دەسـتپێدەکات، گەشـەی بەرهەمـی ناوخۆیـی گشـتی ئامانجەکانـی گەشـەی سـاڵانەی تێپەڕانـدووە بەهـۆی ئـەدای بەهێـز لـە کەرتـی پیشەسـازی و خزمەتگوزارییـەکان. داتـای ئابووریـی چارەکـی کـە لەلایـەن نووسـینگەی نیشـتمانی ئامـارەوە بڵاودەکرێتـەوە، دەریدەخـات چەنـد بوارێکـی ئابـووری فـراوانتر بـووە، لەوانـە بەرهەمـی پیشەسـازی، فرۆشـتنی تاکەکەسـی و بازرگانـی دەرەکـی؛ ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە هەڵگرتنـی سـنووردارکردنی کۆڤیـد-١٩ ڕێگـەی دا چالاکییـە ئابوورییـەکان و بەکارهێنانـەکان چـاکتر ببنـەوە کـە بووەتـە هـۆی بەرزبوونـەوەی پێـوەرە ئابوورییـە جیـاوازەکان. بەمجـۆرە بەرهەمـی ناوخۆیـی چیـن لـە چارەکـی یەکەمـی سـاڵی ٢٠٢٤دا گەیشـتە ٢٩.٦٣ بیسـتو نـۆ تریلیـۆن و شەسـتو سـێ ملیـار یۆانـی چینـی (٤.١ چـوار تریلیـۆن و سـەت ملیـار دۆلاری ئەمریکـی). ئەمـەش بـەراورد بـە سـاڵی (٢٠٢٣) بـە ڕێـژەی ٥.٣٪ پێنـج پۆینـت

سێ لەسەد زیادیکردووە. هاوکات لە بواری پیشەسازییە خزمەتگوزارییەکاندا کە بریتین لە پیشەسازی گواستنەوەی زانیاری، نەرمەکاڵا و خزمەتگوزارییەکانی ئایتی کە بە ڕێژەی ١٣.٧٪ سیانزەو پۆینت حەوت لە سەدا لە چاو ساڵی ڕابردوودا زیادیکردووە، پیشەسازی بەکرێدان و خزمەتگوزارییە بازرگانییەکان کە بە ڕێژەی ١٠.٨٪ دە پۆینت هەشت لە سەدا لە چاو ساڵی پێشوتری زیادیکردووە، پیشەسازی گواستنەوە و کۆگا و پۆستە، پیشەسازی میوانداری و خواردن و خواردنەوە کە هەریەکەیان لە چاو ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەی ٧.٣٪ حەوت پۆینت سێ لە سەدا گەشەیان کردووە (China Briefing، 2024).

فێنگ وانگ (٢٠٢٤) لە کتێبەکەیدا کە ساڵی (٢٠٢٤) بەناونیشانی "سەردەمی زۆری چین: سەرهەڵدان، بەرزبوونەوە و لێکەوتەکانی- China's Age of Abundance: Origins، Ascendance، and Aftermath" بڵاوی کردۆتەوە، لەسەر بنەمای ئەو گۆڕانکارییە قووڵە ئابوورییەی ئێمە شاهیدی بووین، کلیک لەسەر ئەو سەرچاوە بنەڕەتیانەی کەمتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە دەکات. فێنگ لایوایە لە کاتێکدا چاکسازییە دامەزراوەییەکان و پەیوەندییە جیهانییەکان ڕۆڵی چارەنووسسازیان گێڕاوە، بەڵام ئەوەی بەڕاستی سووتەمەنی بوو بۆ سەرهەڵدانی ئابووری چین، وزە و داهێنەری سەرنجڕاکێشی گەلەکەی بوو، جەخت لەوە دەکاتەوە کە حکومەت ئەم وزە ناوەکییەی دروست نەکردووە؛ بەڵکو چاکسازی و کراوەیی تەنیا توانای شاراوەی ئازاد کرد:

لێکۆڵینەوەکەی فێنگ ڕووبەڕووی چیرۆکێکی پڕ وانە و سەرسوڕهێنەرمان دەکاتەوە؛ بەجۆرێک لەگەڵ قووڵبوونەوەیدا سەبارەت بە کۆتاییەکانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم، کاتێک چین لە لێواری بەرزبوونەوەی ئابووریدا دەلەرزی، دەرکەوتوە بۆ باشترکردنی ئاستی ژیان لەنێو دانیشتوانی بەرفراواندا خواستێکی گەرموگوڕ هەستپێکراوە، بە تایبەت ئەو ٨٠٪ هەشتا لەسەتەی کە لە ناوچە گوندنشینەکاندا دەژین.

هەمیشە سەرەتاکان گرینگن، بۆیە تێگەیشتن لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم بۆ "چین" گرینگە کە دەوڵەتەکە دەگاتە لێواری بەرزبوونەوەی ئابووری،

بیرکردنـەوە لـەو واقیعـە سەرسـوڕەێنەرەی زیاتـر لـە یـەک لەسـەر پێنجـی دانیشـتوانی جیهــان لەنــاو چینــدا ڕووبــەڕووی دەبوونــەوە، ســەرەڕای ئــەوەی تەندروســت و خوێنـدەوار بـوون، بـەڵام لـە لێـواری بژێـوی ژیانـدا دەلەرزیـن. ڕۆژگارێکـی سـەخت بـوو> چونکـە لەسـەردەمی کشـتوکاڵی بەکۆمـەڵ لـە سـاڵانی ١٩٥٠ دا تـا کۆتاییەکانـی حەفتـاکان خەڵکـی لـە مەینەتـی دا مانـەوە. سـەردەمێک کـە دانیشـتوانی شـارەکان تــا کۆتاییەکانــی حەفتــاکان ڕووبــەڕووی واقیعــی تونــدی کەمبوونــەوەی بەشــە خۆراکــی گۆشــت بوونەتــەوە، بەشــی هــەر تاکێــک لــە مانگێکــدا، تەنیــا چارەکــە کیلۆیـەک بـوو. لـە کاتێکـدا جووتیـاران مانگانـە کـەمتر لـە یـەک هێڵکەیـان هەبـوو، ئەویـش بـۆ تامکـردن. لـە کۆتاییەکانـی حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوودا، بـە تێکـڕا لــە هــەر ســێ دانیشــتوویەکی گوندنشــین تەنیــا یەکێکیــان توانــای کڕینــی تەنیــا یـەک جـووت پـێڵاوی هەبـوو بـۆ مـاوەی سـاڵێکی تـەواو. ئەمـە بۆیـە بیرکردنـەوە لـە ڕێـڕەوی ئابـووری چیـن تایبەتمەندیـی خـۆی هەیـە، ناتوانیـت بیـر لـەوە نەکەیتـەوە کــە داهاتــی سەرتاســەریيان ســاڵانە بــە ڕێژەیەکــی بەرچــاو لەســەدا ١٠ یــان زیاتــر بــەرز دەبێتــەوە، چونکــە پشــکی دانیشــتوانی شــارەکانیان لــە ســەدا ٣٠ بــۆ ٧٥ بەرزبووەتـەوە. هـەر بەڕاسـتی چیـن لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٩٠ و ٢٠٢٠دا گەشـتێکی بـەراوردکاری بەخۆیـەوە بینـی، داهاتـی سەرتاسـەری سـاڵانە بـە زیاتـر لـە سـەدا ١٠ پـەرەی سـەندووە، چونکـە پشـکی دانیشـتوانی شـارەکانی لـە خـوار لەسـەدا ٣٠ەوە بـۆ نزیکـەی لەسـەدا٧٠ بەرزبووەتـەوە. لەگـەڵ ئـەوەی چیـن وەک ژاپـۆن و کۆریـای باشــوور دوای بووژانــەوەی ئابوورییەکــەی ڕووبــەڕووی خاوبوونەوەیەکــی بەرچــاو بــووەوە لــە گەشــەی داهاتــدا (Wang، F. 2024).

چیــن لــە (٢٠٢٥) دا: هێنــدە بەرچــاو لــە ڕیزبەنــدی دووەمیــن ئابووریــی جیهــان و دیمەنــی ستراتیژیــی جیهانیــدا دەردەکەوێــت کــە تــا ڕادەیــەک پێشــینەی نەبــووە، ئەمــەش وای کــردووە لــەو وڵاتــە کــە هــەر گێژاوێکــی کۆمەڵایەتــی یــان سیاســی یــان حوکمڕانــی ڕوو دەدات، کاریگەرییەکــی گــەورەی لــە سەرانســەری جیهانــدا هەبێــت، هــەروەک وای لــە چیــن کــردووە ڕۆڵێکــی گرینــگتر لــە جیهانــدا بگێڕێــت (وەک ئــەوەی لـە چاپتـەری داهاتـووی ئـەم کتێبـەدا بـاس لـە ڕۆڵ و نێوەنگیرییەکانـی چیـن دەکەیـن، بەتایبــەت لــە نێــوان ســعودییەو ئێــران دا). بۆیــە لــە ڕاســتیدا چارەنووســی کۆمــاری

گەلـی چیـن هـەر چییـەک بێـت، بـە ناچـاری هەموومـان هەسـت بـە کاریگەریـی ئاڕاسـتە و ڕەفتـاری دەرەکـی ئـەو دەکەیـن لـە هـەر شـوێنێک بژییـن.

ئەگەرچـی هێشـتا هیـچ لێدوانێکـی فەرمـی نییـە لەسـەر ئـەوەی کـە "چیـن" دەیـەوێ ببێتـە تاکـە جەمسـەری بەهێـزی جیهـان و ئەمریـکا لـە گۆڕەپانەکـە بکاتـە دەرەوە. بەڵکـو چیـن هـەوڵ دەدات هاوبەشـیی ستراتیـژی لەگـەڵ ئـەو وڵاتانـەدا پـەرە پـێ بـدات کـە بتوانـن پشـتگیری لـە ئامانجـە جیۆپۆلەتیکییەکانـی بکـەن. بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەم ئامانجـەش، زیاتـر هـەوڵ دەدات پەیوەسـت بێـت لەگـەڵ ئـەو وڵاتانـەی کـە هـاوڕای بۆچوونـی چینـن سـەبارەت بـە پرسـە نێودەوڵەتییـەکان، وەک: سـەروەری، یەکپارچەیـی خـاک و فرەجەمسـەری.

هەروەهـا چیـن هـەوڵ دەدات کاریگەریـی خـۆی لـەو ناوچانـەدا زیـاد بـکات کـە پێگـەی گرنگـی ستراتیژیـی چیـن فـراوانتر دەکات، لـەم ڕووەشـەوە دەکرێـت عێـراق و کوردسـتانیش ببن بـە جێـی بایەخـی چیـن، بـەڵام هـەروەک (ڕۆبـەرت سـەتە) لـە کتێبەکەیـدا بـە نـاوی (پەیوەندییەکانـی دەرەوەی چیـن)دا دەڵێـت: (بەرپرسـانی حکومەتـی چیـن و بەشـێک لـە زانـا و پسـپۆڕانی چینـی و بیانـی جەخـت لـەوە دەکەنـەوە کـە ئەولەویەتەکانـی حکومەتـی چیـن بـە شـێوەیەکی بـاو جەخـت لـە سـەر ستراتیژییـەک دەکاتـەوە کـە کار بـۆ دابینکردنـی ئاشـتی و گەشـەپێدان دەکات بـە شـێوەیەک کـە بـۆ دەیـان سـاڵ بـەردەوام بێـت (Salih، R.R. 2024).

وەک دکتـۆر سـیڤان سـەعید باسـی دەکات هەڵکشـانی هەژموونـی چیـن بووەتـە دیفاکتۆیەکـی جیهانـی و کاری ڕاسـتەوخۆی خسـتۆتە سـەر سیسـتەمی تـاک جەمسـەریی دونیـا. بەڵگەشـی بـۆ ئـەوە سـاڵی ٢٠١٧ لە کۆنفرانسـی ئاسایشـی میونخ، وەزیـری دەرەوەی ڕووسـیا سـێرجی لاڤـرۆڤ گوتـی: ئیـدی سـەردەمی یـەک جەمسـەریی بەسـەرچووە. چیـدی ناتـۆ لـە بـن باڵـی ئەمریـکادا ناتوانێـت مانۆڕەکانـی خـۆی پێکبهێنـێ و هـەر دەوڵەتێـک ئـەو ویسـتی بێـزاری بـکات. بـە زمانێکـی دیکـە، واتـە کاتـی ئەوەیـە نەزمـی جیهانـی دیسـانەوە پێناسـە بکرێتـەوە. پشـتیوانی چیـن بـۆ ڕووسـیا و فراوانکـردن و بەهێزکردنـی بـەرەی وڵاتانـی (بریکـس)؛ ئەمریـکا و ڕۆژئـاوای جیهانـی خسـتە بـەردەم ئاڵەنگاریـی (تحدی)یەکـی نوێـوە. ئێسـتا گرووپـی بریکـس تەنیـا پێنـج وڵاتـی چیـن، ڕووسـیا، بەرازیـل،

هیندســتان و ئەفریقــای باشــوور نیــن. گروپەکــە ســاڵانە مــەزنتر دەبــن و پەیوەندییــە سیاســی، ئابوریــی و تەنانــەت سەربازییەکانیشــیان پتەوتــر دەکــەن.

لەپــاڵ بریکــس، هەروەهــا چیــن ســەرکردایەتیی ڕێکخــراوی هاریکاریــی شــانگهاییش دەکات کــە دیــارە هــەر ڕۆژ ئــەو ڕێکخــراوە لــە فراوانبــوون دایــە. وەک دکتــۆر ســیڤان دەیڵــێ؛ ئــەوە راســتە کــە ڕۆژ ئــاوای دونیــا بــاش دەزانــێ کــە ســەردەمی تاکجەمســەری بەســەر چــووە؛ بــەڵام نــە دەتوانــێ ئــەو راســتییە قبــوڵ بــکات و نــە دەشــتوانێ خــۆی بــۆ ئامــادە بــکات. ئــەم چەنــد ســاڵەی دەیــەی دووەمــی ســەدەی ٢١ تــا رادەیــەک لــە زەمانــی دوای جەنگــی دووەمــی جیهــان دەچــێ. دیــارە مەبەســت لــەو وەرچەرخانــی هێزەیــە کــە ئەمریــکای کــردە ســەروەر و بڕیاربەدەســتی دونیــا لــە دوای جەنگــی دووەمــی جیهــان لــە ١٩٤٥ەوە (Saed، S. 2023).

بــۆ ئێمــە گرنگــە لــە هاتنــی چیــن بــۆ دونیــا تێبگەیــن؛ ئەگــەر لــە ســەردەمی جەنگــی ســارد، چیــن گەیشــبێتە ڕزگاری و چەســپاندنی ســەربەخۆیی خــۆی، ئێســتا هــەوڵ دەدات توانــا سیاســی و ئابــووری و ســەربازییەکانی لــە زلهێزەکانــی دیکــە جیــای بکاتــەوە و بــۆ ئــەو ئاســتە بــەرز بکاتــەوە کــە بــە شایســتە و ئاســتی خــۆی دەزانێــت وەک دەوڵەتــی پێشــەنگ لــە ئاســیا. جەختکردنــەوەی چیــن لــە ســەر گەشــەپێدانی ئابــووری، دوو ستراتیــژی گــەورەی هەیــە:

یەکەمیــان، بەشــداریی چالاکانــە بکــەن لــە ئابووریــی جیهانیــدا، بۆئــەوەی بتوانــن زۆرتریــن دەستڕاگەیشــتنیان بــە ســامان و زانیــاری و دامــەزراوە کاریگەرەکانــی جیهــان هەبێــت. دووەمیــان: نزیکبوونــەوەی هەمــوو ئاڕاســتەکانە، بــە مەبەســتی دروســتکردنی کەشــێکی سیاســیی لەبــار بــۆ بازرگانیــی دەرەکــی و وەبەرهێنــان و بڵاوکردنــەوەی تەکنەلۆژیــای پێشــکەوتوو و شــارەزایی و کەمکردنــەوەی گرژییــە ســەربازییەکان.

چیــن پەیوەندییەکانــی لەگــەڵ وڵاتانــی دیکــە لــە ســەر بنەمــای تێکەڵەیــەک لــە ڕەچاوکردنــی ستراتیــژی، ئابــووری، سیاســی و کولتــووری بنیــات دەنێــت. زۆربــەی پەیوەندییەکانــی چیــن لەگــەڵ وڵاتــان لــە ســەر بنەمــای هێــزی نــەرم بنیــاد نــراون. هێــزی نــەرم چەمکێکــە لــە پەیوەندییــە نێودەوڵەتییــەکان کــە لــە لایــەن زانــای سیاســی (جۆزێــف نــای)ەوە داڕێــژراوە و ئاماژەیــە بــۆ توانــای وڵاتێــک بــۆ کاریگــەری دروســتکردن لــە ســەر

لایەنێـک یـان وڵاتێکـی دیکـە بـە ڕێگەیەک کە پشـت بـە زۆرداری و شـەڕانگێزی نابەسـتێت کـە خـۆی لـە بەکارهێنانـی هێـزی سـەربازی دەبینێتـەوە، تەنانەت تـا ڕادەیـەک ئابووریش. ئـەو ڕێگانـەی دەکرێـت لـە چوارچێـوەی هێـزی نەرمـدا بـەکار بهێنرێـن، بریتیـن لـە ڕێـگای کولتـووری و دیپلۆماسـی و بەهـا و سیاسـەت.

بـە بـڕوای (ڕای دالیـۆ)، شـێوازی بیرکردنـەوەی کۆنفۆشـیۆس کاریگەریـی لـە سـەر سیاسـەتی دەرەوەی چیـن هەیـە، دەیانەوێـت لـەم ڕێگـەوە چارەسـەرێک بـۆ ئـەو سەرلێشـێوان و ئاڵۆزییانـە بدۆزنـەوە کـە جیهانـی پێـدا تێدەپەڕێـت بـێ پشـتبەستن بـە بەکارهێنانـی توندوتیـژی و هێـزی سـەربازی. واتـە بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ چیـن دەیەوێـت بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان سـەرکردایەتیی جیهـان بـکات، بـەڵام بـێ بەکارهێنانی هێـز بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەخۆ (Salih، R، R. 2024). لەمـەوە ئـەو نیـازەی چیـنمان بـۆ دەردەکەوێـت کـە دەیەوێـت ببێـت بـە جێگـرەوەی ئەمەریـکا لـە سـەرکردایەتیی ڕێبازێکی نـوێ لـە جیهانـدا کـە تـا ئێسـتا بـە ڕوونـی پێشـانیان نـەداوە چـۆن ڕێبازێکـە، بـەڵام ئـەوەی دیـارە تاکـوو ئێسـتا ئەوەیـە؛ دەیانەوێـت لـە ڕێگـەی ئابـووری و کاریگەریـی کولتوورییـەوە ئـەم هەنـگاوە بنێـن و بـە شـێوەیەکی نیازپاکانـەش ئـەم هەنـگاوە دەنێـت و تـا ئێسـتا ڕوون نییـە، تـا چەنـد دەتوانـن لـە سـەر ئـەم ڕیتمـە هێمنـە بـەردەوام بـن.

دەتوانرێـت بوترێـت، تەنیـا لـە سـەر کات کەوتـووە بۆئـەوەی چینیـش هاوشـێوەی ئەمەریـکا دەسـت بـکات بـە بەکارهێنانـی هێـز بـۆ بەهێزکـردن و دەسـتگرتن بـە ئامادەیـی خـۆی لـە جیهانـدا، لـەم ڕێگەیەشـەوە بتوانێـت بەرژەوەندییەکانـی خـۆی بپارێزێـت. وادیـارە تێوەگلانـی چیـن لـەوەی ببێـت بـە هێزیکـی کاریگـەر لـە جیهانـدا تـا سـەر بـە شـێوەی ئاشـتییانە ناچێتـە سـەر، چونکـە تەنانـەت ئەگـەر چیـن خۆیشـی نیەتـی نەبێـت لـە بەکارهێنانـی هێـز، ئـەوا نیەتـی شـەڕانگێزیی نەیارەکانـی ناچـاری دەکـەن، دواجـار هێـز بـەکار بهێنێـت.

ئەگـەر بەرانبەرەکانـی چیـن بیانەوێـت بازرگانییەکـەی سـنووردار بکـەن (وەک ئـەو باجـە قورسـانەی ترەمـپ لـە ٢٠٢٥ دا سـەپاندی و دواتـر لێـی پەشـیمان بوویـەوە)، ئـەوا بژاردەیەکـی بەهێـزی دیکـەی چیـن هەیـە بـۆ شـێوازی مامەڵەکردنـی لەگـەڵ نرخـی ئاڵوگـۆڕی دراو، چیـن دەتوانێـت هەوڵـی وەڵامدانـەوەی بـاج و بەرگرییـە

بازرگانییەکانی ڕۆژئاوا بداتەوە بە ڕێگەدان بە دابەزینی بەهای دراوەکە، ئەمەش هاندان بۆ بەرزبوونەوەی زیاتری هەناردەکردنی کاڵا چینییەکان دروست دەکات. لەهەمان کاتدا زۆرێک لە وڵاتانی ئاسیان کە هەناردەکردنیان بۆ وڵاتانی گروپی حەوت-G7 پەرەپێدەدەن، خواستی وەبەرهێنانی "چین" یشیان هەیە؛ تایلەند بەو هیوایەی ببێتە ناوەندێکی گەشەسەندنی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل، هەوڵی داوە وەبەرهێنانی ئۆتۆمبێلی کارەبایی چینی ڕابکێشێت. ڤێتنام هاوکارییە ئابوورییەکانی لەگەڵ چین زیاد کرد بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان، بەرازیل و تورکیا سەرەڕای بەربەستەکانیان ئۆتۆمبێلی کارەبایی EVی چینی هاوردەدەکەن. لە کۆتاییدا ئەمریکا تاکە زلهێزی سەربازی جیهانە. خەرجییە سەربازییەکانی زیاتر دەکات لە چاو دە وڵاتی داهاتوو کە بە کۆی گشتی زۆرترین خەرجیان هەیە. هەروەها چین تاکە زلهێزی بەرهەمهێنەری جیهانە کە بەرهەمهێنانی زیاترە لە بەرهەمهێنانی نۆ گەورەترین بەرهەمهێنەری داهاتوو بە کۆی گشتی (Boullenois، C.، & Jordan، C. A. 2024).

لەوەش زیاتر، گەشەسەندنی هەنارده و وەبەرهێنانی چینی لە وڵاتانی ئابووری تازەپێگەیشتودا دەتوانێت پێچەوانەی مەترسیی بێت بۆ سەر گروپی حەوت. ستراتیژی ئەمریکا تا ئێستا هاندان و فشارخستنە سەر وڵاتانی سێیەم بووە بۆئەوەی خۆیان لە بەشداریکردنی چین لە زنجیرە ستراتیژییەکانی دابینکردندا بەدوور بگرن. یەکێتی ئەوروپا لە کاتێکدا زیاتر پێشوازی لە وەبەرهێنانەکانی چین دەکات، بەڵام دەتوانێت ئاگاداری هەمەچەشنکردنی ڕووکەش بێت کە پەرەسەندنی پشتبەستنی ناڕاستەوخۆ بە شتومەکی چینی دەشارێتەوە. با تۆزێک لۆژیک بین، تاکێکی ئەمریکی یان ئەوڕوپی، هەرچەندە هوشیار و دۆستی گەلەکەی خۆی بێت، ئایا شامپۆیەکی چینی بە دوو یۆرۆ دەکڕێت یان شامپۆیەکی وڵاتەکەی خۆی کە نرخەکەی دە یۆرۆیە؟ ئایا ئامادەیە ئۆتۆمبیلێکی مارسیدیسی ئەڵمانی یان گادیلاکێکی ئەمریکی بە سەت و بیست هەزار دۆلار بکڕێت، یان ئۆتۆمبیلێکی شاهانەی چینی مۆدێلی (٢٠٢٥) بە بەهای سی و پێنج هەزار دۆلار دەکڕێت؟ تۆ چێ دەڵێیت کە سەردانی "چین" بکەیت و ببینیت؛ ساڵانە بە بەردەوامی نزیکەی دوو ملیار پێڵاوی چینی هەناردەی ئەمریکا دەکرێت!

بۆیــە بەدڵنیاییــەوە، ئیــدارەی ئەمریــکا و کۆمەڵــەی (جــی-٧) بەربەســت درووســت دەکــەن لــە بــەردەم هەناردەکردنــی کاڵای چینــی دا؛ لایەنــی کــەم لەبەرئــەوەی چیــن کەرتــی پیشەســازیی ئەمریــکای داغانکــردووە و بێکارییەکــی زۆری بــۆ درووســتکردووە . ئــەوەش ڕەنگــە چیــن لــە داهاتــوودا ئەوەنــدە دەرفــەت نەدۆزێتــەوە بــۆ فراوانکردنــی هەناردەکردنەکانیــان بــۆ ئابوورییــە پێشــکەوتووەکان، بەتایبەتــی لــە کەرتــە ستراتیژییــەکان کــە بــە وەبەرهێنــان و شــتومەکی ســەرەکی چینییــەوە بەستراوەتــەوە. بەگشــتی، بەبــێ گۆڕانــکاری بەرچــاوی سیاســەتی ناوخۆیــی لەنــاو چیــن، یــان ســنووردارکردنی نوێــی بەرچــاو بــۆ بازرگانــی، ئەگــەری زۆرە ئابوورییــە گەشەســەندووەکان کورتهێنانــی بازرگانــی گەورەتــر لەگــەڵ چیــن بەڕێوەببــەن، ئەگەرچــی ئــەوان لــە هەمــان کاتــدا زیاتــر پشــت بــە مــاددە ســەرەکییەکانی چیــن دەبەســتن.

جێگــەی تێبینییــە کــە چیــن بەدرێژایــی هەوڵــە فراوانخوازییەکانــی، تەنیــا مامەڵــە لەگــەڵ حکومــەت و حیزبــە سیاســییەکان دەکات، بەتایبــەت لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، لــە باتــی ئــەوە پێویســتە شــێوازی هاندانەکانــی بــۆ ئاســتی نوخبــە و دامــەزراوە پەروەدەیــی و زانســتی و ئابورییەکانــی تــر فــراوان بــکات، وەکــو ئــەوەی وڵاتانــی خۆرئــاوا لــە پاڵپشــتیکردنی ڕێکخراوەکانــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی و داهێنــەرەکان و دامەزراوەکانــی توێژینــەوەدا کردویانــە و دەیکــەن، ئەمــە لێــرەدا بووەتــە خاڵێکــی دیکــەی لاواز کــە مامەڵەکانــی چیــن ڕووبــەڕووی ڕەخنــە دەکاتــەوە لــە ئاســتی دەرەوە.

## ٢.٢. پرۆژەی دەستپێشخەریی پشتێن و ڕێگا (BRI): تۆڕێکی چینی بۆ پێکەوە بەستنی جیهانی

**"ئەگەر دەتەوێ دەوڵەمەند ببیت، ڕێگایەک بوونیاد بنێ"**

**– وتەیەکی بەناوبانگی چینی-**

مرۆڤ لە کۆنەوە خووی بە گەشتکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و دامەزراندنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ گەلانی دراوسێ و بیرۆکەی ئاڵوگۆڕی کاڵاوە گرتووە. بەدرێژایی مێژوو، ڕێڕەوی گواستنەوە و ڕێڕەوی بازرگانی لە ناوچەی ئۆراسیادا دروستکراون کە بە تێپەڕبوونی کات پێکەوە گرێدراون بۆ ئەو شوێنەی ئەمڕۆ بە "ڕێگای ئاوریشم" یان "یەک پشتێنە..یەک ڕێگا " ناسراوە. ئەمانە ڕێگای وشکانی و دەریاین کە خەڵک لە هەموو جیهانەوە ئاوریشم و چەندین کاڵای دیکە لە ڕێگەیانەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن. ڕێگا دەریاییەکان بە بەشێکی بەرچاوی ئەم تۆڕە دادەنرێت، بەو پێیەی نوێنەرایەتی بەستەرێکیان کردووە کە ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی دەریاوە بە ڕۆژئاواوە دەبەستێتەوە، بە تایبەتی بۆ بازرگانی بەهارات بەکاردەهێنران، بەجۆرێک ناوە هاوبەشەکەیان ببوو بە "ڕێڕەوی بەهارات”.

لە بنچینەدا، ئاوریشم قوماشێکە لە سەردەمی کۆندا لە چینەوە هاتووە، وڵاتی ڕەسەنی خۆیەتی. ئاوریشم لە بەکارهێنانی بۆ دروستکردنی قوماش و پەردە و لافیتە و قوماشی بەنرخی تر بە بەرهەمێکی زۆر بەنرخ دادەنرا. وردەکارییەکانی بەرهەمهێنانی وەک نهێنییەک مایەوە کە چین بۆ ماوەی نزیکەی ٣ سێ هەزار ساڵ بە توندی پارێزگاری لێدەکرد؛ بەهۆی فەرمانە ئیمپراتۆرییەکانەوە کە سزای لەسێدارەدانیان بەسەر هەر کەسێکدا سەپاندبوو، بوێری ئەوەی هەبێت نهێنی بەرهەمهێنانی ئاوریشم بۆ کەسێکی نامۆ و بیانی ئاشکرا بکات (UNISCO. 2008).

ئەم تۆڕە بەرفراوانە نەک هەر کاڵای بەنرخیان لە خۆ گرتووە، بەڵکو لە سایەی جووڵەی بەردەوامی گەلان و تێکەڵبوونی بەردەوامیان کە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر مێژووی گەلانی ئۆراسیا هەبوو، ڕێگەیان بە گواستنەوەی زانست و بیرۆکە و کولتوور و بیروباوەڕەکانی نێوان شارستانییەتە جیاوازەکانیش دەدا. ئەوە تەنیا بازرگانی نەبوو کە گەشتیارانی بە درێژایی ڕێگای ئاوریشمدا ڕاکێشا، بەڵکو زیاتر ئەو پیتاندنی فیکری و کولتوورییە بوو کە لە شارەکانی تەنیشت ئەم

ڕێگایانەشــدا بــاو بــوو، تــا ئــەو ڕادەیــەی زۆرێــک لــەو شــارانە گــۆڕدران بــۆ ناوەنــدی فێربــوون و ڕۆشــنبیری. ئــەو کۆمەڵگایانــەی کــە بەدرێژایــی ئــەم ڕێگایانــە ژیانیــان دەکــرد، شــاهیدی ئاڵوگــۆڕ و بڵاوبوونــەوەی زانســت و هونــەر و ئــەدەب بــوون.

لــەو ڕۆژگارەدا، هەرچەنــدە بازرگانــی ئاوریشــم یەکێــک بــوو لــە یەکــەم پاڵنەرەکانــی دامەزراندنــی ڕێــڕەوی بازرگانــی لــە سەرانســەری ئاســیای ناوەڕاســتدا، بــەڵام ئاوریشــم تەنیا یەکێک بـوو لـەو بەرهەمـە زۆرانـەی لـە نێـوان ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا دەگوازرانـەوە، بەڵکــو چەندیــن کاڵای دیکــەی وەک قومــاش، بەهــارات، تــۆو، ســەوزە، میــوە، پێســتی ئــاژەڵ، ئامێــر، کاری دەســتی دار و کانــزا، پارچــەی ئایینــی و هونــەری، بــەردی بەنــرخ و چەندیــن شــتی تــر دەگوازرانــەوە. خواســت لەســەر ڕێــگا ئاوریشــمییەکان لێشــاوی گەشــتیارانی بــە درێژایــی ســەدەکانی ناوەڕاســت زیــاد کــرد و تــا ســەدەی نۆزدەهــەم لــە بەکارهێنانــی ئــەم ڕێگەیــەدا مانــەوە، ئەمــەش نــەک تەنیــا گەواهــی ئــەوە دەدا کــە توانــای جێبەجێکردنیــان نەبــووە، بەڵکــو نەرمــی و توانــای گونجاندنیــان لەگــەڵ گــۆڕان و پێداویســتییەکانی کۆمەڵگاشــدا هەیــە. چوونکــە ئــەم ڕێــگا بازرگانییانــە تەنیــا لــە یــەک هێڵــدا ســنووردار نەبــوون، بازرگانــان بــژاردەی زۆریــان هەبــوو لــە ڕێگــەی جیــاوازەوە کــە دەچنــە نــاو ناوچــە جیاوازەکانــی ئەوڕووپــای ڕۆژهــەڵات ، ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، ئاســیای ناوەڕاســت و ڕۆژهەڵاتــی دوور. جگەلــەوەی بــە ڕێــگا دەرياييەکانــدا کاڵاکان لــە چیــن و باشــووری ڕۆژهەڵاتــی ئاســیا لــە ڕێگــەی زەریــای هیندییــەوە بــەرەو ئەفریــکا و ڕۆژهەڵاتــی نزیــک ڕۆیشــتوون (Studium Generale، 2022، September 15).

بۆیــە، چینییــەکان بــە مەبەســتی هەســتانەوەیان و دەرکەوتنیــان وەکــو هێزێکــی جیهانــی گــەورە هەســتان بــە ڕاگەیاندنــی پڕۆژەیەکــی گــەورەی جیهانــی کــە ئەویــش "پــڕۆژەی ڕێگــەی ئاوریشــمی نوێ"یــە؛ ئەمــە لــە ســاڵی (٢٠١٣) لەلایــەن ســەرۆکی چیــن ڕاگەیانــدرا بەمەبەســتی زینــدوو کردنــەوەی ڕێگــەی ئاوریشــمی کــۆن، هەروەهــا بەســتنەوەی چیــن بــە ناوچەکانــی ئاسـیا و ئەوڕووپـا و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، ئەمـەش یەکدەگرێتــەوە لەگــەڵ ئــەو ڕوانینــەی چیــن بــۆ ســەدەی بیســت و یــەک هەیەتــی:

وا دیــارە، پــڕۆژەی ڕێگــەی ئاوریشــمی نــوێ لــە بنەڕەتــدا نوێکرنــەوەی ڕێگــەی ئاوریشــمی کۆنــە کــە لــە چینــەوە دەســتی پــێ دەکــرد بــەرەو باشــوور و ڕۆژهــەڵات

و ڕۆژئاوای ئاسیا، دواتر بۆ ناوچەکانی تری ئاسیا و ئەوڕووپا و ئەفریقا درێژ دەبووەوە، بیرۆکەی زیندوو کردنەوەی ڕێگەی ئاوریشمی نوێ بۆ سەرۆکی چین "شی جی بینغ- Xi Jinping " دەگەڕێتەوە کە لە سەردانێکی بۆ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست ئاماژەی بەوەدا "گرینگە کرانەوەیەکی گشتگیر هەبێت وەک شێوازێکی هاوچەرخی ڕێگەی ئاوریشم"، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت چینییەکان زۆر لە مێژە هەوڵ بۆ دووبارە بوونیاتنانەوەی ئەو ڕێگەیە دەدەن:

بەگشتی ڕاگەیاندنی پڕۆژەکە بە شێوەیەکی فەرمی دەگەڕێتەوە بۆ سێپتەمبەری ٢٠١٣ لە سەردانێکی سەرۆکی چین "شی جین بینگ" بۆ کازاخستان پشتێنەیەکی ئابووری هاوشێوەی ڕێگای کۆنی ئاوریشمی ڕاگەیاند، دوای مانگێک سەرۆکی چین لە ئەندەنووسیا ڕێگای ئاورشمی دەریایی ڕاگەیاند و ناوی لە پڕۆژەکان نا "یەک پشتێنە و یەک ڕێگا"، بنەمای ئەو بیرۆکەیە بۆ ئاسانکردنی بازرگانی لەگەڵ ٦٥ دەوڵەت کە زیاتر لە (٦٠٪) ی دانیشتوانی جیهان دەگرێتەوە، ئەویش بە ڕێگەی دامەزراندنی تۆڕێکی گەورەی گواستنەوەی (وشکانی، دەریایی، ئاسمانی، ژمارەیی)، بۆ ئەم مەبەستەش چین لە ساڵی (٢٠١٧) کۆربەندی یەکەمی پڕۆژەکەی لە پەکین گرێدا کە زیاتر لە (١٣٠) وڵات و سەرۆکی (٢٩) وڵات بەشدارییان لەو کۆربەندە کرد، دواتر لە ساڵی (٢٠١٩) کۆربەندی دووەمی پڕۆژەکە لە پەکین بەسترا بە بەشداری (٨٠) وڵات، لەدوای هاتنی ڤایرۆسی کرۆناش چین کۆربەندی هاریکاری نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی پڕۆژەکەی بەبەشداری (٢٥) وڵات بە شێوەی ڤیدیۆیی بەست (Mohammed. 2024).

لە ساڵی ٢٠١٣وە ئەم سیاسەتە ئابوورییە دەرەکییە بە فەرمی بە دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا ناوزەند کراوە، بەمەش بوو بە پڕۆژەیەکی واژۆکراوی ڕاستەقینە کە زیاتر سەرنجی وڵاتانی ڕۆژئاوای ڕاکێشا. ئیتر وڵاتانی جیهان ئەو تێگەیشتنەیان بۆ گەڵاڵەبوو کە چین وەبەرهێنان لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا دەکات و دەستیان کرد بە پرسیارکردن، ئایا ئەمە بیرۆکەیەکی چۆنە، لەکاتێکدا چین هەنگاوی هەڵگرتوە بۆ جێبەجێکردنی!؟ ڕەخنەگران دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگایان بە نیو-کۆلۆنیالیزم وەسف کرد، وەک کردەوەیەکی ستراتیژی بۆ بەرزکردنەوەی کاریگەری چین لە

دەرەوەی سنوورەکانی، یان وەک پلانێک بۆ تێکەڵکردنی وڵاتان لە قەرزدا کە دواجار ناچاریان دەکات خاک و سەروەت و سامانی ستراتیژییان ڕادەستی ئەو بکەن.

سەرهەڵدانی دەسەڵاتی جیۆپۆلەتیکی چین لەگەڵ سەرهەڵدانی دەسەڵاتی ئابوورییان تێکەڵ بووە. کاتێک بیر لە چین و ئابوورییەکەی دەکەینەوە، ڕەنگە هەموو جۆرە بەرهەمێکی هەرزان کە لە وێب شۆپی بەناوبانگی عەلی بابادا بانگەشەی بۆ دەکرێت، بێتە بەرچاومان. بێگومان وەک هەموو هاوکێشەکانی تر، ئەمیش ڕاستە. بەهۆی کەمی تێچووی کار و پابەندنەبوون بە ڕێساکان، چین بە "ناوەندی گەورەی بەرهەمهێنانی جیهان" ناسراوە، بەڵام ئەمە وێنەیەکی یەکلایەنەی ئابووری چینە، چین بەتایبەتی لەماوەی (٢٠٠٠- ٢٠٢٥) وەبەرهێنانی چڕ و پڕی لە ژێرخانی گشتیدا کردووە. ئەم جۆرە وەبەرهێنانانە دەستڕاگەیشتنی ئەویان بە بازاڕەکان بەرجەستەکرد، تێچووی بەرهەمهێنان و گواستنەوەیان کەمکردەوە، هەروەها ڕێگەی بە چین دا، هەم لە ئاستی ناوخۆیی و هەم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕکابەریی بکات. لە ڕاستییدا، پڕۆژەی ژێرخانی بەرفراوان یارمەتیدەرە بۆئەوەی هاووڵاتیان لە کاردا بمێننەوە، بۆ ئەمە چین بۆ گەیشتن بە ئاواتەکەی، پەندە باوەکەی خۆیان بیر هێنایەوە؛ "ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند بیت، سەرەتا ڕێگاکان دروست بکە؛ بۆیە گوندەکەت بەم شێوەیە بە جیهانی دەرەوە دەبەسترێتەوە" (Studium Generale، 2022، September 15).

چین، بەبەکارهێنانی هێزی نەرم ڕێگاکەی بوونیاد ناوەوە، ئامانجی سەرەکیی ئەم گەورە-پڕۆژەیە؛ پێشکەوتنی پەیوەندیی کیشوەرەکانی ئاسیا، ئەوروپا و ئەفەریقا و دەریاکانی دەوروبەریان، دروستکردن و بەهێزکردنی بەشداریی وڵاتانی سەر ڕێگەی پڕۆژەکەیە، لە هەمان کاتدا پەرەپێدانی هاوکاری لە نێوان وڵاتان بەدرێژایی ڕێگاکانی دەستپێشخەریی ڕێگاو پشتێن-BRI؛ بەمشێوەیە ئاسانکاری بۆ گەشەپێدانی بەردەوام و هاوسەنگ و یەکخستنە ئابوورییە جۆراوجۆرەکان دەکات. بە درێژایی ئەم ڕێگایانە چین سەرقاڵی پڕۆژەی سەوزکردن، وزەی نوێبووەوە، گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و ئامێرە کارەباییەکان، بازرگانی گواستنەوەی ئۆتۆمبیل بەهەموو جۆرەکانییەوە، گرێبەستەکانی وزە، تۆڕەکانی پەیوەندیی و وەبەرهێنانە:

لەنێــوان ســاڵەکانی ٢٠١٣ تــا ٢٠١٩، نزیکــەی ســێ هــەزار پــڕۆژە لــە ڕێــگای ئاوریشــمی نــوێ لــە بوارەکانــی دروســتکردنی ڕێــگا، وزە، پەیوەندییــەکان و ژێرخانــەکان بــە بەهــای نزیکــەی چــوار ترلیــۆن دۆلار دەســتی پێکــردووە. لــە ڕاســتیدا چیــن لــەم پڕۆژەیــەدا زیاتــر لــە حــەوت هێنــدەی خەرجیــی ئەمەریــکا بــۆ بنیاتنانــەوەی ئەوڕووپــا لەســەر پــڕۆژەی مارشــاڵ خــەرج دەکات. قەبــارەی بازرگانــی لــە نێــوان چیــن و وڵاتانــی ســەر ڕێــگای ئاوریشــمی نــوێ لــە نێــوان (٢٠١٣ بــۆ ٢٠١٨) دا زیاتــر لــە شــەش تریلیــۆن دۆلاربــووە، لــەم ماوەیــەدا ٢٤٤ هــەزار هەلــی کار بــۆ ئــەم ناوچــە فراوانــە درووســتبووە (Raeisinejad، A. 2022). لەگــەڵ ئەوەشــدا بەشــی ئــەم بوارانــە یەکســان نییــە. پڕۆژەکانــی گواســتنەوە هــەم زۆرتریــن و هــەم بەبەهاتریــن بەشــی پڕۆژەکانــی ڕێــگای ئاوریشــمی نــوێ لەخــۆ دەگرێــت. ئــەم نا-هاوســەنگیە گرینگــی پەیوەندییــە زەمینییــەکان و ڕێــڕەوە ترانزێتــەکان بــۆ وڵاتــی چیــن و وڵاتانــی ســەر ڕێــی ئاوریشــمی نــوێ دەردەخــات.

بەپێــی ڕاپۆرتــی ســەنتەری دارایــی و گەشــەپێدانی ســەوز لــە (٢٠٢٤) کــە پشــتی بــە ڕاگەیاندنــە فەرمییەکانــی چیــن بەســتوە؛ تــا مانگــی نیســانی ٢٠٢٣، بــە گشــتی ١٤٩ وڵات (بــە چینیشــەوە) بەڵگەنامەیــان واژۆ کــردووە بــۆ پەیوەســتبوون بــە دەستپێشــخەری پشــتێن و ڕێــگای چینــەوە. دوای دەیەیــەک لــە ڕاگەیاندنــی دەستپێشــخەری پشــتێن و ڕێــگا-BRI؛ لــە ســاڵی (٢٠٢٣) دا بەشــداریی وەبەرهێنانــی پڕۆژەکــە ١ یــەک تریلیــۆن دۆلاری تێپەڕانــد (١.٠٥٣ تریلیــۆن دۆلاری ئەمریکــی) کــە نزیکــەی ٦٣٤ ملیــار دۆلاری ئەمریکــی لــە گرێبەســتی بیناســازیدا بــوو، ٤١٩ ملیــار دۆلاری لــە وەبەرهێنانــی نــا- داراییــدا. دارایــی و وەبەرهێنانــی پــڕۆژەی پشــتێن و ڕێــگا لــە ســاڵی ٢٠٢٣ دا بەرزبووەتــەوە و نزیکــەی ٢١٢ گرێبەســت بــە بەهــای ٩٢.٤ ملیــار دۆلار بــە بــەراورد بــە نزیکــەی ٧٤.٥ حەفتــاو چــوار ملیــار و نیــو دۆلار لــە ســاڵی ٢٠٢٢دا. لــە ســاڵی ٢٠٢٣ بــە تایبەتــی بەرهەمهێنــان و گواســتنەوەی تەکنەلۆژیــا بــە ڕێــژەی ١٠٤٦٪ لــە ســەدا هــەزار و چــل و شــەش زیادیکــردووە ، کانــزا و کانــگاکان ١٥٨٪ گەشــەی کــردووە. هەروەهــا بەشــداریکردنی پەیوەندیــدار بــە پاترییــەکان گەیشــتۆتە نزیکــەی ٨هەشــت ملیـــار دۆلار (Nedopil Wang، C. 2024، February 5).

وەک لــە هەمــوو جێگەیەکــدا دەردەکەوێــت، کۆمپانیــا چینییــەکان بــە تونــدی وەبەرهێنــان لــە کانــزاکان و کانــگاکان دەکــەن، بــە تایبەتــی پەیوەندییــان بــە گواســتنەوەی وزەی ســەوزەوە هەیــە وەکــو ئۆتۆمبیلــە کارەباییــەکان و پاترییــەکان. لــە ڕاســتییدا کۆمپانیــا حکومییەکانــی چیــن بەشــێکی گــەورە لــە بودجــەی ئــەم پڕۆژانــە دابیــن دەکــەن. لەگــەڵ ئەوەشــدا چیــن چەندیــن بانکــی حکومیــی هەیــە، بــەڵام چــوار بانکیــان وەکــوو دابینکــەری ســەرەکیی ســەرچاوە داراییەکانــی پشــتێنە-ڕێــگان؛ ئــەم چــوار بانکــە بریتیــن لــە: بانکــی پیشەســازی و بازرگانیــی چیــن، بانکــی ئاوەدانکردنــەوەی چیــن، بانکــی کشــتوکاڵیی چیــن و بانکــی ناوەندیــی چیــن (Studium Generale، 2022، September 15).

دکتــۆر ئارەشــی ڕەئیســی نــەژاد، هۆشــداریی لــە بوونــی "تەڵــەی قــەرز" بەدرێژایــی ئــەم ڕێگایــە دەدات، بەجۆرێــک نەبوونــی شــەفافیەت لــە میکانیزمــی چۆنییەتــی گێڕانــەوەی قــەرزە قورســەکانی وڵاتانــی ســەر ڕێــگای ئاوریشــمی نــوێ بــۆ چیــن، بووەتــە پێشــەکییەک بــۆ دروســتبوونی دیپلۆماســییەتی تەڵــەی قــەرز! لــە ڕاســتیدا قورستریــن بــار ئەوەیــە کــە وڵاتانــی ســەر ڕێــگای ئاوریشــمی نــوێ تووشــی قــەرز دەکات و بــەم شــێوەیە ئــەوان گــرێ دەدات بــە خــاوەن قــەرزە چینییەکانــەوە. لەگــەڵ نەبوونــی شــەفافیەت لــە ناوەڕۆکــی ڕێککەوتننامــەکان، هەندێــک ڕاپــۆرت لەســەر گەندەڵــی لــە بەشــەکانی دارایــی، لیســتی پــڕۆژەکان، شــێوازی گەڕاندنــەوەی قــەرزەکان و گرینــگتر لــە هەمــووان قــەرزە قوورســەکانی وڵاتانــی ئەندامــی ئــەم پڕۆژەیــە لــە چیــن کــە بــە دیپلۆماســیی تەڵــەی قــەرز نــاسراوە! ئەمانــە دەکرێــت نموونــەی ئــەو ڕەخنانــە بــن کــە لــەم پڕۆژەیــە و لــە ئامانجــە شــاراوەکانی چیــن دەگیرێــن:

بــە بــڕوای ڕەئیســی نــەژاد، ئــەم دپلۆماســییەتە ئامــاژە بــۆ بارودۆخێــک دەکات کــە تیایــدا وڵاتــە پێشــکەوتووخوازەکان و پێشــینە وەرگــرەکان لــە وڵاتێکــی دەوڵەمەنــدی وەکــوو چیــن، توانــای گەڕاندنــەوەی قــەرزە درێژمەوداکانیــان نییــە و لــە بەرانبــەردا ناچــارن بەشــێک لــە وڵاتەکەیــان بەکــرێ بــدەن بــە خــاوەن قــەرز، ئەنجامەکەشــی نەمــان، یــان لانــی کــەم عەیبدارکردنــی ســەربەخۆیی و دەســەڵاتی ئــەو وڵاتانەیــە. بــۆ نموونــە وڵاتانــی وەکــوو ماڵدیــڤ، پاکســتان و مالیزیــا دوای کێشــەکانی حکومەتــی

سریلانـکا کـە توانـای پێدانـەوەی ئـەو قەرزانـەی نەبـوو کـە بەرهەمـی ئـەو پێشـینانە بــوو کــە وڵاتــی چیــن لــە چوارچێــوەی پــڕۆژەی پشــتێنە-ڕێگا پێــی دابــوو، لــە ئەنجامـدا بـە پێدانـی یەکێـک لـە بەندەرەکانـی خـۆی بـە وڵاتـی چیـن، چالاکییەکانـی خـۆی لـەم پڕۆژەیـەدا سـنووردار کـرد. بـۆ نموونـەی ئـەم دیپلۆماسـییەتی قـەرزە دەتوانیـن ئامـاژە بـە سریلانـکا، بەنـدەری هانبانتوتـا بکەیـن کـە بەرپرسـانی کۆلۆمبـۆ ناچـار کـران ئـەم بەنـدەرە ڕادەسـتی کۆمپانیـای حکومیـی چینـی "چاینامێرچانتـس" بکــەن، بــە پێــی گرێبەســتێکی کرێــی ٩٩ ســاڵە (Raeisinejad، A. 2022). کەواتــە دپلۆماسـییەتی قـەرز دەکرێـت بـە گرنگتریـن ڕەخنـەی سـەر گـەورە پـڕۆژەی ڕێـگای ئاوریشـمی نـوێ ئەژمـار بکرێـت.

بەدڵنیاییــەوە، دەســتپێکردن و بەردەوامییەکانــی پــڕۆژەی دەستپێشــخەری پشــتێن و ڕێــگا، خۆ-لێدانێکــی لەگــەڵ ڕۆژئــاوا دروســتکردووە . وڵاتانــی ڕۆژئــاوا بیــر لــەوە دەکەنـەوە: ئێسـتا چینییـەکان لـە هەمـوو جێگەیـەک وەبەرهێنـان دەکـەن، ئـەوە بـۆ ئێمـە چـی دەگەیەنێـت؟ ئایـا ئـەوە ئیمپریالیسـتی نییـە؟ یاخـوود پرسـیارێکی گرینـگتر ڕووبـەڕووی ئیـدارە یـەک لـەدوای یەکەکانـی ئۆبامـا و ترامـپ و بایـدن دەکەینـەوە: ئایـا لـە دوای قەیرانـی دارایـی جیهانییـەوە لـە (٢٠٠٨) ئـەوان چـی پڕۆژەیەکـی ئابوریـی-گلۆبالـی هاوشـێوەیان نەبـووە نیشـانی جیهانـی پێشـکەوتووی بـدەن؟ لایەنـی کـەم ئـەوەی ئیـدارەی ئەمریـکا لـە ڕووی ئابوریـی و داراییـەوە پێشکەشـی هاوپەیمانەکانـی دەکات زۆر لـەوە کـەمترە کـە چیـن بـۆ وەبەرهێنـان لەگـەڵ جیهانـی دەرەوە دەیـکات.

لەگــەڵ ئەمانەشــدا، کاریگــەری و کۆنترۆڵــی چینــی لــە وڵاتانــی تازەپێگەیشــتودا یادەوەرییەکانـی کۆلۆنیالیـزم وەبیـر دەهێنێتـەوە؛ کۆلۆنیالیـزم بـۆ ئێمـە نامـۆ نییـە. هەرچەنـدە ئێمـە ئـیتر باسـی کۆلۆنیالیـزم ناکەیـن، چوونکـە بەئاشـکرا دیـارە ئەوڕووپـا و ئەمریـکا لـە ئـان و سـاتی گرفتێکـی ناوخۆیـی قووڵـدان، ڕوون نییـە چ ستراتیژییەتێـک بــۆ ناوچــە جیاوازەکانــی دەرەوەی خۆیــان لــە جیهانێکــی پەرتــەوازەدا دەگرنەبــەر؟! لەگــەڵ ئەوەشــدا، وڵاتانــی ڕۆژئــاوا هێشــتا هــاوکاری گەشــەپێدان پێشــکەش بــەو وڵاتانــە دەکــەن کــە دەیانەوێــت بەهــا دیموکراســییە گرنگــەکان و مافــی مــرۆڤ بەرجەســتە بکــەن بــۆ ئــەم وڵاتانــە. ئــەوەی بــۆ "چیــن" جیــاوازە، ئەوەیــە چیــن

بــە پێچەوانــەی بانکــی نێودەوڵەتییــەوە، مەیلــی پێشکەشــکردنی قــەرزی هەیــە کــە بــە هیــچ مەرجێکــی سیاســییەوە نەبەسترێتــەوە. چیــن سیاســەتی دەســتوەرنەدان پەیــڕەو دەکات، چونکــە نایەوێــت لــە ڕووی سیاسـییەوە لەلایــەن وڵاتانــی دیکەشــەوە دەسـتوەردانی بکرێـت. بـە واتایەکـی تـر گۆڕانـکاری سیاسـی هەرگیـز مـەرج نییـە بـۆ وەبەرهێنانەکانــی چیــن. ئەمــە ئــەوە ناگەیەنێــت کــە چیــن بــێ مــەرج وەبەرهێنــان دەکات. چیـن بـەدوای قازانجـدا دەگەڕێـت و دەیەوێـت بگەڕێتـەوە سـەر وەبەرهێنـان لــە هــەر شــوێنێکی جیهــان بێــت.

دەستپێشـخەری پشـتێن و ڕێـگا لـە ڕێگـەی هێـزی نەرمـەوە نیشـان دەدات، چـۆن بەرژەوەنــدی ئابووریــی چیــن پەیوەندییــەکان و سیاســەتی دەرەوەی چیــن دەباتــە پێشــەوە. لــە کاتێکــدا دەستپێشــخەرییەکە لــە ســەرەتادا زیاتــر پاڵنەرێکــی ئابووریــی بــوو، ئێســتا ئێمــە کاریگەرییــە ستراتیژیــی و جیۆپۆلەتیکییــە زۆرەکانــی پەیوەســت بــەم پرۆژەیــە دەبینیــن.

لەئەنجامــدا، هێــزی نەرمــی چیــن کاریگــەری ناڕاســتەوخۆ و نا-ســەربازی کۆمــاری گەلـی چینـە کـە دەتوانرێـت لـە دەرەوەی وڵات و لـە سەرانسـەری جیهانـدا چاودێـری بکرێـت. ئـەم هێـزە نەرمـەی چیـن لـە گرینگیـدان بـە پەیوەندییەکانـی وزە و بازرگانییـەوە پەڕیوەتــەوە بــۆ چاندنــی پەیوەنــدی دوولایەنــە و فرەلایــەن لەگــەڵ دەوڵەتانــی ڕۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت لـە ڕێگـەی دەستپێشـخەری پشـتێن و ڕێـگاوە؛ لـەم نێوەندەشـدا دۆزینــەوەی بــازاڕ بــۆ کاڵاکان، وەبەرهێنــان، وزە نوێبــوەوەکان و هاریکاریــی ستراتیــژی فرەلایەنــە لــە پێشــینەدایە.

### ٣.٢. یەکتربڕینەکان: نەرمە هێزی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن کاردەکات؟

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە مێژە وەک مەیدانی تاقیکردنەوەی ستراتیژییە کێبڕکێکارەکانی زلهێزەکانە کە هەوڵی فراوانکردنی کاریگەرییەکانیان دەدەن. وەک دڵی وزەی جیهان- بە یەدەگی بەرفراوانی نەوت و گاز (لە بەشەکانی دواتردا بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت) ناوچەکە گرنگییەکی ستراتیژی هەیە. ئەمریکا بە شێوەیەکی نەریتی لە ڕێگەی تێکەڵەیەک لە ئامادەبوونی سەربازی و هاوپەیمانی ستراتیژی (بە تایبەتی لەگەڵ سعودیە و ئیسرائیل و ئیمارات) و سیستەمی پترۆ دۆلار هەژموونی خۆی پاراستووە. بەردەوامی جێگیرکردنی هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا وەک بەرپەرچدانەوەیەک بۆ گەشەسەندنی کاریگەرییە جیۆئابوورییەکانی چین کاردەکات. لە بەرانبەردا چین لە پێش و دوای کۆرۆنا ڤایرۆس گەورەترین هاوردەکاری وزەی کەنداوە، لە ڕێگەی گرێبەستی درێژخایەن و وەبەرهێنان لە ژێرخانەکان و هاوبەشی ستراتیژییەوە خۆی نزیک کردۆتەوە و بەدوای ئاسایشی وزە کەوتوە، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆی لە تێکەڵبوونی سەربازی بەدوور دەگرێت.

بەلای کەمەوە، فرە جەمسەری و ئۆتۆنۆمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە؛ وڵاتانی وەک سعودیە، ئیمارات، ئێران و تەنانەت تورکیا و قەتەریش سیاسەتی دەرەوەی خۆیان هەمەچەشن دەکەن، هاوسەنگی لە نێوان چین و ئەمریکا و زلهێزەکانی دیکەی وەک ڕووسیادا دروست دەکەن. زلهێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیتر پیاوی پاسیڤ نین، بەڵکو وەک پارێزەر و دەڵاڵی کاریگەر مامەڵە دەکەن، بۆ بەدەستهێنانی هێڵی کاریگەری و سەربەخۆیی کێبڕکێی هێزە گەورەکان دەقۆزنەوە. ئەمە بابەتێکی گرینگ و یەکلاکەرەوەیە، بەتایبەتی لە ڕووی تەکنەلۆژیا و بازاڕی داراییەوە. بە ڕاشکاویی دەبێت هەمیشە ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکەین: ئەمە ململانێ و شەڕێکی ئایدیۆلۆژی نییە لە نێوان لیبراڵ دیموکراسی و کۆمۆنیزم، یان دیموکراسی و پاوانخوازی؛ بەڵکو ئەمە بەتەواوەتی بە بابەتی "هاوسەنگی هێز-Balance of Power"ەوە پەیوەستە:

ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئینتەرنێت و نۆرمەکانی تەکنەلۆژیای لیبراڵ بەرەوپێش دەبات. لەبەرانبەردا چین پاوانخوازی دیجیتاڵی هەناردە دەکات و ئامرازەکانی چاودێریکردن، کۆنترۆڵکردنی داتا و سانسۆر پێشکەش دەکات،

ئەمــەش بــۆ زۆرێــک لــە ڕژێمــە خۆســەپێنەکانی ناوچەکــە سەرنجڕاکێشــە و پێویســتیان پێیەتــی. بەمجــۆرە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت تەنیــا پێگەیەکــی جیۆ-ستراتیژیــی نییــە بــۆ بەریەککەوتنــی زلهێــزەکان، بەڵکــو لــە داهاتــووداو دەبێتــە تاقیگەیــەک بــۆ بــەرز-ڕاگرتنــی توانــای دیجیتاڵیــی، لــەم ڕێگەیەشــەوە کۆنترۆڵکردنــی دەوڵــەت و دەســتەڵاتەکان دەبێتــە مۆدێلێکــی دیــار. بەتایبەتــی کەنــداو خاڵێکــی ســەرەکییە لــە ســەرهەڵدانی کێبڕکێیــەک کــە داهاتــووی دارایــی جیهانــی دیــاری دەکات.

لــە ڕاســتیدا کــەم چەمــک لــە زانســتی پەیوەندییــە نێودەوڵەتییەکانــدا هەیــە، بــە تونــدی وەک چەمکــی هێــزی نــەرم (Soft Power) و هێــزی زیــرەک (Smart Power) و تێرامــان لــە ئەنجامەکەیــان، تــاوەرە بەرزەکانــی ئەکادیمیــای ئاوهــا تێپەڕانــد بێــت. پلەبەنــدی "هێــزی نــەرم" لــە مشــتومڕە زانســتییەکان ســەبارەت بــە کاروبــاری دەرەوە بــە شــێوەیەکی بەرچــاو بەرزبووەتــەوە؛ بەبەردەوامــی چەمکەکانــی هێــزی نــەرم و هێــزی زیــرەک لــە ڕۆژنامــە پێشــەنگەکان و گۆڤــارە بەناوبانگەکانــدا لــە بابەتەکانــی کاروبــاری دەرەوەدا دیــار بــوون و بوونەتــە جێگــەی ســەرنجی بڕیاردەرانــی پێشــەنگ لــە سەرانســەری جیهانــدا، چــی لــە پشــت ئەمــەوە وەســتاوە؟ ڕۆژانــە هێــزی نــەرم بۆتــە شــێوازێکی بنەڕەتــی لــە ڕاکێشــانی هۆشــی خەڵــك و بەخشــینی ســۆز و بێلایەنــی ئــاکاری گــەلان، ئــەوەش لــە ڕێــگای لێبوردەیــی و قەبوڵکردنــی بەرانبــەر کــە دەبێتــە هــۆی زیادبوونــی گرنگــی هێــزی نــەرم و جۆراوجۆرکردنــی ئاراســتە و شــێوازەکانی و دوورکەوتنــەوە لــە هێــزە کلاســیکییەکە کــە نوێنەرایەتــی دەســتەڵات دەکات:

بــۆ یەکەمیــن جــار، جۆزیــف نــای (Joseph S. Nye jr) جەنەڕاڵــی خانەنشــینکراوی ئەمریکــی و مامۆســتای زانکــۆ لــە زانکــۆی هارڤــارد زاراوەی "نەرمــە هێــز یــان هێــزی نــەرم"ی بەکارهێنــا. نــای، جیــاوازی لــە نێــوان دوو جــۆر دەســەڵاتدا دەکات: هێــزی ســەخت یــان ڕەق (Hard Power) "بریتییــە لــەو توانایــە، تــۆ وا بکەیــت ئەوانــی دیکــە بــە شــێوەیەک مامەڵــە بکــەن کــە پێچەوانــەی ئــارەزوو و ستراتیژییــە ســەرەتاییەکانی خۆیــان بێــت (Nye، 2011، p.11)، ئەمــەش توانــای زۆرەملێکردنــە، لــە ڕێگــەی هەڕەشــە و هاندان.

بــە پێچەوانــەوە، هێــزی نــەرم (Soft Power) توانــای ئەوەیــە ئەوانــی دیکــە ئــەو دەرەنجامانەیــان بوێــت کــە تــۆ دەتەوێــت، بــە تایبەتیتر توانــای گەیــشتن بــە ئامانجــەکان لە

ڕێگەی سەرنجڕاکێشانەوە نەک بە زۆرکردن. جۆزیف نای پێشنیارێکی دیکەشی هەیە و هێزی زیرەک (Smart Power) وەک هاوسەنگییەک لە نێوان هێزی ڕەق و نەرم دا دەناسێنێت و دەڵێت؛ هێزی نەرم لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەقەد هێزی ڕەق گرنگە و لەوەش زیاتر. لەڕاستیدا هێزی نەرم، بە بەکارهێنانی ڕازیکردن و ڕاکێشان، گۆڕینی ڕەفتار لە کەسانی دیکەدا، بەبێ کێبڕکێ و ململانێ، ئیشی خۆی دەکات. هێزی نەرم دەتوانێت بە شێوەیەکی نا-ڕاستەوخۆ کار لە داڕشتنی ژینگەیەک بۆ سیاسەت بکات، بەڵام هەندێکجار ساڵانێکی زۆری دەوێت تا "هێزی نەرم" بەرهەم بێت (Nye، 2004).

لەڕاستییدا، زۆربەی جەختکردنەوەکانی ئێستا لەسەر هێزی نەرم کاردانەوەیە بەرانبەر بە نەریتێکی درێژخایەنی بڕیاردان کە گرینگییەکانی هێزی نەرمی پشتگوێ خستووە و زۆر پشتی بە هێزی ڕەق بەستووە (ئەنجامە ئازاربەخشەکانی جەنگی ئەفغانستان و عێراق باشترین نموونەن)، بۆیە لەم ڕووەوە گەورەترین کاریگەری کە نەتەوەیەک دەتوانێت بەدەستی بهێنێت، لە ڕێگەی هەندێک هەمەچەشنکردنی گونجاو لە نێوان سەرچاوەکانی هێزی نەرم و ڕەقدا بەدەست دێت(Nye، 2005). لە کاتێکدا ئەم گونجاندن و هەمەچەشنکردنە لە نێوان سەرچاوەکانی هێزی سەخت و هێزی نەرم دا هەمیشە ستراتیژییەکی باڵای سەلماندووە کە بۆ جیهانی ئێستا و داهاتوودا گرینگترە.

لە ڕاستیدا ئەو گۆڕانکارییانەی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا کە لە پێشووتر ئاماژەیان پێکرا، ئەوە پیشان دەدەن؛ دۆخەکە خەریکە دەبێتە نەزمێکی جیهانی ئاڵۆز و ئاڵۆزتر کە تێیدا هێزە دڕندەکانی دەسەڵاتی ڕەق بەراورد بە هێزی نەرم ماهییەتیان کەمبووەتەوە. جیهانێکی وا شڵەژاو بۆ باشترکردنی کاریگەرییەکان لە سیاسەتی جیهانیدا پێویستی بە ستراتیژی زۆر جیاواز هەیە؛ پێویستی بە تیۆرێکی کۆسمۆپۆلیتیی دەسەڵات هەیە کە زۆر زیاتر لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت (کۆزمۆپۆڵەتیک: واتە شتەکان یەک بەهاو شێوەی جیهانیی هاوبەشیان هەبێت).

دیدگای کلاسیکیی بۆ "هێز" کە لە نێو زانایانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا زاڵ بووە، دیدێکی ڕیالیستی بووە، بەتایبەت لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانییەوە، ڕیالیستەکان مەیلیان هەبووە پشتگیری لە چەمکێکی سەختی دەسەڵات و "هێزی

ڕەق" بکـەن کـە لـە دەوری بیرۆکـەی بەکارهێنانـی "سـەرچاوەی مـاددی" گـەلان بـۆ کاریگەریکـردن لەسـەر گەلانـی دیکـەدا خـۆی دەبینێتـەوە.

هێـزی نـەرم، بەگشـتی خـۆی لـە ململانێـی تونـدی بەرژەوەندییـەکان دەپارێزێـت وەک لـە ڕووخسـاری دووەم و سـێیەمی دەسـەڵاتدا هاتـووە. ئەمـەش بـە ڕوونـی لـە بەکارهێنانـی بیرۆکەکـە لەلایـەن جۆزیـف نـای لـە چوارچێـوەی بریتـۆن وۆدزدا ببینرێـت. لێکدانـەوەی خـۆی بـۆ دامەزراوەکانـی بریتـۆن وۆدز جیاوازییەکـی زۆری هەیـە لەگـەڵ تێڕامانــە نیومارکسیســتەکان بــۆ ئــەم جــۆرە دامەزراوانــە، وەک شــێوازی هەژموونــی ســەرمایەداری، بــەو پێیــەی نیومارکسیســتەکان ئــەم دامەزراوانــە وەک خوڵقێنــەری هۆشـیارییەکی سـاختە لـە نێـوان گەلانـی گەشەسـەندوودا دەبینـن (Nye، 2004). ئـەم پرسـە ڕەنگدانـەوەی جیابوونەوەیەکـی بنەڕەتییـە لـە دیـدگای نـای کـە بنەمـا لیبراڵەکانـی پەیوەندییـە ئابوورییـەکان بـە قازانجێکـی ڕاسـتەقینە بـۆ هەمـوو گـەلان دەبینێـت، لێـرەدا مەبەسـتی جۆزیـف نـای ئەوەیـە کـە؛ هانـدان و بـە کۆمەڵایەتیکردنـی گەلانـی کـەم گەشەسـەندوو بـۆ نـاو شـێوازی لیبراڵ-سـەرمایەداری هۆشـیارییەکی سـاختە نییـە، بەڵکـو نوێنەرایەتـی ئاسـانکارییەکی ڕاسـتەقینەی بەرژەوەندییـە بابەتییەکانیـان دەکات.

لەئەنجامــدا، تاقیکردنەوەکانــی مێــژووی هاوچــەرخ جەخــت لــەوە دەکاتــەوە، بەکارهێنانــی هێــزی ڕەق وەکــو دەســتتێوەردانی ســەربازی بــۆ چارەســەرکردنی ململانێـکان هەرگیـز لـەلای ڕای گشـتی جیهانـی قەبوڵکـراو نەبـووە و ئەنجامەکانیشـی کارەســات ئامێــز و بــە جۆرێــك لــە جــۆرەکان نــا- ئەخلاقــی دەردەکەوێــت.

ئـەوەی تێـی دەگەیـن، ئەوەیـە هێـزی نـەرم چەمکێکـی نوێـی بـواری پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانــە، ئــەو جــۆرە لــە هێــزە کــە بــێ بەکارهێنانــی ئامــرازی ســەربازی و خۆســەپێنی، دەوڵەتــان لــە ڕێگــەی مامەڵــەی دیبلۆماســی، کەلتوریــی، ئابوریــی و سەرنجڕاکێشـانی یەکدییـەوە لـە پێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانیـان و فراوانکردنـی هەژموونیـان لـە سـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی پەیـڕەوی لێدەکـەن. نەرمـە هێـز لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکاوە سـەری هەڵـداوە، بـەڵام چیـن یەکێکـە لـەو دەوڵەتانــەی ســوودێکی زۆری لــەم چەمکــە وەرگرتــووە، بــە تایبــەت ئەوەنــدەی پەیوەندیـی بـە خزمەتکردنـی سیاسـەتی دەرەکـی و بـواری ئابـووری و کولتوورییـەوە

هەیـە، لەوێـدا چیـن بەرژەوەندییەکـی ستراتیجیـی گـەورەی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا هەیـە؛ وەک هێزێکـی ئابـووری بـەدوای دەستخسـتنی وزە و بـازاڕی فراوانـدا دەگەڕێـت بـۆ فرۆشـتنی بەرهەمـە زۆرەکانـی، لـەم پێنـاوەدا هێـزی نەرمـی خسـتووەتە خزمـەت بەدیهێنانـــی ئامانجـــە ئابـــووری و سیاســـییەکانی و ناوچەکەشـــی کردۆتـــە بازاڕێکـــی گـەورە بـۆ کاڵاکانـی خـۆی. بۆیـە لـە هەوڵێکـی بەردەوامدایـە، تـا زۆرتریـن بـڕی "نـەوت"ی دەسـت بکەوێـت و بتوانێـت بگاتـە ئـەو بازاڕانـە و ڕکابـەری لەگـەڵ زلهێـزە ئابوورییەکانـی تـر بـکات.

ئایـا هەژموونـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لەڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەژێـر پرسـیاردایە؟ ڕووسـیا و چیـن ئەوەیـان نەشـاردووەتەوە کـە دەسـتێوەردان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە گرنگتریـن ستراتیژییەکانیانـە. ڕووسـیا بـووە هـۆکاری ئـەوەی ڕژێمـی "بەشـار ئەسـەد" لەسـەر دەسـەڵات (٢٠١٠ تاوەکـو کۆتایـی ٢٠٢٤) بمێنێتـەوە کـە ئەمـە دژی ئامانجەکانـی ئەمریـکا بـوو. ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی دووبـارە ڕووسـیا بتوانێـت بـە هێـزەوە بگەڕێتـەوە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و شـوێنپێی خـۆی لەڕۆژهەڵاتـی دەریـای سـپی، بەتایبـەت لـە سـووریا دابکوتێـت. بابزانیـن "چیـن" لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت چـی دەکات:

### ١.٣.٢. عێراق: هێزی نەرمی چینی بەسەر هێزی ڕەقی ئەمریکییدا سەرکەوت

ساڵی (٢٠٠٣)، کاتێک واشنتۆن بە بیانووی لەناوبردنی چەکی کۆمەڵکوژ بە بێ مۆڵەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هێرشی کردە سەر عێراق، ئامانجی سەرەکی ئەو وڵاتە، سەپاندنی هەژموونی خۆی بوو بەسەر عێراقدا، ئیستغلالکردنی یەدەگی نەوت و کۆنترۆڵکردنی ڕێککەوتنەکانی ئاوەدانکردنەوە بوو. لە پەراوێزی ئەو ئامانجانەشدا واشنتۆن هەوڵیدا "ڕژێمێکی دیموکراسی" دڵسۆز بۆ عێراق دابمەزرێنێت، بەڵام دواتر هەڵبژاردنەکانی عێراق سیستەمێکی تائیفی شێواوی بەرهەمهێنا، لەسەر بنەمای ئەوەی بە "بەشبەشێنە" ناسراوە هاتەئاراوە کە دابەشکردنی دەسەڵاتە لە نێوان شیعەکان، سوننە، و کورد. لایەنە شیعەکان و میلیشیا چەکدارەکانیان کە دڵسۆز بوون بۆ ئێران زاڵ بوون بەسەر بڕبڕەی پشتی دەسەڵاتدا، گەندەڵی بڵاوبووەوە و دۆخی ئەمنی تێکچوو و عێراق بە ناڕاستەوخۆ بوو بە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی واشنتۆن و تاران، دوای دوو دەیە لە ڕووخانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکەی سەددام حوسەین عێراق بووەتە سەرچاوەیەک بۆ گەندەڵی و پێشێلکردنی یاسا کە لە ناوخۆدا هێزە سیاسییەکان متمانەی هاووڵاتیانیان لەدەستداوە، هەروەها بۆ کۆی ناوچەکە بۆتە پێگەیەکی مەترسیداری بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر! ڕەنگە ئەمە کۆی چیرۆکەکە بێت، بەڵام بە داتا بەراوردکارییەکە ڕۆشنتر دێتە پێش چاو:

واشنتۆن لە ساڵی (٢٠١١)ەوە ئامادەیی سەربازی و ئابووریی خۆی کەمکردووەتەوە بەهۆی زیانەکانی کە زیاتر لە دوو تریلیۆن دۆلار بووە. ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەمریکا لەگەڵ عێراق لە (١٥) ملیار دۆلارەوە لە ساڵی (٢٠١٤) بۆ (٨.٤) هەشت ملیارو چوارسەت ملیۆن دۆلار لە ساڵی (٢٠١٩) دابەزیوە (Anadolu agency، 2023). بە پێی نووسینگەی نوێنەرایەتی بازرگانی ئەمریکا (USTR) هەناردەی کاڵای ئەمریکی بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠٢٣ دا (٢.٣) دوو ملیار و سێ سەت ملیۆن دۆلار بووە (USTR، 2024).

لە ساڵی ٢٠١١ەوە ئەمریکا ناچار بوو وردە وردە لە عێراق بکشێتەوە، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی تێکچوونی دۆخی ئەمنی و بەرکەوتنی زیانی مرۆیی و ماددی، هاوکات لەگەڵ کشانەوەی کۆمپانیا نەوتییە ئەمریکی و ڕۆژئاواییەکان بە هەمان هۆکار. بەڵام

لەو ماوەیەدا کەمکردنەوەی ئاستی سەربازی و بازرگانیی ئەمریکییەکان لە عێراق بۆشاییەکی ئەمنی و ئابووری بەجێهێشت، بۆیە "چین" بە خێرایی پڕیکردەوە و دەرفەتی چوونە ناو پێنجەم گەورەترین یەدەگی نەوتی سەلمێنراوی جیهان و دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری ئۆپیکی قۆستەوە. لە ماوەی چەند ساڵێکدا چین بووە یەکەم هاوبەشی بازرگانی عێراق کە لە بەرانبەردا بووە گەورەترین هاوبەشی عێراق لە ناوچەکەدا، هەروەها عێراق بووەتە سێهەم دابینکەری نەوت بۆ چین لە دوای سعودیە و ڕووسیا. پەیوەندییە بەهێزەکەی چین لەگەڵ عێراق دا ئەوەندە بە خێرایی گەشەی کردووە کە قەبارەی بازرگانی پەکین لەگەڵ عێراق لە ساڵی ٢٠٢٢ بۆ (٥٣) ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە و بووە یەکەم هاوبەشی بازرگانی عێراق لەناوچەکەدا (Anadolu agency، 2023). هێشتا ئەمە کۆی مەسەلەکە نییە:

لە ساڵی ٢٠١٩ چین لەگەڵ عێراق ڕێککەوت لەسەر چالاککردنی پرۆگرامی "نەوت بۆ ئاوەدانکردنەوە"، بەپێی ئەو پرۆگرامەش دەیان کۆمپانیای چینی بەڵێنیان دا، کار لە ژێرخانی عێراقدا کاربکەن. بۆ نموونە کۆمپانیا چینییەکان بەڵێنیان دا هەزار قوتابخانە لە عێراق دروست بکەن (خەریکی تەواوکردنی قوتابخانەکانن)، لە بەرانبەردا پەکین ڕۆژانە ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوت وەردەگرێت، لەگەڵ بەڵێننامەیەک کە لە داهاتوودا بیر لە دروستکردنی حەوت هەزار قوتابخانەی دیکە بکەنەوە، بەپێی ڕێککەوتنێک کە لە ساڵی ٢٠١٥ دا واژۆ کراوە. لەوەش گرینگتر، عێراق بووەتە خاڵی سەرەکی و ناوجەرگەی پڕۆژەی دەستپێشخەریی "پشتێن و ڕێگا" (ڕێگا یەکی ئابووری چینی جیهانی)، بەو پێیەی بودجەی چینی وەرگرتووە کە بڕی (١٠.٥) دە ملیارو نیو دۆلار بووە، هەروەها لە دوای پاکستان و ڕووسیا پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە وەک گەورەترین هاوبەشی دەستپێشخەرییەکە. لە ساڵی (٢٠١٥) ەوە ساڵ بە ساڵ قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان پەکین و بەغدا بە ڕێژەی ٤٥٪ زیادی کردووە (Fares، M. 2024).

لەگەڵ کشانەوەی کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕۆژئاوا لە وەبەرهێنان لە عێراق، بە تایبەتی کۆمپانیای زەبەلاحی ئەمریکی ئێکسۆن مۆبیل، بەو پێیەی "ژینگەیەکی وەبەرهێنانی مەترسیدارە"، چین ڕێگەی خۆی دۆزییەوە بۆئەوەی هەوڵی ئەوە

بــدات، لــە ڕێگــەی وەبەرهێنانــەوە دەســت بەســەر کەرتــی نــەوت و گازی عێراقــدا بگرێــت. وادیــارە بــە پێچەوانــەی کۆمپانیــا ڕۆژئاواییەکانــەوە کۆمپانیــا چینییــەکان لــە بــواری ژێرخانــی ئابــووری، بیناســازی، و وزە لــە عێراقــدا، چێــژ لــە بازرگانییەکــی بەرفــراوان وەردەگــرن. جموجوڵەکانــی چیــن لــە عێراقــدا ئەوەنــدە زۆرن، تێڕوانینێکــی ســادەی پێویســتە کــە لــە خــۆت بپرســیت: ئایــا ئەمریــکا لــە کوێیــە؟! بــەڵام بــا بپرســین ئایــا هەڵکشــانی بازرگانــی و وەبەرهێنانــی چینــی لــە عێــراق، مەترســییە یــان دەرفــەت؟

لــە قۆناخــی پێــش پەتــای کۆرۆنــا و دواتریشــدا؛ بــە وردبوونــەوە لــە داتاکانــی ئاڵوگــۆڕی بازرگانــی نێــوان چیــن و عێــراق شــتی ســەرنجڕاکیش ئەوەیــە، ســاڵ بــە ســاڵ هەنــاردەی چیــن بــۆ عێــراق لــەڕووی جــۆری کاڵا و ســەرمایەوە بــەردەوام زیــادی کــردووە و گەیشــتووەتە ســەرووی (١٠٠) جــۆری ســەرەکی کاڵا و کەلووپــەل، بــەڵام هەنــاردەی عێــراق بــۆ چیــن بــەرزی و نزمــی زۆری بەخــۆوە بینیــوە، چونکــە هەناردەکردنەکــەی هەمەچەشــن نەبــووە و ڕێــژەی ســەروو (٩٥٪) هەنــاردەی عێــراق بــۆ چیــن نــەوت و پێکهاتەکانــی بــووە. لــەڕووی وەبەرهێنانــەوە، کۆمپانیــا چینییــەکان کــە زۆربەشــیان کۆمپانیــای دەوڵەتــن شــوێنپێی خۆیــان لــە کەرتــی وزە و خانووبــەرە بەبەردەوامــی لــە عێــراق فــراوانتر دەکــەن. بــۆ نموونــە لــەو پڕۆژانــەی چیــن لــە عێــراق ئەنجامیــان داوە، (٤١) دانەیــان لــە بــواری وزە بــووە، بەگشــتی (٣١) پڕۆژەیــان لــە کەرتــی نەوتــی بــووە کــە دوایــن دانەیــان جێگرتنــەوەی کۆمپانیــای ئێکســۆن مۆبیــل بــوو لــە یەکێــک لــە گەورەتریــن کێڵگــە نەوتییەکانــی عێراق"ویســت قۆڕنــە -١" (Baban، M. 2024).

لەمانــەش زیاتــر، بەنــدەری فــاو کــە لــە کەناراوەکانــی کەنــداوی عەرەبــی (کەنــداوی فارسیشــی پێدەوترێــت) لــە عێــراق لەلایــەن کۆمپانیــای دایــۆی کۆریــای باشــوورەوە نــۆژەن و فــراوان دەکرێتــەوە. لــە (٢٠٢٤) دا (٧٥٪)ی کارەکانــی تــەواو بــووە و بڕیــارە لــە کۆتایــی ٢٠٢٥ دا دەســت بــە کار بــکات، بەندەرەکــە ئامادەیــە ببێتــە گەورەتریــن بەنــدەری کۆنتێنەر لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، دامــەزراوە و ناوچــەی پیشەســازیی جۆراوجــۆری لەخۆ-گرتــوە، ڕووبــەری ئــەم بەنــدەرە زیاتــر لــە ١٦ کیلۆمەتــر چوارگۆشــەیە و پێشــبینی دەکرێــت ســاڵانە توانــای مامەڵەکــردن لەگــەڵ ٩٩ ملیــۆن تــۆن هەبێــت .(Iraq Business News، 2024) چیــن لێرەشــدا ڕۆڵــی یەکلاکــەرەوە دەگێڕێــت:

لـە کاتێکـدا چەسـپاندنی کەلتـوری دیموکراسـی و بەهێزکردنـی دامـەزراوە دەسـتورییەکان لەناوچەکـەدا مۆدێـل و بانگەشـەی خۆرئـاوا بـوو. بـەڵام چیـن درووشـمی "گەشـە"ی کردۆتـە بنەمـای کاری خـۆی، تەواوکـردن و فراوانکردنـی بەنـدەری فـاو، لـە پشـتییەوە "پـڕۆژەی ڕێـگای گەشـە"ی عێـراق وەسـتاوە. "گەشـە" مۆدێلـی چینـە، ڕێـگای گەشـەی عێـراق پـڕۆژەی پشـتێن و ڕێـگای چیـن خێراتـر و ئاسـانتر دەکات. لێـرەدا، تۆڕێکـی ڕێگاوبـان و هێڵـی ئاسـن و گواسـتنەوەی وزە بـە درێژایـی ١٢٠٠ کیلۆمەتـر بـە تورکیـاوە دەبەسترێتـەوە کـە لـە چوارچێـوەی پـڕۆژەی "ڕێـگای گەشـەپێدان" دا دروسـت دەکرێـت. ئـەم پڕۆژەیـە بـە تێچـووی ١٧ ملیـار دۆلار جێبەجـێ دەکرێـت، ئامانجـی دروسـتکردنی ڕێـگای گواسـتنەوەیە لـە ئاسـیا بـۆ ئەوڕووپـا. ڕێـگای گەشـەپێدان لـە بەنـدەری فـاوی پارێـزگای بـەسرەوە دەسـت پێـدەکات و بڕیـارە بـە تێپەڕیـن بـە پارێزگاکانـی نەجـەف، کەربـەلا، بەغـدا و موسـڵ بگاتـە تورکیـا، توانـای گواسـتنەوەی زیاتـر دەبـێ لـە چـاو کەناڵـی سـوێس، لەگـەڵ توانـای پەیوەندیکـردن بـە ئەوڕووپـاوە لـە کەناڵـی سوێسـەوە بەڕێگـەی بەنـدەری مێرسـین لـە تورکیـا (ÇalıŞkan. 2023).

چیـن یەکێکـە لـەو وڵاتـە دیارانـەی پشـتگیری لـە دروسـتکردنی بەنـدەری فـاو و دروسـتکردنی ڕێـگای گەشـەپێدان کـردووە. لـەدەرەوەی ڕێککەوتنـە ئابورییـە گەورەکانـی، حکومەتـی چیـن نیـازی خـۆی دەربڕیـوە لـەڕووی دارایشـەوە بەشـداریی تایبـەت لـە پڕۆژەکـەدا بـکات. ئـەم پڕۆژانـە تایبەتمەنـدی سـەرەکییان هەیـە کـە بەرژەوەندییەکانـی چیـن لـە ناوچەکـەدا بەهێزتـر دەکـەن.

سـەرباری ئەمـەش، عێـراق لـە نیسـانی ٢٠٢٤ دا لەگـەڵ بەندەرەکانـی ئەبوزەبـی (گرووپـی بەندەرەکانـی ئـەی دی) لەسـەر هاوبەشـییەک بـۆ بەڕێوەبردنـی بەنـدەری گـەورەی ئەلفـاوی نـوێ ڕێککەوتـووە. شـارێکی گـەورەی ئابـووری و شـارێکی نوێـی نیشـتەجێبوون دەبەسترێتـەوە بـە بەنـدەری ئەلفـاو کـە پـڕۆژە بـۆ هەمـوو پیشەسـازییە پەیوەندیـدارەکان لەخۆدەگرێـت. ئینجـا عێـراق گرێبەسـتێکی لەگـەڵ کۆمپانیـای نیشـتمانی ئەندازیـاری کیمیایـی چیـن (CNCEC) واژۆ کـردووە بـۆ دروسـتکردنی پاڵاوگـەی ئەلفـاو، بـە توانـای ٣٠٠ سێسـەت هـەزار بەرمیـل لـە ڕۆژێکـدا (Iraq Business News. 2024).

پێدەچێـت، چیـن بـە ڕێگـەی ڕاسـتەوخۆ، یـان لەڕێگـەی کۆمپانیـاو دامـەزراوە

جۆراوجۆرەكانییەوە، دەستی بە هەزارەها ئەكادیمیست و جۆرنالیست و ناوەندی توێژینەوەی جۆراجۆر گەیشت بێت كە لە خۆرئاوا نیشتەجێن، یان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كاردەكەن، بۆئەوەی لەبەرانبەر هەڵڕژاندنی پارەدا بیانكڕێت یان لەڕێگەی بانگهێشتكردنیان بۆ شارە گەشەسەندوەكانی خۆی تاوەكو نوخبەكانی ئەم ناوچانە چەقەنە و چەپڵە بۆ هاتنی چین و كۆتایهاتنی ئەمریكا لێ بدەن!

لەگەڵ ئەوەشدا، ئارگیۆمێنتی ئەوانەی بوونی چین لەناوچەكەدا بە فاكتەرێكی گرینگ دەزانن بەهێزە. بۆ نموونە عەقیل حەمدان، مامۆستای زانكۆی ئەلمستەنسرییە كە بنكەكەی لە بەغدایە، لایوایە چین دەتوانێت لە ئاوەدانكردنەوەی عێراقی دوای جەنگ ڕۆڵێكی گرنگ بگێڕێت، بەتایبەتی لە ڕێگەی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا كە چین خاوەندارێتی دەكات. چوونكە ژێرخانی عێراق دوای دەیان ساڵ شەڕ و سزا و ئازارە ئابوورییەكان وێران بووە، بۆیە كۆمپانیا چینییەكان دەتوانن پێویستی بەپەلەی عێراق بۆ وەبەرهێنانی بیانی و تەكنەلۆجیا و بوژانەوەی ئابوورییەكەی دابین بكەن. هەر بۆ خۆی پرۆژەی چین پرۆژەی بیناكردنی پرد و ڕێگایە و لە ناوچە پیشەسازی و پزیشكییەكان و شارەكانی نیشتەجێبووندا پەرە بە گەشەپێدان دەدات. حەمدان لایوایە؛ وڵاتانی ڕۆژئاوا لەدوای یەكەمین جەنگی جیهانییەوە تا ئێستا لە چەندین قۆناخدا بە شێوەیەكی نایاسایی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان داگیركردووە، لەكاتێكدا چین پەیامێكی بۆ خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی هەڵگرتوە. چین پەیوەندییەكانی لەگەڵ وڵاتانی دیكە لەسەر بنەمای "قازانجی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش" پەرەپێدەدات، پرۆفیسۆر حەمدان لایوایە "چین هیچ وڵاتێك داگیرناكات" (China Daily. 2023، May 28).

دوای چارەكە سەدەیەك لە داگیركردنی لە لایەن ئەمریكاوە؛ لە عێراقدا دیموكراسیی نەك هەر نییە، بەڵكو بووەتە بابەتێك كە هەر بیری لێناكرێتەوە. بەڵكو پرۆژەی ڕێگەی گەشە لە عێراق هەیە، گەشە ئەوەیە چین دەیەوێت، دیموكراسیی ئەوەیە نایەوێت، یەكێكە لەو وانانەی چین بۆی سەلماندوین ئەوەیە تۆ دەتوانی دیمواكراسیش نەبیت و گەشە بكەیت، چوونكە لە بنەڕەتدا دیموكراسی لە جیهاندا خۆی لە قەیراندایە، دەركەوتوە دیموكراسی لە عێراق و زۆر شوێنی

دیکـەدا پشـێوی درووسـتکردووە نـەک گەشـە. ئێمـە کـە ئـەم دێڕانـە دەنووسـین تـەواو هۆشـیارین بـەوەی عێـراق لـە بـەردەم داڕماندایـە، چوونکـە وڵاتەکـە دامەزراوەکانـی داڕزاون، گەندەڵـی و پیسـخۆریی، بوونـی ئینتـیما بـۆ میلیشـیاکان و گرووپـە تائیفییـەکان نەبوونـی بـڕوا بـە زانسـت و نیشـتیمان ئەمـڕۆ بێـت یـان سـبەی ئـەم وڵاتـە پارچـە- پارچـە دەکات. کرۆکـی بابەتەکـە ئەوەیـە بۆچـی ئەمریـکا نەیتوانـی هیـچ ئەنجامێکـی پۆزەتیـڤ لـە عێراقـدا بەدەسـت بهێنێـت!؟

بـڕوا نەبـوون بـە دیموکراسـی بەتایبەتـی بووەتـە مۆدێلێکـی نوێـی قسـەکردن و خەڵـک و نوخبـەی ناوچەکـە تاڕادەیەکـی بـاش بڕوایـان بـە ئارگیۆمێنتێکـی وا هەیـە، ئەوەشـی زیاتـر ئـەم تێڕوانینـە زاڵ دەکات نوخبـەی تایەفـی و باڵادەسـتی عێراقـە. کـە وا بیردەکەنـەوە دەرفەتـی مێژوویـی بـۆ گەشەسـەندن لـە عێـراق لەگـەڵ چیـن نزیـکترە، ئـەم ڕێـڕەوی گەشـەپێدانە لـە ژێـر مۆدێلـی ڕۆژئـاوادا ئەگـەری بەدیهێنانـی نییـە، بـەو پێیـەی جیهانـی لەیـەکتر جیاکـردەوە و سـەروەت و سـامانی وڵاتانـی تازەپێگەیشـتووی بـۆ دامـەزراوە مۆدێرنـەکان قـۆرغ دەکات.

لـە ڕاسـتیدا، مرۆڤایەتـی تـا ئێسـتا هیـچ فۆڕمێکـی بەهێزتـر و شایسـتەتری بـۆ فەرمانڕەوایـی نییـە، جگـە لـە "دیموکراسـیی"، بـە کۆمـەڵ ڕۆیشـتنی خەڵـک لـە هـەر شـوێنێک بـۆ سـەر سـندووقی دەنگـدان مانـای ئـەوە نییە دیموکراسـی هەیـە لەو شـوێنەدا، بەڵکـو دیموکراسـیی کەلتـورە، دامـەزراوەی یاسـایی و دەسـتوریی بەهێزە، دەسـتەبەرکردنی مـاف و ئازادییـە گشـتییەکانە، لـەوەش زیاتـر دیموکراسـیی زیاتـر لـە ویسـتێکی کۆمەڵایەتی دەچێـت. ئایـا لـە مێـژوودا دوو وڵاتـی دیموکراسـی شـەڕیان کـردووە ؟ بێگومـان نەخێـر، دوو وڵاتـی دیموکراسـیی شـەڕ ناکـەن، چوونکـە بڕیـاری شـەڕ بەدەسـت تاکـە کەسـێک نییـە. کاتێـک کەلتوریـی دیموکراسـیی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ناچەسـپێت، مانـای ئـەوە نییـە دامەزراوەکانـی ڕۆژئـاوا کاریـان بـۆ بڵاوکردنـەوەی دیموکراسـیی نەکـردووە ، بەڵکـو زیاتـر دیموکراسـیی لـە تـۆوی ڕووەکێـک دەچێـت کـە لـەم ناوچانـە ناڕوێـت!

بڕوانـە دیمەنەکـە، بـە گوێـرەی سـەنتەری ستراتیجـی بـۆ مافەکانـی مـرۆڤ لـە عێـراق کـە لـە ٨ ی تەمـووزی ٢٠٢٤ دا بەیاننامەکەیـان دەرکـردووە ، (٢٥٪) عێراقییـەکان لەژێـر هێڵـی هەژارییـەوە دەژیـن، ترسـی بەرزبوونـەوەی ئـەو ڕێژەیـەش هەیـە، کـە

کاریگـەری لەسـەر بارودۆخـی تـەواوی وڵات دەبێـت. ئامارەکانـی پرۆگرامـی خۆراکـی جیهانیـش ئامـاژە بـەوەدەکات، دوو ملیـۆن و چوارسـەد هـەزار کـەس لـە عێـراق، پێویسـتیەکی زۆریـان بـە خـۆراك هەیـە. وێـڕای هەوڵـە گەورەکانـی حکومـەت لـە ئاوەدانکردنـەوە، لـە کەرتەکانـی ڕێگاوبـان و نیشـتەجێکردن، بـەڵام تائێسـتا دۆسـیەی گـەورە هەیـە پەیـوەستن بـە ژیانـی ڕۆژانـەی هاووڵاتیانـی عێـراق، ئەویـش پرسـی هـەژاری و کەمـی دەرفەتـی کارە لـە کەرتـی تایبـەت. بەگوێـرەی داتاکانـی وەزارەتـی پلاندانانـی عێـراق (٢٥٪) ی دانیشـتوانی عێـراق لەژێـر هێڵـی هەژارییـەوە دەژیـن، نزیکـەی (١٠) ملیـۆن هاووڵاتـی دەکات کـە کـۆی ژمـارەی دانیشـتوانەکەی گەیشـتووەتە (٤٣) ملیـۆن کـەس (The New Arab، 2024). ئەمـە جگەلـەوەی لـە دوو بەشـی دواتـری کتێبەکـەدا، باسـی کارەسـاتە سرووشـتییەکانی وەک کەمئاویـی و وشـکبوونی عێـراق و پیسـبوونی ژینگەکـەی دەکەیـن کـە وێنـەی دۆخێکـی وەهـا دەگمەنـە!

دەکرێـت، بەهێزبوونـی پێگـەی "چیـن" لەناوچەکـەدا دەرفەتێـک بێـت، بـەڵام بـە بـێ مەترسـییش نییـە، جێگـەی مەترسـییە بەهـۆی نەبوونـی فرەچەشـنی لـە هەناردەکردنـی کاڵای عێراقـی بـۆ چیـن کـە تەنیـا نەوتـی خـاوە، هەربۆیـەش ئەگـەر چیـن بازاڕێـک یاخـود نەوتێکـی هـەرزانتر بدۆزێتـەوە ئـەوا یەکسـەر ئاڕاسـتەکەی دەگۆڕێـت، وەکـو ئـەوەی لـە (٢٠٢٣) دا ڕوویـداوە هەنـاردەی نەوتـی خـاوی عێـراق بـۆ چیـن بەڕێـژەی (٩.٤) نـۆ و پۆینـت چـوار لەسـەت کەمیکـرد (Baban، M، 2024)، بـەڵام چیـن سـەتان کاڵای جیـاواز هەنـاردەی عێـراق دەکات و بەردەوامیشـە لـە هەمەچەشـنکردنی هەناردەکراوەکانـی. جگەلـەوەش، پشـتبەستن و پەیوەسـتبوون و ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی لەگـەڵ وڵاتێکـی گـەورەی وەک چیـن کـە لێکەوتـەی گـەورەی لەسـەر ئابـووری جیهـان هەیـە، مەترسـییەکی تـرە، چوونکـە هەرکاتێـک خاوبوونەوەیـەک لـە گەشـەکردنی ئابووریـی چیـن دا ڕووبـدات ئـەوا بەهـۆی هاوردەکردنییـەوە کاردانـەوەی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر عێـراق دەبێـت.

دواجـار، چیـن دەسـتی کاری هـەرزان و دابینکردنـی ئامێـر و تەکنەلـۆژی و کەلوپەلـی ئەلیکترۆنـی هەیـە کـە عێـراق دەتوانێـت بـۆ بوونیاتنانـی ژێرخانـی وڵات لـە هەمـوو کەرتـە جیاوازەکانـدا سـوودی لێوەربگرێـت، بەتایبەتیـش گواسـتنەوە،

بنیاتنانــی ڕێگەوبانــەکان، دروســتکردنی باڵەخانــە، نەخۆشــخانە و قوتانخانــە و.. هتــد کــە ئێســتا عێــراق نــەک پێویســتییەکی زۆری پێیەتــی، بەڵکــو بەدەســت نەبوونــی ئــەم پێداویســتییە ســەرەکیانەوە دەناڵێنێــت. هەروەهــا دەکرێــت بــۆ مامەڵکــردن بــە دراوێکــی دەرەوەی دۆلار دەرگایەکــی نــوێ بــۆ عێــراق بکاتــەوە و ببێتــە فریادڕەســێک بــۆ داهاتــی یــەک لەســەر ســێ نەوتــی فــرۆشراوی عێــراق بــە یوانــی چینــی. بەمشــێوەیە عێــراق دەتوانێــت لــەڕووی خێــرا گەشــەکردنی ئابــووری و گەشــەکردنی بەرهەمــی نێوخۆیــی GDP و بەرزکردنــەوەی داهاتــی تاکــەوە ســوود لــە ئەزموونێکــی نموونــەی وەک چیــن وەربگرێــت.

## ٢.٣.٢. چین و ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو

جێی سەرنجە؛ سعودییە و ئیماراتی عەرەبی لەنێو ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان کە زۆرترین ئارەزووی پەیوەندییان لەگەڵ چین هەیە، لە ڕاستییدا وا دەردەکەوێت چێژ لەم پەیوەندییە ببینن. بەشێک لە بەرژەوەندییەکان تەنیا پەیوەندی بە وزەوە هەیە. بۆ..نا؟ چین لە جیهاندا گەشە دەکات و سعودییەش گەورەترین یەدەگی نەوتی سەلمێنراوی جیهانی هەیە. بەو پێیەی سعودیە ڕۆڵی خۆی وەک "بانکی ناوەندی جیهانی نەوت" دەبینێت، لە ڕوانگەی سعودییەوە، شتێکی گاڵتەجاڕانە دەبێت، ئەگەر پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ گەورەترین کڕیاری جیهان بۆ نەوتی هاوردەکراو دروست نەکات. هەروەها لە ڕووی ستراتیژییەوە، عەرەبی سعودییە هەوڵیدا ئێران وەک گەورەترین دابینکەری وزەی بیانی بۆ چین کەمێک دووربخاتەوە. لە ڕوانگەی سعودییەوە، پەیوەندییە بازرگانییە نزیکەکان لەگەڵ چین، هەندێک دڵنیایی دەداتە سعودییەکان کە چین بەرژەوەندییەکانی ئێران لە کۆڕبەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پێش ناخات.

وەک ئەڵتەرمان (٢٠٢٤) باسی لێوە دەکات، سعودییە کاتێک پەیوەندی قووڵتری لەگەڵ کۆمپانیا چینییەکان دەست پێکرد کە لە ساڵانی نەوەدەکاندا لە نێوان داکشانی ئابوورییەکەیدا بەدوای بژاردەی بیناسازی کەم تێچوودا دەگەڕا. کاتێک نرخی نەوت لە ساڵانی ٢٠٠٠ دا بەرزبووەوە و ئابووری سعودییە بە پارەی کاش پڕ بوو، بازرگانی چین و سعودیە بەشێوەیەکی بەهێز گەشەی کرد. لە ساڵی ٢٠١٢ چین و کۆمپانیای ئارامکۆی سعودی پێکەوە لە شاری یەنبوع – Yanbu لەسەر دەریای سوور لەسەر دروستکردنی پاڵاوگەیەکی گەورە ڕێککەوتن. لە ماوەی چوار ساڵدا پاڵاوگەکە دەستی بە کارکرد و ڕۆژانە نزیکەی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاوی پرۆسێس دەکرد. چین لە نزیکەوە لە بنیاتنانی بڕبڕەی پشتی تەکنەلۆژیای زانیاری-IT ی سعودییە بەشدارە، هەروەک کۆمپانیا چینییەکان لە دروستکردنی شارە ئایندەییەکە (نیۆم- NEOM) لەسەر دەریای سوور هاوبەشێکی سەرەکی بوونە (Alterman، 2024).

چین، بە ئاشکرا هەوڵی داوە خۆی وەک هاوبەشێکی ستراتیژی جەوهەری بۆ سعودییە نیشان بدات. ئەڵتەرمان ئەمە وا وێنا دەکات کە تاڕەدەیەک پەیوەندیی

بە نیگەرانییەکانی سعودییە بەرانبەر ئەمریکاوە هەیە، بۆیە سعودییە بەرەو ئاسیا دەسوڕێتەوە، بەشێکی دیکەشی پەیوەستە بە-بازاڕکردنی ئەو بیرۆکەیەی کە ئەزموونی چینی لە گەشەی ئابووریدا بۆ هەوڵە گەورە و مەبەستدارەکانی سعودیە بۆ هەمەچەشنکردنی ئابووریی وانەیەکی پێیە. بۆیە چین خۆی وەک هاوبەشێکی سەرەکی بۆ دیدگای (٢٠٣٠) سعودییە نیشانداوە، ئەو دیدگایەی شازادەی جێنشین "محەمەد بن سەلمان" وەکو فەوکەسێک بۆ پلاندانانی ئابووری سعودیە بەکاریهێناوە.

وێنەی شی جینپینگ سەرۆکی چین کە سەرۆکایەتی پێشکەوتنێکی دیپلۆماسی گرنگی کرد، لە نێوان ڕکابەرە سەرەکییەکانی سعودیە و ئێران لە مانگی ئاداری ٢٠٢٣، بووەتە هێمای گۆڕانی نەزمی جیهانی و دابەزینی ڕۆڵی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە پێشدا چین، تەنیا کاراکتەرێکی پڕ وزەی وریا بوو کە ئامادە نەبوو دەستوەردان لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات، چین بەهۆی دەستپێکردنی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا بووەتە یاریزانێکی سەرەکی لە دیمەنی جیۆپۆلەتیکی کەنداودا، پەیوەندییەکانی نێوان چین و دوو زلهێزی سەرەکی "سعودییە و ئیمارات" لە ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو(GCC) دا هەنگاوی زۆری بڕیوە و لە دەرەوەی بازرگانی وزەش گەشەیان کردووە بۆ کۆمەڵێک کەرتی نوێی بەرفراوان. بەپێی داتابەیسی نەتەوە یەکگرتووەکان "COMTRADE" لەبارەی بازرگانی نێودەوڵەتی، هاوردەی چین لە سعودییەوە لە ماوەی ساڵی (٢٠٢٣) دا (٦٤.٣٦) ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە (Trading Economics. 2024).

پەیوەندیی و سۆزداریی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەی کەنداو لەگەڵ چین نیشانەی پەرەسەندنێکی فراوانترە لە چوارچێوەی جیۆپۆلەتیکیدا و کاریگەرییەکانی زۆر لەوە زیاترە کە تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێت. چوونکە سعودیە و ئیمارات وەک زلهێزە سەرەکییەکانی ناوەڕاست دەرکەوتوون کە بەهۆی خواستەکانیانەوە بۆ ڕۆڵگێڕان لە گۆڕانی نەزمێکی جیهانی و پەرەسەندنی کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکی نێوان چین و ئەمریکادا ئەمە بەرجەستە بووە. لەم نێوەندەدا گۆڕانی دیدگای چین بۆ کەنداو بەشێکە لە پەرەسەندنی جەختکردنەوە و تەماحی چین لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا. جەنگی ئۆکرانیا و غەززە ئەو ڕەوتانەیان خێراتر کردووە، ئەوان دەرفەتیان لە

داکشـانی نەزمـی جیهانـی بـە سـەرکردایەتی ڕۆژئـاوا وەرگرتـوە و پەیوەندییەکانـی خۆیـان لەگـەڵ چیـن بەهێزتـر کـردووە.

وەکـو ئـەم دوو توێــژەرە؛ ڕافـۆل و کێلـەر (٢٠٢٤) لـە میانــەی لووتکـەی ئابوریــی جیهانییـەوە شرۆڤـەی دەکـەن، بازرگانـی نێـوان چیـن و ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و باکـووری ئەفریقـا (MENA) لـە سـاڵی ٢٠٢٢دا (٥٠٥) مليـار دۆلار بووە کە لە مـاوەی دەیەی ڕابـردوودا بـە ڕێـژەی ٧٦٪ زیادیکـردووە (Raffoul، A& Keller،K. 2024). وەبەرهێنانەکانـی کەنـداو لـە چیـن لـە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا بـە شـێوەیەکی بەرچـاو فـراوانتر بـووە، ئەمـەش بەهــۆی هاوبەشــی ستراتیــژی و بەرژەوەندییــە ئابوورییــە هاوبەشــەکانەوە بــووە. ئــەم فراوانبوونـە تەنیـا ڕێکـەوت نییـە، بەڵکـو ئەنجامـی پلاندانانـی ورد و دووربینـی ستراتیژییـە. بـۆ سـعودییە و وڵاتانـی دیکـەی ئەنجومەنـی هـاوکاری کەنداو، پلانی گەشـەپێدانی بـەردەوام لـە هەمەچەشـنکردنی ئابوورییەکەیـدا لـە پێشـینەی ڕەهادایـە.

لەهەرلایەکـەوە تەماشـای بکەیـت، چیـن ئامادەگـی خـۆی لـە کەنـداودا بەهێزکـردووە . کۆمپانیــا چینییــەکان بەشــدارن لــە هەندێــک لــە گەورەتریــن پڕۆژەکانــی وزەی نوێبـووەوەی کەنـداو، لـە کاتێکـدا دەوڵەتانـی کەنـداو هەوڵەکانیـان خێراتـر دەکـەن بـۆ هەمەچەشـنکردنی ئابوورییەکانیـان دوور لـە سـووتەمەنی بەردینـی. کۆمپانیـا چینییـەکان پشـتگیری لـە دروسـتکردنی دوو لـە گەورەتریـن پڕۆژەکانـی وزەی خـۆر لـە جیهانـدا دەکەن لـە ئـیمارات کـە؛ پارکـە خۆرییەکـەی محەمـەد بـن ڕەشـید ئەلمەکتـوم و وێسـتگەی خـۆری نـور- ئەبوزەبییـە. هەروەهـا سـندوقی ڕێـگای ئاوریشـمی چیـن پشـکی لەسـەدا ٤٩ی لـە کۆمپانیــای وزەی نوێبــووەوەی ســعودی ئەکواپــاوەر- ACWA Power بەدەســتهێنا کــە ئێسـتا وەک قۆڵـی سـەرەکی وەبەرهێنانـی شانشـینییەکە لـە پڕۆژەکانـی وزەی نوێبـووەوە لە سەرانسـەری ناوچەکـە و دەرەوەی ناوچەکـەدا کاردەکات. هەروەهـا سـعودییە لـە نزیکەوە لـە هەمەچەشـنکردنی ئابوورییەکەیـدا هـاوکاری کۆمپانیـا چینییـەکان دەکات، بەتایبەتـی لـە پیشەسـازی ئۆتۆمبێلـی کارەبایـی. لـە حوزەیرانـی سـاڵی ٢٠٢٣، ڕیـاز گرێبەسـتێکی بـە بـڕی ٥.٦ مليـار دۆلار لەگـەڵ کۆمپانیـای چینـی دروسـتکەری ئۆتۆمبێلـی کارەبایـی هیومـان هۆریـزۆن-Human Horizons بـۆ دامەزراندنـی کۆمپانیایەکـی هاوبەشـی توێژینـەوە و پەرەپێـدان و بەرهەمهێنـان لـە سـعودییە واژۆکـرد (Lons، 2024).

بە کـۆی گشـتی، شـەش وڵاتـی ئەندامـی ئەنجومەنـی هاریکاریـی کەنـداو (بەحرەیـن، کوێـت، عومـان، قەتـەر، سـعودیە و ئیماراتـی یەکگرتـووی عەرەبـی) لـە ڕیزبەنـدی گەورەتریـن هاوبەشـە بازرگانییەکانـی "چیـن" دان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بـە کـۆی گشـتی قەبـارەی بازرگانیـان لـە سـاڵی ٢٠٢٢دا ( ٣١٥.٨) ملیـار دۆلار بـووە. قەبـارەی بەرهەمـی ناوخۆیـی وڵاتانـی ئەنجومەنـی هاریکاریـی کەنـداو دەگاتـە (٢.٤) دوو تریلیـۆن و چوارسـەت ملیـار دۆلار بـە بـەراورد بـە چیـن کـە گەیشـتە (١٧.٧) تریلیـۆن دۆلار لـە (٢٠٢٢) دا. وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنـداو لـە پلـەی نۆیەمـی گەورەتریـن ئابـووری جیهانـن، لـە کاتێـکدا چیـن بـە دووەم دادەنرێـت، ئەمـەش وایکـردووە هاوکارییەکانـی نێـوان ئـەم دوو ناوچەیـەی ئاسـیا تەوەرێکـی سـەرەکی بێـت بـۆ ئابـووری جیهانـی، جگـە لـەوەش بەهـای دەسـتخستن و وەبەرهێنـان لەلایـەن کۆمپانیاکانـی کەنـداو لـە چیـن زیاتـر لـە (١٠٠٠٪) لـە (٢٠٢٣) دا لـە چـاو سـاڵی پێشـوتردا بەرزبووەتـەوە بـۆ (٥.٣) ملیـار دۆلار لـە سـاڵی (٢٠٢٣) دا، بەشـێکی زۆری ئـەم گەشـەکردنە لـە ئاسـتی کۆمپانیـاکان و پـڕۆژە هاوبەشـەکانی پترۆکیمیاییـدا بـووە (Ali. 2024).

پەرەسـەندنی باڵادەسـتی چیـن لـە زنجیـرەی دابینکردنـی وزەی نوێبـووەوە، لەگـەڵ پابەندبـوون و ئارەزووەکانـی ئەنجومەنـی هـاوکاری کەنـداو بـە وزەی پـاک، پەیوەندییەکانـی نێـوان هـەردوولا قـووڵتر دەکاتـەوە. یەکخسـتنی داینامیکـی بـازاڕ لـە هـەردوو ناوچەکـەدا دەرفـەت بـۆ بازرگانـەکان دەخاتـەڕوو کـە لـە دەستپێشـخەرییەکانی کەشـوهەوا، بـە بەکارهێنانـی بەهـا هاوبەشـەکان و پێشـکەوتنە تەکنەلۆژییـەکان هەماهەنگیـی بکـەن.

**بۆچـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەگشـتی و کەنـداوی عەرەبـی بەتایبەتـی بـەرەو ئاسـیا ڕووی خۆیـان وەرگێـڕاوە؟**

لـە سـاڵی ١٩٤٥ دیدارێکـی نێـوان تیـۆدۆر ڕۆزڤێڵـت سـەرۆکی ئەوکاتـی ئەمریـکا و عەبدولعەزیـز ئـیبن سـعود شـای سـعودییە لـە کەشـتی یـو ئێـس کوینسـی، یەکـەم هەنـگاوی هاوپەیمانییـەک بـوو کـە لەسـەر بنەمـای دابینکردنـی جێگیـری نەوتـی کـەم تێچـوو لـە بەرامبـەر گەرەنتـی ئەمنـی ئەمریـکادا بـوو. دەیـان سـاڵە نـەوت بـە دۆلار دەفرۆشرێـت و ئـەو داهاتـە زۆرەی کـە لـە فرۆشـتنەکەیەوە وەرگیـراوە "پترۆدۆلار"تـا ڕادەیەکـی زۆر ڕیسـایکل دەکرایـەوە بـۆ ئابـووری ئەمریـکا. ئـەم میکانیزمـە ڕۆڵێکـی گـەورەی هەبـوو لـە چرۆکردنـی ئابـووری ئەمریـکا لـە دوای جەنگـی دووەمـی جیهـان و هەژموونـی نێودەوڵەتـی لەسـەر دۆلار. لـە بەرانبـەردا ئەمریـکا بووەتـە هاوبەشـی سـەرەکی ئەمنـی دەوڵەتانـی کەنـداو و بـەردی بناغـە و بیناکردنـی ئاسایشـی ناوچەکـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتێکی فـراوانتردا.

پەیوەندییەکانـــی چیـــن لەگـــەڵ ســـعودیە و ئـــیمارات لـــە دوای (٢٠١٣)ەوە بەشـێکی بـۆ گۆڕانکارییـە پێکهاتەییەکانـی بازاڕەکانـی وزەی جیهانیـدا دەگەڕێتـەوە، بەتایبەتـی گۆڕانـکاری لـە ناوەنـدی کێشـکردنی خواسـتی جیهانـی وزە بـەرەو ئاسـیا و چیـن. ئـەم گۆڕانکارییـە، نـەک هـەر تەحـەدای جەوهەریـی پەیوەندیـی "وزە بـۆ ئاسـایش" لـە نێـوان ئەمریـکا و کەنـداو دەکات، بەڵکـو شـێوازەکانی وابەسـتەییە جیۆئابوورییـەکان دەگۆڕێـت و لـە داهاتـوودا نـاوی بازرگانـی نـەوت بـە دۆلار دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە. بەتایبەتـی دوای نیشـاندانی ئامادەیـی سـعودییە و ئـیمارات بۆئـەوەی ببن بـە ئەندامـی بریکـس.

ئـیمارات و سـعودیە بـۆ پەرەپێدانـی بەشـێک لـە ژێرخانـی تەکنەلۆژییـان هاوکارییـان لەگـەڵ هـواوی و عەلـی بابـای چینـی کـرد، لەوانـە تۆڕەکانـی 5G و ئەپڵیکەیشـنی شـارە زیرەکەکانیـان و دروسـتکردنی سـەنتەری داتـا گـەورەکان. لـە مانگـی ئەیلوولـی سـاڵی ٢٠٢٣، هـواوی "ناوچـەی هـەور"ی نوێـی لـە ڕیـاز خسـتە بـازاڕەوە کـە ئامانـج لێـی پشـتگیریکردنی خزمەتگوزارییـە حکومییـەکان و بەرنامەکانـی زیرەکـی دەسـتکرد- AI بـوو. پرۆفیسـۆرەکانی بەڕەچەڵـەک چینـی یـان چینی-ئەمریکـی سـەرۆکایەتی هەندێـک

لـە دامـەزراوە و کۆمپانیـا سـەرەکییەکانی توێژینـەوەی زیرەکـی دەسـتکرد لـە ئـیمارات و سـعودییەدا دەکـەن، وەک زانکـۆی زانسـت و تەکنەلۆژیـای شـا عەبـدوڵڵا لـە سـعودیە و زانکـۆی محەممـەد بـن زایـد بـۆ زیرەکـی دەسـتکرد (MBZAI) لـە ئـیمارات. ئـەم دامەزراوانـە سـەرکردایەتی دەستپێشـخەرییە گـەورەکان دەکـەن بـۆ پەرەپێدانـی مۆدێلـی زمانـی گـەورەی عەرەبـی و بەرنامەکانـی زیرەکـی دەسـتکرد (Lons، 2024).

بـە بـڕوای لـەیلا عەلـی، توێـژەر لـە سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی کەنـداو، ئیـرادەی دەوڵەتانـی ئەنجومەنـی هاریـکاری کەنـداو بـۆ فراوانکردنـی پەیوەندییـە بازرگانـی و ئابوورییـەکان لەگـەڵ چیـن کاریگـەری لەسـەر پەیوەندییەکانـی نێـوان ئەمریـکا و کەنـداو دەبێـت. بـەڵام سـەرەڕای پێشـنیارەکانی ئێسـتای ئەمریـکا سـەبارەت بـە فراوانکردنـی پەیوەندییەکانـی کەنـداو و چیـن، هێشـتا وڵاتانـی کەنـداو لـە هەنگاونـان بـۆ پەرەپێدانـی پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ چیـن بەردەوامـن، ئەمـەش ئەنجامـی جۆراوجـۆر لەگـەڵ خۆیـدا دەهێنێـت.. لەڕاسـتیدا، پەرەسـەندنی پەیوەندییـە ئابوورییەکانـی نێـوان کەنـداو و چیـن جەخـت لەسـەر ڕێڕەوێکـی زیادبـوون دەکات لـە شـێوازەکانی وەبەرهێنانـی جیهانیـدا کـە ستراتیژییـە تەقلیدییەکانـی وەبەرهێنـان کـە سـەنتەری ڕۆژئـاوان بـە هاوبەشـی ئاسـیا و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت تـەواو دەکرێـن. پێشـبینی دەکرێـت ئـەم هاوکارییانـە لـە سـاڵانی داهاتـوودا لـە داڕشـتنی دیمەنـی ئابـووری هـەردوو ناوچەکـە ڕۆڵێکـی چارەنووسـساز بگێـڕن (Ali، 2024).

جێـگای سـەرنجە، ئـیمارات لـە چـاو سـعودیە پەیوەندییەکـی ئاڵۆزتـری لەگـەڵ چیـن هەیـە، بەشـێکیش لەبەرئەوەیـە؛ لەچوارچێـوەی ئەنجومەنـی هاریـکاری کەنـداودا، ئـیمارات کۆمەڵێـک بەرژەوەنـدی جیـاوازی هەیـە. دوبـەی بـۆ چەندیـن سـەدە شـوێنێکی بازرگانـی بـووە و بازرگانـی جیهانـی چیـن و ڕۆڵـی دوبـەی وەک خاڵێکـی گرینگـی گواسـتنەوەی جیهانـی بـە یەکـەوە گەشـەیان کـردووە. ئەمـڕۆ لەسـەدا ٦٠ی بازرگانـی چیـن لەگـەڵ ئەوڕووپـا و ئەفریقـا بـە ئـیمارات (زۆربەیـان بـە دوبـەی) دا تێدەپەڕێـت، بەهەمـان شـێوە ڕێژەیەکـی زۆر لـە بازرگانییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت. لـە (٢٠٢٤) دا نزیکـەی چارەکـە ملیۆنێـک چینـی لـە ئـیمارات دەژیـن، دیسـانەوە زۆربەیـان لـە دوبـەی دەژیـن، لەکاتێکـدا تەنیـا ملیۆنێـک هاووڵاتـی

ئیماراتــی لــە هەمــوو وڵاتەکــەدا دەژیــن. کۆمپانیــا چینییــەکان زۆربــەی بیناســازییەکانی لــە دوبــەی بەڕێوەبــردووە و ڕۆحــی بازرگانــی وڵاتەکــە بــە باشــی لەگــەڵ کۆمەڵگــەی بازرگانــی دوبەیــدا دەجووڵێــت. بەهەمــان شــێوە تاوانــە ڕێکخراوەکانــی چیــن لــە دوبــەی کاردەکــەن، لەنێویانــدا کۆمپانیاکانــی قومارکــردن؛ کــە پۆلیســی دوبــەی لــە نزیکــەوە چاودێــری پێشــکەوتنەکانی دەکات.

ئەبوزەبــی کــەمتر گرنگــی بــە گواســتنەوەی کەشــتی و بازرگانــی دەدات، زۆر زیاتــر گرنگــی بــە ڕۆڵــی خــۆی دەدات وەک هەنــاردەکاری ســەرەکی نــەوت. بــەم شــێوەیە ســەرکردایەتی ئەبوزەبــی ســەرنجی لەســەر ئاســایش و جیۆپۆلەتیکــە. بیرمــان نەچێــت ئەبوزەبــی بــە شــێوەیەکی بەرفــراوان لەگــەڵ دابینکەرانــی دیکــەی ئەمنــی لەنێویانــدا ئیسرائیــل کاردەکات بــۆ بەهێزکردنــی توانــای چاودێریکــردن.

مانــای وایــە، حکومەتــی ئەبوزەبــی زیاتــر هەوڵــی داوە هەڵوێســتێکی "بێلایەنــی چــالاک" لــە جیهانــدا هەبێــت، پەیوەندییــە ئینتیمائییەکانــی لەگــەڵ ئەمریــکادا بپارێزێــت، بــەڵام پەیوەندییــە بەرچاوەکانــی لەگــەڵ ڕووســیا و چیــن پەرەپێــدەدات. دوای داگیرکردنــی ئۆکرانیــا، ملیارەهــا دۆلار و هــەزاران ڕووســی لــە ئیماراتــدا پەناگەیەکــی ســەلامەتیان دۆزیــەوە، لــە ڕووداوێــک کــە بــە شــێوەیەکی بەرفــراوان ڕاپــۆرت کرابــوو، لــە کۆتاییەکانــی ســاڵی ٢٠٢١ ئــیمارات دروســتکردنی ئــەو شــوێنەی داخســت کــە بەرپرســانی ئەمریــکا بانگەشــەی ئەوەیــان دەکــرد, دامەزراوەیەکــی ســەربازی چینییــە لــە بەنــدەری خەلیفــە لــە ئەبوزەبــی، هەرچەنــدە ڕاپۆرتــی پەرشــوبڵاو هەیــە, بــاس لــەوە دەکــەن کــە بیناســازی لــە جێگەکــەدا بەردەوامــە (Alterman. 2024).

مەســەلەکە هــەر ئەوەنــدە نییــە کــە گرژییەکــی ئاشــکرا لــە نێــوان ئەمریــکا و ئیماراتــدا هەبێــت، بەڵکــو زیاتــر ئەوەیــە؛ ئــیمارات هەســتێکی گەشەســەندووی هەیــە، ئەوەنــدە گــەورە و بەهێــزە بتوانــی بەرژەوەندییەکانــی خــۆی بەرەوپێــش ببــات. لــە کاتێکــدا ســعودییە هەســت بــە گۆڕانکارییــەک دەکات کــە ئــیمارات زیاتــر متمانــەی بەخــۆی هەیــە گۆڕانکارییەکــەی دەیــان ســاڵە بــەردەوام بێــت. ئــیمارات خــۆی وەک پێشــەنگێکی بیرکردنــەوەی ناوچەیــی دەبینێــت و ئــەو مۆدێلــەی نیشــانی داوە، نێــوان نیگەرانییــە ناوچەیــی و جیهانییــەکان مۆدێلێکــی هاوســەنگی وردە لــە.

بەگشــتی، لــە نێــوان گۆڕانکارییــە جیۆپۆلەتیکییــە بەرچاوەکانــدا، چیــن بــە خێرایــی پەیوەندییــە ئابوورییەکانــی لەگــەڵ ئەنجومەنــی هــاوکاری کەنــداو (GCC) قــووڵتر دەکاتــەوە، هــەردوو جوگرافیاکــە بزوێنــەری ســەرەکی گەشــەی بەرهەمــی ناوخۆیــی گشــتی جیهانیــن؛ ئابوورییەکانیــان زۆر وابەســتەی وزەن، ئەمــە جگــە لــە ڕیشــەی پەیوەندییــە کولتوورییــەکان کــە بەهایەکــی قــووڵ و ئامادەییەکــی چەســپاویان هەیــە.

### ٣.٣.٢. ئێران

لـە سـەرەتای سـەدەی ٢١ەوە، بزوێنـەری سـەرەکی پەیوەندییەکانـی نێـوان تـاران و پەکیـن لایەنـی ئابوریـی بـووە، ئـەوەش تـا ڕادەیەکـی زۆر لەسـەر بنەمـای بازرگانـی نەوت و کاڵای بەکاربـەر بـووە. چیـن نەوتـی ئێرانـی کڕی بۆ سـووتەمەنی پیشەسـازی، لـە هەمان کاتـدا تەکنەلۆژیـا و ئامێـری جۆراوجـۆری بـە ئێـران دەفرۆشـت بـۆ فراوانکردنـی بـازاڕی جیهانـی خـۆی. ئەگـەر ماوەیـەک بـە نموونـە وەربگریـن، لـە سـاڵی ٢٠١٣ تـا ٢٠٢٢ چیـن گرنگتریـن هاوبەشـی بازرگانـی ئێـران بـوو. بـەڵام ئێـران تەنیـا (٥٠) هەمیـن گەورەتریـن هاوبەشـی بازرگانـی چیـن بـوو لـە سـاڵی ٢٠٢٢. پەیوەندییـە ئابوورییەکـە لـە بنەڕەتـدا نا-هاوسـەنگە، بۆیـە هەقـە نـاوبنرێ "هاوبەشـییەکی ستراتیژیـی یەکلایەنـە". بـە دڵنیاییەوە بـۆ ئێـران ستراتیژییـە: چیـن گرنگتریـن هاوبەشـی ئابـووری ئێرانـە و ئـەو سـیەیە کـە ئابـووری لـە ڕێگەیـەوە هەناسـە دەدات، لـە کاتێکـدا ئێـران یەکێکە لـە سـەرچاوەکانی وزە و بازرگانـی دیکـە بـۆ چیـن. ئێـران لـە چوارچێـوەی پەیوەندییـە ئابوورییـە بەرفراوانەکانـدا زۆر حـەزی لـە تەپـڵ لێـدان بـووە کـە گوایـە ئـەو وەبەرهێنـان لەگـەڵ چیـن دا دەکات. بـەڵام کەلێنـی نێـوان چاوەڕوانـی ئێـران و واقیـع زۆرە، بـە تایبـەت کاتێـک بـاس لـە ئامادەیـی چیـن دەکرێـت بـۆ وەبەرهێنـان لـە بـازاڕی ئێرانـدا. وەک "پەیمانـگای ئاشـتی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا" ئامـاژەی بـۆ دەکات لـە سـاڵی ٢٠٢٢دا ڕووسـیا پێـش چیـن کـەوت و بـوو بـە گەورەتریـن وەبەرهێنـەر لـە کۆمـاری ئیسلامیـدا. مۆسـکۆ لـە مـاوەی سـاڵی دارایـی ئێران (لـە ناوەڕاسـتی مانگـی ئـاداری ٢٠٢٢ تـا ناوەڕاسـتی مانگـی ئـاداری ٢٠٢٣) بەبەهـای ٢.٧٦ مليـار دۆلار وەبەرهێنانـی لـە تـاران کـردووە، بـەراورد بـە هەمـان سـاڵ چیـن تەنیـا (١٣١) مليـۆن دۆلاری لـە ئێـران وەبەرهێنـان ئەنجـام داوە. وەک پەیمانـگای ئاشـتی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لێکـی دەداتـەوە ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی ئێـران لەگـەڵ چیـن لـە سـاڵی ٢٠١٨ەوە بـۆ ئێـران گرنگیەکـی تایبەتـی هەبـووە، بەتایبـەت کاتێـک ئەمریـکا لـە ڕێککەوتنـی ئەتۆمـی کشـایەوە و زیاتـر لـە هـەزار و ٥٠٠ سـزای ئابـووری بەسـەر تارانـدا سـەپاندەوە (United States Institute of Peace. 2023).

پرسـیارەکە لێـرەدا ئەوەیـە؛ بەڕاسـتی چیـن چەنـدە هێڵـی کاریگـەری بەسـەر ئێرانـدا هەیـە؟ بۆچـی پـڕۆژە و وەبەرهێنانـە زەبەلاحەکانـی چیـن کـەمتر ئێـران دەگرێتـەوە!؟

وەک پێشــووتر ڕوونمــان کــردەوە، چیــن لــە ڕێگــەی "هێــزی نــەرم"ەوە ســەرقاڵی "گەشــەپێدان"ە، بــەڵام ئێــران لەناوچەکــە و جیهانــدا وەک وڵاتێکــی ســەر بەگۆبەنــگ و کێشــە درووســتکەر دێتــە پێــش چــاو، لــە ڕێگــەی بەکارهێنانــی ئایدۆلۆجیــای شـیعەگەراییەوە لـە عێـراق، سـووریا، لوبنـان و یەمـەن دا وەبەرهێنانـی تایەفـی دەکات و پاڵپشـتی گرووپـە ئایدۆلۆجییە-چەکـدارەکان دەکات. بەتایبـەت لـە میانـەی سـەرهەڵدانی جەنگـی غـەززەوە، حوسـییەکانی یەمـەن بەنـاوی تۆڵەکردنـەوەی هێرشـەکانی ئیسرائیـل بۆسـەر غـەززە، سـەدان جـار گرفتیـان بـۆ کەشـتییە بازرگانییـەکان و ڕێـڕەوە ئاوییەکانـی دەریـای سـوور درووسـتکردووە . ئەگـەر وێنەکـە بـە وردی ببینیـن هاوبەشـییەکی دیکـە دەدۆزینــەوە کــە تەنانــەت پەیوەندییــە- ئابورییەکانــی چیــن لەگــەڵ تورکیــاش بــەو ئاسـتە بەهێـزە نییـە، لەگـەڵ ئـەوەی پێگـەی تورکیـا بـۆ چیـن و خۆرئـاوا زۆر گرینگـە، تورکیـا ڕاسـتەوخۆ بەشـێکە لـە پـڕۆژەی ڕێـگای پـڕۆژەی ئاوریشـم و پـڕۆژەی ڕێـگای گەشــەی عێــراق، ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بۆئــەوەی تورکیــاش هاوشــێوەی ئێــران لــە دەرەوەی خـۆی سـەرقاڵی درووسـتکردنی سەرئێشــە و دەسـتوەردانە. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەمـە هەمـوو وەڵامەکـە نییـە:

بابەتەکـە بـۆ ئێـران پرسـی ئاسایشـی ناوخۆیـی، ناوچەیـی و جیهانییـە. دیـارە چیـن زۆر ئـەم تـەوەرەی بـەلاوە گرینـگ نییـە، ئەمـە بابەتێکـە ڕاسـتەوخۆ وروژانـدن درووسـت دەکات و کاریگەریــی نێگەتیڤــی بــۆ ســەر دیمەنــی ناوچەیــی و جیهانیــی دەبێــت. سـەرەتای (٢٠٢٤) کاتێـک یاخیبووانـی حوسـییەکانی یەمـەن کـە لەلایـەن ئێرانەوە پاڵپشـتی دەکرێـن هێرشـیان دەکـردە سـەر کەشـتییە بازرگانییـەکان لـە دەریـای سـوور، ئەمریـکا بـۆ داواکردنـی یارمەتـی لـە چیـن نزیـک بـووەوە. بەرپرسـانی ئەمەریـکا لـە وتوویـژ لەگـەڵ هاوتـا چینییەکانیـان، داوایـان لێکـردوون داوا لـە ئێـران بکـەن کـە کۆنترۆڵـی ڕەفتارەکانـی حوسـییەکان بـکات. دوای چەنـد مانگێـک، دوای ئـەوەی ئیسرائیـل هێرشـی ئاسمانـی کــردە ســەر کونســوڵخانەی ئێرانــی لــە ســووریادا، ئەمریــکا دیســانەوە لــە گەورەتریــن ڕکابەرەکـەی نزیـک بـووەوە. دەوترێـت ئەمجـارە داوای لـە چیـن کـردووە بـە ئێـران بڵێـت تۆڵـە نەکاتـەوە. تـا بەرە-بـەرە دەسـت و بازووەکانـی ئێـران لەناوچەکـەدا شـکا، ڕژێمـی ئەسـەد ڕووخـاو، حەمـاس لـە غـەزە کۆتایـی پێهـێنرا؛ جەنگەکـە بـە بـێ بوونـی ئاسـۆیەکی سیاسـیی بـۆ گرووپەکانـی ئیسلامـی سیاسـیی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـی کۆتایـی هـات.

وەک فـۆڕن پۆلەسـی باسـی دەکات واشـنتۆن دەیەوێـت پەکیـن کۆنترۆڵـی "تـاران"ی بـۆ بـکات، بـەڵام شـارەزایان دەڵێـن ئەمـە ئەوەنـدە سـادە نییـە. تەنانـەت پێـش ئـەوەی ئێـران لـە نیسـانی ٢٠٢٤ دا سـەدان فڕۆکـەی بێفڕۆکـەوان و مووشـەکی جۆراوجـۆر دژی ئیسرائیـل هەڵبـدات، بەرپرسـانی ئەمریـکا داوایـان لـە چیـن کـرد، کاریگەرییەکانـی خـۆی بەکاربهێنێـت بـۆ ڕازیکردنـی تـاران بـۆ سـنووردارکردنی کـردەوە ڕەفتـارە وروژێنەرەکانـی خـۆی و بریکارەکانـی لـە سەرانسـەری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا (Lu، 2024). بۆیـە پەیامـی دەوڵـەت بـەلای چینـەوە دەبـێ پەیامێکـی بازرگانیـی بێـت، نـەک ئـەوەی دەوڵەتـی ئێـران دەیـکات کـە لـە خەباتـی شۆڕشـگێڕیی دەچێـت.

ئـەوەی ئـەو گریمانەیـەی سـەرەوە زیاتـر پشتڕاسـت دەکاتـەوە، ململانێـی نێـوان ئێـران و ئیماراتـی عەرەبییـە کـە سـنوور یـی ئاویـی هاوبـەش و نزیکـی جوگرافییـان هەیـە. چیـن لـە (٣ ی حوزەیرانـی ٢٠٢٤) هەڵوێسـتی خـۆی لـە بەیاننامەیەکـدا لەسـەر سـێ دوورگـەی ناکۆکـی لەسـەر لـە کەنـداو لـە بەرژەوەندیـی ئـیمارات نیشـان دا. ئـەو دوورگانـە (تونبـی گـەورە، تونبـی بچـووک، ئەبـو موسـا) کـە ئـیمارات و ئێـران بانگەشـەی بـۆ دەکـەن، لـە سـاڵی ١٩٧١ەوە دوای کشـانەوەی هێزەکانـی بەریتانیـا لـە کەنـداو لەلایـەن تارانـەوە دەسـتیان بەسـەردا گیـراوە. چیـن لـە بەیاننامەکـەدا هەڵوێسـتی خـۆی بـە "یەکگرتـوو" نیشـانداوە و پاڵپشـتی خـۆی بـۆ هەوڵەکانـی ئـیمارات دەربـڕی "بـۆ چارەسـەریی ئاشـتیانە". لـە نمایشـێکی دەگمەنـی تووڕەیـی بەرانبـەر بـە گەورەتریـن هاوبەشـە بازرگانییەکـەی، وەزارەتـی دەرەوەی ئێـران باڵیـۆزی چینـی لـە تـاران بانگهێشـت کـرد بـۆ ناڕەزایەتـی دەربڕیـن بەرانبـەر بـە "پشـتیوانی دووبـارەی" چیـن بـۆ "بانگەشـە بـێ بنەماکانـی" ئـیمارات (Reuters، 2024، June 3).

لێـرەدا ئـەو ڕاسـتییە دەردەکەوێـت کـە ئێـران لەجیاتـی ئـەوەی وەک ئـیمارات هەوڵـی هاوسـەنگی لـە چوارچێـوەی سیسـتەمی جیهانیـدا بـدات، هەوڵـدەدات پێکهاتـەی ئـەو سیسـتەمە تێکبـدات کـە سـەرکردایەتی ئێـران بـە دوژمنایەتـی ئێرانـی دەزانێـت. لـەم هەوڵـەدا چیـن هاوبەشـێکی بـە تامـەزۆی ئێرانـە، هـەردوو وڵات لـەوەدا هاوبەشـن کـە ناڕەحەتـن بەسـەرکردایەتیکردنی سیسـتەمی جیهانـی لەلایـەن ئەمریـکاوە. چیـن ئـەو جیهانـەی پێخۆشـە کـە ئەمریـکا تیایـدا لـە ڕۆژهەڵاتـی

ناوەڕاست گیری خواردوە. تا ئەوکاتە چین بە تامەزرۆییەوە لە پاڵ ئێراندا دەوەستێت کە تێچووی زۆری بۆی نەبێت.

دەگەین بە سەرئەنجامێکی گرینگتر کە تا ئەندازەیەکی زۆر چین ویستویەتی لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەیەکی ئابورییەوە، کاریگەریی خۆی لەسەر ئێران دابنێت، لە ساڵی ٢٠٢١ چین و ئێران بە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی هاوکاری ٢٥ ساڵە کە بەڵێنی وەبەرهێنانی ٤٠٠ ملیار دۆلاری لە ئابووری ئێران دابوو، بوونە مانشێتی ڕۆژنامەکان و هەڵلایەکی زۆری درووستکرد. بەڵام جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە باشترین حاڵەتدا زۆر لاواز بووە؛ تا ئەو ئاستەی ئێران لەمەشدا بێهیوا لە وەبەرهێنانی چینی دەرکەوت. سەرەڕای هۆکاری هاوبەش، جیاوازییەکی بەرفراوان لە نێوان چین و ئێراندا هەیە. زەقترین بوار ئابوورییە. چین نزیکەی یەک لەسەر سێی بازرگانی ئێران پێکدەهێنێت، بەڵام ئێران کەمتر لە یەک لەسەدی بازرگانی چین پێکدەهێنێت. دیارە کێ کۆنترۆڵی ئەم پەیوەندییە دەکات، جار لە دوای جار چین لە پێناو بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئێران بە ئامراز کردووە. لە ڕووی زانستی سیاسییەوە، پەیوەندی ئێران و چین هەمیشە گۆڕاوێکی وابەستە و پشتبەستە بە بەرژەوەندییەکانی دیکەی چین لە جیهاندا. ئێرانییەکان هەم ناڕەزاییان دەربڕیوە و هەم دەزانن هیچ شتێک نییە بتوانن لەو بارەیەوە بیکەن (Alterman، 2024).

لە میانەی ململانێکانی ئەمریکا و ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چین بە جوانی یارییەکی دووسەرە دەکات. بە پێچەوانەی سزاکانی ئەمریکاوە کە لەسەر ئێران سەپاندویەتی، چین نەوتی خاوی ئێران دەکڕێت، چین لە کاتێکدا توانای ئەمریکا بۆ بەکارهێنانی سیستەمی دارایی نێودەوڵەتی بۆ سزادانی نەیارانی تێک دەدات، لە هەمان کاتدا بە نرخێکی داشکێنراو دەستی بە نەوتی خاو دەگات. بۆ چین ئەمە چارەسەرێکی "هەم بردن و هەم بردنەوەیە"، بەڵام ئامانجە ستراتیژییەکان بریتییە لە: کۆتکردنەوەی هەژموونی ئەمریکا، تێکدانی ناوەندێتی ئابووریی دۆلاری جیهانی و نیشاندانی بێتوانایی ئەمریکا لە خنکاندنی ئابووریی نەیارەکانی.

### ٤.٣.٢. ئیسرائیل

هەڵوێستی چین بەرانبەر ئیسرائیل، بەرئەنجامی گۆڕانی ستراتیژی جیۆپۆلەتیکیی چینە. لە سەردەمی ماودا، پەکین سپۆنسەرێکی بەرچاوی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستین بوو(PLO)، خەباتی ئەو ڕێکخراوەی وەک یەک لایەنی خەباتی فراوانتر لە دژی "ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا" سەیر دەکرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەی چین دەستیکرد بە زیاتر گرنگیدان بە گەشەپێدانی ئابووری لە سەردەمی دوای نەمانی "ماو" دا، پشتگیرییەکانی بۆ بەرەی ڕزگاریخوازیی فەلەستین کاڵ بووەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل دەستیکرد بە گوڵکردن؛ سەرەتا لە ڕێگەی فرۆشتنی چەک و هاوکاری ئەمنی، پاشان لە ڕێگەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییە فەرمیەکان لە ساڵی (١٩٩٢). پەیوەندییەکە بەردەوامە، هەردوو دەوڵەت لە ساڵی ٢٠١٧دا "هاوبەشییەکی گشتگیری داهێنەرانە"یان واژۆ کرد، چونکە چین بوو بە گەورەترین هاوبەشی بازرگانی ئیسرائیل.

لە کاتێکدا هەڵوێستی پەکین سەبارەت بە ململانێی فەلەستین لەوماوەیەدا تەواو لایەنگری ئیسرائیل نەبوو، بەڵام هەرگیز چین بۆ فەلەستینیەکان جێگەی نارەزایەتییەک نەبوو. چین و ئیسرائیل دابەشکردنێکی پەسەندکراویان هەبوو کە لایەنی پەیوەندی ئابووری، ئەکادیمی، زانستی و پەیوەندییەکانی دیکەی دەگرتەوە، تەنانەت لە کاتێکدا چین لە ڕووی سیاسییەوە بەردەوام بوو لە مەیلی بەرەو فەلەستینییەکان. بۆ نموونە، سەرەڕای ڕەخنەی ئیسرائیل لە دروستکردنی "بەربەستی جیابوونەوە"ی کەناری ڕۆژئاوا، ئیدانەکردنی هەڵکوتانە سەر کەشتییەکانی هاوکاری غەزە لە ساڵی ٢٠١٠ و دەنگدان بە لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی جەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان دوای ململانێی غەززە لە ساڵی ٢٠١٤، پەکین دەستپێشخەرییەکی ڕاستەقینەی کەمی لەم بابەتانەدا نەکرد و پێی باشتر بوو خۆی تێکەڵ بە جەنجاڵییەکی نێودەوڵەتی ئەوتۆ نەکات. تەنانەت کاتێک سەرۆک شی پلانی "چوار خاڵ"ی خۆی سەبارەت بە ئاشتی ئیسرائیل و فەلەستین لە ساڵی ٢٠١٧دا بڵاوکردەوە، پێدەچوو زیاتر بۆ وێناکردنی ئاواتەکانی دەسەڵاتی گەورەی چین داڕێژرابێت نەک بە شێوەیەکی جەوهەری بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان.

بەواتایەکـــی دی چیـــن بـــەدوای دەرفەتـــدا دەگەڕێـــت بـــۆ کۆکردنـــەوەی ســـەرمایەی سیاســی، ئیسرائیــل و فەلەســتین هیــچ ســوودێکی ڕاســتەقینە لــە دەستپێشــخەرییەکەی وەرناگــرن (Singh، 2023). تەنانــەت لــە کۆتاییهێنــان بــە جەنگــی غــەزە و کۆتاییهاتنــی حەمــاس لــە کەرتەکــەدا لــە ٢٠٢٥ چیــن هــەر جۆرێــک لــە بێدەنگیــی هەڵبــژارد.

لێــرەدا، بابەتێکــی گرینــگ ئاشــکرا دەبێــت؛ لەکاتێکــدا مانشــێتی ڕۆژنامــەکان و شــیکاری توێــژەرە نــاودارەکان لەســەر ئەوەیــە ئێــران هاوپەیمانێکــی ستراتیجــی چینــە، بــەڵام ئێمــە دەبینیــن قەبــارەی پەیوەندییەکانــی چیــن لەگــەڵ ئیسرائیــل گەورەتــرە. لەکاتێکــدا ڕووبــەری جوگرافــی ئێــران نزیکــەی هەشــتا ئەوەنــدەی ئیسرائیــل گەورەتــرە، ژمــارەی دانیشــتوانی ئێــران نزیکــەی نــۆ هێنــدە یــان زیاتــرە لــە ئیسرائیــل:

دوای چەندیــن ســاڵ لــە بەرزبوونــەوەی قەبــارەی بازرگانــی نێــوان ئیسرائیــل و چیــن، ســاڵی ٢٠٢٣ دابەزینــی بەرچــاوی بەخۆیــەوە بینیــوە. بەپێــی ئامارەکانــی نووســینگەی ناوەنــدی ئامــاری ئیسرائیــل، لــە ســاڵی ٢٠٢٣دا کــۆی گشــتی ئاڵوگــۆڕی بازرگانــی نێــوان هــەردوو وڵات ( بەبــێ ئــەڵماس) بەهاکــەی (١٤.٥) چــواردە ملیــارو نیــو دۆلار بــووە، لــە کاتێکــدا لــە ســاڵی (٢٠٢٢) دا قەبارەکــە (١٧.٦) ملیــار دۆلار بــووە. جگــە لــەوەش لــە ســاڵی ٢٠٢٠ چیــن پێگــەی دووەم گرنگتریــن هەنــاردەکاری وەرگرتــوە بــۆ ئیسرائیــل لــە دوای ئەمریــکا. لــە ســاڵی ٢٠٢٣دا هەناردەکــردن بــۆ چیــن بــۆ پلــەی ســێیەم دابەزیــوە. لێــرەش پەیوەندییەکــە نا-هاوســەنگە؛ چوونکــە ســاڵانێک هەناردەکردنــی ئیسرائیــل بــۆ چیــن وەســتاوە و لەباشتریــن حاڵەتــدا لــە (٢٠١٨) ئیسرائیــل بەقەبــارەی (٤.٧٧) ملیــار دۆلار کاڵای هەنــاردەی چیــن کــردووە . براندەکانــی ئۆتۆمبێلــی چینــی لــە ئیسرائیــل لــە ســاڵی (٢٠٢٢) دا (١٥) هــەزار دانەیــان لــێ فــرۆشراوە، بــەڵام لــە ســاڵی (٢٠٢٣) دا هاوردەکردنــی ئۆتۆمبیــل گەشــەیەکی بەرچــاوی بەخۆیــەوە بینــی: بەپێــی کۆمەڵــەی هاوردەکارانــی ئۆتۆمبێلــی ئیسرائیــل، زیاتــر لــە ٤٧ هــەزار ئۆتۆمبێلــی بەرهــەم هــێنراوی چینــی لــە ئیسرائیــل فــرۆشراون کــە لەســەدا ١٧.٤ی ســەرجەم ئۆتۆمبێلــە فــرۆشراوەکان پێکدەهێنــن (Fadlon، T. 2024).

بــەڵام گەورەتریــن گۆڕانــکاری لــە پەیوەندییەکانــی چیــن و ئیسرائیــل لــە هەفتــە و مانگەکانــی دوای ٧ی ئۆکتۆبــەری ٢٠٢٣ڕوویــدا، چیــن بــە ئاشــکرا ڕەخنــەی

لــە ئیسرائیــل گرتــووە و هاوســۆزییەکی کەمــی بــۆ جەختکردنەوەکانــی ئیسرائیــل نیشــانداوە. چیــن بــە تونــدی لــە پشــت ستراتیژیەتــی نیشــاندانی هاودەنگــی لەگــەڵ باشــووری جیهانیــدا ڕۆیشــتووە، بــەو شــێوەیەش لایەنگــری فەلەســتینییەکان بــووە لەسەرحیســابی ئیسرائیلییــەکان. پێدەچێــت چیــن هەوڵــی دووپاتکردنــەوەی خــۆی بــدات کاتێــک ململانێــکان دەســت بــە کەمبوونــەوە دەکــەن. ئەگــەر جۆرێــک لــە هەوڵــی نێودەوڵەتــی فــراوان بــۆ چارەســەرکردنی ململانێــی نێــوان ئیسرائیــل و فەلەســتینییەکان هەبێــت، ئــەوا چیــن بــە دڵنیاییــەوە وەک بابەتــی شــکۆمەندی ڕۆڵێکــی ناوەنــدی لــەو هەوڵــەدا دەگرێتەبــەر. لــە ئاینــدەدا چیــن بــەدوای دەرفەتێکــدا دەگەڕێــت کــە هەوڵــی زیندووکردنــەوەی پەیوەندییەکانــی لەگــەڵ ئیسرائیــل بــدات. بــەڵام وەکــو ستراتیــج دەیەوێــت لەپــاڵ پەیوەندییــە ئابورییــە زەبەلاحەکانــی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، هێــزی دیبلۆماســیی و ئەجێنــدای سیاســیی خــۆی بــە شــێوەیەکی نــەرم نیشــان بــدات، وەکــو ئــەو نێوەندگیرییــە گەورەیــەی لــە (٢٠٢٣) دا لــە نێــوان ســعودییە و ئێــران کــردی. هەروەهــا لــە تەمــووزی (٢٠٢٤)یشــدا وەزارەتــی دەرەوەی چیــن لــە پەکیــن هەمــوو ســەرکردەکانی فەلەســتینی کۆکــردەوە، ویســتی دەستپێشــخەرییەکی گــەورە بــکات، بــەڵام هەفتەیــەک دواتــر ئیسرائیــل لــە ئێــران ســەرۆکی مەکتەبــی سیاســیی حەمــاس "ئیسماعیــل" هەنیــەی کوشــت!

ئێمــە لــە میانــەی ڕوونکردنەوەکانــی پێشــوومان، چەنــد شــتێک ســەبارەت بــە چیــن فێربویــن، یەکێــک لەوانــە ئەوەیــە دەتوانرێــت ئەولەویەتــە ڕاســتەقینەکانی چیــن بــە ئاســانی بــە شــوێنکەوتنی پارەکــە دەستنیشــان بکرێــت. لــە ساڵی ٢٠١٤دا بــە بەهــای ( ٤ ) ملیــار دۆلار لــە ئیسرائیــل وەبەرهێنانــی کــردووە، بــەڵام تەنیــا یــەک ملیــۆن دۆلاری وەک هــاوکاری پێشــکەش بــە فەلەســتینییەکان کــرد (بــۆ بەراوردکــردن، ژاپــۆن لــەو ســاڵەدا ٢٠٠ ملیــۆن دۆلاری وەک هــاوکاری فەلەســتینی پێشــکەش کــرد). لــە مــاوەی دەیــەی دوای ئــەو کاتــەوە، ئاڵوگــۆڕی بازرگانــی چیــن و ئیسرائیــل لــە ١١ ملیــار دۆلارەوە بــۆ زیاتــر لــە ٢٣ ملیــار دۆلار دوو هێنــدە زیــادی کــردووە (Singh، 2023).

بەهەرحــاڵ، ئیسرائیــل هاوپەیمانێکــی نزیکــی ئەمریکایــە. بــەردی گۆشــە بنەڕەتییەکــەی ئەمریــکا لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت ئیسرائیلــە. لەگــەڵ ئەوەشــدا،

ئیسرائیل لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ەوە چالاکانە پەیوەندی بە چینەوە کرد و چینیش بە هەمان شێوە وەڵامی دایەوە. چین نەک هەر لە ساڵانی دوای (١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١) دا داوای هاوکاریی لە ئیسرائیل کرد بۆ پرسی دژە تیرۆر، بەڵکو چین ئەوەی بینی کە ئیسرائیل سەرچاوەیەکی گرینگی شارەزایی- تەکنیکییە. کۆمپانیا چینییەکان دەستیان بە وەبەرهێنان کرد لە ئیسرائیل، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٤دا چینیەکان گەورەترین بەرهەمهێنەری شیرەمەنی وڵاتەکەیان کڕی، بەڵام ئەوە بابەتە ڕاستەقینەکە نەبوو! هەر ئەوکاتە نیگەرانییەکان لە ئەمریکا دەستی بە زیادبوون کرد کە چین تەکنەلۆژیای ئیسرائیل و ئەو ژێرخانەی کە لە ئیسرائیل بینای دەکات بۆ پێشخستنی هەوڵەکانی سیخوڕی چینی کەڵکی لێوەردەگرێت، ئیسرائیلییەکان ئەوکاتە ئەو ترسەیان ڕەتکردەوە (Alterman، 2024).

دەتوانین بڵێین چین خۆی لە ململانێ ڕەگەزی و تایەفییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لا دەدات و هەوڵ دەدات هاوسەنگی بپارێزێت، لە لایەک پاڵپشتی عەرەبەکان دەکات و نایەوێ ئەوانی لەدەست بچێت، لەلایەکیش دەیەوێ بازاڕ و وەبەرهێنانی خۆی لە ئیسرائیل لە زۆربەی بوارەکاندا بەرز ڕابگرێت. وەڵامدانەوەی توندی دژە ئیسرائیل لەلایەن پەکینەوە بۆ ململانێی غەززە، گرنگیدانێکی ئاست بەرزە بۆ تەحەداکردنی واشنتۆن، سنووری دەستوەردان و یارییکردنی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گرژییە بەردەوامەکانی ئاشکرا دەکات.

### ٤.٢. ئایا هەموو بردنەوەیەکی چین مانای دۆڕانێکی ئەمریکایە؟

ئەگــەر واشــنتۆن "دیموکراســی" وەک سیســتەمێکی گشــتگیر بــۆ فەرمانڕەوایــی بەرەوپێــش ببــات، ئێســتا پەکیــن "گەشــەپێدان" وەک ئامانجێکــی ئابــووری گشــتگیر باشــووری جیهانــی پــێ بەبــازاڕ دەکات. لــە ڕووی ناوچەییــەوە، ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا زۆر پێــش شــەڕی عێــراق، بەقوولــی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا ســەرقاڵ بــوو، ئەمــەش بەهــۆی پێویســتیی بەرەنگاربوونــەوە و ڕکابەریــی یەکێتیــی ســۆڤیەت بــوو. وەک چــۆن بەریتانییــەکان هەوڵیــان دا کۆنترۆڵــی کەناڵــی ســوێس بکــەن و کێڵگــە نەوتییەکانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بپارێــزن کــە بــۆ هــەر جەنگێــک بــە پێویســتیان دەزانــی. ئەمریــکا لــە کاتــی جەنگــی ســارددا بەهــۆی نیگەرانــی لــە زاڵبوونــی ســۆڤیەت بەســەر ناوچەکــەدا دەســتبەرداری ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت نەدەبــوو. لــە دوای جەنگــی ســارد، ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا هەوڵەکانــی دژی عێــراق چــڕ کــردەوە و ئۆپۆزســیۆنی لــەدژی ڕژێمــی ســەددام پێکهێنــا (Broos& Wohlforth، 2023).

ســەرەڕای ئــەوەی، ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا وەک جاران پێویســتی بە سامانی سرۆشــتیی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت نەمــاوە، بــەڵام هاوپەیمانانــی ئەمریــکا لــە باشــوور و باشــووری ڕۆژهەڵاتــی ئاســیا هێشــتا پێویســتیان بــە ســەرچاوە سروشــتییەکانی ئــەم ناوچەیــە مــاوە. ئێســتا گرینگــی ڕەهــای ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــۆ بەرژەوەندییەکانــی ئەمریــکا بــە شــێوەیەکی بەرچــاو دابەزیــوە، چونکــە ئەمریــکا وردە وردە کۆتایــی بــە پشتبەســتنی خــۆی بــە نەوتــی ئــەم ناوچەیــە هێنــاوە و بەرهەمــی هایدرۆکاربۆنــی خــۆی بــەرز کردووەتــەوە، هەروەهــا گرنگیــی ڕێژەیــی ناوچەکــە بــە شــێوەیەکی گومانــاوی دابەزیــوە. بــەڵام گرینگیــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، تەنیــا لــە ســامانە سروشــتییەکانیدا نییــە، هەبوونــی ڕێــرەوی ئاویــی گرنــگ وەک "کەناڵــی ســوێس" و "بابلمەنــدەب" کــە بــە شــاڕێگای بازرگانیــی نێــوان ئاســیا و ئەوروپــا دادەنرێــن، گرنگیــی ئــەم هەرێمــەی بــۆ زلهێزانــی جیهانــی زیاتــر کــردووە. زیاتــر لــەوەش پاراســتنی "ئاسایشــی ئیسرائیــل" ڕاســتەوخۆ بــە پاراســتنی ئاســایش و هەژموونــی ئەمریــکا یەکســانکراوە.

کەواتــە؛ پێویســتە ئــەو ڕاســتییە بزانیــن، ئیــدارەی ئەمریــکا بەرانبــەر چیــن نــەدۆڕاوە، بەڵکــو لــە سیاســەتەکانی خــۆی بــۆ ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت کورتــی هێنــاوە. ئەمــەش

مەیدانەکـەی بـۆ چیـن و ڕووسـیا خۆشـکردووە . بـۆ نموونـە کشـانەوەی ئەمریـکا لـە ئەفغانسـتان بـووە هـۆی ئـەوەی پۆتیـن بوێـری زیاتـر پەیـدا بـکات و جەنگـی ئۆکرایـن هەڵبگیرسـێنێت. بەشـێک لەناوەندەکانـی توێژینـەوە و میدیـا دیـارەکان هێشـتا دەپرسـن: ئەمریـکا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەژێـر پرسـیاردایە؟ ئـەم پرسـیارە چەندیـن جـار لـە چەندیـن گۆشـەوە وەڵامدراوەتـەوە، ڕووسـیا و چیـن ئەوەیـان نەشـاردووەتەوە کـە دەسـتێوەردان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە گرنگتریـن ستراتیژییەکانیانـە.

لـە هەمـان کاتـدا چیـن، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی کـردووە بـە کلیلـی سـەرکەوتنی سیاسـەتی "ڕێـگای ئاوریشـم"؛ ئـەم سیاسـەتە بـووە هـۆی فراوانبوونـی دەسـەڵاتی ئابـووری و سیاسـی و سـەربازیی چیـن، هەروەهـا یارمەتیـی وەبەرهێنانـی چینـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دا، بەتایبەتـی لـە عێـراق، سـعوودیە، ئـیمارات، ئێـران، ئیسرائیـل و مـیسر؛ چیـن پەیوەندیـی دیپلۆماسیی و کەلتوریـی خـۆی لـە ناوچەکـەدا فـراوان کـرد. بارودۆخـی ئاڵـۆزی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ئـەو دەرفەتـەی بـە چیـن دا کـە پەیوەندییەکانـی خـۆی لەگـەڵ وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت پتـەو بکاتـەوە، بەتایبەتـی ئـەو وڵاتانـەی تووشـی قەیرانـی دارایـی بـوون و ئابوورییەکەیـان داتەپیـوە و لـە ڕووی پیشەسـازییەوە لاوازن، چیـن لەگەڵیانـدا خەریکـە بۆئـەوەی کاڵاکانـی خـۆی لـەم ناوچانـە سـاخ بکاتـەوە.

چیـن لـە هەمـوو شـوێنێکی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کاریگـەرە. لـە سـاڵی ٢٠١٦ەوە بانکـی وەبەرهێنانـی ژێرخانـی ئاسـیا کـە لەلایـەن پەکینـەوە بەڕێوەدەبرێـت، نزیکـەی ٤.٣ ملیـار دۆلاری پێشـکەش بـە تورکیـا کـردووە کـە دووەم گەورەتریـن وەرگـری ئـەو جـۆرە قەرزانەیـە. ئەنکـەرە لـە سـاڵی ٢٠٢٣دا بەهـای ٤٥ ملیـار دۆلار کاڵای لـە چینـەوە هـاوردە کـردووە، لەکاتێکـدا چیـن تەنیـا ٣.٣ ملیـار دۆلاری کاڵای تورکـی هـاوردە کـردووە. پەیوەندییـە بازرگانییەکانـی تورکیـا لەگـەڵ ڕۆژئـاوا زۆر بەرچاوتـر دەمێنێتـەوە. لـە تەمـووزی ٢٠٢٤دا، گەورەتریـن کۆمپانیـای دروسـتکردنی ئۆتۆمبێلـی کارەبایـی چیـن، BYD، ڕایگەیانـد؛ یـەک ملیـار دۆلار وەبەرهێنـان لـە کارگەیەکـی نـوێ لـە تورکیـا دەکات بـۆ بەرهەمهێنانـی ١٥٠ هـەزار ئۆتۆمبێلـی کارەبایـی و هایبریـد لـە سـاڵێکدا. کارگەکـە بڕیـارە تـا سـاڵی ٢٠٢٦ لـە پارێـزگای مانیسـای ڕۆژئـاوای تورکیـا بکرێتـەوە و پێنـج هـەزار کرێـکاری تێـدا دامەزرابێـت (Avdaliani، 2024).

وەكـو "سـيڤان سـەعيد" لـە بەشـی مێـژوو و شارسـتانییەت و سـەرۆكی بەشـی لێكۆڵینـەوەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە زانكـۆی شانشـی لـە چیـن گفتوگـۆی ئەمـە دەكات، لایوایـە هێـزی نەرمـی چیـن كارێكـی كـردووە كـە وڵاتـان نـەک تـرس بەڵكـو خواسـتیان هەبـێ بـۆ مامەڵـەی ئابـووری و سیاسـی لەتـەک چینـدا. نـەک ئایدیۆلۆجیـای سیاسـی، چیـن كولتـوور و فەلسـەفەی ڕۆژ هەلاتـی بـە بنەمادەگـرێ بـۆ گەشـەپێدانی پەیوەندییەكانـی لەگـەڵ دونیـا. بـۆ نموونـە لـە هیـچ جێیەكـی دونیـادا چیـن بانگەشـە بـۆ ماویـزم و سـەرۆک مـاو نـاكات. بـەڵام لـە زۆربـەی زانكۆكانـی دونیـا و لـە خانەكانـی بیـردا چیـن سـەرمایەگوزاری لەسـەر باسـی فەلسـەفەی ئاشـتیخوازانەی چیـن دەكا. چیـن خـۆی بـە زلهێـز نازانـێ و بانگەشـەی سـەروەری بەسـەر دونیاوە نـاكات. كاتێک چینیـەكان و دوای ئەوانیـش ڕووس و هینـدەكان دەڵێـن سـەردەمی تاكجەمسـەری بەسـەرچووە، مەبەسـتیان لادانـی ئەمریـكا و جێگەگرتنـەوەی خۆیـان نییـە بـۆ باڵادەسـتیی بەسـەر وڵاتـان و گەلانـی دونیـاوە. مەبەسـتیان پایماڵكـردن و بێكاریگەركردنـی ڕۆژئـاوا و دەسـتكەوتە كولتووریـی و ئابوریـی و تەكنەلۆجییەكانیـان نییـە. ئـەوە ڕۆژ ئاوایـە كـە ناتوانـێ قبوڵـی بـكات كـە جگـە لـە سیسـتمی بانكـی و سـویفتی ئەمریكـی دەكـرێ ڕووسـەكان و چینییەكانیـش سـویفتی خۆیـان بەكاربێنـن. ئـەوە ڕۆژئاوایـە كـە لـە تەنگـەی تایـوان دەیـەوێ تەنـگ بـە چیـن و لـە دەریـای ڕەش تەنـگ بـە ڕووسـیا هەڵبچنێـت (Saeed، 2023).

لەڕاســتیدا، داتــاكان نیشــانمان دەدەن كــە نەزمــی جیهانــی گــۆڕاوە، بــەڵام ڕانەگەیەنـدراوە! قەتـەر كارتـە سیاسـییەكانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی كەوتۆتـە دەسـت نـەک ئەمریـكا، چیـن بەشـێوەیەكی هـەرزانتر ڕێبەرایەتـی گۆڕانكارییـە نوێیـەكان دەكات. بـە گوێـرەی داتاكانـی فۆڕچـن، چیـن لـە سـاڵی ٢٠٢٣ دا بـە دروسـتكردنی ١٠ ملیـۆن و ٤٠٠ هــەزار ئۆتۆمبیــل، ٦٢٪ ی ئۆتۆمبیلــە كارەباییەكانــی جیهانــی دروســتكردووە ، ئەمریــكا بــە بەرهەمهێنانــی نزیكــەی ١ ملیــۆن تەنیــا ١٠٪ دە لەســەتی ئۆتۆمبیلــە كارەباییەكانــی جیهانــی دروســتكردووە (Fortune، 2024).

زیادبوونـی فرۆشـی ئۆتۆمبێلـی كارەبایـی لـە جیهانـدا سـاڵ لـە دوای سـاڵ زیـاد دەكات، لـە چـاو سـاڵی (٢٠٢٢) دا لـە (٢٠٢٣) دا بـە ڕێـژەی ٣٥٪ زیـادی كـردووە. ئـەم بەرزبوونەوەیـە نوێنەرایەتـی گۆڕانكارییەكـی بومەلەرزەیـی دەكات، بەجۆرێـک فرۆشـی

ئۆتۆمبێلــی کارەبایــی شــەش هێنــدەی ئــەو ئامارانــەی تێپەڕانــدووە کــە پێنــج ســاڵ پێــشتر لــە ســاڵی ٢٠١٨دا تۆمارکرابــوون. لەمەشــدا، چیــن وەک ئیستســنایەکی جیهانــی جیــاوازە لــە پێشکەشــکردنی مۆدێلــی کارەبایــی هــەرزان، کۆمپانیــا ناوخۆییەکانــی دروســتکردنی ئۆتۆمبێــل نزیکــەی ٥٠ مۆدێلــی ئۆتۆمبێلــی کارەبایــی بچــووک و گونجــاو دەخەنــە بــازاڕەوە کــە زۆربەیــان نرخیــان لــە خــوار ١٥ هــەزار دۆلارەوەیــە. لەهەمــوو جێگایــەک کالا چینییــەکان نرخیــان زۆر هــەرزانترە لــە کالا ئەوڕوپــی و ئەمریکییــەکان، لەگــەڵ ئەمەشــدا تادێــت "دیموکراســیی بــۆ دەســتڕاگەیشتن بــە کالای چینــی " زیاتــر دەبێــت (Environment Energy Leader. 2024).

لــە پرســی ڕێبەرایەتیکردنــی بــازاڕدا، کــەم تاکــی ئــەم جیهانــە هەیــە ڕۆژانــە نــاوی "چیــن" بــە زاریــدا نەیــەت! بەهــۆی ئــەوەی بــازاڕی ناوخۆیــی چیــن زیاتــر بوژایــەوە؛ لــە (٢٠٢٣) دا، بەرهەمهێنەرانــی چیــن ئــەو بۆشــاییەیان پڕکــردەوە کــە کۆمپانیــا ڕۆژئاواییــەکان بەهــۆی کشــانەوەیان لــە ڕووســیا درووســتیان کردبــوو. بەپێــی داتاکانــی کۆمەڵــەی بەرهەمهێنەرانــی ئۆتۆمبێلــی چیــن ســاڵ بــەدوای ســاڵ متمانــە بــە ئۆتۆمبیلــە چینییــەکان زیاتــر دەبێــت، کۆمپانیاکانــی دروســتکردنی ئۆتۆمبێــل ٣٠ ملیــۆن و ١٦ شــانزە هــەزار ئۆتۆمبێلیــان لــە (٢٠٢٣) دا بەرهــەم هێنــاوە و گەیاندویانەتــە بازاڕەکانــی جیهــان، بــە جۆرێــک کــە بــە بــەراورد بــە (٢٠١٧) لــە (٢٠٢٣) دا ئاســتی هەناردەکردنــی ئۆتۆمبیلــی چینــی (٥٨٪) زیادیکــردووە (Lew، L. 2024).

پرســیارە ســەرەکییەکە ئەوەیــە؛ ئەمریــکا بــەدوای چ جــۆرە پەیوەندییەکــی ئایندەییــدا دەگەڕێــت لەگــەڵ چیــن؟ ئــەوەی هەمــوو ڕۆژێــک دەیبیســتین؛ ئەمریــکا و هاوبەشــە ئاسیاییەکانی دەیانەوێــت هاوســەنگی هێــز لــە هیندۆ-پاسیفیکدا بپارێــزن، بــۆ ڕێگریکــردن لــە چیــن کــە دەیەوێــت لەوێــدا ببێتــە هەژموونێکــی ناوچەیــی. ئیــدارە یــەک لــەدوای یەکەکانــی ئەمریــکا نیگەرانــن لــەوەی پەکیــن وردە وردە دراوســێکانی ڕازی دەکات خۆیــان لــە ئەمریــکا دوور بخەنــەوە و ســەروەری چیــن قبــوڵ بکــەن و لــە پرســە ســەرەکییەکانی سیاســەتی دەرەوەدا ببنــە پاشــکۆی خواســتەکانی پەکیــن. بــەڵام لــە ڕاســتیدا هەوڵەکانــی چیــن بــۆ گۆڕینــی ئــەم نەزمــە جیهانییــە- تــاک جەمســەرییە بەڕێبەرایەتــی ئەمریــکاو هاوپەیمانەکانــی دیزاینــی درێژخایەنــی لەخۆگرتــووەو، گەیشــتۆتە کەنــاری دووبــارە

نووسـینەوەی نەزمێکـی نوێـی جیهانـی. ئـیتر دواتـر ئاکامەکـەی ڕەنگـە ئـەوە بێـت چیـن داوا لــە گەلانــی دیکــە بــکات ببنــە دەوڵەتــی باجــدەرو باجــی پــێ بــدەن، و دیمەنــی کڕنــووش بەرانــەی بــۆ بنوێنــن!

زانیــاری پشتڕاســتکراوە لــە لیژنــەی بێلایەنــی دامــەزراوەی میــرات هیریتیــچ لــە تەمــووزی ٢٠٢٤ دا، تیشــک دەخاتــە ســەر خــراپ مامەڵەکردنــی چیــن و ناشــەفافیەت ســەبارەت بــە کۆڤیــد-١٩، چونکــە زیاتــر لــە (١٨) تریلیــۆن دۆلار زیانــی بــە ئابــوری ئەمریــکا گەیانــدوە، گیــان لەدەســتدان بەهــۆی پەتاکــەوە (٣٨) ملیۆنــی تێپەڕانــدوە کــە زیاتـر لـە ملیۆنێـك ئەمریکـی بـەم پەتایـە لەمـاوەی دوو سـاڵدا مـردوون، ڕاپۆرتەکـە پێـی وایـە تەنیـا کەمتەرخەمییەکـی چیـن بووەتـە هـۆی ئـەو زیانـە گەورەیـە لـە کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتــی و، دەبێــت چیــن وەڵام بداتــەوە (Ratcliffe، J. 2024).

ئــەم مەترســییە گەیشــتۆتە قووڵایــی ئەمریــکا؛ لــە (٦ ی شــوباتی ٢٠٢٤) حــەوت پڕۆفیســۆر و ســکۆڵەری دیــاری ئەمریکــی لــە پەیمانگــەی برۆکینجــز بەناونیشــانی "ئایـا پەیوەنـدی ئەمریـکا و چیـن ئەنجامیتریـن پەیوەنـدی دوولایەنەیـە بـۆ ئەمریـکا لــە جیهانــدا؟" دیبەیتێــک ڕێــک دەخــەن. دەگەنــە ئــەو بــاوەڕەی "چیــن" تاکــە وڵاتێکــە کــە مەترســییەکی سیســتماتیکی لەســەر پێگــەی ئەمریــکا وەک ســەرکردە و تەلارســاز و پارێــزەری جیهانــی نەزمــی نێودەوڵەتــی لــە دوای جەنگــی دووەمــی جیهــان دروســت دەکات. چیـن گەورەتریـن دەردانـی گازی گەرمخانەیـی هەیـە کـە لـە سـاڵی ٢٠٢٢دا زیاتـرە لــە چــاو ئەمریــکا و ئەوڕووپــا بەیەکــەوە. چیــن دووەم بڕبــڕەی پشــتی ئابــووری جیهــان (بگــرە لــە زۆر بــواردا لــە ٢٠٢٥ دا یەکەمــە): وەرشــەی بەرهەمهێنانــی جیهــان، هاوبەشــی بازرگانـی ژمـارە یـەک لـە زۆربـەی وڵاتانـی جیهـان (لەوانـەش یەکێتـی ئەوڕووپـا و ژاپـۆن)، و دابینکــەری زۆربــەی شــتە گرنگەکانــە (لەوانــەش هەمــوو شــتێکی ســەوز و پــاک) لــە زنجیرەکانــی دابینکردنــی جیهانیــدا. هەڕەشــەیەکی بوونیــەوی دیکــە ئەوەیــە "چیــن و ئەمریــکا" تەنیــا ئــەو دوو وڵاتــەن لــە جیهانــدا کــە جبەخانــەی ئەتۆمییــان هەیــە، بــەم مانایـە چینیـەکان بـە شـێوەیەکی ڕسـتەیی دەتوانـن ئەمریـکا لەسـەر نەخشـەکە بسـڕنەوە. کەواتـە چیـن یەکێکـە لـەو پێگـە گەورانـەی جیهـان کـە هەڕەشـەی بوونیـەوی (وجـودی) لەســەر ئەمریــکا درووســت دەکات.

لـەڕووی سـەربازییەوە، وەک سوسـەن ئـەی تـۆرنتن (Susan A. Thornton) هاوەڵـی بـاڵا لەسـەنتەری پـاوڵ تسـای چینـی ئامـاژەی پێـدەکات، سـوپای ئەمریـکا و چیـن گەورەتریـن و گرانتریـن و پێشـکەوتووترین سـەربازی جیهانـن، لەکاتێکـدا چیـن هێشـتا لـە دوای ئەمریکاوەیـە، بـەڵام ئـەو دووانـە زۆر لـە پێـش هەمـوو ئەوانـی تـرەوەن. بەردەوامبوونـی مۆدێرنیزاسـیۆنی سـەربازیی چیـن و هەڕەشـەکانی بـۆ وەرگرتنـەوەی تایـوان بـە زۆر، گەورەتریـن بزوێنـەری زیادکردنـی بودجـەی سـەربازی ئەمریـکا دەبێـت لـە دەیەکانـی داهاتـوودا. تەنانـەت ئەگـەر شـەڕێک لەسـەر تایـوان هەرگیـز نەیەتـە پێشـەوە، زیادبوونـی بودجـەی سـەربازی ئەمریـکا بـۆ پرسـی تایـوان بـەردەوام دەبێـت، ئەمـەش ئەرکەکانـی دیکـەی حکومەتـی فیدراڵـی ئەمریـکا قەرەباڵـەخ دەکات. ئەگـەر شـەڕەکە بێتـە پێشـەوە، بـە دڵنیاییـەوە کاریگەرییەکـی وێرانکـەری لەسـەر ئەمریکییـەکان دەبێـت، گرنـگ نییـە سـیناریۆکە چییـە.

بـوارە ئەمنییەکانـی تـر کـە ئەمریـکا و چیـن زاڵـن، پەیوەندییـە دیجیتاڵییـەکان و ژێرخانـی ئینتەرنێتـی جیهانـی و داهێنانەکانـە. ئـەم دوو زلهێـزە گەورەتریـن کۆمپانیـا و کەرتەکانـی تەکنەلۆژیـای ئینتەرنێتیـان هەیـە و لـە کاتێکـدا کۆمپانیـا ئەمریکییـەکان پێشـەنگن، کۆمپانیـا چینییـەکان ڕکابـەری جددیـن. ئـەم پرسـە دۆمەینـی ئابـووری و زانسـت و تەکنەلۆژیـا و ئاسـایش دەبڕێـت و لـە ئەنجامـدا زۆر قـورس بـووە بـۆ بەڕێوەبردنـی پەیوەندییەکانـی ئەمریـکا و چیـن لـە سـەردەمی کێبڕکێـی ستراتیژیـدا. پێدەچێـت ئـەم گرفتانـە لـە شـوێنێکدا کاریگـەری لەسـەر هەمـوو ئەمریکییـەک هەبێـت کـە مۆبایلێکـی زیرەکـی هەبێـت (Allison، G. T.، et al. 2024).

پرۆفیسـۆرەکان دەڵێـن، هەڕەشـەیەکی سیسـتماتیکی ئەوتـۆ کـە چیـن چـوار هێنـدەی ژمـارەی دانیشـتوانی ئەمریـکای هەیـە، ئابوورییـەک کـە هـەر بـۆ ئـەوە بەرزبووەتـەوە بۆئـەوەی پێـش ئەمریـکا بکەوێـت: چیـن وەک گەورەتریـن وڵاتـی جیهـان لـە ڕووی یەکسـانی هێـزی کڕیـن و ڕۆڵـی وەک هاوبەشـی بازرگانـی ژمـارە یـەک لـە زۆربـەی وڵاتانـی جیهانـدا دەرکەوتـوە، جگەلـەوەش چیـن بەرهەمهێنـەری پێشـەنگی جیهانـە و ڕکابەرێکـی سەرسـەختە لـە زۆربـەی تەکنەلۆژیـا پێشـکەوتووەکاندا (لەوانـەش زیرەکـی دەسـتکرد)، چیـن تاکـە نەتەوەیـە کـە دەتوانێـت ئەمریـکا وەک هێـزی پێشـەنگی


جیهـان ئـاوارە بـکات. چیـن وا خـۆی دەبینێـت کـە بـۆ ئـەو شـوێنە دەگەڕێتـەوە کـە پێـی وایـە لـە ناوەنـدی جیهانـدا شـوێنی شایسـتەی خۆیەتـی، پێگەیـەک کـە دوو سـەدە لەمەوبــەر لێــی ڕووخــێنرا، کاتێــک ڕۆژئاواییــەکان بــۆ ئیمپریالیزەکــردن و زەلیلکردنــی بــە تەکنەلۆژیــاوە گەیــشتن. ئەمریــکا زلهێزێکــی گــەورەی دەســەڵاتدارە کــە لــە دوای کوشــندەترین شــەڕی مێــژوودا نەزمێکــی نێودەوڵەتــی سەرنجڕاکێشــی دروســتکرد، دوای زیاتــر لــە ســەت ســاڵ لــە ڕوودانــی یەکەمیــن جەنگــی جیهانــی، نەرمەهێــزی چینــی کاریگەرییەکــی ئەوتــۆی درووســتکردووە کــە زۆربــەی وڵاتانــی جیهــان نــەک ڕێگریــی لێناکــەن، بەڵکــو بەگەرمــی پێشــوازیی دەکــەن (Allison، G. T.، et al. 2024).

"لەبەرئـەوە، بەڵـێ، هەمـوو بردنەوەیەکـی چیـن ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ یەکسـانە بـە دۆڕان و پاشەکشـەیەکی بەرچـاوی ئەمریکا."

## ٥.٢. هێشتا ئەمریکا تاکە زلهێزی جیهانە؛ بەڵام پێویستی بە ئاگایی زیاتر هەیە

نابێت لە بیری بکەین، یەدەگی قووڵی جوگرافی و دیمۆگرافی و دامەزراوەیی ئەمریکا خۆڕاگرییەکی ناوازە بە وڵاتەکە دەبەخشێت. ئەمریکا تاکە زلهێزێکی گەورەیە کە ڕکابەری ناوچەیی نییە. کۆمپانیا و زانکۆکانی زاڵن بەسەر جیهاندا، تەنانەت باشترین بنەماکانی هەیە بۆ گەشەی ئابووری داهاتوو، بەهۆی سەرچاوە سروشتییە زۆرەکانی و دیمۆگرافیای لەبار و مافی خاوەندارێتی پارێزراو و دامەزراوە سیاسییە بەردەوامەکانی.

لەگەڵ ئەوەی هەژموونی چین هەڵکشانی بەخۆیەوە دیوە و هێزی ئەمریکاش بەشێوەیەکی ڕێژەیی دابەزیوە، بەڵام هێشتا ئەمریکا ژمارە یەکە. وەک لە خشتەکەدا دەبینین ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی (GDP) سەرتاسەریی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی (٢٠٢٤) دا (٢٨.١٧٦) بیستوهەشت ملیار و سەتو حەفتاوشەش ملیۆن دۆلارە، پێشبینی وایە لە (٢٠٣٤) دا دەگاتە (٤١.٦٤٥) چل و یەک ملیارو شەش سەتوچل و پێنج ملیۆن دۆلار (Statista، 2024). لەکاتێکدا ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی لە (٢٠٢٤) لە چین (١٨.٥٣٦) ملیار دۆلارە. سەرەڕای ئەوە داهاتی ساڵانەی تاک لە ویلایەتە یەکگرتووەکان (٨٥.٣٧) هەشتاو پێنج هەزار دۆلارە، بەڵام لە چین تەنیا (١٣.١٤) هەزار دۆلارە، واتە داهاتی هەر تاکێکی ئەمریکی زیاتر لە شەش جار زیاترە لە تاکێکی چینی (Forbes India، 2024a).




**ئاستی گەشەی ناوخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە (٢٠٢٤- ٢٠٣٤) سەرچاوە: ستاتیستا (٢٠٢٤).**

هەروەهـا ئەمریـکا لەگـەڵ وڵاتـە دیموکراسـییە پێشـکەوتووەکانی دیکـەی بـازاڕدا، لـە هەوڵدایـە بـۆ دروسـتکردنی هاوبەشـی نـوێ بـۆ هێنانـە ئـارای جێگرەوەیەکـی سـتانداردی بـاڵا لەبەرانبـەر پـڕۆژەی دەستپێشـخەری پشـتێن و ڕێـگای چیـن. بـۆ نموونـە؛ چوارچێـوەی ئابـووری هیندسـتان و زەریـای هێمـن وەک هاوبەشـییەک بـۆ ژێرخانـی جیهانـی و وەبەرهێنـان. جگەلـەوەش ئیـدارەی ئەمریـکا لـە نزیکـەوە سەرپەرشـتی بەسـتنەوەی هیندسـتان بـە کەنـداوی عومـان و وڵاتانـی کەنـداوەوە دەکات، هەروەهـا نزیکـە لـەوەی وڵاتانـی کەنـداو بـە دەریـای سـپی ناوەڕاسـتەوە ببەسـتنەوە (لـە بەشـی چوارەمـی ئـەم کتێبـەدا ئەمـە زیاتـر ڕوون دەکرێتـەوە). ئـەم دەستپێشـخەرییانە بـۆ دابینکردنـی داواکاری جیهانی بـۆ ژێرخانـی دارایـی داڕێـژراون، لـە هەمـان کاتـدا سـتانداردە بەهێزەکانـی حوکمڕانـی لـە دەوری دارایـی، کار، ژینگـە، شـەفافیەت و یەکسـانی و یەکسـانی جێنـدەری دەپارێـزن.

کۆمپانیـا جۆراوجۆرەکانـی خۆرئـاوا، لـە هەوڵێکـی بێوێنـەدان بـۆ وەربەرهێنـان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بـۆ نموونـە؛ لـە کۆتایـی مانگـی تەمـووزی ٢٠٢٤ دا، کۆمپانیـای دێمـی Deme + OQ هاوبەشـی لەگـەڵ کۆمپانیـای بـی پـی کـردووە بـۆ پـڕۆژەی هایپـۆرت دوقـم (مینـای دوقـم) لـە سـەڵتەنەتی عومـان: کۆمپانیـای زەبەلاحـی نەوتـی بەریتانـی بـی پـی ٤٩٪ ی پشـکەکانی کۆمپانیـای دیمێی بەلجیکـی و پـڕۆژەی هایدرۆجینـی سـەوزی هایپـۆرت دوقـم لـە کۆمپانیـای نەوتـی دەوڵەتـی عومـان کڕیـوە . بەپێـی ڕێکەوتنەکـە، کۆمپانیـای بـی پـی وەک بەڕێوەبـەری پڕۆژەکـە کاردەکات کـە لـە ناوچـەی ئابـووری تایبەتـی عومـان لـە دوقـم (SEZAD) پـەرەی پێدەدرێـت. ئەمـە لەکاتێکدایـە، یەکـەم پـڕۆژەی هایدرۆجینـی سـەوز بـە قەبـارەی گـەورە لـە عومـان لەسـەر ڕووبـەری ١٥٠ کیلۆمەتـر چوارگۆشـە بـە توانـای بەرهەمهێنانـی ١.٣ گیـگاوات لـە قۆناغـی یەکـەم و زیاتـر لـە ٢.٧ گیـگاوات لەگـەڵ تەواوبوونـی قۆناغـی دووەم. پڕۆژەکـە چەندیـن ئامانجـی هەیـە لـە دابینکردنـی پیشەسـازیی و نەهێشـتنی کاربـۆن، هەروەهـا هەناردەکردنـی هایدرۆجینی سـەوز بـۆ ئاسـیا و ئەوروپـا. عومـان پلانـی هەیـە تـا سـاڵی ٢٠٣٠ بەرهەمهێنانـی ساڵانەی هایدرۆجینـی سـەوز بگەیەنێتـە ١.٣٨ ملیـۆن تـۆن (Enterprise. 2024، August 5 ). ئـەم هەوڵـە لەلایەکـی تریشـەوە، پڕۆژەکـەی ئیـدارەی بایـدن بـۆ بەسـتنەوەی هیندسـتان بـە کەنـداوی عەرەبییـەوە، بـۆ ڕێگرتـن لـە چالاکییەکانـی چیـن پارێزراوتـر و کاراتـر دەکات.

لـە (٢٠٢٤) دا، لـە دە گەورەتریـن کۆمپانیـا زەبەلاحەکـەی جیهـان هەشـتیان ئەمریکییـە و دووانەکـەی دیکـەش هاوپەیمانـی بەهێـزی ئەمریـکان (Statista، 2024b). کاریگەرتریـن ناوەندەکانـی توێژینـەوە، زانکـۆ و کۆمپانیـا بڵاوکەرەوەکانـی کتێـب لـە ئەمریکایـە. وەک جۆزێـف نـای داوای دەکات سـەرکردەکانی ئەمریـکا دەبـێ چوارچێوەیـەک دروسـت بکەن کە بەهاکانـی ئەمریـکا بپارێزێـت کـە لەگـەڵ بەهاکانـی کەسـانی دیکـەی جیهانـدا بگونجێـت.

ویلایەتـە یەکگرتـوەکان، شەسـت و هەشـت هاوپەیمانـی فەرمـی هەیـە و تاکـە وڵاتـە کـە دەتوانێـت شـەڕی گـەورە بـکات لـە دەرەوەی ناوچـەی زێـدی خـۆی، ٥٨٧ بنکـە لـە چـل و دوو وڵاتـدا بڵاوبوونەتـەوە. چـۆن گوایـە ڕووسـیا ململانێـی ئەمریـکا دەکات؟ بودجـەی سـەربازی ڕووسـیا دە هێنـدە بچـووکترە لـە بودجـەی ئەمریـکا. ئابوورییەکـەی بچـووکترە لـە ئابـووری ویلایەتـی تەکسـاس. ڕووسـیا هیـچ هاوپەیمانێکـی مانـاداری نییـە.

وەكو تايلۆر مەكنێل-Taylor McNeil گفتوگۆی ئەمە دەكات؛ ڕووسيا و چين هەرگيز هاوپەيمانێتيەكی ڕاستەقينە دروست ناكەن. ئەوان سنوورێكی (٢٦٠٠) ميليان هەيە، كێبڕكێ لەسەر كاريگەری لە سەرانسەری ئۆراسيا دەكەن و چەك بە نەيارانی يەكتر دەفرۆشن، بەڵام هێشتا ڕووسيا و چين زيان بە بەرژەوەندييەكانی ئەمريكا دەگەيەنن بە مامەڵەكردن بە هاوبەشی لەسەر كۆمەڵێك پرسێكی سنووردار. ئينجا ڕووسيا و چين مليارەها دۆلاريان لە دەزگاكانی ڕاگەياندن و ڕێكخراوە ناحكومييەكان و هاككەرەكان خەرج كردووە كە ئامانجيان پێچەوانەكردنەوەی بڵاوبوونەوەی ديموكراسی و چەوساندنەوەی دامەزراوە سياسييەكانی ئەمريكايە. هەروەها هەردوو وڵات سزای هاوپەيمانانی ئەمريكايان سەپاندووە و لە نەتەوە يەكگرتووەكاندا هاوپەيمانييان كردووە بۆ ڕێگريكردن، يان بەتاڵكردنەوەی سزاكانی ئەمريكا بۆ سەر كۆريای باكوور و ئێران. لە هەمووی نيگەرانكەرتر ئەوەيە؛ چين و ڕووسيا دەتوانن لە يەك كاتدا شەڕ لەگەڵ هاوپەيمانەكانی ئەمريكا دەستپێبكەن- وەك شەڕی چين لەگەڵ تايوان و شەڕی ڕووسيا لە باڵتيك.

لە ڕاستيدا ئەمريكييەكان بەختەوەرن كە هيچ كام لە شەڕە گەورە و بچووكەكانی (١٥٠) ساڵی ڕابردوو لە شار و شارۆچكەكانی خۆياندا نەكراون. دەتوانن مامەڵە لەگەڵ هەڕەشە دەرەكييەكان لە شوێنە دوورەكان، دوور لە زێدی خۆيان بكەن. هێشتا سەردەمی ئەمريكايە، ئەمريكا بە ٥٪ ی دانيشتوانی جيهان، لەسەدا ٢٥ ی سامانی جيهانی و ٣٥٪ ی داهێنانی جيهانی و ٤٠٪ ی خەرجييە سەربازييەكانی جيهانی پێكدەهێنێت. نزيكەی ٦٠٠ كۆمپانيای قازانج بەخشی جيهان و پەنجا لە ١٠٠ زانكۆی سەرەكی تێدايە (McNeil، T. 2019).

ئەمريكا هێشتا هەر يەكەمە، بەڵام چۆن باڵادەستی خۆی دەپارێزێت؟ لە ڕاستيدا زۆرێك لە سەركردە چينييەكانی دوای دووەمين جەنگی جيهانی، زۆر باش مێژووی ستراتيژی ئەمريكايان خوێندۆتەوە. دەزانن ئەمريكا چۆن باڵادەستی خۆی پاراستووە و دركيان بەوە كردووە، ئەوە تەنيا دەسەڵاتی ماددی، سەربازی و ئابووری نييە كە ئەو دوو شتە بۆ باڵادەستی پێويستن، بەڵام هۆكاری نا-ماددیش گرنگە؛ ئەويش دەسەڵاتی دامەزراوەييە (دەسەڵاتێك كە شەرعيەتی تەواوی

هەیـە). دوور نییـە کاتێـک ببینیـن چیـن بـە جیهانێکـدا دەسـوڕێتەوە یـان بـە جەوهـەر یـان لانیکـەم بـە خۆنمایشـکردن، پێشـنیاری چارەسـەر دەکات، دانوسـتان لەسـەر ئاشـتی دەکات، چیـن لـە ڕاسـتیدا دەیەوێـت وەک هێزێکـی جیهانـی شـەرعی سـەیر بکرێـت.

بـە دڵنیاییـەوە پەیوەندییـە دووقۆڵییەکانـی ئەمریـکا و چیـن لێکەوتـەی گـەورەی بـۆ ئەمریـکا هەبـووە. کاتێـک بەرژەوەندییەکانـی هـەردوو وڵات یەکسـان بـوون، پەیوەندییەکـە لـە کۆنترۆڵکردنـی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە سـاڵانی حەفتـاکان و هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا. بەشـداری کـرد کاتێـک هـاوکاری جیهانـی لەسـەر گۆڕانـی کەشـوهەوا لـە سـاڵی ٢٠١٥دا دەسـتپێکرد و لـە مـاوەی دەیـان سـاڵدا، چیـن هێـزی کارێکـی کـەم تێچـووی بـۆ کۆمپانیـا ئەمریکییـەکان دابینکـرد لەگـەڵ کاڵای کـەم تێچـوو بـۆ بەکارهێنەرانـی ئەمریکـی. هەروەهـا چەنـد سـاتێک هەبـووە کـە بەرژەوەندییـە گرنگـەکان هاوتەریـب دەرکەوتـوون، بـەڵام لـە کۆتاییـدا هاوتەریـب نەبـوون، وەک لـە بەرنامـەی ئەتۆمـی کۆریـای باکـووردا. لـە مـاوەی نزیکـەی نیـو سـەدەدا لـە دوای ئاسـاییبوونەوەی پەیوەندییەکانـی ئەمریـکا و چیـن، پەیوەندییـە دووقۆڵییـەکان هەرگیـز درکـی بـەو پۆتانسـێلە نەکـردووە کـە واشـنتۆن خەیاڵـی دەکـرد. بەهـا و نـۆرم و بەرژەوەندییەکانـی ئـەم دوو وڵاتـە تادێـت بـەرەو دوورکەوتنـەوە لەیـەکتر دەڕوات و ئـەو پەیوەندیانـەی پێکەوەیـان دەبەسـتێت، تادێـت لـە چارەکـی کۆتایـی چارەکـی یەکەمـی سـەدەی ٢١ دا بـەرەو تێکچـوون دەچێـت.

ئەمـڕۆ ئەمریـکا و چیـن پشـتگیری لـە ڕێکخسـتنە سیاسـی و ئابووری و ئەمنییـە جیـاوازەکان دەکـەن: چیـن پشـتگیری لـە ڕێکخـراوی هـاوکاری شـەنگەهای و بلۆکـی بریکـس و هاوبەشـی ئابـووری گشـتگیری ناوچەیـی(RCEP) دەکات، لەکاتێکـدا ئەمریـکا پاڵپشـتی ناتـۆ و چوارچێـوەی ئابـووری هیندسـتان و زەریـای هێمـن و (G-7) دەکات. چیـن چیـتر هاوبەشـی بازرگانـی سـەرەکی ئەمریـکا نییـە و بازرگانـی دوولایەنـەش بـە شـێوەیەکی بەرچـاو دابەزیـوە؛ لـە کاتێکـدا هەنـاردەی ئەمریـکا بـۆ چیـن تاڕادەیەکـی زۆر وەک خـۆی ماوەتـەوە، لـە یانـزە مانگـی یەکەمـی سـاڵی (٢٠٢٣) دا هەنـاردەی چیـن بـۆ ئەمریـکا بـەراورد بـە سـاڵی (٢٠٢٢) زیاتـر لـە (٢٠٪) دابەزیـوە. تەنانـەت لـە (٢٠٢٤) دا چیـن لـە ڕیزبەنـدی ١٠ وڵاتـی سەرەکیشـدا

نییــە وەک ســەرچاوەی وەبەرهێنانــی ڕاســتەوخۆی بیانــی لــە ئەمریــکا. پەیوەنــدی بەرپرســانی بــاڵای ئەمریــکا لەگــەڵ هاوتــا چینییەکانیــان لــە ڕووی مــەودا و کاتــەوە ســنووردارە. ئەمریکییــەکان بــە ژمارەیەکــی زۆر کەمــەوە لــە چیــن گەشــت و خوێنــدن دەکــەن (Allison، G. T.، et al. 2024).

تــا ئێســتا لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، هیــچ ڕاگەیەندراوێــک نییــە، ئــەوە دووپــات بکاتــەوە چیــن بــەدوای جێگرتنــەوەی ئەمریــکادا دەگەڕێــت، چوونکــە هەســتی بــەوە کــردووە ناتوانێــت ئــەوە بــکات. چیــن تێــدەگات ئــەو پێکهاتانــەی نییــە ڕێگــەی پێبــدەن باڵادەســتییەکی بــەردەوام بپارێزێــت کــە ئەمریــکا هەیەتــی. جگەلــەوەش لــەدوای دووەمیــن جەنگــی جیهانییــەوە، ئەمریــکا توانیویەتــی بــە شــێوەیەکی سیســتماتیک بــە شــێوازی خــۆی بــازاڕی دارایــی لــە جیهانــدا ڕێــک بخــات، هێشــتا چیــن لــە مامەڵەکانیــدا پشــت بــە دۆلاری ئەمریــکا دەبەســتێت. لەهەمــوو ئــەم بابەتانــە گرینــگتر، چیــن گوتارێکــی کۆنکرێتــی بــۆ پرســی ئاسایشــی جیهانــی و ناوچەیــی نییــە. بــۆ نموونــە؛ ئێــران و تورکیــا ئــەو دەوڵەتــە ســەرەکییەن هەمیشــە لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا بــەدوای هەژموونــەوەن و هەریەکەیــان بەشــێوازێک دەســت لەکاروبــاری دەوروبــەری خــۆی وەردەدات، ئایــا چیــن چــۆن دەتوانێــت وەک کوتــەک بەدەســتێکی جیهانــی ســنوور ێــک بــۆ دەســتدرێژییە ناوچەییــەکان دابنێــت؟ بــۆ نموونــە ئەمریــکا و ئەوڕووپــا لــە عێــراق کــورد لــە هێرشــەکانی ئێــران دەیانپارێزێــت، لــە ســووریا ئەمریــکا پارێــزگاری لــە کــورد لێــدەکات، ئەگەرنــا تورکیــا لەمــاوەی چەنــد ڕۆژێکــدا جینۆســایدیان دەکات.

ئــەوەی پێویســتە ئەمریــکا بیــکات، هێنانــە ئــارای پارادایمێکــی نوێیــە لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، پابەندبــوون بــە دۆخــی ئێســتاوە لــە قازانجــی واشــنتۆندا نییــە. پێویســتە ســەرمایەگوزاری لــە باوەشــکردنی ناوچەکــە بــۆ هاوبەشــییەکی فرەلایــەن بگۆڕێــت. بــە بەکارهێنانــی تــۆڕی فراوانــی هاوپــەیمان و هاوبەشــەکانی لەســەر بنەمــای متمانەیەکــی یەکانگیــر. ئەمریــکا دەتوانێــت ئاســانکاری بــۆ بەشــداریکردنی فــراوانتر بــکات، پێشــوازی لــە لایەنــە پەیوەندیــدارە نوێیــەکان بــکات شانبەشــانی پەیوەندییەکانــی ئێســتا لەگــەڵ پەکیــن، دەتوانێــت ئــەوە بــکات کــە پێویســتییەتی.

ئەمریــکا لەبــری ئــەوەی هەوڵــی کۆنترۆڵکــردن، یــان لەکارخســتنی چیــن بــدات، پێویســته ببێتــه دەڵاڵێــک، بــژاردەی بەشــداریکردنی هەمەچەشــن و تایبەتمەنــد دابڕێژێــت بۆئــەوەی دەوڵەتــە ناوچەییــەکان بەدوایــدا بگەڕێــن. ئەوڕووپــای دوای جەنــگ زۆر لــە دۆخــی ئێســتا وێرانەتــر بــوو، ویلایەتــە یەکگرتــوەکان توانــی چەندیــن دەستپێشــخەریی گــەورە و مێژوویــی بــکات، لەوانــە پــڕۆژەی مارشــاڵ، بریتــون ودز، دواتــر ڕێککەوتننامــەی کامپ-دایڤیــد لــە ١٩٧٨، پاشــان دەســتگەیشتن بــە کەنــداو لــەدوای ڕووخانــی یەکێتــی ســۆڤییەت. بۆیــە بــە پەیڕەوکردنــی ئــەم پێشــینانە، ئەمریــکا دەتوانێــت ڕۆڵێکــی تــا ڕادەیەکــی زۆر لــە پشــت پــەردە بگرێتەبــەر، بەجۆرێــک ڕێکخســتنە نوێیــەکان لــە قاڵــب بــدات کــە دەستڕاگەیشــتنەکەی بــە تێچــووی کــەم گەورەتــر دەکات.

بێجگــە لەوانــە، واشــنتۆن دەبێــت ئەجێندایەکــی ئابوریــی بەهێــز پەرەپێبــدات بــۆ تەواوکردنــی ئامادەیــی گــەورەی ئەمنیــی خــۆی. شــوێنپێی ئابــووری زیاتــری ئەمریــکا لــە ناوچەکــەدا دەرفەتــی نــوێ پێشــکەش بــە هاوبەشــە ناوچەییــەکان دەکات و کاریگــەری و بەشــداریکردنی ئەمریــکا لــە کــەرت و دۆمەینــی زیــادەدا درێژدەکاتــەوە. ئــەم کارنامەیــە دەبــێ لــە دەوری ئەولەویەتەکانــی ســەرەکی ناوچەیــی بێــت کــە ئەمریــکا ســوودێکی بــەراوردکاری تیایانــدا هەیــە وەک وزەی نوێبــووەوە، گۆڕانــی کەشــوهەوا، تەکنەلۆژیــای دیجیتاڵــی و ســەرمایەی مرۆیــی، تەمبێکردنــی بەرپرســە گەندەڵــەکان و قاچاخچییەکانــی مــاددەی هۆشــبەر لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، گرنگیــدان بــە بنیاتنانــەوە و ئاســانکاری هاوبەشــی نــوێ لــە نێــوان هەرێــم و هاوبەشــە ئابوورییەکانــی کەرتــی تایبەتــی ئەمریــکا. بەمجــۆرە هەژموونــی ویلایەتــە یەکگرتــوەکان دەبێتــەوە جێــی باســوخواس و دەتوانێــت وەک هێزێکــی گەردوونــی، ســەدەی ٢١ بەتــەواوی بکاتــە ســەردەمی خــۆی.

### ٦.٢. بریکس و گۆڕانی دارایی جیهانی: بۆچی ڕەنگە داماڵینی دۆلار شکست بهێنێت؟

کورتکراوەی گروپەکە "بریکس-BRICS" لە پێنج ئەندامی بنچینەیی گروپەکەیەوە هاتووە کە بریتین لە؛ بەرازیل، ڕووسیا، هیندستان، چین و باشووری ئەفریقا، بەڵام لە (٢٠٢٤) دا گەشەی کردووە و میسر، ئەسیوپیا، ئێران و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لەخۆدەگرێت. هەروەها سعودیە بەشداری چالاکییەکانی گروپەکە دەکات. ئەم دە وڵاتە پێکەوە لەسەدا ٣٥.٦ی بەرهەمی ناوخۆیی جیهانی لەڕووی یەکسانی هێزی کڕینەوە پێکدەهێنن (زیاتر لە سەدا ٣٠.٣ی گروپی حەوت) و لەسەدا ٤٥ی دانیشتوانی جیهان. لە ساڵانی داهاتوودا پێدەچێت بریکس زیاتر فراوانتر بێت و زیاتر لە ٤٠ چل وڵات ئارەزووی بەشداریکردنیان دەربڕیوە، لەنێویاندا زلهێزە تازەپێگەیشتوەکانی وەک ئەندەنوسیا (Gabuev، A & Stuenkel، O. 2024).

"ئەگەر تێبینی بکەین، ئەندامانی بریکس، یان ئەوانەی دەچنە پاڵ گرووپەکە تێکەڵەیەکن لە نەیارەکانی ئەمریکا،هاوپەیمانەکانی پێشووی ئەمریکا، یان ئێستاش هاوپەیمانی ئەمریکان. ئەمە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دۆخی "فرەجەمسەری"مان بیردەخاتەوە؛ لە دۆخی گۆڕانی دۆخی جیهانیدا، دەوڵەتان بەگشتی پراگماتییانەتر مامەڵە دەکەن، هاپەیمانێتی دەکەن و هەڵیدەوەشێننەوە، چونکە ڕەنگە بەرژەوەندییەکانیان لە پرسێکدا یەکبگرن، بەڵام لە پرسەکانی دیکەدا جیاواز بن. لە جیهانێکی فرەجەمسەرییدا دەسەڵات بە شێوەیەکی یەکسانتر بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەش دەکرێت، ئەمەش وایکردووە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئاڵۆزتر و داینامیکتر و کەمتر پێشبینیکراوتر بن. لە کاتێکدا، جیهان ژانی وەرچەرخانێکی نوێ دەکات، ناسەقامگیریی سیستەمی جیهانی ناڕوونی درووست دەکات؛ بۆیە بەهای زێڕ بەرز دەبێتەوە، بەگشتی بەهای دراوەکان جێگیر نابن، چوونکە ئایندە ڕوون نییە."

بریکس لە ساڵی ٢٠١٢دا پێکهێنانی بانکی گەشەپێدانی نوێی ڕاگەیاند بۆ زیادکردنی قەرزدان بە وڵاتانی ئەندام. ڕوانگەی بریکس ئەوە بوو کە بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و قەرزدەرەکانی دیکەی گەشەپێدان نەیانتوانیوە قەرزی پێویست بدەن و قەرزە بەردەستەکانیان لەسەر ئەو ئەولەویەتانە چڕکردەوە کە لەلایەن ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاواوە هەڵیانبژاردووە، بەو

بیانوەشـەوە، لوتکـەی بریکـس لـە سـاڵی ٢٠١٥ دا ڕایگەیانـد کـە بـەدوای دروسـتکردنی دراوێکـــی یەدەگـــی نوێـــدا دەگەڕێـــن، بـــە ئامانجـــی کەمکردنـــەوەی پشـــتبەستن بـــە دۆلار تـــا وەک جێگرەوەیـــەک لـــە بازرگانـــی و دارایـــی جیهانییـــدا بەکاریبهێنـــن (Mosebua. L & Maswabi، G. 2024)، ئەمـــەش بـــەلای ئەوانـــەوە سیســـتەمێکی دراوی جیهانیـی هەمەچەشـنتر و بەهێزتـر پـەروەردە دەکات. بۆیـە لەنـاو ئـەو گۆڕانکارییـە جیۆپۆلەتیکییانـەی بەهـۆی ململانێـی ڕووسـیا و ئۆکراینـەوە دەسـتیپێکرد، چیـن لەنـاو بریکسـدا چالاکانـە پاڵپشـتی دروسـتکردنی دراوێکـی یەکگرتـووە، بۆئـەوەی تەحـەدای باڵادەسـتی دۆلاری ئەمریکـی بـکات.

هـەر لەسـەرەتاوە بـۆ ئێمـە گرینگـە ئەوەمـان لـە پێـش چـاو بێـت، دراوی یـەدەگ چییـە و دۆلار چـۆن بـوو بـە یەکێکیـان؟ وەکـو ڕۆبێـرت مولیـگان (٢٠٢٤) شـیدەکاتەوە، بەپێـی سـتانداردی زێـڕ، بـە شـێوەیەکی بنەڕەتـی هەمـوو پارەدانێـک بـۆ بازرگانـی نێودەوڵەتـی بـە دراوی زێـڕ-Gold Coin دادەنـرا، ئەمـەش وایکـرد دراوێکـی یـەدەگ شـتێکی نا-پەیوەندیـدار و بـێ بایـەخ بێـت. گـەلان زۆرجـار لـە کاتـی ململانێـدا سـتانداردی زێڕیـان هەڵدەپەسـارد. بـۆ نموونـە ئەمریـکا لـە سـاڵی ١٨٦١دا داکشـا و تـا سـاڵی ١٨٧٩ نەیتوانـی دەسـتی پێبکاتـەوە، زۆربـەی پارەدانـی نێودەوڵەتـی هێشـتا دەبـوو یـان بـە زێـڕ یـان بـە شـێوەیەکی هاوتـا بـە هەندێـک دراوی پاڵپشـتی زێـڕ ئەنجـام بدرێـت. لـە کاتـی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی، بـە شـێوەیەکی بنەڕەتـی هەمـوو شـەڕانگێزەکان لـە سـتانداردی زێـڕ دەرچـوون، بـەڵام ئەمریـکا بـەدەر بـوو لەمـە، بـەو پێیـەی تـا مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٩١٧ بەشـداری شـەڕەکەی نەکـرد، تـا سـاڵی ١٩٢٠ دۆلار وەک دراوێکـی یـەدەگ جێگـەی پاوەنـدی بەریتانیـای گرتـەوە. دۆلار بەهـۆی دارمانـی گـەورەی ئابوورییـەوە دەرفەتـی ئـەوەی هەبـوو وەک دراوی یەدەگـی هەڵبـژاردە بمێنێتـەوە؛ هەرچەنـدە لـە سـاڵی ١٩٣٤دا بەهاکـەی بـە شـێوەیەکی بەرچـاو دابـەزی، چونکـە هەمـوو جێگرەوەکانـی تـر، ئەگـەری ئەوەیـان هەبـوو جێـی دۆلار بگرنـەوە، خـراپتر بـوون.

دۆلار لـــە ســـاڵی ١٩٣٥ەوە، بـــە شـــێوەیەکی یاســـایی وەک ٣٥/١ی ئۆنســـێکی زێـــڕ پێناســـە کرابـــوو. لەگـــەڵ کۆتایهاتنـــی دووەم جەنگـــی جیهانییـــدا، لەســـاڵی ١٩٤٤ بەپێـــی سیســـتەمی بریتـــۆن وۆدز، وڵاتانـــی دیکـــە دراوەکەیـــان لـــەڕووی دۆلارەوە پێناســـە دەکـــرد

(یــان پێوانــە دەکــرد)، ئەمــەش دەیخســتنە ســەر ســتانداردێکی زێڕینــی تەکنیکــی و یاسـایی، بـەڵام بەبـێ هیـچ چاوەڕوانییـەک بـۆ گۆڕینـی دراوەکەیـان. وڵاتانـی دیکـەش دەیانتوانــی بــە ئــارەزووی خۆیــان بەهایــان دابەزێنــن و دۆلارەکانیــان بگۆڕنــەوە. کاتێــک وڵاتانــی دیکــە بەهــای دراوەکەیــان دادەبەزێنــن ئــیتر هەناردەکردنەکانــی وڵاتــان هــەرزانتر دەبێــت بــۆ کڕینیــان لەلایــەن ئەمریکییەکانــەوە، لــە هەمــان کاتــدا پیشەســازییە ناوخۆییەکانــی لــە هاوردەکردنــی ئەمریــکا دەپاراســت کــە دابەزینــی بەهــای دراوەکەیــان کاڵا ئەمریکییەکانــی گــرانتر کــرد.

دوای نزیکــەی بیســت ســاڵ لــە ژێــر سیســتەمی بریتــۆن وۆدز، دۆلار ڕووبــەڕووی فشـاری دارایـی کورتهێنانـی بودجـەی حکومـەت بـووەوە، بەهـۆی بەرنامـە ناوخۆییەکانـی سـەرۆک جۆنسـۆن و جەنگـی ڤێتنـام. پەیوەندییەکـە بـە زێـڕەوە لـە سـاڵی ١٩٧٣ پچـڕا؛ کاتێـک سـەرۆک نیکسـۆن کۆتایـی بـە پراکتیزەکردنـی فرۆشـتنی زێـڕ بـە حکومەتەکانـی دەرەوە بــە ڕێــژەی دیاریکــراوی ٣٥ دۆلار بــۆ هــەر ئۆنســەیەک هێنــا. دۆلار بــە شـێوەیەکی بەرچـاو وەک دراوێکـی یـەدەگ بـەردەوام بـوو لەبەرئـەوەی بەگشـتی و بـە هێواشـی دابەزینـی بەخۆیـەوە بینـی لـە چـاو جێگرەوەکانـی. باشتریـن کاندیـدەکان بـۆ دراوی یەدەگـی جێگـرەوە کـە هەڵاوسـانی کـەم و پـارەی دروسـت بـوو، دۆیچـە مـارک، یێنـی ژاپۆنـی و فرانکـی سـویسری بـوون. مـارک و یـۆرۆی جێنشـینی، هەندێـک کێشـکردنیان هەبـووە وەک جێگرەوەیـەک بـۆ دۆلار. یێـن لـە ڕووی پاراسـتنی بەهـاوە لــە دۆلار بــاشتر بــوو تــا نزیکــەی ســاڵی ١٩٩٠ کاتێــک بانکــی ژاپــۆن دەســتی کــرد بــە گوێگرتــن لــە ئابووریناســە ئەکادیمییــە ئەمریکییــەکان کــە ئامــۆژگاری سیاســەتی هەڵاوســانی زیاتریــان دەکــرد. فرانکــی ســویسری بەردەوامــە لــە کۆگایەکــی بەهــای بــاشتر لــە دۆلار، بــەڵام هەرگیــز نەبــووە بــە دراوی یــەدەگ، چونکــە لــە بازرگانــی جیهانیــدا بــە شــێوەیەکی بەرفــراوان بەکارناهێنرێــت (Mulligan، R، F. 2024).

کاتـی بەڕاشـکاوتر بابەتەکـە دەسـت نیشـان بکەیـن؛ ژاوەژاوی بریکـس سـەبارەت بـە دروسـتکردنی دراوی یەدەگـی خۆیـان و وازهێنـان لـە دۆلار چـاو نوقاندنیانـە بەرانبـەر ڕاســتییەکان؛ بەڵێ..مــن ئەمــە ناو-دەنــەم "ژاوەژاو"، ئەندامانــی بریکــس لەبەرئــەوەی مەترســیی لەســەر خۆیــان دەبینــن ئــەو کارە-ناچارییــە دەکــەن، نــەک لەبەرئــەوەی

وڵاتـــی دامـــەزراوە و یاســـا و کەلتوریـــی بەهێـــزی دیموکراســـیی بـــن.. دیموکراســـی.. بەڵـــێ دیموکراســـی.. ئـــەوان بـــە گشـــتی لەنـــاو خەڵـــک و لـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا هەوڵیانـــداوە دیموکراســـی وەک نوکتەیـــەک بـــاس بکـــەن بـــۆ گاڵتەکـــردن بـــە خۆرئـــاوا، لەکاتێکـدا هیـچ لایەنێکیـان فۆڕمێکـی بـاشتر لـە دیموکراسـییان پـێ نییـە پێشکەشـی بکـەن؛ هەوڵیانـداوە خەڵـک لەناوچـە جیـاوازەکان بـە کـرێ بگـرن بۆئـەوەی بنووسـێت: دیموکراسـی هیـچ نییـە و بـاوی نەمـاوە، سـەردەم سـەردەمی گەشـەی ئابوورییـە..

بەڵـێ.. هەوڵەکانـی گرووپـی بریکـس مەترسـیی بـۆ سـەر هەژموونـی خۆرئـاوا دروسـت دەکات. بـە دڵنیاییـەوە بەلایەنـی کەمـەوە هەندێـک لـە وڵاتانـی بریکـس دەتوانـن لـە گەشـەکردن و ئـەدای کارکردنـدا گروپـی حـەوت تێبپەڕێنـن، بـەڵام بـە گرتنەبـەری سیاسـەتێکی دراوی ئەوتـۆ کـە بانگەشـەی بـۆ دەکـەن، لـە ئەنجامـدا بەهـای لەناوبردنـی خۆیـان زیاتـر دەبێـت لـەوەی بیانـەوێ سیاسـەتەکانی بانکـی ناوەنـدی ئەوڕووپـا و ئەمریـکا بـێ جموجـوڵ بکـەن.

بەڵـێ، پێدەچێـت هاوپەیمانییەکـی گەورەتـر بـۆ داماڵینـی دۆلار سـەرهەڵبدات کاتێـک ئەندامانـی سیسـتەمی دۆلار لـە دۆخـی نێودەوڵەتـی نـاڕازی بـن، ئـەوەش زیاتـر بەهـۆی دابەزینـی ئاسـتی ئەوڕووپـا لـە میانـەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا و جەنگـی ئۆکراینـەوە، هەروەهـا نا-بەرپرسـیارێتی بانکـی ناوەندیـی ئەمریـکا، یـان سیاسـەتە هەڵەکانـی ئیدارەکانـی ئەمریـکاوە کـە لـە ڕێکخسـتن و بەڕێوەبردنـی یاسـا و نۆرمەکانـدا سـەرکردایەتی جیهانـی دەکات. لێـرەدا بریکـس هەوڵیـداوە سـەرکردایەتی بـازاڕە تازەپێگەیشـتوەکان بـکات بـۆ گۆڕینـی نەزمـی دارایـی جیهانـی، بـۆ ئـەوەش سـەرچاوەی جێگـرەوەی پەرەپێـداوە لـە یارمەتـی فریاگـوزاری و پەرەپێدانـی داراییـدا، بـۆ دروسـتکردنی سیسـتەمێک کـە بـاشتر خزمـەت بـە بەرژەوەنـدی و بیرۆکەکانـی بـکات.

وەک ئەلێکسـاندەر گابویـڤ و ئۆلیڤـەر سـتونکێل (٢٠٢٤) جەختـی لێدەکەنـەوە؛ زلهێـزە سـەرهەڵداوەکان بـەردەوام جەخـت لـە پێگـەی نێودەوڵەتـی خۆیـان دەکەنـەوە، لـە کاتێکـدا هەوڵـی زیادکردنـی کاریگـەری و پێگـەی خۆیـان دەدەن، دەخـوازن ببنـە یاسـادانەر و داڕێـژەری کارنامـە لـە دارایـی جیهانـی دا. کاتێـک وڵاتانـی ڕۆژئـاوا وریایـی زیاتـر دەنوێنـن و سـەرنجیان دەخەنـەوە سـەر بـازاڕی ئابوریـی جیهانـی لـە ڕێگـەی

زلهێــزە تازە-ســەرهەڵداوەکان (هێــزە مامناوەندییــەکان)، بەرە-بــەرە متمانــە دروســت دەکــەن و هەوڵەکانــی چیــن و ڕووســیا بــۆ وەرگرتنــی باشــووری جیهانــی بــۆ دۆزی دژە ڕۆژئــاوا تێکــدەدەن (Gabuev، A & Stuenkel، O. 2024).

کەواتــە ڕۆژئــاوا لەبــری ئــەوەی گریانــی ســەرهەڵدانی بریکــس بــکات، پێویســتە دادگایــی ئــەو دەوڵەتــە ئەندامانــە بــکات کــە پشــکیان هەیــە لــە دڵنیابــوون لــەوەی گروپکردنەکــە نەبێتــە لایەنێکــی ئاشــکرای دژە ڕۆژئاوایــی کــە مەبەســت لێــی تێکدانــی نەزمــی جیهانییــە. بــەڵام ئێمــە پێچەوانــەی ئەمــە دەبینیــن، دۆناڵــد ترامــپ لــە مــاوەی خوولــی دووەمــی ســەرۆکایەتییەکەیدا، لــە نیســانی ٢٠٢٥ باجــی بەســەر زیاتــر لــە (١٨٠) وڵاتــی جیهانــدا ســەپاند، تیایــدا نزیکتریــن هاوپەیمانەکانــی ئەمریــکا زۆرتریــن باجــی بەســەردا ســەپاندوون، بێگومــان ئەمــە دەبێتــە هەنگاوێکــی نێگەتیــڤ کــە گرووپکردنــی زیاتــر لــە دژی ئەمریــکاو سیاســەتەکانی بێتــە ئــاراوە.

### ٢.٦.١. بۆچی دژە سەرمایەداریی و دژە ئەمریکایی لە هەڵکشاندایە؟

ئەگــەر دۆخەکــە بــۆ ئەمریــکاو خۆرئــاوا لــە ژێــر کۆنترۆڵدایــە؛ بۆچــی بریکــس بووەتـە بابەتێکـی سـەرنجڕاکێش و لایەنگرانـی دژە- خۆرئـاوا لـە هەڵکشـاندان؟ هەمیشـە ناوەڕۆکــی گشــتی پەیوەندییــە نێودەوڵەتییــەکان و داینامیکییەتــی گۆڕانــی جیهانــی پەیوەســتە بــە دوو چەمکــی ســەرەکییەوە:

یەکەمیــان، جیۆپۆڵەتیــک کــە لــە بەشــی ســێهەم و چوارەمــی ئــەم کتێبــەدا ڕوون دەبێتــەوە، چــۆن ئاسایشــی ناوچەیــی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت کاریگەریــی بەســەر ئاسایشـی جیهانییـەوە هەیـە؛ جیۆپۆڵەتیـک چـۆن کاردەکات و بەرپرسـیارێتییە جێبەجـێ نە-کراوەکانــی ئەمریــکا و ئەوڕووپــا لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت چــی بــوون کــە ئەمڕۆکـە چیـن و ڕووسـیاو ئێـران ئـەو دەرفەتانەیـان قۆسـتۆتەوە. بەڵـێ کێشـە کەڵەکـە نەبووەکانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت باشتریــن نموونــەن کــە ئیــدارە یــەک لــەدوای یەکەکانــی ئەمریــکا بەرپرســیارێتی جیهانیــان جێبەجــێ نەکــردووە .

دووەمیشــیان، چەمکــی "بــازاڕ"، بــازاڕی جیهانــی ڕاســتەوخۆ بــە دۆلارەوە گرێــدراوە. تێبینــی دەکەیــن، پشتبەســتنی زۆر بــە دۆلار نایەکســانی ئابــووری جیهانــی و نــا-هاوسـەنگی هێـز چڕتـر کردووەتـەوە. ئەگـەر خوولـی دووەمـی سـەرۆکایەتی ترامـپ بـە نموونـە وەربگریـن، دەرکەوتـوە کـە پشتبەسـتنی بـازاڕی جیهانـی بـە دۆلاری ئەمریکـی، لاوازییــە ئابوورییــەکان و ناهاوســەنگی دەســتەڵاتی جیهانــی گەورەتــر کــرد لــە بــری ئــەوەی لــە قاڵبــی بــدات، ئــەم نا-هاوســەنگییەش وایکــردووە کــە ببێتــە چەقــی گرژییــە جیۆپۆلیتیکییــەکان. لێــرەو لــەوێ بــە زەبــری هێــز و "چەکــووش وەشــاندن" ڕەنگــە بــۆ ماوەیــەک گرژییــەکان دامرکێنــەوە، بــۆ نموونــە لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، بــەڵام دوای ماوەیـەک و لـە شـوێنێکی دیکـەوە و بـە جۆرێکـی دیکـە دیسـان دێنـەوە گیـان بەرژەوەندییەکانــی ئەمریــکا..

هەمــووان دەزانــن بەهــا و قورســایی ئەمریــکا لــە جیهانــدا ڕاســتەوخۆ پەیوەســتە بـە دۆلارەوە، دۆلاریـش واتـە بـازاڕ، بـازاڕی ئازادیـش کرۆکـی ئایدۆلۆجیـای لیبراڵیزمـە، ئێســتا کاتێــک دەبینیــن لــە چەندیــن ڕووبــەردا ئەمریــکا لــە بنەماکانــی لیبراڵیــزم پاشەکشــەی کــردووە ، بەتایبەتــی لــە ٢٠٢٥ دا پرســی زیادکردنــی بــاج لەلایــەن دۆناڵــد

ترامپـەوە ئـەم پرسـە زیاتـر دەوروژێنێـت کـە دژی بنەماکانـی بازرگانـی ئـازاد و ئابوریـی لیبراڵــە. هەروەهــا بەئاشــکرا ترامــپ جەخــت لــەوە دەکاتــەوە کــە ئــەو هەقێکــی بەســەر داڕشــتنی سیاســەتی جیهانییــەوە نییــە، بەڵکــو ئــەو خەریکــی بەهێزکردنــی ئەمریکایــە لەنــاوەوە! ئەمریــکا؛ ئــەوەی کــە تەنیــا و تەنیــا دەســتگرتن بــە بەهاکانــی خۆیــەوە بــە زلهێــز دەیهێڵێتــەوە.

ئـیتر لێـرەوە بـە هـەزاران زانـا و نوخبـە و میدیـای جیهانـی مافـی خۆیانـە ڕۆژانـە بانگەشـەی شکشـتی لیبراڵیـزم بکـەن؛ تەنانـەت کۆمێنتـی گاڵتەجاڕی بنووسـن کـە ئەمریـکا ناتوانێـت بەرەنـگاری حووسـییەکانی یەمـەن و گرووپـە پرۆ-ئێرانییەکانـی ناوچەکـە ببێتەوە، چـۆن بەرەنـگاری چیـن و ڕووسـیا دەبێتـەوە؟ لەمـاوەی دوو دەیـەدا ئەمریـکا نزیکـەی تریلیۆنێـک دۆلاری لـە عێراقـی خەرجکـرد، لەبـری حوکمڕانـی بـاش و بڵاوکردنـەوەی کەلتـوری دیموکراسـی، توونـدڕەوی و گەندەڵـی و پرۆ-ئێرانیزمـی بەرهەمهێنـا؟! ئەمریـکا کشـتوکاڵی لـە بژاپۆنـدا کـردووە و...تادوایـی.

لــە ســەدەی بیســتەمدا ســێ ئایدۆلۆجیــا جیهانیــان کــردە گۆڕەپانــی ململانــێ و ڕووبەڕووبوونەوەکانیـان؛ فاشـیزم (١٩٣٠- ١٩٤٠) شکشـتی هێنـا کـە تیایـدا هیتلـەر بـووە هـۆی بـە کوشـتدانی (٣٥) ملیـۆن کـەس لـە جیهانـدا. کۆمۆنیـزم (١٩٤٠- ١٩٨٩) ئەمیـش شکسـتی هێنـا. دوای ئـەوە بیرمەندانـی جیهـان لـە وێنـەی فرانسـیس فۆکۆیامـا جـاڕی ئەوەیـان دا کـە "لیبراڵیـزم" کۆتـا پیـاوی جیهانـە، جیهانگیریـش دەتوانێـت بـاشتر لەگـەڵ لیبراڵیزمـدا کاربـکات، گوتیـان لیبراڵیـزم بانگەشـەی مافـی مـرۆڤ دەکات، سەربەسـتی تــاک بەرجەســتە دەکات، بایــەخ بــە کەرتــی تایبــەت و بــازاڕ دەدات و دەرفەتــی یەکســان دەڕەخســێنێت، جیهانێکــی ئــارام و خۆشــگوزەرانتر درووســت دەکات، بــەڵام هەمــوو ئەمانــە وا دەرنەچــوون!

هەرچەنـدە ئەمـەی لـە چارەکـی یەکەمی سـەدەی ٢١ دا ڕوویـدا؛ ململانێـی ئایدۆلۆجیی نییـە، ئەمـە وەرچەرخانـی هێـزە، ئەمـە هەوڵیکـی جیددیـە بـۆ گۆڕانـی باڵانسـی هێـز لــە ڕووی جیۆپۆڵەتیــک و بــازاڕی ئابوریــی جیهانییــەوە. کاتێــک ترامــپ لــە خوولــی دووەمــی ســەرۆکایەتییەکەیدا، لــە نیســانی ٢٠٢٥ بــاج بەســەر زیاتــر لــە (١٨٠) وڵاتــی جیهانـدا دەسـەپێنێت، بێئـەوەی لـەو بارودۆخـە هەسـتیارەدا ڕەچـاوی نزیکتریـن دۆسـتە-

ستراتیژییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکات، بۆ نموونە کۆریای باشوور ڕووبەڕووی ئەگەری ٢٥٪ باج و ژاپۆن بە ٢٤٪ باج و کەنەدا بە ٢٥٪ و یەکێتی ئەوروپا بە ٢٠٪ لەسەر هەمو هەناردەکردنەکان بۆ ئەمریکا دەبێتەوە (The Guardian. 2025). تەماشای کاردانەوەکان بکە؛ ئەمە وا دەکات گرووپکردن دژی ئەمریکا زیاتر ببێت، لایەنی کەم وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەمریکادا لەیەک ڕیز ناوەستن. کەنەدا بەڵێنی تۆڵەسەندنەوەی داوە و شاندی ناردوە بۆ یەکێتی ئەوڕووپا بۆ بەدەستهێنانی هاوبەشی نوێ لە بلۆکەکە، وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە کاتێکدا ڕووبەڕووی باجی بەرچاوی ئەمریکا دەبنەوە، پەنایان بۆ زیادکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ یەکتر بردوە. نوێنەرانی ژاپۆن و کۆریای باشوور لەگەڵ هاوتاکانیان لە چین کۆبوونەتەوە و باسیان لە ڕێبازێکی هاوبەش کردووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ باجەکانی ترەمپ.

بەگشتی، دۆناڵد ترامپ شتێکی وەهای پێ نییە پێشکەشی جیهانی بکات، پەیامی سەرەکی ترەمپ لە خوولی یەکەم (٢٠١٦- ٢٠٢٠) و لە (٢٠٢٥) یش کە دووبارە گەڕایەوە کۆشکی سپی هەر ئەوەیە کە ئیشی ئەمریکا نییە دیدگا جیهانییەکان درووست بکات و بەرزیان ڕابگرێت.

لە ئەنجامدا، ئێمە لەبەردەم دوو ئارگێۆمێنتدا وەستاوین:

**یەکەم:** تا دێت ناڕەزایەتییەکان لەسەر سیستەمی سەرمایەداریی و دژە-ئەمریکایی بوون لە ئاسیاو ئەفریکادا زیاتر دەبێت، چین و ڕووسیا لە جەنگی ئۆکراینەوە تا وێنە تراژیدییەکانی کەرتی غەزە ئەمریکا بەرپرسیار دەکەن؛ لەناو ئەم گرژییە جیۆپۆڵەتیکییانەدا، دەرکەوتنی بریکس هەنگاوێکی بەهێزە بۆ کۆتاییهێنان بە سیستمی تاکجەمسەریی ئەمریکا، کلیلی ئەم بابەتەش داماڵینی دۆلارە و هێنانە ئارای پلاتفۆڕمێکی دیکەیە، ئەوەش بە درووستکردنی دراوێکی نوێ کە هەموو وڵاتانی ئەندام لە بریکس مامەڵە بەو دراوە بکەن، ئەمەش نەزمی دارایی جیهان تێک دەدات، بەڵام ئەمە ڕێگەیەکی گونجاوە، بەتایبەتی کاتێک زلهێزە تازە بەرزبووەکانی وەک بەرازیل و هیند بەدوای بژاردەی پاراستن بگەڕێن و هەست بە ناڕازیبوون بکەن لەوەی ئەمریکا چۆن سیستەمە جیهانییەکەی لە دوای جەنگی ساردەوە بەڕێوەبردووە.

بــەم پێیــە، بەرازیــل، ڕووســیا، هیندســتان، چیــن، باشــووری ئەفریــکا، هەروەهــا ئەندامــە تازەکانــی وەک مــیسر، ئەســیوپیا، ئێــران و ئیماراتــی یەکگرتــووی عەرەبــی و ســعودییەش لــە نێــو خۆیانــدا مامەڵــە بــە دراوی بریکــس دەکــەن و دراوی نێوخۆییــان دەگــۆڕن بــۆ بریکــس (واتــە لــە دۆلار هەڵدێــن).

**دووەم:** ئارگیۆمێنتــی یەکــەم بەتــاڵ دەکاتــەوە، تۆزێکێــش بەئــازارە، کاتێــک کۆمەڵێــک وڵات کــە ژمارەیەکــی بەرچــاوی دانیشــتوانی گــۆی زەوییــان هەیــە، بــە ناچاریــی و بــێ بیرکردنەوەیەکــی ورد ڕوویانکردووەتــە ئــەو کێوانــە و لــە سیاســەتی تاکجەمســەریی ئەمریــکا بێــزارن. پرســیارێک دێتــە ئــاراوە، ئــەی ئــەم دراوەی بریکــس کــە بڕیــارە لــە دایــک ببێــت، بــە چــی دەپێورێــت؟ چوونکــە پێوانەکــردن و پێناســەکردنی دراو لــە هەمــوو جیهانــدا، یــان بــە دۆلارە یــان بــە ئاڵتوونــە، ژاوەژاوچییەکانــی نــاو بریکــس دەڵێــن: بــە ئاڵتــوون، ئۆکــەی ئــەوە بڕوامــان هێنــا، وەرن بــا لێکــی بدەینــەوە:

وڵاتانــی بریکــس بــە کــۆی گشــتی نزیکــەی ٦٦٠٠ تــۆن زێڕیــان هەیــە تــا ســاڵی ٢٠٢٣. ئەمــەش یەدەگــی زێــڕی وڵاتانــی وەک چیــن (٢١١٣ تــۆن)، ڕووســیا (٢٣٣٠ تــۆن)، هیندســتان (٧٩٧ تــۆن) و وڵاتانــی دیکــە دەگرێتــەوە. ســەرەڕای ئــەم بــڕە بەرچــاوە، تەنیا ئەمریــکا نزیکــەی ٨١٣٣ تــۆن زێــڕی لەبەردەســتدایە کــە زیاتــرە لــە کــۆی یەدەگــی ســەرجەم ئەندامانــی بریکــس بەیەکــەوە. ســەرەڕای ئــەوەش، یەکێتــی ئەوڕووپــا بــە کــۆی گشــتی یەدەگــی زێــڕی بەرچــاوی هەیــە، وڵاتانــی وەک ئەڵمانیــا و ئیتاڵیــا هەریەکەیــان زیاتــر لــە ٢٤٠٠ تــۆن زێڕیــان هەیــە. لێــرەدا ئێمــە دەبینیــن، یەدەگــی ئاڵتونــی چیــن لــە دوای ئەڵمانیاشــەوەیە. ئەمــە جگــە لــەوەی ژاپــۆن و ئوســترالیــاش هاوپەیمانــی ئەمریــکان و یــەدەگ و کاریگەریــی بەرچاویــان هەیــە. لــە ڕووی زێــڕی ژێــر زەویــەوە، مەزەنــدە دەکرێــت کــە کــۆی گشــتی دابینکردنــی زێــڕی بــێ کانــگا لــە جیهانــدا لــە دەوروبــەری ٥٠ بــۆ ٥٧ هــەزار تــۆن بێــت، هەرچەنــدە ئــەم ژمارەیــە دەتوانێــت جیــاواز بێــت بــە پشــتبەستن بــە دۆزینــەوە نوێیــەکان و چالاکییەکانــی کانــگاکان، بــەڵام بەگشــتی زێڕێکــی کــەم لــە ژێــر زەوییــدا ماوەتــەوە (Dsouza. 2023).

بۆیــە دەبینیــن، لــە (٢٠٢٤ و ٢٠٢٥)دا؛ وڵاتانــی بریکــس، بەتایبەتــی چیــن و ڕووســیا، بــە شــێوەیەکی شــەڕانگێزانە یەدەگــی زێڕەکانیــان زیــاد دەکــەن وەک بەشــێک لــە

ستراتیژییەکـــی فـــراوانتر بـــۆ کەمکردنـــەوەی پشـــتبەستن بـــە دۆلاری ئەمریکـــی لـــە بازرگانــی نێودەوڵەتیــدا، بــەڵام قەبــارەی زۆری زێــڕ کــە لەلایــەن ئەمریــکا و هاوپەیمانــە ئەوروپــی یەکانییــەوە لەبەردەســتدایە، ئــەم هەوڵانــە بەتــاڵ دەکاتــەوە. لێــرەدا زلهێــزە ڕۆژئاواییــەکان دەبــێ ســەرنجیان لەســەر خــراپتر نەکردنــی شــتەکان بێــت، بــۆ نموونــە هەوڵــدان بــۆ ترســاندنی زلهێــزە ناوەڕاســتەکان لــە پەیوەســتبوون بــە بریکــس کــە بۆنــی باوکســالاری و دەســتێوەردانی نیمچــە کۆلۆنیالیزمــە.

ڕاســتە بریکــس دۆســیەیەکی بەهێــزی دەبێــت بــۆ گــۆڕینــی دۆلار بــە دراوێکــی یەدەگــی تایبــەت بــە خۆیــان، هەروەهــا ئەمــە بــۆ بریکــس گرینگــە کــە وڵاتانــی کەنــداو هــەوڵ دەدەن نــەوت بــە دراوی غەیــرە دۆلار بفرۆشــن، بــەڵام ئــەوە زیاتــر لــە خەونێکــی نەبینــدراو دەچێــت کــە بوتــرێ ســعودییە و ئیماراتــی عەرەبــی دەتوانــن بــە تەواوەتــی پشــت بکەنــە ئەمریــکا و ڕۆژئــاوا. هەروەهــا ئــەوە تەنیــا بــە گوتــن شــتێکی ئاســانە؛ بوتــرێ وڵاتانــی بەشــدار لــە بریکــس دەســت لــە دراوی ناوخــۆی وڵاتەکانیــان هەڵبگــرن و هەموویــان یــەک دراوی هاوبــەش بەکاربهێنــن، ئەمــە دەبێتــە هــۆی هەڵئاوســان و نەگونجانێکــی زۆر، بەتایبەتــی دۆخــی دراو و بــاری ئابوریــی وڵاتانــی بریکــس ناچوونیەکــە، بــۆ نموونــە بــاری ئابوریــی چیــن زۆر جیــاوازە لــە ئەســیوپیا کــە هاتۆتــە نــاو گرووپــی بریکســەوە. پێشــووتر یــۆرۆ ئــەو هەوڵــەی دا ببێتــە دراوێــک جێگــە بــە دۆلار لێــژ بــکات، بــەڵام یــۆرۆ و دراوەکانــی دیکــەش نەیانتوانــی.

دۆلاری ئەمریکــی وەک دراوی یەدەگــی باڵادەســتی جیهــان دەمێنێتــەوە. بەپێــی ئامارەکانــی ســندوقی دراوی نێودەوڵەتــی، نزیکــەی ٥٨٪ ی یەدەگــی ئاڵوگــۆڕی دراوی بیانــی جیهانــی تــا ســاڵی ٢٠٢٣ بــە دۆلاری ئەمریکــی هەڵگیــراوە کــە بــەراورد بــە ســاڵانی پێشــوو کەمێــک دابەزینــی بەخۆیــەوە بینیــوە، بــەڵام هێشــتا زۆر زیاتــرە لــە دراوەکانــی دیکــەی وەک یــۆرۆ (٢٠٪) و یوانــی چینــی (٢.٥ ٪)، ئــەوە ڕاســتییەکی بەرچــاوە کــە زۆربــەی مامەڵــە بازرگانییــە جیهانییــەکان بــە دۆلار ئەنجــام دەدرێــت. کاڵاکانــی وەکــوو نــەوت و زێــڕ و کەرەســتەی خــاوی دیکــە بــە دۆلاری ئەمریکــی دەفرۆشرێــن. بــۆ نموونــە نزیکــەی (٨٠٪) ی مامەڵەکانــی نەوتــی جیهانــی بــە دۆلار یەکلایــی دەکرێنــەوە (Boocker، S &Wessel، D. 2024)، ئەمــەش وا دەکات دۆلار

لـە بازرگانـی نێـوان وڵاتانـدا گرینـگ بێـت، بەتایبەتـی بـۆ وڵاتانـی تازەپێگەیشـتووی ئابـووری و ئـەو وڵاتانـەی دراوی بەهێزیـان نییـە.

هەروەهـا، دۆلاری ئەمریکـی بەسـەر بازاڕەکانـی قـەرزە نێودەوڵەتییـەکان زاڵـە و پشـکێکی زۆر لـە قـەرزە جیهانییـەکان بـە دۆلارە. زۆرێـک لـە وڵاتـان و کۆمپانیاکانـی جیهـان بۆنـد بـە دۆلار دەردەکـەن بۆئـەوەی وەبەرهێنەرانـی جیهانـی ڕابکێشـن. هەروەهـا لـە مامەڵـە دارایيـە نێودەوڵەتییـەکان دۆلار دراوی پەسـەندکرا و باڵادەسـتە لـە بازاڕەکانـی ئاڵوگـۆڕی بیانـی (فۆرێکـس) کـە نزیکـەی ٪٩٠ ی بازرگانـی ڕۆژانـەی فۆرێکـس پێکدەهێنێـت (Dsouza. 2023).

دەکرێـت دۆخەکـە بەجۆرێـک ببیندرێـت کـە ئەمریـکای ترامـپ یـان دەوڵەتـی قـووڵ لـە ئەمریـکا خەریکـی خۆ-کۆکردنـەوەو خۆ-ڕێکخسـتنەوەیە بـۆ قۆناخێکـی گرینـگتر بـۆ داهاتـوو. نهێنـی بـە بەهێزیـی مانـەوەی ئەمریـکا ئەوەیـە؛ هەمیشـە توانـای خۆ-نوێکردنـەوە و خۆ-بەرهەمهێنانـەوەی هەیـە. ئایـا هیـچ کەسـێک لـە ئێـوە لەمـاوەی گەشـتی ژیانتـان کەسـێکتان بینیـوە هیـوا بخوازێـت کـۆچ بـکات بـۆ ڕووسـیا، کۆریـای باکـوور، ئێـران، چیـن، بەڕازیـل، مەکسـیک، تەنانـەت بـۆ زۆربـەی وڵاتانـی عەرەبـی؟ بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە تووشـی سـەدان کـەس بوونەتـەوە کـە ئاواتەخـوازن لـە ئەمریـکا و دەوڵەتانـی ئەنـدام لـە یەکێتـی ئەوروپـا بژیـن.

هێشـتا دۆخەکـە هـەر لـە کۆنترۆڵدایـە، بـەڵام وریایـی گەرەکـە، چوونکـە مێـژوو پـێمان دەڵـێ؛ زلهێـزەکان لەنـاوەوە دادەڕمێـن، ئەگـەر ئەمریـکا ئەقڵانـە مامەڵـە نـەکات، لەسـەرە پێچیکـدا تووشـی کورتهێنانـی ئابوریـی یـان کێشـەی فەرهەنگیـی دەبێتـەوە، بێگومـان وەکـو ئیمپراتۆرییەتـی ڕۆم دادەڕوخێـت، ئاخـر ئـەوە چ فەرهەنـگ و کەلتورێکـە تـۆ خەریکـی بەرزکردنـەوەی دیـوارەکان بیـت لەگـەڵ دراوسـێکانت، بێگانـەکان لەنـاو ئەمریـکا بـە زۆر بکەیتـە دەرەوە و سیاسـەتی نا-لیبراڵانـە پەیـڕەو بکەیـت!

بۆیـە، وەکـو ئەلێکسـاندەر گابویـڤ و ئۆلیڤـەر سـتونکێل (٢٠٢٤) ئامـاژەی پێدەکـەن، وڵاتانـی ڕۆژئـاوا دەتوانـن زیاتـر بکـەن بۆئـەوەی ئـەو زلهێـزە ناوەڕاسـتانە نامـۆ نەکـەن کـە بـەدوای فـەزای زیاتـردا دەگەڕێـن بـۆ مانۆڕکـردن و دڵنیابـن لـەوەی بریکـس نەبێتـە بلۆکێکـی دژە ڕۆژئـاوا. پێویسـتە بـە ڕوونتر بـاس لـەوە بکـەن کـە چـۆن هەندێـک

سزا پەیوەندییان بە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە و هەوڵبدەن لە جێبەجێکردنی ئەو سزایانە لە دژی هەموو سەرپێچیکاران بگرنەبەر، نەک تەنیا لە دژی نەیارانی جیۆپۆلەتیکیی یەکگرتوو بن. وڵاتانی باشووری جیهانی دەیانەوێت لە هەژموونی دۆلار ڕزگاریان بێت، کاتێک دەبینن وڵاتانی ڕۆژئاوا، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢٢دا یەدەگی بانکی ناوەندی ڕووسیایان بلۆک کردووە وەک وەڵامێک بۆ لەشکرکێشی ئۆکرانیا، بەڵام هیچ سزایەکیان دەرنەکردووە بۆ دەستێوەردانەکانی سەربازی بە هەمان شێوە نایاسایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا.

خۆرئاوا پێویستی بەوەیە زیاتر دڵنیایی بدات کە وڵاتانی دەوڵەمەند دەتوانن چارەسەرکەری کێشەی باشتر بن بۆ وڵاتانی هەژارتر، لەوانەش بە هاوبەشکردنی تەکنەلۆژیا و هاوکاریکردن لە گواستنەوەی سەوزدا. ڕۆژئاوا پێویستە بۆ دیموکراسیکردنی نەزمی جیهانی هەوڵی ڕاستەقینەتر بدات، وەک لابردنی ئەو نەریتە ئەناکرۆنیستییە (ئەو ئەقڵیەت و خووەی کە هی زەمانی زووە و بەسەرچوە، بەڵام بەرگی مۆدێرنی بە-بەردا دەکەن) کە تەنیا ئەوروپییەکان سەرۆکایەتی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دەکەن و تەنیا هاووڵاتیانی ئەمریکی سەرکردایەتی بانکی نێودەوڵەتی دەکەن (Gabuev، A & Stuenkel، O. 2024).

سەیرە! بە سەدان سیاسەتمەدار و نوخبە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، خۆیان و خانەوادەکانیان هەڵگری ناسنامەی ئەمریکی و بەریتانین، بەڵام لە عێراق و ناوچەکانی دیکەدا دژی سیاسەتەکانی ئەمریکا کاردەکەن و دەجووڵێنەوە، وێنەکانیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا بڵاو دەکەنەوە کە لە لیستی کەسایەتییە سزادراوەکاندان لەلایەن ئەمریکاوە، پارە سپی دەکەنەوە، گەندەڵی دەکەن، هەوڵەکانی ئەمریکایان بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتوری دیموکراسی و پیکەوە ژیان بەتاڵکردۆتەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەوانە لەناو گەلانی خۆیاندا کەسایەتی نەویستراون، بەهەر شێوەیەک بێت خەریکی کەڵەکەکردنی سامانن بۆ خۆیان و نەوەکانیان، پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ ئێران و چین و ڕکابەرەکانی دیکەی ئەمریکا هەیە، پێویستە خۆرئاوا بۆ مانەوەی خۆی بە یەکگرتوویی، بە بێ دەستپاراستن هەوڵی سزادان و گوێچکە ڕاکێشانی ئەوانەش بدات کە پێشووتر و ئێستاش فەزیحەت و کاری خراپیان ئەنجام داوە.

# بەشی سێهەم

## داینامیکییەتی جیۆپۆڵەتیکیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەریی بەسەر باڵانسی هێزی جیهانییەوە

### پوختە

ئەم بەشە لە چوارچێوەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا، باس لە چەمک، پێگە و گرژییە بەردەوامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات. هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی بووە هۆی زاڵبوونی زلهێزەکانی ڕۆژئاواي وەک بەریتانیا و فەرەنسا بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها دروستبوونی چەندین دەوڵەت لە جیهانی عەرەبی مۆدێرن و کۆماری تورکیا. ململانێی پێگە و ناسنامە و شارستانییەت لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دا کۆتایی نایەت! دواجار هەموو دیاردە جیهانییەکان دەبنە دیاردەیەکی ناوچەیی، هەموو هەڕەشەیەکی ناوچەیش ئەگەر لە شوێنی خۆیدا چارەسەر نەکرێت، کارەساتی وەک (١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١) و جەنگی ئەفغانستان و عێراقی بەدوادادێت. بۆیە گرفتە بەردەوامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە پەڕیونەتەوە وڵاتانی خۆرئاوا، وەکو؛ کێشەی کۆچبەر، تیرۆر، توندووتیژیی، قەیرانە ژینگەییەکان، ماددەی هۆشبەر، لە ئایندەی نزیکدا کێشەی وشکبوون و کەمئاویی دەبێتە هۆی کۆچی زیاتر. لەهەموو هەموو ئەمانەشدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەیەکی مەزنی وزەیە، نزیکەی زیاتر لە نیوەی یەدەگی جیهانی نەوت و گازی سروشتی دەکەوێتە ئەم ناوچەیەوە، بۆیە لەم بەشەی کتێبەکەدا جیۆپۆڵەتیکی وزە و ململانێی جەمسەرە هەرێمی و جیهانییەکان لەسەر حەوزەکانی وزە، لاوازیی ڕۆڵی ئۆپیک و بازاڕی وزەی جیهانییش تەتەڵە دەکرێت. بێگومان هەموو ئەمانە کاریگەرییان لەسەر نەزمی جیهانی نوێ دەبێت. نەزمی جیهانی؛ ئاماژەیە بۆ ڕێکخستنێکی پەسەندکراوی

هێــز و دەســەڵات کــە پەیوەســتە بــە بەدیهێنانــی بەهاکانــی وەک ئاشــتی، گەشــەپێدان و یەکســانی ئابــووری، مافەکانــی مــرۆڤ و کوالیتــی و بەردەوامیــی ژینگەیــی. ئایــا ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت چــۆن بەشــداریی لــەم نەزمــە نوێیــەدا دەکات: فرەجەمســەریی، جەمســەری ورد-ورد، یــان تێکەڵەیــەک لــە هەردووکیــان؟ لەهەمــوو حاڵەتێکــدا وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بەتایبــەت کەنــداوی عەرەبــی پشــت بــە یــەک زلهێــزی جیهانــی نابەســتێت؛ بەڵکــو لەڕێگــەی ستراتیژێکــی نەرمــەوە بــەدوای ســەربەخۆیی زیاترەوەیــە.

**وشــەی ســەرەکییەکان:** داینامیکــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، ململانێــی ئایدیۆلــۆژی، ئاسایشــی وزە، نەزمــی ناوچەیــی، نەزمــی جیهانــی.

## ١.٣. پێناسە و پێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بۆیەکەمجار زاراوەی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-Middle East" لە ئەیلوولی (١٩٠٢) لەلایەن ستراتیجیست و ئەدمیراڵی دەریایی ئەمریکی "فریدریک ماهان-Alfred Thayer Mahan " بەکارهێنرا: کاتێک لە وتارێکدا بە ناوی "کەنداوی فارس و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان" لە گۆڤاری ناشناڵ ڕیڤیو ی بەریتانیدا بڵاوکرایەوە. ماهان ئەم دەستەواژەیەی بۆ وەسفکردنی ئەو ناوچەیە بەکارهێنا کە دەکەوێتە نێوان ڕۆژهەڵاتی نزیک و ڕۆژهەڵاتی دوور، جەختی لە گرنگییە ستراتیژییەکەی، بەتایبەتی کەنداوی فارس لە جیۆپۆلەتیکی جیهانیدا کردووەتەوە (Kemp، G.، & Harkavy، R. E. 2000).

بە پێی سەنتەری کەشوهەوای خاچی سوور (٢٠٢١) ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ پێناسەکردن ناوچەیەکی ئەستەمە، چونکە پێناسەی ناوچەکە لە ڕوانگەیەکەوە بۆ ڕوانگەیەکی تر دەگۆڕێت، ئێمە لە ڕوانگەی شیکاری گۆڕانی کەشوهەواوە دەتوانین هەریەکە لە: بەحرەین، میسر، ئێران، عێراق، تورکیا، ئیسرائیل و ناوچەی دەستەڵاتی فەلەستین، ئوردن، کوێت، لوبنان، عومان، قەتەر، سعودیە، سووریا، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، یەمەن بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بزانین (دەبینین تورکیا دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵام لە ڕووی کەشوهەواوە لەچاو ئەوانی تر ناوچەیەکی کەمتر گەرمە و تووشی وشکبوون نەبۆتەوە). بەگشتی ناوچەکە فراوانە و لە نایەکسانی سامان و سەقامگیری ئابووریدا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان وڵاتان و لە ناوخۆی وڵاتاندا هەیە. سەرچاوە سەرەکییەکانی ئابوریی لە سەرانسەری ناوچەکەدا لە کشتوکاڵەوە دەست پێدەکات (هەم بۆ بژێوی و هەم بازرگانی) تا دەگاتە دەرهێنانی هایدرۆکاربۆن و پیشەسازییەکانی تری دەرهێنان. جگەلەوەش، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاستی بەرزی شارنشینی تایبەتمەندە (Climate Centre، 2021).

بەشێکی دیکە لە توێژەران، وەکو ئالام پایند و مێلیندا مەکلیمانز (٢٠٠٩): ئەو ڕووبەرە جوگرافییەی باسی دەکەن، فراوانترە لە پێناسە باوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەمیشە ئاسیای ناوەڕاست (ئەفغانستان) یان باکووری ئەفریکا (مەغریب) ناگرێتەوە. بەڵکو تورکیا دەگرێتەوە کە سەبارەت بە سنوورە کەلتووری

و جوگرافییەکان و لەسەر سنووری نێوان ئەوڕووپا و ئاسیا وەستاوە. ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێش خۆی، لە زۆرێک لەو وڵاتانە پێکهاتبوو کە ئێستا بە بەشێک لە "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"زانراوە. تورکیا و وڵاتانی عەرەبی و بەشێکی زۆری باڵکان لە خۆڵەمێشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە لەدایک بوون، بۆیە ئەم وڵاتانە پێناسەی دیاری ناوچەکە ناکەن، بەڵام بەو پێیەی ئێران، ئەفغانستان و وڵاتانی دیکەی ناو کایەی کەلتووریی فارس کاریگەرییەکی یەکجار زۆریان هەیە، دەکەونە هەمان زۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە (Payind، A. & McClimans، M. 2009).

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو زەوییانەی لە دەوروبەری کەنارەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستن تاوەکو نیمچە دوورگەی عەرەبی و ئێران، هەروەها هەندێکجاریش باکووری ئەفریکا لەو دیوەوە دەگرێتەوە. بەشی ناوەندی ئەم ناوچە گشتییە پێشتر بە ڕۆژهەڵاتی نزیک ناودەبرا، ناوێک لەلایەن هەندێک لە جوگرافیناس و مێژوونووسە مۆدێرنەکانی ڕۆژئاواوە بۆی دانراوە، ئەوان مەیلیان هەبوو ئەوەی ناویان ناوە ڕۆژهەڵات بۆ سێ ناوچە دابەش بکەن: ڕۆژهەڵاتی بۆ نزیکترین ناوچە لە ئەوڕووپا بەکاردێت کە لە دەریای ناوەڕاستەوە تا کەنداوی فارس درێژدەبێتەوە؛ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە کەنداوی فارسەوە تا باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا؛ ڕۆژهەڵاتی دوور، ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە ڕوویان لە زەریای هێمن کردووە.

بەڵام گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی ناوەکەدا پێش دووەمین جەنگی جیهانی دەستی بە پەرەسەندن کردووە ؛ لە کاتی ئەو جەنگەدا مەیلی پشتڕاستکردنەوە هەبووە، کاتێک زاراوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست درا بە فەرماندەی سەربازیی بەریتانیا لە میسر. تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم پێناسەی هاوبەش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەبوو کە دەوڵەتان یان خاکەکانی تورکیا، قوبرس، سووریا، لوبنان، عێراق، ئێران، ئیسرائیل، کەرتی ڕۆژئاوا، کەرتی غەززە، ئوردن، میسر، سودان، لیبیا و خاکە جیاوازەکانی عەرەبستان بە شێوەیەکی تایبەت (سعودیە، کوێت، یەمەن، عومان، بەحرەین، قەتەر، و ئیمارات و عومانی ئێستا) دەگرێتەوە. لە بەکارهێنانی ئاسایی دا، ئەو ڕووبەرەی لە پێناسەکەدا هاتووە، گەورەتر دەبێت، چوونکە سێ وڵاتی

باکووری ئەفریکا: تونس، جەزائیر و مەغریب لە ڕووی هەست و سیاسەتی دەرەوە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیدا هەیە. جگە لەوەش زۆرجار هۆکارە جوگرافییەکان وادەخوازن دەوڵەتمەداران و کەسانی دیکە لە پەیوەندی لەگەڵ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا حیساب بۆ ئەفغانستان و پاکستانیش بکەن (Britannica، 2024، July 13). بەگشتی، ئەم ناوچەیە لە مەغریبەوە تا ئەفغانستان دەگرێتەوە کە بە چەندین پەیوەندی کولتووری و زمانەوانی یەکگرتووە، هەروەها چەندین جیهانبینی هاوبەش لە ئایینەکانی ناوچەکەدا ڕەنگ دەدەنەوە.

بۆئەوەی بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیر لە بەشەکانی تری جیهان بکەیتەوە، بینینی لێکچوون و جیاوازیی پێویستە: دەبێت بزانرێت "پەیوەندیی بەیەکەوە" بە مانای "یەکپارچەیی" نییە:

شاعیر و نووسیاری فارسی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست سەعدی شیرازی (١٢١٠ - ١٢٩١ ز) هەندێک حیکمەتی هەبوو کە لەم پرسەدا بەکەڵکمان دێت: "مرۆڤەکان ئەندامی هەمان جەستەن، لە هەمان ڕۆحیەت و جەوهەرەوە دروستکراون، ئەگەر ئەندامێک هەست بە ئازار بکات، ئەندامەکانی دیکە خۆیان ناگرن. ئەگەر بێباک بیت لە ئازارەکانی ئەوانی تر، شایەنی ناوی"مرۆڤ" نابێت." (Payind، A. & McClimans، M. 2009). لە کاتێکدا جیاوازییەکان لە ناوەڕۆکی ئەزموونی مرۆڤدان، بەڵام مرۆڤایەتی لە زۆر ڕووەوە یەکگرتوو دەمێنێتەوە. هەندێک جار جیاوازییەکان دەتوانن جێگەی مشتومڕ بن، یان بە سیاسی بکرێت، بە تایبەت سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمانە بابەتی ئاڵۆزن، بەڵام زۆر گرینگە گفتوگۆیان لەسەر بکەیت.

بەو پێیەی تاکەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرجار نوێنەرایەتی تێکەڵەیەک لە کۆمەڵگاکان دەکەن. زمانی دایک، دی ئێن ئەی و شوێنی جوگرافیای "ماڵ" لە مێژووی کەسی و خێزانییەوە هاتووە کە ڕەنگە کۆمەڵێک پەیوەندیی جیاوازی ئایینی یان تائیفی لەخۆبگرێت، ئەو تاکانەی بە زمانی عەرەبی، ئارامی، عیبری، تورکی، کوردی، فارسی قسە دەکەن و قسەیان کردووە، لە زۆر ڕووەوە دەتوانن لەیەک بگەن، بۆ نموونە شارەزایانی ناوچەکە دەتوانن لە ڕێگەی ناو و زۆر شتی

دیکـەوە پێشـبینی بکـەن کـە ئایینـی کەسـێک چییـە، بـەڵام دەکرێـت لـەم جـۆرە نیشـانە ڕووکەشـانەدا، تەنانـەت بـۆ کەسـانی ناوخۆییـش، زۆر قـورس بێـت بزانرێـت میراتـی کولتـووری کەسـەکە بـە تـەواوی چییـە. وێـڕای ئـەوەی هەوڵدەدەیـن لـەم کتێبـەدا گشـتگیر بیـن، بـەڵام گروپگەلێـک هـەن پشـتگوێمان خسـتوون، وەک دروز، عەلـەوی، سـامری و ئەوانـی تـر کـە هیواداریـن خوێنـەر لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر بـکات لەگـەڵ زانینـی ئاڵۆزییەکانـی ناوچەکـە.

بەڕاشـکاویی، هـەر گرفتێـک لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ڕاسـتەوخۆ دەبێتـە گرفتـی ئاسـایش بـۆ هەمـوو جیهـان و دەبێتـە گرفـت بـۆ بـازاڕی ئابوریـی جیهانـی. بـۆ نموونـە گرفتـی کەمبوونـەوەی ئـاو و گۆڕانـی کەشـوهەوا، گرفتـی کۆچبـەران، پرسـی هەسـتیاری نـەوت و گازی سرووشـتی، کێشـە تایەفییـەکان، دەسـتوەردانەکانی تورکیـا و ئێـران لـە دەرەوەی خۆیـان، بڵاوبوونـەوەی مـاددە هۆشـبەرەکان، نەبوونـی دیموکراسـی و دامـەزراوەکان، ململانێـی ئیسرائیـل و فەلەسـتین، کێشـەی کـورد. ئەمانـە هەمـوو ئـەو سەرئێشـە سـەختانەن کـە نـەک هـەر ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەڵکـو هەمـوو جیهانـی بەخۆیـەوە سـەرقاڵ کـردووە ، ئایـا ڕیشـەی قووڵـی ئـەم کێشـانە لـە کوێدایـە؟ بۆچـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە بەردەوامـی نا-ئارامـە؟ هەندێـک پێیانوایـە توندوتیژیـی ڕەگـی لـە کەلتوریـی ناوچەکـەدا هەیـە و سـەدان بەڵگـەش بـۆ ئەمـە ڕیـز دەکـەن، هەندێکـی تـر ئۆباڵـی توندوتیژیـی و نا-سـەقامگیریی بـۆ گوزەرکـردن بـە کۆڵانەکانـی مۆدێرنیتـی دەگەڕێننـەوە و ڕۆژئـاوای لـێ بەرپرسـیاردەکەن:

سـامویێل هۆنتگتـۆن جیهانـی ئیسلامـی بـە هەڕەشـەیەکی دیمۆگرافـی بـۆ سـەر ڕۆژئـاوا دادەنێـت بەهـۆی کێشـەی دانیشـتوانەکەی لـە داهاتـوودا، هەروەهـا کۆچکردنیـان بـۆ ژمارەیـەک وڵاتـی ڕۆژئـاوا لـە کاتێکـدا ڕێـژەی بێـکاری لـە زیادبووندایـە، بۆیـە موسـڵمانانی نیشـتەجێی وڵاتانـی ڕۆژئاوایـی وەک ئەڵمانیـا و فەڕەنسـا دەبنـە مەترسـییەکی ئەخلاقـی بـۆ شارسـتانیەتی ڕۆژئـاوا !

کاریگەرتریـن بـەش لـە تیـۆری هانتینگتـۆن پەیوەنـدی بـە ئیسلامـەوە هەبـوو، لـەدوای کۆتایهاتنـی شـەڕی ساردی نێـوان یەکێتـی سـۆڤیەت و ڕۆژئـاوا، یەکسـەر گوتـی ململانێیەکـی نـوێ لـە نێـوان دوو دوژمنـی ئاشـت نەکـراوەدا سـەرهەڵدەدات: ئیـسلام

و ڕۆژئـاوا. جەختـی لـەوە کـردەوە؛ ناسـنامە، نـەک ئایدۆلۆژیـا، لـە دڵـی سیاسـەتی هاوچەرخدایـە. ئـەو پرسـی تـۆ چیـت؟ وەک دەزانیـن لـە بۆسـنە تـا قەفقـاز تـا سـودان، وەڵامـی هەڵـە بـۆ ئـەو پرسـیارە دەتوانێـت بـە مانـای لێدانـی فیشـەکێک لـە سـەردا بێـت. بۆیـە هۆنتیگتـۆن پێـی وایـە "ئیـسلام سـنووری خوێنـاوی هەیـە”. (Oborne، 2018). بەرە-بـەرە بـە پێـی ئـەم تیۆرییـەی هۆننتیگتـۆن بێـت یـەک ملیـار و نیـو موسـڵمان هەموویـان وەک یـەک بیریـان کردۆتـەوە و دەکەنـەوە، جگـە لـە دوژمنایەتـی بەرانبـەر ڕۆژئـاوا هیـچ شـتێکیان نییـە بیـری لێبکەنـەوە. باشـە ئەگـەر وایـە، بۆچـی لـە (٥٠) وڵاتـی جیهـان کـە زۆرینـەی موسـڵمانن، تاکـە یـەک وڵاتمـان نەبینیـوە شـەڕ لـە دژی ئەمریـکا ڕابگەیەنێـت، هاوپەیمانییەکـی ئیسلامیـشمان نەبینیـوە!

ئایـا پێشـبینییەکانی هەنتینگتـۆن هاتوونەتـە دی؟ ئایـا موسـڵمانان بەکۆمـەڵ لـە شـەڕدان لەگـەڵ ڕۆژئـاوا بـەو شـێوەیەی ئـەم زانـا ئەمریکییـە باسـی دەکات؟ ئایـا بەڕاسـتی پێکدادانـی شارسـتانیەتەکان هەیـە، وەک ئـەوەی نـەک تەنیـا هەنتینگتـۆن بەڵکـو زۆر کەسـی دیکـە باوەڕیـان وایـە؟ بـە دڵنیاییـەوە ڕووداوەکانـی ١١ی سێپتەمبەر، کاتێـک قاعیـدە هێرشـێکی دڕندانـەی بـۆ سـەر ئەمریـکا دەسـتپێکرد، متمانەیەکـی گـەورەی بـە شـیکارییە تاریکەکـەی هانتینگتـۆن بەخشـی. شـەپۆلی هێرشـەکانی ڕۆژئـاوا بـۆ سـەر وڵاتانـی موسـڵمان لـە سـاڵانی دواتـردا، وا دیـار بـوو ئـەو شـەپۆلە بەهێزتـر بـوو، لەگـەڵ هێرشـە تیرۆریسـتییە وێرانکەرەکانـی سـەر لەنـدەن و پاریـس و شـارەکانی دیکـەی ڕۆژئـاوا.

### ٢.٣. ئەگەر نەتتوانی چوارچێوەکە بگۆڕیت، چاکتر وایە ئاڵوگۆڕ بە یاریزانەکان بکەیت

لـە یاریگـەی نێونەتەوەییـدا، هـەر یاریزانێـك ئامانجـێکی تایبـەت بەخـۆی هەیـە و شـوێنی کەوتـووە. هیـچ یاریزانێـك ئامانجەکـەی لـە هـی ئـەویتر ناچێـت، کەواتـە کـەس بـە خۆڕایـی شـوێنی بەدیهێنـانی ئامانـج بـۆ ئـەوی تـر ناکەوێـت، بـەڵام ئـەرکی هاوبـەشی یاریزانـەکان بەگشـتی ئەوەیـە بەردەوامـی یارییەکـە بپارێـزن، چونکـە وەسـتانی گەمەکـە بـە واتـای جەنگـێکی تێکشـکێنەر و کاولکـەر دێـت. پرسـیاری ئاڕاسـتە کـراو ئەوەیـە: کـێ یارییەکـە دەباتـەوە ؟ بـۆ وەڵامـی ئەمـە، لەمێـژوو بەنـرختر شـتێکی وا لەبەردەسـتدا نییـە، تیایـدا کنـە بکەیـن. بۆیـە لەبـەر ڕۆشـنایی کتێبەکـەی مایڵـز کۆبلانـد (١٩٧٠) دا بەخێرایـی وێنەیـەکی مێـژووی ڕووداوەکانی دوای دووەم جەنگـی جیهـانی دەکێشـین، تـا لـەو پڕۆژانـە تـێ بگەیـن کـە لەخۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت دا کاردەکات:

- لـە (٢١ی شـوباتی ١٩٤٧) باڵوێزخانـەی بەریتانـی لـە واشـنتۆن، ڕاپۆرتێـك لەبـارەی تورکیـا و یۆنانـەوە دەنێرێـت بـۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکـەی، لـە کۆتاییەکـەی دا جەخـت لـە (ئاشـتی بەریتـانی لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت) دەکاتـەوە.
- لـە (١٢ی ئـاداری ١٩٤٧) هـاری ترومـانی سـەرۆکی ویلایەتـە یەکگرتـوەکانی "پرەنسـیپی ترومـان- المبـدأ ترومـان" ی ڕاگەیانـد، کـە هەڕەشـەیە لـە دوژمنـەکانی ئاینـدەی ئەمریـکا و سـنوور دانـان بـۆ فراوانبوونـی جیۆ-سیاسـیی یەکێتـی سۆڤییەت، بەتایبـەت کۆنترۆڵکردنـی ڕاپەڕینـی کۆمۆنیسـتی لـە تورکیـا و یۆنـان.
- لـــە (٥ ی حوزەیـــرانی ١٩٤٧) پـــلانی مارشـــاڵ ڕاگەیەنـــرا، جەنەراڵـــی ئەمریـــکی جـۆرج مارشـاڵ پلانـە ئابورییەکـەی خسـتەڕوو کـە (١٣) سـیانزە ملیـار دۆلار تەرخـان بکـــەن، بـــۆ ســـەرلەنوێ بیناکردنـــەوەی ئەوڕووپـــای دوای جەنـــگ، دواتریـــش ئـەم پڕۆژەیـە بـوو بـە نـاوکی جیهانگیریـی . هـەر لـە (تەمـووزی هەمـان سـاڵ ١٩٤٧) لـە پەراوێـزی مارشـاڵەوە، دەسـت بـە جێبەجێکـردنی ئاشـتی بەریتـانی لـە سـووریاوە کـرا، بـۆ لەسـووریاوە؟ دواتـر بـاسی دەکەیـن.
- لـە (١٤ ی ئایـاری ١٩٤٨) دەوڵـەتی ئیسرائیـل لـە دایکبـوو، لەگەڵیشـیدا جەنگـی عـەرەب- ئیسرائیـل هەڵگیرسـا (Copeland، M. 1970).

لەساڵی (١٩٤٩)ەوە، کودەتای حوسنی زەعیم لە سووریا ڕووی دا، ئیتر لەم ساتەوە، مۆد مۆدی کودەتایە لە خۆرهەڵات، بۆ؟! لە ساڵی (١٩٥٢) جەمال عەبدولناسر کودەتا دەکات. ساڵی (١٩٥٣) موحەمەد موسەدەق لە ئێران بەدەنگی خەڵك و دیموکراتترین شێوە هاتە سەر حوکم، بە هەوڵی موخابەراتی ئەمریکا کودەتای بەسەراکرا و لادرا. ئیتر لێرەوە بۆ ئیحتیواکردنی سۆڤیەت جرت و فرتی موخابەراتی و دیبلۆماسی و هەژموون کۆکردنەوە دەست پێدەکات. ساڵی (١٩٥٤) تورکیا و پاکستان (پەیماننامەی بەغدا)یان بەست، چونکە ئەوکات ڕووسیا ڕایگەیاندبوو؛ بۆتە خاوەنی بۆمبی هایدرۆجینی. هەر لەم ماوە مێژووییە بەدواوە، قەیران و ناڕەزایەتی لە ئوردن دەست پێ دەکات و هەوڵی کودەتایەک شکست دەهێنێت، کودەتا لە یەمەن، قەیران لە لوبنان، کودەتا لە عێراق ( ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨) و هاتنی عەبدولکەریم قاسم و گرتن و کوشتنی نوری سەعید (Maarouf، 2010).

تا ئەم چرکەیە پێنج سەرۆکی یەک لەدوای یەکی میسری هەبوون، هەموویان بە کودەتا هاتون ( محەمەد نەجیب، جەمال عەبدولناسر، ئەنوەر سادات، حوسنی موبارەك، عەبدولفەتاح سیسی). لە ساڵی (١٩٥٨)ەوە هەموو سەرۆکەکانی عێراق تا دەگاتە سەددام حوسەین هەر بەکودەتا هاتن، سەرۆک و سەرۆکوەزیرانەکانی دوای ڕووخانی سەدام (٢٠٠٣) ش بە ئۆکەی ئەمریکا و ئێران هاتوون؛ هیچیان گوزارشت نەبوون لە دەنگ و سەنگی هاووڵاتیانی عێراق.

### ٣.٣. بنج و بنەوانی گەمە ئایدۆلۆژییەکان

عوسمانییەکان، ڕەسەنترین نەوەی تورکن، کە لەئەنجامی شالاوی مەغۆلەکانەوە هاتن، لە ڕووی ڕەگەزەوە تورکەکان سەربە مەغۆلەکانن، ئەوانەی نە کلتور و نە ئاینێکی دیاریکراویان هەبووە، کۆمەڵە خەڵکێکی بەتوانا بوون، ملیان بەهەر شوێنێکەوە ناوە نەگەڕاونەتەوە، لەئاسیای ناوەڕاست و ئەنادۆڵ دا گیرساونەتەوە، لە ئەنجامی سەرکەوتنی سەلجوقیەکان بەسەر ڕۆمە بیزەنتیەکاندا، ئەمان لە (١٢٩٩) بە سەرکردایەتی عوسمانی کوڕی ئەرتوغەل یەکەم دەوڵەتیان دامەزراند.

ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، گەورەترین خەلافەتی ئیسلامە کە (٦٢٤) ساڵی خایاند، دەکرێت ئیستێك لەوێدا بکرێت کە هۆکارەکانی کەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی چین؟ تاڕادەیەک خەلافەتەکە گەیشتبوە هەموو جیهان، ئەوەندە پەلوپۆی هاویشتبوو، زۆر بەرفراوان بوو، کۆنترۆڵی پێ نە دەکرا. گەندەڵی و بێ ئاگایی هەندێ لە سوڵتانەکان، ئینجا لەژێر دەستەڵاتی ئەم ئیمپراتۆرییەتەدا دەیان ئاین و نەتەوەی جیاواز سەرتکوت کرابوون و دەژیان وەکو: ئەرمەنی، عەلەوی، کورد، عەرەب، مەسیحی، جوو، ئیسلام، تورك، ئازەری، گریکی و..تاد. هەموو ئەمانە هەمووی دەوڵەتەکەیان شەکەت کردبو، بەڵام هیچ وەکو پیلانگێڕیی جوولەکە و شێلگیری سوڵتانەکان و پێخۆشی ئینگلیز نەبووە هۆی کوشتنی ئەم پیاوە گەورەیە کە پێش مەرگی ناویان نابوو "پیاوە نەخۆشەکە" (Shaw، 1976).

پەیوەندی جوولەکە بە تورکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونی (خەلافەت لەسەردەمی سولەیمان دا گەیشتە ئەوپەڕی هێزو بەرفراوانی خۆی)، کاتێك کچێکی زۆرجوانی جوولەکەی ئۆکرانی بەناوی (ڕۆکسلانە) بە کەنیزەك دەگرن، دیارە کەنیزەك و جەزیە لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانی دا زۆر باوبووە، پاشان ڕۆکسلانە دەبێتە ژنی ئیمپراتۆری عوسمانی "سوڵتان سولەیمانی قانونی"، (ڕۆکسلانە) کاریگەری لەسەر سوڵتان دروست دەکات، تاوەکو یارمەتی جوو بدەن و دەبێتە هۆی کوشتنی کوڕە گەورەکەی، تا دەستەڵات و موڵك نەگرێتە دەست (Kazem، E، M. 2012).

لەهەمـان کاتـدا، جۆرێـک لـە یەهـوود لـە نـاو دەسـتەڵاتی عوسمانییـدا سـەریانهەڵدا پێیـان دەوتـرا "یەهـودی دۆنمـە-Donmeh"، دۆنمـە: ئـەو جـۆرە لـە یەهـود بـوون کـە لای عوسمانییـەکان خۆیـان بـە موسـڵمان ناسـاند بـوو، کەچـی ژێربـە ژێـر جولەکـە بـوون، بـۆ ئـەوەی خەلیفـەکانی عـوسمانی ڕێگـە بـۆ جـووە هەڵاتـووەکانی ئیسـپانیا بکەنـەوە، کـە ئـەوکات جـوو جێگـەی لـەم جیهانـەدا نەدەبویـەوە، ئـەوەش بەهـۆی ئـەو وتانـەی کـە لـە کیتـابی پیـرۆزدا هاتـووە. سـاباتای زێڤـی- Sabatay Zevi دامەزرێنـەری مەزهەبـی دۆنمـە و ئـەم گرووپـە لـە مانگـی تەمـووزی سـاڵی ١٦٢٦ی زایینـی لـە شـاری ئیزمیـری تورکیـا لـە دایـک بـووە، لەوێـش گـەورە بـووە. کاتێـک تەمەنـی زیفـی گەیشـتووەتە بیسـت و دوو سـاڵ، واتـە لـە سـاڵی ١٦٤٨ی زاینیـدا بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد کـە ئـەو "مەسـیحی ڕزگارکـەر"ەو، جـووەکان لـە ئازارەکانیـان ڕزگار دەکات (Levine، R، M. 2022). بەمجـۆرە، جـوو و مەسـیحییەکی زۆر لـە دەوری زیفـی کۆبوونـەوە، هەرچەنـدە هەندێکیان دڵنیابـوون کـە بانگەشـەکەی درۆیـە، بـەڵام زیفـی سـەردانی زۆر وڵاتـی کـرد، لەوانـە مـیسر و فەلەسـتین و هەندێـک وڵاتـی ئەوڕوپـی خۆپیشـاندانی زۆری لـە ئیمپراتۆریەتـی عوسمانیـدا ڕێکخسـت و خەڵکـی کۆکـردەوە، داوای مافـی پاشـایەتیکردنی کـرد. دواتـر گیـرا و بەئاشـکرا ئیمانـی بـە ئیـسلام و خەلافەتـی عوسمانـی هێنـا، بـەڵام ژێربەژێـر کاری بـۆ تەشەنەسـەندنی بیروباوەڕەکـەی خـۆی دەکـرد.

تـا دەهـات خەلافەتـی عوسمانـی بـەرەو لاوزایـی دەچـوو، بەتایبەتـی لەنیـوەی دووەمی سـەدەی نـۆزدەوە ئیمپراتۆرییەتـی عوسمانـی تادەهـات لاوازییەکانـی دەردەکـەوت، نازنـاوی (پیـاوە نەخۆشـەکە)یان بـە خەلافەتـی عوسمانـی بەخشـی، نـە ئەوەبـوو چـاک ببێتـەوە، نـە ئـەوەش بـوو بەتـەواوی لەنـاوی ببـەن. سـەرەنجام بەپاڵپشـتی بەریتانیـا و ڕۆڵـی یەهـودی دۆنمـە سـوڵتان عەبدولحەمیـد و عەبدولمەجیدیـان لەخشـتە بـرد. لـە حوزەیرانـی ١٨٨٩ کۆمەڵەیەکـی سـیکۆلار (کۆمەڵـەی ئیتیحـادو تەرەقی)یـان لەنـاو دەسـتەڵاتی ئیسلامـی عوسمانییـدا بـۆ لێـدان لـە ئایدۆلۆژیـای خەلافـەت درووسـتکرد، هەمـوو ئـەو دەنـگ و سـەدایانەی داوای ڕیفۆرمیـان دەکـرد لـە (کۆمەڵـەی ئیتیحـادو تەرەقـی) دا کۆیـان کردنـەوە، کـە (موسـتەفا کەمـال ئەتاتـۆرك) تیایـدا ئەفسـەرێك بـوو، جـووەکان لـە پێکهێنانـی ئـەو کۆمەڵەیـە ڕۆڵێکـی گەورەیـان هەبـوو کـە فیگـەرە دیارەکانی تورکـی تێـدا کۆبو-بویـەوە (Kazem، E، M. 2012).

بـــەو چەشـــنە، گەورەتریـــن ئەنجامـــی یەکەمیـــن جەنگـــی جیهانـــی ئەوەبـــوو کــە هاوپەیمانــان ســەرکەوتن و ئیمپراتۆرییەتــی عوسمانــی کــە لەژێــر بــاری قــەرزدا دەتلایــەوە، هەڵوەشــایەوە و میراتەکــەی لــە نێــوان بەریتانیــا و فەڕەنســا دابەشــکرا. لــە ســاڵی (١٩٢٣) مســـتەفا کەمـــال ئەتاتـــۆرك جـــاڕی دامەزرانـــدنی کۆمـــارێکی مۆدێـــرنی نەتەوەیـــی عیـــلمانی یەکگرتـــووی لـــە شـــوێنی دەوڵەتـــە پەلوپۆفراوانەکـــەی عـــوسمانی دا، پیتــی عــەرەبی نووســینیان لەتورکیــا کــرد بەپیتــی لاتینــی، ژمــارەی مزگەوتەکانیــان کەمکــردەوە، مــۆدێلی خۆرئاوایــان هێنایــە خۆرهەڵاتــەوە، تورکیــا وەك چــۆن لــە ڕووی جیۆپۆڵەتیکــەوە حاڵەتــێکی تایبەتــە لەنێــوان ئاســیا و ئەوڕووپــا، لەنێــوان ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوادا هەڵکەوتــوە، ئاوهــاش لــەڕووی کلتــوری و سیاســییەوە ململانێیــەکی نوێــی دەســت پێکــرد (Shaw، 1976). بۆیــە تــا ئــەم چرکەیــە ئەمریــکا خوازیــار نییــە دەســت لەتورکیــا بەربــدات، چونکــە پێویســتی بــە هاوپەیمانییەتێکــی ناوچەییــە هــەم بــۆ لێــدان و بەرپێگرتــن لــە ڕووســیا لــەو ناوچەیــە، هــەم وەك دەوڵەتــێکی ئیسلامــی لــە ناتــۆ دا بــۆ لێــدان لــە وڵاتــانی عــەرەبی بەکەڵــك دێــت (کاتێــک پێویســت بــکات).

یەکێـــک لـــە بەرئەنجامـــە گەورەکانـــی هەڵوەشـــانەوەی خەلافەتـــی عوسمانـــی ئەوەبــوو، دوای شــەش ســەدە نوێنەرایەتیکردنــی ئیــسلام و مەزهەبــی ســوونە ئــیتر نوێنەرایەتییەکـــە کەوتـــەوە دەســـت عەرەبـــە موســـڵمانەکان، بـــەڵام عەرەبـــەکان چییـــان کـــرد؟ ئەوکاتـــەی خەلافەتـــی عـــوسمانی هەڵوەشـــایەوە، شـــەریفی مەککـــە کــە لــە خــاکی ئیســتانبوڵ لەدایــك ببــوو، لــە پشــتی باخچەکــەوە خــۆی هەڵــدا و گەیشــتەوە ســعودییە، ئــەم ڕێبەرایەتیــەی خســتەوە چنگــی عەرەبــەکان، بەمــەش بۆیەکەمجـــار ســـەربەخۆیی عـــەرەبی لەچنـــگ تورکـــە عوسمانییـــەکان دەرهـــات.

خــۆ ئــەوە شــتێکی نهێنــی نییــە، هەمــوو ئــەو دەوڵەتانــەی وەکــو عێــراق، ســووریا، ئــوردون، وڵاتانــی کەنــداو کــە دوای دوو جەنگــە جیهانییەکــە ســەربەخۆییان وەرگــرت، لەژێــر سەرپەرشــتی خۆرئــاوادا درووســتکراون، هیــچ نهێنییــەک لــەوەدا نییــە کــە نــەوت و ســامانی سرووشــتی ئــەم ناوچەیــە بزوێنــەری گۆڕانکارییــەکان و تەماحکارییــەکان بــووە. زێدەڕۆیــی نییــە بڵێیــن؛ شــەریفی مەککــە داهێنــەری ئەوەیــە کــە کــە ســەروەت و ســـامانی ســـعودییەکان و وڵاتـــانی عـــەرەبی دیکـــە بـــۆ خۆرئـــاوا دەبێـــت، بەمەرجێـــك

خۆرئـــاوا و ئەمریـــکا لەســـەرکورسی دەســـتەڵات ئـــەم شـــێخە نەوتاوییانـــە بپارێـــزن !

لەگــەڵ ڕووداوەکانــدا، جووەکانــی ژێــر دەســتەڵاتی دەوڵەتــی عوسمانــی، بــەرە-بــەرە خۆیــان ئامادەکــرد بپەڕنــەوە ئــەو بــەری دەریــا، لــە دابەشــکردنی میراتــی پیــاوە نەخۆشــەکەدا، فەلەســتین بــوو بــە پشــکی بەریتانیــا، ئەوانیــش لەچوارچێــوەی بەڵێنــی بەلفــۆڕ (تشرینــی دووەمــی ١٩١٧ دا) و لەبەرئەنجامــی ئــەم گۆڕانکارییانــە بەڵێنــی دەوڵەتێکیــان بــە جــووەکان دا. لەشــەوی ١٤/ ١٥ ی ئایــاری ١٩٤٨ بەریتانیــا کۆتایــی بــە ئینتیــدابی خــۆی لــە فەلەســتین هێنــا (ئینتیــداب: یــانی وڵاتێــك لەژێــر چاودێریــی و ئامــاژەی یەکێــك لەزلهێــزەکان دا بەڕێوەبچێــت) بــۆ ڕۆژی دوای ئــەوە یەکســەر ئیسرائیــل لەســەرخاکی فەلەســتین دەوڵــەتی خــۆی ڕاگەیانــد، ئــەم ڕۆژە بــۆ عــەرەب بــوە بــە ڕۆژی نەگبــەتی (Kazem، E، M. 2012).

دوای ئــەم مێــژووە، هەقــە ئــەوەش بپرســین بۆچــی ســاڵی (١٩٢٨) ئیخــوان موســلیمین درووســت بــوو؟ بۆچــی؟ ئــەی دواتــر بۆچــی ڕێکخــراوی ئەلقاعیــدە دروســت دەبێــت؟ بۆچــی و چــۆن لــە دوای بەهــاری عەرەبــی (٢٠١١)ەوە بــەرەی نــوسرە و داعــش لــە عێــراق و ســووریا و درووســت بــوو!؟ بۆچــی پارتــی دادوگەشــەپێدانی تورکــی کــە لــە (٢٠٢٢ تــا ٢٠٢٥) دەســتەڵاتی بەدەســتەوەیە و بەشــێکە لــە پــڕۆژەی ئیخــوان موســلیمین؛ لــە (٢٠١٠) دا تورکیــا تــەواوی پەیوەندییەکانــی لەگــەڵ ئیسرائیــل دەپچڕێنێــت بەهــۆی بەرگریکــردن لــە بزووتنــەوەی حەمــاس کــە ئەویــش بەشــێکە لــە پــڕۆژەی ئیخــوان؟ لــە چاپتــەری داهاتــوودا ناونیشــانێکمان هەیــە "پەیوەندییەکانــی تورکیــا و ئیسرائیــل لەســەردەمی پارتــی دادوگەشــەپێدانی تورکــی دا" ڕەنگــە ئەمــە پتر ڕوون ببێتــەوە.

ئێمــە ئەمڕۆکــە تێدەگەیــن، داعــش تەریــب بەمــە کــوڕی کلتورێکــە کــە ئەحکامــەکانی، دەقــەکانی، ڕەفتــار و ژینگــە کۆمەڵایــەتی و سیاســییەکەی ســەربڕینی بەرهەمهێنــاوە، ســەربڕین کلتورێکــە پێشــووتر ئێمــە لــە لاپەڕەکانــی مێــژووی ئیسلامیــدا خوێندوومانەتــەوە. بەمانایەکــی تــر، زەمینەکــە لێــرە خــۆی لەبــارە بــۆ بەرهەمهێنــانی گروپگەرایــی و توندڕەویــی، بەهەمــان ئەنــدازە داعــش ئەوەتــا لــە کۆڵانــەکانی مۆدێرنێتــەی ســەرمایەدارییەوە دێتــەدەر، لــە ســەتەلایتەوە، لــە سۆشــیال میدیــاوە پەیوەندییەکانــی خۆیــان بەکاردەهێنــن و وتارەکانیــان دەردەبــڕن. ئــەوەی دەبێــت ئێمــە

سـۆراخی بکەیـن ئەوەیـە: ڕێبـازی ئـەم ڕەفتـار و ڕووداوانـە کـێ ئاڕاسـتەی دەکات؟ لەنـاو ڕێکخسـتنەوەی جیهانییـدا چـی کاریگەرییەکیـان دەبێـت؟

یاریـگا بـێ ناسریـی پێـوە دیـارە! جەمـال عەبدولنـاسر دەیـوت: " ئێمـە عەرەبیـن پێویسـتە یەکبگریـن خۆمـان بپارێزیـن، تـا ئیمپریالیـزم ئیسـتغلالمان نەکـەن " یاریـگا بەبـێ نـاسر، شـێوەی یاریکـردنی پێـوە دیارنییـە. وەک ئەندامـی دامەزرێنـەری دەزگای هەواڵگـری ناوەنـدی (CIA)ی ئەمریکـی کۆبلانـد (١٩٧٠) لـە کتێبەکەیـدا باسـی دەکات، جەمـال عەبدولنـاسر بەدرێژایـی سـەدەها سـاڵ یەکەمیـن سـەرکردەی عەرەبـە کـە دوور لـە ئەوروپییـەکان ڕێگـەی بڕیـوە. لـە سـەدەکانی جاهیلییـەوە بـۆ ئێسـتا نەبـووە عەرەبێـك سـەرکردە بێـت، پڕۆژەیـەکی نەتەوەیـی گـەورەی وەك نۆژەنکردنـەوەی کەناڵـی سـوێس ڕابگەیەنێـت، بەتاقـی تەنیـا دژی ئینگلتـەرا و ئەمریـکا و ئیسرائیـل بچێتەشـەڕەوە. کاتێـک نـاسر لەجەنگێکـدا دژی ئیسرائیـل تێکشـکا، یەکسـەر دەسـتی لەکارکێشـایەوە و وتی "مـن بەرپرسـیارێتی ئـەم تێکشـکانە هەڵدەگـرم"، بـەڵام چەندیـن دەیـە دوای ئـەو، ڕۆژانـە یـان هەفتانـە، خوێنـەری هەواڵەکانیـن کـە زۆربـەی سـەرکردە و سیاسـییەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە ملیارەهـا دۆلار دزی و گەندەڵـی دەکـەن، بـەرەکانی شەڕدەفرۆشـن، قاچاخچێتـی لەگـەڵ دوژمنەکەیـان دەکـەن، کەسـیش دەسـت لـەکار ناکێشـێتەوە! بـەڵام ئـەوکات لەبـەردەم ماڵـی نـاسر و هێنایانـەوە بـۆ دەسـتەڵات ملیۆنەهـا مـیسری خۆپیشـاندانیان دەسـتپێکرد. پـاش ئاوابوونـی دەسـتەڵاتی نـاسر یاریـگای نێونەتەوەیـی کەلێنـی تێکـەوت، لـەدوای دوو جەنگـە جیهانییەکـەوە، زۆربـەی هـەرە زۆری باڵوێـزەکانی ئەمریـکا کـە لەجیهـانی عـەرەبی بـوون، جەخـت لەوەدەکەنـەوە" ئەگـەر زەعامـەت هەبێـت لەدونیـادا نەتەوەیـی بێـت، بریتـی لـە زەعامـەتی عـەرەبی کـە حـەز دەکـەن دەسـتوەردان لەکاروباریـان بکەیـن!" (Copeland، M. 1970).

خاڵـی هاوبـەشی سـەردەمی نـاسر و ئـەم چرکەسـاتەی (٢٠٢٥) ئەوەیـە: ڕۆژهـەڵات ئێسـتاش قۆناغـی جەنگـی سـاردی تـێ نەپەڕاندووە..لەهەمـان قۆناغـی مێژووییـدا لەنێـوان دەسـتوردانی خۆرئاوایـی و سیسـتمی خێڵـەکی و مۆدێرنیتیـەکی شـەرمن دا بەرتەڕنـاش دەکات.

"لەکۆتاییـــدا، فێربوونـــی ڕێســـاکانی گەمەکـــردنی نێونەتەوەیـــی، بـــۆ ئەوەیـــە ســـەرکەویت بەســـەر ئەوانـــەی تـــۆ ململانێـــت لەگەڵـــی هەیـــە، ســـەرکەویت بەســـەر ئەوانـــەی تـــۆ لینـــك و هاوکارییـــت لەگەڵیـــان هەیـــە، بـــەشی زۆری ئـــەم بردنەوەیـــە پەیوەســـتە بەئامادەکـــردنی یاریکـــەری بـــاش، تێگەیـــشتن لـــە ڕێپێوانـــی مێـــژوو، ڕیشـــەی ڕووداوەکان. دۆڕان و ســـەرکەوتن لەیاریگاکـــەدا بەنـــدە بـــە خاونەبوونـــەوە و گرژنەبوونـــی دەمارەکانتـــەوە، کاری هەواڵگیریـــی و سووســـەکردن و دیبلۆماســـیەتی هەواڵگریـــی وەك تەزوویـــەك، یـــان ماددەیەکـــە لەنـــاو دەمارەکاندایـــە. نابێـــت ئەمانـــە لـــە بیربکەیـــت."

### ٧ .٤.٣ ی ئۆکتۆبەر: نەزمێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

بەرەبەیانی زووی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ بە هەزاران چەکداری بزووتنەوەی حەماس و سەدان خەڵکی مەدەنی دیواری سنووری نێوان خۆیان و دەوڵەتی ئیسرائیلیان تێکشکاند و لە ئاسمان و زەوییەوە دابارینە سەر خاکی ئیسرائیل!

ئاژانسی فڕانس-پرێس (AFP) بۆ پشتڕاستکردنەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی تەنیا لەو ڕۆژەدا بەهۆی هێرشەکەی حەماسەوە کوژراون، ئاماژەی بە چەندین سەرچاوەی زانیارییەکان کردووە و هەڵسەنگاندنی بۆ ئەوە کردووە کە لە کۆی گشتی (١١٩٥) کەسی کوژراو، (٨١٥) کەسیان هاووڵاتی مەدەنی بوون، لەنێویاندا (٧٩) هاووڵاتی بیانی و لانیکەم ٢٨٢ ژن و ٣٦ منداڵ هەبوون. گروپە چەکدارە فەلەستینییەکان دوای هێرشەکە ٢٥١ کەسی مەدەنی و کارمەندانی هێزە ئەمنییەکانی ئیسرائیلیان بە بارمتەگرت و بردیانەوە غەززە (Human Rights Watch. 2024). حەماس، بزووتنەوەیەکی چەکداری فەلەستینیە لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە کەرتی غەززەی داگیرکراو لەلایەن ئیسرائیلەوە بەڕێوەدەبات، ڕایگەیاند؛ باڵە چەکدارەکەی لیواکانی عیزالدین ئەلقەسام ("لیواکانی قەسام")، سەرکردایەتی هێرشەکەی ٧ی ئۆکتۆبەری کردووە.

پێشووتر بیستبوومان، ئیسرائیل وڵاتێکی ئەوەندە بەهێزە کەسێک لەناو دەریای کاریبی شتێک لە دژیان بڵێت، ئەوان ئاگادارن، ئەوان خاوەنی بەهێزترین دەزگای هەواڵگری و پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیان، چەکی ئەتۆمییان هەیە، ئەمریکا چەک لە ئیسرائیل دەکڕێت، ئەو پاسەوانانەی سنووری دیوار و تەلبەندکراوی نێوان خۆیان و کەرتی غەزەیان دەپاراست، دەیانوت؛ پێشوتر مارێک بە سنوور ەکەدا تێپەڕبوویێت، ئێمە ئاگادار بووین! چۆن ئیسرائیل لە بن دەستی دا ئاگاداری پیلانگێرییەکی وەها نەبووە لە دژی بکرێت؟ چۆن ئەم چەکدارانە بە چەند کاتژمێرێک دیواریان بڕی، لە ئاسمانەوە بە پەڕەشووت دابەزینە چەندین شار و شارۆچکەی ئیسرائیل، ئەم هەموو کارە دڕندانەیان ئەنجامداو، سەدان کەسیان وەک بارمتەش لەگەڵ خۆیان بردەوە کەرتی غەززە؟! ئەگەرچی هێرشەکە بەتەواوی هەوڵێکی تیرۆریستی بوو کرایە سەر ئیسرائیل، بەڵام هەموو ئەو پرسیارانەی دەکرێن تازە بەهایەکیان نییە، چوونکە حەماس بە پێی پەتی ئیسرائیلی لەسەر

تەختـەی شـانۆکە گـرت! دۆخێکـی وا بێگومـان بووەتـە هـۆی تۆمەتبارکـردن لـە بـەرەی ناوخـۆدا. بۆیـە خەڵکـی ئیسرائیـل بـە تـەواوی لـەو دۆخـە تـوڕەن، زۆرێـک لـە ئیسرائیلییـەکان تەنیـا بۆئـەوە تێدەکۆشـن تێبگـەن کـە چـۆن دەکـرا ئەمـە ڕووبـدات! دەبێـت شـتێک هـەر بکـەن بـۆ بەدەسـتهێنانەوەی شـکۆی خۆیـان:

تەنیـا یـەک ڕۆژ دوای هێرشـەکەی حەمـاس ئیسرائیـل بڕیـاری هێرشـکردنە سـەر غـەزە و لەناوبردنـی حەماسـی دا: ساتەکانی دوای جەنگـی غـەززە، پرسـیاری گەورەیـان بـۆ نەزمـی جیهانیـی لـە لایـەک و ویژدانـی مرۆڤایەتیـش لەلایەکـی دیکـە جێهێشـتوە، جەنگەکـە نزیکـەی (٧٥٠) ڕۆژی خایانـد، سـەت ڕۆژی یەکەمـی بـۆ خەڵکـی مەدەنـی غـەزە ئێجـگار سـەخت بـوو، مرۆڤایەتـی و دامـەرزاوە نێودەوڵەتییـەکان، جگـە لەدەرکردنـی بەیاننامـە هیـچ شـتێکیان لەدەسـت نەهـات بیکـەن!

تەنیـا لەبـارەی کارەسـاتە مرۆیـی و ماددییەکانـی جەنگەکـە لە سـاڵی یەکەمدا؛ ئاژانسـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان(UNRWA) دەڵێـت؛ پاککردنـەوەی داروپـەردووی غـەززە ١٥ سـاڵ دەخایەنێـت، بـە پێـی ڕادیـۆی سـوپای ئیسرائیـل لـە ٧ی ئۆکتۆبـەرەوە تەنیا لەمـاوەی (٢٧٠) ڕۆژی جەنگەکـەدا، نزیکـەی (٥٠) هـەزار بۆمـب لەلایەن فڕۆکـە جەنگییەکانـی ئیسرائیلەوە فڕێدراونەتـە سـەر غـەززە، لـەو ڕێژەیـە (٢ بـۆ ٣ هـەزار) بۆمـب نەتەقیوەتـەوە. دۆخەکـە بـە جۆرێکـە کـە مەترسـییەکی کوشـندە بـۆ خەڵکـی کەرتـی غـەززە دروسـت دەکات، چونکـە تەقەمەنـی نەتەقیـو دەکرێـت مـادەی زیانبەخشـی تێدابێـت، لابردنـی پێویسـتی بـە زیاتـر لـە (١٠٠ سـەت هـەزار) بارهەڵگـر دەبێـت و تێچـووی زیاتـر لـە (٥٠٠) ملیـۆن دۆلار دەبێـت. ئاوەدانکردنـەوەی گشـتیی ئەمـڕۆی غـەززە، بەپێـی خەمڵاندنەکەمـان، زیاتـر لـە (٥٠) پەنجـا ملیـار دۆلار دەبێـت". وەک عەبـدوڵلا ئەلـدەرداری، بەڕێوەبـەری مەکتەبـی هەرێمـی بـۆ وڵاتانـی عەرەبـی لـە بەرنامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ پەرەپێـدان دەڵێـت: لـە سـاڵی ١٩٤٥ەوە هیـچ شـتێکی لـەم جۆرەمـان نەبینیـوە (Aljazeera. 2024).

لەمـاوەی دوو سـاڵی جەنگـدا؛ بەپێـی وەزارەتـی تەندروسـتیی حەمـاس، لـە نێـوان (٦٦ بـۆ ٧٠ هـەزار کـەس) لـە غـەزە کـوژراون و زیاتـر لـە ١٦٠ هـەزار کەسـیش برینـدار بـوون؛ پێدەچێـت ژمـارەی ڕاسـتەقینەی قوربانییـەکان زیاتـر بێـت. بەپێـی ئامـاری نەتـەوە یەکگرتـووەکان، زیاتـر لـە ٩٠٪ی بیناکانـی نیشـتەجێبوون لـە کەرتـی غـەزە

وێـران بــوون، یـان زیانیـان پێگەیشـتووە. بەپێـی ڕاپۆرتەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، برسـێتییەکی تونـد بەسـەر بەشـێکی زۆری کەرتـی غـەززەدا بڵاوبووەتـەوە. نزیکـەی ٢ ملیـۆن کـەس لـە ناوخـۆدا ئـاوارەن؛ لـە ناوچەیەکـدا کـە تەنیـا کەمێـک لـە شـاری برێمـن لـە باکـووری ئەڵمانیـا گەورەتـرە (Latschan. 2025). ئەمـە دیمەنـی دوو سـاڵی تاریکـی مێـژووی فەلەسـتین بـوو!

لـە نێـوان ٧ی ئۆکتۆبـەری ٢٠٢٣ بـۆ ٧ی ئۆکتۆبـەری٢٠٢٥، شـەڕ لەگـەڵ حەمـاس زیانێکـی بەرچـاوی مرۆیـی و دارایـی بەسـەر ئیسرائیلـدا هێنـا: لـە ڕووی داراییـەوە، ململانێـکان بـە نزیکـەی ٢٥٠ ملیـار شـیکل (نزیکـەی ٦٧.٦ ملیـار دۆلار) بـۆ ئیسرائیـل دەخەملێندرێـت کـە خەرجییـە سـەربازییەکان، کۆکردنـەوەی هێـزی یـەدەگ، لەدەسـتدانی بەرهەمهێنانـی ئابـووری، ئاوارەبوونـی مەدەنییـەکان و کاریگەرییەکانـی ژێرخانـی دەگرێتـەوە (Anadolu Agency، 2024a).

بـە تێپەڕبوونـی دوو سـاڵ بەسـەر هێرشـە وێرانکەرەکـەی حەمـاس، وەزارەتـی بەرگـری ئیسرائیـل ئامـاری زیانـە سـەربازییەکانی بڵاوکـردەوە، بەپێـی هەواڵێکـی ڕۆژنامـەی تایمـز ئـۆف ئیسرائیـل (٢٠٢٥) لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی شـەڕەکەوە تـا ٧ ی ئۆکتۆبـەری ٢٠٢٥: هــەزار و ١٥٢ کارمەنـدی سـەربازیی و ئەمنـی کـوژراون و زیاتـر لـە پێنـج هـەزار کەسـیش برینـدار بـوون. ئـەم ژمارەیـە هەمـوو ئـەو سـەربازانە، ئەفسـەرانی پۆلیـس، بریکارەکانـی شـین بێـت و کارمەندانـی ئاسایشـی مەدەنیـش دەگرێتـەوە کـە لـەو ماوەیـەدا گیانیـان لەدەسـتداوە یـان برینـدار بـوون؛ جـا لـە ئەرکـدا بێـت یـان لـە ئەنجامـی ڕووداو، نەخۆشـی، یـان خۆکـوشتن. زۆربـەی زیانـە گیانییـەکان لـە کاتـی شـەڕەکانی کەرتـی غـەززە و لوبنـان و کەنـاری ڕۆژئـاوا ڕوویانـداوە. هەروەهـا ئـەم ململانێیـە زیاتـر لـە ٦٥٠٠ کەسـی بـۆ بازنـەی خەمبـاری ئیسرائیـل زیـاد کـردووە کـە ١٩٧٣ دایـک و بـاوک، ٣٥١ بێـوەژن، ٨٨٥ منـداڵ و ٣٤٨١ خوشـک و بـرا دەگرێتـەوە (The Times of Israel، 2025). ئەمـە جگەلـەوەی، نزیکـەی ١٢٠٠ هاووڵاتـی مەدەنـی ئیسرائیلـی لـە یەکـەم ڕۆژی هێرشـەکەی حەماسـدا لـە ٧ی ئۆکتۆبـەری ٢٠٢٣ کـوژراون کـە یەکێکـە لـە کوشـندەترین ڕۆژەکانـی مێـژووی ئیسرائیـل. ئـەم ژمارانـە جەخـت لەسـەر تێچـووی درێژخایـەن و فرەلایەنـەی شـەڕەکە دەکەنـەوە کـە بـۆ گرژکردنـی

سیستەمی سەربازی و ئابووری و مەدەنی ئیسرائیل هۆکارێکی بەردەوامە.

ئەم جەنگە دوو ساڵییە، سەرەتاکەی بە زیانی ئیسرائیل بوو، ناوەڕاستەکەی هەر بە زیانی ئابوریی و دیبلۆماسی و سیاسیی بۆ کەسێتی دەوڵەتی ئیسرائیل شکایەوە، کۆتاییەکەشی ئەوەیە دوای حەوتی ئۆکتۆبەر، گرووپە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ماوەیەک بێ ئاسۆی سیاسیی دەمێننەوە! نەزم و سیماکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕاوە و خەریکە لە دەست هەموان دەردەچێت، لەبەرئەوە ئەمریکا بەتایبەتی دوای حەوتی ئۆکتۆبەر هەوڵی ئەوە دەدات لە ڕێگەی سعودیە و میسر و قەتەر، بەتایبەتی تورکیاوە ئەو هاوسەنگییە نوێیانە و ئەو پۆتانسیێلانە بنیات بنرێنەوە کە داهاتووی ناوچەکە لە قاڵب دەدەن:

تەنانەت ئەگەر دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی ئەمریکا "دۆناڵد ترامپ" بۆ بێدەنگکردنی هەمیشەیی چەکەکان دوای ٢٤ مانگ لە شەڕ لە غەززە سەرکەوتوو بێت، ئەو برینانەی لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ و لە ماوەی دوو ساڵی دواتردا بەسەر هەردوولادا هێنراون- بۆ ساڵانێک و ڕەنگە دەیان ساڵی داهاتوو دەمێننەوە.

تێچووی مرۆیی لە جەنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کارەساتبارە، لەگەڵ ئەوەشدا توێژەر پێویستی بەوەیە بپرسێت ئەم شەڕە فرەلایەنەنانە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کوێ دەبات:

لە جیهاندا، دەیان پسپۆڕ و کەسی باڵا پەلامارەکەی ڕۆژی شەممەی حەماسیان بە ١١ی سێپتەمبەری ئیسرائیلییەکان ناوبرد، مانای وایە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی نوێ؟ ئەو ڕۆژە (٧ی ئۆکتۆبەر) خانەکانی بیریی پسپۆڕان ڕۆژێکی پڕ بیرکردنەوەی خێرایان بەسەر برد. لەوانە تەنیا ئاماژە بە تێگەیشتنە-خێراکانی سێ هاوەڵی خانەی بیری ئەتلەنتیک کەونسڵ (٢٠٢٣) دەدەم:

جۆناسان پانیکۆف - Jonathan Panikoff بەڕێوەبەری دەستپێشخەری ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سکۆکرۆفت و جێگری پێشووی ئەفسەری هەواڵگری نیشتمانی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک، لە ڕۆژی ٧ ی ئۆکتۆبەر، پێیوابوو؛ ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا ناوبەناو توندوتیژی لە ناوچەکەدا سەرهەڵدەدات، بەڵام ئەمجارەیان ئەمە شتێکی بچووک نییە و هەروا تێ ناپەڕێت، چوونکە سروشتی

بێهاوتـای هێرشـەکە ڕێگـەی پێنـادات. هێزەکانـی ئیسرائیـل بـە هێرشـی تۆڵەسـەندنەوە بـۆ سـەر غـەززە وەڵامیـان دایـەوە و ترسـی ئـەوە هەیـە، حزبـوڵڵا لـە بنکەکـەی لـە لوبنانـەوە بچێتـە نێـو شـەڕەکەوە. جۆناسـان ئامـاژە بـەوە دەکات سـاڵانێکە هۆشـدارییەکان سـەبارەت بـە ئەگـەری شـەڕێکی فـرە بەرەیـی هەیـە، ئەگـەر ئەمـە سـەرەتای یەکێـک لەوانـە بێـت، ڕەنگـە مـردن و لەناوچوونـی زۆری دیکـە ئەگەرێـک بێـت لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوە کـە لـە دەیـان سـاڵی ڕابـردوودا بینیومانـە.

ڕیچـارد لیبـارۆن - Richard LeBaron جێگـری پێشـووی سـەرۆکی نوێنەرایەتـی باڵیۆزخانـەی ئەمریـکا لـە ئیسرائیـل، لایوایـە، قەبـارەی هێرشـەکان ئاماژەیـە کـە پێدەچێـت پلاندانـان دەسـتی پێکردبێـت، پێـش ئـەوەی دانوسـتانەکانی ئیسرائیـل و سـعودیە هەڵمـی لـێ هەڵبسـێت، لەگـەڵ ئەوەشـدا مەبەسـتیان ئەوەیـە پەیامێـک بـۆ ڕیـاز بنێـرن، نابێـت پرسـی فەلەسـتین تەنیـا وەک بابەتێکـی لاوەکـی دیکـە لـە دانوسـتانەکانی ئاسـاییکردنەوەدا مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێـت. چوونکـە بـۆ حەمـاس فەلەسـتین تەنیـا بابەتـە. لـە کاتێکـدا ڕێککەوتنـی ئاسـاییکردنەوە هۆکارێکـی گرنگـە، بـەڵام هـۆکاری سـەرەکی پشـت هێرشـەکان، وەک ڕیچـارد پـێمان دەڵێـت، "سـەرنج ڕاکێشـانە بـۆ ئـەو ڕاسـتییەی کـە ململانێـی نێـوان ئیسرائیـل و فەلەسـتینییەکان چارەسـەر نەکراوە." فاکتێـک کـە نابـێ لـە بیـری بکەیـن، ئەوەیـە؛ ئیـدارەی ئەمریـکا سـاڵانێکە هـەوڵ دەدات پەیوەندییەکانـی ئیسرائیـل لەگـەڵ وڵاتانـی ئیسلامییـدا ئاسـایی بکاتـەوە، بـێ ئـەوەی چارەسـەرێک یـان گرەنتییەکـی مافـی فەلەسـتینییەکانی وەرگرتبـێ، غـەززە زیندانییەکـی گەورەیـە؛ لایەکیـان ئـاوە، لایەکـەی دیکەیـان دیـوارە، لـە ئاسمانیشـەوە پەلامـار دەدرێـن، جگـە لـەوەی مـاوەی دوو سـاڵە بـە زۆر فەلەسـتینییەکان لـە "زیفـەی غەربـی" دەردەکرێـن و جـوو لەشـوێنەکانیان جێگیـر دەکرێن. ماوەیەکـی کـەم نییـە کـە حەمـاس پێـی وایـە دۆخەکـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی ڕاسـتڕەوی ئیسرائیلـدا بـە شـێوەیەکی بەرچـاو خراپترە. ڕووداوەکـە ئەگـەر سـەت ئامـاژەی هەبێـت، یەکەمینیـان ئەوەیـە کە حەمـاس توانیویەتـی سـەرکردایەتی ئیسرائیـل و ئامێـرە سـەربازی و هەواڵگرییەکانـی بـە شـێوەیەکی خـراپ شـەرمەزار بـکات. بـۆ حەمـاس ڕەنگـە ئـەوە بـەس بێـت.

پێدەچێت ئەو ململانێیەی لە ئارادایە، دانوستانە بەردەوامەکانی نێوان ئیسرائیل و سعودیە و ئەمریکا سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوە لە قاڵب بدات. بۆیە هەر لە ڕۆژی یەکەمی هێرشەکەی ٧ی ئۆکتۆبەردا، کیرستن فۆنتێنرۆز- Kirsten Fontenrose کە هاوکارێکی باڵای غەیرە نیشتەجێیە لە دەستپێشخەری ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سکۆکرۆفت و بەڕێوەبەری باڵای پێشووی کەنداو لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا، دەڵێت؛ "ئەگەر حەماس لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی کرابێت، هەوڵی ئەوە دەدا ئەو دانوستانانە لە ڕێڕەو دەربهێنێت. لە کاردانەوەدا ئیسرائیل بە ئامادەبوونێکی بێوێنە و سنووردارکردنی خنکێنەر غەززە دادەخات (کە دواتر وایکرد). ئەوە دەبێتە هێڵی بنەڕەتی نوێ کە ئێستا ڕیاز دەبێت دانوستان لەسەر 'ڕێگای پێشەوە' بۆ فەلەستینییەکان بکات. بۆ پاراستنی دانوستانەکان کە لە دۆخێکی تەواو ناسکدان، کیرستن دەیەوێ ئامۆژگاری ئیسرائیل بکات کە لە وەڵامدانەوەی هێرشەکانی ڕۆژی شەممەدا خۆگرتن نیشان بدات، ئەگەر ئیسرائیل وریا نەبێت ئەوە ئەنجامی ڕێککەوتنەکەی خۆی و سعودییە دەخاتە دەستی حەماس و ئێران کە دەیانەوێت بە وەڵامدانەوەی سەربازیی ئیسرائیل فەلەستینییە بێتاوانەکان بە کۆمەڵ بکوژرێن، ئەوکاتیش مەحاڵە سعودیە لە پێناو ڕێککەوتن و یەکگرتن لەگەڵ ئیسرائیلدا لەو کارانە لابدات (Atlantic Counsil، 2023، October 7).

سەرکردایەتی قۆناخێکی سەختە، دەبێت بەلایەنی کەمەوە وانەیەک لە مێژوو وەربگیرێ، چوونکە ڕووداوەکەی ڕۆژی شەممەی حەوتی ئۆکتۆبەر کە هەمان ساتەوەختی تێپەڕینی پەنجا ساڵەی جەنگی یەوم کیپوری ساڵی ١٩٧٣ یە، لە ماوەی ١٩ ڕۆژی گرژی جەنگی یەوم کیپور (هەندێکی تر بە شەڕی ئۆکتۆبەر یان ڕەمەزانی ١٩٧٣ ناوی دەبەن)، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل گۆڵدا مایەر ڕووبەڕووی ئەگەری لەناوچوونی تەواوەتی ئیسرائیل دەبوویەوە، دەبوو لە ئەگەری زۆر و کابینەیەکی گوماناوی و پەیوەندییەکی ئاڵۆز لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هێنری کیسینجەردا بڕوات کە ژیانی ملیۆنان کەس لە مەترسیدایە. ئەو دواجار چارەنووسی نەتەوەکەی یەکلایی کردەوە و میراتێکی مشتومڕاویشی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ بەجێهێشتن!

دوای پەنجــا ســاڵی ڕێــک، لەهەمــان ڕۆژدا مێــژوو بەســەر ئیسرائیلــدا خــۆی دووبــارە کردەوە، ئەمــە ڕووداوێکــە هەڵبژاردنــی کاتەکــەی لــە خــۆوە نییــە. پەنجـا سـاڵ پێشـووتر ئیسرائیـل گومانـی لـە پاڵپشـتی تەواوەتـی ئەمریـکا دەکـرد، ئەمجـارەش بەهـۆی دەسـت شـلکردنی ئیـدارەی بایدنـەوە بـۆ ئێـران، ئیسرائیـل دڕ و دۆنگـە لـە ئەمریـکا، پەنجـا سـاڵ پێشـووتر ئیسرائیـل بـە ململانێـی سیاسـی ناوخـۆوە سـەرقاڵ بـوو، لـە (٢٠٢٣) شـدا ئیسرائیـل نـەک ململانێـی ناوخۆیـی، بەڵکـو زۆربـەی سـاتەکان لەسـەر پەتـی ڕوودانـی شـەڕێکی نێوخۆیـی بـوون. پەنجـا سـاڵ پێشـووتر عەرەبـەکان ویسـتیان لـە سـاڵی (١٩٧٣) تۆڵـەی شکسـتەکانی پێشـووتریان (١٩٤٨ و ١٩٦٧) بکەنـەوە، ئەمجارەیـان حەمـاس بـە بیـری جیهانـی هێنایـەوە کـە شـەڕی فەلەسـتین و ئیسرائیـل تـەواو نەبـووە، پێویسـتە لـە پێشـینەی کاروبـاری جیهانیـدا هـەر بمێنێتـەوە. جەنگێکـی تەمـەن (١٠٠) سـاڵی تـەواو دەبـێ، بـەڵام ئەمجارەیـان بـێ پێشـینە بـوو (Jaafar، 2023).

ڕژێمـی ئێـران تـا ٧ ی ئۆکتۆبـەر سـەرکەوتوو بـوو لـەوەی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا سـەربازەکانی خـۆی بـە کوشـت نـەدات و جەنگـەکان لەناوخـۆی ئێـران دووربخاتـەوە، هەروەهـا سـەرمایەگوزاریی لەسـەر دەسـتوەردانەکانی خـۆی لـەدەرەوە بـکات، بـەڵام ڕژێمـی ئێـران نەیتوانـی لەپەلاماردانـی ئیسرائیلـدا عەرەبـەکان بکاتـە هاوبەشـی خـۆی، لەمیانـەی جەنگەکـەدا بـە ڕووخانـی بەشـار ئەسـەد لـە سـووریا قۆڵێکـی گـەورەی ئێـران و پـڕۆژە فراوانخوازییەکـەی لەناوچەکـەدا شـکێندرا، بـە کوشـتنی ئـەو پیـاوەی سـەرۆکایەتی حیزبـوڵای دەکـرد "حەسـەن نـەسروڵا" کـە چەندیـن دەیـە بـوو هەڕەشـەی لـە ئیسرائیـل دەکـرد و فەرمانـی لـە ڕابـەری کۆمـاری ئیسلامـی وەردەگـرت بـەرەی لوبنـان لاواز بکـەن. هـاوکات ئیسرائیـل و هاوپەیمانەکانـی جەنگەکەیـان بـردە ناوخـۆی ئێرانـەوە، سـەدان بەرپرسـی بـاڵای سـەربازیی ئێرانیـان کوشـت. بەگشـتی جەنـگ بـە ئابوریـی دەکرێـت، ئێـران توانـای ئابورییەکـەی داڕمـاوە، لەناوخـۆدا سـەرکردایەتییەکی بەهێـزی نییـە، بۆئـەوەی ئـەم گرفتانـە لەناوخـۆدا نەتەقنـەوە و زەق نەبنـەوە، ئێـران سـەرقاڵی دەسـتوەردان و سـەرمایەگوزارییکردنە بـە پرسـی فەلەسـتینەوە.

لێکەوتەکانی جەنگی غەززە کە نەخشەی سیاسی و هاوپەیمانێتیی ناوچەکەی گۆڕیوە، لەم نەخشەیەشدا گروپە چەکدارەکانی عێراق، سووریا، حیزبوڵڵای لوبنان و حوسییەکانی یەمەن "بەرەی مقاوەمە"یان پێکهێناوە و بەتەواوەتی هاوپەیمانی حەماس و فەڵەستینە دژی ئیسرائیل و ئەمریکا. بەڵام ئەمە لە لوبنان، یەمەن، سووریا و عێراق کۆدەنگی سیاسیی و حکومی لەسەر نییە، دەکرێت بەرەی خۆرئاوا لێرەدا وەبەرهێنان بکات.

ئەگەرچی بزووتنەوەی حەماس بە شێوەیەکی فەرمی لە ساڵی ١٩٨٧ وەك بزووتنەوەیەکی "بەرگریکار"ی فەڵەستینی لە هەناوی کۆمەڵی "ئیخوان موسلیمین"ەوە ڕاگەیەنراوە، بەڵام بەهۆی چالاکییەکانییەوە دژی ئیسرائیل لە ڕاپەڕینی فەڵەستینییەکاندا لە ساڵی ١٩٩٠ بانگهێشتی تاران کراوە و لە ساڵی ١٩٩١ ئۆفیسی لە ئێران کردوەتەوە. بەهۆی گوشاری ڕۆژاوا و ئەمریکاش بۆ سەر ئێران، چ بەهۆی دۆسیەی ئەتۆمی، یان پرسەکانی ترەوە، ئێران لە ڕێگەی حەماسەوە وا پیشان دەدات کە کلیلی هەندێک قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەدەستەوەیە و بێ تاران ئەو قەیرانانە چارەسەر ناکرێن، لەوانەش پرسی ئاڵۆسکاوی فەڵەستین. ئەمەش جیا لەوەی هێز بە ئێران دەبەخشێت، ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەش لەسەر خاکی ئێران کەم دەکاتەوە و کێشەکانی هەناردەی دەرەوە دەکات (Taha، 2024).

بە بڕوای زانای ئەمریکی و پێشەنگی تیۆری ڕیالیزم "جۆن مێرشایمەر" ئەمریکا سەرکەوتوو نابێت. چوونکە تاڕادەیەک هەمووان هەر لەسەرەتاوە وتوویانە، بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژی حوسییەکان نابێتە هۆی ئەوەی ڕێگرییان لێبکەن لە هێرشکردنە سەر کەشتییەکان لە دەریای سوور و نەیانوەستاندون، تەنانەت حووسییەکان هەڕەشەی بڕینی کێبڵە دەریاییە گرنگەکانیشیان کرد، ئەم گرووپانە هێزێکی شەڕکەری سەختن. بۆ نموونە حیزبوڵا خاوەنی (١٥٠.٠٠٠) هەزار مووشەکە، ئەوە جێی گومان نییە کە ئەمریکا لە ڕووی هێزی سەربازی خاوەوە توانایەکی سەرسوڕهێنەری هەیە. بەڵام وەک لە شوێنەکانی وەک ڤێتنام و ئەفغانستان فێربووین، ئەو باڵادەستییە سەربازییە هەمیشە گەرەنتی سەرکەوتن

نییـە. بـە دڵنیاییـەوە لـەم حاڵەتـەدا گەرەنتـی سـەرکەوتن نـاکات. کەواتـە، کردەوەکانـی ئەمریـکا لـە دەریـای سـووردا دەکاتـە هەوڵێکـی بێهـودە.

مێرشـایمەر وەک خـۆی دەڵێـت "مـن وەک ڕیالیسـتێکی بـاش" تێدەگـەم، ئەمریـکا دەیەوێـت لەسـەر هەسـارەکە بەهێزتریـن هێـزی سـەربازی هەبێـت، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا، گرنگـە بزانێـت سـنوورێکی ڕاسـتەقینە هەیـە بۆئـەوەی بتوانێـت چ بـەو هێـزە سـەربازییە بکەیـت. هەلومەرجێـک هەیـە؛ سـوپای باڵادەسـت دەتوانێـت سـەرکەوتنی خێـرا و یەکلاکـەرەوە بەدەسـتبهێنێت، وەک یەکـەم جەنگـی کەنـداو لـە سـاڵی ١٩٩١ کـە ئەمریـکا بـە فڕۆکـە بـە ئاسـانی سـوپای عێراقـی لەتەختەکانـی بژاپۆنەکانـدا شـکاند. بـەڵام ئەگـەر سـوپای ئەمریـکا بنێـری بـۆ شـوێنێکی وەک ئەفغانسـتان بۆئـەوەی ڕووبـەڕووی تاڵیبـان ببنـەوە، ئـەوا بـە تێپەڕبوونـی کات شکسـت دەهێنیـت، تەنانـەت بـەو هەمـوو چەکـەوە کـە لەبەردەسـتتدایە. بـە هەمـان شـێوە کاتێـک شـەڕ لەگـەڵ حوسـییەکان دەکەیـت، یـان دەچیتـە شـەڕەوە دژی ئـەم میلیشـیایانە لـە عێـراق و سـووریا، ئەمریـکا ناتوانێـت هێـزی سـەربازی سەرسـوڕهێنەری خـۆی بـۆ شکسـت پێهێنانیـان و کۆتاییهێنـان بـە شـەڕەکە بەکاربهێنێـت. دوژمـن بڕیـارە ڕۆژێکـی تـر شـەڕ بـکات، هـەر جارێـک کـە لێیـان دەدەیـت، ئـەوان لێـت دەدەنـەوە. ئیسرائیلیـش لـە غـەززە لـە دۆخێکـی هاوشـێوەدایە. ئیسرائیـل لـە ڕووی هاوسـەنگییەکی سـەربازییەوە، زۆر بەهێزتـرە لـە حەمـاس، بـەڵام بیرۆکـەی ئـەوەی کـە بڕیـارە بـۆ یەکجارەکـی و بـۆ هەمیشـە حەمـاس و کێشـەی تیـرۆر لەنـاو ببـات، خەیاڵێکـە. مـن لـە سـەردەمی جەنگـی ڤێتنامـدا لـە سـوپای ئەمریـکا بـووم و هیـچ جێـی پرسـیار نەبـوو کـە سـوپای ئەمریـکا زۆر بەهێزتـر بـوو لـە سـوپای ڤێتنامـی باکـوور، بـەڵام هێشـتا دۆڕایـن. هەندێـک جـار دەوڵەتـە زلهێـزەکان لـە دژی نەیارانـی زۆر کـەمتر بەهێـز شـەڕ دەدۆڕێنـن.

بـە بـڕوای مێرشـایمەر هـۆکاری ئـەوەی، ئێمـە وەک ئەمریـکا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا ئەوەنـدە بـە قووڵـی تێوەگلاویـن، لەبەرئەوەیـە کـە ئەمریـکا و ئیسرائیـل لـە چەناگـەدا یەکگرتـوون. ئەمریـکا بـۆ پاراسـتنی ئیسرائیـل پابەندبوونێکـی سـەربازی فەرمـی نییـە، بـەڵام بەهـۆی سیاسـەتی ناوخۆیـی لێـرەدا هیـچ ڕێگەیـەک نییـە کـە واشـنتۆن نەتوانێـت بـە قووڵـی بەشـداری ئـەو بەشـەی جیهـان بـکات. هـۆکاری دووەم

نەوتــە، زۆربوونــی ئــەو نەوتــە وایکــرد کــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت لــە ســەردەمی جەنگــی سارددا زۆر گرینــگ بێــت، کاتێــک ســۆڤیەت و ئەمریکییــەکان کێبڕکێیــان لەســەر کاریگەریــی دەکــرد و هەردووکیــان لــەوێ ســەربازیان هەبــووە و تەنانــەت شــەڕی بــە وەکالەتیــان کــردووە. بــەڵام کاتێــک شــەڕی ســارد کۆتایــی هــات، ئێمــە ماینــەوە و هــۆکاری مانەوەمــان بەهــۆی ئیسرائیلــەوە بــوو (Mearsheimer، J. 2024).

ڕوون بۆیــەوە! بۆچــی ئەمریــکا بــە قووڵــی هاتۆتــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت. ئــەی بۆچــی ئێــران دەســتبەرداری حەمــاس نابێــت؟ یاسـین تەهــا (٢٠٢٤) لایوایــە، یەکێــك لــەو هۆکارانــەی وا دەکات ئێــران دەســتبەرداری حەمــاس نەبێــت و هەوڵــی پەنادانــی لــە عێــراق بــدات، گرنگیــی پەیوەنــدی و وابەســتەییی حەماســە وەك بزووتنەوەیەکــی ســوننە لەگــەڵ کۆمــاری ویلایەتــی فەقیهــی ئێرانیــدا. ئەمــەش پاڵپشــتییەکی جۆرایەتییــە بــۆ ئێــران کــە لەگــەڵ وڵاتانــی عەرەبــی و ئیسلامــی لــە کێبرکێیەکــی کــراوەی شــەرعییەت و مەزهەبیدایــە؛ بەهــۆی ئــەوەی میحــوەری کاریگــەری عەرەبــی (کەنــداو _ مــیسر) بەرژەوەندییەکانیــان زیاتــر لەگــەڵ ئەمریــکاو ئیسرائیلدایــە، ئێــران دەرفەتــی زیاتــری هەیــە حەمــاس بکاتــە یەکێــك لــە ئامرازەکانــی خــۆی، بــەو پێیــەی دەرفــەت و پشــتیوانیی تــری نییــە. هــەر بــەم هۆیەشــەوەیە حەماسـیش وەک یەکێــک لــەو بەرەیــەی کــە گروپــە چەکدارەکانــی عێــراق و حزبــوڵڵای لوبنــان و کۆمەڵــی ئەنســاروڵڵای حووســی لەخــۆ دەگرێــت و پێکــڕا پێیــان دەوترێــت "بــەرەی موقاوەمــە"؛ لەنێــو ئــەم بەرەیەشــدا بەتەنیا حەمــاس هێزێکی ســوننەیە!

بەرپرســانی ئەمریکــی و ئیسرائیــل مەزەنــدەی ئــەوە دەکــەن، ئێــران ســاڵانە لانــی کــەم ٧٠ بــۆ ١٠٠ ســەت ملیــۆن دۆلار بــۆ حەمــاس دابیــن بــکات. پێشتریــش ئیسماعیــل هەنییــە ســەرکردە لــە بزووتنــەوەی حەمــاس لــە ســاڵی ٢٠٢٢ لــە چاوپێکەوتنێکــدا لەگــەڵ کەناڵــی جەزیــرە باســی لــەوە کردبــوو کــە بزووتنەوەکــەی ســاڵانە ٧٠ ملیــۆن دۆلار لــە ئێــران وەردەگرێــت. دوا بــە دوای هێرشــی حەماسـیش بــۆ ســەر ئیسرائیــل لــە ئۆکتۆبــەری ٢٠٢٣، خەزێنــەی ئەمریــکا محەمــەد نــەسروڵڵا، کادری حەماســی نیشــتەجێی قەتــەری خســتە لیســتی ســزاکانییەوە. ناوبــراو پەیوەندییەکــی نزیکــی لەگــەڵ ئێــران هەبــوو و دەســتی لــە گواســتنەوەی دەیــان ملیــۆن دۆلار بــۆ حەمــاس هەبــووە؛ جگــە لەمــە خەمڵاندنــە ئەمریکییــەکان بــاس لــەوە دەکــەن بەهــۆی پاڵپشــتیکردنی ئێــران

بـــۆ حەمـــاس و بنیاتنانـــی توانـــا ســـەربازییەکانی، حەمـــاس توانیویەتـــی هێرشـــەکانی ســـەر ئیسرائیـــل لـــە ٧ ی ئۆکتۆبـــەری ٢٠٢٣ ئەنجـــام بـــدات (Taha، Y. 2024).

کوردیـــش پەنـــدی جوانـــی هەیـــە "ئـــەم هەویـــرە، ئـــاو زۆر دەکێشـــێت!": چیرۆکـــی ململانێـــی جـــوو و فەلەســـتین تـــا بڵێـــی تاقەتپڕوکێنـــە، چوونکـــە هـــەردوولا لـــە مێـــژوودا توندوتیژیـــی لـــە ڕادەبـــەدەر و دەســـتدرێژیی جۆراوجۆریـــان بۆســـەر یـــەک ئەنجـــام داوە. بێگومـــان ئـــەوە پەلاماردانێکـــی تیرۆرســـتی بـــوو کـــە لـــە ٧ ی ئۆکتۆبـــەر بینـــیمان کرایـــە ســـەر خەڵکـــی ســـیڤیلی جوونیشـــین لـــە ئیسرائیـــل، بـــەڵام ئایـــا لـــەوەو پێـــشتر دەســـتەڵاتی ڕاســـتڕەوی ئیسرائیـــل بـــە ســـەرکردایەتی "نەتانیاهـــۆ" چـــی بەرانبـــەر فەلەســـتینییەکان کـــردووە؟ بۆیـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت دوای ســـەت ســـاڵ لـــە ســـنوور ە خوێناوییـــە- کێشراوەکانـــی دوای یەکەمیـــن جەنگـــی جیهانـــی پێویســـتی بـــە دادپـــەروەری و وێنەیەکـــی نـــوێ و پارادایمێکـــی نوێیـــە. ئـــەو ڕووداوانـــەی لـــە دوای جەنگـــی غـــەزەوە، بەهـــۆی دەســـتدرێژییەکانی تورکیـــا لـــە هەرێمـــی کوردســـتان و باکـــووری ڕۆژهەڵاتـــی ســـووریا دەیـــکات، ئـــەوەی فەلەســـتین و ســـووریا و عێـــراق و لوبنانـــدا ڕوویانـــدا و ڕوودەدەن، ژانـــی لـــە دایکبوونـــی سیســـتم و نەزمـــە نوێیەکـــەی خۆرهەڵاتـــی نـــاوەڕاستن کـــە بەپێـــی پێـــدراوە مێژوویـــی و شارســـتانییەکان، گێژەنێکـــی مێژووکـــردە، پێدەچـــی پرســـی کوردیـــش چـــرۆ بـــکات و سیســـتمی ئەنتـــی کـــورد لـــە ناوچەکـــەدا هەڵبوەشـــێتەوە و تـــەواوی قـــەوارە و دەوڵەتـــە وێســـتڤاڵییەکانی پـــاشماوەی ســـایکس پیکـــۆ لەناوخۆیـــدا قـــوت دەدات و خۆرهەڵاتـــی ناوەڕاســـت یەکدەخـــات و دادپەروەریـــی دەچەســـپێنێت.

مێـــژوو، چـــۆن چیرۆکـــی دایکێکـــی فەلەســـتینی لـــە بیربـــکات کـــە بـــۆ کەناڵـــی "بـــی بـــی ســـی" دەگێڕێتـــەوە، چـــۆن ســـەربازانی ســـوپای ئیسرائیـــل تۆمەتبـــار دەکات بـــەوەی ڕێگەیـــان بـــە ســـەگە پۆلیســـییەکان داوە، کـــوڕە تەمـــەن (٢٤) ســـاڵانەکەی کـــە نەخۆشـــی داون و ئۆتیزمـــی هەیـــە، برینـــدار بکـــەن و دواتـــر گیـــان لەدەســـت بـــدات. وەک دایکـــی "محەمـــەد بەهـــار" دەیگێڕێتـــەوە، ئـــەوان هەمیشـــە لـــە تەنیشـــتی کوڕەکەیـــان بـــوون بۆئـــەوەی نەترســـێت و لەباوەشـــیان دەگـــرت، کاتێـــک شـــەڕ دەســـتی پێکـــرد، لـــە دەنگـــی بۆمبـــەکان دەترســـا. دەچوونـــە هـــەر شـــوێنێک، هـــەر گەڕەکێـــک بۆردومـــان دەکـــرا، پانـــزە

جـار شـوێنی خۆیـان گـۆڕی، تـا دواجـار لەماڵـی خۆمانـدا، خۆمـان حەشـاردا، زۆرجـار دەچووینـە گەرماوەکـەوە، مانـدوو، برسـی بویـن، گەمارۆدرابوویـن، نەماندەزانـی ئـەو هەمـوو تەقینـەوە و دەنگـە بـەرزەی گوللـەکان چـۆن بـۆ محەمـەد ڕوون بکەینـەوە.

لـە ٣ ی تەمـووزدا، بەپێـی وتـەی ئـەو خێزانـە، سـوپای ئیسرائیـل هەڵیکوتایـە سـەر ماڵەکەیـان لـە شـەقامی ئەلنـەزاز لـە گەڕەکـی ئەلشـوجەیەدا، دایکەکـە دەڵێـت "ژمارەیـەک سـەرباز هاتـن لەگـەڵ دەیـان سـەگی پۆلیـس". هەمـوو شـتی ماڵەکەیـان وێرانکـرد، "سـەگەکان هێرشـیان کـردە سـەر کـوڕە نەخۆشـەکەم و سـەرەتا گازیـان لـە سـنگ و قۆڵـی گـرت. دواتـر ئێمەیـان کـردە ژوورێکـەوە و محەمەدیشـیان کـردە ژوورێکـی تـرەوە، سـەربازەکان هەوڵیـان دا چارەسـەری برینەکانـی محەمـەد بکـەن، بـەڵام لـە ئەنجامـدا محەمـەد گیانـی سـپارد. تەرمەکەشـی لـە گۆشـەیەکی نێـو ماڵەکەیانـدا بـە خـاک دەسـپێرن، چوونکـە چوونـە دەرەوە بـۆ گۆڕسـتان زۆر مەترسـیدار بـووە (bbc، 2024، July 17).

### ٥.٣. جیهان و سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

هایدرۆکاربـــۆ ، پێکهاتەیەکـــی ئۆرگانیکـــە لـــە هایدرۆجیـــن و کاربـــۆن پێکهاتـــووە کـــە لـــە: نەوتـــی خـــاو (Crude Oil) و گازی سروشـــتی (Natural Gas) و خەڵـــوز (Coal) دا هەیـــە. هایدرۆکاربۆنـــەکان (نـــەوت و گاز و خەڵـــوز) زۆر ســـووتێنەرن و ســـەرچاوەی ســـەرەکی وزەی جیهانـــن. ئێمـــە بەرهەمـــە نەوتییـــەکان بـــۆ ئیـــش پێکردنـــی ئۆتۆمبیـــل، کەشـــتی، فڕۆکـــە، ماتـــۆڕ، کارگـــەکان، گەرمکردنـــی بینـــا و بەرهەمهێنانـــی کارەبـــا بەکاردەهێنیـــن. لـــە کەرتـــی پیشەســـازیدا، پیشەســـازی پترۆکیمیایـــی نـــەوت وەک مادەیەکـــی خـــاو (ماددەیەکـــی ســـەرەکی) بەکاردەهێنێـــت بـــۆ دروســـتکردنی بەرهەمـــی وەک پلاســـتیک، پۆلـــی یورتـــان، توێنـــەر و ســـەدان کاڵای دیکـــەی مامناوەنـــد و بچـــووک کـــە لـــە بەرهەمـــە نەوتییەکانـــەوە هـــەن (Litvinenko، 2020).

بـــەراورد بـــە "هایدرۆکاربـــۆن" چەمکـــی وزە (Energy) فـــراوانتر یـــان گشـــتگیرترە. وزە؛ ســـەرچاوەی جووڵەیـــە لەگەردوونـــدا. لـــە زانســـتی فیزیـــا وا بـــاوە؛ هەرشـــتێك لـــە گەردوونـــدا بۆشـــاییەک داگیربـــکات، پێـــی دەوترێـــت (مـــاددە)، هـــەر ماددەیـــەك بۆئـــەوەی بجوڵێـــت پێویســـتی بـــە وزەیەکـــە، ڕەنگـــەکان و دەنگـــەکان و تیشـــکە گەردوونیـــەکان و مـــرۆڤ و درەختـــەکان و ئاژەڵـــەکان، تەنانـــەت بیروبۆچـــوون و هەســـتەکانمان، کەشـــتی لـــە دەریـــا، فڕۆکـــە لەئـــاسمان، ئۆتۆمبیـــل و ئامێـــرە کشـــتوکاڵی و کارەباییـــەکان و زۆری دیکـــەش بەهـــۆی "وزە"یەکـــەوە دەجوڵێـــن. بۆیـــە وزە و بەرهەمهێنانـــی وزە شـــێوەی جۆراوجـــۆری لەخـــۆی گرتـــووە، بۆنموونـــە: وزەی گەرمـــی، وزە لـــە تیـــشکی خـــۆرەوە، وزەی جەســـتە بەهـــۆی مێتاپۆلیزمـــەوە، وزەی ئەتـــۆم، بەرهەمهێنانـــی وزەی کەهـــرۆ-ئاویـــی، هایدرۆکاربۆناتـــەکان و...تادوایـــی.

ئەگەرچـــی چینییـــەکان، یەکەمجـــار لەســـەدەی (٤ی زایینی)یـــەوە، دەســـتیان بەدەرهێنانـــی نـــەوت کـــرد، لەســـەرەتاوە لەئەنجامـــی بەهەڵـــم بوونـــی زەیتـــی ژێرزەوییـــەوە ئـــاوێکی شـــۆریان بەرهەمهێنـــا، وەکـــو خـــوێ ســـودیان لێوەرگـــرت، دواتـــر لەئازەربایـــنجـــان نیـــزیکی باکـــۆ هەرلەپێـــش زاییـــن یەکـــەم بیـــری نـــەوت هەڵکەنـــدرا. بـــەڵام مێـــژووە مۆدێرنـــە- فەرمییەکـــەی نـــەوت دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ســـەدەی نـــۆزدە، ســـاڵی (١٨٥٩) پیشەســـازیی نـــەوت بـــە دۆزینـــەوەی یەکـــەم بیـــری نـــەوت لـــە

جیهانــدا کــە لــە ڕووی بازرگانییــەوە لــە ئەمریــکا دەســتی پێکــرد. ئــەوە لــە کاتێکــدا بــوو کــە شۆڕشــی پیشەســازیی لەســەر ســکەی خــۆی بــەرەو پێــش دەچــوو، تەکنەلۆژیــا ســەرهەڵدەدات و بــەو هۆیەشــەوە بەرهەمــی نوێیــان لــە نەوتــەوە دروســت دەکــرد. یەکێــک لــە بەرهەمــەکان کــە نەوتــی ســپی بــوو وەک ســووتەمەنییەکی هــەرزان و پــاک بــۆ ڕووناککردنــەوەی ماڵــەکان بەکاردەهــات و بەناوبانــگ بــوو. چەنــد ســاڵێک دواتــر یەکــەم بیــری نەوتــی بازرگانــی ئەمریــکا لــە شــاری تیتۆســڤیل لــە ویلایەتــی پێنســیلڤانیا بــە بەکارهێنانــی تەکنیکێکــی نوێــی پێشــەنگ هەڵکەنــدرا (d،bbc. n).

ئــیتر لەوکاتــەوە، ئــەوە دوو ســەدەیە نــەوت و غــاز لەبــازاڕەکانی جیهانــدا ڕیزبەنــدی یەکەمــی گرتــووە، تەنانــەت لەپێــش بــازاڕی خــۆراك و چــەك و دەرمــان و مــاددە هۆشبەرەکانیشــەوە دێــت. جگەلــەوەش بەشــێکی زۆری جەنگــەکان بەهــۆی تەماحکاریــی و ئــارەزووی دەستگەیشــتنی زلهێــزەکان بــە ســەرچاوەکانی نــەوت و گازەوە بــووە، یــان بەهــۆی کۆنترۆڵکردنــی ڕێــرەوە ستراتیجییەکانــی گواســتنەوەی وزەوە بــووە.

لەگــەڵ هەڵگیرســانی یەکەمیــن جەنگــی جیهانــی، ئــەوە دەرکــەوت کــە نــەوت بــۆ بەرگریکــردن لــە میللــەت چەنــدە گرنگــە بــۆ تانــک و بارهەڵگــر و کەشــتی جەنگــی پێویســت بــوو. یەکەمیــن جەنگــی جیهانــی کێبڕکێــی چەکــی دەریایــی بەخۆیــەوە بینــی، کاتێــک زلهێزەکانــی جیهــان هێــزی دەریایــی خۆیــان نوێکــردەوە و فراوانتریــان کــرد. کەشــتییە جەنگییــە مۆدێرنــەکان لــە خەڵــووز ســووتێنەرەوە گــۆڕدران بۆئــەوەی بــە نــەوت ئیــش بکــەن، چونکــە ئــەوە وایدەکــرد خێراتــر بجوڵێــن و بــۆ ماوەیەکــی زیاتــر لــە دەریــادا بمێننــەوە. نــەوت یەکێــک بــوو لــەو ســەرچاوە کەمانــەی کــە ئیمپراتۆریەتــی بەریتانیــا بەرهەمــی نەهێنــا و دەســتڕاگەیشتن بــە نەوتــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــوو بــە ئەولەویەتێکــی ستراتیژیــی بەریتانیــا، گەلانــی ڕکابەریــش پەلەیــان کــرد بــۆ دەســتەبەرکردنی ســەرچاوەی نەوتــی خۆیــان (Månberger، 2014).

ئەگــەر ورد بیــر بکەینــەوە، ئەوەتــای مــرۆڤ لەســەر زەوییــە بــەدوای شــێوازی جۆراوجــۆری وزەدا دەگەڕێــت بۆئــەوەی بــەردەوام بێــت. بۆیــە ئەوەتــای مــرۆڤ لەســەر زەوییــە "ململانــێ" هەیــە. لەســەرەتای دروســت بوونــی ژیانــەوە ناکــۆکی لەنێــوان بوونەوەرەکانــدا هەبــووە، بــە درێژایــی ڕۆژگار ئــەو ململانــێ و ناکۆکیانــە

بـەردەوام بـوون و هەمـوو ئـەو ڕووداوە کارەسـاتاوییانەی کـە لەمێـژودا باسـکراون، هۆکارەکـەی مـرۆڤ و خواسـتەکانی بـووە. لەجیهـانی ئەمڕۆشـدا ململانـێ و کێشـەکان لەڕێگـەی پـارەو تەکنەلۆژیـاو شـێوازە هاوچەرخەکانـی هەواڵگرییەوەییـە کـە هـەر مـرۆڤ خـۆی پێکیهێنـاون، زیادبوونـی شـەپۆڵەکانی تەکنەلۆژیـا و لێکەوتەکانـی زیرەکـی دەسـتکرد بۆتـە هـۆی پەرتکـردنی مرۆڤایەتـی. نـۆرم و بەهـا بـاڵاکان وەک بڵێـی لـەم سـەدەی ٢١دا بـوون بـە بەشـێک لەمێـژوو، بـازاڕەکان پڕبـوون لـە کاڵا کەچـی چارەنووسـی مـرۆڤ خـۆی دیـار نییـە!؟

خواسـتەکانی تـاک لـە سـەدەی ٢١ دا بـەراورد بـە سـەدەکانی پێشـووتر، زۆر زیـادی کـردووە و شـێوازی ژیـان بەجارێـک هەمـووی گـۆڕاوە، تاکـی ئـەم سـەدەیە ئامادەیـە هەمـوو ڕێگایـەك بگرێتـە بـەر لەپێنـاو تێرکـردنی حەزەکانیـدا. بۆیـە تەقـەللاو کاردانـەوەی تاکـەکان، کۆمەڵگـەکان و یەکـە نێودەوڵەتییـەکان بـۆ بەدەستخسـتنی هێـزی زیاتـر کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەر نەزمـی نوێـی جیهانـی و ڕێبـازی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان دەبێـت. وزە سـەرچاوەی هێـزە بـۆ ئاسایشـی نیشـتیمانیی، بۆیـە، ئاسایشـی وزە بـە هەمـوو ڕەهەنـدو ئاسـتەکانییەوە خەمێکـی گـەورەی جیهانییـە.

هـەر لەسـەرەتاوە، ئابـوری نەوتیـی لـە دەوڵەتـانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت زۆر گرینـگ دەرکەوتـوە:

چوونکـە یەدەگێکـی زۆری هەیـە، لـە ناوخـۆدا کـەمتر بەکاردەبرێ (لەبەرئـەوەی وڵاتی پیشەسـازیی گـەورە نەبـوون و ژمـارەی دانیشتوانیشـیان کەمبـووە)، هەروەهـا ڕێـژەی بەرهەمهێنانـی نـەوت لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا زۆرە و تێچـوونی بەرهەمهێنانـی یـەک بەرمیلـە نـەوت زۆر کـەمتر دەکـەوێ لەچـاو ناوچەکانـی دیکـەی جیهـان. ئەمـەش بۆمـان دەسـەلمێنێت کـە هەمـوو جیهـان پشـتی بـە نـەوت و گازی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەسـتوە و دەبەسـتێت (Beinin، J.، Haddad، B.، & Seikaly، S. 2020).

بەدرێژایـی ڕووداوەکانـی سـەدەی بیسـتەم و بیسـتویەکەم وزە یەکێـک بـووە لـە فاکتەرەکانـی تێکچوونـی ئاسایشـی ناوچەکـە. چوونکـە نـەوت و گاز وەک هـەر کاڵایەکـی دیکـەی بازرگانـی پەیـوەستن بـە بـازاڕی ئابـوری جیهانییـەوە، بازاڕیـش بریتییـە لە خواسـت و خسـتنەڕوو؛ تـا خواسـت زۆر بێـت نـرخ بـەرز دەبێتـەوە، هەتـا هـەر کاڵایەکـی زیاتـر

بخرێتـەڕوو نرخەکـەی زیاتـر دادەبەزێـت. لـە سـاڵی (٢٠١٥) نرخـی نـەوت زۆر دابـەزی بەهـۆی جەنگـی داعشـەوە، لـە سـاڵی (٢٠٢٠ و ٢٠٢١)یـش بەهـۆی پەتـای کۆرۆنـاوە نرخـی نـەوت بەشـێوەیەکی مێژوویـی تـا ئاسـتی سـفر دابـەزی.

هەندێکجاریـش، نـەوت و گاز لـە شـەڕێکی بازرگانیدایـە بـۆ زیانگەیانـدن بـە وڵاتانـی دیکـەی دابینکـەری نـەوت. کاتێـک ئابوریـی جیهانـی پاشەکشـە دەکات، دەبێتـە هـۆی دابەزینـی خواسـت لەسـەر نـەوت. لەجیاتـی کەمکردنـەوەی دابینکردنـی نـەوت، گەلانـی بەرهەمهێنـەری نەوتـی- عەرەبیـی ئاسـتی بەرهەمهێنانیـان بەرزترکردۆتـەوە و ڕێگەیـان داوە نرخەکـەی دابەزێـت، مەبەسـت لێـی زیانگەیانـدن بـوو بـۆ بەرهەمهێنەرانـی نەوتـی ڕکابـەر، وەک کۆمپانیـا نـەوت شـکێنەکانی ئەمریـکا، ڕووسـیا و نەوتـی دەریـای باکـوور کـە زۆربەیـان پشـت بـە نرخـی بـەرزی نـەوت دەبـەستن بۆئـەوەی بـە قازانـج بمێننـەوە. تـا کۆتایـی سـاڵی ٢٠١٤ نرخـی نـەوت بـە ڕێـژەی زیاتـر لـە ٤٠٪ دابەزیـوو و وەبەرهێنـان لـە کارە نوێیەکانـی نـەوت لەلایـەن کۆمپانیـا ڕۆژئاواییەکانـەوە کـەم دەکرایـەوە (bbc. n.d).

وەک دەزانـن کتێبەکەمـان بەدواداچـوون بـۆ گۆڕانـی دەسـتەڵات و نەزمـی جیهانـی دەکات، لـەم نێوەندەشـدا ئـەو گواسـتنەوە بەرچـاوەی کـە لـە کەرتـی وزەدا ڕوودەدات، لێـرە بـەدواوە کەرەسـتەکانی تاقیگەکەمـان ئامـادەن بـۆ شـیکردنەوەی ئاسایشـی وزە و هێلەکانـی وزە و جیۆپۆڵەتیکیـی وزە:

لەگـەڵ ئـەوەی شۆڕشـێک لەبـواری هایدرۆجینـی سـەوز و وزە نوێبووەکاندا بەگشـتی سـەریهەڵداوە، وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـە خاوەنـی(٤٨.٣٪) ی ی یەدەگی نەوتی جیهانـن، ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێـڕن لـە بەرهەمهێنانـی نەوتـی جیهانیـدا. بەپێـی ڕاپۆرتـی کۆمپانیـای شـیکاری و ڕاوێـژکاری گلۆبـاڵ داتـا کـە بنکەکـەی لـە لەندەنـە، هەریەکـە لـە: سـعودیە، عێـراق، کوێـت، ئێـران، عومـان و ئیماراتـی یەکگرتـووی عەرەبـی لـە (٢٠٢٢) دا لـە نێـو بەرهەمهێنەرانـی سـەرەکی نەوتـی خـاودا بـوون. هەروەهـا یەدەگـی نەوتـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ڕۆڵێکـی چارەنووسـاز دەگێڕێـت لـە گەشـەی ئابووریـی وڵاتانـی ناوچەکـەدا کـە زۆربـەی داهاتەکانیـان لـە نەوتـەوە سـەرچاوە دەگرێـت. تەنیـا (١٢) گەورەتریـن کێڵگـەی نەوتـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە وڵاتانـی سـعودیە، عێـراق،

کوێـت، ئێـران، عومـان و ئیماراتـن و ڕۆژانـە زیاتـر لـە (١٥) ملیـۆن بەرمیـل نەوتیـان لـە (٢٠٢٣) لێدەرهـێنراوە (Biceroglu، E.، Canik، M. E.، & Dursun، A. 2023).

ســـەرنج بـــدە: ئەگـــەر (٪٤٨.٣)ی یەدەگـــی نـــەوت کەوتبێتـــە چەنـــد وڵاتێکـــی ســـەرەکییەوە لـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت، ئـــەوا بڕێکـــی زۆریـــش دەکەوێتـــە ڕووســـیا، فەنـــزەوێلا، جەزائیـــر، ئازەربایجـــان، نەیجیریـــاوە کـــە دەتوانیـــن بڵێیـــن ســـەرووی (٪٨٠) نـــەوت دەکەوێتـــە ئـــەو وڵاتانـــەوە کـــە لـــە دەرەوەی بازنـــەی سیاســـەتی ئەمریـــکا و ئەوڕووپـــادان! بـــۆ گازی سروشـــتیش بـــە هەمـــان شـــێوە!

وەک لـە خشـتەی ژمـارە (١) ڕوونکراوەتـەوە، بـە پێـی پێداچوونـەوەی ئـەو ئامـارەی بریتـش پیترۆلیـۆم لـە (٢٠٢٥) دا بڵاوی کردۆتـەوە کـە بـە پێـی ڕیزبەنـدی دە وڵات خـاوەن یەدەگـی نەوتـن لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، کـۆی یەدەگەکەیـان (٨١٠.٤) ملیـار بەرمیـل نەوتـە. هەروەهـا هەشـت وڵات خاوەنـی گازی سرووشـتین کە کـۆی یەدەگەکەیـان دەگاتە (٢٨١٩.٧) تریلیـۆن پـێ سـێجا (BP Statistical Review of World Energy. 2025).

بوونـی ئـەم یەدەگـە گـەورە- بێوێنەیـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا نـەک هـەر بایەخێکـی ستراتیجـی گەورەیـە، بەڵکـو هەرگیـز لەلایـەن ئەمریـکاو ئەوڕووپـاوە مایـەی چاوداخسـتن نییـە. بۆیـە دۆناڵـد ترامـپ دوای سـەرکەوتنی بـۆ خولـی دووەمـی سـەرۆکایەتی ئەمریـکا ئامـاژەی بـەوەدا کـە نازانـم یەکـەم وڵات سـەردانی سـعودیە بکـەم یـان بەریتانیـا! سـەردانی یەکەمیانـی کـرد.

زیاتـــر لـــەوەش، پێگـــەی جوگرافـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت لـــە نێـــوان ئاســـیاو ئەوڕووپـــادا، وایکـــردووە ببێتـــە خاڵـــی بەریەککەوتنـــی بەرژەوەندییەکانـــی بلۆکـــی ڕۆژهـــەڵات و ڕۆژئـــاوا (یاخـــود ئەمریـــکا و چیـــن). بـــە بـــڕوای مـــن ئـــەم هەڵکەوتـــە جوگرافییـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـۆ ئەمریـکا و هاوپەیمانـە خۆرئاواییەکانـی لەوێـدا گرینگـە کـە نـەوت و گاز و بازرگانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ببـەستن بـە حـەوزەی دەریـای سـپی ناوەڕاسـتەوە. لـە بەشـەکانی دواتـردا باسـی پێکـەوە بەسـتنی کەنـداوی عەرەبـی و ڕۆژهەڵاتـی دەریـای سـپی دەکەیـن.

لێـرەوە لەبـازرگانی نـەوت و ستراتیژیـی ئاسـایشی نەتەوەییـدا خسـتنە بـازاڕی نـەوت وەك کرۆکـێکی گرنـگ وایـە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ دوو هـۆکاری سـەرەکی:

**یەکــەم:** نــەوت و غــازی سروشــتی بەگرنگتریــن ســەرچاوەی وزە و هەرزانتریــن ســەرچاوەی پیشەســازییە قــورس و ســوکەکان دادەنرێــت بەهەمــوو جۆرەکانیــەوە و باشتریــن ســوتەمەنیە بــۆ بەگەڕخســتنی هــۆکارەکانی گواســتنەوەی وەك ســەیارە و کەشــتی و فڕۆکــە و...هتــد.

**دووەم:** ئــەم گرینگیــەی نــەوت و گاز وای کــردووە؛ چۆنیــەتی کۆنترۆڵکــردن و دەرهێنــان و دابەشــکردن و نــرخ بۆدانــانی ببێتــە یەکێــك لەگەورەتریــن بنەمــا سیاسی و ســەربازییەکان لای دەوڵەتــەکانی جیهــان. بۆیــە زۆرجــار دەبینیــن، نــەوت خــۆشی و خۆشــگوزەرانی بــۆ وڵاتانــی خــاوەن یەدەگــی سرووشــتی نەهێنــاوە، بەڵکــو بەپێچەوانــەوە کارەســات و ناخــۆشی بۆهێنــاون. بــۆ نموونــە لــە (١٩٢٠ەوە تاوەکــو ٢٠٠٣) حــەوت شــەڕ بۆکۆنترۆڵکــردنی عێــراق ڕوویــداوە، هەموویــان پەیوەندیــان بەنــەوتی عێراقــەوە هەبــووە (Beinin، J.، Haddad، B.، & Seikaly، S. 2020).

بەشــێوەیەکی گشــتی، بــە تێڕوانیــنمان بــۆ ئەزمونــی یــەک ســەدەی دەوڵەتانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، دەتوانیــن پێنــج ڕەهەنــدی نەرێنــی بــۆ نــەوت دیــاری بکەیــن:

- دەبێتــە هــۆی ســەر هەڵــدانی توندوتیژیــی و شــەڕ لــە نێــوان وڵاتانــدا، یاخــود ململانێــی سیاســیی- نێگەتیــڤ لەئاســتی ناوخــۆدا زیاتــر دەکات.
- دەبێتە هۆی نەمانی ئینتیمای نیشتیمانی لای هاووڵاتیان.
- دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و جیاوازی چینایەتی.
- دەبێتــە هــۆی پیســکردنی ژینگــە و گەرمبوونــی زیاتــری گــۆی زەوی، بەتایبــەت بەشــێکی زۆر لــە کۆمپانیــا فرەڕەگــەزەکان تەنیــا گــوێ بــە کەڵەکەکردنــی ســەرمایە و ئابوریــی بــازاڕ دەدەن، نــەک ژینگــە و پرســە گەردوونییــە چارەنوســسازەکان.
- لــە زۆر شــوێندا بووەتــە هــۆی ئــەوەی داهاتــی ئابوریــی، تەنیــا پشــت بەیــەک ســەرچاوە ببەســتێت کــە "نەوتــە"، ئەمــەش تەمەڵــی و پێــش نەکەوتنــی کەرتەکانــی پیشەســازیی و کشــتوکاڵ و بازرگانیــی گشــتی لێدەکەوێتــەوە.

## یەدەگی نەوت و گازی پەسەندکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- ٢٠٢٥

| وڵات | | یەدەگی پەسەندکراوی نەوت (ملیار بەرمیل) | یەدەگی پەسەندکراوی گازی سرووشتی (تریلیۆن پێ سێجا) |
|---|---|---|---|
| سعودیە | | ٢٦٦.٥ | ٢٩٤.٢ |
| ئێران | | ١٥٧.٨ | ١٢٠١.٤ |
| عێراق | | ١٤٥ | ١١١.٥ |
| ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی | | ٩٨ | ٢١٥.١ |
| کوەیت | | ١٠٤ | ٠ |
| قەتەر | | ٢٥.٢ | ٨٧١.٦ |
| عومان | | ٥ | ٤٠ |
| بەحرەین | | ٠.١ | ٠.٩ |
| سووریا | | ٢.٥ | ٨ |
| یەمەن | | ٣ | ٠ |
| لوبنان | | ٠ | ٠ |
| ئوردون | | ٠ | ٠ |
| میسر | | ٣.٣ | ٧٧ |

**خشتەی ژمارە (١): سەرچاوە BP Statistical Review of World Energy (2025)**

### ٦.٣. نەوت و تێزی پێویست بوونی حاکمێك بۆ ئەم جیهانە لە سەدەی بیست و یەکدا

لـە کۆتایـی شەسـتەکانی سـەدەی بیسـتدا، سـەرۆك کۆمـاری سۆسیالیسـتیی ڕۆمانیـا" نیکـۆلای چاوچیسـکۆ" سـەردانی ئێـران دەکات، لەگـەڵ شـای ئێـران "حەمـە ڕەزا شـا" گفتوگـۆ دەکـەن، چاوچیسـکۆ بـە پێچەوانـەی دانیشـتوانی جیهانـەوە پێـوا دەبێـت، ئـەوە پێشـکەوتن نییـە لـە خۆرئـاوا هەیـە، نـەك هـەر پێشـکەوتن نییـە، بەڵکـو داڕمانـە. حەمـە ڕەزا شـا لایوایـە " وڵاتـانی بچـوك ناتوانـن بـە بـێ پاڵپشـتی زلهێـزەکان ژیـان بکـەن"، بـەڵام چاوچیسـکۆ دەڵێـت "بـە پێچەوانـەوە ئـەوە وڵاتـانی زلهێـزن بـێ داگیرکـردنی وڵاتـانی بچـوك و تاڵانکردنیـان ناتوانـن ژیـان بکـەن". چاوچیسـکۆ، دەڵـێ چەندیـن سـاڵ بـەر لـە پێکهێنـانی وڵاتـانی بەرهەمهێنـەری نـەوت (ئۆپیـك) داوام لـە حەمـەڕەزا کـرد کـە ئێـران و وڵاتـانی دیکـەی بەرهەمهێنـەری نـەوت لـە خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت یەکێتییـەك پێکبهێنـن بـۆ دیاریکـردنی ڕادەی دەرهێنـان و نرخـی نـەوت کۆنترۆڵـی بـازاڕی نـەوت و بەدەسـتەوە بگـرن.

لـە یادەوەرییەکانـی فەرەحـی دیبـا (شـاژنی ئێـران و هاوسـەری سـێهەمی حەمـەڕەزا شـا)دا، زۆر نهێنـی درکێنـدراون کـە پێویسـتە هەڵسـەنگاندنیان بـۆ بکرێ، بـەڵام پێویسـتە بـۆ تێگەیـشتن لـە هـەر ڕووداوێـك بـە سـەردەمەکەوە بنوسـێین، بـۆ نموونـە کاتێـك (شـا) لـە ئێـران ڕووخـا، ئـەو سـاڵە (١٩٧٩) ڕووداوێکی گـەورە بـوو، مێـژووی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـتی کـرد بـە دوو لەتـەوە، سـەراپا هاوکێشـەکانی گـۆڕی، بـەڵام لـەوە گەورەتـر ئـەو ڕۆژگارە بـوو کـە جەنگـی سـارد جیهانـی دابەشـکرد بـوو. "شـاپورخان" دۆسـتی نـزیکی حەمـەڕەزا پەیوەندییـەکی بـاشی لەگـەڵ بەریتانیـەکان هەبـوو، دەیویسـت لـەکاتی هەڵاتـن دا مـافی نیشـتەجێبوون بـۆ "شـا" لـە بەریتانیـا وەربگرێـت، لـەو کاتانـە دکتـۆر ئوئێـن وەزیـری دەرەوەی بەریتانیـا ڕاسـتیەك دەدرکێنێـت: "ئێسـتا کاتی نییـە "شـا" بگاتـە ئینگلسـتان، چونکـە ئەمریـکا و بەریتانیـا بەنیـازن لەناوچەکـە ئێـران و عێـراق بـە شـەڕدا بـدەن، لەگـەڵ ئـەم شـەڕ هەڵگیرسـانەش بـە ئـارەزووی خۆیـان نرخـی نـەوت بـۆ کەمتریـن ئاسـتی خـۆی دابەزێنـن، بـەو جـۆرە، ئـیتر یەکێتـی سـۆڤیەت وەکـو گەورەتریـن بەرهەمهێنـەری نـەوتی جیهـان ناتوانێـت لـە ئەفغانسـتان درێـژە بـە جەنـگ بـدات، هەروەهـا ناتوانێـت بـەو شـێوەیە دەسـت لـە وڵاتـانی جیهـانی سـێهەم وەربـدات، لـە ئەنجامـدا ئابورییەکـەی تـووشی داڕمـان دەبێتـەوە." (Phalavi، F. 2012).

ئـەم وانـە مێژووییـە، هەڵگیرسـانی شـەڕی داعـش (٢٠١٤) لـە عێـراق و سـووریا بیـر دەخاتـەوە؛ کاتێـك لـە سـاڵی (٢٠١٠)ەوە بەهـاری عـەرەبی سـەریهەڵدا، ڕووسـیا وەك تەلـێکی دڕکاوی هاتـەوە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت: ئەمـە دوای ئـەوە هـات سـەرۆکی ڕووسـیا دیـمتری میدیڤیدیـڤ لـە سـاڵی (٢٠٠٨)ەوە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ناتـۆ پلانی سـەربازی ڕووسـیای ڕاگەیانـد بـوو، چوونکـە ئەمریـکا و ڕۆژئـاوا بەگشـتی دەیانەوێـت گەمـارۆی ڕووسـیا بـدەن و چەکـی خۆیـان لـە جۆرجیـا و دەوروبـەری ڕووسـیا بڵاودەکەنـەوە. هەروەهـا ئیـدارەی ئۆبامـا پلانـی ڕاکێشـانی بـۆڕی نابۆکـۆی ڕاگەیانـد، ڕووسـیا ئەمـەی وەک دەسـتدرێژییەک بـۆ سـەر ئاسایشـی نیشـتیمانی خـۆی نیشـاندا. بـۆڕی نابۆکـۆ؛ پـڕۆژەی گواسـتنەوەی گازی سرووشـتی بـوو لـە ناوەڕاسـتی ئاسـیا (لـە حـەوزەی قەزوینـەوە) بـۆ ناوەڕاسـتی ئەوڕووپـا (Trenin. 2009)، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی ڕووسـیا لـە سـاڵی (٢٠١٤) ەدا دوورگـەی قـرم کـۆنترۆڵ بـکات. لـەو ماوەیـە و دوای هاتنـی داعـش لـە (ئابـی ٢٠١٤)ەوە تـا کۆتایـی (٢٠١٧) نرخـی نـەوت نزمتریـن ئاسـتی لـە مێـژوودا تۆمارکـرد، بـە واتایـەکی تـر دروسـتبوونی قەیـران جگـە لـەوەی بۆشـایی سیاسـی و زەمینەلەبـاری ناوخۆیـی هۆکارەکەیـەتی، لەهەمـان کاتـدا هێـزە هەرێمـی و جەمسـەرە جیهانییـەکان ئاڕاسـتەی دەکـەن بـۆ بەدەسـتهێنانی بەرژەوەندیـی تایبەتـی خۆیـان.

ئـەو پرسـیارە، ئایـا ئیمپریالیـزم لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کۆتایـی هاتـووە؟ بەنـدە بـەوەی ئایـا ڕۆژهەڵاتییـەکان چییـان بەدەسـتەوە مـاوە!؟ جـاران وڵاتـانی عـەرەبی لاف و گەزافیـان لـێ دەدا و بـە خۆرئاوایـان دەگـوت " ئێمـە نەوتمـان هەیـە"! ئەمـە دەسـتەواژەیەکی ترسـناکە، مشـتێك نـەوت لـە ژاپـۆن نەبـوو، جیهـان گەلەکۆمەکێـی لـێ کـردن، بـەڵام دوای چەنـد دەیەیـەک بـە تەکنەلۆژیـا تۆڵـەی خۆیـان لـە جیهـان کـردەوە، هەرچەنـدە لـە دوای جەنگـی سـاردەوە بەدیاریکراویـش لـە دوای ڕووخـانی سـەدام لـە عێـراق و قـەزافی لـە لیبیـاوە، ئـیتر دیاریکـردنی نرخـی نـەوت و بەهاکـەی لـە دەسـت وڵاتـانی بەرهەمهێنـەری نەوتـدا بـەو شـێوەیە نەمـاوە، هـۆکاری هاوبـەش لـە خێـرا ڕووخـانی سـەددام و قـەزافی ئـەوە بـوو کـە هەردوکیـان گوتیـان " نـەوت بـە یـۆرۆ دەفرۆشـین نـەك دۆلار!"

هەمـوو کاتێـک ئیـدارەی ئەمریـکا کاردانـەوەی تونـدی هەبـووە بـۆ ئەوانـەی مەترسـیی لەسـەر بەهـای دۆلار درووسـت دەکـەن، بـەڵام ئایـا لەمـەولا وادەبێـت؟ لەکاتێکـدا چیـن هەژموونـی ئابوریـی هەیـە و گرووپـی بریکـس تـا دێـت بەرفـراوان دەبـێ، تورکیـا ئەندامـی ناتۆیـە کەچـی بـە ڕۆبـڵ مامەڵـە لەگـەڵ ڕووسـیا دەکات، سـعودییە و عێـراق و چەندیـن وڵاتـی دیکـە جگـە لـە دۆلار بـە "یوانـی چینی"یـش مامەڵـە دەکـەن. وڵاتانـی عەرەبـی جـاران بـۆ دەرهێنانـی نـەوت پشـتیان بەتوانـای تەکنیکـی کۆمپانیـا خۆرئاواییـەکان دەبەسـت، ئێسـتا بـە ئاشـکرا (وەک لـە چاپتـەری داهاتـوودا ڕوونتر دەبێتـەوە) پشـت بـە توانـای کۆمپانیـا چینـی و ڕووسـی و کـۆری و ژاپۆنـی و هیندییـەکان دەبـەستن.

لەڕاسـتییدا، خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە دوای یەکەمیـن جەنگـی جیهانییـەوە بـۆ ماوەی زیاتـر لـە سـەت سـاڵ بـەزۆری پشـتی بـە خۆرئـاوا بەسـتووە. بەدرێژایی سـەت سـاڵ زیاتری دوای یەکەمیـن جەنگـی جیهانـی، سـەرکردە و کۆمەڵگەکانـی ئـەو ناوچانـەی نەوتیـان هەیـە، بیریـان نەکـردەوە بۆچـی ئـەو وڵاتـە پێشـکەوتوانەی لـە ڕێگـەی کۆمپانیاکانیـان و بانکەکانیانـەوە سـەرمایەگوزاری نـەوت دەکـەن، خۆیـان لـە وڵاتـەکانی خۆیانـدا خـاوەنی دڵۆپێـك نـەوت نییـن؟ ئـیتر بەمجـۆرە ڕۆژهـەڵات زیاتـر لـە دوو دەیـە دوای ڕووخانـی ڕژێمـی سـەددام، هەمیشـە عێـراق چاوەڕێیـە ئێـران و ئەمریـکا سـەرۆك وەزیرانێکـی بـۆ دیـاری بکـەن، لوبنـان چاوەڕێیـە بزانێـت کـەی شـاندی فەڕەنسـا دەچنـە ئێـران تـا پێکـەوە لەسـەردانانی کاندیدێـك بـۆ سـەرۆکوەزیران ڕێـك بکـەون! شـازادەی سـعودیە "محەمـەد بـن سـەلمان" بـێ پاڵپشـتی ترامـپ نەیدەتوانـی هیـچ چاکسـازییەکی ناوخۆیـی بـکات، ترامپیـش ئـەم ئۆفـەرەی بـە خۆڕایـی پـێ نـەداوە.

دیـارە "چاوچیسـکۆ" ڕاسـت دەکات و زیاتـر ئـاگاداری دونیابـووە، نـەك "حەمـەڕەزا شـا" کـە وەك "فـەرەح"ی خێـزانی دەیگێڕێتـەوە بنەماڵـەی شـا هـەر خـەریکی سـێکس و ڕابـواردن بوونـە، بـە ئـارەزووی خۆیـان ژیـاون. لـە ئاهەنگـی ژنی سـێهەمی "شـا"دا "شـاناز"ی کچـی حەمـە ڕەزا شـا ڕادەی ئەوەنـدە زمـرود و برلیـان و یاقـوت و ئـەڵماس و زێـڕەی لەبەرـدا بـووە لـەو سـاڵەدا بـە بودجـەی سـاڵێکی ئێـران مەزەنـدە کـراوە. هەمـوو ژیاننامـەی ڕەزا شـا و حەمـە ڕەزای کـوڕی بخوێنـەوە، ئـەوەی تیـا نییـە کـە کتێبێکیـان خوێندبێتـەوە، تەنیـا بـاسی کۆشـکەکان و ژنهێنـان و پەلامـاردانی پیـاوانی ئاینـی

و داوەتکردنسەماکار و فلیمکارە گرانبەهاکانی جیهانی تیایە، وەک "فەرەح" دەڵێ لەکاتی هاتنی "شا"دا بۆ حکومڕانی ئێران هەموو وڵاتەکە دە پزیشکی چاوی تیا نەبووە، خەڵکی عادەتیان هەر نەبووە دەم و چاویان بشۆن، زۆربەیان تووشی نەخۆشی چاو بوون. ماڵی "شا" ئەوەندە بێ ئاگابوون، کە شۆڕش کرا "شا" بە هەلیکۆپتەر بە ئاسمانی تاران دا دەسوڕایەوە، لە ڕاوێژکارەکانی پرسیوە ئەم گردبوونەوەیە چییە؟ پێیان وتوە حەزرەت ئەوە خەڵکە و بۆ پاڵپشتی تۆ هاتوونەتە شەقام! (Mediterranean Institute for Regional Studies.2019).

چاوچیسکۆ و حەمەڕەزا شا لەبەرچاوی خانەوادەکانیان گفتوگۆ دەکەن، بە حەمەڕەزا دەڵێ "ڕۆمانیا تا بەر لە دووەم جەنگی جیهانی نەوتی هەناردە دەکرد، بەڵام ئیمپریالیستەکان تا دوا دڵۆپ نەوتی ئێمەیان دەرهێنا، ئێستا ڕۆمانیا بەپێچەوانەوە نەوت هاوردە دەکات و تەواوی چاڵەکانی وشك بوون، بێ هیچ ڕەچاوکردنێکی تەشریفاتی بە "شا" دەڵێ ئەوڕووپییەکان بە ڕواڵەت نەوتەکەی ئێوە دەکڕن، لەبەرانبەردا تەنیا تا ئەو ڕادەیە پارە بە ئێوە دەدەن کە بتوانن پێداویستی و کەلوپەلەکانی هەناردەکردنی پێ دەستەبەربکەن و هەندێکیشی بهێنێتەوە کە گۆشت و گەنم و برنج و مادده خۆراکیەکانی پێ بکڕن و بیدەن بە خەڵك تا لەبرسا نەمرن بۆ ئەوەی بتوانن نەوت دەربهێنن و بە ڕۆژئاواییەکانی بدەن. حەمە ڕەزا شا لە پێش چاوی خێزانەکەی دەڵێ "ئەم پیاوە شێتە... ئێمە بانگمان کردووە بەشداری لە جەژنی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی ئێران دا بکا و لەزەت بکا، کەچی کاتی خۆی بە بانگەشە دژی ڕۆژئاوا سەرف دەکا" (Pahlavi، F. 2012).

دیارە ئەم تێز و ئارگیۆمێنتەی "چاوچیسکۆ" ئولفەتی پێوە گرتووە، دەیان نموونە هەن پشتڕاستی دەکەنەوە، بەڵام لەبەرانبەردا خۆ ئەمریکا و خۆرئاوا و تیۆرسێنەکانیان، ئەوەندە سووك نین وەك تەبەدۆر سەر ئاو کەوتبن، سەیرکە، بە نزیکەیی هەموو ناسیۆنالیستەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوڕووپا داخ و ئاخیان لە "هنری کیسنجەرە"ە، هۆیەکەی ئەوە نییە جووە، ئەوەیە کیسنجەر بەردەوام وەك تیۆرسێنێك جەخت لەوە دەکاتەوە بۆئەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەنگەری نەشکێت و ئەم جیهانە تووشی ئەوە نەبێت

هەمـــوو تێـــك بەربـــن، پێویســـتە حاکمێـــك (زلهێـــزێکی وەك ئەمریـــکا) ڕاوەســـتا بێـــت، بەهێزبوونـــی ئەمریـــکا فاکتـــەری ئارامـــی و بەهێزبوونـــی جیهانـــە، لـــە پشـــت سیاســـەتی دەرەوەی ئەمریـــکا ڕیالیســـتەکان هەمویـــان وا بیردەکەنـــەوە، تیـــۆری "چەســـپاندنی ئاشـــتی بـــە ڕێگـــەی هێـــز" بـــاوەڕی چەســـپاوی جـــۆرج بـــووشی کـــوڕ بـــوو، بۆئـــەوەی بـــە ڕێگـــەی هێـــز ئارامـــی بـــۆ خۆرهـــەڵاتی ناوەڕاســـتی گـــەورە بهێنێـــت.

ئێســـتا دەبێـــت بپرســـین؟ دەوڵـــەتی بچـــوك بـــێ دەوڵـــەتی زلهێـــز ناتوانـــێ بـــژی یاخـــود ئـــەوە دەوڵـــەتی زلهێـــزە بـــێ داگیرکـــردن و بەشـــخواردنی دەوڵەتـــە بچوکـــەکان ناتوانـــێ بـــەردەوام بێـــت؟. بـــۆ هەریەکەیـــان پاســـاوی جۆراوجـــۆر هەیـــە. بۆچـــی ئیمپریالیـــزم لـــە وڵاتـــانی بەرهەمهێنـــەری نەوتـــدا ڕۆڵـــیکی خـــراپ دەگێڕێـــت؟ بۆچـــی ماڵـــی "شـــا" لـــە ئێـــران دەیـــان ســـاڵ گەندەڵـــی و بێـــدادی گـــەورە ئەنجـــام دەدەن، ئەمریـــکا و بەریتانیـــا قســـەیەکیان نییـــە کـــە دێتـــە ســـەرئەوەی حەمـــەڕەزا شـــا بڵـــێ "ئـــیتر نـــەوت بـــە هـــەرزان نافرۆشـــم"، دەســـت بەدژایەتیکردنـــی دەکـــەن. بۆچـــی ســـەددام و قـــەزافی دەیـــان ســـاڵ دیکتاتـــۆر و خوێنڕێـــژن بـــوون، ئیمپریالیـــزم قســـەیەکی نییـــە کـــە دێتـــە ســـەرئەوەی بڵێـــن "نـــەوت بـــە دۆلار نافرۆشـــین"! لەماوەیـــەکی زۆر کورتـــدا دەیانڕوخێنـــن و دەیانکـــوژن. بۆچـــی جەمـــال عەبدولنـــاسر بەکودەتـــا دێـــت، ڕۆحـــی قەومـــی عـــەرەبی نماینـــدە دەکا، خۆرئـــاوا فـــزە نـــاکات، کەدێتـــە ســـەرئەوەی نۆکەنـــدی ســـوێس نـــۆژەن بکاتـــەوە، ئـــیتر گەلەکۆمـــەکی خۆرئـــاوا دەســـت پـــێ دەکات!

وەک پڕۆفیســـۆر ســـەعید (٢٠٢٣) ئامـــاژەی پێـــدەکات، عیمـــران خانـــی ســـەرۆکی پێشـــووی پاکســـتان لـــە ٢٠٢٠ گوتـــی؛ ئەگـــەر ناچارمـــان بکـــەن لـــە نێـــوان چیـــن و ئەمریـــکادا یەکیـــان هەڵبژێریـــن، بێگومـــان چیـــن هەڵدەبژێریـــن. هـــەر ئـــەوەش بوویـــە هـــۆی لادانـــی لـــە دەســـتەڵات و تەنانـــەت هەوڵـــی تیرۆرکردنیشـــی. ئـــەو وتەیـــەی عیمـــران خـــان بـــۆ ســـعودیە و مـــیسر و زۆربـــەی وڵاتانـــی ناســـەربەخۆ، یـــان نیمچـــە ســـەربەخۆی دونیـــاش ڕاســـتە (Saed، 2023).

### ٧.٣. قسەی زلی لووتکەکان، پێچەوانەی کردارەکانە: پشتبەستن بە هایدرۆکاربۆن زیاتری کردووە

ئاسایشی وزە، واتە پاراستن و هاوسەنگکردن و ڕێکخستنەوەی ئاسایشی نیشتمانی لە ڕوانگەی بەردەستبوونی سەرچاوە سروشتییەکان و وزە نوێبووەوە هەرزانەکان بۆ دابینکردنی پێداویستییە ناوخۆییەکان. دەوڵەتانی جیهان و شاندە گەورەکانی ڕێکخراوە جیهانییەکان لە چارەکی یەکەمی سەدەی ٢١ دا، سەدان لووتکە و کۆنفرانسی جیهانیان سازداوە، چەندین ڕێککەوتننامەیان واژۆکردووە بۆئەوەی بەکارهێنانی کاربۆن کەم بکەنەوە، چوونکە بەهۆی پیشەسازیی و کارگە و کارخانە گەورەکانی جیهانەوە، گۆی زەوی گەرمبووە و کەشوهەوا بەتەواوی تێکچووە، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی تێکچوونی نەزمی جیهانییە کە چین و ڕووسیا، خۆرئاوای لێ بەرپرسیار دەکەن!

بەم هۆیەشەوە، وایکردووە لە ئەدەبیاتی وزەی جیهانییدا چەندین ناوی نوێ بانگەشەی بۆ بکرێت؛"وزەی سەوز" و "هایدرۆجینی سەوز" و "وزە نوێبووەوەکان" وەک بەرهەمهێنانی وزە لە ڕێگەی خۆر، با، شەپۆلی دەریاوە ببێتە بابەتێکی باو، بەڵام لە هەمان کاتدا ئامارە ڕاستەقینەکان نیشانی دەدەن کە تا دێت بەکارهێنانی نەوت و گاز هەر لە زیادبووندایە:

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی زانیاری وزەی ئەمریکا، لە ساڵی ١٩٨٠ جیهان ٥٣ تریلیۆن پێ سێجا گازی سروشتی بەکارهێناوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠دا جیهان ١١٣ تریلیۆن پێ سێجا غازی سروشتی بەکارهێناوە (U.S. Energy Information Administration. 2012). لە ساڵی (٢٠٢٣) دا جیهان ڕۆژانە چوار تریلیۆن مەتر/سێجا (١٤١.٢٥٨) تریلیۆن پێ سێجا گازی بەکاربردووە، ساڵی (٢٠٢٤)یش خواست لەسەر گاز بە بڕی (٢.٤٪) لە چاو ساڵی پێشوودا زیادی کردووە (Elliott. 2024). بە هەمان شێوە لە ساڵی (٢٠١٠) جیهان (٨٦.٤) هەشتاو شەش ملیۆن و چوارسەت هەزار بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا بەکارهێناوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٠) دا ئاستی پێداویستییەکە بەرزبۆتەوە و ڕۆژانە (٩١) ملیۆن بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا بەکارهێناوە. لە ساڵی (٢٠٢٢) دا ئاستەکە بەرزتربۆتەوە و جیهان (١٠٠.٨٠) سەت ملیۆن و هەشتا هەزار بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا بەکارهێناوە (Mediterranean Institute for Regional Studies،2023). سەرەڕای هەوڵە جیهانییەکان بۆ کەمکردنەوەی

بەکارهێنانی سووتەمەنی بەردینی، بەڵام بەکارهێنانی نەوت لە بەرزبوونەوە بەردەوامە؛ لە ساڵی ٢٠٢٣دا خواستی جیهانی گەیشتە زیاتر لە ١٠٢.٢١ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، هەروەها ئەم پێداویستییە جیهانییە بۆ ١٠٤ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ساڵی ٢٠٢٤ زیادی کرد (Statista، 2024c). بەئامارەکاندا دیارە بەکارهێنان و پێداویستی جیهان بۆ فیوسیڵ فیوڵەکان (نەوت و گازی سرووشتی بەتایبەتی) زۆر زیادیکردووە، هەر ئەمڕۆ کە ئەم کتێبە بەرەو چاپ دەچێت؛ جیهان (١٠٥) ملیۆن بەرمیل نەوت بەکاردەهێنێت!

هەر سەرنجێکی کورتی تۆی دەوێ! وزە بەگشتی سەرچاوەی جووڵە و بەردەوامی ژیانە، لەناویاندا نەوت و گازی سرووشتی ئەوەندە گرینگن، تەنانەت لە هەندێ ناوچەدا "سیاسەت"یشیان تێپەڕاندووە. ئەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دیاری دەکات و ئاڕاستەی دەکات "هێزە"، وزە سەرچاوەی سەرەکی ئەو "هێز"ەیە، ئایا بۆ هەندێک گرینگ نییە بزانن چۆن قەدری ئەو کارتە بەهێزە دەگرن؟

لە ساڵی ٢٠١٨دا لە نێوان میسر و ئیسرائیلدا گرێبەستی گاز کراوە کە ساڵانە بە بەهای ٤.٥ چوار ملیارو نیو مەتر سێجا غاز دەگەیەنرێتە میسر، کاتێک جەنگی غەزە هەڵدەگیرسێت ئیسرائیل چەندین جار دابینکردنی غازی بۆ وەستاندوە. لە ٨ ی ئەیلوولی ٢٠٢٥ دا و لە گەرمەی جەنگی غەزەدا، میسر گرێبەستی گاز لەگەڵ ئیسرائیل بە بەهای (٣٥) ملیار دۆلار نوێدەکاتەوە. بەڵێ ئەو میسرەی بەپێشەنگی نەتەوەیی عەرەب ناودەبرا، لەگەرمەی ئەوەی پێیان دەوت، جینۆسایدکرنی خەڵکی سڤیلی غەزە، بە بڕی ٣٥ سی و پێنج ملیار دۆلار بۆ هاوردەکردنی گازی ئیسرائیل ڕێککەوتنێکی پێوانەیی واژۆکرد و بە ڕێژەی (١٤٪)یش هاوردەکردنی گازی زیاتر کرد. ئەم گرێبەستە کە لەلایەن کۆمپانیای وزەی ئیسرائیلی نیومێدەوە- NewMed Energy ڕاگەیەندرا کە تا ساڵی ٢٠٤٠ بە بۆری بە بەهای ١٣٠ ملیار مەتر سێجا غاز لە کێڵگەی دەریایی لیڤیاتانەوە بۆ میسر دەگوازرێتەوە (Middle East Eye. 2025، August 8).

ئەم گرێبەستە نوێیەی میسر کە لە (٢٠٢٥) دا واژۆی کردووە ؛ پشتبەستنی میسر بە وزەو بە ئیسرائیل بۆ ماوەیەکی درێژتر قووڵتر دەکاتەوە.. قاهیرە بەهۆی ئەوەی بەرهەمهێنانی غازی خۆی لە ساڵی (٢٠١٨)ەوە دارماوە، ئیتر بۆ چارەسەرکردنی گەشەسەندنی خواستی ناوخۆیی خۆی هاوردەکردنی زیاد دەکات. لە پەرەگرافەکانی

دواتــردا ئــەوەش ڕووندەکەینــەوە کــە کۆمپانیا-حکومییەکانــی ئــیمارات چەندیــن ســاڵە لەگــەڵ کۆمپانیاکانــی ئیسرائیــل لەکەنــاراوە ئاوییەکانــی ئیسرائیــل پێکــەوە وەبەرهێنــان لــە گازی سرووشــتی دا دەکــەن. هایدرۆکاربــۆن هۆکارێکــە کــە وڵاتانــی عەرەبــی چاویــان لــە بەرانبــەر ئــەوە داخســت کــە لــە فەلەســتین و غــەزە ڕوویــداوە.

خســتنەڕوویەکی تــر: ڕێکخــراوی وڵاتانــی هەنــاردەکاری نــەوت (ئۆپێــک) پێشــبینی کــردووە لــە مــاوەی ســاڵانی (٢٠١٩- ٢٠٤٠) دا خواســتی ڕۆژانــە بــە بــڕی (١٤.٥) ملیــۆن نــەوت زیــاد دەکات، ئەمــەش بــەو مانایەیــە کــە تــا ســاڵی ٢٠٤٠ جیهــان ساڵانە نزیکــەی ٤٢ ملیــار بەرمیــل بەکاردەهێنێــت، واتــە پێداویســتی جیهــان دەگاتــە ١١٤.٧٥ ســەتو چــواردە ملیــۆن بەرمیــل نــەوت لــە ڕۆژێکــدا (Aljazeera، 2019).

ئــەو پێداویســتییە زۆرەی جیهــان بــۆ نــەوت و گاز و خەڵــوز لــە گەشــەپێدانی ئابوریــی جیهانــی و کێبڕکێــی پیشەســازییەکانەوە ســەرچاوەی گرتــووە، هەروەهــا لــە زیادبوونــی ژمــارەی دانیشــتوان و هەڵکشــانی گەشــتە فڕۆکەوانیــەکان و زیادبوونــی ژمــارەی ئۆتۆمبیلــەوە ســەرچاوە دەگرێــت. لەگــەڵ هەمــوو ئەمانەشــدا ئێمــە بانگەشــەی ئــەوە ناکەیــن کــە جێگــرەوەی نــەوت و گاز بوونــی نییــە؛ بەڵکــو لــە ئوسترالیــاوە تــا ســەڵتەنەتی عومــان و ئیماراتــی یەکگرتــووی عەرەبــی و ســعودییە، تــا دەگاتــە کەناراوەکانــی دەریــای ســپی ســەرقاڵی گەورەتریــن پڕۆژەکانــی هایدرۆجینــی ســەوز و ســۆلار و بەکارهێنانــی شــەپۆلی دەریــان، بێگومــان ئەمــە نــەک ڕێــژەی کاربــۆن لــە هــەوادا کــەم دەکاتــەوە، بەڵکــو لــە نێــوان وڵاتــان و کۆمپانیــا نێودەوڵەتییــە پەیوەندداره‌کانــدا بــووە بــە بازرگانییەکــی گــەورەش. نــەک هەرئــەوە بایەخــدان بــە وزەی پــاک گفتوگــۆ و جموجووڵــی تایبەتــی دیبلۆماســیی لــەو بــوارەدا پەرەپێــداوە کــە ئێمــە نــاوی دەنەیــن "دیبلۆماســییەتی وزەی ســەوز- Green Energy Diplomacy".

ئەگەرچــی بەشــێك لــە وڵاتــانی جیهــان، وەك جێگرتنەوەیــەك بــۆ نــەوت و غــاز کــە خــاوەنی بــەردی زەیتــی (الصخــر الزيتــي) بــوون، دوای قووڵیــەکی کــەم، بەشــێوەیەکی ئاســۆیی زەوییەکەیــان دەبــڕی، ئینجــا ئــەو بەردانەیــان دەردەهێنــا، بەگەرمییــەکی زۆر نیزیکــەی (٤٠٠ پلــە) گــەرم دەکــرا و مــاددە- پێویســتەکانیان لــێ دەردەهێنــا. کەنــەدا لــە ســەرەتای ســەدەی ٢١-ەوە خــەریکی ئــەم پرۆسیســەیە بــوو، دواتــر ئەمریــکا و

ئــوردون و ئازەربایجــان و زۆر وڵاتــی دیکــەش ئــەم ئەزموونەیــان تاقــی کــردەوە، بــەڵام دواتــر دەرکــەوت ئەمــە هــەر لەســەرەتاوە بــۆ ژینگــە زۆر خراپــە، تێچــووی بەرهەمهێنانیشــی زۆرە. بەڕوونــی، جیهــان لــە نیــوەی دووەمــی ســەدەی نــۆزدەوە تــا نیــوەی یەکەمــی ســەدەی بیســتویەک فۆکەســی لەســەر نــەوت بــووە، لــەو ماوەیەدشــدا گرینگــی بــۆ گازی سرووشــتی تــا دێــت زیــادی کــردووە؛ چوونکــە نــەوت و گاز هــەر بەتەنیــا ماددەیــەکی کیمیایــی ئەندامــی و ستراتیجــی نیــن، بەڵکــو ســەرچاوەی هێــزی دەوڵەتیشــە (Månberger، A. 2014).

لــە دەرەوەی نــەوت - هەوڵەکانــی پیشەســازییەک کــە دەیەوێــت چــڕی کاربــۆن کــەم بکاتــەوە بەردەوامــە، بەتایبەتــی ئــیتر لــە دوای جەنگــی ڕووســیا و ئۆکراینــاوە کــە لــە شــوباتی ٢٠٢٢ دا هەڵگیرســاوە، خۆرئــاوا مکــوڕە لەســەر ئــەوەی ئــیتر بەهــۆی گازی سرووشــتییەوە پاشــکۆیەتی ڕووســیا قبــووڵ نــەکات، بەهەمــان شــێوە خۆرئــاوا بەهــۆی نەوتــەوە نەبێتــە پاشــکۆی ڕۆژهــەڵات. دەنگــۆی کشــانەوەی ئەمریــکا لــە ناوچەکــە، یــان گرینگــی نەمانــی ڕۆژهــەڵات بــۆ ڕۆژئــاواش هــەر لــەم ڕوانگەیــەوە ســەری دەرهێنــاوە. لــە چینــەوە تــا ئەمریــکا کێبڕکێــکان بــۆ دۆزینــەوەی جێگرەوەیــەک بــۆ ســوتەمەنییە بەردینــەکان بەردەوامــن. یەکێــک لــەو جێگرەوانــە کــە بــە حەماســەتێکی زۆرەوە بــاس دەکرێــت، هایدرۆجینــە: هایدرۆجینــی ســەوز و هایدرجینــی شــین بۆئــەوەی چــیتر گازی دوانۆکســیدی کاربــۆن دەر نەهێنرێــت.

گازی هایدرۆجیــن (H2) ســووتەمەنییەکی بــەردەوام و نوێبــووەوە و پاکــە کــە دەتوانرێــت وەک ســووتەمەنی ســەوزی نــەوەی داهاتــوو بەکاربهێنرێــت. هایدرۆجیــن چڕییەکــی کەمــی هەیــە، گەرمییەکــی بەرچــاوی ســووتانی هەیــە و هیــچ دەردانییــەک بەرهــەم ناهێنێــت. لــە ئێســتادا بــۆ بەرهەمهێنانــی کارەبــای ســەوز لــە خانەکانــی ســووتەمەنی هایدرۆجینــدا بــۆ ئۆتۆمبێلــە کارەباییــەکان بەکاردەهێنرێــت.

قــەت لــەوە ناچێــت جیهانــی پێشــکەوتوو بتوانێــت هایدرۆجیــن بکاتــە جێگــرەوەی نــەوت و گاز، باشتریــن بەڵگــە لێکۆڵینەوەیەکــی زانســتییە کــە ســاڵی (١٩٨٢) لــە گۆڤــاری نێودەوڵەتــی وزەی هایدرۆجیــن کــە ســەر بــە بڵاوکــەرەوەی ئیلســیڤەر"ە بــە ناونیشــانی "گۆڕینــی ســووتەمەنی بەردینــی بــە هایدرۆجیــن" بڵاوبۆتــەوە. مــرۆڤ پێــش ئــەوەی

ناوەڕۆکەکـەی بخوێنێتــەوە، تێــدەگات نزیکــەی نیــو ســەدەیە باســی هایدرۆجیــن دەکـرێ، بـەڵام هێشـتا نەیتوانیـوە بەڕێژەیەکـی زۆرکـەم نەبێـت جێـگای سـوتەمەنییە بەردینــەکان بگرێتــەوە. کەواتــە جیهــان ســەرەڕای پێشــکەوتنە زانســتییە خێــراکان نەیتوانیــوە جێگــرەوەی نــەوت و گاز بەتــەواوی دیــاری بــکات. وەک چــۆن نــەوت جێگــەی خەڵــوزی بەڕێژەیەکـی بەرچــاو گرتــەوە (Dahlberg، R. 1982).

دابینکردنــی ئاسایشــی وزە وەک پایەیەکــی ســەرەکی کارنامــەی سیاســەتی جیهانــی دەمێنێتـەوە، لەکاتێکـدا ڕەوتـی بازرگانـی نێودەوڵەتـی نـەوت بەهـۆی سـزا بەرفراوانەکانـی سـەر ڕووسـیا و هێرشـکردنە سـەر کەشـتییە نەوتهەڵگـرەکان کـە لـە ڕێـڕەوی کەشـتیوانی گرینگـی دەریـای سـووردا تێدەپـەڕن، کزبـووە. لـە هەمـان کاتـدا، گەشەسـەندنی کەمیـی پێکهاتــەی ئاســیا لــە بەرهەمــە خــاو و نەوتییــەکان و زیــادەی دابینکــردن لــە حــەوزی ئەتڵەسـیدا کـە هەمیشـە لـە فراوانبووندایـە، ڕێـڕەوی بازرگانـی نـوێ لـە بـازاڕی نەوتـی جیهانیــدا دروســت دەکات. ئــەم گۆڕانکارییــە بــەرەو ڕۆژهــەڵات بــۆ ئاســیای دەرەوەی ڕێکخـراوی هاریـکاری و گەشـەپێدانی ئابـوری- OECD، بەتایبەتـی چیـن و هیندسـتان، هاوکاتـە لەگـەڵ کۆمەڵێـک ئالنـگاری نـوێ کـە چالاکییەکانـی بـازاڕی نـەوت دەباتە پێشـەوە، لەگـەڵ کۆکردنـەوەی خێرایـی گواسـتنەوەی وزە. زیادبوونـی بەکارهێنانـی ئۆتۆمبێلـی جـۆری کارەبایـی EV، تەکنەلۆژیـای سـەرهەڵدانی وزەی پـاک و سیاسـەتی کارای فـراوانتری خواسـتی نـەوت بـۆ هێڵکاریکردنـی ڕێڕەوێکـی گەشەسـەندنی زۆر خاوتـر کۆدەبنـەوە.

بــە واتایەکــی تــر، بەڵــێ لــە زۆربــەی وڵاتانــی ئەوڕووپــا و ئەمریــکا، ئیشــکردنی ئۆتۆمبیلــەکان لــە بەنزینــەوە گــۆڕاون بــۆ پاتــری کارەبایــی، هەروەهــا بەرهەمهێنانــی وزەی پــاک بەهەمــوو جۆرەکانییــەوە ڕووی لــە هەڵکشــانە، بــەڵام ئــەم گەشەســەندنە نــا- هاوســەنگە، بــۆ نموونــە لــە وڵاتانــی ئەفریــکادا هێشــتا بەکارهێنانــی نــەوت و گاز بـۆ هەمـوو بـوارەکان لـە ترۆپکدایـە، جگەلـەوە گـریمان توانـیمان ملیارەهـا ئۆتۆمبیلـی گــۆی زەوی وا لــێ بکەیــن کــە پشــت بــە پێکهاتــە نەوتییــەکان نەبەســتێت، ئــەی فڕۆکــەکان؟ ئــەی کەشــتییەکان؟ ئــەی ملیۆنەهــا کارخانــە و ناوەنــدی پیشەســازیی دیکـە؟ ئـەی قیـر و پێکهاتەکانـی دی؟ بۆیـە نـەوت و گاز وەک ئەولەویەتێکـی جیهانـی لــە ســەدەی بیســت و یەکــدا دەمێنێتــەوە.

### ٨.٣. بۆچـی لـە ڕووی پیشەسـازیی، تەکنیـک، نـرخ دانـان وڵاتانـی بەرهەمهێنـەری نـەوت پشـت بـە دەرەوەی خۆیـان دەبـەستن؟!

لەساڵی (٢٠٠٨)، سـەرۆك وەزیـرانی پێشـوی سـەنگاپورە "لـی کـوان یـو" لـە میانـەی پێشکەشـکردنی وانەیـەک لـە سـعودییە، پرسـیاری لێکـرا؛ ئەگـەر ئێـوە هاووڵاتییـەکی سـعودی بوونایـە چـۆن بیرتـان لـە بوونیادنانـەوەی سـعودییە دەکـردەوە؟ لی کـوان یـو کـە خـاوەنی ئەزمونـێکی گـەورەی بوونیاتنانـەوەی سـەنگاپورەیە، بـۆ ئـەم پرسـیارە وەڵامێکـی بـە پێـزی هەیـە: نابێـت سـعودییە لاسـایی سیاسـەتی سـەنگاپورە بکاتـەوە بـۆ ئـەوەی پێـش بکەوێـت، ئێـوە نابێـت تەنیـا پشـت بـە ناردنـە دەرەوەی نـەوتی خـاو ببـەستن، بەڵکـو دەبێـت لـە وڵاتەکەتانـدا پیشەسـازیی بوونیادبنێـن و هاووڵاتیانتـان بتوانـن وەبەرهێنـان بکـەن. ئێمـە درکمان بـەو حیکمەتـە چینییـە کـردووە کـە دەڵێـت: " ئەگـەر دەتەوێـت بـۆ مـاوەی سـاڵێک قازانـج بکەیـت، دانەوێڵـە بچێنـە؛ بـۆ مـاوەی دە سـاڵ، دارەکان گەشـە پێبـدە؛ ئەگـەر بـۆ مـاوەی سـەد سـاڵ قازانجـت دەوێ، بـا مرۆڤـەکان گەشـە بکـەن"( Al-Khalifi، A. and Al-Hammadi، Y. 2008). ئەمـە لەکاتێکدایـە، سـعودییە سـەرەڕای ئـەوەی پێگەیەکـی گـەورەی گەشـتیاریی-ئاینـی هەیـە، بەبەردەوامـی سـێ بەشـی ئابورییەکـەی پشـتی بـە نـەوت بەسـتووە.

ویلایەتـە یەکگرتـوەکان یـەک لەسـەر پێنجـی نەوتـی جیهـان بەکاردەهێنێـت، گەورەتریـن بەرهەمهێنـەر و بەکارهێنـەری نەوتـە کـە لـە (٢٠٢٤) دا خـۆی ڕۆژانـە (١٣.١٢) سـەرووی سـیانزە ملیـۆن بەرمیلـی بەرهەمهێنـاوە، لەهەمـان کاتـدا (١٩.٦٨٧) بەرمیلـی ڕۆژانـەی بەکاربـردوە (Rapier، 2024). چیـن و هینـد و سـەنگافورا و ژاپـۆن و فەڕەنسـا و کۆمـاری چیـک زۆرتریـن کۆمپانیـای پێشـکەوتووی جیهانـی بـواری نەوتیـان هەیـە، پاڵاوتگـەی پێشـکەوتوویان لـە ئاسـتی جیهانـدا هەیـە، بـەڵام هیـچ یەدەگێکـی سرووشـتی ئەوتۆیـان نییـە. بـۆ نموونـە چیـن لـە (٢٠٢٤) دا ڕۆژانـە (١٢.٧٩١) ملیـۆن بەرمیـل نـەوت بەکاردەبـات، هیندسـتان (٤.٤٤٣) ملیـۆن بەکاردەبـات کـە لـە دەرەوە هـاوردەی دەکـەن (World Meters. 2024)، بـەڵام کۆمپانیاکانـی ئـەو وڵاتانـەی نەوتیـان نییـە، لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا کێڵگـە نەوتییـەکان پەرە-پێـدەدەن، دەرهێنـان و پاڵاوتـن دەکـەن و بەشـێکن لـە پرۆسـە نەوتییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت.

وەڵاتێکی وەک عێراق لە (١٩٢٧)ەوە نەوتی خۆماڵی کردووە و خەریکی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتە، بەڵام لە (٢٠٢٤) دا هێشتا دەوڵەتەکە خاوەنی پیشەسازیی هایدرۆکاربۆناتەکان نییە، زیاتر لە (٩٦٪) بودجە و داهاتی ئابوریی عێراق پشت بە نەوت دەبەستێت. تەنانەت لە ساڵی (١٩٦٠) ئۆپیک لە بەغدای پایتەختی عێراق دامەزراوە؛ عێراق، دووەم گەورەترین هەناردەکاری ئۆپیکە و بانگەشەی ئەوەش دەکات دەتوانێت ڕۆژانە حەوت ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێت، بەگشتی ڕۆژانە نزیکەی (3.5) سێ ملیۆن و نیو بەرمیل هەناردە دەکات. کەچی ساڵانە وڵاتەکە بە بەهای ملیارەها دۆلار بەرهەمە نەوتییەکانی وەکو کیرۆسین و غازی شل و زەیتی بزوێنەرەکان و..تادوایی لە هیندو چین و ڕووسیاوە هاوردە دەکات! نزیکەی سەدەیەکە ئەم دەوڵەتە نەوت دەردەهێنێت، کەچی هێشتا نەیتوانیوە یاسای نەوت و گاز دەربچوێنێت! (Salhani، J. 2024) .

بەهۆی ئەوەی دەیان ساڵە ئاستی وەبەرهێنان کەم بووە، خراپی پلاندانان و خراپ بەڕێوەبردن و گەندەڵی، هێشتا عێراق ژێرخانێکی نییە بۆ گرتنەوەو و پرۆسێسکردنی نزیکەی نیوەی ئەو گازە هاوەڵەی کە لەگەڵ نەوتدا بەرهەمی دەهێنێت. بەڵکو ئەو کاڵا بەنرخە زیاتر لە حەوت دەیەیە، ساڵانە نزیکەی ١٨ ملیار مەتر سێجا (bcm) غاز بە فیڕۆدەدات و دەیسوتێنێت کە بە "سووتانی گاز- Gas Flaring" ناسراوە و یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی گۆڕانی کەشوهەوای جیهانی. لەکاتێکدا عێراق لەناوخۆدا گازەکەی خۆی بە فیڕۆ دەدات و ژینگە پیس دەکات، کەچی ساڵانە لە ئێرانەوە بە بەهای (٥ -٧ ) ملیار دۆلار گازی سرووشتی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا هاوردە دەکات! (Mediterranean Institute for Regional Studies. 2022). بە دڵنیاییەوە ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەم گەمەیە لە عێراق قبووڵ ناکات کە بەو بیانووەوە دۆلار بدات بە ئێران و ڕووسیا و ژینگەی ناوچەکەش پیس و وێران بکات.

ئێمە پرسیارێکمان کردووە: بۆچی لە ڕووی پیشەسازیی، تەکنیک، نرخ دانان وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت پشت بە دەرەوەی خۆیان دەبەستن؟!

لە بنچینەدا: نەوت بەشێکی گەورەیە لە بازاڕی ئابوریی جیهانی.. بازاڕیش واتە دۆلار..دۆلار و بازاڕیش پێکەوە واتە لیبراڵیزمی سەرمایەداریی، دۆلار و بازاڕ و

لیبراڵیــزم، واتــە بەهــا و ناســنامە و کەســێتی ئەمریــکا، ئەمریــکاش لــە دوای جەنگــی ساردەوە هیــچ شــوێنێکی ستراتیژیــی نییــە لــەم دونیایــە بنەوبارگــەی لێــی نەبێــت، هیــچ ڕێــرەوێکی ئاویــی نییــە ئــەو بەرژەوەندیــی تیانەبێــت و کۆنترۆڵــی نەکردبێــت، هیــچ شــتێك نییــە لەفــەزاو ئاسمانــدا بســوڕێتەوە، ئــەو وێنــە و ڤیدیــۆی نەگرێــت. واتــە ئەمریــکا سیاســەتێکی گــەردونی هەیــە، ئــەم زلهێــزە دەیــەوێ درێــژە بــە مانــەوەی خــۆی بــدات، تــۆ دەڵێــی چــی؟ لــە ئەنجامــدا، وڵاتانــی بەرهەمهێنــەری نــەوت بــە وابەســتەی تەکنەلۆژیــا و شــارەزایی و سیســتەمی دارایــی بیانــی دەمێننــەوە: بەتایبەتــی بەوابەســتەی ئــەو وڵاتانــە دەمێننــەوە (ئەمریــکا، بەریتانیــا، فەڕەنســا) کــە لــە ڕۆژئــاوا ڕۆڵیــان یەکلاکەرەوەیــە. هەروەهــا میکانیزمەکانــی نرخدانانــی وەک برێنــت یــان WTI بــە پێــوەرە جیهانییــەکان دادەنرێــت کــە تاڕادەیەکــی زۆر لــە دەرەوەی کۆنترۆڵــی وڵاتانــی بەرهەمهێنــەری نەوتــن.

نابێــت ئــەو ڕاســتییە لەبیــر بکرێــت کــە جیهانــی ســەرمایەداریی هۆکارێکــی ســەرەکی تەشەنەســەندنی کۆمپانیــا فرەڕەگەزەکانــە کــە لــە هەمــوو شــوێنێکی جیهــان ڕۆڵیــان هەیــە. (جەیمــس ڕۆزنــاو) یەکێکــە لــە زانــا دیارەکانــی ئەمریــکا، جەخــت لەســەر هاوجووتبوونــی جیهانگیریــی و ســەرمایەداری و سیســتمی جیهانــی نــوێ دەکاتــەوە، چونکــە جیهانگیــری بریتییــە لــە: ســەرلەنوێ ڕێکخســتنەوەی بەرهــەم و بەیەکداچوونــی پیشەســازییەکان بەنــاو ســنوورەکاندا و بڵاوبوونــەوەی بازاڕەکانــی پــارە دابینکــردن و لێکچونــی شــمەکە بەکاربــراوەکان لــە وڵاتــە جیاوازەکانــدا، هەمــوو ئەمانــە؛ ئــەو چالاکیانــەن کــە هەموویــان لەژێــر ناونیشــانی (جیهانگیریــدا) کۆدەبنــەوە. بــە بۆچوونــی ڕۆزنــاو دەســکەوتە زانســتییە بنەڕەتییەکانــی جیهانگیریــی بریتیــن لــە:

- بڵاوبوونەوەی زانیاری و تەشەنەکردنی لەناو هەموو خەڵکدا.
- نەمانی لەمپەر و سنوور هکان لەناو بازاڕ و ڕۆشنبیری و دەوڵەتەکاندا.
- گۆڕانــی ڕۆڵەکانــی دەوڵــەت و فەرمانەکانــی لــە دەوڵەتــی خۆشــگوزەرانی و بەرپرســیارێتی کۆمەڵایەتییــەوە بــۆ دەوڵەتــی پارێــزەری نــەرم، ئەمــەش بۆتــە بناغەیــەك بــۆ کەمکردنــەوەی کۆتــە گومرگیــەکان و هەڵوەشــاندنەوەی پلاندانانــی

ناوەنــدی و خۆدانــە دەســت کۆمپانیــا و دەزگا نێودەوڵەتیــەکان و نەهێشــتنی یــان کەمکردنــەوەی سەپاســی نیشــتمانی بــۆ ڕێخۆشــکردن بــۆ بنیاتنانــی ئــەوەی دەوڵــەت بەکەرتــی تایبــەت بکرێــت (بەکــەرتی تایبەتکــرانی دەوڵــەت).

- زیادبوونــی ڕێژەکانــی هاوشــێوەبوون و لێکچــوون لەنێــوان کۆمەڵــە و دەزگاکانــدا، پــاش باڵادەســتبوونی ڕۆشــنبیریی و کەلتــوری ئەمریکــی و داهێنانەکانــی بــواری تەکنەلۆژیــای زانیــاری و کۆمینیوکەیشــن و هەژموونــی لیبرالیزمــی نــوێ (Gül، M. 2011).

لـە ڕووی نـرخ دانانـەوە لـە بـازاڕی جیهانـی دا، جاران سـەرکردەکانی عـەرەب دەیانگوت "ئێمـە نەوتمـان هەیـە"، بـەڵام ئەمـڕۆ بـەرزی و نزمـی ئـەو نرخـە بەڕادەیەکـی زۆر کـەم نەبێـت لـە دەسـت وڵاتانـی عەرەبیـدا نەمـاوە. ئۆپیـک بـە تەنیـا لاواز دەردەکـەوت، تاوەکـو سـاڵی (٢٠١٦) ئۆپیـک پلـەس وەک گرووپێـک لـە پێنـاو بەرزبوونـەوەی نرخـی نەوتـدا پێکهـات. ئـەم گرووپـە بڕیـار لەسـەر کەمکردنـەوەی بەرهەمهێنـان، یـان ئاسـتی خسـتنەڕووی نـەوت بـۆ بازاڕەکانـی جیهـان دەدەن. ڕووسـیاش بڕیاردەرێکـی سـەرەکییە لـە ئۆپیـک پلەسـدا لەگـەڵ ئێـران لـە گرووپەکـەدا پێیـان خۆشـە نرخـی وزە بـەرز بێـت و خۆرئـاوا لـە قەیرانـی ئابوریـی وزەدا ببینـن. بـەڵام ئایـا ئۆپیـک پلـەس لـە ڕێگیریکـردن لـە دابەزینـی نرخـی نـەوت؟ سـەرکەوتوو دەبێـت

بەگشــتی، چەنــد خاڵێکــی پێشــوەختەی ســەلمێنراو هەیــە کــە بــۆ زانینــی پێشــوەختە گرنگــن:

**یەکــەم/** ســەرەڕای ئــەوەی پێشــکەوتنە تەکنەلۆژییــەکان و هەوڵــەکان بــۆ بەرهەمهێنانــی وزەی پــاک گەیشــتوونەتە ئەوپــەڕی، بــەڵام پێداویســتی جیهــان بــۆ بەکارهێنانــی نــەوت و گازی سرووشــتی تــا دێــت زیــاد و زیاتــر دەکات.

**دووەم/** هایدرۆکاربــۆن بەگشــتی و نــەوت بەتایبــەت، لــە نێــوان گەلانــی جیهانــدا زەمینەیەکــی هاوبەشــن-Common Ground. واتــە سیاســەتی نــەوت و گاز تەنیــا پەیوەندیــی بــە وڵاتــی بەرهەمهێنــەر یــان خانەخوێــوە نییــە، بەڵکــو لەهــەر حاڵەتێکــدا، ئەوانــی تــر لــە هــەر گۆشــەیەکی دونیــاوە مــاف بەخۆیــان دەدەن ســەبارەت بــە پرۆســە نەوتییەکانــی هــەر جێگەیــەک دەســتوەردان، یــان کۆمێنتیــان هەبێــت.

**سێیەم/** ئۆپێک لە ساڵی (١٩٦٠) بە ئامانجی هەماهەنگی سیاسەتەکانی نەوت و دەستەبەرکردنی نرخێکی دادپەروەرانە و جێگیر لە لایەن عێراق، ئێران، کوێت، سعودیە و ڤەنزوێلا لە بەغدا دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوە جیهانییە (١٣) وڵاتی لەخۆگرتووە کە بە شێوەیەکی سەرەکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقان. نزیکەی (٣٠٪)ی نەوتی جیهان بەرهەم دەهێنن. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەندێک ئالنگاری بۆ کاریگەرییەکانی ئۆپێک هەبووە، زۆرجاریش لە ئەنجامدا دابەشبوونی ناوخۆیی لێدەکەوێتەوە، بەڵام پاڵنانی جیهانی بەرەو سەرچاوەی وزەی پاکتر و دوورکەوتنەوە لە سووتەمەنی بەردینی دەتوانێت لە کۆتاییدا باڵادەستییەکەی کەم بکاتەوە. ئەمەش وایکرد ئۆپێک لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ لەگەڵ ١٠ وڵاتی گەورەی نەوتی دیکەی جیهان کە هەناردەکاری نەوتن و ئەندامی ئۆپێک نین، لەنێویاندا ڕووسیا، هاوپەیمانی بەناو ئۆپێک پڵەسیان پێکهێنا. ئۆپێک پلەس نزیکەی (٤٠٪) ی بەرهەمهێنانی نەوتی جیهان پێکدەهێنێت و ئامانجی سەرەکی ڕێکخستنی دابینکردنی نەوتە بۆ بازاڕەکانی جیهان (Economic Times، 2023)، لەناو ئۆپیک پڵەسدا، پێشەنگەکان بریتین لە ڕووسیا و سعودییە کە بە ڕێککەوتن، ڕووسیا لە (٢٠٢٣) دا (١٠.٩٦) دە ملیۆن و نەوەت و شەش هەزار، سعودییەش (١٠.٧٧) دە ملیۆن و حەفتاوشەش هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بەرهەمهێناوە (Economy Middle East، 2024).

کەواتە، ئۆپیک پڵەس کە (٢٣) وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوتن، بەڕادەی (٤٠٪) کاریگەرییان بەسەر نرخی جیهانی نەوتەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەدا، ئۆپیک پڵەس تاکە فاکتەر نییە کاریگەریی دەخاتە سەر نزمی و بەرزی نرخی نەوت. واتە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت کە پێشنینی و خەمڵاندن دەکەن بۆئەوەی نرخی نەوت بە چەند دۆلار لە بودجەدا بۆ ساڵی ئایندە دیاری بکەن، یان بۆ هەر پرسێکی دیکە، نابێت بە تەنیا فاکتەری ئۆپیک بە گرنگ بزانن.

جگەلەوانەی سەرەوە، نرخی وزە بابەتێکی جەوهەرییە، بەتایبەتی بازاڕی نەوت، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە؛ بازاڕێکی سەقامگیر نییە؟

ئێمە نۆ هۆکاری هەمیشەیی دەست نیشان دەکەین بۆ نزمبوونەوەی نرخی

نـەوت کـە بێگومـان هـەر ئـەو فاکتەرانەشـن دەبنـە هـۆی بەرزبوونـەوەی:

**یەکـەم/** کەمبوونـەوەی دەسـتەڵاتی ئۆپیـک لـە بـازاڕی وزەی جیهانـی دا بـۆ نـرخ دانـان (التسـعیر).

**دووەم/** بوونـی زسـتانێکی مامناوەنـد لـە بەشـە باکوورییەکـەی گـۆی زەوی، وا دەکات خواسـت لەسـەر نـەوت کـەمتر بێـت.

**سـێهەم/** جیـا لـە بڕیارەکانـی لـە نـاو ئۆپیکـدا دەدرێـن، بڕیاردانـی عێـراق یـان سعودیە وەک وڵاتێکـی سـەرەکی ئۆپیـک بـۆ زیادکردنـی بەرهـەم (خسـتنەڕوو)ی نـەوت. بـۆ نموونـە سـاڵی ٢٠١٦ عێـراق بڕیاریـدا لـە ٣.٣ ملیـۆن و سێسـەت هـەزارەوە ئاسـتی بەرهـەم بـۆ ٤.٣ ملیۆنـی ڕۆژانـە بەرزبکاتـەوە!. ئەگەرچـی عێـراق نەیتوانـی و نەگەشـتە ئـەوەی بۆ-خـۆی دەیویسـت. بـەڵام کاریگەریـی لەسـەر نرخـی نـەوت هەبـوو.

**چـوارەم/** بوونـی سـات و سـەوداگەرێکی زۆر کـە وەک برۆکـەر ( جامبـاز- دەڵاڵ) وان. ئـەم خاڵـە گرنگـە و کەمیـش بـاس دەکـرێ! ئەمانـە بڕێکـی زۆر نـەوت دەکـڕن، جـاری وا هەیـە بـە کەشـتی نـەوت دەکـڕن (زیاتـر لـە هۆڵەنـدا دەکـرێ یـان لـە فوجەیـرەی ئـیمارات)، یـان بەگشـتی لـە هەندێـک لـە بەنـدەرەکان، یاخـود لـە بـازاڕە داراییـەکان و بەشـێوەی ئۆنلایـن، لەنـاکاو دەبینـی نـەوت لـە بـازاڕ کـەم دەبێتـەوە، یـان لـە پـڕ بـۆ لێـدان لـە بەهـای دراوی وڵاتێـک کـە خۆیـان مەبەسـتیان بێـت، بڕێکـی زۆر دەخەنـەڕوو، یـان بـە دەسـتی دوو (ناڕاسـتەوخۆ) نەوتـی ناوچەیەکـی قەدەخەکـراو یـان سـزادراو دەکـڕن بـۆ سـاخکردنەوەی...ئیتر ئاوهـا.

**پێنجـەم/** دیـاردە ناوچەییـەکان، بـۆ نموونـە بۆکـۆ حـەرام لـە نەیجیریـا گرفـت درووسـت دەکات، داعـش لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، یاخـود گەڕانـەوەی وڵاتێکـی وەکـو ئێـران بـۆ بەرهەمێنانـی نـەوت، هەرکاتێـک سـزاکان لەسـەر ئێـران زیـاد بـکات کاریگـەری لەسـەر نرخـی نـەوت هەیـە، بـۆ نموونـە ڕەنگـە ئێـران وابـکات لـە ئاوەکانـی کەنـداو، یـان لـە حـەوزەی قەزوینـەوە نـەوت درەنـگتر بگاتـە بازاڕەکانـی جیهـان بـە هـۆی خراپـی دۆخـی ئەمنیـەوە. ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر بەرزبوونـەوەی نـرخ دەبێـت. هەرکاتیـش ئێـران دەسـت بکاتـەوە بـە بەرهەمهێنـان، کاریگـەری لەسـەر دابەزینـی نـرخ هەیـە.

**شەشـەم/** تـرس لـە (چیـن). چیـن گەورەتریـن وڵاتـی بەکاربـەری نەوتـە، ئەمریـکاش گەورەتریـن بەکاربـەرە، بـەڵام لەهەمـان کاتـدا ئەمریـکا بـۆ خـۆی گەورەتریـن ئاسـتی بەرهەمهێنانـی نەوتیشـی هەیـە.

**حەوتــەم/** کارەســاتە سروشــتیەکان ( بومەلــەرزە و تســونامیەکان، لافــاو، ســەرماو گەرمـا، نەخۆشـی و پەتـا و تاعـون).

**هەشـتەم/** دۆزینـەوە و بەرهەمهێنانـی نەوتـی بەردیـن ( زەیتـی سـەخەری) گوایـە! وەک جێگرەوەیـەک بـۆ نەوتـی خـاو لـە چەندیـن وڵات وەکـو ئەمریـکا و کەنـەدا و ئازەربایـنجـان و ئـەردەن و بەرازیـل .و.. تادوایـی. ئیشـیان لەسـەر کـردووە، زۆریـش سـەرکەوتو نەبـووە. چونکـە تـا پلـەی (٤٠٠) بەردەکـە گـەرم دەکـەن و بـۆ ژینگـە خراپـە و تێچـوی زۆرە و... تادوایـی.

**نۆیــەم/** هۆیەکـی تـری بـاس نەکـراوی نـا جێگیریـی نرخـی نـەوت، ئەمبارەکانـی نەوتـە، بەتایبەتـی لـە ئەمریـکا و ژاپـۆن و چیـن گەورەتریـن ئەمبـارەکان هـەن، خـەزن و ئەمبـاری دەکـەن. گەورەتریـن گرفتـی ئـەم ئەمبارانـە ( کـە ئەمریـکا لـە ژێـر زەوی و سـەرزەویدا هەیەتـی) ناشـەفافە. هەندێـک سـەرچاوە بـە (١٤) چـواردە ملیـار بەرمیلـی خەزنکـراو دەیخەمڵێنـن. وڵاتـان بـە شـەفافی و دیاریکـراوی باسـی ڕێـژەی خەزنکراویـان ناکـەن!. هەنـدێ جـار جەمسـەرەکان، یـان هێـزە هەرێمییـەکان ئەمـە بـۆ دەسـت و نینـۆک کردنـی یـەکتری بەکاردێنـن، ئەگـەر بیانـەوێ گـەڕ بـە یەکتریـدا بگـرن، سـەرەتا لـە ڕێگـەی گروپـە چەکـدار و میلیشـیاکانەوە پشـێوی لەناوچەیەکـدا دروسـت دەکـەن کـە زانییـان ئەمـە تـا ڕادەیـەک ئامانجـی پێـکاوە، ئینجـا لەگەڵییـدا لـە نـاکاو بڕێکـی نەوتـی زۆر دەخەنـە بـازاڕەوە بۆئـەوەی نـرخ داتەپێـت! یـان ئەگـەر بیانەوێـت زۆرتـر خـەزن دەکـەن بۆئـەوەی نـرخ بـەرز بێـت. کاتێـک ئۆپیـک پلـەس بڕیاریـداوە نـەوت کـەمتر بخاتـە بـازاڕەوە، نرخـی نـەوت و سـووتەمەنی بەگشـتی لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بەرزتـر دەبێتـەوە. ئەمـەش زیانـە بـۆ ئیـدارەی ئەمریـکا، کاتێکیـش ئەمریـکا نەتوانێـت میکانیزمێـک بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی نرخـی نـەوت بدۆزێتـەوە، ناچـار دەبێـت دەسـت بـۆ نەوتـە خەزنکراوەکانـی ببـات، ئـیتر نـەوت بەرزتـر دەبێتـەوە.

بەگشتی، لە ئاستی بازاڕی ئابوریی جیهاندا، خۆرئاوا تاڕادەیەکی زۆر توانیوییەتی کۆنترۆڵی پرسی وزە بکات، بەڵام لە ئاست گرژییە جیۆپۆڵەتیکییەکان و جیۆپۆڵەتیکیی وزەدا کورتی هێناوە: ئەنجامەکەی ئەوەیە، ئەمریکا بەتایبەت و خۆرئاوا بەگشتی هێشتا نەیانتوانیوە ڕێگە لە گرێژنە دەرچوونی نرخی نەوت و گاز بگرن، بۆ نموونە؛ کاتێک لە شووباتی ٢٠٢٢ شەڕەکەی ڕووسیا و ئۆکراینا دەستی پێکرد، یەکسەر خۆرئاوا (٩٣٠) دەماری ئابوریی و سیاسی و بانکیی و دیبلۆماسیی ڕووسیای بەئامانج گرت. بەڵام دوای ماوەیەک لە بەردەوامی جەنگەکە ڕووسیا دەستی کرد بەوەی وزەی خۆی بە ڕۆبڵی ڕووسی بفرۆشێت، نەک دۆلار؛ ئێستا تورکیا بەشێک لە وزەی خۆی بە ڕۆبڵ لە ڕووسیا دەکڕێت (Mediterranean Institute for Regional Studies. 2022). لە بەرانبەریشدا ئۆپیک پڵەس (کە ڕووسیا تیایدا لایەنێکی سەرەکییە) بە تەنیا ناتوانێت کۆنترۆڵی نرخی وزە بکات؟ نەک هەر لە بەرئەوەی ئەوان تەنیا (٤٠٪)ی نەوتی پێویست بۆ جیهان بەرهەمی دەهێنن، لەبەرئەوەی لە نێوان بارودۆخی ئابووریی و هەڵکەوتەی وڵاتانی ئەندام لە ئۆپیک پڵەس نا-چوونییەک هەیە، بۆنموونە دۆخی عێراق لە هیی ڕووسیا و ئەنگۆلا، یان ئەردەن و ئازەربایجان و سعوودییە ناچێت کە ئەندامن لە ڕێکخراوەکە.

لە کۆتاییدا، دوای زیاتر لە سەدەیەک لە کۆتایهاتنی یەکەمین جەنگی جیهانی؛ نەوت و گاز نەیانتوانی گەشەپێدانی مرۆیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرجەستە بکەن؟ گەشەپێدانی مرۆیی (التنمیە البشریە-Human Development) پرۆسەی ڕاهێنانی مرۆڤە، تا لەژینگەیەکی دروستدا کار لەسەر توانا و ئەزموون و مەهاراتەکانی خۆی بکات. لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی؛ چەمکی "گەشەپێدان" سەریهەڵدا، بۆ سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی ئەوروپا لەڕووی توانستە زانستی و فێرکاریی و ئابورییەکانەوە. ئیمڕۆکە ئەم زانستە زۆرترین پەیوەندیی لەگەڵ فۆڕمەکانی ئیدارە و پلانی ستراتیژیی و سیستەمی حوکمڕانی دروست (Good Governance)دا، پەیداکردووە. دەوڵەت بۆچی بڕەو بەتوانا ئابورییەکانی دەدات، گرینگی بە گومرک، بە ڕێگاوبان، بە ئاسایش، بە دیبلۆماسییەت، بە یاساکانی پەرلەمان دەدات، بێگومان بۆ خزمەتی تاکەکانی کۆمەڵگە. کەواتە دەوڵەت پێش ئەوەی بیر لە گەشەپێدانی سامانە سرووشتییەکان بکاتەوە، پێویستە پلانێک بۆ سامانی مرۆیی دابنات. نەوت و گاز لە لیبیا و

عێـراق و سـووریا چ مانایەکـی هەیـە کـە گەنجـان ڕێـگای مـەرگ دەگرنەبـەر و بـە ئاوەکانـی دەریـای ناوەڕاسـتدا بـۆ وڵاتانـی ئەورووپـا دەپەڕنـەوە ؟!

ئامانـج لەگەشـەپێدانی مرۆیـی ئەوەیـە وابـکات: هـاووڵاتی مەعریفـە و مەهـارەتی بەدەسـتخستن فێربێـت، لەڕێگـەی مەشـق و ڕاهێنـانی پەروەردەیـی و خوێنـدنی دروسـتەوە، تەمەنـێکی درێـژ و پـڕ لـە تەندروسـتی هەبێـت، لەڕێگـەی پلانی تەندروسـتی و دەرونی گونجـاوەوە. ژیانـێکی شایسـتەی هەبێـت لەڕێگـەی دابیـن کـردنی شـوێنی نیشـتەجێبوون و تـۆڕەکانی پاراسـتنی کۆمەڵایـەتی و ژینگـەی مادیـی و گرتنەبـەری سیاسـەتی پاراسـتنی ئاسـایشی خـۆراك و ژینگـەو ...تادوایـی. هەروەهـا هـاووڵاتی چێـژ لەمافـەکانی مـرۆڤ وەربگرێـت و گرەنتـی مـاف و ئازادییـە گشـتی و تاکەکەسـییەکانی بکرێـت.

## ٩.٣. جیۆپۆڵەتیکی وزە و ململانێی حەوزە ستراتیجییەکان

هەر لەسەرەتای (٢٠٢٢)ەوە، ڕووسیا و ئێران بە هۆی بۆن و بەرامی هەڵگیرسانی جەنگی ئۆکراینـاوە، چێژ لە گرانبوونی نرخی نەوت و گازی سروشتی دەبینن. مانگێك پێش هەڵگیرسانی جەنگەکە؛ دیمەنەکە بۆ ئەمریکا ترسناک دەردەکەوێت، پێویستە تاکتیکەکان ببنە ئامرازی گرینگی ململانێکە. مانگێک پێش ئەوەی پوتین جەنگ ڕابگەیەنێت، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕێگەی کاخەزێکی نافەرمییەوە کە بۆ بەشی پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتییەکانی وەزارەتی دەرەوەی یۆنان و ئیسرائیل و قوبرسی ناردووە، ڕایدەگەیەنێت؛ پاڵپشتییەکانی بۆ هێڵی بۆڕیی گازیی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی (East- Med) ڕادەگرێت، ئەمەش خەونەکەی ئیسرائیل و قوبرس بۆ هەناردەکردنی گاز لە دوورگەی "کریت- Crete" ی یۆنانەوە دەکوژێت! ئایا ئەم ململانێیانە زیاتر بە وزەوە پەیوەستن، یان قووڵایی مێژوویی و شارستانییان هەیە؟ هێڵەکانی بۆڕیی گازی سروشتی (جیۆپۆڵەتیکی نوێی وزە) هاریکاریی هەرێمایەتی بەدوای خۆیاندا دەهێنن، یاخود جەنگ و گۆڕانی ناوچەیی بەدوادا دێت؟

پێشوتر بە داتا ڕوونمان کردەوە کە پێداویستی جیهانی بۆ گازی سرووشتی لە ساڵی (١٩٨٠)ەوە تا (٢٠٢٤) بەردەوام لە زیادبووندا بووە. بەگشتی هەموو ساڵێک جیهان لە چاو ساڵی پێشوتردا (جگە لە ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ کە بە هۆی پەتای کۆرۆنا هاتوچۆی ئاسمانی و بەرهەمهێنانی جیهانی و ناوەندە پیشەسازییەکان تاڕادەیەکی زۆر وەستان) بڕێکی زیاتر لە گازی سرووشتی و نەوتی بەکاربردووە. لە سادەترین بینین دا، هێشتا نەوت و گازی سروشتی ڕیزبەندی یەکەمی کاڵا بازرگانییەکانی جیهانن، بەتایبەتی گازی سروشتی کە بە درێژایی جەنگی ئۆکراینا (٢٠٢٢ تا ٢٠٢٤) لە کاریگەرترین ساتەکانی تەمەنیدا بووە. هیچ کاتێك هێندەی ئەم ماوەیە گازی سروشتی کاریگەری نەبووە بە سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە. لێرەوە حەوزە جیۆ-ستراتیجییەکانی وزە پێویستییان بە لێکۆڵینەوە هەیە:

### ١.٩.٣. حــەوزەی یەکــەم: قەزویــن: ڕێــگای ئاوریشــمێکی نــوێ، ململانێیــەکی نــوێ، تەواوکارییــەکی نــوێ

قەزویـــن، لـــە جیهانـــدا گەورەتریـــن دەریـــای داخـــراوە، هەریەکـــە لـــە ئێـــران، ڕووســـیا، ئازەربایجـــان، کازاخســـتان و تورکمانســـتان دەکەونـــە ســـەر ئـــەم حـــەوزە: هەمووشـــیان بـــە پێـــی پۆلێـــن کـــردن خـــاوەنی یەدەگـــی بـــەرزی نـــەوت و گازی سروشـــتیین، لـــە ڕووی جوگرافییـــەوە لیـــنکی نێـــوان چیـــن و ئەوڕووپـــان، بـــە ســـەر دەریـــای ڕەش و بەلتیـــق و شـــاخەکانی قەوقـــاز دەڕوانـــن. لـــە ڕووی جیوپۆڵەتیکـــەوە ئـــەم ناوچەیـــە بـــە دڵـــی جیهـــان دەناســـێنرێت، هـــەر لایەنێـــك کۆنترۆڵـــی بـــکات ئـــەو لایەنـــە لـــە توانایدایـــە کۆنترۆڵـــی جیهـــان بـــکات (Mammadyarov. 2007). ئەمانـــە کوتلەیـــەکی ناوچەییـــن، دەمێکـــە چاویـــان لەوەیـــە تەواوکارێکـــی Integration- وەکـــو ئـــەوەی یەکێـــتی ئەوڕووپـــا بـــۆ خۆیـــان پێکـــەوە بنێـــن. لـــە دوای گرژییـــەکانی ســـاڵی (٢٠٢١)ی نێـــوان ئەرمینیـــاو ئازەربایجـــان دەرکـــەوت ڕووســـیا هەژمـــون و هاوپـــەیمانی تـــەواوەتی لـــەم ناوچەیـــە هەیـــە. بـــە کورتییەکـــەی نزیکـــەی (٤٠٪ بـــۆ ٤٥٪)ی یەدەگـــی گازی سرووشـــتی دەکەوێتـــە ئـــەم حـــەوزە، هەریـــەک لـــە ڕووســـیا، ئێـــران، ئازەربایجـــان، تورکمانســـتان کاریگەریـــی تەواویـــان بەســـەریدا هەیـــە:

لـــە دوای جەنگـــی ئۆکرایـــن، چـــیتر ئەوڕووپـــا بـــە گازی ڕووســـیا خـــۆی گـــەرم ناکاتـــەوە؟ لەڕاســـتییدا، ســـێ یەکەمەکـــەی یەدەگـــی گازی سروشـــتی لـــە جیهانـــدا لـــە ئاســـیان: ڕووســـیا (١٩.٩٪)ی گازی سروشـــتی و ئێـــران (١٧.١٪)، ئینجـــا قەتـــەر لـــە حـــەوزەی کەنـــداوی عەرەبیـــدا، ئەگەرچـــی هاوپەیمانـــێکی ئەمریـــکا و دابینکـــەری ســـەرەکی گازی سروشـــتی ئەوڕووپایـــە، لەهەمـــان کاتـــدا قەتـــەر دۆســـتی تاڵیبـــان و هاوپـــەیمانی ئێـــران و تێگەیشـــتنی بەهێـــزی لەگـــەڵ ڕووســـیاش هەیـــە و خـــاوەنی (١٣.١٪)ی یەدەگـــی سروشـــتییە (واتـــە ئـــەم ســـێ دەوڵەتـــە پێکـــەوە ٥٠.١٪ پەنجـــا لەســـەدی گازی سروشـــتی جیهانیـــان بەدەســـتەوەیە). چوارەمیـــش ئەمریکایـــە (٦.٧٪) کـــە بـــۆ پێویســـتی ناوخۆیـــی زیاتـــر لـــەوە بـــە کار دەبـــات (Henderson. 2022). لـــە ڕووی بەکارهێنانـــەوە ئەوڕووپـــا ســـاڵانە (٥٤٠) ملیـــار مەتـــر ســـێجا گاز بـــەکار دەبـــات، ڕووســـیاش (٤٠٪)ی ئـــەو پێداویســـتییە دابیـــن دەکات، ئـــەوەش لـــە ڕێگـــەی هێڵـــی بـــۆڕی

نـۆرت ستریـم- ٢ (Nord Stream2) ەوە گازی سروشـتی ڕووسـیا بـە ڕێگـەی ئۆکرایـناوە دەگاتـە ئەڵمانیـا. وەک ڕۆیتـەرز باسـی دەکات، ئۆکرایـن خـۆی قازانجکـەرێکی باشـە لـە وەرگرتنـی باجـی تێپەڕبوونـی بـۆڕی گاز بـە وڵاتەکـەدا (Reuters. 2021). لەمیانـەی جەنگەکـەی ئۆکرایـندا، لـە ٢٧ ی سـێپتەمبەری ٢٠٢٢ دا، ئاشـکرا بـوو کـە لـە (٧٠) مەتـر ژێـر ئاوەکـەدا گازی سروشـتی لـە هێڵـی نۆرد-ستریـم ٢ دزەی کردووەتـە نـاو ئاوەکـەو بۆڕییەکـە کـوون بـووە! جۆزیـب بۆرێـل بەرپـرسی سیاسـەتی دەرەوەی یەکێتـی ئەوڕووپـا ڕووداوەکـەی بـە دەسـتی ئەنقەسـت ناوبـرد و ئامانجەکـەشی بـۆ ئـەوە گەڕانـدەوە کـە گازی سروشـتی لەسـەر ئەوڕووپـا گـرانتر بکەوێـت.

### ٢.٩.٣. جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا: دیبلۆماسی نەیتوانی بەر بە سەرهەڵدانی بگرێت

هەر بەسادەیی، جەنگی ڕووسیا و ئۆکراین ناکۆکییەک نییە لە نێوان دوو وڵاتدا، وەك بینیمان لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگەکەدا لە (٢٤ی فێبریوەری ٢٠٢٢) تاڕادەیەکی زۆر ئیتر سنوور و سەروەری وڵاتان بەگشتی کاڵبۆیەوە، چوونکە ئەمە بەیەکدادانی لایەنی کەمی دوو کیشوەری گەورە و دوو شارستانیەتی جیاوازە کە هەزاران ساڵە ململانێ لە نێوانیاندا دێت و دەچێت. هەر سەرەتاوە هەریەکە لە ڕووسیا، ئەورووپا، ئەمریکا، بەریتانیا، چین و ئۆکراینا بوونە بەشێک لە جەنگەکە، پریشکەکەی گەیشتۆتە تایوان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ناتۆ ئەگەرچی خۆی نەهاتۆتە جەنگەکەوە، بەڵام بەدرێژایی نزیکەی سێ ساڵی جەنگەکە چەک و ئامێرەکانیان لە جەنگەکەدا بوون، ئایا ئەم دووکەڵە گەورەیەی جیهانی گرتۆتەوە، هەر بە تەنیا وزە یان بۆڕییەکی گاز لێی بەرپرسیارە، لە ڕاستیدا کێشەکە لەکوێوە دێت؟

وەکو هەریەکە لە توێژەران: Stoicescu، K.، Nazarov، M.، Giles، K.، Johnson & M. D. (٢٠٢٣) لە سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ بەرگریی و ئاسایش ڕوونی دەکەنەوە، کاتێک لە ساڵی (١٩٩١) میخائیل گۆرباچۆڤ جاڕی کەوتنی ئیمپراتۆریەتی یەکێتی سۆڤیەتی دا: (١٦) لەبەرئەنجامی هەڵوەشانەوە یەکێتی سۆڤیەتەوە ژمارەیەک دەوڵەت سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، جیهان بە سەرۆکایەتی ئەمریکاو ناتۆ پێی خستە قۆناخێکی جیاوازەوە، ڕووسیاش، بەو مەرجەی هەژموون و سنووری ئێستای بپارێزرێت، دانی بەو سیستەمە نوێیەدا نا، بەڵام لەدوای ساڵی (١٩٩٩)ەوە بینییان ئەمریکا و ئەوروپا هەریەکە لە پۆڵەندا، هەنگاریاو چیك بانگهێشتی یانەی ئەوروپی دەکرێن و دەیانکەن بە ئەندامی ناتۆ. ئەمریکا دڵنیایی دا، چەکی ئەتۆمی لەو وڵاتانە جێگیر ناکات و ڕووسیاش بێدەنگی هەڵبژارد.

ساڵی (٢٠٠٤) جۆرج دەبلیو بوش، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە وتەیەکیدا ڕاگەیاند"ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، بولگاریا، لیتوانیا و ئیستۆنیا" دەبن بە ئەندامی ناتۆ! هەموو ئەم وڵاتانە پێشوتر بە دەست یەکێتی سۆڤیەتەوە بوون. بۆیە کرملین بەو باوەڕە گەیشت هەڕەشەکە بە توندی

وەربگرێـت. پاشـان سـاڵی (٢٠٠٨) ئیـدارەی ئەمریـکا بـە سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی بـاراك ئۆبامـاو ئەندامێتـی هەریەکـە لـە: بولگاریـا، نەمسـا، تورکیـا و ڕۆمانیـا پـرۆژەی هێڵـی بـۆڕی نابۆکـۆ-Nabucco Pipeline ئیمـزا دەکـەن، بـۆ گواسـتنەوەی گازی سروشـتی لـە ناوەڕاسـتی ئاسـیا (لـە قەزوینـەوە)وە بـۆ ناوەڕاسـتی ئەوڕووپـا، (ئـەم گازە و هێڵەکـەش بـە بناگوێـی ڕووسـیادا ببـەن و هیـچ ئـەرزشی بـۆ دانەنێـن).

لەگـەڕێکی تردا..بەهـۆی نزیکـی زۆری لـە ڕووسـیا و پۆتینـەوە، بـە پاڵپشـتی ئەمریـکا و ئەوڕووپـا خـەڵکی ناڕازی ئۆکراینا سـاڵی (٢٠١٤) ڤیکتور یانۆکۆفیچـی - Viktor Yanukovych سـەرۆکی ئۆکراینایـان دووچـاری هەڵهاتـن بـۆ مۆسـکۆ کـرد و کۆشـکە شاهانەیەکەشـیان کـردە مۆزەخانـە. تیمـێکی دیکەیـان هێنایـە پێشـەوە کـە لـە خۆرئـاواوە نزیکـن، ماوەیـەکی زۆر بـوو لـە هەوڵـی ئـەوەدا (بـوون) ئۆکرایـنا بکـەن بـە ئەندامـی ناتـۆ! ئەمجارەیـان، ڕووسـیا بیـری لـەوە کـردەوە نیمچـە دوورگـەی قـرم (کریمیـا) بخاتەوە ژێـر ڕکێفی خۆیـەوە. بـۆ ئەمـەش سـاڵی (٢٠١٤) شـەڕی کریمیـای کـرد (کریمیـا: دەکەوێتـە باکـوری دەریـای ڕەش و باشـووری ئۆکراینـاوە، دوورگەکـە لـە ڕووی سـەربازیی و ماددییـەوە پێگەیـەکی گـەورەی هەیـە، بەتایبـەت مینـای سیفاسـتوبول کـە زۆربـەی هێـزە جیهانییـەکان لەوێـوە بـەر یەککەوتـوون). بـە داگیرکـردنی کریمیـا ئـیتر هاوپەیمانـان ناتوانـن لـە خـوارەوە (لەدەریـای ڕەشـەوە) هیـچ هاریکارییـەکی سـەربازییان پـێ بـگات. جگـە لـەوەی مەترسـیی بـە یەکداکێشـانی ناتـۆ و ڕووسـیا لـە قـرم هێڵـی بۆڕیـی نابۆکـۆی پەکخسـتم بەتایبەتـی ئەوکاتـە جیهـان بـە شـەڕی دژە تیـرۆر (داعـش)ەوە سـەرقاڵبوو.

لـە سـاڵی (٢٠١١)، هەڵگیرسـانی قەیـرانی سـووریا، بیانـووی دایـە ڕووسـیا بپەڕێتـەوە بـۆ دەریـای سـپی ناوەڕاسـت، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش لـە دەریـای ڕەشـەوە بـە ئـاوەکانی مەڕمـەڕەدا کەشـتییە سـەربازییەکانی ڕووسـیا گەیشـتنە مینـای تەرتـوس لـە سـووریا. بەمجـۆرە ڕووسـیا بووەتـە لایەنـێکی گرنگـی جەنـگ و ململانێـکان لـە سـووریای دوای بەهـاری عەرەبـی. ئیـدارەی ئەمریـکاش پەلهاویشـتنە ئابوورییـەکانی چیـن و سـەربازییەکانی ڕووسـیایان بـە گەورەتریـن مەترسـی لەسـەر ئاسـایشی نیشـتیمانی خۆیـان پێناسـەکرد. بۆیـە لـە سـاڵی (٢٠١٦) لـە ڕۆمانیـا و لـە سـاڵی (٢٠٢٠) لـە پۆڵەنـدا چـەك و مووشـەکی دوورهاوێژیـان جێگیرکـرد (Stoicescu، K.، Nazarov، M.، Giles، K.، & Johnson، M. D. 2023 :pp 2-7).

### ٣.٩.٣ تیـۆری ئاڵۆزیـی ئاسایشـی ناوچـەی : کێشـەی ئاسایشـی ناوچەیـی لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکاندا

تیـــۆر لەنـــاو بابـــەتی پەیوەندییـــە نێودەوڵەتییەکانـــدا بـــۆ تێگەیـــشتن لـــە دیـــاردەکان یارمەتـــی زیاترمـــان دەدات. ســـاڵی (١٩٨٣) تیـــۆری بـــە ئەمنیەتکـــردن "بـە ئاسایشـکردن" بـە شـێوەیەکی سیسـتماتیکی لـە میانـەی لـە چاپـدانی کتێبەکـەی "بـاری بـوزان-Barry Buzan" خەڵـك، دەوڵـەت، تـرس: کێشـەی ئاسـایشی نیشـتیمانی لــە پەیوەندییــە نێودەوڵەتییەکانــدا" ســەری دەرهێنــا. دواتــر، تیــۆری ئاسایشســازی کـە لەلایـەن ئۆلـی وەیڤـە و بـاری بوزانـەوە بەرگریـی لێکـرا بـووە هـۆی بوونیادنانـی قوتابخانـەی کۆپنهاگـن بـۆ توێژینـەوەی ئەمنـی و پـەرەی پێـدرا.

ئـەم تیـۆرە "بـە ئەمنیکـردن-Securitization" کـە جەخـت دەخاتـە سـەر ئاڵۆزیـی ئاسایشـی ناوچەیـی، ئایـا چـۆن ئەکتـەرە سیاسـییەکان پرسـە تایبەتـەکان وەک هەڕەشـەی وجـودی بنیـات دەنێـن، بەمـەش ڕەوایەتـی بـە ڕێوشـوێنی نـاوازە دەدەن و وەڵامدانـەوەی خێـرا پێشـکەش دەکـەن. بەپێـی ئـەم تیۆرییـە، ئاسـایش مەرجێکـی بابەتیـی نییـە، بەڵکـو بوونیادێکـی کۆمەڵایەتییـە کـە لـە ئەنجامـی کـردەوەی قسـەکردنەوە دێتـە ئـاراوە کـە پرسـێک وەک بابەتێکـی ئەمنـی لـە چوارچێوەیەکـدا دادەنرێـت:

لێـرەدا وەک ئیرۆکۆمۆنـۆف (٢٠١٨) باسـی دەکات. بـە ئەمنیەتکـردن ئەوەیـە کاتێـك پرسـێك بـە "هەڕەشـە" و "مەتـرسی" ناوەزنـد دەکرێـت، ئـیتر دەبێـت دەسـتەڵاتی کۆمەڵایـەتی و سـیاسی بـۆ ئامادەبکرێـت. بـە مانایـەکی تـر پرسـە ئەمنییـەکان هـەر لـە دەرەوە نایـەن، بەڵکـو دەبێـت لەنـاوەوە لەلایـەن ئەکتـەرە ئەمنییەکانـەوە ناویـان لـێ بنرێـت، بـۆ نموونـە ناونـانی " کۆچبـەران " بـە مەتـرسی لەسـەر ئاسـایشی نیشـتیمانی، وا دەکات ئـیتر "کۆچبـەر" لـە پرسـێکی کـەمتر لـە پێشـینەوە بگۆڕێـت بـۆ بابەتێـك کـە ڕاسـتەوخۆ ڕووبـەڕووی ببنـەوە، لـە هەمـوو ئاسـتەکانی "سـنوورەکان"دا. ئـەم تیـۆرە جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە خـۆی لـە بنەڕەتـدا پرسـەکان مەترسـیدار نیـن، بـەڵام کـە "بـە ئەمنـی دەکرێـن" ئـیتر دەبنـە کێشـەی ئاسـایش. ئینجـا ئـەم "ئاسایشـە" پێشـووتر لەچوارچێوەیـەکی تەسـکدا لـە میانـەی جەنگـی سـاردی سـۆڤیەت و ئەمریـکادا وەك پـرسی ڕووبەڕووبوونـەوەی سـەربازیی دەبـینرا. بـەڵام دواتـر "ئاسـایشی ناوچەیـی" و

"ئاسایشی وزە" و "ئاسایشی ژینگە" و "ئاسایشی کۆمەڵایەتی" و "ئاسایشی ئەلیکترۆنی" و... تادوایی هاتە ناو دونیای نوێوە. لێرەوە "پرسەکان" یان "دیاردە نوێیەکان" هەموویان بە ئەمنی دەبن، وەک هەڕەشە بۆ سەر کەلتور و ناسنامە و ئاستی ئابوریی و داهات وێنا دەکرێن. ئاسایش لێرەدا دەبێتە چەمکێکی فراوان و تەنیا توانای سەربازیی و دامەزراوەی پۆلیس ناگرێتەوە. تیۆری بەئاسایشکردن ئەوەمان بیردەخاتەوە کە تەناهیکردن کردەوەیەکی بێلایەن نییە، بەڵکو کردەوەیەکی سیاسییە. لەو خاڵە دەستپێکەوە دەتوانین قووڵتر هەڵکەنین و لێکۆڵینەوە لە نا-ئەمنییە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بکەین (Eroukhmanoff، C. 2018).

بەکورتییەکەی، ئاسایش تەنیا بەرگری سەربازیی دەوڵەت نییە، بەڵکو x و y و z شە، ئەمەش لەلایەن لایەنگرانی قوتابخانەی ڕیالیزمەوە تووشی ڕەخنە لێگرتن بۆتەوە، چوونکە تیۆری بە ئاسایشکردن پێیوایە، ئیتر باوی ئەوە نەماوە تۆ هەموو شتێک تەنیا لە هێز و توانا و بەرگریی دەوڵەتدا کورت بکەیتەوە، بەڵکو ئەوە دیدێکی بەرتەسکە بۆ ئاسایش، پێویستمان بە تێگەیشتنێکی فراوانتر هەیە بۆ "ئاسایش"، لێرەدا کاریگەرییە بەدبەختەکەی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە کایەی ئاسایش بە شێوەیەکی بێکۆتا فراوانتر دەکات. بەڵام ڕەنگە چانسی ئەم تیۆرە لە ناو ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، لە دوای جەنگەکانی ئۆکراین و غەزە بەرزتر بووبێتەوە، بەو پێیەی داوا دەکات کێشە ناوچەییەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا چارەسەریان بۆ بدۆزرێنەوە، پێش ئەوەی ببن بە گرفتێکی جیهانی، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک عێراقدا، ئەگەر وڵاتانی خۆرئاوا پێکەوە هاوکار بن بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی، بەهێزکردنی دامەزراوەکان، سزادانی ئەوانەی پێشوتر خراپ حوکمڕانییان کردووە و سامانیان کەڵەکە کردووە ، ئەوا ئیتر گەنجەکانی وڵات بەرەو وڵاتانی ئەوڕووپا و ئەمریکا کۆچ ناکەن و ئێرانیش بە ئارەزاووی خۆی دەست لە عێراق وەرنادات، یاخود کێشەکانی خراپی کەشوهەوا، کێشەی ماددەی هۆشبەر و توندڕەویی لە عێراقەوە بەرەو جیهان تەشەنە ناکات (وەک لە بەشی چوارەم دا باسی دەکەین).

بەهەمان شێوە، شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا کاریگەری قووڵی ناوچەیی هەبووە، بەتایبەتی لە ئەوڕووپای ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی دەوروبەری. ئەم ململانێیە نیگەرانی

بەرچـاوی ئەمنیـی لێکەوتـەوە و داینامیکـی ئابـووری لـە ناوچەکـەدا تێکـداوە و کاریگـەری لەسـەر وڵاتانـی دراوسـێ و پرۆسـەکانی یەکگرتنـی ناوچەیـی دروسـتکردووە. ڕوانگـەی ناوچەیـی شـەڕی ئۆکرانیـا و ڕووسـیا تیشـک دەخاتـە سـەر ئـەو نیگەرانییـە بەرچاوانـەی ئەمنـی و پچڕانـی ئابـووری و ڕەچاوکردنـی ئاسایشـی وزە کـە وڵاتانـی دراوسـێ لـە ئەوڕووپـای ڕۆژهـەڵات ڕووبەڕوویـان بووەتـەوە.

ئـەم ململانێیانـە بووەتـە هـۆی دووبـارە هەڵسـەنگاندنەوەی تواناکانـی بەرگـری و زیادبوونـی ڕێوشـوێنە ئەمنییەکانـی سـنوورەکان و گفتوگۆکـردن لەسـەر ڕێکخسـتنە ئەمنییەکانـی ناوچەکـە. لـە ڕووی ئابوورییـەوە وڵاتانـی دراوسـێ بەهـۆی پەککەوتنـی بازرگانـی و کاریگەریـی سـزا ئابوورییـەکان لەسـەر ڕووسـیا تووشـی ئاسـتەنگ بـوون. هەوڵـەکان بـۆ هەمەچەشـنکردنی بـازاڕەکان و بەرزکردنـەوەی ئاسایشـی وزە بووەتـە ئەولەیەتێـک، دەستپێشـخەرییە ناوچەییـەکان کـە گرینگـی بـە سـەرچاوەی وزەی جێگـر و پەیوەندییەکانـی نێوانیـان دەدەن. هەروەهـا ئـەم ململانێیـە کاریگـەری لەسـەر پرۆسـەکانی یەکگرتنـی ناوچەیـی هەبـووە کـە کاریگـەری لەسـەر هاوبەشـی ڕۆژهەڵاتـی یەکێتـی ئەوڕووپـا و هاوسـەنگی هێـز لـە ئەوڕووپـای ڕۆژهـەڵات هەیـە. کاریگەرییـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی ئـەو شـەڕە، گـرژی و دووبەرەکییەکانـی نـاو وڵاتـان زیاتـر گەورەتـر کـردووە. ڕەچاوکردنـی ئـەم دیـدگا ناوچەییانـە بـۆ تێگەیـشتن لـە کاریگەرییـە فراوانەکانـی شـەڕی ئۆکرانیـا و ڕووسـیا و پەرەپێدانـی ستراتیـژی کاریگـەر بـۆ پێشخسـتنی سـەقامگیری، خۆڕاگـری و هـاوکاری ناوچەیـی لـە بەرامبـەر گرژییـە بەردەوامـەکان گرینگـە (Bilali، C. B.، Odhiambo، E. O. S.، & Kisito، J. M. 2023).

کاتێـك لەسـاڵی (٢٠٢١) دا لـە نـاکاو هێـزەکانی ئەمریـکا لـە ئەفگانسـتان کشـانەوە، لەمـاوەی کـەمتر لـە هەفتەیەکـدا تـەواوی ئەفگانسـتان، بـە بەهـای (٨٥) ملیـار دۆلار چـەك و کەرەسـتەی سـەربازیی ئەمـریکی کەوتـە دەسـت بزووتنـەوەی تاڵیبـان. ئەمـەش پرسـیاری گـەورەی لەسـەر کەسـێتی ئەمریـکا لـە جیهـان دروسـت کـرد. زیاتـر لـەوەش بـووە بـە هاندەرێـك بـۆ پۆتیـن و گـوڕی وەرگـرت، ئـیتر لـە زسـتانێکی سـارددا هـەم گەمـارۆی وزە بخاتـە سـەر ئەوڕووپـا و هـەم بیرۆکـەی داگیرکـردنی ئۆکرانیـا بخاتـە جێبەجێکردنـەوە. ئۆکراینـا پێشـوتر (٢٠٠)

ساڵ لەژێر فەرمانڕەوایی ڕووسەکاندا بووە، بەلای ڕووسەکانەوە ئۆکراینا بەشێکی گرنگە لە ناسنامە و زمان و جوگرافیا و ڕەسەنایەتی ڕووس کە هەر ماوەی جارێك ناتۆ و ئەمریکا دەستی لە بەرژەوەندی خۆیان تێوەردەدەن (Stoicescu، K.، Nazarov، M.، Giles، K.، & Johnson، M. D. 2023: pp 2-7).

هەر لە سەرەتای جەنگەکەوە نرخی نەوت لە (٦٠) دۆلارەوە گەیشتە (٩٤) دۆلار، وۆڵ ستریت جۆرناڵ وابینی نرخی نەوت بگاتە (١٠٠-١٢٠$) دۆلار (Dezember، R. 2022، January 27)، دواتر نەوت گەیشتە هەمان نرخ و زیاتریش. لە ڕاستییدا، بەرپابوونی قەیرانی گەورەی گازی سروشتی لە ئەورووپا، فرۆشتنی گاز و سوتەمەنی و دانەوێڵەی ڕووسی بە دراوی وڵاتەکە خۆی "ڕۆبڵ" مانای وایە ڕووسیا کاری خۆی سەرکەوتووانە کردووە، ئیدارەی ئەمریکاش کارتەکانی لاوازن. تەنانەت ئیدارەی بایدن داوای کرد ئۆپیك ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەرزتر بکاتەوە، ئۆپیك هەر لە سەرەتاوە گوێیان بە داواکەی نەدا، پێچەوانەکەشیان کرد! هەریەکە لە ڕووسیا، چین و ئێران سێ فاکتەری گەورەن لە سەر نرخی وزە لە جیهان و هاوپەیمانی یەکترن. لەلایەکی ترەوە، خاڵێکی دیکەی لاوازی ئەورووپا ئەوەیە، سوپایەکی یەکگرتوویان نییە، هەموو بوونی سەربازیی خۆیان بەستۆتەوە بە "ناتۆ"وە، ناتۆش لە ژێر هەژموونی ئەمریکادایە.

### ٤.٩.٣. هێڵـی بۆڕیـی گاز لـە ڕۆژهـەڵاتی دەریـای سـپی: ئایـا بـۆڕی گاز هاریکاریـی هەرێمایەتـی پێـش دەخـات؟

ڕۆژهەڵاتـی دەریـای سـپی: یۆنـان، مـیسر، ئیسرائیـل، لوبنـان، قوبـرس، تورکیـا، سـووریا و خاکـی فەلەسـتین دەگرێتـەوە، ئەمانـە سـنووری ئاویـی هاوبەشـیان هەیـە. لـە ئەیلوولـی ٢٠٢٤ دا، نوێتریـن کتێبـی زانسـتیم بەناونیشـانی " شـیکردنەوەی داینامیکـی هایدرۆکاربۆنـی ڕۆژهەڵاتـی دەریـای ناوەڕاسـت: هەڵدانـەوەی گۆڕانکارییـە ناوچەییـەکان" :Deciphering Eastern Mediterranean Hydrocarbon Dynamics Unraveling Regional Shift لـە لایـەن گرووپـی ئیمراڵـد لـە جیهانـدا بڵاوکراوەتـەوە، لێـرەدا گرینگـی جیۆ-ستراتیجـی و ئابوریـی ڕۆژهەڵاتـی دەریـای سـپی خراوەتـەڕوو، لەگـەڵ ئـەو قەیرانـە هەنوکەییانـەی لـەم ناوچەیـەدا هـەن. بـە پێـی کتێبەکـە زانینـی ئـەوەی جـۆر و شـێوازی دابەشـبوونی پەیوەندییـەکانی هێـز لـە پەیوەنـد بـە پـرسی وزەدا چۆنـە، ئـەوە بـەستراوە بـە ناسـینی حەوزە-ستراتیجییـەکانی وزە و هاوپەیمانێتییـەکان لـەو ناوچانـە، ئەمەیـە "جیۆپۆڵەتـیکی وزە":

سـاڵی (٢٠١٠) هەریەکـە لـە قوبـرس و ئیسرائیـل جـاڕی ئەوەیانـدا لـە سـنوورە ئاوییـەکانی خۆیـان لـە ژێـر ئـاودا گازی سروشـتییان دۆزیوەتـەوە. لـە (ئۆگەسـتی ٢٠١٩) هەریەکـە لـە قوبـرس و ئیسرائیـل و یۆنـان بـە پاڵپشـتی ویلایەیەکگرتـوەکان لـە ئەسـینا ڕێککەوتنیـان بـۆ هاوپـەیمانی گازی سروشـتی واژۆکـرد. تەنانـەت فرانـك فانـون -Frank Fannon یاریـدەدەری وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا بـۆ سـەرچاوە سروشـتییەکان ئامـادەی کۆبوونەوەکـە بـو. بەیەکیشـەوە هەریەکـە لـە مـیسرو قوبـرس و ئیسرائیـل و یۆنـان لوتکـەی دەریـای سـپی ناوەڕاسـتیان بـۆ وزە هەیـە، هـەردوو سـەرۆك و وەزیـری دەرەوەی پێـشwوی ئەمریـکا ترامـپ و مایـك پۆمبیـۆ پاڵپشـتی گەورەیـان بـۆ پرۆژەکـە ڕاگەیانـد. دۆزینـەوەی ئـەم یەدەگـە لـە کێڵگـەکانی تامـار و لێڤاتانـی-Leviathan ئیسرائیـل و ئەفرۆدیتـی-Aphrodite قوبـرس؛ لـە باشـووری حـەوزەی دەریـای سـپی ناوەڕاسـت، لەلایـەك تورکیـای نیگـەران کـرد، لەلایەکـی دیکـەوە وەك خەونـێکی ستراتیجـی لـە باشـووری ئەوڕووپـا هاتـەدی کـە ئیـدی ئەوڕووپـا پێویسـتی بـە گازی سروشـتی ڕووسـیا نابێـت و گاز لـە قوبـرس

(وەك وڵاتـــێكی ئەوروپـــی) و ئیسرائیلـــەوە هـــاوردە دەكات. لەســـەرەتای (٢٠٢١) دا بوونیادنانـی هێڵـی بـۆری ڕۆژهـەڵاتی دەریـای سـپی- East- Med Pipeline بـە درێژایـی (١٩٠٠كـم) و بـە بـڕی (٧) ملیـار دۆلار بـۆ گواسـتنەوەی گازی سروشـتی ئیسرائیـل و قوبـرس كەوتـە كار (ڕەنگـە لـە ئاینـدەدا گازی كەنـداو و هەرێمـی كوردسـتانیش!) لـە ڕێگـەی یۆنانـەوە بـۆ ئیتاڵیـا و مەكەدۆنیـا و سربیـا و...تادوایـی (Jabbar. 2024).

ئەم پرۆژەیە هەراو گۆڵمەزی زۆری پێوەیە:

- لـەو ناوچەیـە كێشـەی دوورگـەی قوبـرس بـە هەڵواسراوەیـی ماوەتـەوە، توركیـا دان بـە دەوڵـەتی قوبـرسی یۆنانیـدا نانێـت و قوبرسـە توركیەكـەش لەلایـەن كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتییـەوە بـە پەراوێزخراوەیـی ماوەتـەوە، گرفتـی گازی سروشـتی ئەمـەشی قوڵتركردۆتـەوە. هـەر سـێ تـەوەرە سـەرەكیەكەی گازی سروشـتی پەیوەندییـەكی خراپیـان لەگـەڵ توركیـا هەیـە: قوبـرس- یۆنـان- ئیسرائیـل، ئەمـەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی پرۆژەكـە توركیـا پەراوێـز بخـات و گرژیـی ناوچەیـی لـێ بكەوێتـەوە.
- ڕووسـیا لـە سـووریا خـۆی جێگیركـردوە، توركیـاش نایەوێـت ناوچـەكانی باكـووری ڕۆژهـەڵاتی سـووریا كـە یەدەگـی نـەوت و گازی سروشـتیان تێدایـە بـە دەسـت هێـزە كوردییەكانـەوە بـن.
- دەریـای سـپی ناوەڕاسـت بـۆ خـۆی یەكتربڕینـی نێـوان سـێ كیشـوەرە: ئاسـیا، ئەفریـكا و ئەوڕووپـا (هەریەكـە لـە میـسرو ئیسرائیـل و قوبـرس و یۆنـان و توركیـا) سـنووری ئـاوی هاوبەشـیان هەیـە.
- گرفتـی ژینگـە، كۆچبـەران، قاچاخچێتـی كـردن بـە مـرۆڤ و... تادوایـی لـەم ناوچەیـە بەردەوامـی هەیـە.
- جێگیربوونـی كەشـتی سـەربازیی ئیتاڵیـا و فەڕەنسـا وەك دوو وڵات كـە دەكەونـە سـەر دەریـای سـپی بـۆ دژایـەتی مانـۆڕەكانی توركیـا.
- جێگیربوونـی كەشـتی سـەربازیی ئەمریـكا و بەریتانیـا لـە دەریـای سـپی، هەروەهـا ڕۆڵـی قوبـرس لـە پشـتگیریی ئیسرائیـل لـە میانـەی جەنگـی غـەززە.
- هانـدانی ئیسرائیـل لـە دەوڵەتێـكی هـاوردەكاری گازی سروشـتییەوە بـۆ بەرهەمهێنـەر و هەنـاردەكار (ئیسرائیـل: لـە نەوەتەكانـەوە گازی سروشـتی لـە

ئازەربایجانــەوە بــە خــاکی تورکیــادا هــاوردە دەکــرد، ماوەیەکیــش لــە ٢٠٠٨ تــا ٢٠١٢ لــە میــسرەوە گازی هــاوردە دەکــرد).

- لــە مــارتی ٢٠٢١ دا کۆمپانیــای دیلیــك دریلینگــی-Delek Drilling ئیسرائیــلی (٢٢٪)ی پشــکەکانی کێڵگــەی گازی تامــاری-Tamar بــە بەهــای زیاتــر لــە (١) یــەک ملیــار دۆلار بــە موبادەلــە پیترۆلیۆمــی-Mubadala Petroleum ئیــماراتی عەرەبــی یەکگرتــوو فرۆشــت (Bloomberg. 2021).
- حــەوزی دەریــای ســپی ناوەڕاســت (مێدیتریانــە-Mediterranean) بــە ســەرکردایەتی فەڕەنســا لــە ئەوڕووپــا و ئیسرائیــل لــە ڕۆژهــەڵاتی ناویــن بــە پاڵپشــتی تەواوەتــی بەریتانیــا و ئەمریــکا چاویــان لەوەیــە ئــەو یەدەگــە نــەوت و گازەی لــە عێــراق و هەرێمــی کوردســتانیش هەیــە بیکەنــە بەشــێك لــە کوتلــەی ڕۆژهــەڵاتی دەریــای ســپی. بۆیــە لەبەرانبــەر ئــەم هەنگاوانــەی خۆرئــاوادا، کۆمپانیــا ڕووســیەکان و تورکییــەکان لەهەمــوو بــوارەکانی خزمەتگوزاریــی نەوتــدا لــە عێــراق و هەرێمــی کوردســتان بــە لێشــاو بەشــدارییان هەیــە.

### ٣. ١.٤.٩ بۆچـی ئیـدارەی ئەمریـکا لـە پاڵپشـتی کـردنی پـڕۆژەی هێڵـی بـۆڕی ئیِسـت-میِـد بڕیـاری کشـانەوەیدا ؟

ڕۆژی (٩ی جانیـوەری ٢٠٢٢) نامەیـەکی نا-فەرمـی لـە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریـکاوە دەگاتـە بەشـەکانی تایبـەت بـە پـرسی وزە لـە وەزارەتـەکانی دەرەوەی یۆنان-قوبـرس-ئیسرائیـل، لـە نامەکـەدا هاتـووە؛ ئیـدارەی ئەمریـکا پاڵپشـتییەکانی بـۆ پـڕۆژەی هێڵـی بۆڕییەکـەی ڕۆژهەڵاتـی دەریـای سـپی ڕادەگرێـت، چوونکـە ئـەم پڕۆژەیـە گـرژی هەرێمایـەتی هێناوەتـە ئـاراوە و پێویسـتە یەدەگـی زیـادەی گاز لـەو ناوچەیـە لـە ڕێگـەی کێبڵـی کارەباییـەوە بـۆ بەرهەمهێنـان و سەرپێخسـتنی پـڕۆژەی کارەبـای هەرێمایـەتی هاوبـەش بەکاربرێـت. لـە زانسـتی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا بەمجـۆرە دۆکیۆمێنتانـە کـە نافەرمیانـە ئاڕاسـتە دەکرێـت، دەوترێـت (نـا کاخـەز-Non paper). ئـەم نامەیـە، لەکاتێکدایـە کـە ئەمریـکا و ئەوروپـا لەگـەڵ ڕووسـیا بـێ بیسـمیلایان لـە ڕووبەڕووبوونەوەیـەکی مەترسـیدار کـردووە (بـە دیاریکـراوی مانگێـك پێـش هەڵگیرسـاندنی جەنگـی نێـوان ڕووسـیاو ئۆکرانیـا بـوو).

ئـەو ڕۆژانـە مـن تـازە لـە نووسـینی نامـەی دکتۆراکـەم بەناونیشـانی "ئابوریـی سیاسـی وزە و کاریگـەری بەسـەر ڕۆژهەڵاتـی دەریـای سـپییەوە: وەک دەرکەوتەیەکـی نوێـی ناوچەیـی" تـەواو ببـووم. بـە سـەدان ڕاسـتی زانسـتی و بەڵگـە دەمتوانـی بیسـەلمێنم پـڕۆژەی گازی سروشـتی ڕۆژهـەڵاتی دەریـای سـپی بـێ ئەنـدازە گرنگـی بـۆ ئەمریـکا و خۆرئـاوا بـە گشـتی هەیـە، بۆیـە هیـچ بیانویـەك ناکاتـە ئـەوەی هیـچ توێژەرێـك بـاوەڕ بـەوە بـکات کـە پاڵپشـتی ئەوروپـا و ئەمریـکا بـۆ ئـەم پڕۆژەیـە ڕادەگیرێـت، چوونکـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی دەریـای سـپی خاڵـی بەریەککەوتنـی سـێ کیشـوەری ئاسـیا-ئەفریکا- ئەوروپایـە، لـە ڕووی مێژووییـەوە وەک لانکـەی شارسـتانییەت و لـە ڕووی ئابورییـەوە دەیـان بەنـدەری بازرگانـی و گواسـتنەوەی لەسـەر هەڵکەوتـوە. جگـە لـە کێشـەی کۆچبـەر کـە لـە دوای بەهـاری عەرەبییـەوە (٢٠١١)ەوە بـە دەیـان ملیـۆن کـەس لـە ئاوەکانـی دەریـای ناوەڕاسـتەوە بـەرەو وڵاتانـی ئەوروپـا پەڕینەتـەوە. لەگـەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا لـە چرکەسـاتێکدا کـە خۆرئـاوا پێویسـتی بـە وزەیـە، نـەوت و گازێکـی زۆریـش لـە کەناراوەکانـی ڕۆژهەڵاتـی دەریـای سـپی دۆزراونەتـەوە و هێڵـی

بـۆڕی ئێسـت-مێد بـە درێژایـی (١٩٠٠) کیلۆمەتـر بـۆ گواسـتنەوەی گازی قوبـرس و ئیسرائیـل بـۆ ئەوڕووپـا چۆتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە، لـە دوای (٢٠١٠)ەوە هـەزاران لێکۆڵینـەوە و کۆنفرانسـی جیهانـی سـەبارەت بـە پرسـی وزە لـە دەریـای سـپی ئەنجـام دراون، ئایـا کـێ بـاوەڕ بـەوە دەکات ئیـدارەی ئەمریـکا هەڵەیەکـی وا بـکات دەسـت لـە پاڵپشـتی پرۆژەیەکـی وا ستراتیجیـی هەڵبگـرێ! هیـچ شـتێک نییـە، جگەلـەوەی ڕەنگـە جەنگـی ئۆکرایـن ڕووبـدات و لـەم حاڵەتەشـدا ئەمریـکا پێویسـتی زۆری بـە تورکیایـە، بۆیـە ئـەم بەیاننامەیـەی بـە دڵـی ئـەو دەرکـردووە.

بۆیـە، لـەو سـاتەوەختەدا، بـە دۆکیومێنتـێکی نا-فەرمـی کـە لـە بەشـێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریـکاوە دەرچـووە، هەروەهـا لەگەڵیـدا یەکێتـی ئەوڕووپـاش داوای ڕاگرتنـی پرۆژەیـەك دەکات کـە وەك ئـاوی حەیـات پێویسـتی ئێسـتای ئەوڕووپایـە، ڕاسـتەوخۆ پەیوەسـتە بـە قەیـرانی ئۆکرانیـاوە، بۆیـە ئـەوە تەنیـا موجامەلەیـەکی ئەمریکایـە بـۆ تورکیـا بـۆ ئـەوەی لـە ڕووسـیا نزیـك نەبێتـەوە. چونکـە ئـەم پرۆژەیـە مـاوەی (١٠) سـاڵە ئـازاری دڵ و مێـشکی تورکیـا دەدات. ئەگـەر مەبەسـتی ئیـدارەی ئەمریـکا بـۆ کۆتایهێنـان بـە پرۆژەکـە بوایـە، لەڕێگـەی باڵوێزخانـەی ئـەو سـێ وڵاتـەوە لـە واشـنتۆن ئـاگاداری دەکردنـەوە (Barkey، H، J. 2022).

پرۆژەکـە بـەلای ئیـدارەی ئەمریـکاوە گرژیـی و ناکـۆکی ناوچەیـی دەهێنێـت، نـەك ئاشـتی و هاریکاریـی و بووەتـە هـۆی پشتگوێخسـتنی تورکیـا لـە ناوچەکـەدا. هەربۆیـە تورکیـا بڕیارەکـەی ئەمریـکای وەك سـەرکەوتنێکی گـەورە بـۆ خـۆی وێناکـرد، پێدەچێـت پەیامەکەشـیان بـە خـراپ وەرگرتبێـت، دەیانگـوت " دەبێـت هەمـوو هێڵێـك بـۆ ئەوڕووپـا بـە تورکیـادا تێپـەڕ بێـت"(Tastan. 2022)، بـەڵام لێـرەدا ئـەوە هەیـە کـە هـەم پەیوەندییـەکانی تورکیـا و ئیسرائیـل لاوازە، هـەم تورکیـا دان نانێـت بـە دەوڵـەتی قوبـرس دا، لـە دوای (٢٠١١)ەوە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ مـیسر و سـووریا و لوبنـان خراپـە و لەنـاو خـۆی خۆیـدا کێشـەی لەگـەل پێکهاتـەی کـورد هەیـە، هەروەهـا بـە بیانـووی بوونـی پەکەکـەوە دەسـت لەکاروبـاری باکـووری عێـراق وەردەدات. لەگـەڵ ئەمانەشـدا پێگـەی تورکیـا بـۆ ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا گرینگـە (لـە چاپتـەری داهاتـوودا باسـی دەکەیـن).




وێنـەی دووەم: پرۆژەیەکـی بـۆری غـازی سروشـتی بـە درێژایـی ١٩٠٠ کیلۆمەتـری یەدەگـی غـازی ڕۆژهەڵاتـی دەریـای ناوەڕاسـت بـە یۆنـان و وڵاتانـی دیکـەی ئەوڕووپا دەبەسـتێتەوە. تێچـووی بۆرییەکـە نزیکـەی ٦ ملیـار یۆرۆیـە. لـە ٢ی جانیـوەری ٢٠٢٠ ڕێککەوتنـی بـۆری ئیسـت مێـد لەلایـەن سـەرکردەکانی یۆنـان و قوبـرس و ئیسرائیلـەوە لـە ئەسـینای پایتەخـت واژۆ کـرا. لـە ١٩ی تەمـووزی ٢٠٢٠، حکومەتـی ئیسرائیـل بـە فەرمـی ڕێککەوتنەکـەی پەسـەند کـرد، ڕێگـەی بـە وڵاتانـی واژۆکار داوە کـە پلانەکانیـان بـۆ تەواوکردنـی بۆرییەکـە تـا سـاڵی ٢٠٢٥ بـەرەو پێشـەوە بچـن. **سـەرچاوە:** (Jabbar، B.J. 2024).

بەگشـتی، لـە کاتی دۆزینـەوەی گازی سروشـتی، کۆمپانیـا زەبەلاحـەکانی بـواری وزە لـە سـاڵی (٢٠١٠)ەوە بـە لێشـاو ڕوویـان کـردە ڕۆژهـەڵاتی دەریـای سـپی ناوەڕاسـت، مـاوەی (١٠) سـاڵ هەریەکـە لـە Noble Energy و Exxon Mobile ی ئەمـریکی، بریتـش پیترۆلیـۆم- BP ی بەریتـانی، Totalی فـەڕەنسی، Eniی ئیتاڵـی، Delek Drilling ی ئیسرائـیلی، DEA ی ئـەڵمانی و بەمدواییـەش ئـیماراتی عـەرەبی هەمـوو هێـزی سیاسـی و ئابوریـی و دیبلۆماسـی خـۆی تەرخـان کـردووە بـۆ ئـەوەی بـەرەو دەریـای

سپی ناوەڕاست بکشێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی پەیوەندییەکانی لە ساڵی (٢٠٢١) دا لەگەڵ ئیسرائیل و تورکیا ئاسایی کردەوە. تەنانەت لەساڵی (٢٠٢٢)شدا دوای دوانزە ساڵ لە شەڕ و قەیرانی سووریا سەرۆکی سووریا "بەشار ئەسەد" سەردانی ئیماراتی عەرەبی کرد (Jabbar، B، J. 2024).

ئایا ئەم هەموو کۆمپانیا زەبەلاحەی بواری نەوت و گازی سروشتی و دەیان کۆمپانیای دیکەش کە لە سنووری ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستن، لە خۆیانەوە هاتوون؟ ئایا بێ ئاگان لەوەی کە ئەوڕووپا هەزاران کیلۆمەتر بۆڕی گازو نەوتی ڕاکێشاوە لە سەدەی پێشوتردا، ئایا بێئاگان لەوەی لە خوار پێیەکانی خۆیانەوە گازی سروشتی دۆزراوەتەوە؟ ئایا ئاگادار نین کە ڕاکێشانی (١٩٠٠) کیلۆمەتر بۆڕی گازی سروشتی بەناوی "پرۆژەی ئێست مێد" بە خەرجی (٧) ملیار دۆلار بۆ گواستنەوەی گازی سروشتی قوبرس و ئیسرائیل بەرەو یۆنان و وڵاتانی دیکە بیری لێکراوەتەوە: بەتەنیا بابەتێکی ئاساییەو پێشوتر بیری لێ نەکراوەتەوە؟ تەنانەت دوای ئەوەی جەنگی ئۆکراین دەستی پێکرد، یەکێتی ئەوڕووپا بە فەرمی ڕایگەیاند؛ چاویان لە گازی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپییە بۆئەوەی بیکەن بە جێگرەوەی گازی ڕووسیا (ET Energy World. 2022). دەمێکە خۆرئاوا لە جێگرەوەیەک دەگەڕێت بۆئەوەی چیتر چاوی لە وزەی ڕووسیا نەبێت.

### ٥.٩.٣. پرسە ژینگەییەکان و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان

لای سـەرەوە ڕوون بۆیـەوە کـە ئاسایشـی وزە چـۆن بەشـداریی لـە ڕێکخسـتنەوەی نەزمـی نوێـی جیهانـی و ناوچەییـدا کـردووە. لەلایـەک خۆرئـاوا بـۆ هێڵـی گاز و پاراسـتنی کەشـتییە نەوتییـەکان لـە ڕێـڕەوە دەریاییـە جیهانییەکانـدا ئامادەیـی نیشـان دەدات حەوت ملیـار یـۆرۆ خـەرج بـکات. لـە لایەکـی دیکـەش تـۆڕی وزەی ئەوروپـی نیشـانیداوە، بـە پێی ئـەو بۆنـدەی ئەوڕووپـا بـۆ ژینگـەی پـاك "European Green Deal" هەیانـە ئامانجیانـە تـا سـاڵی (٢٠٥٠) ئەوڕووپـا بگەیەننـە ئاسـتی بێلایـەنی لـە کێشـە ژینگەییـەکان، وەك ئـاژانسی وزەی جیهـانی بـە سـفری تەواوەتـی- Net Zero نـاوی دەبـات. بـە پێـی ئـەم نەخشـە ڕێگایـە؛ ئـیتر ئەوڕووپـا هیچـی تـر پشـت بـە نـەوت و گازی سروشـتی نابەسـتێت (نـە دەری دەهێنێـت نـە هـاوردەی دەکات). چـۆن ئەمـە دەکات! لەکاتێکـدا زیاتـر لـە سـێ سـاڵە جەنگـی ئۆکرایـن بەردەوامـە و مانشـێتەکان و کەناڵـە ئاسمانییـەکان ڕۆژانـە بەڕوونـی باسـی خۆ-ئامادەکردنـی ئەوڕووپـا بـۆ جەنگێکـی کاولکـەر لەگـەڵ ڕووسـیا دەکـەن؟

بەهەرحـاڵ. ئەوڕووپـا و ئـەو وڵاتانـەی دەکەونـە سـەر دەریـای سـپی ناوەڕاسـت ڕێککەوتنامـەی جێگیریـان لـە دوای کۆتایـی هاتنـی جەنگـی سـاردەوە هەیـە، وەکـو ڕێککەوتنامـەی بەرشـەلۆنە- Barcelona Declaration ی سـاڵی (١٩٩٩): چونکـە ئـەم سـێ کیشـوەرە دەکەونـە سـەر یـەك دەریـا، بۆیـە ناویـان نـاوە شـەراکەتی ناوچـەی یـۆرۆ و دەریـای سـپی (Euro- Mediterranean Partnership) . دواتـر لـە سـاڵی (٢٠٠٨) ئەمـە ناونـرا یەکێتـی بـۆ دەریـای ناوەڕاسـت (Union for Mediterranean) بـە پێـی ئـەم ڕێککەوتنامانەشـە کـە ئەوڕووپـا دەسـت لـە هـەر وڵاتێـك وەردەدات بەنـاوی هاوکارییـەوە لـە دەریـای سـپی وەکـو: سـووریا، لوبنـان، قوبـرس، لیبیـا و...تادوایـی (Mediterranean Institute for Regional Studies. 2022).

هەربۆیـە، ئیـدارەی ئەمریـکاش داوای کـردووە بـە پێـی سیاسـەتە ژینگەییـەکانی ئەوڕووپـا پـڕۆژەی گازەکـەی دەریـای سـپی بەڕێـوە بچێـت، بـۆ ئەمـەش دەرخسـتەیەکی تـر خراوەتـە سـەر مێزەکـە:

دامەزرانـدنی هێڵـێکی هاوبـەشی کارەبایـی گـەورە بـۆ گواسـتنەوە و بەکاربـردنی ئـەو گازە زیادەیـەی لـە کەنـاراوەکانی قوبـرس و ئیسرائیـل و مـیسر لەگـەڵ یۆنـان

بەرهـەم دێـت، بەمـەش سـێ دەوڵـەتی دراوسـێ لـە کیشـوەری جیـاوازەوە پەیـڕەوی لـە ژینگـە دەکـەن، بـەڵام ئـەوە ئەوەنـدە ئاسـان نییـە، چونکـە ڕووبـەرێکی گـەورەی تێدەکـەوێ کـە زیاتـرە لـە (١٣٠٠ میـل)، ئینجـا دیسـان ئـەم پڕۆژەیـەش ناڕەزایـەتی تورکیـای لێدەکەوێتـەوە. لـە ڕووی یاسایشـەوە، لـەو ئاوانـەدا بـە پێـی بڕیـاری نەتـەوە یەکگرتـووەکان ناوچـەی ئابوریـی دیاریکـراو (EEZ) هەیـە کـە زیاتـر بـەلای تورکیـادا تێدەپـەڕن. بەگشـتی، پسـپۆڕان لایانوایـە لـە دوای بڕیارەکـەی ئەمریـکا لەسـەرەتای (٢٠٢٢)ەوە ئـیتر ئـەو گازەی لـە ڕۆژهـەڵاتی دەریـای سـپی هەیـە، تەنیـا بـۆ دەریـای سـپی و ناوچەیـەکی دیاریکـراوە، لـە ڕووی ئابوریـیـەوە پەیوەندییـەکی ئەوتـۆی بـە ئەوڕووپـاوە نابێـت. وەبەرهێنەکانیـش زیاتـر بـەدوای قسـە و لێدوانـەکانی کاریـن حـەرار- Karin Elharrar وەزیـری وزەی ئیسرائـیلی کەوتـوون کـە دەڵێـت، لـە سـاڵی (٢٠٢٢)ەوە ئۆفیسـەکەی بـۆ بەرهەمهێنـانی وزە بەتایبـەتی لـە ڕێگـەی بـا و خـۆرەوە، زیاتـر فۆکـەس دەخاتـە سـەر وزە نوێبـووەوەکان- Renewable Energy.جگەلـەوەش، ئەمریـکا دەیەوێـت پـڕۆژەی گازی سروشـتی لـە ڕۆژهـەڵاتی دەریـای سـپی لەگـەڵ پلان و سیاسـەتی ژینگەیـی ئەوڕووپـا بگونجێـت. بۆیـە پێشـنیاری کـردووە بکرێـت بـە تـۆڕێکی ئاڵوگـۆڕی کارەبـا و کێبـڵ لـە ناوچەکـەدا. یەکێتـی ئەوڕووپـا بڕیـاری داوە بـە ڕێـژەی (٢٥٪ ) تـا سـاڵی (٢٠٣٠) بـە کارهێنـانی گازی سروشـتی کـەم بکاتـەوە و تـا (٢٠٥٠)ش بەتـەواوی گازی سروشـتی بـەکار نەهێنێـت (Jabbar، B، J. 2024).

“لەهەمـوو شـوێنێکدا لـە ڕووی پێکهاتـەی کیمیـاوی و پێداویسـتی جیۆلۆجییـەوە، پـرسی نـەوت و گاز، تەنیـا پـرسی نـەوت و گاز و بابـەتی ئابوریـی نییـە، بەڵکـو پـرسی ژینگـــە و ئاســـایش و سیاســـەت و جیۆپۆڵەتیکیشـــە. دەتوانیـــن بڵێیـــن: پێـــم بڵـــێ بۆڕییەکـە لـە کوێـوە دەڕوات، پێـت دەڵێـم چارەنوسـت بـەرەو کـوێ دەڕوات؟”.

لـــە ئەنجامـــدا، ئـــەوەی پەیوەســـتە بـــە "ئاســـایشی وزە"وە؛ بـــە گشـــتی بـــەرزی و نزمـــی نرخـــی نـــەوت و گازی سروشـــتیە. پـــڕۆژەی گازی سروشـــتی ڕۆژهـــەڵاتی دەریـــای ســـپی بـــەردەوام دەبێـــت، بڕیـــاری پاشەکشـــەی ئیـــدارەی ئەمریـــکا تەنیـــا تاکتیکێـــك بـــوو لـــە ڕێگـــەی کاخـــەزێکی نافەرمییـــەوە. ئـــەوەی ئەمـــە زیاتـــر پشـــت ڕاســـت دەکاتـــەوە، لـــە دوای هەڵگیرســـانی جەنگـــی ئۆکرایـــن، ئیمزاکـــردنی گرێبەســـتێکی

نوێـی ئیسرائیـل و مـیسر و یەکێتـی ئەوڕووپایـە کـە لـە حوزەیـرانی ٢٠٢٢ دا بـۆ هەناردەکـردنی ئـەو گازەی لــە ڕۆژهــەڵاتی دەریــای ســپی هەیــە. هەروەهــا ســەرۆکی کۆمســیۆنی یەکێتــی ئەوڕووپــا "ئورســولا فوندەرلایــن" لەهەمانکاتــدا ڕایگەیانــد، وەك جێگــرەوەی گازی ڕووســیا ســوود لــە گازی سروشــتی قوبــرس و ئیسرائیــل دەبینــن (ET Energy World، 2022).

ئــەوەی پەیوەســتە بــە "جیۆپۆڵەتیــك"ەوە، زیاتــر ڕووســیا و ڕووســەکان بایەخــی پــێ دەدەن، جیۆپۆڵەتیـك وەك "بـازاڕ" نییـە ناسـنامەی نەبێـت و نـەوت بفرۆشـیت و دۆلاری خـۆت وەربگریـت، بەڵکـو لێـرەدا سـنوور ێـك هەیـە. کونبـوون (کونکردنـی) بــە ئەنقەســتی بۆڕییەکــەی نۆرد-ستریــم ٢ لــە دەریــای بەڵتیــق ڕەتکردنــەوەی بــازاڕی ئابوریــی و ســزادانی خۆرئاوایــە لــە کۆمەڵێــك ســنوورەوە.. وەکــو دیاریکــردنی دەســتەڵاتی جیۆپۆلەتیکیـی ڕووسـیا، سـنووری دەروونی و ِ شـڵەژان، سـنووری ئابوریـی، کاریگەریــی خــراپ خســتنە ســەر بەهــای یــۆرۆ.

تایبەتمەندییــەکی ســەرەکی، ئــەوەی ئــەم جەنگــەی ڕووســیا و ئۆکراینــا لــە جەنگــە جیهانییــەکانی دیکــە جیــا دەکاتــەوە ، ئەوەیــە جەنگەکــە لــە بــری کاریگــەری گــەورەی ســەربازیی و ئابوریــی و دارایــی و ســیاسی بخاتــە ســەر دوو وڵاتی ڕاســتەوخۆی بەشــدار، قورســایی و کاریگەرییــە سیاســی و ئابورییەکــەی خســتۆتە ســەر تــەواوی جیهــان و ئەوانــەی بــە نا-ڕاســتەوخۆ لــە جەنگەکــەدا بەشــدارن. بەگشــتی لێکۆڵینــەوە لەســەر جیۆپۆلەتیکــی وزە لــە حــەوزە ستراتیجییەکانــدا نیشــانمان دەدا کــە وڵاتانــی جیهــان بەگشــتی و زلهێــزەکان بەتایبەتــی پرســە ژینگەییەکانیــان کردۆتــە قوربانــی بەرژەوەندییــە سیاســیی و ئابورییەکانــی خۆیــان.

# بەشی چوارەم

## شیکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی فرە جەمسەریدا: تێکەڵەیەک لە هاوپەیمانی و کێبڕکێی نێوان یاریزانانی ناوچەیی

### پوختەیەک

ڕووداوەکانی دوای ١١ ی سێپتەمبەر خۆرئاوا بەگشتی و ئەمریکای بەتایبەتی ماندوو کردووە؛ قەیرانی دارایی جیهانی لە دوای ساڵی (٢٠٠٨)ەوە، هەڵئاوسانی گرفتە هەنووکەییەکانی وەکو کۆچبەر، توندوتیژیی، جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا، کێشە ناوخۆییەکان لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بوونی هەژموونی ڕووسیا بەسەر ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاوە، گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی هەژموونی چین، کۆرۆنا ڤایرەس و بەدوایدا جەنگی ئۆکراین، پاشان جەنگی غەزە، پاشان پرسی گەرمبوونی گۆی زەوی و پیسبوونی ژینگە، سەوز نەبوونی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و..تادوایی؛ هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی بێتاقەت بوونی ئەمریکا لە جیهان و بێتاقەتبوونی جیهان بەرانبەر ئەمریکا؛ ئەوەش نەزمی خۆرئاوای داکشاندوە. کەمبوونەوەی شوێنپێی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پەرە بە نزیک بوونەوە و هاوپەیمانیی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە دەدات، ئەمەش دەستی هێزە ناوچەییەکانی واڵاکردووە کە ئیدارەی ئەمریکا ئەو کاریگەرییە بەهێزەی پێشووتریان نەماوە. لە دۆخێکی وەهادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرزەنێک ئاسایبوونەوەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتە سەرەکییەکان ڕوویداوە، ئەوەش تێکەڵەیەک لە هاوکاریی و کێبڕکێیی ناوچەیی درووست دەکات کە ڕەنگە ئەنجامەکەی لە فەوزایەکی نێگەتیڤ دوور بێت. ئەم بەشەی کتێبەکە لەپاڵ وەرچەرخانە جیهانییەکەدا، سێ گرفتی سەرەکی دەستنیشان دەکات کە هەڕەشە لەسەر ئایندەی ناوچەکە دەکات: "کەمئاویی" و "بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر"

و "توندوتیژیـــی و تیــرۆر". لێــرەدا دەبینیــن، لەســەر تەختــەی شــەترەنجی ناوچەیــی و جیهانــی، یاریکــەرە ســەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت هەریەکەیــان ئەجێندایەکــی جیــاوازی هەیــە و بــە ستراتیژییەتێکــی نــەرم ســەرقاڵی پێشخســتنی بەرژەوەندییــە -ئایندەییەکانــی خۆیەتــی.

**وشــــە ســــەرەکییەکان:** ئاســۆکانی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، لێــک نزیکبوونــەوەی یاریکــەرە ناوچەییــەکان، بازرگانیکــردن بــە مــاددە هۆشــبەرەکان، کــەم ئاویــی، تیــرۆر.

### ١.٤. ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی

نۆ وڵات خاوەنی چەکی ئەتۆمین کە بریتین لە ئەمریکا، ڕووسیا، فەرەنسا، چین، بەریتانیا، پاکستان، هیندستان، ئیسرائیل و کۆریای باکوور. چەکی ئەتۆمی، بریتییە؛ لە ئامێرێکی تەقینەوە کە هێزی وێرانکەری خۆی لە دابەشبوونی ئەتۆمی، یەکگرتنی ئەتۆمی، یان تێکەڵەیەک لەم دووانە وەردەگرێت. چەکی ئەتۆمی بە یەکەوە پێیان دەوترێت بۆمبی ئەتۆمی. هەموو چەکێکی ئەتۆمی لە یەکێک لە دوو پۆلی فراواندا جێیان دەبێتەوە: چەکی دابەشبوون و تێکەڵاو، یان دیزاینە وێرانکەرەکانی بنەمای یەکگرتن کە لە ڕووی تەکنیکییەوە چەکی ئەتۆمی گەرمن و ڕەنگە بە بۆمبی ئەتۆمی گەرمی، چەکی تێکەڵاو، بۆمبی هایدرۆجینی، یان بۆمبی-H کە بڕێکی زۆر تەقینەوە بڵاو دەکاتەوە (بە ١٠٠٠ تۆن یان ١٠٠٠.٠٠٠مێگاتۆن تۆن تی ئێن تی-TNT دەپێورێت)، جگەلەوەش گەرمی و تیشکدانەوەی هەیە. ئەمە بە ڕوونی ترسناکترین چەکە لەسەر زەوی، لە هەموو چەکێکی تر توانای مردن و لەناوچوون و برینداربوون و نەخۆشی زیاتریان هەیە (World Population Review. 2024).

بەپێی دامەزراوەی توێژینەوەی ئاشتی ستۆکهۆڵم (Stockholm International Peace Research Institute) لە (٢٠٢٤) دا بەرەو ژووری ١٢ هەزار کڵاوەی ئەتۆمی لە جیهاندا هەیە کە (٩٥٨٥) دانەیان جێگیرکراون بۆ حاڵەتی ئەگەریی (SIPRI. 2024a). لە کاتێکدا ئەمە زۆر کەمترە لەوەی ئەمریکا و ڕووسیا لە لوتکەی جەنگی ساردا خاوەنی بوون، بەڵام جێگەی سەرنجە لە چاو سەردەمی جەنگی سارد وڵاتانی خاوەن چەکی ئەتۆمی زیاترن. ڕووسیا زۆرترین ژمارەی چەکی ئەتۆمیی هەیە و بە کۆی گشتی بە ٦٢٥٧ کڵاوەی چەکی ئەتۆمی مەزەندە دەکرێت. لەوانە، ١.٤٥٨ دانەیان چالاکانە جێگیرکراون. جبەخانەی ئەمەریکا نزیکەی پێنج هەزار و ٤٠٠ چەکی ئەتۆمی تێدایە کە هەزار و ٧٤٤ چەکی ئەتۆمی جێگیرکراون و ئامادەن بۆ ڕادەستکردنیان. ئەو چەکانە لە ژێردەریاییەکان و سایلۆی مووشەکی قووڵی ٨٠ هەشتا پێ لە سەرانسەری دەشتە گەورەکانی پێنج ویلایەتدا هەڵگیراون. هەندێکی تریان لە بنکەکانی هێزی ئاسمانی هەڵدەگیرێن کە دەتوانرێت لەسەر فڕۆکەی بۆمبڕێژکەری

دوور مـەودا باربکرێـن. هـاوکات سـەت بۆمبـی ئەمریکـی لـە بنکـە ئاسمانییەکانـی پێنـج وڵاتــی ئەوروپــی جێگیرکــراون (World Population Review. 2024).

وەکـو ئیهتیشـامی (٢٠١٤) شرۆڤـەی دەکات؛ سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریـکا، بریتیـە لـە ئیــدارەدانی ململانێــکان لەســەر ئاســتی گــەردون، لەچەنــد ئاســتێکی جیــاوازدا، یەکێــك لەئاســتەکانی ئیــدارەدانی ئــەم ئالنگارییــە جیهانییــە کــە لــە ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســتدایە، بەپلــەی ئیمتیازیــش ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت بــۆ ئەمریــکا ســێ مانــای هەیــە:

**یەکەمیان :** پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلە.

**دووەمیــان:** ســنووردانان بــۆ بەرهەمهێنــانی یۆرانیــۆم و پــرسی چەکــە ئەتۆمییــەکانی ئێـران، هەروەهـا دەسـتوەردانە بێزارکەرەکانـی ئێـران لەناوچەکـەدا بەتایبـەتی لـە کەنـداودا.

**ســێیەمیان:** چاودێریــی زیاتربوونــی ئاڵوگۆڕیــی بــازرگانی و وەبەرهێنــانی چینــە (Ehteshami.2014).

بۆچــی مەترســیدارە ئێــران دەســتی بــە چەکــی ئەتۆمــی بــگات؟ پێــش هەمــوو شــتێک لــە دەســتڕاگەیشتن بــەو چەکــە کۆ-کــوژەدا دادپەروەریــی جیهانــی نییــە، لــە (٥٤) وڵاتــی ئەفریکیــدا هیــچ کامیــان خاوەنــی چەکــی ئەتــۆم نییــن، بــەڵام لــە ئاســیادا (٦) وڵات خاوەنــی چەکــی ئەتۆمــن (Youvan، D، C،. 2024). لــەو ســاتانەی گرژییــە-جیۆپۆڵەتیکییـەکان زیـاد دەکـەن، ئەمانـە پێکـەوە جیهـان دەگەیەننـە لێـواری ڕۆژگارێکـی ترســناک، بەتایبەتــی لــەو وڵاتانــەی دیموکراســییەت تیایانــدا نەبووەتــە کەلتورێــک و بڕیــارەکان بــە شــێوەیەکی دامەزراوەیــی درووســت ناکرێــن. ســەیری بکــە ئێــران بــێ ئــەوەی چەکــی ئەتۆمــی هەبێــت لــە ڕێگــەی درووســتکردنی میلیشــیا و بڵاوکردنــەوەی هەژموونـی خۆیـەوە پێنـج وڵاتـی وەک عێـراق، سـووریا، لوبنـان، یەمـەن و بەمدواییـەش غــەزەی وێرانکــردووە و ئاســایش و پێکەوەژیــان و دامەزراوەکانــی لاوازکــردوون، ئایــا چەکــی ئەتۆمــی هەبێــت چــی دەکات؟!

ئاسایشــی جیهانــی لــە ســاڵی ٢٠٢٣ەوە لــە تێکچــوون بەردەوامــە، وەک چــۆن لــە دەیەکانــی ڕابردووشــدا ڕوویــداوە. لــە غــەززە، میانمــار، ســودان و ئۆکرانیــا شــەڕی چەکـداری گـەورە هەبـوو؛ خەرجییـە سـەربازییەکان بـۆ نۆیەمیـن سـاڵی یـەک لـە دوای

یەک بۆ بەرزترین ئاستی خۆی بەرزبووتەوە؛ تێکچوونی ئیکۆلۆژیکی بەردەوامە و ساڵی ٢٠٢٣ لانیکەم بۆ ١٧٤ ساڵ گەرمترین ساڵ بوو. سەقامگیری نێودەوڵەتی بەهۆی چڕبوونەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان زلهێزەکان لە ژێر فشاردا بوو. لە ئەنجامدا، تەواوی هەوڵەکان بۆ بڵاوبوونەوە و کۆنترۆڵکردنی چەکی ئەتۆمی کە شەش دەیە درێژەی هەیە، مەترسی لە دەست دەرچوونی لەسەرە (SIPRI، 2024b).

بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠٣ ئێران نیازی خۆی بۆ شارەزابوون لە سووڕی سووتەمەنی ئەتۆمی ڕاگەیاند. زیاتر لە دوو دەیە لە ڕێگەی دیبلۆماسی و گفتوگۆ، هەروەها پێکهێنانی پلانی هەمەلایەنەی هاوبەشی کار (JCPOA) وەک هەوڵێکی نێودەوڵەتی بۆ سنووردارکردنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، هەموو ئەمانە پێشبڕکێیەک بوون کە لە دژی کات بە ڕێوەچووە. لە کاتێکدا ئارەزووەکانی ئەکتەرە سەرەکییەکان تاڕادەیەک جێگیر ماونەتەوە و ئێران مافی خۆی بۆ بەدواداچوونی بەرنامەیەکی ئەتۆمی ئاشتیانە دووپاتکردووەتەوە و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانی دیکەش بەردەوام دژی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی ئێرانن. سەرەڕای ئەوەش سیاسەتەکانی دەرەوە بە درێژایی هێڵە کاتیەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە؛ لە ئیدارەی ئۆبامادا دوای دانوستانی زۆر و چڕوپڕ ڕێگە بە ئێران نەدرا لە نزیکەوە یۆرانیۆم بە درێژایی هێڵی کاتیی بەڕێوەبچێت. دواتر ئیدارەی ترەمپ لە (٢٠١٨) دا ناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر بە ڕێککەوتننامەی JCPOA و ئاماژەی بەوەدا؛ هێشتا ڕێگە بە ئێران دەدات لە کاتی خۆیدا چەکی ئەتۆمی بەدەستبهێنێت و ڕێککەوتنەکە وایکردووە دەیان ملیار دۆلار بگاتەوە دەستی ئێران. بۆیە ترەمپ پابەندبوونی ئەمریکای بە ڕێککەوتنەکەوە هەڵوەشاندەوە. دواجار ئەمریکا وازی لە ڕێککەوتنەکە هێنا و وڵاتانی واژۆکەری ئەوروپای نارد بۆئەوەی خەریکی پاراستنی ڕێککەوتنەکە بن. چڕبوونەوەی سزا ئابوورییەکان لە کۆتاییدا پاڵی بە ئێرانەوە نا کە پەرۆشتر بێت.

بۆیە ئیدارەکانی ڕوحانی لە ئێران و پاشان بایدن لە ئەمریکا ئامانجیان زیندووکردنەوەی دانوستانەکان بوو، بەڵام بەهۆی فەرمانی یاسادانەرانی ئێرانەوە کە زیاتر خێراکردنی پیتاندنی یۆرانیۆم بوو، دانوستانەکان لاواز بوون، دواتر

ئیـــرادەی ســـەرۆکی نـــوێ "ئیبراهیمـــی ڕەئیســـی" کـــە نماینـــدەی هێڵـــە توندڕەوەکانـــی ئێرانـــی دەکـــرد، گەڕانـــەوەی بـــۆ گفتوگـــۆکان خاوترکـــردەوە، ئەگەرچـــی لێـــرە و لـــەوێ ئێـــران و ئەمریـــکا گفتوگۆیـــان هـــەر هەبـــووە (Beasley & Mehvar. 2024). تەنانـــەت دوای جەنگـی دوانـزە ڕۆژەی نێـوان ئیسرائیـل و ئێـران کـە پەلامـاری بنکـە ئەتۆمییەکانـی ئێـران درا؛ هێشـتا بەیاننامەیەکـی فەرمـی نییـە نیشـانی بـدا ئێـران واز لـە پیتاندنـی یۆرانیـۆم دەهێنێـت یـان نـا؟!

چەندیـن دەیـەی گفتوگـۆ لەسـەر ئـەم پرسـە ئەتۆمییـەی ئێـران. لـە (٢٤ ی نۆڤەمبـەری ٢٠١٣)، دوای پێنـج جـار کۆبوونـەوە و هەرجـارەی لـە وڵاتێـک، یەکەمیـن ڕێککەوتنـی نێـوان ئێـران و وڵاتـانی (٥+١) لـە ڤیەننـا ئیمـزا کـرا. لـە نیسـانی ٢٠١٥دا جـارێکی تـر ڕێککەوتننامەیـــەکی گەورەتـــر و لەقۆناغـــێکی جیاوازتـــر بـــە ئاســـتێکی بەرزتـــر لەنێـــوان هـــەردولادا ئیمزاکـــرا. لـــە ڕێککەوتنەکـــەی (٢٠١٣)دا، هەفتەیـــەکی بەســـەردا تـــێ نەپـــەڕی، ئێـــران لـــەزاری بەرپرســـی بەرنامـــە ئەتۆمییەکـــەی (ئەکبـــەر ســـاڵەحی)یەوە، ڕایگەیانـــد؛ بـــە ڕێککەوتنەکـــە پابەنـــد نابێـــت! بـــەو پێیـــەی لایانوابـــوو ئێـــران فیڵـــی لێکـــراوە، گوایـــە ئـــەم لێکنزیکبوونەوەیـــە ناتوانێـــت دڵەڕاوکـــێ و ئاســـتی گومانـــەکان کـــەم بکاتـــەوە، ئینجـــاش خوێندنـــەوە بـــۆ ڕێککەوتننامەکـــە لەدەقـــەکانی دا کێشـــەی لێکەوتـــەوە. گرینگتریـــن خاڵـــەکانی ڕێککەوتنەکـــە بریتـــی بـــوون لـــە:

- ئێـــران پەیوەســـتە بەوەســـتاندنی پیتانـــدنی یۆرانیـــوم و نابێـــت ڕێـــژەی پیتاندنەکـــە لـــە (٥٪) پێنـــج لەســـەت تێپەڕبـــکا. هەروەهـــا هەڵوەشـــاندنەوەی ســـەرجەم هـــۆکارە هونەرییـــەکانی کـــە دەبنەهـــۆی بەرهەمهێنـــانی یۆرانێـــوم، تەنیـــا بەقـــەدەر پیتانـــدنی ئـــەو ڕێژەیـــە نەبێـــت کەدیاریکـــراوە.
- ئێـــران دەبێـــت ئـــەو عەمبـــار و وێســـتگانە دیـــاری بـــکات کـــە یۆرانیۆمـــی پیتێـــنراو (یورانیـــوم مخصـــب) ڕێژەکـــەی تیایانـــدا بەنیزیـــکی دەگاتـــە (٢٠٪).
- ئێـران پابەنـدە بـەوەی هیـچ چالاکییـەك لـە شـوێن یـان وێسـتگەکانی ئـاراك (ئـاراك: ئـەو شـوێنەیە کـە یۆرانیۆمەکـەی تیـادا دەپیتێندرێـت) ئەنجـام نـەدات.
- نابێت وێستگەی (اراك) کاربکات (عدم تشغيل مفاعيل اراك)
- نابێت سوتەمەنی زیادبکرێت بۆ شوێن و کارگەکانی (ئاراك)

- بەرهەمهێنان لە ئاراكدا ڕادەوەستێت.
- هیچ ڕێوشوێنێکی ئیختیارکردن بەسوتەمەنی لەناوچە و شوێنی ئاراك دا ناکرێت.
- نەگواستنەوەی هەر سوتەمەنیەکی پێویست و ئاوی قورس بۆ شوێنی بەرهەمهێنان و کارگەی پیتاندنەکە.
- هەروەها بۆئەوەی پاڵپشتی کارگەکانی (اراك) نەکرێت. ڕێککەوتوون لەسەرئەوەی ئێران هیچ دامەزراوەیەکی تری ئەتۆمی دروست نەکات (BBC News،2014).

ئەمە ڕێککەوتنێکی گرینگ بوو کە لە مانگی تەمووزی ٢٠١٥ لە نێوان ئێران و چەند زلهێزێکی جیهانیدا لە نێویاندا ئەمریکا ئەنجام دراوە، تاوەکو بەرنامەی ئەتۆمی و دامەزراوەکانی بەڕووی پشکنینی نێودەوڵەتی بەرفراوانتردا بکاتەوە لە بەرانبەر نەهێشتنی سزاکان بە بەهای ملیارەها دۆلار بۆ ئێران. بۆ ئەو مەبەستەش بە شێوەیەکی فەرمی بە پلانی کاری گشتگیریی هاوبەش لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە دامەزراوە کە بە (JCPOA) ناسراوە. یەکسەر لایەنگرانی ئەم ڕێککەوتنە ڕایانگەیاند؛ بۆ ڕێگریکردن لە بوژانەوەی بەرنامەی چەکی ئەتۆمی ئێران یارمەتیدەر دەبێت و بەو هۆیەوە ئاسۆی ململانێی نێوان ئێران و ڕکابەرە ناوچەییەکانی وەک ئیسرائیل و سعودیە کەم دەکاتەوە (BBC، 2021). لێرەدا دەردەکەوێت، ئیدارەی ئۆباما تاڕادەیەکی باش لە خاوکردنەوەی ئێران بۆ دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ئەتۆمی سەرکەوتوو بووە.

بەپێی بەندەکانی ڕێککەوتنەکەی ساڵی (٢٠١٥)، بە ڕێژەیەکی زۆر کەم مافی پیتاندنی یۆرانیۆم بە ئێران دراوە، بەڵام ئەوەی ئێران تیایدا شۆك دەكات ئەوەیە؛ لەڕووی پشکنینەوە، تیمەکانی ئاژانسی وزەی ئەتۆم هەموو مافێکی پشکنینیان دەبێت و سانسۆر ناکرێن. پاشان کەمکردنەوەی ئامێرەکانی تەردی مەرکەزی (Centrifugation) لە ١٩ هەزارەوە بۆ ٦ هەزار دانە، کاری ئەمە وەك جیهازێکی ناواخن جیاکردنەوەی ئاستی سووکی و قورسی پرۆسەی پیتاندنەکەیە. کاتێک جۆ بایدن هات بۆ دەستەڵاتی سەرۆکایەتی ئەمریکا، دووبارە گەڕایەوە ناو ڕێکخراوی JCPOA و داوایکرد ئێران پابەند بێتەوە، بەڵام دوای زیاتر لە دوو ساڵ لە دانوستانەکانی پچڕ- پچڕ، وا دەرکەوت کە وڵاتانی بەشدار و ئاگادار لە ڕێککەوتنەکە لە هیچ شوێنێک لە سازان نزیکنین و تا کۆتایی ٢٠٢٣ ڕێککەوتنەکە بە نزیکەیی بەسەرچوو (Beasley، R، K & Mehvar، A. 2024).

لەسەر ئاستی ناوچەیی، بەشێک لە زلهێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک سعودییە ڕایانگەیاند، دەبوو ڕاوێژیان لەگەڵدا بکرایە، یان بخرێنە نێو دانوستانەکانەوە، چونکە زۆرترین کاریگەری ئێرانی چەکداری ئەتۆمییان لەسەر دەبێت. هەروەها ئیسرائیل بەڕاشکاوی دژی ئەو ڕێککەوتنە وەستایەوە. بەرپرسانی هەواڵگری ئەمریکا کە بەرەو دانوستانەکانی JCPOA دەڕۆیشتن، مەزەندەیان کرد لە غیابی ڕێککەوتنێکدا، ئێران دەتوانێت لە چەند مانگێکدا مادەی ئەتۆمی پێویست بۆ چەکێک بەرهەم بهێنێت. گەلانی دانوستانکار ترسیان لەوە هەبوو کە هەنگاوەکانی ئێران بۆ بوون بە دەوڵەتێکی چەکی ئەتۆمی مەترسی ئەوەیان هەبێت ناوچەکە بخاتە ناو قەیرانێکی نوێوە. یەکێک لە نیگەرانییەکان ئەوە بوو، ئیسرائیل ڕێوشوێنی سەربازی پێشوەختە لە دژی دامەزراوە ئەتۆمییە گومانلێکراوەکان لە ئێراندا بگرێتەبەر، وەک چۆن لە عێراق و سووریا کردوویەتی، ڕەنگە ببێتە هۆی تۆڵەسەندنەوەی حزبوڵڵای لوبنان، یان پەکخستنی گواستنەوەی نەوت لە کەنداوی فارس. سەرەڕای ئەوەش، لەو کاتەوە سعودییە ئاماژەی بە ئامادەیی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی کردووە، ئەگەر ئێران بە سەرکەوتوویی چەکی ئەتۆمی تاقیبکاتەوە (Youvan، D، C. 2024).

وەکو ئەندرێس کلوت، ستونووسی بلومبێرگ لەسەر ئاستی جەمسەرگیریی جیهانیدا، شیدەکاتەوە، چین، ڕووسیا، کۆریای باکوور، ئێران دژی تاکجەمسەری ئەمریکا و وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ، لەبەرەیەکی ئەم سەربازگە نوێیەدان. بە دیوێکی تر، پەیداکردنی هەر هەژموونێک لەناوچەکەدا لەلایەن چینەوە، بۆ ئێران و ڕووسیا و کۆریاشە. کەواتە هەر ڕووداوێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتدا، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ململانێکانی ئێران و ئەمریکا لە ناوچەکە هەیە. لەڕاستیدا، دیپلۆماسییەت لە زیندووکردنەوەی ڕێککەوتننامەی کۆنترۆڵکردنی چەک تووشی چەندین بەربەست بووەتەوە، لەوانە پێشڕەوییە ئەتۆمییەکانی ئێران و ململانێکانی کەرتی غەززە و ئۆکرانیا، ئەم دۆخەش ڕەنگە جیهان تووشی سێهەمین جەنگی جیهانی بکاتەوە (Kluth، A. 2024).

بەتایبەت بۆ وڵاتێکی وەک ئێران کە بە درێژایی مێژوو بوون و ئیرادەی بەردەوامیی خۆی لە دەستوەردان لەدەرەوەو فراوانخوازیی ناوچەییدا بینیوەتەوە،

ئەمـە لـە وڵاتێکـی گـەورەدا کـە چەندیـن دامـەزراوە و ئەزموونـی زۆری لـە شـاردنەوەی ئەتۆمیــدا هەیــە، پێشــێلکارییەکان لــە بنەڕەتــدا دۆزینــەوەی ئەســتەمە. داڕشــتنی مۆدێلـی تیۆریـی پشـکنین سـەپاندنی پابەندبـوون شـتێکە، ئەوەشـی هەفتـە لـە دوای هەفتــە، ســەرەڕای قەیرانــە نێودەوڵەتییــە کێبڕکێــکارەکان و ســەرقاڵکردنی ناوخۆیــی، شـتێکی دیکەیـە؛ پێدەچێـت ڕژێمـی ئێـران دەسـتی بگاتـە چەکـی ئەتۆمـی و دۆخـی شـپرزەیی جیهانــی بقۆزێتــەوە.

## ٢.٤. ئێران و سعودییە: پەکین دەڵاڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان

لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا ئێــران و ســعودییە دوو یەکــەی هەرێمایەتــی گــەورەن؛ ناکۆکــی و ململانێکانیــان مەترســی بــۆ ســەر ئاسایشــی ناوچەیــی و جیهانــی درووســت دەکات. ئەگــەر چەنــد مانگێــک پێــش حەوتــی ئۆکتۆبــەر ئــەم دوو وەڵاتــە پەیوەندییەکانیـان ئاسـایی نەکردایەتـەوە، بەدڵنیاییـەوە لێکەوتەکانـی جەنگـی غـەزە بـە جۆرێکــی ترســناکتر لەســەر ئاسایشــی جیهانــی و ناوچەیــی لــە مێــژوودا بــاس دەکــرا.

ڕۆژی هەینـی ١٠ی مارسـی ٢٠٢٣ سـعودییە و ئێـران ڕێککەوتـن کـە پەیوەندییەکانیـان ئاســایی بکەنــەوە و نوێنەرایەتییــە دیپلۆماســیەکانیان لــە وڵاتــی یەکــدی بکەنــەوە. ئــەم ڕێککەوتنــە دوای ســاڵانێکی زۆر لــە دوژمنایەتــی نێوانیــان بــە نێوەندگیریــی چیــن دروســتبوو، بەلایەنــی کەمــەوە ئــەم ئاســایبوونەوەیە پەرەســەندنی خراپــی پەیوەندییەکانیــان ڕادەگرێــت (Jalal، S. U.، Khan، Y.، & Pitafi، G. M. 2023). بەشـێوەیەکی گشـتی، ئاسـایبوونەوەی پەیوەندییەکانـی سـعودییە و ئێـران چـی لـە باڵانسـی هێـز و داینامیکییەتـی ئاسایشـی ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەگۆڕێـت؟ ئایــا نزیــک بوونــەوەی ئێــران و ســعودییە چــی ئاماژەیەکــی مێژوویــی، سیاســیی و ئابوریــی هەیــە؟ چیــن وەک نێوبژیوانێکــی جیهانــی چــۆن دەڵاڵــی لــە ڕێککەوتنــی ئاشــتیدا کــرد بــێ ئــەوەی ئەمریــکا تێوەگلێنێــت؟

دەوڵــەت، ئەکتــەرە بەهێزەکــەی نــاو بابەتــی پەیوەندییــە نێودەوڵەتییەکانــە. ئــەوەی وا لــە ئەکتــەری {ئەلــف} دەکات مامەڵــە یــان جووڵەیــەک بــەرەو دەوڵەتــی {ب} و {جیـم} بـکات پرسـی بەرژەوەندیـی و بەرزڕاگرتنـی ئاسایشـە. بـۆ نموونـە، ئەگـەر هــەر لــە ســەرەتاوە ســعودییە وەک ئەکتەرێکــی ناوچەیــی کەوتــە قەیرانــی ئاسایشــەوە، ئــەوە مانــای وایــە، هــەر لەســەرەتاوە ئاسایشــی جیهانــی کێشــەیەکی دیکــەی بــۆ زیادبــوو.. بەواتایەکــی تــر، کــردار و پاڵنەرەکانــی ئەکتــەرەکان لــە بــواری ئاسایشــی نێودەوڵەتـی دا بـە شـێوەیەکی زۆر لـە ئاسـتی ناوچەییـدان. ئەمـەش بـەو مانایەیـە کـە نیگەرانییــە ئەمنییەکانــی ئەکتەرێــک بــە پلــەی یەکــەم لەگــەڵ دراوســێ و نزیکەکانــی خۆیانـدا دروسـت دەبـن. ئاسایشـی هـەر ئەکتەرێـک لـە ناوچەیەکـدا لەگـەڵ ئاسایشـی ئەکتەرەکانــی تــردا کارلێــک دەکات.

بەکورتییەکەی، سەقامگیرکردنەوەی جەمسەرە گەورەکانی جیهان پێویستی بە تەلارسازیی و بیناکردنەوەی ئاسایشی ناوچەیی هەیە؛ ئەمە یەکێکە لە تیۆرییە بەرجەستەکان کە باری بوزان - Barry Buzan و ئۆلێ وایڤەر- Ole Waever لە چوارچێوەی "قوتابخانەی کۆبنهاگن-Copenhagen School of security studies" خستییانەڕوو. تیۆرییەکە وابەستەیی ئەمنیی بەیەکەوە وەک فاکتەری گرینگ لە دروستکردنی تەونێکی بنەمادار بە لایەنی ناوچەیی دەبینێت (Diskaya، 2013).

لەسەر ئەم بنەمایەش، نوخبەی ئێرانی وای دەبینن کە ڕێککەوتنی ئاساییوونەوەیەکی وەها دەشێت خزمەتێکی بەرچاو بە ئابوریی ئێران بکات؛ لەسەرووی هەموویانەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەهای دراو "تومەن" کە لەوپەڕی داڕماندایە. لە ڕووی سیاسیشەوە، ئەمە دەرفەتێکی گەورەیە بۆ ئێران کە بەهۆی پاڵپشتییەکانی بۆ ڕووسیا لە میانەی جەنگی ئۆکرایناوە، کەوتبووە بەر پەرواوێزخستن و سزادانی نێودەوڵەتی، لێرەوە دەکرێت ئێران باشتربوونی پەیوەندییە ناوچەییەکانی بکاتە ئامرازی کرانەوەی سیاسیی و دیبلۆماسیی بە ڕووی جیهاندا.

ئەوەی جێی تێبینییە، لە کاتێکدا جیهان بە شڵەژاوییەوە بەرەو لێواری وەرچەرخان و نەزمێکی نوێ هەنگاو دەنێت، دووری نێوان هێزە گەورەکان زیاتر دەبێت؛ کەچی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ژمارەیەک ئاساییوونەوەی پەیوەندیی دوو قۆڵی نێوان یەکە هەرێمایەتییەکان دەبیندرێت، ئیتر لەناو ئەم دیمەنانەدا فرەجەمسەرییەکە یان جیهانێکی بێ جەمسەر لەئایندەدا هەر لەچوارچێوە فراوانەکەی سیاسەتی نێودەوڵەتییدا نابێت؛ بەڵکو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەم فرەجەمسەریی و هەم وردە جەمسەر دەبینین.

لە سێپەمبەری ٢٠٢٠ دا، بە سەرپەرشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان "ڕێککەوتنی ئەبراهام-Abraham Accords" بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ ئیمارات و بەحرەین دەستی پێکرد. لە نۆڤەمبەری ٢٠٢١ دا دوای زیاتر لە دە ساڵ لە گرژیی و ناکۆکییەکانیان تورکیا و ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبیش پەیوەندییەکانیان ئاسایی کردەوە (Jaafar، 2021). بە دوایدا تورکیا و ئیسرائیلیش دوای دوانزە ساڵ وەستانی پەیوەندییە سیاسیی و دیبلۆماسییەکانیان لە کۆتایی (٢٠٢٢) دا

پەیوەندییەکانیـان ئاسـایی کـردەوە (ئەگەرچـی دواتـر جەنگـی غـەزە بەتـەواوی تێکـی دایــەوە). دوای ســاڵێک لــە هــەوڵ و نێوەندگیرییەکانــی پەکیــن (لەگــەڵ ڕۆڵ بینینــی عێـراق و عومـان) هەریەکـە لـە ڕیـاز و تارانیـش لـە مارسـی ٢٠٢٣ گەیشـتنە واژۆکردنـی ڕێککەوتنــی ئاشــتی نێوانیــان. ئینجــا دوای زیاتــر لــە دە ســاڵ خوێنــڕشتن و قەیرانــی مرۆیــی ســووریا لــە ئایــاری ٢٠٢٤ دا ڕژێمەکــەی بەشــار ئەســەد گەڕایــەوە کۆمــکاری عەرەبــی. پرۆســەکە قولانجێکــی مابــوو بگاتــە ئــەوەی ســعودییە و ئیسرائیلیــش پەیوەندییەکانیــان بــە ئاشــکرا ڕابگەیەنــن، ئــیتر جنۆکــەکان پاڵیــان بــە حەماســەوە نــا هێرشــی حەوتــی ئۆکتۆبــەر بــکات و جەنگــی غــەزە ڕوویــدا؟!

ســعودییە، گەورەتریــن هەنــاردەکاری نەوتــی جیهــان، ســەروو (١٢) دوانــزە ملیــۆن بەرمیــل لــە ڕۆژێکــدا بەرهــەم دەهێنێــت؛ لــە ســاڵی (٢٠٢٣) دا ڕۆژانــە حــەوت ملیــۆن و ٥٠٠ هــەزار بەرمیــل نەوتــی هەنــاردە کــردووە (Morrow، 2024). هەروەهــا ئێـران کـە بەهـۆی پرسـی چەکـی ئەتۆمییەکـەی و دەسـتوەردانی لەناوچەکـە جیهانـی سـەرقاڵ کـردووە. لـە دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران (١٩٧٩) ئێـران و سـعودییە لـە یەمەنـەوە تـا لوبنـان و سـووریا و عێـراق لـە ناکۆکییـدان. سـعودییە بـەردەوام هەوڵـی ئـەوەی داوە و دەدات بەهـۆی پێگـە و پیرۆزیـی مەککـە و مەدینــەوە وەک ڕابــەری جیهانــی ئیسلامــی دەربکەوێــت. ئێرانیــش وەکــو تاکــە نمایندەکاری (١٥٠ – ٢٠٠) ملیـۆن شـیعە لـە جیهانـدا دەردەکەوێـت کـە لـە ئێـران، عێـراق، ئەفغانسـتان، سـووریا، لوبنـان، یەمـەن، بەحرەیـن و ڕۆژهەڵاتـی سـعودییەدا خـۆی دەبینێتـەوە (Jalal، S. U.، Khan، Y.، & Pitafi، G. M. 2023). لای خـوارەوە، تەنیـا کلیـک لەسـەر یـەک ناوچـەی دیاریکـراو دەکەیـن.

**١.٢.٤. خوزستان لە نێوان عەرەبستان و ئێران دا**

خوزستان، یەکێکە لە (٣١) پارێزگاکەی ئێران کە مەڵبەندەکەی شاری ئەهوازە، دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای ئێران و سنووری لەگەڵ عێراق هەیە و بەدیار کەنداوی عەرەبییەوە شانی دا-داوە. ئەگەر لە سنووری پارێزگاکەدا، تەنیا ناوەندی شارستانی ئەهواز بە نموونە وەربگرین کە مەزەندە کراوە ژمارەی دانیشتووانەکەی لە ساڵی (٢٠٢٢) دا لە نێوان ٦-٨ ملیۆن کەس دا بێت، نزیکەی (٨٥٪) یان عەرەب و کورد و لوڕن، فارس بەگشتی (١٥٪) پانزە لەسەتی پارێزگاکە پێک دەهێنێت. وەک توێژەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوزان کویتاز ئاماژەی پێدەکات؛ هەموو ساڵێک لە ٢٠ی نیساندا گەلی ئەهوازی بە بۆنەی لەدەستدانی نیشتمانەکەیان، عەرەبستان کە بە واتای "خاکی عەرەبەکان" دێت ناڕەزایەتی دەردەبڕن و یادەوەرییەکان دەگێڕنەوە. ئەهواز وەک میرنشینێکی ئۆتۆنۆمە کە بۆ چەندین سەدە لەلایەن هۆزە عەرەبەکانەوە بەڕێوەدەبرا. لە ساڵی ١٩٢٥دا فارسەکان لەم سنوورەوە هێرشیان کردە سەر عەرەبستان و بە هێزێکی دڕندانە ڕێوشوێنی سڕینەوەی ناسنامەی عەرەبی عەرەبستان و گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی عەرەبستانیان جێبەجێ کرد (Quitaz، 2023).

ئەهواز، جگەلەوەی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر کەنداوی عەرەبی، خاوەنی گەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی ئێرانیشە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکەکەی پەراوێزخراون و هەژارن. زمانی عەرەبی لە قوتابخانەکاندا قەدەغە کراوە، ناڕەزایەتیی ئاشتییانە بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوت دەکرێت، دەیان هەزار مەدەنی ئەهوازی لە زیندانەکاندا ماونەتەوە و ژمارەیەکی زۆریان بەبێ دادگاییکردنی دادپەروەرانە ئەشکەنجە دەدرێن و لە سێدارە دەدرێن. بە درێژایی مێژوویی ناوچەکە، ململانێ لە پێناو ناسنامە، شەڕی تایەفی و هەوڵ بۆ جیابوونەوەی "خوزستان" لە ئێران لە ئارادا بووە. بەتایبەتی عەرەب، لە دوای دووەمین جەنگی جیهانی و لە سەردەمی جەنگی ساردا، وەهایان دەبینی بێ ساخکردنەوە و یەکلاکردنەوەی خوزستان بەلای خۆیاندا، شتێکی وەهایان نەکردووە کە جێگەی باس بێت.

بۆیە کۆماری ئیسلامی ئێران بانگەشەی ئەوە دەکات کە کەنداوی عەرەبی لە

بنەڕەتـدا کەنـداوی فارسـە و داوا دەکات ئـەم نـاوە وەک جێگرەوەیـەک بـۆ ناونانـی کەنـداوی عەرەبـی بڵاوبکرێتـەوە. ئـەم ناوچەیـە قورگـی کەنـداوە، بـۆڕی هەناسـەدانی ئێرانـە، ڕێـڕەوە بـۆ هەناردکردنـی نـەک نـەوت، بەڵکـو بەشـێوەیەکی گشـتی سـەرجەم کاڵا بازرگانییـەکان بـەرەو خـوارو و ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا.

پرۆفیسـۆر برێنـدا شـافێر لـە دامـەزراوەی بەرگـری لـە دیموکراسـییەکان و پسـپۆڕی بـواری وزە، کۆمەڵێـک تەحـەدای ئیتنـی لـە بـەردەم ئێرانـدا ڕیـز دەکات، یەکێـک لەوانـە کەمینەکانـی ئێرانـە کـە لـە زۆر ناوچـەدا زۆرینـەن، ئـەو دەڵێـت: ئازەربایجـان تاکـە تەحـەدا نییـە. کەمینـە نەتەوەییـەکان لـە چەندیـن شـوێنی ستراتیژیـی ئێرانـدا زۆرینـە پێکدەهێنـن. بـۆ نموونـە پارێـزگای خوزسـتان کـە ناوەنـدی بەرهەمهێنانـی نەوتـی ئێرانـە و چەندیـن بەنـدەری گرنـگ و یەکگرتنـی گـەورەی ڕێگاوبانـی تێدایـە، زۆرینـەی دانیشـتووانی غەیـرە فارسـن. بـەڵام پارێزگایەکـی ناسـەقامگیرە و بـەردەوام چالاکـی دژە ڕژێـم لـەوێ دەتوانێـت لـە بەرهەمهێنـان و هەناردەکـردن و ترانزێتـی نـەوت و گازی سروشـتی کاریگـەری لەسـەر توانـای ئێـران هەبێـت. جگـە لـەوەش، بەنـدەری ستراتیـژی چابەهـار لـە ئێـران کـە لـە سیسـتان- بەلوچسـتان هەڵکەوتـووە، هەمیشـە پارێزگایەکـی ناسـەقامگیرە و نزیکـەی تـەواوی دانیشـتووانی بەلوچەکانـە. هیندسـتان کـە نوێنەرایەتـی هەوڵـی نیودەلهـی دەکات بـۆ بەرپەرچدانـەوەی پڕۆژەکانـی ژێرخانـی چیـن لـە پاکسـتانی دراوسـێ، وەبەرهێنانـی زۆری لـە بەنـدەری چابەهـار کـردووە.

شـافێر ئامـاژە و بەڵگـە دەخاتـەڕوو کـە لـە کۆتاییەکانـی ساڵی ٢٠١٧ەوە چالاکیـی دژە ڕژێمـی ئێـران لـە لایـەن چەنـد نەتەوەیەکـەوە چـووە قۆناغێکـی نوێـوە، لەوکاتەشـەوە هێرشـی چەکـداری بـۆ سـەر سـوپا و سـوپای پاسـدارانی ئینقلابـی ئیسلامـی و دامەزراوەکانـی حکومـەت زیاتـر بـوو. لـە نێـو کەمینەکانـی ئێرانـدا، کـورد و ئەهـواز و بەلـوچ گرووپـی نیمچـە سـەربازیی چالاکیـان هەیـە. زۆربـەی چالاکییـە توندوتیژەکانـی دژە ڕژێـم لـە ئێـران لـە ناوچەکانـی خۆیـان: سیسـتان، خوزسـتان، کوردسـتان، کرماشـان و ئازەربایجانـی ڕۆژئـاوا ڕوودەدەن. نزیکـەی (٤٥٪)ی ئێـران فـارس نییـن، بەڵکـو کـورد و ئـازەری و بەلووچـن، ناوچـە سـنوورییەکانی ئێـران کـە کـورد و بەلووچەکانـی تێدایـە، بەرگـەی هەڕەشـەی بـەردەوام بـۆ سـەر هێزەکانـی ڕێژێـم دەگـرن. تاقمەکانـی ئەهـواز

جـار جـار هێرشـی دژە ڕژێـم لـە خوزسـتان ئەنجـام دەدەن، بـەڵام وەک کـورد و بەلـووچ یاخیبوونێکـی بـەردەوام بەڕێـوە نابـەن (Shaffer، 2021).

کاتێـک سـاڵی (١٩٥٥) هەریەکـە لـە؛ عێـراق، تورکیـا، ئێـران، پاکسـتان بەسەرپەرشـتی شانشـینی یەکگرتـووی بەریتانیـا "پەیمانـی بەغدا"یـان بـۆ ڕێگرتـن لـە بڵاوبوونـەوەی بیـری کۆمۆنیسـتی و هەژموونـی یەکێتـی سـۆڤییەت واژۆکـرد. بەهـۆی کودەتـای عەبدولکەریـم قاسـم لـە سـاڵی (١٩٥٨) و گۆڕینـی سیسـتەمی فەرمانڕەوایـی عێـراق لـە پاشـایەتییەوە بـۆ کۆمـاری، هەروەهـا بەهـۆی تەشەنەسـەندنی شـیوعییەت و هەژموونـی سـۆڤیەت لـە عێراقـدا، وێـڕای ئـەوەی عێـراق ئەندامـی دامەزرێنـەری پەیمانـی بەغـدا بـوو، لـە ٢٤ ی ئـاداری ١٩٥٩ لـە پەیماننامەکـە کشـایەوە (Copeland. 1970)، ئەمـەش ململانێکـەی سـەختتر کـرد.

ئێـران، بۆئـەوەی عێـراق و نەتـەوەی عەرەبـی بـە کێشـەی کـورد و شۆڕشـی کـورد و "خوزسـتان" سـەرقاڵ بـکات، یـان لـە بیربباتـەوە، بەدرێژایـی (١٤) سـاڵ پاڵپشـتی شۆڕشـی ئەیلوولـی کـرد. توانـی تـا ڕادەیەکـی زۆر بـاش سـەرکەوتوو بێـت لـە سـەرقاڵکردنی حکومەتـە یـەک لـەدوای یەکەکانـی عێـراق بـە پرسـی کـوردەوە. ئەگەرچـی شۆڕشـی ئەیلـوول بەڕێبەرایەتـی مـەلا مستەفا بارزانـی خاوەنـی پەیامـی نەتەوەیی و داخـوازی ڕەوا بـوو لەمـەڕ دیاریکردنـی چارەنووسـی کوردسـتان، بـەڵام هـەر بەهـۆی پرسـی کـوردەوە، سـەددام حوسـەین پەنـای بـردە بـەر شـای ئێـران و ڕێککەوتننامـەی جەزائیـری لـە سـاڵی (١٩٧٥) دا واژۆکـرد کـە تیایـدا عێـراق دەسـتی لـە بەشـێک لـە سـنووری ئاویـی خـۆی لـە "شـەتولعەرەب" بـۆ بەرژەوەنـدی ئێـران هەڵگـرت.

دوای ئـەوەی شۆڕشـی ئەیلـوول لـەو گەلەکۆمەکییـە ناوچەییـەدا خامـۆش کـرا. ئینجـا سـەددام حوسـەین لـە ڕێککەوتنەکـە پاشـگەزبۆیەوە، بەوهۆیـەوە لـە ٢٢ی ئەیلوولـی ١٩٨٠ جەنگـی عێـراق- ئێـران هەڵگیرسا. جەنگەکـە (٨) سـاڵی خایانـد (Al-Ani، 2020). بـەم پێیـە، هـەر پرسـی کوردیـش بـووە هـۆی ئـەوەی جەنگـی دووەمـی کەنـداو بەرپابێـت. بەدرێژایـی ئـەو ماوەیـە سـعودییە دەیـان ملیـار دۆلاری لـە پاڵپشـتی کردنـی عێراقـدا خەرجکـرد، بۆئـەوەی ئێـران سـەر-نە-کەوێت (Jalal، S. U.، Khan، Y.، & Pitafi، G. M. 2023).

بـە درێژایـی سـەردەمی جەنگـی سـارد، بەهـۆی نـا- ئامادەگیـی کـورد وەکـو

هێزێکـی یەکگرتـووی مۆدێـرن، ئەکتـەرە ناوچەییـەکان بـەردەوام دۆسـییەی کوردیـان بـۆ دژایەتـی یـەکتر بەکارهێنـاوە. ئەمجارەیـان لـە سـەدەی ٢١ دا، کاتێـک دەرزەنێـک ئاسـاییبوونەوە و هاریکاریـی ناوچەیـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ڕوودەدات، دەبینیـن وڵاتانـی ناوچەکـە خێـرا بەیاننامـەی پاڵپشـتییەکانیان بڵاودەکەنـەوە. لـە پەیوەنـد بـە ئاسـایی کردنـەوەی پەیوەندییەکانـی سـعودییە و ئێرانـدا؛ یەکسـەر هەریەکـە لـە مـیسر و عێـراق و ئـیمارات و عومـان پێشـوازیی و پشـتگیریی خۆیـان بـۆ ئاشـتبوونەوەکە ڕاگەیانـد. عێـراق لـە نیسـانی ٢٠٢١ ەوە میوانداریـی چەندیـن گـەڕی دانوسـتاندنی لـە نێـوان سـعودیە و ئێـران کـردووە. ڕوون نییـە سیسـتەمی تـازەی هەرێمایەتـی و جیهانـی لەناوچەکـەدا چـی بـۆ کـورد لـە هەگبەدایـە، لـە کاتێکـدا لـەدوای یەکەمیـن جەنگـی جیهانییـەوە کـوردەکان و خاکەکەیـان دابەشـبوون بەسـەر چـوار دەوڵەتـدا: تورکیـا، ئێـران، عێـراق، سـووریا.

**٢.٢.٤. ئایا ویلایەتە یەکگرتوەکان لە پەراوێزدا ماوەتەوە؟**

نموونەیـــەک: ئاســـاییبوونەوە و گفتوگـــۆ هاوبەشـــەکانی نێـــوان ڕیـــاز و تـــاران لـــە دوای مارســـی ٢٠٢٣ەوە دوای قۆناغێکـــی دوژمنایەتـــی قـــووڵ دێـــت. هـــەردوو وڵات نـــاوی باڵوێزەکانیـــان ئاڵوگۆڕکـــردووە و باڵوێزخانەیـــان دامەزراندوەتـــەوە. ئەگـــەر ئـــەو دوو دەوڵەتـــە لەســـەر ڕێککەوتنـــی ســـاڵی ٢٠٢٣ بوونیادنانـــی زیاتـــر نەکـــەن، ئـــەوا دەتوانـــن بگەڕێنـــەوە بـــۆ ئـــەو توندوتیژییـــەی کـــە لـــە دەیەکانـــی پێشـــوودا لـــە نێوانیانـــدا هەبـــوو، بـــەو هۆیـــەوە شـــەڕی بەوەکالەتـــی جۆراوجۆریـــان لەناوچەکـــەدا بەرپاکـــردووە، جگەلـــەوەش ڕەنگـــە ببێتـــە هـــۆی ڕووداوی مەترســـیدار وەک هێرشـــی ســـاڵی ٢٠١٩ بـــۆ ســـەر دامـــەزراوە نەوتییەکانـــی ســـعودیە.

وەک گرووپـــی قەیرانـــی نێودەوڵەتـــی (٢٠٢٤) بیرمـــان دەهێنێتـــەوە، پەیوەنـــدی نێـــوان ئێرانـــی زۆرینـــەی شـــیعە و عەرەبســـتانی زۆرینـــەی ســـوننە لـــە مێـــژە ئاڵـــۆزە. تـــاران و ڕیـــاز ڕکابەرێکـــی کۆنـــن و کێبڕکـــێ لەســـەر هـــەردوو هەژموونـــی ناوچەیـــی و ســـەرکردایەتیکردنی ئیـــسلام دەکـــەن، ئەمـــەش لـــە سەرانســـەری ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا ســـەرچاوەی ســـوتەمەنی گرژییـــە تائیفیەکانـــە. ئـــەوان لـــە چەندیـــن شـــەڕی ناوچەییـــدا دژبەیـــەک بـــوون، لەوانـــەش لـــە جەنگـــی یەمـــەن؛ لـــەوێ گرووپـــی حووســـییەکان بەپاڵپشـــتی ئێـــران مەترســـییان لـــە دەریـــای ســـووو دروووســـتکردووە. دوایـــن پچڕانـــی پەیوەندییـــە دیپلۆماســـییەکان لـــە ســـاڵی ٢٠١٦دا ڕوویـــدا، دوای ئـــەوەی ســـعودییە پیاوێکـــی ئایینـــی شـــیعەی بـــە نـــاوی شـــێخ نەمـــر ئەلنەمـــر لەسـێدارە دا، ئەمـــەش وایکـــرد گرووپێـــک خەڵـــک باڵیۆزخانـــەی ســـعودییە لـــە تـــاران ئاگرتێبـــەردەن و تاڵانـــی بکـــەن. دوای ئـــەوەی لـــە ســـاڵی ٢٠١٩دا ئەمریـــکا "زۆرتریـــن فشـــار" و ســـزای ئابـــووری دژی ئێـــران دەســـتپێکرد، لـــە کۆتاییەکانـــی هەمـــان ســـاڵدا هێرشـــەکانی حووســـییەکان بـــۆ ســـەر ژێرخانـــی نەوتـــی ســـعودیە گەیشـــتە لوتکـــە و ڕیـــاز و واشـــنتۆنیش تارانیـــان تۆمەتبـــار کـــرد (International Crisis Group. 2024).

کاتێـــک چیـــن نێوەندگیرییەکـــی وەهـــا گـــەورە لـــە نێـــوان دوو هێـــزی هەرێمیـــی ســـەرەکی ئەنجـــام دەدات، دەبـــێ بپرســـین ئایـــا ویلایەتـــە یەکگرتـــوەکان لـــە پەراوێـــزدا ماوەتـــەوە؟!

لـــە ڕاســـتییدا، لەرەلـــەری گـــەورە لـــە پەیوەندییەکانـــی ئەمریـــکا و ســـعودییەدا ڕوویانـــداوە، بۆیـــە لەلایـــەک چیـــن و ڕووســـیا توانیویانـــە ئـــەو بۆشـــاییە پڕبکەنـــەوە،

لەلایەکــی دیکــەش لــە میانــەی جەنگــی ئۆکرایــن و لاوازبوونــی پێگــەی ئەمریــکا لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، ســعودییە توانیویەتــی ســوود لــە بەرزبوونــەوەی نرخــی ســوتەمەنی وەربگرێــت.

تیرۆرکردنــی جەمـال خاشـقچی، ڕەخنەگـری دژ بـە حکومەتـی سـعودی، گۆشەنووسـی واشـینگتن پۆسـت و بەڕێوبـەری پێشـوو و سەرنووسـەری کەناڵـی ئەل-عـەرەب نیـوز، لـە ٢ی ئۆکتۆبـەری ٢٠١٨ لـە کۆنسـوڵخانەی سـعودییە لـە ئیسـتانبوڵ لەلایـەن بریکارانـی حکومەتـی سـعودیەوە تیرۆرکـرا. ئـەوەش سـعودییەی خسـتە بـەردەم سەرزەنشـتکردنی ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریـکا و ئیـدارەی ترامـپ. بـە بـڕوای هـەردوو شرۆڤـەکاری سـی ئێـن- ئێـن ناتاشا بێتراند و ئەلێکس مارکـواردت؛ ئەمریـکا پێویسـتی بـە ڕیسـێتکردنی تــەواوە لەگــەڵ ســعودیە، چوونکــە تێکچوونــی ڕێژەیــی پەیوەندییەکــە بــە شــێوەیەکی کاریگــەر لــە کوشــتنی جەمـال خاشـقچیەوە بـۆ بابەتـی دیکـە سەریکێشـاوە.

وەک ئــەو دوو شرۆڤــەکارە دەستنیشــانی دەکــەن، بەرزتریــن ئاســتەکانی حکومەتــی ســعودییە، لەنێویانــدا محەمــەد بــن ســەلمان، شــازادەی جێنشــینی ســعودییە، لــە کوشــتنی خاشــقچی تاوانبــارن و هیــچ دەربازبوونێــک نییــە لــەو ڕاســتییە تونــدەی کــە لــە هەڵســەنگاندنی گشــتی کۆمەڵگــەی هەواڵگــری ئەمریــکا لــە ســاڵی ٢٠٢١دا ئاشــکرا بــووە، ســاڵی ٢٠٢١ یاســادانەرانی بــاڵای ئەنجومەنــی نوێنــەران نامەیەکیــان بــۆ بایــدن نووســیوە کــە "دەبێــت لــە پێداگــری لەســەر دادپــەروەری بــۆ ئــەم تاوانــە ترســناکە بــەردەوام بیــن." (Bertrand، N and Marquardt، A. 2022).

لـە کاتێکـدا خۆرئـاوا بەهـۆی جەنگـی ئۆکراینـەوە کەوتۆتە قەیرانـی وزەوە. لە سـەرەتای ئۆکتۆبـەری ٢٠٢٢ دا، سـعودییە بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ ڕووسـیا وەک بەشـێک لـە ئۆپێـک پڵـەس بـۆ کەمکردنـەوەی بەرهەمهێنانـی نـەوت بڕیاریـدا. ئـەوەش پەیوەندییەکانـی نێـوان ئەمریـکا و سـعودییەی تووشـی گرژیـی زیادتـر کـرد. ئیـدارەی بایـدن بەڵێنـی دا وەڵامـی "مەنهەجـی" بداتـەوە بـەو شـتەی کـە وەک ڕەتکردنەوەیەکـی ئاشـکرا و هـاوکاری لەگـەڵ مۆسـکۆ هەسـتی پێـدەکات. لـە کاتێکـدا بـۆ ڕاگرتنـی هاوکارییـە ئەمنییـەکان بـۆ سـعودییە، لــە کۆنگرێســدا بانگــەوازی دوولایەنــە ســەریهەڵدا. لای خۆیــەوە ڕیــاز جەخــت لــەوە دەکاتــەوە، تەنیـا لـە بەرژەوەندیـی ئابوورییـەوە مامەڵـەی کـردووە.

لەکاتێکدا هەژموونی چین ڕووی لە هەڵکشانە و باس لە وەرچەرخانی هێزی جیهانی دەکەین کە تیایدا ڕۆڵی هێزە-مامناوەندەکان یەکلاکەرەوە دەبێت، دەبینین پەیوەندییەکانی ئەمریکا و سعودییە لە ژێر هەڵسەنگاندنێکی بنەڕەتیدایە، ئەمەش کاتێک باس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، کاریگەری لەسەر ئاراستەی ستراتیژێکی فراوانتری هەردوو وڵات هەیە. بۆ ئەمریکا پرسیارێکی سەرەکی ئەوەیە؛ چۆن سەرچاوەکان بۆ بەردەوامبوونی وەبەرهێنان لەو ناوچەیە بەڕێوەببە کە بە ناوچەیەکی ناجێگیری دەزانێت؟ لە ڕووی دەستەبەرکردنی ئاسایشی وڵاتەکەیەوە بە لەبەرچاوگرتنی کەمبوونەوەی پابەندبوونی ئەمریکا، پرسیارێکی بنەڕەتیتر بۆ سعودییە وروژێنراوە، جگە لەوەش، "بێ وەڵام"ی ئەمریکا بۆ هێرشە موشەکییەکانی سەر دامەزراوە نەوتییەکانی خورەیس و عەبقائیق لە ئەیلوولی ٢٠١٩، تا ئەوپەڕی هێمایە بۆ گومانەکانی ئێستای سعودییە، وەک زلهێزێکی مامناوەند بەملاولای دیکەدا دەچێت (International Crisis Group. 2024).

ئامنا مۆسلی توێژەر لە سەنتەری توێژینەوەی کەنداو پێی وایە، لە سەرەتادا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە بەشێکی زۆری پەیوەندییە تەقلیدییەکان کە لە دەوری نەوت و بازرگانی و فرۆشتنی پێداویستی سەربازیی لە نێوان سعودییە و ئەمریکادا سەنتەر بووە، هەر وەک خۆی ماوەتەوە. مرۆڤ ناتوانێت باسی پچڕانی پەیوەندییەکان بکات. بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٢١ەوە، ئەمریکا دووەم گەورەترین هاوبەشی بازرگانی سعودییە و سێیەم سەرچاوەی پێشەنگی نەوتی هاوردەکراوی ئەمریکایە. هەروەها شانشینی سعودییە گەورەترین کڕیاری کەلوپەلی سەربازی بیانی (FMS) ئەمریکایە کە زیاتر لە (١٠٠) ملیار دۆلاری لە کەیسە چالاکەکانی کڕینی سەربازییدا هەیە. بەگشتی سعودییە (٢٤٪)ی سەرجەم فرۆشی چەکی ئەمریکای لە نێوان ساڵانی ٢٠١٦ تا ٢٠٢٠ دا پێکهێناوە، ئەمەش بەشدارییەکی بەرچاو لە ئابووری ئەمریکادا دەکات.

زۆرێک لەو ڕەخنانەی لەسەردەمی ئیدارەی ترامپ دا بەرانبەر محەمەد شا سەلمان و شانشینی سعودییە دەربڕاون، پاشانیش ئیدارەی بایدن ئەم بابەتەی قووڵتر کردەوە و لە سیاسەتی ڕاگەیاندن دا ڕەنگدانەوەی هەبووە، ئەوەش تەنیا گومان و

نیگەرانییـە گشـتییەکانی سـعودییەیان قـووڵتر کردووەتـەوە. پرسـێکی سـەرەکی بریتییـە لـە بەردەوامبوونـی تێوەگلانـی ئەمریـکا لـە ناوچـەی بەرفراوانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و کاریگەرییەکانـی لەسـەر دۆخـی ئەمنـی فـراوانتر. ئەمـەش ڕەفتارەکانـی ئەمریـکا لـە سـنووردارکردنی بەشـداریکردنی ڕاسـتەوخۆی سـەربازی لـە ناوچـە فراوانەکـەدا دەگرێتەوە، وەک لـە کشـانەوەی ئەمریـکا لـە ئەفغانسـتان و ئـەو ڕاسـتییە دەرکەوتـووە کـە ئەمریـکا سـەرنجی خـۆی دەگۆڕێـت بـۆ ململانێـکان لەگـەڵ چیـن و ڕووسـیا. جگەلـەوەش نـاو-بە-نـاو ئەگـەری گەڕانـەوەی ئەمریـکا بـۆ پلانـی کاری گشـتگیری هاوبـەش (JCPOA) لـە سـعودییە بووەتـە جێـگای گومـان و نیگەرانـی. ئەمـەش بەشـێوەیەکی ڕێژەیـی مامەڵـەی سـعودییەی لەگـەڵ مۆسـکۆ و پەکیـن دا پەرەپێـداوە (Mosly، 2022). لەبـارەی ئێرانـەوە، بەدڵنیاییـەوە سـعودییە پێشـوازیی لەهـەر ڕێککەوتنێکـی خۆرئـاوا لەگـەڵ ئێـران دەکات، بـە مەرجێـک ئـەو ڕێککەوتنـە دڵنیابێـت لـەوەی ئێـران ئێسـتا، یـان هەرگیـز دەسـتی بـە تەکنەلۆژیـای چەکـی ئەتۆمـی نـەگات.

لـە کاتێکـدا ڕێککەوتنەکـەی نێـوان ئێـران و سـعودییە وەک چارەسـەرێکی گشـتگیر بـۆ هێورکردنـەوەی هەمـوو ئـەو ئاڵـۆزی و ئاسـتەنگانە کار نـاکات کـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا ڕووبـەڕووی دەبنـەوە، بـەڵام هەنگاوێکـە جێی سـەرنجە بـەرەو پەروەردەکردنی داهاتوویـەک کـە بـە بەرزبوونـەوەی ئارامی و خۆشـگوزەرانی بەنـدە. ئـەم ڕووداوە ئاماژەیە بـۆ سـەرەتای سـەردەمێکی نـوێ کـە بـە هـاوکاری و گوتـاری نێـوان دوو زلهێـزی دیـار لـە ناوچەکـەدا پەیوەسـتە. چیـن لـەم چوارچێوەیـەدا هـەم وەک نێوەندگیـری و هـەم وەک هاوبەشـێک پێگەیەکـی سـەرەکی دەگرێتـە ئەسـتۆ. هەروەهـا ئـەم ڕێککەوتنـە ئاماژەیـە بـۆ پەرەسـەندنی داینامیکـی سیاسـەتی نێودەوڵەتـی کـە دەوڵەتـە نەتەوەییـەکان زیاتـر سـەربەخۆیی خۆیـان لـە زلهێـزە جیهانییەکانـەوە دووپـات دەکەنـەوە و لـە زلهێـزەکان دوور تـر دەکەونـەوە، بەڵکـو ئـەم هێـزە مامناوەنـدە جیهانییانـە کـە لـە زلهێـزی ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاستن، چالاکانـە کاریگەرییـان لەسـەر پەیوەنـدی و هاوپەیمانییەکانـی خۆیـان هەیـە و بەڕێـوەی دەبـەن نـەک بـە شـێوەیەکی پاسـیڤ لەگـەڵ کاریگەرییـە دەرەکییـەکان بگونجێـن. بۆیـە ڕێککەوتنـی سـعودیە و ئێـران نوێنەرایەتییەکـی ئومێدبەخـش دەکات لـە چرکەسـاتێکی هەسـتیاردا کـە نەزمـی جیهانـی بـەرەو گـۆڕان هەنـگاوی هەڵگرتـوە.

ئەگەرچــی کۆشــکی ســپی لەمیانــەی ئاســایبوونەوەی پەیوەندییەکانــی ســعودییەو ئێرانــدا، هیــچ دڕودۆنگییەکیــان نیشــان نــەدا. ئێمــە بــەردەوام گــوێ لــە بەرپرســانی خۆرئــاوا دەگریــن، دەڵێــن بــە هیــچ جۆرێــک ئەمریــکا و بەریتانیــا ناوچەکــە بــۆ ڕووســیا و چیــن چــۆڵ ناکــەن، بەڵکــو پێچەوانەکــەی ئەنجــام دەدەن، ئەمــە قســەیە، بەڵکــو لــە واقیعــدا ئێمــە شــتێکی دیکــە دەبینیــن. سیاســەتی دەرەوەی ویلایەتــە یەکگرتــوەکان، هەمیشــە ڕوون و ڕاشــکاو نییــە؛ بۆیــەش زۆربــەی کات لــە ڕێگــەی نوێنەرەکانییــەوە لــە ناوچــە جیا-جیاکانــدا شــەڕی ئەجێنداکانــی خــۆی دەکات. بــۆ ویلایەتــە یەکگرتــوەکان نێوبژیوانــی چیــن لــە پرســی ئاشــتبوونەوەی ســعودییەو ئێــران دا، لــە دوو ســیناریۆ بــەدەر نییــە:

**ســیناریۆی یەکــەم**: سیاســەتی ویلایەتــە یەکگرتوەکانــی ئەمریــکا لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت کەوتۆتــە پەراوێــزەوە. وەک لــە پێشــوتر ئاماژەمــان پێکــرد، وڵاتانــی کەنــداو بەتایبەتــی ســعودییە، قەتــەر و عێراقیــش پەیتــا پەیتــا مامەڵــەی گــەورە لەگــەڵ "چیــن" واژۆ دەکــەن، هەژموونــی ئابوریــی و بۆندەکانــی چیــن بــە خێرایــی ناوچەکــەی داپۆشــیوە و بــرەو بــە "هێڵــی ئاوریشــم" دەدات. قەبــارەی ئاڵوگــۆڕی بازرگانــی نێــوان ســعودیە و چیــن لــە مــاوەی (٢٠١٧-٢٠٢١) دا (٣٢٠) ملیــار دۆلار بــووە. لــە کۆتایــی (٢٠٢٢) شــدا کۆمپانیاکانــی ســعودیە و چیــن (٣٤) ڕێککەوتنــی وەبەرهێنانیــان واژۆکــرد (Sky News Arabia، 2022، December 8).

لــە ســاڵی (٢٠٢٤) دا قەبــارەی ئاڵوگــۆڕی بازرگانــی لــە نێــوان چیــن و ســعودییەدا (١٠٢) ملیــار دۆلاری ئەمریکــی بــوو (Soltani. 2025، May 14 ). هــەر ئەمــە نییــە؛ ســعودییە لەگــەڵ ڕووســیاش پەیوەندییەکــی نایابــی بوونیادنــاوە. لــە ئەیلوولــی ٢٠٢٥ دا ڕێککەوتنــی هاوبەشــی بەرگــری ستراتیــژی لــە نێــوان ســعودییە و پاکســتان دا واژۆکــرا؛ بەپێــی ئــەم ڕێککەوتنــە، هــەردوو وڵات بەڵێنیــان دا، هــەر دەســتدرێژییەک بەرانبــەر یەکێکیــان وەک دەســتدرێژییەک بەرانبــەر هەردووکیــان مامەڵــەی لەگەڵــدا بکــەن، ئەمــەش یەکێکــی دیکەیــە لــە هەوڵەکانــی بەدەســتهێنانی ســەربەخۆیی زیاتــر و کرانــەوەی زلهێزێکــی مامناوەندیــی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، نــەک ئــەوەی بەتەنیــا بــە تاکــە زلهێزێــک "ئەمریــکا" پەیوەســت بێــت.

**سـیناریۆی دووەم:** بـە پێچەوانــەی یەکەمــەوە، ئامانجــە ســەرەکییەکەی ئەمریــکا ئەوەبــوو؛ ئێــران لــە چیــن و ڕووســیا دووربخاتــەوە، ئــەو کارەشــی بــە ڕێگــەی سـعودییەوە ئەنجـام داوە. ئـەوە هەڵەیەکـی زۆر زەقـە، ئـەو ڕاسـتییە لـە بیـر خۆمـان ببەینــەوە کــە لــە کۆتاییــدا ئــەوە ئەمریــکا و خۆرئاوایــە بەگشــتی سـعودییە دەپارێــزن، پاتریۆتــی ئەمریکــی مەککــە و جــەددە و ڕیــاز دەپارێزێــت. ئەگــەر ئەمریــکا نەبوایــە ئێـران و حووسـییەکان هێزیـان لـە سـعودییە بڕیبـوو، ڕۆژهەڵاتـی سـعودییە زۆرینەیـان شـیعە مەزهەبــن، تاکــە مەترســییەک کــە "شــا ســەلمان" و بنەماڵەکــەی لێــی تۆقیــون شـیعە و ئێرانییەکانــن بــە درێژایــی دەیەکانــی ڕابــردوو. ئــەوە ئەمریکایــە سـعودییەی فێـری نـەوت فـرۆشتن کـرد و بـە جیهانـی مۆدێرنـی ئاشـنا کـردن، کۆمپانیـای "ئارامکـۆ" ســاڵانە بەبەهــای ســەدان ملیــار دۆلار نــەوت بــە هاریــکاری خۆرئــاوا دەفرۆشــێت. "شـازادە محەمـەد بـن سـەلمان" ئـەو ڕاسـتییە دەزانێـت پشـت کردنـە ئەمریـکا باجەکـەی کەوتنێکـی ئـازار بەخشـە. لـەم پانتاییـەدا، دوای گەڕانـەوەی دۆناڵـد ترامـپ بـۆ کۆشـکی سـپی یەکەمیــن ســەردانی دیبلۆماسـیی ئــەو لــە جیهانــدا بــۆ "سـعودییە" بــوو؛ بــە قەبــارەی ســەدان ملیــار دۆلار گرێبەسـتیان پێکــەوە واژۆکــرد.

لـە ئەنجامـدا، هێورکردنـەوەی ململانـێ و ناکۆکییـە هەرێمایەتییـەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هەنگاوێکـە بـۆ ئاشـتی و سـەقامگیریی، بـەڵام کاریگەرییەکـەی لـە ئاسـتی جیهانییـدا کـز و لاواز دەردەکەوێـت؟ چوونکـە لەولاتـرەوە، پرسـی بڵاوبوونـەوەی چەکـی ئەتۆمــی لــە جیهانــدا بووەتــە مەترســییەکی گــەورە لەســەر هەســارەی زەوی: چیــن، پاکســتان، ئیسرائیــل، ئێــران، کۆریــای باکــوور، هینــد، ڕووســیا تــا دەگاتــە بەریتانیــا، فەڕەنســا و ئەمریــکا پێکــەوە چەکــی ئەتۆمییــان هەیــە، زۆربەشــیان هەڕەشــەی بەکارهێنانــی دەکــەن، بەتایبــەت ڕووســیا لــە پەیوەنــد بــە جەنگــی ئۆکراینــەوە. لەبەرئــەوەی سیســتەمی تــاک جەمســەری لــە پەیوەندییــە نێودەوڵەتییەکانــدا لەنگــەری شـکاوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕووداوە ناوچەیـی و جیهانییـەکان ئێجـگار خێـراو دراماتیکـی ڕوودەدەن. ئەمــەش وا دەکات ئەکتــەرە نێودەوڵەتییــەکان بــە شــێوەیەکی تاکتیکیــی تەماشــای ڕێککەوتننامــە و مامەڵــە دیبلۆماســیی و بۆنــدە ئابوورییــەکان بکــەن.

### ٣.٤. دیبلۆماسی لە تاریکیدا: پەیوەندیی و گفتوگۆکانی نێوان سعودییە و ئیسرائیل

لـــە (ئایـــاری ٢٠١٧) دا دۆناڵـــد ترامـــپ ســـەرۆکی ویلایەتـــە یەکگرتـــوەکانی ئەمریـــکا یەکەمیـــن ســـەردانی لـــە مـــاوەی ســـەرۆکایەتیەکەی بـــۆ ســـعودیە بـــە ســـەرکەوتوویی ئەنجامـــدا، زۆربـــەی چاودێـــرانی پەیوەندییـــە نێودەوڵەتییـــەکان ئامـــاژەکانی ئـــەم ســـەردانەیان بـــۆ ئـــەوە گەڕانـــدەوە کـــە پەیوەندییـــەکانی ئیسرائیـــل و ســـعودییە وەك دوو یەکـــەی هەرێمـــی پتـــەو بـــکات، ترامـــپ لـــە دوای تەواوبوونـــی ســـەردانەکەی بـــۆ ســـعودییە گەیشـــتە ئیسرائیـــل، تـــا زۆر پـــرسی گرینـــگ هەیـــە لـــە ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـت ئـــەم دووانـــە پێکـــەوە داخـــی بکـــەن، لەوانـــە: بەرگرتـــن لـــە لێشـــاو و هەژمـــوونی شـــیعەگەرایی و هەژمـــوونی ئێـــران، دەســـتوەردانی ئێـــران لـــە: عێـــراق، ســـووریا، لوبنـــان، فەلەســـتین، یەمـــەن، هەڕەشـــە دروســـتکردن بـــۆ ســـەر ئاســـایشی کەنـــداوی عـــەرەبی. کەوابێـــت کەشـــەکە ئـــەوە دەخوازێـــت هاوپەیمانێتیـــەك لـــە نێـــوان ئیسرائیـــل و ســـعودییە لـــە نهێنیـــەوە ببێتـــە فاکـــت و تیـــزێکی ئاشـــکرا:

- کـــۆی ڕووداوەکانی کۆتایـــی لـــە (٢٠١٧) دا، دەریانخســـت، تەنانـــەت لـــە نێـــوان ڕیـــاز و تەلئەبیـــب دا هاریـــکاری ســـەربازیش بـــوونی هەیـــە. مایـــک پۆمپیـــو (Mike Pompeo) بەڕێوەبـــەری CIA لـــە ســـەرەتای دیســـەمبەری (٢٠١٧)ەدا ئـــەوەی ڕوون کـــردەوە: ســـعودییە بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ لەگـــەڵ ئیسرائیـــل و دەوڵەتـــانی دیکـــەی ســـوننە مەزهـــەب لـــە جەنگـــی دژی داعشـــدا کاردەکات. ڕۆژنامـــەی جۆرشـــەلیم پۆســـت لـــەزاری "پۆمبیـــۆ"ەوە لـــە (٧ی دیســـەمبەری ٢٠١٧) لـــە ڕاپۆرتێکـــدا دەنووســـێت: ســـعودییە و ئیسرائیـــل پێکـــەوە کاردەکـــەن. هەروەهـــا پێشـــتریش وەزیـــری وزەی ئیسرائیـــلی یوڤـــال ســـتێنتز (Yuval Steinitz) لـــە چاوپێکەوتنێکـــی ڕادیۆییـــدا ئـــەوەی درکانـــد کـــە چەندیـــن کۆنتاکـــت لەگـــەڵ ســـعودیەدا بـــوونی هەیـــە، بـــەڵام لەســـەر داوای ریـــاز شـــاردراونەتەوە (Tru News، 2017).
- لـــە ئۆکتۆبـــەری (٢٠١٧)ەدا هـــەردوو ســـەرۆکی دەزگای هەواڵگـــری پێشـــووی ئیسرائیـــل و ســـعودییە بـــە مەبەســـتی ئاڵۆگـــۆڕی بیـــر و بۆچونەکانیـــان ســـەبارەت بـــە سیاســـەتی ویلایەتـــە یەکگرتـــووەکانی ئەمریـــکا لـــە ناوچەکـــەدا چاویـــان بـــە یـــەک کەوتـــووە. هەروەهـــا ســـەرۆکی پێشـــووی دەزگای هەواڵگـــری شـــازادە تورکـــی ئەلفەیســـەڵ

لەگەڵ سەرۆکی پێشوی مۆساددا ئیفرایم هالڤی (Efraim Halevy) وتەیەکیان پێشکەش کردووە، تەنانەت ئامادەش بووە لەگەڵ هاوتا ئیسرائیلیەکەیدا لە سیمپۆزیۆمێك لە سەنتەری کۆمیونیتی جولەکەکان لە نیویۆرک بەشداربێت (Middle East Monitor: 2018، January 8).

- وەک دەردەکەوێت، هەردوولا هەستیان بە فراوانخوازیی و مەترسییەکانی ئێران وەک دەوڵەتێکی شیعە مەزهەب کردووە بۆ سەر هەژموونی سیاسیی و بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان، تەنانەت لە چاوپێکەوتنێکی سەرۆک ئەرکانی ئیسرائیلی گادی ئیزنکوت (Gadi Eizenkot) لەگەڵ "ڕۆژنامەی ئیلافی سعودی" دا ئاماژە بەوە دەکات، ئیسرائیل ئامادەیە زانیارییە هەواڵگرییەکان سەبارەت بە ئێران لەگەڵ سعودیەدا هاوبەشی پێ بکات، ئیزنکۆت دەڵێت "ئێمە بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران ئامادەی ئاڵووێری ئەزمونەکان و زانیارییە هەواڵگرییەکانین لەگەڵ سعودیە و دەوڵەتە میانڕەوە عەرەبیەکانی دیکە" (Amos، 2017).

خۆ ئامادەکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سازدان و کۆنێکت کردنی هاوپەیمانێتیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بابەتێکی وردە و مەترسییەکەش بە واقیعی ماوەیەکە دیار و دەرکەوتووە، چونکە جگە لە ئامادەبوونێکی تەواوەتی چین و ڕووسیا، پلانی ئێرانییەکان بریتیە لە کۆنترۆلکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی دوو هیلالی شیعیەوە:

یەکەمیان، لە ئێرانەوە بە ناو عێراقدا تێدەپەڕێت بۆ سووریا و لوینان.

دووەمیش، بە نیوە دورگەی عەرەبیدا تێدەپەڕێت لە بەحرەینەوە بۆ یەمەن و دەریای سوور، ئەوەش لە ڕێگەی حیزبە سیاسییەکان و میلیشیاکانەوە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە لایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن وەک میلیشیا شیعەکانی عێراق، حزب اللەی لوبنان و حوسیەکانی یەمەن و گروپە شیعیەکانی دیکەی دەوڵەتانی نیوە دورگەی عەرەبی.

دوای "ئۆپەراسیۆنی لافاوی ئەقسا"ی حەماس لە ٧ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٣، سعودییە بە ئاشکرا ڕەخنەی لە کردەوەکانی ئیسرائیل لە غەززە گرت و بە هۆکاری پەرەسەندنی گرژییەکانی زانی، سەرەڕای گفتوگۆکان بۆ ئاساییکردنەوەی

پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئەبراهام (کە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیلە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی کەنداو). جێگای سەرنجە، سعودییە خۆی لە ئیدانەکردنی ئۆپەراسیۆنی حەماس بەدوور گرت. دواتر لە ئیدانەکردنی کردەوەکانی ئیسرائیل لە غەزە بەردەوام بوو، بۆ ئەو مەبەستەش سعودییە میوانداری لوتکەی نائاسایی عەرەبی- ئیسلامی کرد کە لیژنەیەکی وەزاری بۆ سەرکردایەتیکردنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە شەڕی غەززە پێکهێنا. بەشێوەیەکی گشتی لە یەکەم ڕۆژەکانی هەڵگیرسانی جەنگی نێوان ئیسرائیل و حەماس لە غەزە؛ هەموو چاوەکان لەسەر سعودییە بوون.

لە سەرەتای جەنگەکەوە، سعودییە بەردەوام جەختی لەسەر پشتیوانی خۆی بۆ چارەسەری دوو دەوڵەتی کردەوە، هەڵوێستێک کە لە کۆبوونەوەی لیژنەی وەزاریدا لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی دیکە لە ڕیاز دووپاتکرایەوە. گرنگی سعودیە وەک سەرکردە و هێزێکی ئابووری لە جیهانی عەرەبی و ناوچەکەدا کاریگەری لەسەر هەڵوێستەکەی هەبوو. بەڵام گوشاری نەخستە سەر ئەمریکا و گەلانی ڕۆژئاوا بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕەکە، هەروەها ڕاگرتنی ڕوونی لە پرۆسەی ئاساییکردنەوە لەگەڵ ئیسرائیل ڕانەگەیاند، بەڵکو هەوڵیدا دانوستانەکانی لەگەڵ ئیسرائیل زیندوو بکاتەوە. دەبینین لە بەڕێوەبردنی پێگەی خۆیدا، سعودییە بە وردی ڕۆڵی گرنگی خۆی و هەڵوێستی هاووڵاتیانی و تێڕوانینی فراوانی جیهانی عەرەبی سەبارەت بە غەززە و هەروەها بەرژەوەندییە ستراتیژی و ئابوورییەکانی لەبەرچاو دەگرێت. ڕێبازەکەی لە چوارچێوەی سیاسەتێک دانراوە کە بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنییەکانی ناوخۆ لە سەرووی پرسە دەرەکییەکان لە پێشینەی کارەکانیدایە (Arab Center for Research and Policy Studies. 2024).

ئەم ئاشووبەی غەزە؛ لە کاتێکدا سەریهەڵدا کە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی سعودییە و ئیسرائیل کە ئەمریکا ئەندازیاریی دەکرد، بە خێرایی پەرەی دەسەند. بەتایبەتی لە درێژەی ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام بۆ ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١ کە لە ڕێگەیەوە ئیسرائیل پەیوەندی فەرمی لەگەڵ بەحرەین، مەغریب، سودان و

ئیماراتـی یەکگرتـووی عەرەبـی (ئـیمارات) دامەزرانـد. شـەڕ و وێنـە تراژیدییەکانـی غـەزە پرۆسـەی ئاسـاییکردنەوەی وەسـتاندووە و بـەرەو ئـەوە دەچێـت کـە چـۆن نەبوونـی پەیوەندیـی جیهانـی عەرەبـی لەگـەڵ پرسـی فەلەسـتین هەڕەشـەی تێکدانـی پرۆسـەی ئاسـاییکردنەوە لەگـەڵ ئیسرائیـل دەکات. لەگـەڵ بەردەوامبوونـی ململانێـی ئیسرائیـل و حەمـاس دۆخەکـە ڕۆژ بـە ڕۆژ دەگۆڕێـت:

دۆناڵـد ترەمـپ لەمـاوەی سـەرۆکایەتی یەکەمیـدا (٢٠١٧ -٢٠٢١) مکـووڕ بـوو لەسـەر چارەسـەرکردنی کێشـەی فەلەسـتین و درووسـتکردنی پـردی پەیوەندیـی لـە نێـوان سـعودییە و ئیسرائیلـدا. مـاوەی دووەمـی سـەرۆکایەتییەکەی لـە (٢٠٢٥) ەوە دەسـت پێـدەکات بـۆ پێگـەی ئەمریـکا لـە نـاوەوە و دەرەوە زۆر هەسـتیارترە. دۆناڵـد ترەمـپ بـە پێشکەشـکردنی ڕێککەوتننامـە (٢٠) خاڵییەکـەی (٢٠٢٥) دەتوانێـت جەنگـی غـەزە ڕابگرێـت و بارمتـەکان بگەڕێنێتـەوە ئیسرائیـل، بـەڵام ئـەم گرووپـە ئایدۆلۆژییانـەی لەناوچەکـەدا بـە پاڵپشـتی ئێـران و تورکیـا دەجووڵێنـەوە دوای ماوەیـەک و لـە شـوێنێکی تـر و بـە فۆڕمێکـی تـر سـەرهەڵدەدەنەوە و هێـرش دەکەنـەوە سـەر بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا و ئیسرائیـل لەناوچەکـەدا.

زۆر دەمێکـە چاودێـران بـەو بڕوایـە گەیشـتوون ئەمریـکا هـەر هەڵـە دەکات... هـەر هەڵـە دەکات... هەڵـە دەکات، پاشـان لـە کۆتاییـدا ڕێـگا ڕاسـتەکە دەدۆزێتـەوە. ئەوانـەی زۆر لایەنگریـی سیاسـەتەکانی ئەمریـکا دەکـەن، بەدەربڕینێکـی تـر دەڵێـن " ئەمریـکا لـە کۆتاییـدا سـوپرایزی پێیـە." بـەڵام پێناچێـت کات لـە بەرژەوەندیـی ویلایەتـە یەکگرتـوەکان بێـت؛ کۆتـا چانسـی ویلایەتـە یەکگرتوەکانـە لـە ناوچەکـەدا، بەمانایەکـی دیکـە، وەک پێشـوتر بـاسمان کـرد، ئەگـەر ئەمریـکا پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ سـعودییە توونـد گـرێ نەداتـەوە، ڕاسـتەوخۆ کاریگەریـی لەسـەر ئاسـایبوونەوەی پەیوەندیـی سـعودییە و ئیسرائیـل دەبێـت. بەپێچەوانـەوە، ئەگـەر ئەمریـکا تـەواوی دەرفەتـەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا لـە دەسـت بـدات، گۆڕەپانەکـە بـۆ ڕووسـیا و چیـن و ئێـران بـە جێدەهێڵدرێـت، ئـەوا مەگـەر لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی هێـز و زۆرەملـێ ئەمریـکا بتوانێـت پێگـەی خـۆی لەناوچەکـەدا بەدەسـت بهێنێتـەوە.

وەک جولیـا پەلیـک لـە پەیمانگـەی توێژینـەوەی ئاشـتی ئۆسـلۆ، جەختـی لێدەکاتـەوە،

چەنــد ســاڵێکە سیاســەتی دەرەوەی ســعودییە ڕێگایەکــی پراگماتیکــی گرتــووە بــۆ هەمەچەشــنکردنی حــەوزە هاوبەشــەکانی، لــە هەمــان کاتــدا ڕوون نییــە ئەمریــکا تــا چ جێگایــەک دەتوانێــت ســعودییە لــە نزیکــی خــۆی بهێڵێتــەوە، بــە لەبەرچاوگرتنــی کشــانەوەی وردە وردەی ئەمریــکا لــە ناوچەکــە، وایکــردووە ســعودییە بــەرەو ئاســیا وەک پێویســتییەک وەربچەرخێــت. بــاوەڕی عەرەبســتان بــە پشــتیوانی ئەمریــکا زیاتــر لاواز بــووە بەهــۆی وەڵامنەدانــەوەی ترامــپ بــۆ هێرشــەکانی ســاڵی ٢٠١٩ بــۆ ســەر دامەزراوەکانــی ئارامکــۆی ســعودییە، پاشــان لەســەرەتاوە بایــدن بەتونــدی ئیدانــەی شــازادە محەمــەد بــن ســەلمانی کــرد (دواتــر لــە ســاڵی ٢٠٢٢ دوای ســەردانەکەی بــۆ ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت پێداچوونــەوەی بــۆ کــرا). کاتێــک بــاس لــە داهاتــووی ئاسـاییکردنەوەی سـعودییە و ئیسرائیـل دەکرێـت، گرینگـە لەبیرمـان بێـت کـە "هەمـوو ڕێککەوتنێکــی عەرەبــی لەگــەڵ ئیسرائیــل، لــە ناوەڕۆکەکەیــدا، ڕێککەوتنێکــی عەرەبــی بــووە لەگــەڵ ئەمریــکا (Palik، 2023).

## ٤.٤.ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیمارات و تورکیا: هۆکارەکانی،لێکەوتە ناوچەیـی و ئابورییەکانـی

دوای نزیکـەی (١٠) سـاڵ لـە بەسـتەڵەکی پەیوەندییەکانـی هـەردوولا، لـە (٣١ی ئابـی ٢٠٢١) دا سـەرۆک کۆمـاری تورکیـا ڕەجـەب تەیـب ئـەردۆگان و جێنیشـینی ئەبوزەبـی " محەمـەد بـن زایـد" پەیوەندییەکـی تەلەفۆنیـان ئەنجـام دا. وەک چـاوەڕوان دەکـرا لـە (٢٤ی نۆڤەمبـەری٢٠٢١) هەریەکـە لـە ئـەردۆگان و بـن زایـد لـە ئەنکـەرە بەیەکگەیـشتن. پاشـان لـە شـوباتی ٢٠٢٢ دا، ئـەردۆگان سـەردانی ئیماراتـی یەکگرتـوی عەرەبـی کـرد و بنەمـای ڕێککەوتنیـان بـۆ هاوبەشـیی ئابوریـی لـە نێـوان هـەردوولادا دانـا؛ ئاسـایی کردنـەوەی ئـەم پەیوەندییـە دوو قۆڵییـەش فاکتـەری ناوخۆیـی و لێکەوتـەی ئەمنـی و ئابوریـی و ناوچەیـی هەیـە (Ramadhanty، S & Syauqillah، M. 2022). بەڵـێ، ئەمـەش یەکێکـی تـرە لـە سـەرهەڵدانی زنجیرەکانـی هاریکاریـی و ئاسـایبوونەوەی پەیوەندیـی نێـوان جەمسـەر و ئەکتـەرە سـەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت.

مـاوەی دە سـاڵ بـوو (لـە دوای ئـەوەی پێـی دەوترێـت بەهـاری عەرەبـی) ئەبوزەبـی و ئەنکـەرە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و باکـووری ئەفریـکا لـە ململانێـدا بـوون، لـە لیبیـاوە بـۆ قەتـەر و سـووریا و یەمـەن بـە شـێوەی جیاجیـا تەحـەددای یەکتریـان دەکـرد. لەکاتێکدا هەندێـك ناوچـەی تریـش هەڕەشـە بـوون بـۆ کێبڕکێکـەی نێوانیـان وەک باڵـکان، ئاسـیای ناوەنـد و قۆچـی ئەفریقـا (قۆچـی ئەفریقـا بـەو نیمچـە دورگەیـەی کیشـوەرەکە دەوترێـت کـە دەکەوێتـە خـوار دەریـای سـور تـا کەنـداوی عـەدەن و دەریـای سـۆماڵ).

هــەر لــەدوای بەهــاری عەرەبییــەوە، تورکیــا ئیماراتــی تۆمەتبــار دەکــرد بــە بوونـی پەیوەندیـی لەگـەڵ ئیسرائیلـدا، لەکاتێکـدا تورکیـا خـۆی یەکەمیـن دەوڵەتـی ئیسلامـی خـاوەن هەژمونـە کـە لەسـاڵی (١٩٤٨) دانـی بـە دەوڵەتـی ئیسرائیلـدا نـاوە و پیرۆزبایـی لێکـردون! لەسـاڵانی نەوەتەکانـی سـەدەی بیسـتەمدا تـا هاتنـی ئاکپارتـی بــۆ دەســتەڵات لــە ســاڵی (٢٠٠٢) بەهێزتریــن پەیوەندیــی ســەربازیی و هەواڵگریــی و ئابوریــی و دیبلۆماســیی ئیسرائیــل لــە ناوچەکــەدا لەگــەڵ وڵاتــی تورکیــا بــوە. لەبەرانبــەردا، ئــیمارات هەمیشــە ئیخــوان موســلیمینی بــە هەڕەشــەیەکی سیاســیی و ئەمنـی زانیـوە کـە تورکیـا و ئاکپارتـی بەشـیکن لـە پـڕۆژەی ئیخـوان موسـلیمین

و پشـتیوانی بـێ چەندوچونـی پـڕۆژەی ئیخـوان دەکـەن لـە ناوچەکـەدا. بـە بـڕوای دەیڤیـد باتـەر، هاوەڵـی هاوبەشـی چاتـام هـاوس لـە پرۆگرامـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و باکـووری ئەفریـکا ئـەو کێشـەیە بەتایبەتـی لەوێـدا قـووڵ بۆیـەوە کـە هەریەکـە لەسـعودیە و ئیماراتـی عەرەبـی هـاوکاری کودەتاکـەی "عەبدولفەتـاح سیسـی" یـان کـردووە لـە تەمـووزی سـاڵی ٢٠١٣دا (Butter. 2020).

کەمبوونـەوەی شـوێنپێی ئەمریـکا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، پـەرە بـە هـاوکاری نێـوان دەوڵەتانـی ناوچەکـە دەدات. پێدەچێـت پەیوەندییەکـی نزیـک تـری تورکیـا و ئـیمارات بـە مانـای خێراکردنـی ئاسـاییبوونەوە بـۆ تورکیـا و ئیسرائیـل بێـت و ڕەنگـە ئێـران زیاتـر گۆشـەگیر بـکات.

دوای ئـەوەی ئیسرائیـل و ئیماراتـی عەرەبـی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانیان دەسـتپێکرد، لـە (١٣ی ئابـی ٢٠٢٠) یشـدا هـەردوولا ئیمزایـان لەسـەر ڕێککەوتنـی "ئەبراهام-ئیبراهیـم" کـردو پاشـان لـە کۆشـکی سـپی هـەردوولا پەیوەندییەکانیان ئاسـایی کـردەوە. ئـیتر ئیمارات بـو بـە سـێهەمین دەوڵەتـی عەرەبـی دوای مـیسر (١٩٧٩) و ئـوردون (١٩٩٤) کـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ئیسرائیلـدا ئاسـایی بکاتـەوە (Quilliam، N and Vakil، S. 2023). کەنـداو بـۆ ئیسرائیـل گرنگییەکـی گـەورەی ئابوریـی و ئەمنـی هەیـە. بـەڵام وا دەردەکەوێـت هەریەکـە لـە تورکیـا و ئـیمارات، دوو هێـزی ناوچەیـی سـەر بـە گۆبەنـدن، هەردولایـان بەشـێوەی جیـاواز دەسـت لـە دەرەوەی خۆیـان وەر دەدەن و لـە دەرەوەی خۆیـان پـڕۆژەی سیاسـیی و سـەربازیی و هەواڵگریـی و ئابورییـان هەیـە.

لەمـاوەی سـاڵانی کۆتایـی (٢٠١١ بـۆ کۆتایـی ٢٠٢١) تورکیـا دەسـتی لـە هـەر شـوێنێک وەرداوە، ئیماراتـی عەرەبیـش لـەو شـوێنە دژی تورکـی پڕۆژەیەکـی هەبـووە: لـە سـووریا تورکیـا دژی کـورد جەنـگاوە، ئـیمارات لـە دژی تورکیـا پاڵپشـتی پەکەکـەو هێزەکانـی سـووریای دیموکراتیـان کـردووە، ئاژانسـی ئەنـادۆڵ ئـەوەی نەشـاردۆتەوە کـە بەرپرسـانی ئـیمارات لـە سـاڵی (٢٠١٧ ) دا دیدارگەلێکیـان لەگـەڵ بەرپرسـانی پەکەکـە لـە سـووریا هەبـووە و هـەر لـەوێ بەڵێنـی یارمەتـی هەمەلایەنەیـان داوە. ئـیمارات لـە سـەرەتاکانی سـاڵی ٢٠١٨ ەوە دەیـان ئەفسـەر و هـۆکاری هەواڵگـری و کارناسـی ناردووەتـە بنکەکانـی پەکەکـە لـە قامیشـلۆ و پارێزگاکانـی حەسـەکە و دەیـرەزوور کـە

ئـەو ئەفسـەرانە هەوڵـی پـەروەردەی هێزەکانـی پەکەکەیـان داوە و خولـی فێـرکاری و کۆکردنـەوەی هـەواڵ، کەناڵـی ڕاگەیانـدن، پارازیـت و شـکاندنی کـۆد و قاچاخیـان بـۆ پەکەکـە بەڕێـوە بـردووە.

کاتێـک تورکیـا لـە مەقادیشـۆی پایتەختـی سـۆماڵ بنکـەی سـەربازیی کـردەوە و (٥٠) ملیـۆن دۆلاری تەرخـان کـرد، ئیماراتیـش لەبەرانبـەردا دەسـتوەردانی کـردو (٤٤٠) ملیـۆن دۆلاری لـە چەنـد هەرێمێکـی جیـاوازی سـۆماڵدا دژی پـڕۆژە تورکیەکـە تەرخـان کـرد. لـە سـاڵی (٢٠١٩ و٢٠٢٠) کـە ڕەجـەب تەیـب ئـەردۆگان سـەربازی لەڕێگـەی ناوچـە ئاوییەکانـی دەریـای سـپییەوە بـۆ لیبیـا پەڕانـدەوە و پاڵپشـتی حکومەتـی ویفاقـی نیشـتیمانی کـرد، ئیماراتیـش لـە دژی ئـەوە پاڵپشـتی جەنـەراڵ خەلیفـە حەفتـەری کـردو هێزیـان بـەرەو تەرابلـوس جوڵانـد (AydıntaŞbaŞ، A & Bianco، C. 2021).

بـەڵام ڕەنگـە گرنگتریـن گۆڕانکاریـش دابەزینـی توانـای دەسـەڵاتی تورکیـا بێـت بەهـۆی کێشـە ئابـووری و سیاسـەتە ناوخۆییەکانییـەوە. ئـیمارات کاتێـک تورکیـای تورەتـر کـرد کـە هەوڵیـدا پەردەپۆشـی کەیسـی سـەرکردە و مافیـای تورکیـا، سـێدات پێکـەر بـدات، ئـەم کەیسـە پەیوەندییەکـی بەهێـزی بـە دەوڵەتـی ناوخـۆی تورکیـاوە هەیـە، سـەدات پێکـەر بـەردەوام هەوڵـی ئاشـکراکردنی فەزیحـەی لەسـەر پارتەکـەی ئـەردۆگان " ئاکەپـە" داوە. هـاوکات دوای ئـەوەی ئـەردۆگان لەگـەڵ شـێخ تەحنـون کۆبـووەوە، ئـەردۆگان لـە چاوپێکەوتنێکـی تەلەفزیۆنیـدا ویسـت و حەماسـەتی خـۆی بـۆ گرێبەسـتی نێوانیـان دەربـڕی، لـە کاتێکـدا لایەنـی ئیماراتـی بێدەنـگ بـوو. وا دەردەکەوێـت هیـچ کام لـەم هۆکارانـە گەرەنتـی گۆڕانـکاری لـە پەیوەندییـەکان ناکـەن، بـەڵام پێدەچێـت پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکانیان لـە ئاسـتی بـاڵا، بەتایبەتـی چەندیـن کۆبوونـەوەی نێـوان ئەردۆغـان و محەمـەد بـن زایـد، بـۆ کەمکردنـەوەی گرژییـەکان و بەڕێوەبردنـی ئـەو ململانێیانـەی لـە داهاتـوودا سـەرهەڵبدەن، سـوودی هەیـە، هەروەهـا ئاسـتی پەیوەندییـە ئابورییەکانیـش دەباتـە پێـش. ئەمـەش دەتوانێـت یارمەتـی سەرانسـەری ناوچەکـە بـدات، بـە تایبەتـی دوای کۆتایهاتنـی جەنگـی غـەزە.

وەک چەنـد جارێـک هـەردوولا وتوویانـە تورکیـا و ئـیمارات کێشـەی قووڵیـان لەگـەڵ یـەکتردا نییـە. بـەڵام زۆر شـت بـە هەلومەرجـی سیاسـی ناوخـۆی تورکیـاوە پەیوەسـتە؛

ئەگـەر ئابـوری تورکیـا ببوژێتـەوە و ئەردۆغـان شـەپۆلی پەرەسـەندنی ناڕەزایەتییـەکان لـە دژی سیاسـەتە ناوخۆییەکانـی سـەرکوت بـکات، ئـەوا ڕکابەریـی جیۆپۆلەتیکـی و ئایدۆلۆژیکـی نێـوان تورکیـا و ئـیمارات ڕەنگـە جارێکـی دیکـە بـە زاڵتر دەربکەوێتـەوە (Ramadhanty، S & Syauqillah، M. 2022).

ئایـا ئـیمارات دەتوانێـت تورکیـا لـە قـوڕو چلپـاوی دارایـی دەربهێنێـت؟ ڕۆژنامـەی وۆڵ ستریـت جۆرناڵـی ئەمریکـی لـە (٢٠ی نۆڤەمبـەری ٢٠٢١) دا، قەیرانـی دابەزینـی مێژوویـی لیـرەی تورکـی بـە قەیرانـی ئـەردۆگان نـاو دەبـات. ئاژانسـی ڕووسـیا تـودەی -RT لـە (٢٢ی ئۆکتۆبـەری ٢٠٢١) ڕاپۆرتێکـی لـە سـۆنگەی ئاسایشـی نیشـتیمانی ڕووسـیاوە نووسـیوە بەناونیشـانی "ئایـا ئـەردۆگان ئابـوری تورکیـا دەکوژێـت، یـان ئابـوری تورکیـا ئـەردۆگان لـە نـاو دەبـات؟". قەیرانەکـە لەگـەڵ بەردەوامـی سیاسـەتەکانی ئاکپارتـی بـە سـەرۆکایەتی ئـەردۆگان بەردەوامیـی هەیـە و ئەگـەری زیاتریـش هەیـە، هەڵئاوسـانی ساڵانەی تورکیـا لـە نیـوەی یەکەمـی ٢٠٢٤ دا بـۆ سـەروو (٧٠٪) بەرزبووەتـەوە (Akin. 2024). لـە بیرمـە لـە ساڵـی (٢٠١٤) دا گەیشـتمە بەشـە تورکییەکـەی دوورگـەی قوبـرس ١٠٠ دۆلاری ئەمریکیـم بـە ١٥٠ سـەتو پەنجـا لیـرەی تورکـی گۆڕییـەوە. بـەڵام لـە ٢٠٢٥ دا نزیکـەی (٤١٥٠) چـوار هـەزارو سـەتو پەنجـا لیـرەی تورکـی بەرانبـەر ١٠٠ دۆلاری ئەمریکییـە!

کاری ڕاسـت ئەوەیـە؛ بـەدوای ئـەوەی ئـەم قەیرانـە ئابـوری و دراوەی تورکیـا بگەڕێیـن کـە لـە کوێـوە دێـت؟ چوونکـە لەسـەدەی بیستەمیشـدا تورکیـا بەهـۆی ئـەم قەیرانانـەوە تووشـی ڕووداوی نەخـوازراوی ناوخۆیـی بووەتـەوە، وەکـو ڕوودانـی کودەتـا و گرفتـە کۆمەڵایەتییـەکان.

ڕاسـتییەک لـە مێـژووی تورکیـادا هەیـە کـە بەگوێـرەی کات بووەتـە بەشـێک لـە کەسـێتی و ڕەفتـاری بەردەوامـی وڵاتەکـە، ئەویـش ئەوەیـە تورکیـا ناتوانێـت بـەردەوام بێـت بـێ ئـەوەی دەسـت لـە کاروبـاری ئەوانـی تـر وەربـدات. بۆئـەوەی تورکیـا لـە ئاسایشـدا بـژی دەبێـت دەسـت لـە کاروبـاری ئەوانـی تـر وەربـدات! ڕەنگـە ئەمـە پەیوەنـدی بـەوەوە هەبێـت تورکـەکان زەوی و خاکـی ئەوانـی دیکەیـان داگیرکـردووە بۆئـەوەی زەمینەکەیـان بەرتەسـک نەبێتـەوە پـەل بـۆ ئـەملاولای دیکـە دەهاوێـژن.

دەســت وەردان لــە قەوقــاز، ئەفغانســتان، ناوچــەی دەریــای ڕەش، عێــراق، ســووریا، لیبیــا، قوبــرس و دوورگەکانــی یۆنــان و...تادوایــی. لــە هەمــوو شــوێنەکانیش تورکیــا بــە دوای ســێ شــتەوەیە: پرســی ئاســایش (لای ئــەردۆگان مەســەلەی پەکەکــە و گروپــی گویلــەن دەگرێتــەوە)، پرســی وزە (گازی سروشــتی)، ئابــوری و بــازاڕ بــە گشــتی.

ئــەم دەســتوەردانە بەردەوامانــەی تورکیــا لەناوچەکــە، گوتــار و لێدوانــە توندەکانــی ئــەردۆگان، ئــەو هەســتەی بــە جیهــان داوە کــە بــەدوای زیندووکردنــەوەی ئیسلامێکــی-ئیتنــی کەوتــووە هاوشــێوەی ئیمپراتۆرەکانــی خەلافەتــی عوسمانــی. بەتایبــەت ناوچــەی دەریــای ســپی ناوەراســت هــەر لەیۆنــان و لیبیــاو مــیسر و ئیسرائیــل و قوبرســەوە لــە مامەڵەکانــی ئــەردۆگان دڕودۆنگــن، چونکــە پێــشتر ئــەو وڵاتانــە زەمینــەی دەوڵەتــی عوسمانــی و داگیــرکاری تــورک بــوون. ناخۆشــیان بــە دەســتت تورکەکانــەوە چەشــتووە.

گێژەنگــە ســەرەکییەکە ئەوەیــە، تورکیــا بــە هــۆی وزەو گازی سروشــتیەوە لــە ڕۆژهەڵاتــی دەریــای ســپی بەردەوامــە، لــە زســتانێکی ســارددا و لەقەیرانێکــی دارایــی وەهــادا وڵاتەکــە تەنیــا بــۆ کڕینــی گازی سروشــتی ســاڵانە پێویســتی بــە (٤٠- ٥٥) ملیــار دۆلارە (جگــە لــە نــەوت). وڵاتانــی بەشــدار لەدەرهێنــان و هەناردەکردنــی گازی سروشــتی ڕۆژهەڵاتــی دەریــای ســپی (قوبرس-ئیسرائیل-مــیسر) لــە ســنوورە ئاوییەکانــی خۆیانــدا ڕێگەیــان بــە تورکیــا نــەداوە بەشــدارییان لەگــەڵ بــکات، تورکیــاش بــەردەوام دەســت وەردەدات و دەیەوێــت یاســای ئــاوی نێودەوڵەتــی و ناوچــە ئابوریيــە دیاریکــراوەکان (EEZ) ببەزێنێــت. بۆیــە بەهــۆی دەســتوەردانەکانی تورکیــاوە لــە ناوچــە ئاوییەکانــی قوبــرس- یۆنــان، یەکێتــی ئەوڕووپــا بــەردەوام ســزای قورســی بەســەر تورکیــا ســەپاندوە. بــەردەوام ســەپاندنی ســزاکانی ئەوڕووپــا و وڵاتانــی دیکــە بەســەر تورکیــادا، هەروەهــا بــە گومانــەوە ڕوانینــی وڵاتانــی دراوســێ لــە سیاســەتەکانی ئــەردۆگان و کێشــە ناوخۆییەکانــی تورکیــا بــە تایبــەت چارەســەر نەکردنــی کێشــەی کــورد، ئەنجامەکــەی ئەوەیــە کــە ســەرمایەگوزاری دەرەکــی لــە تورکیــا کــەم دەبێتــەوە و دراوی ناوخــۆی وڵاتەکــە مــاوەی زیاتــر لــە دە ســاڵە بــەردەوام ڕوو لــە دابەزینــە و ڕیســوا بــووە (Jaabar، B، J. 2024).

تورکیــا لــە میانــەی لێکەوتەکانــی بەهــاری عەرەبییــەوە، زۆر هەوڵیــدا لــە لیبیــا جــێ پێیــەک بــۆ خــۆی مســۆگەر بــکات، نەیتوانــی. هەروەهــا تورکیــا لەگــەڵ مــیسر و یۆنــان و

ئیسرائیل چەند ساڵێک ویستی پەیوەندییەکانی بەتەواوی ئاسایی بکاتەوە، لەوەشدا بەتەواوی نەیتوانی بچێتە پێشەوە. لەگەڵ ئیسرائیل لەدوای زیاتر لە پچڕانی پەیوەندییەکانیان لە ساڵی (٢٠٢٢) پەیوەندییەکانیان ئاسایی کردەوە، بەڵام لە (٢٠٢٣) دیسان بەهۆی جەنگی غەززە و وتە زبرەکانی ئەردۆگانەوە، پەیوەندییەکە بە تەواویی تێکچوویەوە. لە دۆخێکی وادا، دەتوانین بڵێین گرفتەکانی تورکیا زیاتر لە ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستن (کە وڵاتانی سێ کیشوەر دەکەونە سەر ئەم دەریایە) وایکردووە تورکیا تووشی دۆخێکی ئابوریی-سیاسیی و ئەمنی نەخوازراو ببێتەوە. ئیسرائیل قوڕگی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستەو لەگەڵ قوبرس لە تەنیشت تورکیاوە گاز هەناردەی ئەورووپا دەکەن. ئایا ئیمارات لێرەدا چی بۆ تورکیا دەکات؟

پێش هەموو شتێک، هەر لە ساڵی (٢٠٠٩) بەدواوە کە دۆزینەوەی گازی سروشتی لە ژێر ئاودا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ڕاگەیاندرا؛ کۆمپانیا ئیماراتییەکان هاوشانی نۆبڵ ئینیرجی ئەمریکی و ئینی ئیتالی و کۆمپانیا ئیسرائیلیەکان دەستیان بە کار کرد. ئەگەرچی ئیمارات لەڕووی جوگرافییەوە ناکەوێتە سەر دەریای سپی، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٠)دا وەکو ئەندام لە مونتەدای گازی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی قبوڵکرا ( بەسیفەتی چاودێر) کە بارەگاکەی لە قاهیرەیە. دواتر هەریەکە لە تەلئەبیب و ئەبوزەبی باڵوێزخانەیان لەلای یەکتر کردەوە، ئینجا لە کۆتایی (سێپتەمبەری ٢٠٢١) دا ئیمارات (٢٢٪) پشکەکانی کێڵگەی گازی تیماری ئیسرائیلی بە نزیکەی (١) ملیار دۆلار کڕی (Bloomberg. 2021). پێش جەنگی غەززە بەو هیوایەی ئیمارات بتوانێت پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ تەلئەبیب ئاسایی بکاتەوە، ئەردۆگان ڕوویکردە ئیماراتی عەرەبی.

بۆچی پەیوەندییەکانیان ئاسایی نەکەنەوە؟ لە تەمووزی ٢٠٢٣ دا، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەردانی سعودییەو قەتەر و ئیماراتی کرد، ئەمجارەیان ئەردۆغان لە ئەبوزەبی ڕێککەوتنێکی بە بەهای (٥٠.٧) پەنجا ملیار و حەوتسەت ملیۆن دۆلار واژۆ کرد. جگەلەوەش سعودییە ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر کڕینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تورکیا لە گەورەترین گرێبەستی بەرگری لە مێژووی تورکیادا.

پێشـوتریش لـە ئـازاری ٢٠٢٣ دا ئـیمارات و تورکیـا ڕێککەوتنێکـی تۆکمـەی هاوبەشـی ئابوورییـان واژۆکـرد کـە ئامانـج لێـی بەرزکردنـەوەی بەهـای بازرگانـی نـا- نەوتـی بـوو بـۆ (٤٠) چـل ملیـار دۆلار سـاڵانە لـە مـاوەی (٥) سـاڵدا. بەپێـی داتـا فەرمییەکانـی ئـیمارات، کـۆی گشـتی بازرگانـی نانەوتـی نێـوان ئـیمارات و تورکیـا لـە سـاڵی ٢٠٢٢دا گەیشـتووەتە نزیکـەی ١٩ ملیـار دۆلار کـە بـە بـەراورد بـە سـاڵی ٢٠٢١ بـە ڕێـژەی ٤٠٪ و لـە سـاڵی ٢٠٢٠ بـە ڕێـژەی ١١٢٪ زیادیکـردووە، ئەمـەش وایکـردووە تورکیـا لەنێـو ١٠ گەورەتریـن هاوبەشـی بازرگانـی ئیماراتـدا بێـت (France24. 2023).

بەگشـتی، پەیوەنـدی دوو قۆڵـی نێـوان تورکیـا و ئـیمارات لەسـەر بنەمـای وابەسـتەیی نێـوان هـەردوو وڵات دامـەزراوە. سـەرەتا بـە بەرزتریـن سـەردانی فەرمـی تورکیا و ئـیمارات لـە ٨ی ئابـی ١٩٤٨ لەسـەر بانگهێشـتی سـەرۆک کەنعـان ئیفرێـن دەسـتی پێکـرد. تورکیـا وەک پابەنـدی مۆدێلێکـی ئابـووری لەسـەر بنەمـای هەناردەکـردن، ئـیمارات دەکاتـە یەکێک لـە بـازاڕە گرنگـەکان بـۆ تورکیـا. هـاوکات بـۆ ئـیمارات هـاوکاری لەگـەڵ تورکیـای ئەندامـی ناتـۆ بـۆ ئاسایشـی ناوچـەی کەنـداو گرنگـە. بەجۆرێـک کـە لـە کاتـی سـەردانەکەدا بابەتـی ئەمنـی بـوو بـە ئەجێنـدای سـەرەکی. پاشـان پەیوەندییەکانـی تورکیـا و ئـیمارات بـە شـێوەی جۆراوجـۆری هـاوکاری ئابـووری لـە کۆمیسـیۆنی هاوبەشـی ئابووریـدا نزیـک دەبنـەوە. بـەڵام تورکیـا و ئـیمارات تێگەیـشتن و بەرژەوەنـدی جیاوازیـان لەناوچەکـەدا هەیـە.

هەروەهـا ئـەو هۆکارانـەی کاریگەرییـان لەسـەر ململانێـکان هەیـە لـە ڕووی ئایدیۆلـۆژی و بەرژەوەندییـە ناوچەییەکانیانـەوە گۆڕانکارییـان بەسـەردا هاتـووە. هیـچ کام لـەم هۆکارانـە گەرەنتـی گۆڕانـکاری لـە پەیوەندییـەکان ناکـەن، بـەڵام پێدەچێـت پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکانی ئاسـتی بـاڵا، بەتایبەتـی کۆبوونـەوەی نێـوان ئـەردۆگان و محەمـەد بـن زایـد، بـۆ کەمکردنـەوەی گرژییـەکان و بەڕێوەبردنـی ئـەو ململانێیانـەی لـە داهاتـوودا سـەرهەڵبدەن، سـوودی هەبێـت. هەڵبژاردنێکـی عەقڵانـی دەبێـت بـۆ هـەردوو وڵات و هەروەهـا بـۆ حکومەتەکانـی تورکیـا و ئـیمارات کـە ستراتیژییەکـی هاوبـەش دابڕێـژن و سـەرنجیان لەسـەر ئەولەویەتـەکان بێـت نـەک تیشـک بخەنـە سـەر جیاوازییەکانـی ئایدۆلۆژیـا و بەرژەوەندییەکانیـان لـە ناوچەکـەدا (Ramadhanty، S & Syauqillah، M. 2022).

بەدرێژایی ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە پێویستە ئەو وێنەیە پێش چاو بێت: کە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بە گشتی کۆمەڵگای بچکۆلەن و سامانی زۆریان هەیە، ئەمانە دەوڵەتن و لە جێگایەکی ستراتیژیی گەورەدان بۆ زلهێزەکان. ماکی پاراستن و ڕاگرتنی زلهێزەکانی جیهانن.

### ١.٤.٤. پرۆژەی "دوقم".. هەوڵێک بۆ پەراوێزخستنی ئیمارات لە کەنداوی عەرەبی

دوقم، مینایەکی ستراتیجی گرنگە لە سەڵتەنەتی عومان، دەکەوێتە سەر دەریای عەرەب ( بەئاڕاستەی هیندستان)، عومان بە پێچەوانەی ئیماراتەوە وڵاتێکی هێمن و بێ سەرئێشەیە. ئەمەش وایکردووە کە سعودییە لەگەڵ عومان لە (تەمووزی ٢٠٢١) بگاتە ڕێککەوتنێکی گەورە بۆ کردنەوەی ڕێگەیەکی ئۆتۆبانی خێرا بە درێژایی (٨٠٠) کیلۆمەتر کە سعودیە بە بەندەری دوقمی سەڵتەنەتی عومانەوە دەبەستێتەوە (Al Hurra. 2021).

سعودییە و ئیمارات، ململانێی جوگرافی و مێژوویی و ناوچەییان هەیە:

- ساڵی (١٩٧٤) لەسەر سنوور ڕێککەوتن کە بە (ڕێککەوتننامەی جدە) ناسراوە، ئیمارات ئەو کاتە تەنیا (٣) ساڵێک بوو سەربەخۆیی ڕاگەیاندبوو، لایانوایە سعودییە لەو وێناکردنە جوگرافییەدا ستەمی لێکردون و لەبەرانبەر ئەوەشدا دانی بە ئیماراتدا ناوە. بەتایبەت چەند لادێیەک کە یەدەگی نەوتی تیادایە و بە پێی ڕێککەوتنەکە کەوتۆتە سنووری سعودییەوە (Saeed، 2017).
- لە قەیرانی یەمەن و حوسییەکاندا سعودییە و ئیمارات تووشی جیاوازیی و ململانێی یەکتر بوونەوە.
- لە دیاریکردنی نرخی نەوت و کاتی قەیرانی کۆرۆنادا، لە میانەی نرخدانان و کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لە (ئۆپیک پڵەس) دا سعودییە و ئیمارات ناکۆک بوون (Palik. 2023).
- شارەزایانی بواری کەنداو بەشێکی ئەم دەستوەردانانەی ئیمارات و ئەو ئالنگارییانەی تووشی دەبنەوە لە ئاکامدا بە هەڵپە-هەڵپی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ئیمارات "تەحنون بن زاید" دەبەستنەوە کە دەکاتە برای جێنشینی ئیمارات محەمەد بن زاید. ئەمەش وایکردووە ئیمارات لە هەر شوێنێکی دونیادا پرۆژەیەکی سیاسی و هەواڵگریی هەبێت و هەندێ جار بیەوێت کارتەکان و گەمەکان لە سعودییە تێک بدا، بەڵام بەگشتی ناکۆکی لەسەر نەوت تەنیا لایەنێک بوو لە ڕکابەرییەکی ئاڵۆزتر کە دیدگای ئابووری جیاواز لەخۆدەگرێت و ڕیاز و ئەبوزەبی ناچارکردووە بچنە ناو کێبڕکێیەکی

چڕتــرەوە، چونکــە هەردووکیــان هەوڵــدەدەن بــۆ مۆدێرنکــردن و هەمەچەشــنکردنی ئابوورییەکانیــان، زۆرجــار لەســەر حیســابی یەکــتر، لــە ژێــر ســەرکردایەتی شــازادەی جێنشــین محەمــەد بــن ســەلمان ئــال ســعود (زۆرجــار بــە MBS ناودەبرێــت)، ڕیــاز "دەســتی وەک ناوەنــدی پێشــەنگی بازرگانــی و گواســتنەوەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــە تەحــەدای ئیــمارات کــردووە".

- بەپێــی وتــەی دەیڤیــد ئۆتــاوای زانــای ســەنتەری ویڵســن. محەمــەد بــن ســەلمان پلانــی هەیــە (١٤٧) ملیــار دۆلار خــەرج بــکات بۆئــەوەی ســعودییە بکاتــە ناوەنــدی لۆجســتیکی- ســەرەکی ئاســمانی و دەریایــی بــۆ ناوچــەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت کــە ڕکابــەری ئیــمارات دەکات وەک دامــەزراوەی ســەرەکی کەنــداو. لــە چوارچێــوەی ئــەم پلانــەدا، حکومەتــی ســعودییە لــە ئــاداری ٢٠٢٣ دا خســتنەبازاڕی هێڵــی ئاســمانی نوێــی بــە نــاوی ڕیــاز ئێــر ڕاگەیانــد کــە خاوەندارێتــی ســندوقی وەبەرهێنانی گشــتی شانشــینی ســعودیە دەکات. بــە کڕینــی ســەرەتایی ٧٢ فڕۆکــەی بۆینــگ ٧٨٧ دریملاینــەر، پێشــبینی دەکرێــت کۆمپانیــای ڕیــاز ئایــر ڕاســتەوخۆ ڕکابــەری هێڵــە ئاســمانییە پێشــەنگەکانی ئیــمارات، ئیــمارات و هێڵــی ئاســمانی ئیتیحــاد بــکات (Dunne، C، W. 2023).

هــەر بۆیــە؛ ســعودیە و عومــان ڕوویــان کــردە یــەکتر. عومــان هیــچ ســنوورێکی لەگــەڵ دەریــای ســوور نییــە، ســعودییەش دەرچەیەکــی نییــە بگاتــە ســەر دەریــای عەرەبــی، بۆیــە بــەم پــڕۆژەی ئۆتۆبانــی دوقــم- ســعودیە ســەڵتەنەتی عومــان لــە ڕێگــەی ســعودییەوە دەگاتــە ســەر دەریــای ســوور ( دووریــش نییــە ئــەم هێڵــە درێژتــر بکرێتــەوە ئیسرائیــل بــە کەنــداوی عەرەبــی و دەریــای عەرەبــەوە ببەســتێت). عومــان لــە نێــوان (٢٠١٤ بــۆ ٢٠٢٠) قــەرزە حکومییەکانــی لــە(٥٪) ەوە بــۆ (٨٠٪) زیــادی کــرد، ئەمــەش بــووە هــۆی زیادبوونــی بێکاریــی لــەم وڵاتــە (٥) پێنــج ملیــۆن کەســییەدا، بۆیــە لــەوە دەگــەڕان وەبەرهێنانــی بیانــی و کەرتــی تایبــەت زیادبکــەن تــا دەرفەتــی کار زیــاد بــکات، ئەمــەش بــووە هــۆی ڕیفۆرمێکــی ڕیشــەیی و دیــدگای (٢٠٤٠) یــان ڕاگەیانــد، هەروەهــا ســعودییەش دیــدگای خــۆی بــۆ (٢٠٣٠) خســتەڕوو.

خاڵێکــی گرنــگتر، ئەوەیــە ســعودییە بــۆ هەناردەکردنــی نەوتەکــەی تــا دوور بێــت لــە هەڕەشــەی حووســییەکان لەناوچــەی دەریــای ســوور لــە دەریچەیەکــی ســەلامەتتر

دەگــەڕا، بــۆ ئەمــەش مینــای دوقــم باشترێکــە و بەســەر گــەرووی هورمــز دەڕوانێــت کــە زیاتــر لــە (٢٠٪)ی نەوتــی جیهانــی لێــوە دێــت و دەچێــت. لــەوەش گرینــگتر بــۆ ســعودییە ئەوەیــە عومــان ڕۆڵێکــی بێلایەنــی لــە هاوکێشــە سیاســییەکاندا هەیــە. بۆیــە دەکرێــت ســەڵتەنەتی عومــان لــە ئاینــدەدا جێگــەی ئیماراتــی عەرەبــی بگرێتــەوە. هــاوکات ئــەم پــڕۆژەی دوقــم و هێڵــە خێرایــەی ســعودییە-عومان وا دەکات عومــان ببێتــە ناوچەیەکــی گەشــتیاری گــەورە لــە جیهــان و ڕۆڵــی گەشــتیاری ئــیمارات (دوبــەی) بــە تەواوەتــی لاواز بــکات (Gulf International Forum. 2021).

ئــەوەش هــەر لــە ســەرەتاوە نیشــانەکەی دەردەکەوێــت، ئەگــەر شــازادەی جێنشــینی ســعودیە " محەمــەد بــن ســەلمان" بڕیاربــدات بینــا و شــوققەکانی ئــیمارات کــەمتر بەکاربهێنێــت و ڕووبکاتــە ســەڵتەنەتی عومــان، لەکاتێکــدا بــازاڕی خانوبــەرە و بــازاڕە داراییەکانــی ئەبوزەبــی یەکێــک لــە ســیفەتەکانی ئەوەیــە هەڵبــەز و دابــەز زۆر دەکات. بەگشــتی ســعودییە بــۆ هەندێــک ئــەرک و کات بەســەربردن هەنــدێ جێگــەی ئــیمارات بەکاردەهێنێــت، چوونکــە نەریتــی ســعودییە ڕەنگــە ڕێگــە نــەدات! لەهەمــوو ئەمانــەش گرینــگتر، بریتــش پیترۆلیــۆم لــە (٢٠٢٥) گەیشــتە بەنــدەری دوقــم و (٥٠٪) ی پشــکەکانی بەنــدەر و پرۆســەکانی وەبەرهێنانــی وزەی نوێبــوەوەی وەئەســتۆ گــرت، ئەمــەش وەک هەنگاوێــک بــۆ پێشــگرتن و ڕێگرتــن لــە پەڕینــەوەی هەژموونــی چیــن لــە ناوچەکــەدا.

"ئەمــە مێژوویەکــی نوێیــە لــە کەنــداوی عەرەبــی، چرکەســاتێکە کــە ئیــدارەی ئەمریــکا و خۆرئــاوا بــە ئاشــکرا کەوتوونەتــە قەیرانــی داراییــەوە. دووکەڵــی ڕەش لــە ڕۆژهەڵاتــی ئەوڕووپــا هەڵدەســێت، لــە لایــەک ئــەم وڵاتانــەی کەنداویــش بــە ســەدان ملیــار دۆلار وەبەرهێنــان دەکــەن، لەلایەکــی دیکــەش داینامیکییەتــی ئاسایشــی ناوچەیــی و کارتــە سیاســیەکانی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتیان لــە دەســتی خۆیانــدا کۆکردۆتــەوە."

دیرۆکــی یەکــە هەرێمایەتیــەکان جیــاوازن. شانشــینی یەکگرتــووی ئــیمارات لــە ســەردەمێکی کۆنــدا بەشــێك بــووە لــە ناوچــەی عومــان کــە ئێســتا بووەتــە شانشــینی عومــان. ئــەو ناوچەیــە بەشــێك بــووە لــە دەوڵەتــی فینقییــەکان و دواتریــش لــە نێــوان فارســەکان و فینقییــەکان بــەردەوام شــەڕ و ناکۆکــی لەســەر بــووە، بەهــۆی پێگــە ستراتیجییەکــەی کــە وەك دەروازەی دەریــای عــەرەب نــاوی دەرکــردووە، هەریــەك لــە

ئەخمینییـەکان و ساسـانیەکان و ئەسـکەندەری مەکدۆنـی و ڕۆمانییـەکان یـەك لـە دوای یـەك دوای جەنـگاون و حوکمـی ئـەو ناوچەیەیـان کـردووە.

پاشـان لـە کۆتایـی سـەدەی پانـزەدا پرتوگالییـەکان داگیریـان کـردووە، دواتریـش لەسـەر دەسـتی نـاسری بـن مورشـید دەوڵەتـی یەعاربـە لـە عومـان و ئـیمارات دامـەزرێنراوە، دواتـر لـە سـەردەمی عوسمانییەکانـدا تورکـەکان دەسـتەڵاتیان بەسـەر ئـەم ناوچەیـەدا هەبـووە، پاشـان ئیمپریالیزمـی بەریتانـی دەسـتی بەسـەردا گرتـووە مـاوەی (١٥٠) سـاڵ وەك ناوچەیەکـی داگیرکـراو لەلایـەن بەریتانیـاوە بەڕێوەبـراوە، لـە سـاڵی (١٩٧١) یەکێتیـی میرنشـینەکانی ئـیمارات ڕاگەیەنـراو و لـە حـەوت میرنشـین، دەوڵەتـی ئیماراتـی عەرەبـی یەکگرتـوو (UAE)سـەربەخۆیی خـۆی ڕاگەیانـدووە. حـەوت میرنشـینەکەی ئێسـتەی ئـیمارات "ئەبـو زەبـی، دوبـەی، ئەلشـاریقە، عـەجمان، رەئـس خەیمـە، ئـوم قەیویـن، فەجیـرە" لـەڕووی بازرگانـی، بـازاڕی دراو، گەشـتیاریی، کۆمپانیاکانـی خانوبـەرە و جۆرێـک لەپیشەسـازیی پێشـکەوتووەوە نزیکـەی دوو دەیەیـە یەکێکـن لـە بەهێزتریـن پێگـە ئابورییەکانـی جیهـان (Saeed، 2017).

لـە کەنـداودا: پلانـی سـعودییە و پێگـەی عەمـان بەهێزتـر دەبێـت، چونکـە مێـژووی پەیوەندییەکانـی سـعودییە لەگـەڵ ئیـدارەی ئەمریـکا و بەریتانیـا لـە تەمەنـی دەوڵەتـی ئـیمارات زیاتـرە. سـعودییە دووەم دەوڵەتـی هەنـاردەکاری نەوتـە لـە ئۆپیکـدا، ڕۆژانـە لـە (٢٠٢٤) دا نزیکـەی (١٣) ملیـۆن بەرمیـل نـەوت بەرهـەم دەهێنێـت.

## ٥.٤. پەیوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئاکپارتی دا

کۆتایهاتنی جەنگی سارد، بۆ تورکیاش سەرەتای گۆڕانێکی گەورە بوو؛ هەر لەگەڵ ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتدا هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتە سەر ئاسایشی تورکیا، بەتایبەت کە ئەندامی ناتۆش بوو، هاوکات دەوڵەتی تازەی جۆراو جۆر لە ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز و ناوچەی دەریای ڕەش و بولقان سەریانهەڵدا. بەم پێودانگە گۆڕان لە هەموو تورکیا بەتایبەتی لەسیاسەتی دەرەوەیدا ڕوویدا کە دواجار دەرفەتی تازەی بۆ تورکیا خستەگەڕ، وەکو هێزێکی ماماوەند لەناوچەکەدا کرانەوە و ئازادیی زیاتر لە سیاسەتی دەرەوەیدا بەدەستبهێنێت، سەرکردایەتی ئەو وەرچەرخانە دەرەکیەش لەسەروبەندی جەنگی سارد لەلایەن ئابوریزانەکانی پێشوو لە بانکی نێودەوڵەتی بوو. هەروەها تورکوت ئۆزاڵ "سەرەتا وەك سەرۆکوەزیران لەساڵی (١٩٨٣ بۆ ١٩٨٩) پاشانیش وەك سەرۆك لە ١٩٨٧هوە تا کاتی مردنی لە ١٩٩٣ دا. ئۆزال تاڕادەیەکی باش توانی باڵانسی هێز لە نێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵاتدا ڕابگرێت و بەو هۆیەوە سەرمایەگوزاریی بەرەو تورکیا ڕابکێشێت (Davutoğlu. 2010).

حزبی داد و گەشەپێدانی تورکی (Adalet ve Kalkınma Partisi) لە ١٤ ی ئابی ٢٠٠١ دامەزرا؛ ئەو کاتەی تورکیا بە دەست قەیرانی دارایی گەورە و بەردەوامەوە دەیناڵاند، چەند دەیەیەک پێش ئەوە چەندین کودەتا لە وەڵاتەکەدا ڕوویاندا بوو. ئەم بزاڤە خۆی وەك حزبێکی دیموکرات- کۆنزێرڤات پۆلێن کرد کە باکگراوەندێکی ئیسلامی هەیە، ڕەتی دەکاتەوە حزبێکی ئیسلامی وەها بێت کە دروشمە ئاینیەکان تێکەڵ بە سیاسەت بکات، بەڵکو لەجیاتی ئەوە حزبێکی مۆدێرنە و ڕەگێکی ئیسلامیانەی هەیە، سەرمایەداریی و بازاڕی کردووە بە بەرنامەی خۆی و تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی تورکیا بچێتە پاڵ یەکێتی ئەوڕووپا. لە ڕاستییدا ئاکپارتی ڕەگێکی ئیسلامیی- ئیخوانیی هەیە و کەمێکیش گوماناوی و کۆمیدی دێتە پێش چاو کە حیزبێکی ئیسلامی مۆدێرنەو بازاڕو سەرمایەداریی بکاتە درووشمی خۆی!

لە ماوەیەکی کەمدا توانییان بڕوا بە خەڵک بهێنن کە گرفتە بنچینەیی و هەنووکەییەکانیان چارەسەر دەکەن، لە نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ دا پارتی دادوگەشەپێدان دەستەڵاتی گرتە دەست. لەگەڵ ئەمەشدا ڕێگە نەدرا ئەردۆگان ببێتە

سەرۆکوەزیران، بەهۆی ئەوەی لەساڵی (١٩٩٤) دا چیرۆکێکی خوێندۆتەوە کە ئەوە ئینتیمای تەواوە بۆ ئیسلامییەکان، بۆیە عەبدوڵا گویل لەناو حیزبەکەدا سەرەتا پۆستی سەرۆکوەزیرانی وەرگرت، دواتر لەساڵی (٢٠٠٣) دا ڕێککارییەکی دەستوورییان لە تورکیادا کرد، بەشێوەیەك ڕێگەیدا ئەردۆگان ببێتە سەرۆکوەزیران (Sadiq، R.، L. 2011; p41).

لە سەردەستی حوکمڕانی پارتی دادوگەشەپێدان (AKP) سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هێدی هێدی و پلە بە پلە بەرەو چالاکبوون و بەرفراوانی چوو، بەردەوامبوون لە سەر چالاکی و کارەکانی ئۆزاڵ، هەر لەسەردەمی ئاکپارتی دا، تورکیا پێ بە پێ هەوڵی خۆی دا بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەوڕووپا، ئەندامێتی خۆی لە ناتۆ کاراتر کرد. دروستکەرانی بڕیاری سیاسی جەختیان لە باری جیۆ-سیاسیی کردەوە و بۆ خاڵەکانی قووڵایی ستراتیجی لەتورکیا گەڕانەوە، بەجۆرێك هەڵکەوتەکەی لە ناوەندی بولقان و قەوقاز و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایە، وەك مەڵبەندێك بۆ پیا-تێپەڕین و گواستنەوەی وزە لە: ئاسیای ناوەڕاست، قەوقاز، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە بەرئەنجامی کارابوونی زیاتری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، لەناوچەیەکی ئێجگار بەرفراواندا، تورکیا: پۆستی ئەمینداریی گشتی لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی (OIC) وەرگرت، سیفەتی (چاودێر)ی پێ سپێردرا لە جامیعەی عەرەبی، چووە پاڵ کۆمەڵەی (G-20) وەك گەورەترین ڕووگەی ئابوریی جیهانی، ئەندامێکی ناهەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێو-دەوڵەتی بۆ دانرا، دانانی یاریدەدەری ئەمینداری گشتی لە پەیمانی ناتۆ لەلایەن تورکیاوە، ئینجا لە ئەمینداریی گشتی ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاریی و گەشەپێدان (OECD)، ئەوسا هەوڵی بەدەستهێنانی کورسییەك لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF) و ئەنجومەنی جێبەجێکردن لە بانکی نێودەوڵەتی (Jabbar، B. J. 2016).

تەنانەت تورکیا لەماوەی (٢٠٠٢-٢٠٠٨) دا، سەرکەوتو بوو لە کەمکردنەوەی دووڵی و ڕاڕایی دراوسێکانی بەرانبەر خۆی، نیزیکبوونەوەی سیاسیی و ئابوریی بە کردار لەگەڵ: سووریا، ئێران، ڕووسیا، لە کێبرکێی جیۆسیاسیی و بەکارهێنانی پێگەکەی بۆ دژایەتی ئەوانی تر دوور کەوتەوە.. لە مەسەلەی قوبرس و

بەرانبەر پرسی کورد ڕێگەی ئاشتی گرتەبەر و وەک ئاشتەوایی نێوخۆیی نێوزەند کرا. هەروەها تورکیا مامەڵەیەکی گونجاوی لەگەڵ پرسی ئەرمەنی دا کرد، هەنگاوی بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یۆنان نا و بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی سووریاو ئیسرائیل و فەلەستین و ئیسرائیل کۆششێکی دیبلۆماتی دەستپێکرد، تا دواتر لە کۆتایی (٢٠٠٩) دا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل دەستی بە تێکچوون کرد.

هەرچی ڕۆڵی ئەمریکایە، بوونێکی گرینگ و مێژوویە لەناوچەکەدا؛ پەیوەندیی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندییەکی مێژوویە، پەیوەندیی ئەمریکا و تورکیاش دەگەڕێتەوە بۆ دوای دووەمین جەنگی جیهانی کە لە (١٩٤٥) ەوە دەست پێ دەکات و تەماسێکی توندی ئابوریی و سیاسیی و ئەمنی لەنێوانیاندا هەبووە، بەلای ئەمریکاوە تورکیا دۆستێکی ستراتیجییە و دەتوانێت لەناوچەکەدا ڕۆڵی گرنگ بگیڕێت، هەم لە ماوەی جەنگی سارد، دواتریش لە ململانێ نوێیەکانی لەگەڵ ڕووسیا، هەم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا تورکیا و ئیسرائیل دووهاوپەیمانی گرینگی ویلایەتە یەکگرتوەکانن (Balci، A & KardeŞ، T. 2012). نەك ئیمڕۆکە، بەڵکو لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، ئەمریکا بۆ ڕێکخستنی هەژمونی بەریتانی لەناوچەکەدا هەوڵی هاوپەیمانێتی لەگەڵ تورکیا هەیە، لەو سۆنگەیەی لە نیشتمانی عەرەبیدا بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بایەخێکی جیۆ-ستراتیجی هەیە.

سەرباری ئەوەشی، تورکیا تاکە دەوڵەتی ئیسلامییە کە لەپەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ) ئەندامە و سنووری لەگەڵ نیشتمانی عەرەبیدا هەیە، بەشێکی گرینگیشە لە سیستەمی خۆرهەڵات کە ئەمریکاو ئیسرائیل بەرژەوەندییان لەدروستکردنەوەیدا هەیە، پێگەی تورکیا ئەوەندە گرینگ و هەستیارە، چونکە وەک دیوارێک خۆرئاوا دەپارێزێت. لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەدا، دەبینین ئەجێندەی پەیوەندیی ئەمریکی–تورکی لەدەوری چەند خاڵێکی گرنگ دەخولێتەوە :

- دروستکردنی هێڵێکی بەرگریی لەبەرەی پێشەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سۆڤیەت.
- هەستکردنی پێشوەختە و خوێندنەوەی ورد بۆ بایەخی ڕۆڵی تورکیا لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

- تورکیا خۆی ویستی هەیە پارێزگاری لە بارودۆخی نێودەوڵەتی بکات کە ئارامییە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە.
- هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لە پێگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ چوونە پاڵ یەکێتی ئەوروپا. تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو هەوڵەی داوە، بەڵام وڵاتانی ئەوروپی ئەمە قبوڵ ناکەن.
- تورکیا دەخوازێت هاوکاری سەربازیی و ئابوریی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەدەستبهێنێت.
- تورکیا پێویستی بە دروستکردنی سوپایەکی بەهێز و ڕاهێنراوی باشە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە دەرەکییەکان، بەتایبەتی وڵاتانی دراوسێ.
- تورکیا بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکانی "بەتایبەت لە قۆناغە هەستیارەکان"دا، پێویستی بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، تا لە ڕێگەی ئیسرائیل و لەدەرگای پشتەوە بۆ ماڵی ئەمریکا بچێت (Davutoğlu. 2010).

جیاوازییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا، دوای هاتنی حزبی دادوگەشەپێدان لە (٢٠٠٢) بۆ دەستەڵات سەریهەڵدا: کاتێك کۆنگرێسی ئەمریکا ڕەزامەندی نیشاندا هێزەکانی ئەمریکا لەخاکی تورکیاوە هێرش بکەنە سەر عێراق، بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی (سەدام حوسەین) لە (٢٠٠٣) لەگەڵ ئەوەی ئەردۆگان وەك کەسی یەکەمی حزبی دادوگەشەپێدان حەزیدەکرد ئەمە ڕووبدات، بەڵام پەرلەمانی تورکیا بە زۆرینەی دەنگ ڕەتیکردەوە ڕێگە بە هێز و بنکەکانی ئەمریکا بدات لەخاکەیەوە هێرش بکەنە سەر عێراق. دواتر لە بەرانبەر پێدانی یەک ملیار دۆلار تورکیا کارئاسانی بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان کرد، بەو مەرجەی ڕێگەنەدەن پرسی کورد لە باکوری عێراق دوای ڕووخانی سەدام گەشە بکات (Sadiq، R.، L. 2011; p 58-59). ئایا جێگەی پرسیار نییە، حیزبێک شەش مانگ بێت دەستەڵاتی گرتبێتە دەست، ڕێگە بە بڕیارێکی چارەنوسسازی کۆنگرێسی ئەمریکا بگرێت!؟

بەگشتی، ئاکپارتی لەدوای هاتنان بۆ سەر کورسی دەستەڵات، لە سیاسەتکردن ڕێچکەیەکی گرتەبەر، بۆئەوەی پلە بە پلە کاریگەریی ویلایەتە یەکگرتووەکان

کەمبکاتــەوە! بــۆ نموونــە؛ بــە ئامانجــی ڕێکخســتنی کۆبوونــەوەی وەزیــرانی دەرەوەی وڵاتــانی دراوســێ لــە ڕووی جوگرافیــەوە، وەزیــری دەرەوەی تورکیــا "عەبــدوڵا گویــل" لــە (١٤ی شــوباتی ٢٠٠٤) ســەردانی کوەیتــی کــرد، ئــەوەش بــۆ پێکهێنــانی کۆمیتەیــەکی ئەمنــی و ئابوریــی و سیاســی لەناوچەکــەدا لەســەر شــێوەی یەکێتــی ئەوڕووپــا کــە نــاو بنرێــت "یەکێتــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت" و تورکیــا ســەرکردایەتی بــکات. ئــەوەش وەك جێگرەوەیــەک بــۆ پــڕۆژەی خۆرهــەڵاتی ناوەڕاســتی گــەورە کــە ئەمریــکا لــە دوای (١١ی ســێپتەمبەر)ەوە دەســتپێکردبوو. دوو دەیــە دواتــر بــە ســادەیی دەبینیــن تورکیــا نــەک لــە ســەرکردایەتیکردنی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت شکســتیهێنا، بەڵکــو ئێمــە تورکیامــان لــە نــاو تورکیــادا بــە کۆمەڵێــک کێشــەوە دۆزییــەوە!

ئەگەرچــی ســەرەتای داکشــانی سیاســەتی ئاکپــارتی دەگەڕێنینــەوە بــۆ ســاڵی (٢٠١٠). بەڵکــو ســەرەتای ئــەم کەڵەگەبوونــی گرفتانــە دەبــێ بگەڕێنینــەوە بــۆ (٢٩ی کانــونی دووەمــی ٢٠٠٩) لــە مونتــەدای ئابوریــی جیهــانی (داڤــۆس) لــە ســویسرا "ئــەردۆگان دوای تەواوبوونــی قســەکانی، گوێــی لەکــەس نەگــرت، کاغــەزەکانی بــەڕووی "شــیمۆن پیریــز"ی ســەرۆکوەزیرانی ئیسرائیلــدا فڕێــدا. ئــەردۆگان لــە قســەکانیدا ڕوویکــردە پیریــز و گــوتی:

" بەڕێز....تــۆ بەتەمــەن لــە مــن گەورەتــری، واهەســتەکەم دەبێــت کەمێــك هەســت بــە تــاوان بکەیــت، ڕەنگــە بۆیــە کەمێــك تونــد بوویــت، مــن ئــەو منداڵانــەم بیردێتــەوە کــە لەکەنــار دەریــا کــوژران، وتــەی ســەرۆك وەزیــرانی وڵاتەکەتانــم دێتــەوە یــاد کــە گــوتی؛ ئێمــە لەسیاســەتی خۆمــان ڕازیــن، بێگومــان هەردووکتــان هەســت بــە ڕازی بــوون دەکــەن کــە بــە تانــك هێــرش دەکەنــە ســەر فەلەســتینیەکان...من هەســت بــە خەمبــاری دەکــەم کاتێــك خەڵــك چەپڵــە بــۆ قســەکانت لــێ دەدەن، چونکــە خەڵکــێکی زۆر کــوژران، پێموایــە کارێکی هەڵــە و نامرۆییــە، خەڵــك چەپڵــە بــۆ کارێــك لێبــدەن ئــەو جــۆرە ئەنجامانــەی هەبووبێــت" (Al-Gaul، 2011).

بەرەبەیــانی ٣١ ی ئایــاری ٢٠١٠ بەیەکداکێشــانێکی دوژمنکاریــی خوێنــاوی لەنێــوان ئیسرائیــل و تورکیــا ڕوویــدا. ڕووداوەکــە بــووە هــۆی کوشــتنی (٩) نــۆ کــەسی مــەدەنی تــورك و برینداربوونــی دەیــان کــەسی تــر و دەستبەســەراگرتنی ئــەو کەشــتیە گەورەیــەی

توركیا (كەشتی مەڕمەڕە) كە وەك هاوكاری مرۆیی ڕەوانەی كەرتی غەززەی كردبوو. ئەوە لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانی یەكەمین جارە دەوڵەتێکی بێگانە، بتوانێت هاونیشتمانی توركی بكوژێت.. لێكەوتە خراپەكانی ئەم ناكۆكییەی نێوان توركیا و ئیسرائیل، ئەوەندە بە قورسی لەسەر حكومەتی ئاكپارتی و توركیا كەوتن، زیاتر لە دەیەیەک پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسی و ئەمنییەكانی نێوان ئەم دوو هێزە مامناوەندییە جیهانییە كە پێگەی گرینگیان لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، كۆتایی پێهێنا. ڕۆژی دوای ڕووداوەكە لە (١ ی حوزەیرانی ٢٠١٠) ئەردۆگان لە دژی ڕەفتارەكانی ئیسرائیل وتارێكی ئاگرینی لەبەردەم پەرلەمانی توركیا پێشكەش كرد و گوتی "هاوڕێیەتی لەگەڵ توركیا چەند بەهێز بوو، دوژمنایەتیش ئەوەندە بەهێز دەبێت (Lindenstrauss، G and Kivam، S، K. 2014).

ڕوونە، وەک هەمیشە كۆڵەگەیەكی سیاسەتی ئەمریكا لە ڕۆژهەڵاتدا، بریتییە لە پاراستنی بەرژەوەندییەكانی ئیسرائیل. كاتێك ڕووداوی كەشتی مەڕمەڕەش ڕوویدا، ڕاستەوخۆ وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی ئەمریكا پاڵپشتی ئیسرائیلیان كرد.. لە كاردانەوەی ڕووداوی كەشتی مەڕمەڕەدا، وەزیری دەرەوەی توركیا داود ئۆغلۆ سەردانی ئێرانی كرد و خواستی نیشان دا كە ئێران و بەرازیل بەیەك بگەیەنێت، بۆچی؟ بۆ ئەوەی پێكەوە ئیش لەسەر بەرهەمهێنانی چەكی ئەتۆم بكەن! (Al-Gaul، 2011). ئیتر ئەوە سەرەتای توڕەبوونی تەواوەتی ئەمریكایە لە توركیا، ئەمریكا لێرەدا تووڕە بوو نەك ئەو ڕۆژانەی جەندرمەكانی ئەردۆگان لەكاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەكانی (٢٠١٥) بەشەق و بۆكس بەربوونە گیانی ڕۆژنامەنووسە خۆرئاواییەكان و پەلاماری "نیۆرك تایمز"ی ئەمریكیان دەدا كە سەرەتای بەتاڵبوونەوەی ئەو دیموكراسیەتەیە بوو كە لە (٢٠٠٢)ەوە ئاكپارتی فووی تێ دەكرد، وەك نیاز-نیشاندانێك بۆ ئامادەگی بوون بە ئەندام لە یەكێتی ئەوڕووپا!

دوای (٥) ساڵ لە بێدەنگی و كپی نێوان توركیا و ئیسرائیل كە سنووری ئاوییان هەیە، لە (٢٠١٥) ەوە تا هەڵگیرسانی جەنگی غەزە لە ٢٠٢٣؛ دەیان جار و لەچەندین بۆنەدا ئەردۆگان جەختی لەوە كردۆتەوە " ئێمە و ئیسرائیل پێویستمان بەیەكە"..

"دەرگامـان کراوەیـە بـۆ ئیسرائیـل".. "پێویسـتمان بـە ئیسرائیلـە"، پێدەچێـت نوخبـەی ئیسرائیـل هەڕەشـەکانی ئەردۆگانیـان بیرنەچێـت کـە دەیگـوت " تاپـۆی خاکەکەتـان لـە ئەرشـیفی ئێمـەدا مـاوە" (Jabbar، B، J. 2016).

دەبێـت ئـەو ڕاسـتییە ببیندرێـت کـە تورکیـا، حەمـاس بـە ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـتی نازانێـت، بـەو پێیـەی کـە هـەردوو پارتـی حەمـاس و پارتـی داد و گەشـەپێدان وەک لایەنـی پەیوەندیـدار بـە بزووتنـەوەی جیهانـی ئیخـوان موسـلیمین سـەیر دەکرێـن و پەیوەندییەکی ئایدیۆلۆژیـش لـە نێـوان هەردووکیانـدا هەیـە. هەندێـک لـە کەسـایەتییە پێشـەنگەکانی ئیخـوان موسـلیمین پرسـیار دەکـەن؛ ئایـا بەڕاسـتی دەتوانرێـت پارتـی داد و گەشـەپێدان وەک شـوێنکەوتوویەکی "ڕاسـتەقینە"ی بزووتنـەوەی ئیخـوان موسـلیمین سـەیر بکرێـت، چونکـە بـە تـەواوی چەمکـی لایکیـزم (جیاکردنـەوەی بەهـا ئایینییـەکان لـە دەوڵـەت) ڕەت ناکاتـەوە و لـە ڕاسـتیدا پێـی باشـە خـۆی وەک دیموکراتێکـی کۆنەپەرسـت نیشـان بـدات، نـەک حزبێکـی ئیسلامـی (Lindenstrauss، G and Kivam، S، K. 2014).

زیاتـر لـەوەش، بـە پێـی دامـەزراوەی بەرگریـی لـە دیموکراسـیەتەکان، حەمـاس لـە سـاڵی ٢٠١١ لەسـەر بانگهێشـتی ڕاسـتەوخۆی حکومەتـی تورکیـا ئامادەیـی خـۆی بـە فەرمـی لـەو وڵاتـە ڕاگەیانـد. لـەو کاتـەوە تورکیـا پەناگەیەکـی سـەلامەتی بـۆ سـەرکردایەتی بـاڵای حەمـاس دابیـن کـردووە. بەپێـی زانیارییـەکان لـە سـاڵی ٢٠١٢ حکومەتـی تورکیـا (٣٠٠) ملیـۆن دۆلاری بەخشـیوەتە حەمـاس، لەکاتێکـدا گروپەکـە ئۆفیسـی لـە تورکیـا دانـاوە. ڕێکخراوێکـی ناحکومـی تورکیـا کـە پەیوەنـدی بـە حکومەتـی تورکیـاوە هەیـە، دامـەزراوەی مافەکانـی مـرۆڤ (Foundation of Human Rights) کـە کەشـتی ماڤـی مەرمـەرای سـاڵی ٢٠١٠ی ڕێکخسـتووە، هـەر ئـەو ڕێکخـراوە لـە سـاڵی ٢٠١٠ەوە پـارەی نەختینەیـی گواسـتۆتەوە لقەکـەی لـە کەرتـی غـەززە. بێگومـان حەمـاس ئـەم پارانـە بـۆ دابینکردنـی بودجـەی ڕووبەڕووبوونـەوەی ئیسرائیـل بەکاردەهێنێـت.

هەروەهـا، لـە سـاڵی ٢٠١٧ ئەردۆغـان ڕاسـتەوخۆ درووشـمەکانی میسـاقی دامەزراندنی حەماسـی بیرهێنایـەوە کـە داوای لەناوبردنـی ئیسرائیـل دەکات. سـاڵی دواتـر بـە ئاشـکرا ئیسرائیلـی تۆمەتبـار کـرد بـە ئەنجامدانی "جینۆسـایدی کولتـووری" و بانگەشـەی ئەوەیکرد؛

سیاسـەتی ئیسرائیـل " لـەوە کـەمتر قـورس نییـە کـە لـە سـەردەمی جەنگـی دووەمـدا بەرامبـەر جوولەکـەکان کـراوە. لـە سـەروو هەمـوو ئەمانەشـەوە، ئەردۆغـان دوای ٧ی ئۆکتۆبـەر ڕەتیکـردەوە حەمـاس ئیدانـە بـکات (FDD. 2023). ئایـا چـاوەڕێ دەکرێـت بـەم دۆخـەوە پەیوەندیـی تورکیـا لەگـەڵ ئیسرائیلـدا ئاسـایی ببێتـەوە؟ لـە ڕاسـتییدا ئـەم بیرخسـتنەوانە، وەک وانەیـەک لـە تۆمـاری مێـژووی ناوچەکـەدا هەبـن، گرینگـە.

لەگـەڵ ئەمانەشـدا، لـە دوای ڕووداوەکـەی ٢٠١٠ەوە پەیوەندییـە بازرگانییـەکان و گەشـتوگوزار بـەردەوام بـوون، بـەڵام پەیوەندیـی دیبلۆماسـی و سـەربازیی و سیاسـی و کەلتـوری و هەواڵگریـی بـۆ زیاتـر لـە دەیەیـەک بەنزیکەیـی ڕاوەسـتابوون، لە دیسـەمبەری ٢٠٢٢ دا باڵوێزخانـەی ئیسرائیـل لـە ئەنکـەرە دانرایـەوە. بـەڵام ٧ ی ئۆکتۆبـەری ٢٠٢٣ پەیوەندییەکانـی بـە نزیکەیـی گەڕانـدەوە دۆخـی پێشـووتر!

وەک سـۆنار کاجاپتـای لـە پەیمانگـەی واشـنتۆن لێکـی دەداتـەوە؛ لـە ٥ی ئایـاری ٢٠٢٤ دا تورکیـا هەمـوو چالاکییەکانـی هـاوردە و هەناردەکردنـی لەگـەڵ ئیسرائیـل قەدەغـە کـرد و ڕایگەیانـد؛ بایکۆتەکـە بـەردەوام دەبێـت تـا ئـەو کاتـەی "ئاگربـڕی هەمیشـەیی دێتـەدی و یارمەتییـە مرۆییـەکان لـە غـەززە دەسـتەبەر دەکرێـت." ئـەم بڕیـارە بـەردەوام دەبێـت. بەمەرجێـک لـە کاتـی جەنگـدا بەرانبـەر بـە ئیسرائیـل- بازرگانـی نێـوان هـەردوو وڵات لـە سـاڵی ٢٠٢٣دا ٧ حـەوت ملیـار دۆلار بـووە، تورکیـاش پێنجـەم گەورەتریـن هەنـاردەکاری ئیسرائیلـە. لەکاتێکـدا ئـەردۆگان لـە میانـەی جەنگـی غـەززەدا نەتانیاهـۆی بـە "قەسـابی غـەززە" ناوبـرد، کاجابتـای بۆچونێکـی دیکـەش دەخاتـەڕوو، ڕەنگـە لـە ئایندەدا، سـەرلەنوێ تورکیـا و ئیسرائیـل پەیوەندییەکانیـان ئاسـایی بکەنـەوە و ئـەردۆگان بڵێـت "مـن ئـەو قسـانەم دژی ناتانیاهـۆ کـردووە، نـەک ئیسرائیـل" (Cagaptay، 2024).

لـە ئەنجامـدا، سێ خاڵـی سـەرەکی هەیـە کـە دەبێـت لـە پەیوەنـد بـە پەیوەندییەکانی تورکـی او ئیسرائیـل (تەنانـەت تورکیـا و خۆرئـاواش) بـە بەردەوامـی لـە بیرمـان بێت:

- تورکیـا پێگەیەکـی سـتراتیژیی گرینگـی هەیـە، فەرامۆشـکردنی گرفتـی هەمەلایەنـە بـۆ ناوچەکـە بـە گشـتی درووسـت دەکات. ئیسرائیـل دەیـەوێ لەگـەڵ تورکیـا پەیوەندیـی هەبێـت، بـەڵام لەسـەردەمی ئـەردۆگان نـا (واتـە ئیسرائیـل تورکیایەکـی بـێ ئەردۆگانـی دەوێـت).

- تورکیا وڵاتێک نییە وەکو سعودییە ڕۆژانە (١٣) ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێت و سەدان ملیار دۆلار بۆ هەمەچەشنەکردنی ئابورییەکەی تەرخان بکات و گوێ بە نیگەرانییەکانی ئەوروپا و ئەمریکا نەدات.
- پەیوەندیی ئەمریکا-تورکیا ڕاستەوخۆ بە پەیوەندیی تورکیا- ئیسرائیلییەوە گرێدراوە. ڕاڕایی و ساردبوونەوەی پەیوەندیی لە نێوان تورکیا و ئیسرائیل، ڕاستەوخۆ ساردبوونەوە و ڕاڕاییە لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا. چونکە لۆبی جوولەکە ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا هەنووە، یەکێك لە هەرە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕاڕایی ئیسرائیل بەرانبەر تورکیای ئەردۆگانی ئەوەیە کە پێش هاتنی ئاکپارتی نهێنی و بۆندی هەرە گەورەی ئەمنی و سەربازیی لەنێوانیاندا بووە.

بەگشتی، ئەوە ڕێباز و مامەڵەکانی تورکیایە لەگەڵ ئیسرائیل، بۆیە لە بەشەکانی ئایندەدا، ئێمە باسی پەیوەندییەکانی تورکیا و سووریا ناکەین، چوونکە هەمان مامەڵە لە پەیوەندییەکاندا دەبینینەوە. لە کاتێکدا لە کۆتایی ٢٠١٠ ەوە تا کۆتایی ٢٠٢٤ هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دیبلۆماسی و سیاسی و هەواڵگریی و ئابوریی و کەلتوریی فەرمیی لە نێوان سووریاو تورکیادا وەک دوو دەوڵەتی دراوسێ ڕووی نەداوە! تەنیا لە (٢٠٢٤) دا چەندین جار لایەنە فەرمییەکانی تورکیا بە ئاشکرا داوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەشار ئەسەد سەرۆکی سووریا کردووە ، بەڵام ئەسەد دوای چەندین جار وەڵام نەدانەوە، کۆتاجار داوایکرد تورکیا هێزەکانی و بریکارەکە چەکدارەکانی لە خاکی سووریا بباتە دەر پاشان داوای ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان بکات. مانای وایە لەسەردەمی ئەردۆگان و بەشار ئەسەدیشدا ئێمە پەیوەندییەکی تەندرووست لە نێوان سووریا و تورکیا نابینین.

### ٦.٤. گەڕانەوەی سووریا بۆ کۆمکاری عەرەبی: بۆچی پرسێکی تایبەتە بە عەرەبەکان؟

یەکێکی تر لە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاماژەکانی خۆ- ئامادەکردنی ناوچەکە بۆ گۆڕانی جیهانی؛ گەڕانەوەی سووریایە بۆ کۆمکاری عەرەبی. کۆمکاری عەرەبی لە کۆبوونەوەیەکی بەپەلەدا کە لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١١ لەسەر ئاستی وەزیرانی دەرەوە داوای کردبوو، ئەندامێتی دیمەشق لە کۆمکارەکە هەڵپەسێرن، ئەوەش بە ڕەزامەندی ١٨ وڵات لە کۆی ٢١ وڵات. بەڵام لە ئایاری ٢٠٢٣ دا، دوای زیاتر لە دەیەیەک لە جەددەی پایتەختی سعودییە پێشوازییەکی شاهانە لە بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا کراو، ژمارەی ئەندامانی کۆمکارەکە بوو بە ٢٢ (Loft. 2023).

لە سەرەتای ٢٠١١ ەوە تا مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٢، لەسەر ئاستی جیهان سووریا لە گەورەترین قەیرانی ئاوارەبوونی خەڵکەکەیدا بووە، (١٣.٨) سیانزە ملیۆن و هەشت سەت هەزار کەس بە زۆر لە سەر ماڵ و سنوورەکانی خۆیان هەڵکەنراون. لە سەرەتای دەستپێکردنی ململانێکانەوە لە مانگی ئاداری ٢٠١١ ەوە، منداڵانی سووریا بەرگەی زنجیرەیەک لێدانی وێرانکەریان گرتووە، لەوانە؛ شەڕە بەردەوامەکان، ئاوارەبوونی بەرفراوان، باری نائاسایی تەندروستی گشتی، دوایینیان بوومەلەرزە وێرانکەرەکەی ساڵی ٢٠٢٣ بوو:

زیادکردنی ئاڵۆزی ئەم تەحەددایانە، قووڵبوونەوەی قەیرانی برسێتییە، ئەوەش پەرەسەندنێکی بەربڵاو بووە لە سووریا، لە میانەی قەیرانی سووریادا منداڵان بە شێوەیەکی مەترسیدار بەدخۆراکییان هەیە، زیادبوونی بەدخۆراکی توند و ئاستی مەترسیدار لە کەمخوێنی لە نێوان منداڵان و ژنانی گەنجدا دیارە. سەختی ئەو پرسە ترسناکە و لە هەر ٤ کەس لە سووریا ٣ کەس تووشی بوون:

ڕاستییە خێراکان کە وۆلد ڤیژن (٢٠٢٤) بە پشت بەستن بە داتا و سەرچاوەی باوەڕپێکراو دەیخاتەڕوو: بەپێی ئامارەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ٢٠٢٤دا مەزەندە کراوە ١٦.٧ سەروو شانزە ملیۆن کەس لە سووریا پێویستیان بە یارمەتی مرۆیی هەیە کە بەراورد بە ساڵی پێشووتر بە ڕێژەی ٩٪ زیادیکردووە. لە سووریا نزیکەی ٧.٥ حەوت ملیۆن و نیو منداڵ پێویستیان بە

هــاوکاری مرۆیــی هەیــە، وەک لەلایــەن ســندوقی منداڵانــی نەتــەوە یەکگرتووەکانــەوە (یونیســێف) تــا مانگــی نیســانی ٢٠٢٤ تۆمارکــراوە. هــەر لەنــاو ســووریادا، ٧.٢ حــەوت ملیــۆن و دووســەت هــەزار کــەس ئاوارەبــوون کــە زۆرتریــن ژمارەیــە لــە سەرانســەری جیهانــدا و زۆرتریــن ژمارەیــە لــە ســەرەتای دەســتپێکردنی شــەڕەکەوە. لێــرەدا تورکیــای دراوســێ میوانــداری زۆرتریــن ژمــارەی پەنابــەر دەکات کــە زیاتــر لــە ٣ ســێ ملیــۆن پەنابــەری هەیــە. نزیکــەی ٢ ملیــۆن منداڵــی پەنابــەری ســووری لــە خوێنــدن دەرچــوون و یــەک ملیــۆن و ٦٠٠ هــەزار منداڵــی دیکــەش مەترســی وازهێنانیــان لــە خوێنــدن هەیــە. ئینجــا لــە ٦ی شــوباتی ٢٠٢٣ بوومەلەرزەیــەک بــە گــوڕی ٧.٨ پلــە و پــاش بوومەلەرزەکانــی باکــووری ڕۆژئــاوای ســووریا و باشــووری ڕۆژهەڵاتــی تورکیــای وێــران کــرد و لــە ئەنجامــدا دەیــان هــەزار قوربانــی لێکەوتــەوە و ســەدان هــەزار کەســیش ئاوارەبــوون (World Vision. 2024).

ململانێــکان لــە ســووریا وەک ســەرکوتکردنی زۆرەملــێ لــە ناڕەزایەتییــە ئاشــتیخوازەکانی خوێنــدکاران دژی حکومەتــی ســووریا لــە ١٥ی ئــاداری ٢٠١١ ەوە دەســتپێکرد و بــۆ توندوتیژییەکــی تــەواو پــەرەی ســەند، دۆخێکــی درووســتکرد کــە لــە (٢٠٢٤) دا نزیکــەی (٩٠٪) نــەوەت لەســەتی خەڵکــی ســووریا لــە ژێــر هێڵــی هەژاریــدا دەژیــن، بانگــەوازی بــەردەوام هەیــە بــۆ دابینکردنــی بودجــە بــۆ هەوڵــە مرۆییەکانــی زیاتــر بــۆ نــاو وڵاتەکــە و ئاوەدانکردنــەوەی دوای جەنــگ. ترســناکتر لــەوەش، ســووریا بــە گەورەتریــن "دەوڵەتــی مــاددە هۆشــبەرەکان" لــە جیهانــدا وەســف کــراوە بەهــۆی پشــتگیری بێدەنگــی حکومەتــی ئەســەد بــۆ بازرگانیکــردن بــە جــۆرە دەرمانێکــی وەک ئەمفیتامیــن کــە زۆرتریــن ئاڵودەبــووی لێکەوتۆتــەوە کــە نــاوی فینتیللینــە و زیاتــر بــە نــاوی مارکــەی "کاپتاگــۆن" نــاسراوە و زۆرجــار بــە "کۆکاینــی پیــاوی هــەژار" وەســف دەکرێــت. بازرگانــی کاپتاگــۆن زیاتــر بووەتــە هــۆی جۆرەهــا کێشــەی کۆمەڵایەتــی لــە وڵاتانــی دراوســێی ســووریادا. بۆیــە لــە کۆبوونەوەیەکــی مانگــی ئایــاری ٢٠٢٣ دا هەریەکــە لــە وەزیرانــی دەرەوەی مــیسر، عێــراق، ســعودیە و ئــوردن، بەرپرســانی حکومەتــی ســووریا ڕێککەوتــن لەســەر ئــەوەی بــە شــێوەیەکی کاریگەرتــر ڕووبــەڕووی بازرگانیکــردن بــەو دەرمانــە دەســتکردە ئالوودەبــووە ببنــەوە (Schaer، 2023).

ئـەم ڕاسـتییانە دەریدەخـات: دەنگێکـی زۆر و گرینـگ لـە زلهێزەکانـی ناوچەکـە، بەتایبەتـی سـعودیە و ئیماراتـی یەکگرتـووی عەرەبـی، وردە وردە گەیشـتوونەتە ئـەو ئەنجامـەی کـە ڕژێمـی ئەسـەد بڕووخێـت و دەبێت هەنـگاوەکان بـە ئاڕاسـتەی هاریکاریی و پاراسـتنی ئاسایشـی ناوچەیـی هەڵبگـرن، پێیـان باشـە هێڵـی کـراوەی دەسـتڕاگەیشتن و پەیوەندیکـردن هەبێـت، تەنانـەت ئەگـەر بـۆ تەنیـا کەمێکیـش بێـت دیمەشـق (کـە لەلایـەن کەمینەیەکـی شـیعە مەزهەبـەوە بەڕێـوە دەبـرێ) لـە ئێـران دوور بخرێتـەوە. بەمجـۆرە ڕەنگـە لـە داهاتـوودا بتوانـن کاریگـەری درێژخایەنـی وڵاتانـی وەک ئێـران و هەروەهـا تورکیـاش لـە سـووریا کـەم بکەنـەوە:

ئەگـەر تێبینـی بکەیـن ئەندامانـی کۆمـکاری عەرەبـی لـە لێدوانەکانیانـدا لەسـەر بڕیـاڕی گەڕانـەوەی سـووریا بـۆ کۆمـکاری عەرەبـی ڕایانگەیانـد؛ هیوایـان بـە "چارەسـەری عەرەبیـە بـۆ کێشـە عەرەبییـەکان". ئـەم کێشـانە چارەنووسسـازن، خۆیـان لـە تۆڕەکانـی پەیوەندیـدار بـە بازرگانیکـردن بـە مـاددە هۆشـبەرەکان، قەیرانەکانـی پەنابـەران، لاوازبوونـی ئاسایشـی سـنوورەکان و چڕکردنـەوەی ڕۆڵـی هێزەکانـی ئێـران و میلیشـیاکانی سـەر بـە تـاران لـە سـووریا دەبینێتـەوە. لەهەمـان کاتـدا، حکومەتـی سـووریا ( لەسـەردەمی ئەسـەد و دوای کەوتنـی ڕژێمەکـەی ئەسـەدیش) پێویسـتی بـە پشـتیوانی دارایـی و شـەرعیەت هەیـە، ئەمـە ئەگـەری بەدیهاتنـی زیاتـرە لـە ڕێگـەی ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییـە فەرمیەکانـی لەگـەڵ سـعودیە و وڵاتانـی دەوڵەمەنـدی دیکـەی عەرەبیـدا (Cafiero، G and Milliken، E. 2023).

بیرمـان نەچێـت، قەیرانـی سـووریا زیاتـر لـە دەیەیـەک سەرئێشـەیەکی گـەورەی بـۆ جیهـان و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت درووسـت کـرد. بـۆ یەکەمیـن جـار ڕووسـیا لـە بەرئەنجامـی جەنگـی سـووریاوە لـە ٢٠١١ ڕێگـەی بـۆ خـۆش بـوو لـە ڕووی سـەربازییەوە بێتـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ڕۆژهەڵاتـی دەریـای سـپی، خـۆی لـە بەنـدەری تەرتوسـی سـووریا جێگیـر بـکات. دوای دەیەیـەک لـە قەیرانـی سـووریا، زۆربـەی سـووریا لـە ناوچـە جیـاوازەکان لـە ژێـر کۆنترۆڵـی ڕژێمـی ئەسـەد بـوو: گەورەترینیـان لەلایـەن هێزەکانـی حکومەتـی ئەسـەدەوەیە کـە نزیکـەی ٦٥٪ بـۆ ٧٠٪ ی سـووریایان کۆنترۆڵکردبـوو، لەنێویانـدا دیمەشـقی پایتەخـت و دووەم گەورەتریـن

شـار "حەلـەب". پاشـان دووەم گەورەتریـن ڕووبـەر لـە باکـووری خۆرهەڵاتـی سـووریا (٢٠٪ بـۆ ٢٥٪ ی سـووریا) لەلایـەن هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـەوە بـە سـەرۆکایەتی کوردەکانــە، لــە باکــووری ڕۆژئــاوا بەڕێوەدەبرێــت و، هێزەکانــی ئەمریــکاش لــەوێ بنکەیــان هەیــە (Loft. 2023; p 6).

کاتێکیــش لەنــاکاو ڕژێمەکــەی بەشــار ئەســەد دەڕووخێــت، لــە پــڕ ســەرکردەی یەکێــک لــە گرووپــە ئایدۆلۆژییــە ســوونییە توندڕەوەکانــی ســووریا کــە زۆر نزیکــە لــە تورکیــاوە، دەبێــت جێــی باســی میدیاکانــی جیهــان و لەمــاوەی چەنــد مانگێکــدا دەیــان وەفــدی بــاڵای تورکیــا ســەردانی دیمەشــق دەکــەن، بەمجــۆرە دڵخوازەکــەی تورکیـا "ئەحمـەد شـەرع" کـە پێشـووتر نـاوی لـە لیسـتی تیـرۆردا بـوو، فەرمانڕەوایـی سـووریای کەوتـە دەسـت.

"لەئەنجامـدا، گەورەتریـن سـێ هەڕەشـە لەسـەر ئاسایشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، لــە عێــراق و ســووریاوە دەســت پێــدەکات: مــاددە هۆشــبەرەکان کــە ســاڵانە بــە هەزارەهـا تـۆن لـە سـووریا و عێراقـدا سـاخ دەکرێنـەوە! کێشـەی کەمبوونـەوەی ئـاو و بـە ژاپۆنبـوون لـە عێـراق و سـووریا کـە لەلایـەک دەبێتـە هـۆی کۆچکـردن، لەلایەکـی دیکـەش کاریگـەری لەسـەر ئاسایشـی خـۆراک دەبێـت و پرسـە ژینگەییـەکان ئاڵۆزتـر دەکات. هەروەهـا پرسـی تیـرۆر و توونـدوتیژیـی لـەم ناوچانـە پرسـێکی زینـدوە، لەهـەر چرکەســاتێکدا ئەگــەری ســەرهەڵدانەوەی بەشــێوەی مەترســیدارتر هەیــە، بەجۆرێــک ئــەو گرووپــە توندڕەوانــە بــۆ ئەجێنــدای هەرێمیــی و جیهانــی بــەکار ببرێــن. ئەمــە ئـەو هەڕەشـە ناوچەییانـەن کـە لـە هەمـان کاتـدا بوونەتـە هەڕەشـە لەسـەر ئاسـتی جیهانــی دا. بۆچــی ئەمــە وایــە؟ وەڵامەکــە ســادەیە: لــە بەرئــەوەی لــە بەشــێکی زۆری ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا دەوڵەتمــان نییــە، تــا باســی دامــەزراوە بکەیــن، بەڵکــو ناوچەکـە لـە چەندیـن هـۆز و خێـڵ پێکهاتـووە، ئەمـە زیاتـر چەنـد هێـڵ و سـنوورێکی جوگرافییـە کـە بـە شـێوەیەکی بەرچـاو لەلایـەن بەریتانیـا و فەرەنسـا دوای ڕێککەوتنـی سـایکس-پیکۆ لـە سـاڵی ١٩١٦دا کـێشراون."

ئەمـەش، پێدەچێـت هەرکاتێـک تەونـی هەمـوو ئاسـایی بوونـەوەکان هەڵبوەشـێنێتەوە و کاریگەرییەکـی سـەدان ساڵەی کۆمەڵایەتـی و مرۆیـی و ئەمنـی و ژینگەیـی لەناوچەکەدا

دەربخـات. ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت تـا ئەندازەیەکـی زۆر مۆدێرنیـزە بـووە، سـەرکردایەتی سیاسـیی وڵاتانـی ناوچەکـە لـە نا-جێگیریـی سیسـتەمی جیهانـی تێگەیشـتوون، بـەو هیوایـەش، لـە گـەڵ دەسـتپێکردنی جەنگـی ئۆکراینـەوە، پرۆسـەی هێورکردنـەوەی گرژییـەکان لـە ڕێگـەی نزیکبوونـەوەی زیاتـر لـە نێـوان هێـزە مامناوەندییەکانـدا خێـرا تـر بـووە. لەکاتێکـدا سـەرکردەکانی عەرەبـی سـوونەی ناوچەکـە دەزانـن چ وڵاتێکـی سـەرەکی لەناوچەکـەدا ئـەم کێشـانە بـۆ دەرەوەی خـۆی هەنـاردە دەکات "ئێـران!".

## ٧.٤. شەپۆلە مەترسیدارەکان: قەیرانی ماددە هۆشبەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە دەستوەردانی توندی ئیدارەی ئەمریکایە

لە بنەڕەتدا، لە هەموو سەردەمێکدا ماددەی هۆشبەر بەڕێژەی جیا-جیا بۆ ڕۆڵی جۆراوجۆر بەکارهاتوە. ڕاپۆرتی جیهانی ماددە هۆشبەرەکان لە ساڵی ٢٠٢٣دا ئاماژە بەوە دەکات کە بازرگانیکردن بە هاندەری جۆری ئەمفیتامین (ATS) لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا نیگەرانییەکی گەشەسەندووە. بازاڕی "کاپتاگۆن" کە بەرهەمێکی ماددە هۆشبەرەکانە، بە شێوەیەکی نایاسایی دروست دەکرێت و زۆربەیان ئەمفیتامین لەخۆدەگرێت و لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست لە گەشەکردن بەردەوامە. هەواڵ و ڕاپۆرتە بەڵگەدارەکان هەتا بڵێی لە سووریاو عێراقدا، هاوتەریب لەگەڵ بازرگانیکردن بە "کاپتاگۆن" ترسناکن، پێدەچێت بازاڕێکی میتامفیتامین لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا گەشە بکات، وەک لە بەرزبوونەوەی دەستبەسەرداگرتنی ئەو دەرمانەدا دەردەکەوێت:

ئەم ڕاپۆرتە بەناونیشانی "داینامیکی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان لە سەرانسەری عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (٢٠١٩-٢٠٢٣): ڕەوت و وەڵامەکان" ڕۆشنایی دەخاتە سەر دیمەنی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان کە تادێت لە سەرانسەری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست ئاڵۆز و خێراتر دەبێت، ئەمە دەتوانێت وەک نەخشەڕێگایەک بێت بۆ یارمەتیدانی هاوتا نیشتمانی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لە جێبەجێکردنی ستراتیژییە هەماهەنگیکردنیان بۆ ڕێگریکردن و کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان و بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان.

بۆ نموونە: هەفتانە لە عێراق باندی مەترسیدار بە ماددە هۆشبەرەکان دەستگیردەکرێت. دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی عێراق تەنیا لە یەک ڕۆژدا دەستبەسەرداگرتنی زیاتر لە ملیۆنێک و ٤٠٠ هەزار حەبی مادەی هۆشبەری لە بەغدا ڕاگەیاندوە، ئەمە بێگومان ئۆپەراسیۆنێکی ئاڵۆزی قاچاخچێتی مادەی هۆشبەرە. وەک ڕاپۆرتەکە باسی دەکات حەبەکان بە شێوەیەکی داهێنەرانە لەناو ڕۆڵی قوماشدا شاردرابوونەوە، ئەمە دیاردەیەکە کە جەخت لەسەر تاکتیکی پەرەسەندنی بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان لە ناوچەکەدا دەکاتەوە. جگە لەوە

لەکاتــی ئۆپەراســیۆنەکەدا دەزگای ئەمنــی دەســتگیرکردنی تۆمەتبارێکــی ئاشــکراکردووە کــە لەژێــر نــاوی کۆمپانیایەکــی گواســتنەوەی بارهەڵگــردا پســولەی پێبــووە. ئــەم دەسـتگیرکردنانە ڕۆشـنایی دەخاتـە سـەر ئـەو تـۆڕە ئاڵـۆزەی کـە لـە بازرگانـی نایاسـایی مــاددە هۆشــبەرەکان بەشــدارە!

ســاڵ لــە دوای ســاڵ ئــەم دیاردەیــە بــە ڕێژەیەکــی مەترســیدار و بــەردەوام لــە فراوانبووندایــە. گەیشــتووەتە ئاســتێک ئەســتەمە ســاڵێکی دیاریکــراو وەک پێوەرێــک هەڵبژێردرێــت، بــەو پێیــەی هــەر ڕاپۆرتێکــی نــوێ زیادبوونــی بەرچاوتــر لــە دواییــن ســاڵ ئاشــکرا دەکات. بەپێــی داتاکانــی نووســینگەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان بــۆ مــاددە هۆشــبەرەکان و تاوانــەکان (UNODC، 2024، pp. 14–30)، بــڕی حەبــی کاپتاگــۆن کــە لەلایــەن هێــزە ئەمنییەکانــی عێراقــەوە دەســتی بەســەردا گیــراوە، تەنیــا لــە ســاڵی ٢٠٢٣دا نزیکــەی چــوار هێنــدە زیادیکــردووە کــە بــۆ نزیکــەی ٢٤ بیســتوچوار ملیــۆن حــەب بەرزبووەتــەوە کــە کــۆی کێشــی ٤٠٩٤ کیلۆگــرام بــووە، لەکاتێکــدا ئــەم بــڕە لــە ســاڵی ٢٠٢٢دا ١٢٥٦ کیلۆگــرام بــووە. بەهــای بــازاڕی حەبــی دەستبەســەرداگیراو نزیکــەی ١٤٤ ملیــۆن دۆلارە، نرخــی تاکــە حەبێــک لــە نێــوان ٣ ســێ دۆلار و نیــو بــۆ ٦ شــەش دۆلار و نیــو دایــە.

زیادبوونــی بەرچــاوی دەستبەســەرداگرتنەکان، نیشــانەیەکی دیــاری زیادبوونــی بەردەســتبوونی مــاددە هۆشــبەرەکانە. ئەمــە بەتایبەتــی لــەو جێگایانــەدا بــەربڵاوە کــە دابەشــبوونی سیاســیی هەیــە و دیموکراســی بووەتــە نوکتــە و گەندەڵــی و نەبوونــی یاســا و بێــزاری هاووڵاتیــان گەیشــتۆتە لووتکــە، ڕۆڵــی حکومــەت لــەم جێگایانــەدا لاوازە و قۆرخکاریــی دەســتەڵات هەمــوو پنتەکانــی ژیانــی تەنیوەتــەوە. ئێمــە دەبینیــن لــە پــاڵ عێــراق و ســووریا و لوبنــان؛ لەمــاوەی (٢٠٢٢ بــۆ ٢٠٢٤) دا هەرێمــی کوردســتانی عێــراق ڕێــژەی بازرگانــی مــاددەی هۆشــبەری بــە شــێوەی بەرچــاو تیــا بڵاوبۆتــەوە و لەوێشــەوە بــۆ ناوچەکانــی دیکــە دەگوێزرێتــەوە کــە پێویســتە کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی لــەم ناوچانــە دەســتوەربدەن و گۆڕانکاریــی بــە شــێوەیەکی مەدەنــی و هاوچــەرخ درووســت بکــەن و بێــزاری هاووڵاتیــان بڕەوێننــەوە. چوونکــە لــەم ناوچانــە خەڵکــی هیــچ متمانەیەکیــان بــە دەســتەڵاتی ناوچەکانیــان نییــە، لــە ئەنجامــدا یــان مــاددەی هۆشــبەر، یــان کێشــەی کــۆچ بــۆ وڵاتانــی خۆرئــاوا دێتــە ئــاراوە.

هەتا ڕاپۆرتێک زیاتر لەمبارەیەوە دەخوێنیتەوە، نیگەرانییەکی نوێترت بۆ زیاد دەبێت؛ چوونکە جۆرەکانی تری مادده هۆشبەرەکانی وەک تریاک، هێرۆین، میتامفیتامین، حەشیش لە نێوان سالانی ٢٠١٩ بۆ ٢٠٢٣دا بەرزبوونەوەی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە. دەستبەسەرداگرتنی میتامفیتامین لە ساڵی ٢٠٢٣ دا بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٩ نزیکەی شەش هێندە زیادیکردووە، لەکاتێکدا بەپێی ڕاپۆرتەکان دەستبەسەرداگرتنی "کاپتاگۆن" لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٢ بۆ ٢٠٢٣ سێ هێندە زیادیکردووە، هەروەها بڕی گشتیی دەستبەسەرداگرتنی لە ساڵی ٢٠٢٣ دا ٣٤ هێندە زیاترە لە ساڵی ٢٠١٩ (Rudaw. 2024).

ئەوەی بە وردی لە ڕاپۆرتەکانی دی و ڕاپۆرتی جیهانی مادده هۆشبەرەکاندا بەدی دەکەین؛ ئەم داینامیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە هێڵێک لە ئەفگانسانەوە بە پاکستان و ئێران دا تێدەپەڕن، عێراق بووەتە پشتێنەی پێکەوە گرێدانی بازرگانییەکە و بڵاوبوونەوەی، دەگاتە سووریا (تەنانەت لە سووریای سەردەمی بەشار ئەسەد دا بەرهەم دەهێنرا) و لەوێوە بۆ لوبنان و سعودییە و ناوچەکانی تر. هەڵبەت تا دەتواندرێت بە ڕێگەی جیا-جیا بۆ وڵاتانی ئەوروپاش دەگوێزرێتەوە (UNODC. 2024: pp 14-16).

عێراق بە زیاتر لە (سێ هەزار و ٦٣٧) کیلۆمەتر سنووری وشکانی لەگەڵ هەریەک لە وڵاتانی (ئێران، ئەردەن، کوەیت، سعودییە، سووریا و تورکیا) هەیە (Draw. 2024). لە ساڵی (٢٠٢١) سیانزە هەزار بازرگان و بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان لە عێراق دەستگیرکراون. لە ماوەی هەشت مانگدا لە ساڵی ٢٠٢٤ دا زیاتر لە ١٢ هەزار بازرگانی مادده هۆشبەرەکان لە هەڵمەتی هێزە ئەمنییەکاندا دەستگیر کراون (Al-hurra، 2024، August 19). درۆن، ئێستا ئەو ئامرازە نوێیەیە کە بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان بۆ هێنان و گواستنەوەی دەرمانە قەدەخەکراوەکان بەکاریدەهێنن، لە تەمووزی ٢٠٢٤ دا لە پارێزگای بەسرە دەست بەسەر درۆنێکدا گیرا کە ماددەی هۆشبەری لە ئێرانەوە هەڵگرتبوو! ئێران بووەتە دەروازەی سەرەکیی هێنانی مادده هۆشبەرەکان بۆ عێراق. ئەو ماددەیەی زۆرترین بەکارهێنەری هەیە لە عێراق لە جۆری کریستاڵە:

دکتـۆر حەیـدەر مالیکـی، بەڕێوەبـەری بەشـی تەندروسـتیی دەروونـی و ئاڵودەبووانـی مـاددە هۆشـبەرەکان لایوایـە مـاددە هۆشـبەرەکان بەشـێوەیەکی مەترسـیدار لەنێـو خوێندکارانـی کۆلێـژ و زانکـۆکان تەشـەنەی کـردووە، ئەمـە کاریگەرییەکـی زۆر خراپـی لەسـەر نەوەیـەک دەبێـت کـە بـۆ کۆمەڵگـە و بوونیادنانـەوەی عێـراق گرینگـن، سـەبارەت بـە چارەسـەرکردنیش ئێمـە کۆمەڵێـک کێشـە لەبەردەممانداپـە، بەتایبەتـی ئەوانـەی مـاددە هۆشـبەرەکان بەکاردەهێنـن دوودڵـن و ترسـیان هەیـە بـۆ وەرگرتنـی چارەسـەر سـەردانی نەخۆشـخانەکان بکـەن، بۆیـە داوامـان لـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێراقـە یاسـایەکی نـوێ دەربکـەن بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی مـاددە هۆشـبەرەکان و مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئـەو کەسـانەی ئاڵـودەی مـاددە هۆشـبەرەکانن کـە وەکـو نەخـۆش مامەڵیـان لەگـەڵ بکرێـت، نـەک تاوانبـار (Aziz. 2024).

کرۆکـی کێشـەکە ئەوەیـە؛ لـە عێراقـدا پـارە و هێـزی سـەرکوتکەر یەکسـانە بـە هەژموونـی سیاسـیی، ڕۆڵـی یاسـا و دامـەزراوەکان لەوپـەڕی لاوازیدایـە، دەرفەتـی کار تەنیا بـۆ ئەوانـە هەیـە کـە لـە حیـزب و خێزانـە سیاسـییەکانەوە نزیکـن. هێزێکـی ناوچەیـی وەک ئێـران لەدۆخێکـی وادا زیاتـر ڕێگـە بەخـۆی دەدات ناوچەکـە بکاتـە بازاڕێـک بـۆ مـاددە هۆشـبەرەکان و دامەزراوەکانـی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان پـڕ بـکات لەوانـەی خەڵـک مانـدوو و بـێ ئینتیما دەکـەن. سـەدان هـەزار گەنـج لەمـاوەی ئـەو سـێ دەیەیـەدا لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتانەوە بـەرەو وڵاتانـی خۆرئـاوا کۆچیـان کـردووە و بـەو هۆیـەوە لـە ئاوەکانـی دەریـای ناوەڕاسـت دا گوێبیسـتی دەیـان ڕووداوی تراژیـدی بووین:

هەرێمـی کوردسـتان کـە لـە سـێ پارێـزگای سـەرەکی پێکهاتـوە (هەولێـر، سـلێمانی و دهـۆک- بەمدواییانـە هەڵەبجـەش وەک پارێزگایەکـی نـوێ ناسـێندرا). بەپێـی ئامـاری دەزگا ئەمنییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان کـە پێشکەشـی بـە دامـەزراوەی تایبـەت مـاددە هۆشـبەرەکان لـە ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـراوە، لـە مـاوەی سـاڵانی (٢٠١٩ – ٢٠٢٣)، بـەردەوام قەبـارەی دەستبەسـەرداگرتنی مـاددە هۆشـبەرەکان ڕووی لـە هەڵکشـانە، بەجۆرێـک؛ کـۆی ماددەکانـی (حەشـیش، تریـاک، هیرۆیـن، کریسـتاڵ، کەپتاگـۆن)ی دەستبەسـەرداگیراو لـە سـاڵی (٢٠١٩) تەنیـا (٢٠٦) کگـم بـووە، بـەڵام لـە سـاڵی (٢٠٢٣) گەیشـتووە بـە (٢ تـەن و ٧٠٨ کگـم)

(Draw. 2024). ئەمــە بــۆ هەرێمێکــی بچکۆلانــەی نیمچــە ســەربەخۆ کــە ژمــارەی دانیشــتوانیان نزیکــەی پێنــج ملیــۆن کەســە ئامارێکــی زۆر ترســناکە!

لــە تەمــووزی ٢٠٢٤ دا، دەزگای ئاسایشــی هەرێمــی کوردســتان دەســتی بەســەر ٤٤ چلوچــوار کتێبــی ڕووپۆشــکراو بــە مــاددەی هۆشــبەر لــە جــۆری کریســتاڵ گرتــووە کــە بەمەبەســتی پشــکنینی زانســتی، لــە تاقیگــەی پەیمانــگای پزیشــکی دادی ســلێمانی پشــکنین بــۆ پەرتووکــەکان کــراوە، ئەنجامەکانــی پشــکنینەکانی تاقیگــە دەریخســت پەرتووکــەکان بــە مــاددەی (ئەمفیتامیــن- کریســتاڵ) ڕووپۆشــکراون. بــە پێــی ڕاپۆرتەکەیــان ئــەم چالاکییــە لەســەر بنەمــای زانیاریــی هەواڵگــری پێشــوەخت و پــاش بەدواداچــوون و چاودێریــی وردی بەڕێوەبەرایەتیــی نەهێشــتنی مــاددە هۆشــبەرەکان ئەنجامــدراوە. وەک بەیاننامەکــەی دەزگای ئاســایش ڕوونیدەکاتــەوە؛ ئــەو بازرگانانــە ویســتوویانە بــە تەکنیکێکــی نــوێ مــاددە هۆشــبەرەکان بەشــێوەی ترانزێــت بهێننــە کوردســتان و بیگوازنــەوە بــۆ وڵاتــی بەریتانیــا (The New Arab. 2024).

بەپێــی یاســا، بازرگانیکــردن بــە مــاددە هۆشــبەرەکان و بەکارهێنەرانــی مــاددە هۆشــبەرەکان بــە زیندانیکــردن لــە ســاڵێک کــەمتر نەبێــت و لــە ســێ ســاڵیش زیاتــر نەبێــت ســزا دەدرێــن، پێبژاردنیــش لــە پێنــج ملیــۆن دینــار کــەمتر نەبێــت و لــە دە ملیــۆن دینــار زیاتــر نەبێــت. بــۆ بازرگانانیــش ســزاکە بــەم شــێوەیە: زیندانیکردنــی کاتــی یــان تاهەتایــی و پێبــژاردن کــە لــە ١٠ دە ملیــۆن دینــار کــەمتر نەبێــت و لــە ٣٠ ســی ملیــۆن دینــار زیاتــر نەبێــت. ئەگــەر گــوێ بــۆ لایەنــە پەیوەندیدارەکانــی عێــراق بگیرێــت هــۆکاری تەشــەنەکردنی مــاددە هۆشــبەرەکان بــەم شــێوە فراوانــە دەگەڕێننــەوە بــۆ ئاســان دەســتکەوتن و گواســتنەوەی مــاددە هۆشــبەرەکان لەڕێگــەی پێدانــی پــارە و بەرتیــل، بەتایبەتــی بــە بەشــداریی بەشــێک لــە ئەفســەر و پلەدارانــی نێــو هێــزە ئەمنییــەکان، ئــەوەش لــە وەزارەتــی ناوخــۆی عێــراق ســەلمێندراوە و ژمارەیەکیشــیان دەســتگیرکراون (Aziz. 2024).

ئەگــەر کەمێــک لــەم دیــاردە ترســناکە ورد بیتــەوە و دوور لــە شــیکردنەوەی ڕۆژنامەوانــی لــەم بابەتــە بڕوانیــت: دەبینــی تاقیگــەی نهێنــی بەرهەمهێنانــی مــاددە هۆشــبەرەکان لــە دەوروبــەری شــارەکانی نزیــک ســنوور و ناوچــە شــاخاوییەکانی

هەرێمی کوردستان هەیە و بەرپرسانی سیاسیی و ئەمنی کوردیش لە پشت ئەم هەوڵانەوە هەن! جگەلەوەش بازرگانەکان لە سەر هێڵێکی ناوچەیی گشتی کاردەکەن، بازاڕسازیی دەکەن، ئەگەر تۆڕێکی دیکە پەیدابێت هەمان کار بکات، ئەوا بەهۆی پەیوەندییە بەرفراوانەکانیانەوە، هەوڵ دەدەن ڕێگریی لێ بکەن، چوونکە بۆ بازاڕی گشتی تۆڕە سەرەکییەکە زیانی هەیە:

بۆ نموونە: لە (٢٠٢٤) دا، وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە میانەی ئۆپەراسیۆنێکی ئەمنی لە دەوروبەری سنوورەکانی پارێزگای سلێمانی (لە قەزای دەربەندیخان) دەستبەسەرداگرتنی تاقیگەیەکی دروستکردنی مادەی هۆشبەری ڕاگەیاندوە. فەریق میقداد میری، وتەبێژی وەزارەت لە ڕاگەیەندراوێکدا دەڵێت "ئۆپەراسیۆنەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی فیدراڵی کاروباری مادده هۆشبەرەکان و مادده دەروونییەکان بە هاوکاری بەرێوەبەرایەتی کۆنترۆڵکردنی مادده هۆشبەرەکان لە سلێمانی ئەنجامدراوە، دوای ئەو زانیاریانەی لە دەسەڵاتدارانی سووریاوە بە هاوتا عێراقییەکەیان گەیشتوون سەبارەت بە بوونی تاقیگەیەک بۆ دروستکردنی کریستاڵ و کاپتاگۆن، لە دەوروبەری سلێمانی. دوای ئەو زانیارییانە، هێزێکی هاوبەش ڕوویان لە شوێنی کارگەکە کرد کە دوو کاتژمێر لە سەنتەری شاری سلێمانیەوە دووره، هەروەها ٤ چوار تۆمەتباریان لەناوەوە دەستگیرکرد کە بەپێی دۆسیە نێودەوڵەتییەکانی بازرگانی مادەی هۆشبەر داواکراو بوون، هەر لەو کارگەیەشدا دەستیان بەسەر ١٥٠ - ١٨٠ کیلۆگرام لە مادده هۆشبەرەکان گرتوە (Iraqi News Agency. 2024).

بەم پێیە دامەزراندنی کارگەیەکی دەرمان لە پارێزگای سلێمانی کاریگەری خراپی لەسەر بازاڕ و بەرهەمهێنانی دەرمانی سووریا هەبووە. بەو پێیەی بەرپرسانی سلێمانی و دەسەڵاتدارانی عێراق و ڕژێمی ئەسەد هاوتەریبن لەگەڵ بلۆکی سیاسی ئێران، هەر زوو کاریگەرییەکانی ئەم پێشهاتەیان ناسی.

بە پێی ڕاپۆرتی بەشی کوردیی دەنگی ئەمریکا لیوایەکی خانەنشین لەو ناوچەیە دەستگیرکراوە کە لەپشت ئەم کارگەیەوە بووە. سۆران عومەر، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەمبارەیەوە ڕایگەیاندوە؛ کارگەیەکی دەرمان لە

سلێمانی دامەزراوە کە تلیاک و مادەی بلوری بەرهەم دەهێنن. هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەستیان بەسەر کارگەکەی سلێمانیدا گرتووە کە دووەم گەورەترین شاری هەرێمی کوردستانە و ناوچەی ژێردەستەڵاتی "یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە" کە سەرۆکی حیزبەکە کوڕی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری پێشووتری عێراقە. ئەم کارگەیە بۆ بەرهەمهێنانی تلیاک و کریستاڵ بووە. کارگەکە کە گەورەترین و مەترسیدارترین دامەزراوەی بەرهەمهێنانی دەرمان بووە، چەندین ئامێری بۆ بەرهەمهێنانی کریستاڵ و حەب بەکارهێناوە، لەگەڵ کەرەستەی خاو بۆ دروستکردنی تریاک و کریستاڵ. سۆران عومەر ئاماژەی بەوەشکردووە، "ئەم کارگەیە چۆن دامەزراوە و کێ خاوەنیەتی؟ چۆن ئامێرەکان بە قاچاخ دەهێنرێنە ناو کارگەکەوە، بەبێ ئاگاداری دەزگا ئەمنییەکان؟ چەند ساڵە کارگەکە تلیاک بەرهەم دەهێنێت و کاردەکات؟ چۆن کەس ئاگاداری نەبووە؟" ئەو ئەندامەی پەرلەمانی عێراق پرسیویەتی کارگەکە هی دەستەڵاتە و پاراستن و ئاشکرانەکردنی زانیاری لەسەر کارگەکە گومان دەخاتە سەر هەموو دەزگا ئەمنییەکان و دەسەڵاتە خۆجێییەکانی ئەم ناوچەیە (Voic of America. 2024).

ئایا هێشتا باوەڕت بەوە هەیە کە نەزمی ناوچەیی و جیهانی وەک خۆی ماوەتەوە؟ ئایا هێشتا پرسیارت هەیە بۆچی دیموکراسی لەم ناوچانەدا ڕەگ داناکوتێت؟ زۆرێک لە کەسایەتییە سیاسییە کورد و عێراقییەکانی ناو ئیدارە ناوخۆییەکان خاوەنی پاسپۆرتی بەریتانی و ئەمریکین، بەردەوام سەردانی دامودەزگاکانی ڕۆژئاوا دەکەن و لەگەڵ ئەوەشدا خەریکی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان و گەندەڵی و تۆقاندنن. ئەوان ڕۆژنامەنووسان و ئەکتەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن سەرکوت دەکەن، زۆرجار چەکی دابینکراوی ئەمریکا بەکاردەهێنن، هەموو ئەمانەش لەبەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدایە.

سەیر نییە، لە (٢٠٢٤) دا ٢٨١ ملیۆن پەنابەر لە سەرانسەری زەویدا هەن. ئەم تاکانە پێیان باشترە مەترسی مردنیان لەسەر بێت، نەک لە نەهامەتیەکانی نیشتمانەکانیاندا بمێننەوە. ئەوانە هێشتا ماڵەکانیان لەو وڵاتەیە کە لەبەر نەبوونی یاسا و دیموکراسی، لەبەر هەبوونی کەمینەیەکی گەندەڵ و قۆرخکار تیایدا بەرگەی

ژیـان ناگـرن. ئـەو پەنابەرانـە هـەر دەربەدەرییەکیـان لـە پشـت هـەر دەریـا و زەریـا و زنجیـرە شـاخێکەوە پـێ بـاشترە لـە ماڵەکانـی خۆیـان و لەنـاو وڵاتەکـەی خۆیـان، ئەوانـە ژیانێکـی کۆلەمەرگیـان لـە غەریبـی دا پـێ بـاشترە لـەوەی لەتـەک دایـک و باوکـە بەتەمەنەکانیـان بمێننـەوە. بۆیـە؛ پێویسـتە زلهێزێـک بـە کوتەکێکـەوە لـە پێنـاو پاراسـتنی ئارامـی و خۆشـگوزەرانیدا بوەسـتێت، بۆئـەوەی دیموکراسـی بچەسـپێ و دەرفـەت بـۆ چینەکانـی خـوارەوە و ناوەڕاسـتی کۆمەڵگـە جیـاوازەکان بگەڕێتـەوە: ئـەم زلهێـزەی ئێسـتا (ئەمریـکا) بەشـێوەیەکی ڕێژەیـی متمانـەی لەدەسـت داوە، چـی دەکا بۆئـەوەی هەسـتی دڵنیایـی ببەخشـێت بەوانـەی پێویسـتیان پێیەتـی؟

سـەیرە! لـە نێـوان سـاڵانی ٢٠٠١ بـۆ ٢٠٢١، هەوڵەکانـی ئەمریـکا بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی تیـرۆر لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەشـێک بـوون لـە "جەنگـی دژە تیـرۆر" کـە چەندیـن ناوچـەی گرتـەوە لەوانـە عێـراق، ئەفغانسـتان و سـووریا. کـۆی تێچـووی ئـەم هەوڵانـە بـە ٨ تریلیـۆن دۆلار مەزەنـدە دەکرێـت لەگـەڵ گیانلەدەسـتدانی نۆسـەت هـەزار کـەس. ئـەم ژمارەیـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان، چاودێـری تێکۆشـەرە دێرینـەکان، سـوودی قەرزەکانـی خەرجییەکانـی جەنـگ و خەرجییەکانـی دیکـەی پەیوەندیـدار لەخۆدەگرێـت. تەنیـا ئۆپەراسـیۆنەکانی عێـراق و سـووریا نزیکـەی ٢.١ تریلیـۆن دۆلاری پێکهێنـاوە. ئـەم ژمارانـە لـە پـڕۆژەی تێچـووی جەنگـەوە هاتـووە لـە زانکـۆی بـراون کـە لـە نزیکـەوە بەدواداچـوون بـۆ زیانـە دارایـی و مرۆییەکانـی شـەڕەکانی دوای ١١ی سـێپتەمبەر دەکات (Kimball. 2021).

ئایـا ویلایەتـە یەکگرتـوەکان ئـەم تێچـوە زۆرەی لەناوچەکـەدا هەبـووە ، بۆئـەوەی ئێـران لـە عێراقـدا فەرمانڕەوایەکـی بەهێـز بێـت؟ بۆئـەوەی کەسـانێکی گەنـدەڵ فەرمانڕەوایـی وڵاتەکـە بکـەن کـە نـەک لەنـاو هانییشـتمانیاندا خۆشەویسـت نیـن، بەڵکـو نوێنەرایەتـی حیزبەکانـی خۆشـیان نەکـردووە ؟

**٤.٧.١. بانگەوازێک بۆ تێڵا گەورەکەی ئەمریکا لەسەردەمی ئەهریمەنەکاندا**

ئـیما سـکای، ڕاوێـژکاری پێشـووی ژەنەڕاڵەکانـی ئەمریـکا لـە عێـراق، لـە سـاڵی ٢٠١٩دا کتێبـی "لـە سـەردەمی ئەهریمەنەکانـدا: گەشـت بـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا لـە ڕاپەڕینـدا،" بڵاودەکاتـەوە. سـکای بـە سـوودوەرگرتن لـە ئەزموونـی خـۆی وەک ڕاوێـژکاری سیاسـی، باسـێکی زینـدوو لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی خـۆی لەگـەڵ شـێخ و دیپلۆماتـکار و سـەرکردە ناوچەییەکانـی عێراقـدا بـاس دەکات، لەکاتێکـدا هەوڵـدەدات تێبـگات، چـۆن لـە کۆتاییـدا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هیواکانـی تـەواوی نەوەیـەک بـوون بـە سـەرابێک.

لـە سـەردەمی ئەهریمەنەکانـدا، لێکۆڵینەوەیەکـی قـووڵ و ڕەنگدانـەوەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتە لـە قۆناغێکـی ئاڵـۆزی نائاسـاییدا لـە داگیرکردنـی عێـراق- ٢٠٠٣ لەلایـەن ئەمریـکاوە تـا بەهـاری عەرەبـی و پاشـهاتە پشـێوی ئامێزەکانـی. ئـەو ڕاوێژکارێکـی سیاسـی و شـارەزای ناوچەیـی بەڕەگەزبەریتانیـە کـە لەنـاو دامەزراوەکانـی ئەمریـکادا کاردەکات، سـکای ئەزموونەکانـی خـۆی لـە چەندیـن وڵاتـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دەگێڕێتـەوە، لەکاتێکـدا شـایەتحاڵی ڕووخانـی ڕژێمـە کۆنـەکان و سـەرهەڵدانی بزووتنـەوە نوێیـەکان و خەبـات بـۆ دیموکراسـی و سـەقامگیرییە.

ناونیشـانی کتێبەکـە لـە قسـە بەناوبانگەکانـی بیرمەنـدی ئیتاڵـی ئەنتۆنیـۆ گرامشـی وەرگیـراوە: "جیهانـی کـۆن دەمرێـت، جیهانـی نوێـش خەبـات دەکات بۆئـەوەی لەدایـک بێـت؛ ئێسـتا سـەردەمی ئەهریمەنەکانـە." ئـەم مێتافـۆرە بیرۆکـەی ناوەنـدی کتێبەکـە دەگرێتـەوە: ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتێک کـە لـە نێـوان هەڵوەشـاندنەوەی نەزمـە تاکـڕەوەکان و شکسـتی سیسـتەمی سیاسـی نوێـدا گیربـووە کـە دەبێتـە هـۆی ئاژاوەگێـڕی و تونـدڕەوی و ڕووبەڕووبوونـەوەی جیۆپۆلەتیکـی بـەربڵاو.

سـکای بـە شـێوەیەکی ڕەخنەگرانـە بیـر لـە لەشکرکێشـی ئەمریـکا بـۆ سـەر عێـراق و ئەنجامـە دوور مەوداکانـی و هەڵوەشـاندنەوەی دامەزراوەکانـی دەوڵـەت و سـەرهەڵدانی ململانێـی تائیفـی و سـەرهەڵدانی داعـش لـە کۆتاییـدا دەکات. هەروەهـا بـە وردی لـە شکسـتەکانی سیاسـەتی ڕۆژئـاوا دەکۆڵێتـەوە، بەتایبەتـی بێتوانایـی هـەردوو ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و بەریتانیـا لـە تێگەیـشتن لـە داینامیکـی ناوچەیـی، یـان

پەروەردەکردنـی حوکمڕانـی بـەردەوام. لـە ڕێگـەی ئـەم ڕەنگدانەوەیانـەوە، سـکای جەخت لەسـەر خاڵێکـی چارەنووسـاز دەکاتـەوە: ڕەفتـار لـە وڵاتێکـدا کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەر وڵاتانـی دیکـە هەیـە، ئەوەمـان بیردەخاتـەوە کـە ئێمـە لـە کۆمەڵگەیەکـی جیهانیدا دەژیـن کـە بـە قووڵـی بەیەکـەوە گرێدراویـن، بۆیـە ڕێزگرتـن و لێکتێگەیشـتنی یـەکتر شـتێکی بنەڕەتییـە، بەبـێ گوێدانـە دیدێکـی ناسـیۆنالیزمانەی تایبـەت (Sky، E. 2019).

دوای زیاتـر لـە دوو دەیـە و خەرجکردنـی سـەدان ملیـار دۆلار ئەمریـکا نەیتوانیـوە نوخبەیەکـی سیاسـیی متمانەپێکـراو لـە عێراقـدا پـەروەردە بـکات، بەڵکـو لـەم ناوچانـە پشـتی بـە خەڵکـی هەڵـە بەسـتوە! سـاڵی ٢٠١٨ بازرگانێکـی مـاددەی هۆشـبەر بەنـاوی "جـەواد لـوای ئەلیـاسری" کـە دەکاتـە کـوڕی پارێـزگاری نەجـەف لـە عێـراق لەگـەڵ دوو هاوڕێـی دا دەسـتگیردەکرێت. بـە پێـی وەزارەتـی ناوخـۆی عێـراق سـزای زیندانـی هەتاهەتایـی بەسـەردا سـەپێنراوە کـە دەکاتـە سـزای ٢٠ سـاڵ لـە عێـراق. بـەڵام سـەرۆک کۆمـاری عێـراق "بەرهـەم سـاڵەح" لـە مانگـی ١ ی ٢٠٢٢ بـە بڕیارێـک و بـە نهێنـی لێخۆشـبوون بـۆ ئـەو بازرگانـە دەردەکات و ئـازادی دەکات! ئـەو بڕیـارە مشـتومڕێکی گـەورەی لەنێـو پێکهاتـەی عێراقـی دروسـتکرد، ئەمـەش وایکـرد بەرهـەم سـاڵەح "فەرمانـی دەسـتبەجێ کشـانەوەی" لێبوردنەکـە و "دەسـتگیرکردنەوەی کەسـی سـزادراو" دەربـکات. لـە کاتێکـدا پارێـزگاری پێشـوو (باوکـی تاوانبارەکـە) خـۆی لەبەرانبـەر بـە تۆمەتـی گەندەڵـی دەسـتی لەکارکێشـایەوە (Kurdistan24. 2022).

ئەمـە وڵاتێکـە کـە سـەرۆک کۆمارەکـەی (بەرهـەم سـاڵەح) دکتـۆرای لـە بەریتانیـا خوێنـدوە و دۆسـتی ئەمریـکا و ئەوڕووپایـە! بـە ڕووکـەش خـۆی وەک پیاوێکـی لـیبراڵ نیشـان دەدات و هەمـوو ڕێگەیـەک دەگرێتەبـەر بۆئـەوەی پاڵپشـتی وڵاتانـی خۆرئـاوا بەدەسـتبهێنێت، کەچـی بەپێـی بەرژەوەنـدی ئێـران لـە عێراقـدا دەسـوڕێتەوە. خـۆی بەشـدارە لـەو تاوانـە گەورانـەدا کـە دەرهـەق بـە مرۆڤایەتـی دەکرێـت. بەرهـەم ساڵەح، یەکێکـە لـەو سیاسـیانەی لـەدوای ڕووخانـی سـەددام حوسـەین- ٢٠٠٣ ەوە بـەردەوام لـە پۆسـتە باڵاکانـی عێراقـدا بەرپرسـیارێتی هەبـووە، وەک دۆسـتێکی نزیکـی ئەمریـکا خـۆی نیشـان دەدات، بـەڵام ئاکارەکانـی مەترسـیی گـەورەی بـە ئابوریـی و ئاسایشـی نیشـتیمانیی عێـراق و بەهاکانـی خۆرئـاوا گەیانـدوە.

لـە کاتێکـدا، ئـەو نـەک هـەر سـەرۆک کۆمـارە، بەڵکـو بـۆ مـاوەی بیسـت سـاڵ پۆسـتی جۆراوجـۆری لـە عێراقـدا هەبـووە، گەورەتریـن بازرگانـی مـاددەی هۆشـبەر ئـازاد دەکات، دوور نییـە هـەر لـە بنەڕەتـەوە بەهـۆی سـەفەقاتی ئـەو بازرگانانـەوە لـەو پۆسـتە دانرابێـت! چوونکـە کاتێـک ئـەو بازرگانەکـە ئـازاد دەکات، ئەوکاتەیـە کـە بەرهـەم سـاڵەح دووبـارە پێداگیریـی لـە خۆ-کاندیدکردنـەوەی دەکات بـۆ پۆسـتە چەورەکـەی و چەنـد ڕۆژێکـی کەمـی مـاوە بـۆ هەڵبژاردنـەوەی سـەرۆک کۆمـار لـە لایـەن کوتلەکانـی نـاو پەرلەمانـەوە، سـێ ئەندامـی پەرلەمانـی عێـراق لـە دادگای فیدراڵـی سـکاڵایان دژی ئـەم سـەرۆک کۆمـارە تۆمارکـرد، چوونکـە ئـەوە بـە پێـی یاسـا لـە دەسـتەڵاتەکانی ئـەودا نییـە بڕیارێکـی لەوجـۆرە دەربـکات (Rudaw. 2022)، ڕۆژنامەنووسـان و سیاسـەتمەداران بـەو بڕیـارەی سـەرۆک کۆمـار تـوڕە بـوون. تەنانـەت خۆپیشـاندانی بچووکیـش لـە بەغـدا هەبـوو. ناڕەزایـی گشـتیی وای لـە سـەرۆک کۆمـاری پێشـووی عێـراق "بەرهـەم سـاڵەح" کـردووە دوای ماوەیەکـی کـەم لێخۆشـبوون بـۆ بازرگانەکـەی مـادەی هۆشـبەر هەڵبوەشـێنێتەوە. بـەڵام هەندێـک کـەس دەڵێـن دوای چـی کـە بازرگانەکـە هەڵهاتـوە بـۆ دەرەوەی وڵات! (Kurdistan24. 2022).

ویلایەتـە یەکگرتـوەکان بـە یەکگرتوویـی لەگـەڵ هاوپەیمانـە خۆرئاواییەکانیـدا، پێویسـتە دادپەروەریـی جیهانیـی بسـەلمێنن، مـاڵ و سـامان و داهاتـی ئـەو بەرپرسـانە و کەسـوکاریان بلـۆک بکـەن، ڕیسـوایان بکـەن لـە پێـش چـاوی هاووڵاتیانـی خۆیـان. چوونکـە؛ پرسـی وزە، مـاددەی هۆشـبەر، کەمبوونـەوەی ئـاو، تیـرۆر و توندوتیژیـی، کارەسـاتە ژینگەییـەکان، زەمینـەی هاوبەشـی نێـوان گەلانـە، کاتێـک فیگەرێکـی سیاسـیی لـە ڕۆژ هەڵاتـی ناوەڕاسـت بەهـۆی خـراپ بەکارهێنانـی پۆسـتەکەیەوە زیـان بـەو بوارانـە دەگەیەنێـت کـە لەسـەرەوە خسـتومانەتە ڕوو، ئـەوا لـە یەککاتـدا زیـان بـە مرۆڤایەتـی دەگەیەنێـت، زیـان بـە ئاسایشـی ناوچەیـی و جیهانیـی دەگەیەنێـت، پاشـان زیـان بـە سـامانی گشـتی وڵاتەکـەی خـۆی دەگەیەنێـت.

ئەمـە بابەتێـک نییـە، تەنیـا سـەرۆک کۆمارێـک پەیوەندیـی لەگـەڵ بازرگانێکـی مـاددەی هۆشـبەر هەبوبێـت! بەڵکـو لـە عێراقـدا، پۆسـتە بـاڵا و سـیادییەکان هەمـووی بـە پـارە دەکڕدرێـن و دەفرۆشرێـن، بـۆ نموونـە کوتلەیەکـی سیاسـیی وەزیرێـک و

چەندیـــن بەڕێوەبـــەری پۆلیـــس و پارێـــزگار دەکرێـــت، بـــە ســـەدان ملیـــۆن دۆلار و لەمـاوەی ئـەو چـوار سـاڵەدا بەڕێوەیـان دەبـات! جێـی سـەرنجە، بەشـی زۆری ئـەم بەرپرسـە گەندەڵانـەی عێـراق و ناوچەکـە ناسـنامەی وڵاتانـی ئەوروپـا و ئەمریکایـان هەیـە (یـان لـەوێ ژیـاون، یـان بـە پـارەی دزراوی گەلەکەیـان کڕیویانـە).

دەبێـت زیاتـر لەسـەر ئـەم بابەتـە ورد بینـەوە، چوونکـە هۆکارێکـی سـەرەکی دابەزینـی ئاسـتی ئەمریکایـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، بەتایبـەت لـە عێـراق و ئەفغانسـتان. ئەمریـکا لـە ئەفغانسـتان دوو دەیـە پشـتی بـە "ئـەشرەف غەنـی" و هاوشـێوەکانی بەسـت، بۆیـە لـە کۆتاییـدا شـاهیدی دیمەنەکانـی هاتنـە خـوارەوەی تاڵیبـان بوویـن لـە شـاخەکانەوە بـۆ حوکمـی شـارەکان:

سـەیری ئـەم تـۆڕە ترسـناکە بکـەن کـە لەپـاڵ نـاوی "ئەمریـکا"ەوە چ گۆبەندێـک دەگێـڕن و چـۆن پاڵپشـتییە داراییەکانـی ئەمریکایـان بـۆ ئاوەدانکردنـەوە و پەرەپێدانـی عێـراق بـە فیـڕۆداوە. بەرهـەم سـاڵەح لەسـاڵی (٢٠٠٦) بەپـارەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان زانکۆیەکـی ئەمریکـی لـە پارێـزگای سـلێمانی دامەزرانـدوە، هـەر بـە نـاوی زانکۆکەشـەوە سـەدان دۆنـم زەوی لـە دەوروبـەری زانکۆکـە داگیرکـردووە و بەرپرسـانی وەبەرهێنـان و تاپـۆی شـارەکە دەکات بـە ئەندامـی دەسـتەی ئەمیندارانـی زانکۆکـە، یەکێـک لـە ئەندامـی دەسـتەی دامەزرێنـەران ئەندازیارێکـی ژینگەییـە بـە نـاوی "عـەزام عەلـووش" کـە چەنـد دەیەیەکـە هاوڕێـی بەرهـەم سـاڵەحە، دواتـر عەلـووش دەبێتـە سـەرۆکی زانکـی ئەمریکـی- سـلێمانی. بـەڵام:

بەپێـی نوسراوێکـی (لیژنـەی بلۆککردنـی دارایـی تیرۆرسـتان)ی سـەربە ئەنجومەنـی وەزیرانـی عێـراق، لـە ڕۆژی ١٦ی ئـاداری٢٠٢٠ دارایی ژمارەیـەك ڕێکخـراوە و خاوەنەکانیان بلـۆك دەکرێـت، یەکێـک لـەو ڕێکخراوانـە بـە نـاوی سرووشـتی عێـراق خاوەنەکـەی عـەزام عەلووشـە! لـە نوسراوەکـە بەپشـتبەستن بـە حوکمەکانـی یاسـای روبەڕوبوونـەوەی سـپیکردنەوەی پـارە و پارەدارکردنـی تیرۆرسـتان، لیژنـەی بلۆککردنـی دارایـی تیرۆرسـتان نـاوی پێنـج ڕێکخـراو و کەسـی خسـتوەتە لیسـتی ئەوانـەوە کـە داراییەکانیـان بلـۆك دەکرێـت. یەکێك لەوانـەی کـە لەنـاوی لـە لیستەکەدایە (عـەزام جـەواد مەهـدی عەلوش) دامەزرێنـەر و بەڕێوەبـەری ڕێکخـراوی (سروشـتی عێـراق)ە. وەک وتمـان عـەزام عەلـوش

یەکێکە لە دامەزرێنەرانی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی و ئێستا سەرۆکی بۆردی زانکۆکەیە، ڕێکخراوەکەشی (سروشتی عێراق) بارەگاکەی لە سلێمانییە لە شوقەکانی پاك سیتی لە نزیك سیتی سەنتەرە.

عەلوش یەکێکە لەو کەسانەی کە خۆی وەکو چالاکوان و شارەزایەکی بواری ژینگە ناساندوە، ئەو لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە بە سپۆنسەری ڕێکخراوە کۆمەکبەخشە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتیش ڕێکخراوە ئەمریکییەکان، سەرۆکایەتی هەڵمەتێکی کردووە بەناوی "بوژاندنەوەی هۆڕەکانی باشووری عێراق"، بەپێی بڕیارەکەی حکومەتی عێراق جگە لە دارایی، هەموو سەروەت و سامانی گوازراوە و نەگوازراوەی ئەم کەسانە بلۆك دەکرێت کە نوسراوەکە وەکو کەسانی "گومانلێکراو" ناوی بردوون (Draw Media. 2020، May 14).

ئەوە هەر بەرهەم ساڵەح نییە کە بەشێوەیەکی گوماناویی و دوور لە کۆدەنگی نێوان لایەنە سیاسییەکان پۆستی سەرۆک کۆماری لەماوەی (٢٠١٨ -٢٠٢٢) مسۆگەر کرد. سەرۆک کۆماری دواتری عێراق، لەتیف ڕەشید (کە پیشوتر وەزیری سەرچاوە ئاوییەکان بووە!) بەهەمان شێوە کەسێکە تەنیا ئیمانی بە پارەو کەڵەگەکردنی سامان هەیە. ڕۆژی ٥ ی ئاداری ٢٠٢٤ لە نوسراوێکدا داوای لێخۆشبوونی تایبەت بۆ تاوانبارێک لە حکومەتی وڵاتەکەی دەکات بەناوی "نەوزاد داود فەتاح" لە کاتێکدا ئەو کەسە تۆمەتبارە لە دیارنەمانی (١٤٥) ملیار دیناری عێراقی (٨٠٠ هەشت سەت ملیۆن دۆلار)، پێش ئەوەی زیندانی بکرێت سەرۆکی بانکی شیمال بووە (nabd. 2024، July 26).

کاتێک پەرلەمانتارانی وڵاتەکە بەدواداچوون دەکەن، سەریان سوڕماوە لەتیف ڕەشید! سەرکۆماری عێراق، دوو ملیۆن دۆلاری لە بانکی شیمال هەبووە، لەسەر ئەوەی بانکەکە ئیفلاسی کردووە، لە سلێمانی سکاڵای لەسەری تۆمار کردووە، کەچی ئێستا لە بەغدا داوا دەکات لێبوردنی تایبەتی بۆ دەرچێت! وەرە لەم سەرکۆمارە تێبگە! لە پارێزگایەکی وڵاتەکەت سکاڵا تۆمار بکەیت و بڵێی، بانکی شیمال دوو ملیۆن دۆلاری خواردووم! کەچی هەر خۆت لە بەغدا داوا بکەیت، بەڕێوەبەری ئەم بانکە بە لێبوردنی تایبەت ئازاد بکرێت! لە مانگی شوباتی ٢٠٢٤دا، د.حەمید عەبدوڵا، ڕۆژنامەنووسی عێراقی لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنییدا

ڕایگەیاند، لەتیف رەشید، سەرکۆماری عێراق، ماوەیەکی زۆرە خانوویێکی لە شاری بەغدا بە کرێ داوە بە باڵوێزخانەی کوێت، لە کاتێکدا هەر خودی ئەو خانووە هی سەرکردە باڵاکانی ڕژێمی بەعس بووە و دەستی بەسەرا گیراوە.

تەنانەت سعود ساعدی، سەرۆکی فراکسیۆنی (حقوق) لە پەرلەمانی عێراق ڕۆژی ١٧ی شوباتی ٢٠٢٤، نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکی دەزگای داواکاری گشتیی عێراق کرد و تێیدا داوای لێ کرد، بەپێی ماددە (٦١)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق لێپێچینەوە لە سەرۆک کۆمار بکرێت کە نزیکەی چواردە ساڵ پێشوتر، دەستی بەسەر بینایەکدا گرتوە و بەرانبەر بە پەنجا هەزار دۆلاری مانگانە بە کرێ داویەتی بە باڵوێزخانەی کوێت! هەرچەندە لەتیف ڕەشید لە وەڵامدا دەڵێت، من ٢٥٪ی پارەی ئەو خانوەم داوە بە حکومەتی عێراق، ئەوەی دیکەشیان بۆ کردووم بە قیست! (Basnews، 2024، July 27). ئەم ڕوونکردنەوەیە ناخ وێرانی پیاوێک دەخاتەڕوو کە بەداخەوە سەرۆک کۆماری وڵاتێکە کە هاووڵاتییانی وڵاتەکە گاڵتەی پێدەکەن هێشتا بەتەواوی ناتوانێت وتاری عێراق لە نەتەوەیەکگرتوەکان بخوێنێتەوە و دەیان هەڵەی زمانەوانی کردووە! بەهەمان شێوە لەتیف ڕەشید و مناڵەکانی خاوەنی ناسنامەی بەریتانیان، جێگەی داخە زۆربەی حووتە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرچووی زانکۆکانی خۆرئاوان و هەڵگری ناسنامەی وڵاتە دیموکراتیخوازەکانن!

تۆ لە ژینگەیەکی وادا چی دەکەی؟ ناچاریت ماددەی هۆشبەر بکێشیت یان کۆچ بکەیت و ڕێگەی هات و نەهات بگریتەبەر! لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە (٧٠٪) حەفتا لەسەتی خەڵک، تەنانەت بەشداریی پرۆسەی دەنگدان ناکەن، ئەو (٣٠٪)ەشی بەشداریی دەکات کەمینەیەکی زۆر کەم سەردەکەوێت و پۆستە سیادیی و ستراتیجییەکان بەشێوەی پشک-پشکێنە بۆ خۆیان دەبەن. وەکو دکتۆر مونقیز داغر لە چاتام هاوس (٢٠٢٥) باسی دەکات؛ کێشەکەمان ئەوە نییە کێ سەردەکەوێت بەڵکو ئەوەیە ئایا کەس دەچێت بۆ سەر سندووقەکان و دەنگ بدات، لە باشترین حاڵەتدا (٤٠٪)ی خەڵک بەشداریی دەکات، لە نزمترین حاڵەتدا (٢٥٪)ی خەڵک دەچن بۆ دەنگدان (Dagher. 2025، October 3). ئەمەش

لەبەرئـەوەی خەڵکیـی سـەدان نموونـەی نابـووت و دیـاردەی گەندەڵیـان بینیـوە، دەیـان پیـاوی هیـچ و پووچیـان لـە لووتکـەی دەسـتەڵاتی عێراقـدا بینیـوە، تەزویرکردنـی دەنگـەکان و دیزاینکردنـی پێشـوەختەی ئەنجامەکانـی هەڵبژاردنیـان بـۆ دەرکەوتـوە. ئـیتر بۆچـی دەنـگ بـدەن!؟ بیهێنـە پێـش چـاوی خـۆت نابووتتریـن و بێزراوتریـن کەسـەکانی کۆمەڵگەکـە کـە کـەس سـوودی لـێ نەبینیـوون پۆسـتی بـاڵاو فەرمیـی وەردەگـرن! کاتێـک تـۆ لەنـاو ئـەم ژینگەیـەدا کـوڕی سـەرۆک کۆمـاری عێـراق بەنـاوی (ئاسـۆس لەتیـف ڕەشـید) دەبینـی کـە بەئاشـکرا دزی دەکات و حکومـەت و پەرلەمـان دەڵێـن بەبـڕی ٩٩٠ ملیـار دینـاری عێراقـی (نزیکـی ٧٥٣ ملیـۆن دۆلار) گەندەڵـی کـردووە هەسـت بەچـی دەکـەی؟

زەهـرا ئەلبچـاری، سـەرۆکی لیژنـەی گواسـتنەوە و گەیاندنـی پەرلەمـان پێداگیریـی لـە پرسـی قاچاخـی باندڤیـدی ئینتەرنێـت کـرد (کـە بـە مێگابایـت-Mbps دەپێورێـت)؛ لـە لێکۆڵینەوەکانـدا دەرکەوتـووە کـە کۆمپانیـای ئـای کیـو- IQ بـۆ خزمەتگـوزاری ئینتەرنێـت کـە "ئاسـۆس لەتیـف ڕەشـید" کـوڕی سـەرۆک کۆمـاری عێـراق خاوەندارێتـی دەکات بـە قاچـاخ بـە بەهـای زیاتـر لـە ٩٠٠ نۆسـەت ملیـار دینـار ئینتەرنێتـی بـردووە. سـەرەڕای ئـەوەش وەزیـری پەیوەندییەکانـی عێـراق لـە کۆمیسـیۆنی دەسـتپاکی سـکاڵای لەسـەر کۆمپانیاکـە تۆمارکـرد، کەچـی کۆمپانیاکـە بـە نایاسـایی دووبـارە گرێبەسـتی لەگەڵـدا کراوەتـەوە بـۆ پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری ترانزێـت (Alsadiqon. 2025، March 28).

پەرلەمانتـاری عێـراق حەنـان ئەلفـەتلاوی، ئەندامـی دەسـتەی دەسـتپاکی و سـەرۆکی بزووتنـەوەی ئیـرادە، لـە تویتێکـدا لەسـەر پلاتفۆرمـی ئێکـس، ڕوو دەکاتـە سـەرۆک کۆمارەکـەی عێـراق و دەڵێـت: "غەرامـە لەسـەر کۆمپانیـای کوڕەکـەت هەیـە کـە بڕەکـەی ٩٩١ ملیـار دینـارە، ئەوەنـدە بەسـە بـۆ دابینکردنـی مووچـەی هەرێمـی کوردسـتان کـە خەڵکەکـەی سـێ مانگـە بـێ مووچـەن!" (Almaalomah. 2025، February 12).

ئـیتر چـۆن نەزمـی ناوچەیـی تێـک ناچێـت کـە ئـەوەی بەنـاو سـەرۆک کۆمـار بـوو؛ کوڕەکـەی خـۆی بـێ ئـەوەی هیـچ پۆسـتێکی فەرمـی هەبێـت لەسـەر حیسـابی خەڵکـی عێـراق دەبـات بـۆ کۆربەنـدی ئابوریـی سـاڵانەی داڤـۆس و، کچەکـەی "سـارا ڕەشـید" دەبـات بـۆ نیـۆرک بـۆ کۆنفڕانسـی نەتـەوە یەکگرتـوەکان تـا فەنـدی پـێ

کۆبکاتــەوە بــۆ ڕێکخــراوە کەســییەکانی خۆیان..ئــەوە بۆیــە ڕەخنەمــان لــە لیبراڵیــزم هەیــە، چوونکــە دەرفەتــی یەکســان لــە زۆر ناوچــە خەریکــە دەبێتــە ســەرابێک!

مەگــەر لــەم جیهانــە مۆدێرنــەدا خەڵکــی مۆبایلێکیــان بەدەســتەوە نییــە و هەمــوو شــت نابینــن؟! ئەمریــکا و هاوپەیمانەکانــی توانــای دۆزینــەوەی ئاویــان لەســەر مانــگ هەیــە، بــەڵام پێدەچێــت نەتوانــن، یــان ئامــادە نەبــن، ئــەم واقیعــە زەق و زەقانــەی ســەر زەوی بناســن و تاوانبــاران لێپرســینەوەیان لەگەڵــدا بکــەن.

### ٨.٤. قەیرانی کەمبوونەوەی ئاو: ڕەهەندو لێکەوتە مەترسیدارەکانی

گۆڕانی کەشوهەوا یەکێکە لە مانشێتە گەرم و بەرباسەکانی سەر ئەم هەسارەیە. بەپێی پەیمانگەی ستۆکهوڵمی نێودەوڵەتی بۆ ئاو (Stockholm International Water Institute- SIWI) گەرمبوونی ڕووی زەوی و گۆڕانی کەشوهەوا یەکسانە بە کەمبوونەوەی سوڕی ئاو. زۆربەی خەڵکی هەر ئەوەندە دەبینن کە یەك پلە گۆی زەوی گەرم بووە، ئەوە نابینن کە زاناکان دەیبینن چ کارەساتێك لە ڕەوشی ئاو دا دروست دەبێت!. چ نا-هاوسەنگییەك لە وەرزەکان و لە نێوان بارانبارین و لافاو و وشکەساڵی دا دروست دەکات. کەشوهەوایەکی نامۆ و ترسناك هۆکارە بۆ قەیرانی خۆراك، بۆ کەمبوونی ئاو، بۆ زیادبوونی ڕێژەی هەژاریی، بۆ کۆچ و زیادکردنی نا-ئاسایشی لە ئاستی جۆراوجۆردا (SIWI. 2020).

لە ڕاپۆرتی (١٨ ی مارسی ٢٠٢١)ی یۆنسێف دا هاتووە کە زیاتر لە (١.٤٢) یەك ملیارو چلودوو ملیۆن کەس کە تیایدا (٤٥٠) ملیۆنیان منداڵن لە ڕەوشێکی دژواردان و دەستیان ناگاتە ئاوی پێویست بۆ پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان! ئەمەش مانای وایە لە هەر (٥) منداڵ (١) منداڵ بەدەست نەبوونی ئاوەوە دەناڵێنن، لە ڕاپۆرتەکەدا وێنەو فاکتی باشووری ئەفریکا و باشووری ئاسیای وەك دوو جەمسەری مەترسیدار وێناکردووە، لە مەداغشقەر ئافرەتێك (١٤) کم دەبڕێت بۆ ئەوەی بۆ پێداویستییەکانی ئاوی دەستبکەوێت (UNICEF. 2021). ژمارەکان ساڵ لە دوای ساڵ گەورەتر دەبن و ئامارەکان مەترسیدارتر بەر گوێی هەموو کەسێک دەکەون کە لەسەر ئەم هەسارەیە دەژی.

ئاو، پێکهاتەیەکی کیمیاوییە، لە دوو گەردیلە هایدرۆجین (H) و گەردیلەیەك ئۆکسجین (O) پێکدێت. زانایان ئاماژە بەوە دەکەن کە بنچینەی ژیان لەسەر هەموو هەسارەکان ئاوە. (٧١٪)ی ڕووی زەوی بە ئاو داپۆشراوە، هەموو شتێکی زیندوو پێویستی بە ئاوە، بە جۆرێك پەیکەر و ڕێکخەری ژیانە: جەستەی مرۆڤێکی پێگەیشتو (٦٠٪)ی ئاوە، لە ناو ئاژەڵاندا فیل بەڕێژەی (٧٠٪) و لە ڕووەکیشدا پەتاتە (٨٠٪) و تەماتە (٩٥٪)ی لە ئاو پێکهاتووە....تادوایی. مرۆڤێکی ئاسایی دەتوانێت تەنیا (٧) ڕۆژ بێ ئاو بژی. ئەگەر کەسێك (٢٠٪)ی ئاوی لەشی

لەدەستبدات، یەکسەر دەمرێت. هەر مرۆڤێك بۆ خواردنەوە ڕۆژانە پێویستی بە (٢.٤) لیتر ئاوە (Zeman، C. Rich، M & Rose، J. 2006).

لەبەر گرینگی لە ڕادەبەدەری ئاو، هەموو وڵاتێك سیاسەت و یاسای (بەڕێوەبردنی ئاو)ی هەیە. هەروەها ڕێککەوتننامەی ئاویی و دەریاوانی نێو-دەوڵەتی هەیە. لە عێراق و وڵاتە دواکەوتوەکاندا، چونکە ڕەچاوی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی سەبارەت بە ئاو و ڕووبارەکان ناکرێت و سیاسەتێکی گشتگیر نییە، ئاو بەرەبەرە بۆتە قەیرانێکی مەترسیدار! هێشتا جیهان شەڕی بۆڕییە نەوتی و غازییەکانی تەواو نەکردووە..قەیرانی ئاویش لەناوچەکەدا نیشانەکانی خۆی بە زەقی دەرخستووە:

جۆشکا ویسڵس لە ساڵی (٢٠٠٩) لێکۆڵینەوەیەکی لە گۆڤاری وایت هێد بۆ دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بڵاوکردۆتەوە، دەریدەخات؛ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (٦.٣٪)ی ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی پێك دەهێنێت، بەڵام (١.٤٪) ی ئاوی پاکی بۆ بەکارهێنان لە خۆگرتووە! ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئەم ناوچەیە لە ڕووی ئاسایشی ئاوەوە بەرەو مەترسییەکی گەورەی ژیان کردن هەنگاوی هەڵگرتوە. لەساڵی (١٩٥٥) دا تەنیا (٣) سێ دەوڵەتی عەرەبی بەدەست کەم ئاوییەوە چەشتویانە، بەڵام لە (٢٠٠٩) دا (١١) یانزە دەوڵەتی عەرەبی قەیرانی ئاویان هەیە و سکۆڵەرەکان پێشبینیی ئەوە دەکەن (٧) نەتەوە و دەوڵەتی دیکە لەم ناوچەیە تا (٢٠٢٥) بێ ئاو بن (Wessels، 2009).

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی ویسڵس بەزیادەوە پێکاویەتی، ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی لە (٢٠٢٥) دا کەمئاویی هەڕەشەیەکی بوونیەوی بۆ سەری درووستبوو؛ دەوڵەتەکە بڕیاری دا پایتەختەکەی کە "تاران"ە بگوازێتەوە بۆ جێگەیەکی تر: هەر لە (٢٠٢٥) دا نۆزدە بەنداوی سەرەکی هەڕەشەی کەمئاوییان کەوتەسەر لە ئێران دا.

بەگشتی، ئەو جوگرافیایەی نیشتیمانی عەرەبی تێدا هەڵکەوتووە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکادا، بەوە ناسراوە کە وشکە، ڕووباری کەمە، ڕێژەی باران و بەفر تیایدا کەمترە لە جەمسەرەکانی دیکەی گۆی زەوی. هەروەها پلەی گەرما تیایاندا بەرز و ئاستی هوشیاری و حوکمڕانیشیان وەکو

پێویست نییە. بۆ نموونە عێراق، لە ڕووی سەرچاوەی ئاوییەوە بەهۆی بوونی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتەوە بە یەکێك لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان دادەنرێت، بەڵام فاکتەری دەرەکی و ناوخۆیی عێراقییەکانی تووشی تینوێتی کردووەو، بە ملیۆنەها کەس بەهۆی نەبوونی ئاوی پاکەوە دەناڵێنن و وەڵاتەکە تووشی گەرمبوون و ژاپۆنبوون بووە و جوتیارەکانیشی ڕووبەڕووی کۆچ و نەدارایی بوونەتەوە.

دامەزراوەی (چاتام هاوس-Chatham House) یەکێك لە بەهێزترین ناوەندەکانی ڕاوێژکاری و توێژینەوە لەم جیهانە، لە ڕاپۆرتێکیدا لە ساڵی (٢٠٢٠) بەناونیشانی "بە سیاسەتی کۆن کێشەی ئاوی عێراق چارەسەر نابێت" لایوایە، سەرەکیترین کاری هەر سەرۆکوەزیرانێك کە لە داهاتوودا دێت، دەبێت چارەسەرکردنی گرفتی ئاو بێت لە عێراق، چونکە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی پێشوو ڕێگەیانداوە ئەم گرفتە گەورە ببێت، بە پێی چاتام هاوس عێراق لەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵات بووە کە بانگەشەی زۆروزەوەندی ئاوی کردووە بەهۆی بوونی هەردوو ڕووباری دیجلەو فوراتەوە تا ساڵی (١٩٧٠)، بەڵام دوای ئەوە نزیکەی (٤٠٪)ی ئاوی وڵاتەکەی لە دەستچووە. ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی وڵاتانی دراوسێ (بەتایبەت تورکیا) بەرانبەر عێراق لە پرسی ئاودا. جگە لەوەش بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماو کەمبوونەوەی ڕێژەی بارانبارین بە خراپی کاریگەرییان خستۆتە سەر ئاستی یەدەگی ئاویی لە عێراقدا، بەجۆرێك ساڵانە (٨) ملیار م٣ لە ئاوی بەنداوەکان و خەزانەکانی عێراق دەبن بە هەڵم (Chatham House. 2020).

بە پێی (ناوەندی جەزیرە بۆ لێکۆڵینەوە، ٢٠١٨) کەمکردنەوە و لێبڕینی ئاوی دیجلە و فورات (تصاریف نهری دجلە والفرات) لەلایەن تورکیاوە فاکتەرێکی سەرەکی کەمکردنی ئاستی ئاویی ئەو دوو ڕووبارە سەرەکییەیە کە بە عێراقدا تێدەپەڕن. ڕووباری دیجلە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە هەڵدەقوڵێت، درێژییەکەی (١٧١٨) کیلۆمەترە، بە دووەم درێژترین ڕووبار دادەنرێت لە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیادا. ڕووبەری حەوزە ئاوییەکەی (٤٧٢.٦٠٦) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، (١٧٪)ی بە خاکی تورکیادا تێدەپەڕێت، (٢٪)ی بە سووریا و (٥٢٪)

ی ئاوەکـەی بـە عێراقـدا دەڕوات. هەرچـی ڕووبـاری فوراتـە بەهەمـان شـێوە لـە باشـووری ڕۆژهـەڵاتی تورکیـاوە هەڵدەقوڵێـت، درێژییەکـەی (٢٧٨١) کیلۆمەتـرە و ڕووبـەری حـەوزە ئاوییەکـەی (٤٤٤٠٠٠) کیلۆمەتـر چوارگۆشـەیە، (٢٨٪)ی دەکەوێتـە تورکیـا و (١٧.١٪)ی سـووریا، هەرچـی دەمێنێتـەوە (٣٩.٩٪)ی ئـەم ڕووبـارە بـە خـاکی عێراقـدا تێدەپەڕێـت (Al-Ansari، 2018).

کەمئاویـی تەنگـی بـە عێـراق هەڵچنیـوە. وەزیـری سـەرچاوە ئاوییـەکانی عێـراق (مەهـدی ڕەشـید حەمـدانی-٢٠٢١) دان بـەوەدا دەنێـت کـە: ئـەو سـەرچاوە و داهاتـە ئـاوەی لـە تورکیـاوە بەڕێگـەی ڕووبـاری فـورات و دیجلـەوە بـۆ عێـراق دێـت بـە ڕێـژەی (٥٠٪) کەمـی کـردووە. ئـەوەی لـە لـق و زێیـەکانی وەك بەنـداوی دەربەندیخـان (لـە باکـوری عێـراق)هوە بـۆ باشـوور دەچـوو گەیشـتۆتە ئاسـتی سـفر، هەروەکـو ئـەوەی لـە "زاب" لـە ناوچـەی کەرکوکیشـەوە هەبـوو بـە ڕێـژەی (٧٠٪) کەمـی کـردووە. حەمـدانی لـە بـارەی ئێرانیشـەوە نایشـارێتەوە کـە ئـەو وڵاتـە بـە قازانجـی خـۆی ڕێـرەوی زۆری لـە زێ و ڕووبـارە گرنگـەکانی دێنـە نـاو خـاکی عێراقـەوە گۆڕیـوە، وەکـو ڕووبـاری سـیروان کـە ئێـران بـەردەوام هەوڵـی ووشـکبوونی داوە، هەروەهـا ئێـران لـە ناوچـە سـنوورییەکانی دیالـە و خانەقیـن ئـەو ئاوانـەی گرتۆتـەوە و ئاڕاسـتەی ئاوەکـەی بـەرەو ناوخـۆی وڵاتەکـەی گۆڕیـوە (The New Arab. 2021).

دەبێـت جیهـان چاوەڕێـی ملیۆنەهـا کـەس بێـت کـە بەهـۆی بێ ئاوییـەوە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت جێدەهێڵـن. لـە سـەروبەندی وەرچەرخانـی سیسـتەمی جیهانـی دا؛ وڵاتانـی زلهێـز و مامناوەنـد هەمیشـە سـەرقاڵی جەنـگ و ململانـێ و خۆپڕچەککردنـن، نـەك ئاوەدانکردنـەوەی سروشـت و ڕووانیـن بـۆ بەختـەوەری و سـەلامەتی مـرۆڤ! تیـرۆر و توندوتیژیـی و جەنگـە بەردەوامـەکان هۆکارێکـی دیکـەی سـەرەکیین بـۆ کەمبوونـەوەی ئـاو، بەتایبەتـی ئـەو وڵاتانـەی وەک سـووریا و عێـراق ناتوانـن پارێـزگاری لـە سـەروەریی خۆیـان بکـەن. دەبێـت دەسـتەڵاتدارانی عێـراق وەڵامـی ئـەوە بدەنـەوە کـە چـۆن لـە سـاڵی ٢٠٣٥ دا ئاسایشـی خۆراکـی (٥٠) ملیـۆن کـەس دابیـن دەکـەن؟ چـۆن لـە سـاڵی (٢٠٣٥) دا ئـاو بـۆ زیاتـر لـە نیـوەی عێراقییـەکان دابیـن دەکـەن، چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ پرسـی ملیۆنەهـا هاووڵاتیـدا دەکـەن کـە ناوچـە ڕەسـەنەکانی خۆیـان بـە جێدەهێڵـن؟

لــە عێراقــدا، وشکەســاڵی و فاکتــەرە دەرەکییــەکان بەتەنیــا ڕووبارەکانیــان نەگرتۆتــەوە، بەڵکــو پــڕۆژەکانی ئــاوی شــیرین و ئاودێریــش بەهــۆی شــەڕی گروپــە تونــدڕەوەکانی وەکــو "داعــش"ەوە بــە ئامانــج گیــراون، هەروەکــو چــۆن داعــش چەندیــن هێڵــی بــۆڕی گواســتنەوەی نەوتیــان کــردە ئامانــج، بەنــداوە ئاوییەکانــیشی بــە ئامانــج گــرت، لــە ســاڵی (٢٠١٤) بەنــداوی فەلوجەیــان لــە ڕۆژئــاوای عێــراق تێــك دا. ئــەوەش بــووە هــۆی وشــکبوونی چەندیــن پــڕۆژەی کشــتوکاڵی و ئاودێریــی لــە ناوچــەی ســەقلاویە، ئەبــو غرێــب، ڕەزوانییــە، لەتیفییــە و ئەســکەندەری. بەپێــی (ئامــارەکانی حکومــەتی عێراقــی، ٢٠٢١)، ژمــارەی دانیشــتوانی عێــراق لــە (٢٠٢١) دا (٤٠) ملیــۆن کەســە، ســاڵانە پێویســتییان بــە (٧١) ملیــار م٣ ئــاوە. لــە کاتێکــدا ســاڵی (٢٠٣٥) ژمــارەی دانیشــتوانی عێــراق دەبێتــە (٥٠) ملیــۆن کــەس، لــەو کاتــەدا ئاســتی ئــاوی عێــراق لەســەر زەوی بــۆ (٥١) ملیــار م٣ی ســاڵانە کــەم دەبێتــەوە (Al-Shammari. 2021). ئەمــە کارەســاتێکە وڵاتەکــە دەخاتــە بــەر مەتــرسی ســڕینەوە.

نوخبــە عێراقییــەکان، بــە ئاشــکرا هــاوار دەکــەن کــە لــە ســاڵی (٢٠٣٥) دا عێــراق (١٠) ملیــار م٣ ئــاوی کــەم دەکات، بــەڵام کــێ گوێیــان لــێ بگرێــت؟ ئــەو دەســتەڵاتدارانەی کــە لەســەرەوە بــاسمان کــردن خەریکــی بازرگانــی مــاددەی هۆشــبەر و پــارە ســپیکردنەوە و بەرژەوەندییەکانــی خۆیانــن، بــە ڕووکەشــیش خەریکــی قســەی قەبــە و سەرنجڕاکێشــن! قەبــارەی ئــاوی وەرگیــراو لــە ڕووبــاری دیجلــە و فــورات بــە شــێوەیەکی بەرچــاو کەمیکــردووە لــە ٩٣.٤٧ ملیــار مەتــر ســێجا لــە ســاڵی ٢٠١٩ بــۆ ٤٩.٥٩ ملیــار مەتــر ســێجا لــە ســاڵی ٢٠٢٠، لــە ســاڵانی دواتریشــدا بەهەمــان شــێوە کەمتریــان کــردووە .

ئــەم کەمبوونەوەیــەش، بــە پلــەی یەکــەم دەگەڕێتــەوە بــۆ ڕەفتارەکانی وڵاتانی دراوســێ (ئێــران و تورکیــا). لەگــەڵ ئەوەشــدا، عێــراق ســاڵانە (١٠٠) کیلۆمەتــر چوارگۆشــە زەوی کشــتوکاڵی لەدەســت دەدات لەئەنجامــی بەڕاپۆنبــوون، هەروەهــا ڕاپۆرتێکــی وەزارەتــی سامانە ئاوییەکانــی عێــراق بــەو ئەنجامــە دەگات کــە ئــەو شــەپۆلە وشــکە ساڵییە تونــدەی پێشــبینی دەکرێــت لــە ســاڵی ٢٠٢٥ دا دەبێتــە هــۆی وشــکبوونەوەی تەواوەتــی ڕووبــاری فــورات لــە ناوچەکانــی کەرتــی باشــووردا (Al-aalem Al-Jadeed. 2024).

"لــە ئەنجامــدا، داینامیکییەتــی ئاســایش (بەهەمــوو ئاســت و ڕەهەندەکانییــەوە) پەیوەســتە بــە ئاســتی بیرکردنــەوەی ســەرکردەکانی وڵاتانــی زلهێــز لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت. پێویســتە نزیکبوونــەوەکان و ئاســاییبوونەوەی پەیوەندییــە هەرێمایەتییــەکان کــە لــەم بەشــەی کتێبەکــەدا خســتمانەڕوو، بتوانێــت لــە ســاتەوەختی وەرچەرخانــی جیهانــی دا کــە ناومــان نــاوە "جیهانێکــی ناجێگیــر" ناوچەکــە بپەڕێنێتــەوە بــۆ کەنارێکــی ســەقامگیر لــە پێنــاو پاراســتنی هەســارەکەمان و بەرزڕاگرتنــی مرۆڤایەتــی، نــەک لــە پــاڵ گرفتــە چارەنوســســازەکاندا بــۆ کەمکردنــەوەی ئاســتی هێــزی یــەکتر گرووپــە توندڕەوەکانــی ناوچەکــە هــان بــدەن و بەکاریــان بهێنــن و چەندیــن دەیــەی دیکــە ســەرقاڵی دوژمنکاریــی و دووبەرەکــی بــن، ئەمــە ناوچەکــە دەخاتــە بــەردەم کێشــەیەکی بوونیــەوی و تیشــک دەخاتــە ســەر چارەنووســێکی ڕەش."

# بەشی پێنجەم

## لـە تیۆرییـەوە بـۆ پراکتیـک: ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەنێـوان دەســتەڵاتی جیهانیــی و ڕێکخســتنەوەی ناوچەیــی دا

### پوختەیەک

لەسـەر ئـەم تەختـەی شـانۆی جیهانییـەدا؛ ڕووسـیا هەمیشـە ویسـتویەتی لەسـەدەی ٢٠ و ٢١ دا وەک زلهێزێـک ئامادەبوونـی خـۆی بسـەلمێنێت. چیـن، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی کـردووە بـە کلیلـی سـەرکەوتنی سیاسـەتی "ڕێـگای ئاوریشـم"؛ ئـەم سیاسـەتەش بووەتـە هـۆی فراوانبوونـی دەسـەڵاتی ئابـووری و تەکنەلۆژیـی و سیاسـی و سـەربازیی چیـن، هەروەهـا یارمەتیـی وەبەرهێنانـی چینـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دا. پێکـەوە یـان بـە جیـا، ڕووسـیا و چیـن هەوڵیانـداوە ئالۆزییەکانـی ناوچەکـە بقۆزنـەوە و سـوود لـە ناڕوونـی سیاسـەتی ئەمریـکا لەناوچەکـەدا ببینیـن، هـەروەک لـە گێڕانـەوەی ئەزموونـی ئەفغانسـتان دا چیرۆکـی دابەزینـی ئاسـتی ئەمریـکا و هەڵکشـانی زیاتـری چیـن لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا لـەم بەشـەدا خراوەتـەڕوو. لەمـەش زیاتـر، ئـەم بەشـە سـووچێکی گەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت نیشـاندا دەدات کـە کەنـداوی عەرەبییـە، تیایـدا بەهـۆی وەرچەرخانـی وزەوە گۆڕانێکـی جیۆپۆڵەتیکیـی و بازرگانیـی هاوچـەرخ بەرپاکـراوە. دۆخەکـە لـە ئاسـتی جیهانییـدا جەخـت لـە باڵادەسـتی دۆلار دەکات کـە بووەتـە هـۆی پاوانخوازیـی جیهانـی لەلایـەن ئەمریـکاوە، ئـەوەش بەهـۆی کۆنترۆڵکردنـی سیسـتەمی پارەدانـی جیهانییـەوە. دوای ئـەوەی "لیبراڵیـزم" کەوتۆتـە نـاو قەیرانێکـی قووڵـەوە، ئێمـە ئێسـتا بـە نـاو جیهانێکـی فرەجەمسـەر یاخـود جیهانێکـی تاڕەدەیـەک بـێ حیکایـەت دا گـوزەر دەکەیـن. لەکۆتاییـدا ئـەم بەشـەی کتێبەکـە هەوڵـدەدات لـە گۆڕانکارییەکانـی هێـز لـە ڕووی تیۆرییـەوە تێبـگات، بەتایبـەت لەڕوانگـەی تیۆرەکانـی "وابەسـتەیی ئاڵـۆز بەیـەکتر، نیۆڕیالیـزم، بوونیادگەرایـی (کۆنستراکتیڤیـزم)، پۆسـت-

کۆڵۆنیالیـزم" ەوە تیشـک دەخاتـە سـەر سیاسـەتەکانی ئەگەریـی بـۆ داهاتـوو.

**وشـە سـەرەکییەکان:** ئەولەویاتەکانـی ئەمریـکا، وەرچەرخانـی سیاسـەتەکانی ڕووسـیا، وەبەرهێنانــی چیــن لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، ڕێکخســتنەوەی جیهانــی، پاڵپشــتییە تیۆرییــەکان.

## ١.٥. ڕێکخستنەوەی جیهانی: وەرچەرخانی ستراتیجیی ڕووسیا و ئایندەی سیاسەتی جیهانی

لــە پەیوەندییــە ســەرەتاییەکانی نێــوان مۆســکۆڤی و ئیمپراتۆرییەتــی ڕۆمانــی پیــرۆزەوە، تــا دەگاتــە زیادبوونــی خێــرای پەیوەندییــەکان لــە ســەردەمی حوکمڕانــی پیتــەری گــەورەدا؛ ڕووسیا هەوڵــی داوە وەک زلهێزێــک مامەڵــە بــکات، بەتایبــەت لەگــەڵ ئەوڕووپــادا. دواجاریــش لــە ســەردەمی سۆڤییەتدا، ڕووسیا هەوڵــی داوە لەلایــەن زلهێــزە پێشــەنگەکانی ئەوڕووپــاوە وەک هاوتاکانیــان بناسرێــت.

هــەر لــە ئێســتاوە بــا پرسـیار بکەیـن، ئـەم هەوڵـەی ڕووسـیا لەسـەر چ بنەمایەکـە؟ لـە ڕاسـتیدا، ڕووسـیا بـە شـێوەیەکی چوارگۆشـەیی لـە ناوەنـدی سیاسـەتی ناسـنامەیی خۆیــدا پرســی زلهێزبوونــی دانــاوە. کاتێــک ورد دەبینــەوە، لــە ڕووی مێژووییــەوە دەبینیــن بەڕاســتی ناسـیۆنالیزمی ڕووسـیا لــە دەوری ئــەم پرســە کۆبووەتــەوە. تەنانــەت دوای ئــەوەی یەکێتــی ســۆڤییەتیش هەرەســی هێنــا، سیاســەتمەدارانی پێشــەنگ بابەتــی ڕۆژنامەوانییــان نووســی ســەبارەت بــەوەی چــۆن نایانەوێــت لــە "کۆمــاری مــۆز" دا بژیــن، پەیامەکــە ئەوەیــە ڕووسـیا یــان نابێــت، یــان ئەگــەر هەبێــت دەبێــت لــە ئاسـتی ئەوانــی تــردا "زلهێزێــک"ی گــەورە بێــت. هــەر ئــەم بــاوەڕە بنچینەییەیــە کــە ئەمــڕۆش لــە داڕشــتنی خواســتە جیۆپۆلەتیکییەکانــی ڕووسـیا بەردەوامــە و ڕووســەکان هەوڵــدەدەن ئاســتی یەکســانییان لەگــەڵ زلهێزەکانــی تــری جیهانــدا بپارێــزن.

بــەم پێیــە، ڕووسـیا لــە کۆنتریــن و بەهێزتریــن زلهێزەکانــی جیهانــە، وەک نیۆمــان، ا، ب (٢٠٠٨) باســی دەکات، ئەگەرچــی ڕووسـیا لــە ســەدەی هــەژدەوە وەک زلهێزێــک مامەڵــەی کــردووە، بــەڵام بەگشــتی لــە دوای جەنگــە ناپلیۆنییەکانــەوە (١٨٠٣ - ١٨١٥) ڕووسـیا زلهێــزە. لەگــەڵ ئەوەشــدا لــە ســەدەی هــەژدە و نــۆزدەدا لەگــەڵ ئیمپراتۆرییەتــی عوسمانــی لەســەر ناوچــەی دەریــای ڕەش و بالــکان لــە جەنــگ و ململانێــدا بــووە، لــە ســەدەی نــۆزدە لەگــەڵ بەریتانیــا لــە ســەر ئەفغانســتان و بوونــی بەریتانیــا لــە ئاســیای ناوەڕاســت لــە ململانێــدا بــووە. لەســەدەی بیســت بــۆ مــاوەی نزیکــەی نیــو ســەدە لەگــەڵ ئەمریــکا لــە ململانێــی جەنگــی سارددا بــووە و پێکــەوە جیهانیان بەســەر دوو ســەربازگەی خۆیانــدا دابەشــکردبوو (Neumann، I، B. 2008). بەهەمــان شــێوە، لــە چارەکــی یەکەمــی ســەدەی ٢١ دا، لەگــەڵ هەمــوو ئەوڕووپــاو ئەمریــکا لــە جەنگێکــی تەواودایــە لــە ئۆکراینــا.

ڕووسـیا بەسـەرکردایەتی پوتیـن، بوێـری ئەوەیکـرد لـە بەرەبەیانێکـی زوودا لـە شـوباتی ٢٠٢٢ دا، جەنگـی ئۆکرایـن ڕابگەیەنێـت. ئەگەرچـی بەدرێژایـی نزیکـەی چـوار سـاڵ ئەمریـکا و ناتـۆ ڕاسـتەوخۆ لـە جەنگەکـەدا نەبـوون، بـەڵام هـەر لـە سـەرەتاوە پارەکانـی ئـەوان، چـەک و ئامـرازە سـەربازیی و هەواڵگرییەکانـی خۆرئـاوا و دامـەزراوە میدیاییەکانیـان ڕاسـتەوخۆ بـۆ پاڵپشـتی ئۆکرانیـا لـە جەنگەکەدایـە. بۆئـەوەی بیرکردنـەوە لـە ڕێـرەوی خـۆی دەرنەچێـت، بۆئـەوەی چوارچێوەیـەک بـۆ تێگەیشـتنەکانمان درووسـت بکەیـن، دەبێـت لـە خاڵێکـی بنەڕەتییـەوە دەسـت پێبکەیـن:

یەکێـک لـەو چەمکانـەی بیرمەنـدە ڕووسـەکان لـە دوای جەنگـی ساردەوە بـە گەرمـی کاری لەسـەر دەکـەن "ئۆراسـیا" یـە؛ ئۆراسـیا یەکێکـە لـە چەمکـە ئاڵـۆزەکان، چوونکـە هێشـتا لـە ڕووی جوگرافییـەوە شوناسـێکی یەکانگیـری نییـە؛ ئایـا مەبەسـت لێـی ئاسـیا و ئەورووپایـە، یـان ئـەو ناوچانـەی ئاسـیا و ئەورووپـا بەیەکـەوە دەبەسـتنەوە. ڕووسـەکان لــە ڕووی تیۆرییــەوە توونــد دەســتیان بــە چەمکــی "جیۆپۆڵەتیـک"ەوە گرتــووە، وای دەبینـن؛ کۆنترۆڵکـردن و هەژموونـی ڕووسـیا بەسـەر ڕۆژهەڵاتـی ئەورووپـاوە یەکسـانە بەمانـەوە و بەرزڕاگرتنـی ڕووسـیا وەک زلهێزێـک. بۆیـە هـەر شـوێنێک ئاسـیا و ئەورووپـا بەیەکـەوە ببەسـتێت بـەلای ڕووسـیاوە پێگەیەکـی ستراتیجیـی چارەنووسسـازی هەیـە.

لـە کۆتاییـدا، ئۆراسـیا هەرچـی شـوێنێک بێـت: ڕووسـیا، ئێـران، عێـراق و قەتـەر و تەنانــەت ســووریا کــە پەیوەندیــی بەهێــز لــە نێوانیانــدا هەیــە، ئەمانــە پێکــەوە خاوەنـی زۆرتریـن یەدەگـی نـەوت و گازی سرووشـتین لـە جیهانـدا و پێگـەو گرنگییـان فەرامــۆش ناکرێــت و هەژموونــی ڕووســیاش لــەو ناوچانــەدا بــەربڵاوە کــە خاوەنــی یەدەگێکـی بەرچـاوی هایدرۆکاربۆنـن. ئۆراسـیا هــەر کوێیــەک بــێ، ڕووســیا هەمــوو شـتێک دەکات بۆئـەوەی سیسـتەمی تـاک جەمسـەریی و فەرمانڕەوایـی جیهـان بگـۆڕێ، بـۆ ئـەوەش دەبـێ لـەو حـەوزە ستراتیجییانـەی وزەدا ئامادەگـی هەبێـت کـە ڕۆژئـاوا تیایانـدا هەژموونێکـی هەیـە.

پڕۆفیسـۆر و پسـپۆڕی جیۆسیاسـیی ئەمریکـی "ڕۆبـەرت کابلان -Robert D. Kaplan" لـە سـاڵی (٢٠١٨) کتێبێکـی بـە ناونیشـانی "گەڕانـەوەی جیهانـی مارکـۆ پۆڵـۆ؛ جەنـگ، ستراتیـژ و بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا لـە سـەدەی بیسـتو یـەک" دا نووسـیوە. کابلان

دۆخەکە بە چرکەساتێکی ڕاگوزەر دەست نیشان دەکا کە پێویستە لە دوو ئاستدا هەستی پێ بکرێت:

**یەکەم/** ئەمریکا پێویستە لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسیدا بەر بە هەژمونی چین بگرێت، لە ئەوڕووپاش بەر بە ڕاستڕەو و پۆپۆلیزم.

**دووەم/** بە بڕوای کاپڵان هەریەک لە جوگرافیا و تەکنەلۆژیا بەریەککەوتنیان هەیە. لێرەوەیە ڕووسیا هەمیشە هەژمونی بەسەر خۆرهەڵاتی ئەوڕووپادا هەیە، لە خۆرهەڵاتی ئەوڕووپا نارەزایی دژی سیستەمەکان وایکردووە بزوتنەوە ڕاستڕەو و شەعبەوییەکان دەستەڵات بگرنە دەست. ئەمەش بەرژەوەندی ڕووسیا مسۆگەر دەکات (Kaplan، R.، D. 2018).

ئەمە نیشانمان دەدا، ڕووسیا لە هەر جێگەیەک ئامادەگیی دەبێت کە خۆرئاوا وەک بەرژەوەندیی خۆی لێی بڕوانێت. زلهێزەکان و هێزە مامناوەندەکان لە هەر ناوچەیەک پڕۆژە و ئەجێندەی دیاریکراوی خۆیان هەیە. بۆ نموونە: لە کەنداوی عەرەبی دا، ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو (GCC)هەیە. لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، لە ساڵی (٢٠١٠)ەوە گازی سرووشتی لە کەناراوە ئاوییەکانی قوبرس و ئیسرائیل دۆزراوەتەوە، هەروەها میسریش دەستی کردۆتە وەبەرهێنانی زیاتر، ئەمانە پێکەوە پەیوەندیی سێقۆڵییان دروستکردووە (Jabbar، B، J. 2024)، هەروەک لە بەشی دووەمی ئەم کتێبە ڕوونمان کردەوە، "چین" لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی پڕۆژەی "پشتێنەی ڕێگا- پشتوێن و ڕێگا" ی هەیە. بەهەمان شێوە ڕووسیاش پڕۆژەی ئۆراسیای هەیە و ڕێبەرایەتی حەوزەی قەزوینیش دەکات، هەروەک لە (٢٩ ی ئایاری ٢٠١٤) ەوە یەکێتی ئابوریی ناوچەی ئۆراسیا (EAEU) پێکهێنراوە.

بۆ ڕووسیا، چڕبوونەوەی بەشدارییە ئابورییەکان پڕۆژە ستراتیجییەکان بوێرتر دەکات: چڕبوونەوەی بەشدارییە ئابوورییەکان لە کەرتی وزەدا تیشک دەخاتە سەر پێویستی هەمەچەشنکردن بۆ دڵنیابوون لە پەیوەندییەکی ئابووری هاوسەنگ و بەردەوام. گەڕان بەدوای ڕێگا نوێیەکان بۆ هاوکاری ئابووری لە سەرانسەری کەرتە جیاوازەکاندا لەوانە کشتوکاڵ، تەکنەلۆژیا، بەرهەمهێنان، سەرمایەی مرۆیی و پەرەپێدانی کارامەیی دەتوانێت پەرە بە بەشدارییەکی ئابووری هەمەچەشن بدات:

لـە ڕووی ئابوورییـەوە، بـە هـۆی بوونـی سـەرچاوەکانی وزە، ڕووسـیا خۆشـحاڵە؛ بـە تایبـەت کـە پلـەی یەکەمـی یەدەگـی گازی سروشـتی جیهـان پێکدەهێنێـت، هـاوکات بەرزبوونـەوەی نرخـی سـووتەمەنی لـە ڕۆژگاری جەنگـی ئۆکرایـن دا خزمـەت بـە ئابوریـی و ئەجێندەکانـی ڕووسـیا دەکات. کۆنترۆڵکـردن و چڕکردنـەوەی دەسـەڵاتی ئابـووری لـە لای پۆتیـن و گرێدانـی چەندیـن هاوپەیمانیـی ئابـووری، بـە تایبـەت لەگـەڵ چیـن و هینـد، فراوانکردنـی هاوپەیمانـی بریکس، وا دەکات ڕووسیا پێشـکەوتنی ئابوریـی گـەورە بەدەسـت بهێنێـت، لەکاتێکـدا لـە ئەوڕووپـا و ئەمریـکا ئەگـەر گەشەسـەندنێکی بەرچاویـش هەبێـت، ئـەوا لـە لای کۆمپانیـا گەورەکانـە.

هەروەهـا لـە ڕووی سـەربازییەوە؛ جگـە لـەوەی لـە دوای شـەڕی درێژخایەنـی ئۆکرایـن و داگیرکردنـی بەشـێکی زۆری خاکـی ئۆکرایـن، ڕووسـیا تەحەدایەکـی گـەورەی هاوپەیمانیـی ناتـۆی کـردووە، تەنانـەت لـە هەڕەشـەکانی لـە سـەر بەرژەوەندییەکانـی ئەمەریـکا سـەرکەوتووش بـووە. ڕووسـیا سـەرەڕای ئـەوەی لـە جەنگێکـی بەرفراواندایـە، خەریکـی فراوانکردنـی هاوپەیمانێتـی سـەربازی و ئابووریـی نوێیـە لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا، بـە تایبـەت لەگـەڵ ئـەو هێزانـەی نەیـاری سیاسـەتی دەرەوەی ئەمەریـکان، وەکـو کۆریـای باکـوور، چیـن، ئێـران، سـووریا، گرووپـە ئایدۆلۆجییەکانـی دیکـەی عێـراق و لوبنـان کـە باڵادەسـتییان لـە وڵاتەکانیانـدا هەیـە.

دوای ١١٢ هەفتـە لـە جەنگـی ئۆکرایـن، ڕۆیتـەرز لـە ٢٨ ی ئۆگەسـتی ٢٠٢٤ مانشـێتێکی هەیـە بەناونیشـانی (ئابـووری ڕووسـیا سـەرەڕای سـزاکانی جەنگـی ئۆکرانیـا گەشـەیەکی تۆکمـە نیشـان دەدات)، فاکتـەکان نیشـانی دەدەن، ئابـوری ڕووسـیا گەشـەیەکی تۆکمـەی لـە زۆرێـک لـە کەرتەکانـدا نیشـانداوە، لەکاتێکـدا ڕێـژەی بێـکاری لـە نزمتریـن ئاسـتیدا ماوەتـەوە:

بەهـۆی بەرهەمهێنانـی سـەربازییەوە، بەرهەمـی پیشەسـازی لـە مانگـی تەمـووزی ٢٠٢٤ دا بەڕێـژەی ٣.٣٪ دا بەرزبووەتـەوە، مانگـی پێـش ئـەوەش بەڕێـژەی ٢.٧٪ بەرزبووەتـەوە. خەمڵاندنێکـی سـەرەتایی بـۆ گەشـەی بەرهەمـی ناوخۆیـی گشـتی (GDP) لـە نیـوەی یەکەمـی ٢٠٢٤ دا ٤.٦٪ بـوە، لەکاتێکـدا لـە هەمـان مـاوەی ساڵی ڕابـردوودا ١.٨٪ بـووە. چاودێـران هـۆکاری ئـەم گەشـەکردنەیان بـۆ وەبەرهێنانـی

سـەرمایەی بەهێـز گەڕاندووەتـەوە، لەنێویانـدا لەلایـەن کەرتـی تایبەتـەوە، پێشـکەوتنەکە بـە جۆرێکـە کـە تەنیـا لـە چارەکـی یەکەمـی ٢٠٢٤ دا (واتـە لـە گەرمـەی جەنگـی ئۆکرایـن) دا ١٤.٥٪ ئابوریـی ڕووسـیا گەشـەی کـردووە. تەنانـەت تێکـڕای مووچـەش لـە چـاو سـاڵی پێشـووتردا بـە ڕێـژەی ١٥.٣٪ لـە ٢٠٢٤ دا بەرزبووەتـەوە و گەیشـتووەتە ٨٩ هـەزار و ١٤٥ ڕوبـڵ لـە مانگێکـدا (Reuters. 2024، August 28). دەبێـت ئازایەتـی ئەوەمـان هەبێـت، ددان بـەوەدا بنێیـن، ڕووسـیا لەبـەر دوو خاڵـی سـەرەکی سـەرکەوتوو بـووە:

**یەکەمیـان:** ئەوڕووپـا و ئەمریـکا لەسـەرەتای جەنگـی ئۆکراینـەوە، نزیکـەی هـەزار جـۆر سـزای ئابوریـی و دارایـی و بانکییـان خستەسـەر ڕووسـیا، بـەڵام ئەنجامەکـەی ئەوەیـە کاریگەرییەکـی قورسـی ئەوتـۆ نەکەوتۆتـە سـەر ئابوریـی ڕووسـیا، بـە پێچەوانـەوە ئەمریـکا و ئەوڕووپـا بـە تریلیۆنەهـا دۆلار و یـۆرۆ هـاوکاری ئۆکرایانیـان کـردووە، جگـە لـەوەش نۆژەنکردنـەوەی ئۆکراینـا پێویسـتی بـە دەیـان سـاڵ و سـەدان ملیـار دۆلار دەبێـت.

**دووەمیـان:** لـە ڕووی تیۆرییـەوە، پوتیـن و ڕاوێژکارەکانـی ئامـادە نیـن بچنـە ژێـر بـاری نیۆ-لیبراڵیزمـەوە بـەو سـتایلەی خۆرئـاوا دەیەوێـت. بـە واتایەکـی تـر ڕێگـە نـادەن وەبەرهێنـان لـە ڕووسـیا بکەوێتـە ژێـر دەسـتی کۆمپانیـا جۆراوجۆرەکانـی خۆرئـاواوە و دواتـر ئـەوان مەرجەکانیـان بسـەپێنن.

### ٢.٥. ڕووسیا و داینامیکییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕووسـیا، لـە ڕووی سیاسـییەوە، خەریکـی فروانخوازییـە، توانیویەتـی بگاتـە ئـەو ئامانجـەی کـە "زلهێـز"ە و لـە وێناکردنـەوەی ڕێکخسـتن و پەیکەربەندیـی جیهانیـی دا ڕۆڵـی زیاتـر وەردەگرێـت. لـە هـەر ناوچەیـەک وڵاتـان لەناوخـۆدا تووشـی کێشـە بـن، یـان لەگـەڵ دەوروبەریانـدا، ڕووسـیا لەوێـدا ڕۆڵـی نێوەندگیریـی دەبینێـت. سـەری ڕووسـیا چووەتـە نـاو خوانـی ئاسـیا و ئەفریـکاوە، ئەمـەش ئامانجـی ڕووسـیای نوێیـە. لـە ڕووی ئەزمـوون و پەیوەندییەکانییـەوە لەگـەڵ جیهانـی دەرەوە، ڕووسـیا سـوود لـە پاشـخانە مێژووییەکـەی وەردەگرێـت کـە لەگـەڵ وڵاتـان لـە سـەردەمی یەکێتیـی سـۆڤیەتی پێشـوو هەیبـووە.

لـە ڕاسـتییدا، لـە پـاڵ ئامادەیـی چیـن دا لـە ناوچەکـە، بەهەمـان شـێوە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـووە بـە گۆڕەپانێـک بـۆ ململانێـی دەسـەڵاتی پوتیـن لەگـەڵ ئەمریـکا، ململانێـکان لـە سەرانسـەری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـەردەوام دەبێـت، ئـەوەش وادەکات لـە ئیدارەکانـی داهاتـووی ئەمریـکا و پێگـەی داهاتـووی ئەمریـکا لـە ناوچەکـەدا لـە ئەولەویەتـی گفتوگۆکانـی سیاسـەتی دەرەوەدا بمێنێتـەوە. بـەڵام ئـەم باسـە نا-تـەواو دەبێـت بەبـێ ئـەوەی سـەیری ڕۆڵـی ڕووسـیا لـە ناوچەکـەدا بکەیـن؛ بـە تایبەتـی، چـۆن مۆسـکۆ پەیوەندییـە بەرگرییـەکان بەکاردەهێنێـت بۆئـەوەی بتوانێـت لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا کێبڕکێـی درێژخایـەن لەگـەڵ ڕۆژئـاوا بـکات. لـە پاشـخانی پەرەسـەندنی بەردەوامـی ئێـران و بریکارەکانـی لەگـەڵ ئەمریـکا و ئیسرائیـل پرسـی کێبڕکێـی درێژخایەن لـە نێـوان زلهێزەکانـی ناوچەکـەدا وەسـتاوە. لای خۆیـەوە ڤلادیمێـر پوتیـن سـەرۆکی ڕوسـیا پێـی وایـە شـەڕێکی وجـودی لەگـەڵ ئەمەریـکا دەکات و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتیش گۆڕەپانێکـە کـە پێـی وایـە ڕووسـیا دەتوانێـت ئـەم کێبڕکێیـە لـە قاڵـب بـدات:

وەک ئەننـا بۆرشچێڤسـکایا، هاوەڵـی پەیمانگـەی واشـنگتۆن بـۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک باسـی دەکات، لـە ڕووی فرۆشـتنی چەکـەوە ڕووسـیا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دا، بە شـێوەیەکی نەریتـی باڵادەسـت، کێبڕکێـی ڕۆژئـاوا دەکات. لـە سـەرەتای ٢٠٢١ دا، خزمەتگـوزاری فیدراڵـی ڕووسـیا بـۆ هـاوکاری سـەربازی-تەکنیکی ڕایگەیانـد، هەناردەکردنـی سـەربازی بـۆ ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، سـاڵانە لـە مـاوەی پێنـج سـاڵی ڕابـردوودا لـە دەوروبـەری ٦

ملیار دۆلاردا بووە، بەو پێیەش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ٤٠-٥٠٪ی کۆی گشتی هەناردەکردنی سەربازی ڕووسیای پێکهێناوە. پێدەچێت گرنگیدان بە هەناردەکردنی فڕۆکە و مووشەک و سیستەمی بەرگری ئاسمانی ڕووسیا، هۆکاری ئەوە بێت کە سیستەمی بەرگری ئاسمانی ڕووسیا خۆیان وەک شکستخواردوو نیشان نەداوە.

بۆیە فرۆشتنی بەرگریی ئاسمانی ڕووسیا بەردەوام دەبێت. بەتایبەتی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئاسمانی لەلایەن گرووپەکانی نزیک لە ئێرانەوە لە دژی تێرمیناڵە نەوتییەکانی سعودیە لە عەبقائیق لە ئەیلوولی ٢٠١٩ و هەروەها بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکەکانی بالیستیک لە لایەن حووسییەکانەوە، وایکردووە چەکی بەرگری ئاسمانی ڕووسیا وەک کاڵایەکی پەیوەندیدار و خوازراو لە نێوان وڵاتانی وەک سعودییە و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیدا بهێڵێتەوە (Borshchevskaya، 2024).

ئەم وێنە گشتییە ئەوە پیشان دەدات؛ لە کاتێکدا ڕەنگە توانای ڕووسیا بۆ هەناردەکردنی چەک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە درێژخایەندا سنووردار بێت، بەڵام مۆسکۆ هەروا سەرنجی ناوچەکە دەدات کە وەک یاریزانێکی گرینگ خۆی لە هاوسەنگکردنی کێبڕکێی دەسەڵاتە گەورەکان دەبینێت. فرۆشتنی چەک لەم کێبڕکێیەدا لە لوتکەی سیمبولییەتی سیاسەتی دەرەوەی مۆسکۆدایە و پێدەچێت تا ڕووسیا هەیە بەردەوام بێت.

"ئێمە دەبێت بە درێژایی قسەکردن و شیکارییەکانمان، ئەو وێنەیەمان لە پێش چاو بێ کە بڕاردەی هەرە لە پێشینەی زلهێزەکان و خاوەن پیشەسازییە گەورەکان؛ بەرزڕاگرتنی ئاسایشی نیشتیمانیی و بوونی ئاستێکی بەرزی کێبڕکێیە لە ناو هاوکێشەکانی هێزدا. نەک ئەوەی کە گۆی زەوی گەرم بووە، ژینگە پیس بووە، دەیان ملیۆن کەس بە پەتایەک دەمرن، سەدان هەزار کەس لە جەنگی ئۆکراین و غەزەدا دەبنە قوربانی، ملیۆنەها منداڵ تووشی برسییەتی بوونەتەوە و دیموکراسیی وەک فۆڕمێکی ناوازەی حوکمڕانی داڕماوە..و تادوایی."

با نموونەیەک وەربگرین، لە چوارچێوەی لووتکەی COP28 دا کە تایبەت بوو بە گۆڕانی کەشوهەوا لە (١ ی ١٢ ی ٢٠٢٣) لە دوبەی بەڕێوەچوو، ١٣٤وڵاتی جیهان جاڕنامەیەکیان بەناوی "جاڕنامەی ئیمارات" واژۆ کرد. زیاتر لە ٧٠ هەزار

کــەس، لەنێویانــدا ســەرۆک و ســەرۆکوەزیرانی ٢٠٠ دەوڵــەت و حکومەتــی جیهــان بەتەنیشــت هــەزاران بڕیاربەدەســت، زانــا، شــارەزای بــوارە جیــاوازەکان، ســەرۆک و ئەندامانــی ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییــەکان، هەموویــان پێکــەوە بــۆ دۆزینــەوەی چارەســەر و چۆنییەتــی تەرخانکردنــی پــارە بــۆ پرۆژەکانــی ڕووبەڕووبوونــەوەی گۆڕانــی کەشــوهەوا، بەشــدارییان لــە گفتوگۆکانــدا کــرد، بــەڵام هێشــتا دوو وڵاتــە هــەرە پیشەســازییە گەورەکــە (ئەمریــکا و چیــن) لەســەر ئاســتی ســەرۆکەکانیان بەشــدارنەبوون! هــەر لــە چوارچێــوەی دەربڕینەکانیــدا لــە کــۆپ- ٢٨، ســکرتێری گشــتیی نەتــەوە یەکگرتــووەکان بەڕاشــکاوی ڕایگەیانــد "بۆئــەوەی هەســارەی زەوی ڕزگار بکرێــت، دەبێــت جیهــان لــە بەکارهێنانــی ســووتەمەنی بەردینــی (نــەوت و گاز و و خەڵــووز) بوەســتێت." (COP28 UAE. 2023).

بــە پێچەوانــەی هەمــوو ئەوانــەوە، وەک لــە بەشــی ســێهەمی ئــەم کتێبــەدا ســەلماندمان، ئێمــە لــە بــەردەم وێنەیەکــی دیکــەدا وەســتاوین کــە سیاســەت و دەنگدانــەوە جیۆپۆڵەتیکییــەکان، پیشەســازیی هایدرۆکاربــۆن و نرخــی وزە لــە بــازاڕی ئابوریــی جیهانیــدا باڵیــان بەســەردا کێشــاوە:

وەکو واتکینــز لــە کتێبەکــەی خــۆی لــە (٢٠٢٣) دا لــە ژێــر ناونیشــانی "سیســتەمی نوێــی بــازاڕی نەوتــی جیهانــی و چۆنیەتــی بازرگانیکــردن پێــی - The New Global Oil Market Order and How to Trade it " جموجوڵەکانــی ڕووســیا لــە پێنــاو پێشــبڕکێ لەبــازاڕی وزەی جیهانییــدا شرۆڤــە دەکات؛ یارمەتــیمان دەدا تێبگەیــن، چــۆن هەریەکێــک لــەم ڕووداوانــە شــێوازی کارکردنــی بــازاڕی نەوتــی جیهانــی لــەو ماوەیــەدا گۆڕیــوە، چــۆن ئێســتا هەموویــان کۆبوونەتــەوە بۆئــەوەی ڕێســای نوێــی بــازاڕی نەوتــی جیهانــی دروســت بکــەن:

نــەوت خەریکــە لــە ئەولەویەتــی ویلایەتــە یەکگرتوەکانــی ئەمریــکادا نامێنێــت، وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــە تایبەتــی ســعودییە و ئــیمارات بــە تونــدی خەریکــی هەمەچەشــنکردنی ســەرچاوەکانی ئابورییەکەیانــن. بــەڵام هێشــتا لــە ڕووی جیهانییــەوە نــەوت و گاز پێکــەوە لــە یەکەمــدان. بــەلای واتکینــزەوە، هێشــتا نــەوت دیاریکەرێکــی چارەنووســازە بــۆ داهاتــووی دارایــی و ئابــووری هەمــوو وڵاتێــک.

هەروەها بەهـۆی ئەمـەوە ڕۆڵێکـی گرینگـی هەیـە لـە داڕشـتنی سیاسـەتی ناوخۆیـی و نێودەوڵەتـی ئـەو وڵاتانـەی بەرهەمهێنـەر و بەکاربـەری سـەرەکی نەوتـن لـە ئاسـتی جیهـان. لەبەرئـەوەی گـرەوەکان زۆرن، بەشـداربووانی سـەرەکی لـە بـازاڕی جیهانـی نەوتـدا هـەر شـتێک دەکـەن بۆئـەوەی سـوودێکی تێـدا بەدەسـتبهێنن. بۆیـە، ئـەوەی بازرگانـەکان دەبێ بەتەواوی ئـاگاداری بـن، ئەوەیـە کـە لەماوەیەکـی کەمـدا، چەنـد گۆڕانکارییەکـی گـەورە ڕوویانداوە: دیارترینیـان بـە دەسـتپێکردنی پەتـای کۆڤیـد-١٩، پاشـان لەشکرکێشـی ڕووسـیا بـۆ ئۆکراینـا، ئنجـا ئەمـەش بووەتـە هـۆی گۆڕینـی شـێوازی مامەڵـەی یاریزانـە پێشـەنگەکانی بـازاڕی نـەوت لـە جیهانـدا، بۆیـە ڕێبـازی سیاسـیی و دیبلۆماسـیی لـە ئاسـتی ناوچەییـدا بەجۆرێکـی دیکـە پێناسـە کراوەتـەوە (Watkins. 2023a).

دواتریـش کـە جەنگـی غـەزە ڕوودەدات و بایـدن کۆشـکی سـپی بەجێهێشـت، سـاتەوەختی سـەرەکی ئـەوە دەبێـت؛ سیسـتەمی جیهانـی چـۆن دەگۆڕێـت؟ فـرە جەمسـەرییەکە دەبینیـن و ڕادەگەیەندرێـت!؟ یاخـوود ئەمریـکا هێـزی خـۆی و ماسوولکەکانی نیشـانی هەمـوو لایـەک دەدات، بۆئـەوەی تێبگـەن کووتـەک بەدەسـتێکی جیهانیـی هێشـتا بـە پێـوە وەسـتاوە و توانـای چەسـپاندنی ئاشـتی بەڕێگـەی "هێـز" هەیـە!

چانسـی ڕووسـیا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، ئەوەیـە کـە سیاسـەتی ئەمەریـکا لـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت سیاسـەتێکی گەشە-نە-سـەندووە، ناوچەکـە تـا ڕادەیـەک لـە ناڕوونـی سیاسـەتەکانی ئەمەریـکا بێـزار بـووە، ئەمـەش چانـس دەدات بـە ڕووسـیا و چیـن یـان هـەر یەکەیەکـی دەوڵەتـی و نا-دەوڵەتـی دیکـە کـە ئامادەیـی زیاتـری هەبێـت.

لەگـەڵ ئـەو فاکتەرانـەی ڕووسـیا بـۆ ئاڕاسـتەکردنی سیاسـەتی دەرەوە پشـتیان پـێ دەبەسـتێت، بـەلام بـە دەسـت کۆمەڵێـک ئالنگارییـەوە گرفتـارە ، لەوانـە سیسـتمی نێودەوڵەتـی لـە قۆناغـی دەرکەوتـن و هاتنـە پێشـەوەی هێـزی گـەورە و کاریگـەری تـرە، جگـە لـە ئەمەریـکا، بەتایبەتـی چیـن لـە مێـژوودا لەگـەڵ ڕووسـیا تەباییەکـی بەهێزیـان نەبـووە، تەنیـا لـەوەدا هاوبەشـن داوای کۆتایهاتنـی تاکجەمسـەریی ئەمریـکا دەکـەن، توانیویانـە خۆیـان لەهەمـوو بەرپرسـیارێتییە جیهانییـەکان بدزنـەوە و خۆرئـاوا بکـەن بـە بەرپرسـی هەمـوو کارەسـاتە مرۆیـی و جیهانییـەکان کـە ڕوویانـداوە و ڕوودەدەن.

هەڕەشــەکانی ڕووســیا لــە ســەر ئەوڕووپــا وەکــو مەترســیی گــەورە لــە ســەر ئاسایشــی ئەوڕووپــا دەمێنێتــەوە، ئــەوەش وای کــردووە؛ ئەوڕووپــا جگــە لــە ناتــۆ، بــۆ دروســتکردنی چەتــری ئاسایشــی ئەوڕووپــا، خەریکــی دروســتکردنی ســوپای ئەوڕووپــا بێــت، بــۆ ئــەم مەبەســتە ســەرجەم دەوڵەتانــی ئەوڕووپــا لــە میانــەی ســێ ســاڵی جەنگــی ئۆکراینــدا، بودجــەی بەرگرییــان لــە ٥٪ ەوە بــۆ ١٠٪ لــە بودجــەی گشــتیدا زیــاد کــردووە بــۆ بودجــەی بەرگــری. بودجــەی ســەربازی جیهانــی لــە ســاڵی (٢٠٢٣) دا گەیشــتە ٢.٤٤ تریلیــۆن دۆلار (٢.٢٥ تریلیــۆن یــۆرۆ) کــە نزیکــەی ٧٪ زیاتــرە لــە ســاڵی ٢٠٢٢ (Martin. 2024). بــە دڵنیاییــەوە، لەگــەڵ هاتنــەوەی دۆناڵــد ترامــپ بــۆ کۆشــکی ســپی لــە (٢٠٢٥) بودجەکــە لــە چوارچێــوەی ناتــۆدا زیاتــر دەکات، یەکێــک لــە داواکارییــە هــەرە دیارەکانــی ترەمــپ ئەوەیــە کــە چــیتر ئەمریــکا بــەو خۆڕاییــەی ڕابــردوو بەرگریــی لــە ئەوڕووپــا نــاکات، هەمــوو وڵاتانــی ئەوڕوپییــش بــەدەم داواکەیــەوە چــوون و بودجەکەیــان لــە ناتــۆدا بــۆ بەرگریــی لــە خۆیــان زیاتــر کــردووە. جگەلــەوەش، ئەوڕووپــا بەبێدەنگــی هــەوڵ دەدات چــیتر خۆیــان بــەگازی سرووشــتی ڕووســیا گــەرم نەکەنــەوە و لــەو پاشــکۆیەتییە خۆیــان ڕزگار بکــەن، ئــەوەش لــە ڕێگــەی بەرهەمهێنانــی وزە بەهــۆی شــەپۆلی دەریــا، وزە نوێبــوەوەکان، هایدرۆجینــی ســەوز، پشــت بەســتنی زیاتــر بــە نــەوت و گازی کەنــداو و، زیادبوونــی ئۆتۆمبیلــی کارەبایــی و...تادوایــی.

### ١.٢.٥. ڕووسیا بە بێدەنگی کاریگەریی لە کەرتی وزەی عێراقدا پەیداکردووە

مۆسکۆ لەگەڵ هاوپەیمانە جیۆپۆڵەتیکییەکەی خۆی کە"پەکین"ە، بەرەو کۆنترۆڵکردنی کەرتی وزە و وەبەرهێنان لە عێراق هەنگاویان ناوە. وا دیارە لەسەرەتاوە ویستوویانە ڕۆژئاوا لە ڕێککەوتنەکانی وزە لە عێراق دوور بخەنەوە؛ بۆ ساڵی (٢٠٢٣) ئاستی وەبەرهێنانی ڕووسیا لە عێراقدا گەیشتۆتە (١٩) ملیار دۆلار (Barantschik. 2023).

لە مانگی ئاداری (٢٠٢٣) دا کۆمپانیای نەوتی زیقار (DQOC) کە سەر بە دەوڵەتی عێراقە بە فەرمی پەرەپێدانی یەدەگەکانی (بلۆکی ١٠)ی پەسەند کرد؛ لەنێویاندا بۆ تەواوی کێڵگەی ئێریدو کە گەورەترین کێڵگەی نەوتە لە دوای (٢٠٠٣)ەوە لە عێراق دۆزراوەتەوە. خەمڵاندنە سەرەتاییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە کێڵگەی نەوتی ئێریدوی عێراق لە نێوان (٧-١٠ ) ملیار بەرمیل یەدەگی هەیە، ڕووسیا لەم کێڵگەیەشدا، لە ڕێگەی کۆمپانیای لۆک ئۆیەڵەوە دەستی بەکارکردن کرد. ئەمەش ڕێگەکە خۆشتر دەکاتەوە بۆئەوەی کۆمپانیای لۆک ئۆیەڵ کۆنترۆڵی تەواوی ناوچە دەوڵەمەندە نەوتییەکان بکات (Iraqi News. 2023، December 7). ئەمە جگەلەوەی لە (٢٠٢٣) دا کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیلی ئەمریکی کێڵگەی نەوتی ڕۆژئاوای قورنەی لە بەسرە بە جێهێشت و لۆک ئۆیەڵ (Lukoil) پشکەکانی کڕییەوە.

بە بڕوای سایمۆن واتکینز، ڕۆژنامەنووسی بازاڕە داراییەکان و نەوت، هەماهەنگی سەربازی و وزەی نێوان ڕووسیا و عێراق، هاوکاری بەردەوامی ئەوان نیشان دەدات. کۆمپانیایەکی وەک لۆک ئۆیەلی ڕووسی لە ساڵی (٢٠٢٣) دا تا زیاتر لە ١١ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لە باشووری عێراق و بە تایبەتی لە ناوچەی بەسرە کردووە. پاڵنەرێکی دیکەی پەیوەندییەکە؛ کەرتی دەرياییە کە دەرفەت بۆ هاوکارییەکانی ڕووسیا و عێراق دەخاتەڕوو. لەگەڵ پێگەی ستراتیژیی عێراق بەدرێژایی ڕێگا سەرەکییە دەرياییەکان و شارەزایی ڕووسیا لە پەرەپێدانی بەندەر و لۆجستیکی دەريایی کە نیشانی دەدا چ هاوتەرییبەکی سروشتی لە بەرژەوەندییەکاندا هەیە. هەوڵە هاوبەشەکان لە پەرەپێدانی ژێرخانی بەندەرەکانی عێراق و پەرەپێدانی

هــاوکاری دەریایــی دەتوانێــت بەشــدارییەکی بەرچــاو لــە بەرزکردنــەوەی کارایــی و توانــای ڕێگاکانــی بازرگانــی دەریایــی عێــراق بــکات، بەمــەش بازرگانــی و وەبەرهێنانــی زیاتــر ڕابکێشــێت (Watkins. 2023b). دەبینیــن وزە پەیوەندییەکــی ڕاســتەوخۆی لەگــەڵ ئاسایشــی جیهانــی و ناوچەییــدا هەیــە، بــەڵام بــە شــێوەیەکی گشــتی کــۆی بابەتــەکان نابەسترێنــەوە بــە "وزە"ەوە، بەڵکــو پرســی "ئاســایش-Security" یــش لــە شــێوازی پەیوەندییەکانــدا ئامادەگییەکــی بەرچــاوی هەیــە.

ڕۆســنەفت و گازپــرۆم بــە پلــەی یەکــەم وەک چەکــی دەوڵەتــی ڕووســیا کاردەکــەن. هەرچەنــدە ئــەوان لــە بازرگانیــدان بۆئــەوەی پــارە بــۆ خۆیــان پەیــدا بکــەن، بــەڵام دواجــار ئــەم کۆمپانیــا دەوڵەتییــە خزمــەت بــە بەرژەوەنــدی حکومەتــی ڕووســیا و ڤلادیمێــر پوتیــن دەکــەن، هەروەهــا خزمەتــی هەمــوو ئــەو کارســازانە دەکــەن کــە داهاتــە نــا-شــەرعییەکانیان بەنــدە بــە بەردەوامبوونی دەســتڕاگەیشتن بە پەمپــی وزە لــە جیهانــدا. لــە ســاڵی (٢٠١٨)ەوە، لــە ڕێگــەی زنجیرەیــەک گرێبەســتی بازرگانــی ستراتیژییــەوە. بەتایبەتــی ڕۆســنەفت بووەتــە ڕیزبەندێکــی شــەڕانگێزی بەرژەوەندییەکانــی دەوڵەتــی ڕووســیا؛ پێگــەی دیــار و بەرچــاوی کۆمپانیــای زەبەلاحــی نــەوت بــە وەبەرهێنانــی بەرفــراوان لــە گۆڕەپانــە ســەرەکییەکانی سیاســەتی دەرەوە بــۆ ڕووســیا بــووە، لەوانــە جەمســەری باکــوور، چیــن، ڤێتنــام، ڤەنــزوێلا، ئەفریقــا و ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت.

لــە حوزەیرانــی ٢٠١٧، شــاندی هەرێمــی کوردســتانی عێــراق بــە ڕێبەرایەتــی ســەرۆکی حکومــەت "نێچیرڤــان بارزانــی" و جێگــری ســەرۆکی حکومــەت "قوبــاد تاڵەبانــی" و "وەزیــری ســامانە سرووشــتییەکان "ئاشــتی هەورامــی" ســەردانی ڕووســیایان کــرد، لــە پەراوێــزی بەشــداریی کردنیــان لــە کۆڕبەنــدی ئابــوری ســانت پیترســبۆرگ دا کــە ســەرکردەکانی ١٣٠ وڵات و ١٢ هــەزار کەســی بــۆ خــۆی ڕاکێشــابwو، گرێبەســتێکیان لەگــەڵ کۆمپانیــای ڕۆس نەفــت واژۆ کــرد (Petkova، 2019).

بەشێوەیەکی گشتی لە جیهانـدا، گرێبەستی نـەوت و غـاز لـە نێـوان سێ لایەندایـە: لایەنـی یەکـەم خاوەنـی بەرهەمەکەیـە (وڵات یـان هەرێمـی خانەخـوێ)، دووەمیـان، ئـەو لایەنەیـە کـە پەیوەنـدارە بـە ڕێـڕەوی هەناردەکردنـی نـەوت یـان غازەکە (ئەمـەی هەرێمی کوردسـتان بەخاکـی تورکیـادا تێدەپەڕێـت)، لایەنـی سێیەمیشـیان کڕیاری بەرهەمەکەیـە:

بە پێی ڕێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆس نەفت تەنیا گوژمەی دروستکردنی بۆری گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەو بازارەی کۆمپانیای رۆس نەفتی رووسیا دەیەوێت، یەك ملیار دۆلارە. ئایا کۆمپانیایەکی وەك رۆس نەفت، گرێبەست لەگەڵ هیچ وڵاتێك بەو قەبارەیە واژۆ دەکات کە گرەنتی گواستنەوەی نەبێت؟ لە ساڵی ٢٠١٧ەوە کۆمپانیای زەبەلاحی وزەی ڕووسی ٣.٥ ملیار دۆلاری بە قەرز بە حکومەتی هەرێم داوە و گرێبەستی پەرەپێدانی پێنج بلۆکی نەوتی واژۆ کردووە، هەر بەو پێیە کۆنترۆڵی بۆری نەوتی کەرکوک- جەیهانیشی کردووە (Borshchevskaya، A. & Wahab، B. 2018). لایەنەکان لە نیسانی ٢٠١٨ەوە، ڕێککەوتن لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەی گەڕانی جیۆلۆجی و دەستپێکردنی بەرهەمهێنانی تاقیکاریی.

ڕێککەوتنەکە لە کاتێکدا بوو کە دوو گەورەترین کۆمپانیای بواری وزەی ئەمریکی "ئیکسۆن مۆبیل" و "چیڤرۆن" لە ساڵەکانی (٢٠١٥ و ٢٠١٦)، ژمارەیەک کێڵگەی هەرێمی کوردستانیان بە جێهێشت. هەروەها لە میانەی شەڕی داعش دا، حکومەتی فیدراڵی بەغدا مووچەی هەرێمی کوردستان و تێچووی شەڕکردنی هێزی پێشمەرگەی نەدەدا دژی تیرۆریستانی داعش. هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٧)، بەرەو ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەنگاوەکانی هەڵگرت، تێگەیشتنی ڕێبەرانی کوردستان وابوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پاڵپشتی کورد ناکات لە کێشەکانی لەگەڵ بەغداد و لە پرسی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسییدا کە دواتر لە ئەیلوولی (٢٠١٧) نزیکەی (٩٣٪) خەڵکی هەرێمی کوردستان (بە خۆشمەوە- سەرەڕای تێبینییەکانم) لە ڕیفراندۆمەکەدا دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، بەهۆی فشارەکانی حکومەتی عێراق و پاڵپشتی نەکردنی هەرێمی کوردستان لە لایەن ئەمریکاوە، ئەنجامی ڕیفراندۆم هەڵپەسێردرا.

هەر لەسەرەتاوە بۆ عێراق، کۆتایی یارییەکە لە هاتنەناوەوەی کاریگەرانەی ڕووسیا لە پیشەسازی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستانی لە باکووری وڵاتەکەوە دیار بووە. کۆنترۆڵی ڕووسیا بەسەر بەشێکی بەرچاوی کێڵگەکانی کوردستانی عێراقدا لە ڕێگەی پرۆکسی کۆمپانیاکانی دەوڵەتەوە،

بەتایبەتـــی ڕۆســـنەفت، لـــە پایـــزی (٢٠١٧) ەوە، لـــە ڕێگـــەی ســـێ میکانیزمـــەوە مســـۆگەر کـــرا:

**یەکەم:** لەڕێگەی فرۆشتنی نەوتی پێشوەختە کە لە سێ بۆ پێنج ساڵی داهاتوودا دەدرێت، یەک ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی دابینکرد.

**دووەم:** ڕۆس نەفت لەسەدا ٨٠ی بەرژەوەندی کارکردنی لە پێنج بلۆکی نەوتی گەورەی هەرێمدا وەرگرت، لەگەڵ وەبەرهێنانی دەرەنجامی و هاوکاری تەکنیکی و ئامێرەکان.

**سێیەم:** رۆسنەفت خاوەنداریێتی لەسەدا ٦٠ی بۆرییە گرنگەکەی مسۆگەرکرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشووتر بینای کردبوو. ئەوەش لەڕێگەی پابەندبوون بە وەبەرهێنانی یەک ملیار و ٨٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ زیادکردنی تواناکانی بۆ یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

دوابەدوای ئەمە، ڕووسیا دەستکاری ناوچەکەی کرد و کەوتۆتە بەریەککەوتنێکی سەرسوڕهێنەر لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق لە بەغدا کە قۆناغی کۆتایی پلانی هێنانە ناوەوەی کاریگەرانەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ناو هەموو بەشەکانی تری عێراق. بەجۆرێک لە کۆتایی (٢٠٢٣)، ڕووسیا بە تەواوەتی لەڕێگەی بەشداریی لە کەرتی "گاز"ی عێراقدا بەرەوپێش دەچێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە، ئێستا ڕووسیا و چین هەنگاو دەنێن بۆ دەستەبەرکردنی باڵادەستی خۆیان بەسەر هەموو عێراقدا، لابردنی کۆمپانیای ئینپێکس لە مەیدانی فراوانی ئێریدۆ، تەنیا دوایین نموونەی ستراتیژی فراوانتربوونیانە لە کارکردندا (Watkins. 2023a).

دیمتری ژیدانیکۆڤ(٢٠١٨) لایوایە، سیاسەتی فراوانخوازیی- دەرەوەیی ڕووسیا، لە دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٢٢ەوە، ئەوە بووە؛ ویستەکانی خۆی لە ناوچەکانی پشێویی و ئاژاوەدا بە پڕۆژە بکات ( تەنانەت ئەگەر ئەو ئاژاوەگێڕییە پێشتر بوونی نەبووبێت-هەوڵی دروستکردنی بدات، هەمان میکانیزم بەدرێژایی مێژوو سیاسەتی دەوڵەتی ئێرانیش بووە). بۆیە سەیر نییە، ڕووسیا کارکردن لەسەر ئامانجی فراوانخوازیی لە دەرەوەی خۆیدا زیاتر بەرەو پێش ببات.

لـە ئەیلوولـی ٢٠١٧دا ئـەوەی ڕووسـیا دەیویسـت لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بـۆ زیادکردنـی ئـەو دەسـتدرێژییە گەورەیـەی کـە پێـشتر لـە ئێرانـی دراوسـێدا کردبـووی، ئـەوە بـوو کاریگەرییەکانـی زیاتـر بـۆ نـاو عێـراق درێـژ بکاتـەوە، بـەڵام لـە باشـووری عێراقـدا نەیتوانـی ئـەوە بـکات، چوونکـە هێشـتا ئەمریـکا ئامادەبوونێکـی سـەرەکی لـەوێ هەیـە. باشتریـن کاری دواتـر ئـەوە بـوو کـە بوونـی خـۆی لـە هەرێمـی نیمچـە سـەربەخۆی کوردسـتاندا جێگیر بـکات، تـا ئـەو کاتـەی بتوانێـت بـۆ درێژکردنـەوەی پانتایـی خـۆی بـۆ باشـووری عێـراق، کاریگـەری خـۆی لـە بەشـەکانی تـری عێـراق بەکاربهێنێـت، پاشـان سـەرۆکایەتی یەکخسـتنی باکـوور و باشـووری عێـراق بـۆ یـەک وڵات بـکات کـە دەتوانێـت کۆنترۆڵـی تـەواوی بەسـەردا هەبێـت (Zhdannikov، 2018).

مایـکڵ بارانتشـیک (Michael Barantschik) یەکێکـە لـەو پسـپۆڕانەی کار لەسـەر پاشـخانی پیشەسـازیی نـەوت و گاز لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەکات، پەیوەندییـە بازرگانـی و وەبەرهێنانەکانـی نێـوان ڕووسـیا و عێـراق بـۆ مێژووییەکـی دوور و درێـژ و ئاڵـۆز دەگەڕێنێتـەوە؛ لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، بازرگانـان و گەڕانکارانـی هـەردوو ناوچەکـە بەریـەک دەکەوتـن، بـە ڕێـڕەوی بازرگانـی ڤۆڵـگا و دەریـای قەزویـن دا دەڕۆیـشتن، تـۆڕی بازرگانـی سـەرەتاییان لـە نێـوان ئـەو ناوچەیـەدا دامەزرانـد کـە زۆر دواتـر بـوو بـە ڕووسـیا و عێـراق. پەیوەنـدی دیپلۆماسـی بـە فەرمـی لـە ٩ی ئەیلوولـی ١٩٤٤ دامـەزرا و سـەرەڕای دابڕانێکـی کـورت لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٥ بـۆ ١٩٥٨، پەیوەنـدی نێـوان هـەردوو وڵات گەشـەی کـرد و بەغـدا وەک هاوبەشـێکی بەرچـاوی سـۆڤیەت لـە جیهانـی عەرەبـی دا سـەیرکرا.

لـە ساڵی ٢٠٠٨دا، ڤلادیمێـر پوتیـن سـەرۆکی ڕووسـیا لـە بەشـێکی زۆری قەرزەکانـی عێراقـی سـەردەمی سـۆڤیەت خـۆش بـوو، ئەمـەش زەمینـەی ڕێککەوتنێکـی نەوتـی بـە بـڕی ٤ ملیـار دۆلاری ئەمریکـی دانـا. ئـەم ئاماژەیـە دەسـتپێکی یارییەکـی قووڵتری ئابووری بـوو کـە لـە سـاڵی ٢٠١٢دا زیاتـر پتەوتـر بوو بـە بەشـدارییە بەرچاوەکانـی کۆمپانیـای لـوک ئۆیەڵـی ڕووسـی لـە کەرتـی وزەی عێراقـدا.

پەیوەندییەکانـی ئـەم دواییـەی نێـوان هـەردوو وڵات زیاتـر بەشـداریکردنی ڕووسـیای لـە کەرتـی نەوتـی عێراقـدا بەهێزتـر کـردووە. لـە شـوباتی ٢٠٢٣ سـێرگی لاڤـرۆڤ وەزیـری

دەرەوەی ڕووسیا سەردانی بەغدای کرد. یەکێک لە پرسە سەرەکییەکان کە باسکرا، سەرەڕای سزاکانی ڕۆژئاوا، میکانیزمی پارەدان بوو بە کۆمپانیاکانی وزەی ڕووسیا کە بۆ بەردەوامبوون و فراوانکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی هاوبەشە. هەروەها ئەمە تەوەری بەردەوامی گفتوگۆی نێوان محەمەد شەیاع ئەلسودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و ڤلادیمێر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا بوو لە ١٠ و ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ لە میانەی کۆبوونەوەکانیان لە کۆشکی کرێملین کە لە پاشخانی بەردەوامی ململانێکان لە ئۆکرانیا و بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەقی گرتبوو. پتەوکردنی پەیوەندیی لە نێوان ڕووسیا و عێراقدا هەموو بوارەکانی گرتۆتەوە؛ لە ٢٠٢٢ -٢٠٢٣ دا ڕووسیا (٢٠٠) کورسی خوێندنی خۆڕایی لە ئاستە جیاجیاکاندا بۆ هاووڵاتیانی عێراق دابین کردووە (Barantschik. 2023).

سەرباری گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا ڕووسییەکان؛ ڕووسیا و عێراق بە ئامانجی بەرزکردنەوەی هاوکارییەکان لە کەرتی نەوت ڕێککەوتنیان واژۆ کردووە، لەوانە پرۆژەکانی گەڕان و کونکردن و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری. ئەم ڕێککەوتنانە هەنگاوێکی بەرچاوە بەرەو قووڵکردنەوەی پەیوەندییە وزەییەکانیان و دڵنیابوون لە ڕەوتی بەردەوامی وەبەرهێنانەکان کە بۆ گەشەکردن و بەردەوامیی پیشەسازی نەوتی عێراق گرنگن.

جگە لە کەرتی نەوت، لە کەرتی گازیشدا عێراق و ڕووسیا هەماهەنگیان هەیە. لەگەڵ ئەوەی عێراق ئامانجی کەمکردنەوەی سووتانی گازەکەیە و ڕووسیا ئەزموونێکی زۆری لە بەرهەمهێنان و پرۆسێسکردنی گازدا هەیە و بۆ هاوکاریکردن هاوکارییەکی سروشتی هەیە. دەتوانرێت لە دامەزراوەکانی پرۆسێسکردنی گاز و گواستنەوەی زانیاری زیاتر یارمەتی تەکنیکی، وەبەرهێنانی هاوبەش بکۆڵرێتەوە بۆئەوەی هەردوو وڵات سوودی هاوبەشیان هەبێت.

گواستنەوە و ژێرخان توخمێکی گرنگن لە پەیوەندی دوولایەنەی ڕووسیا و عێراقدا کە ژێرخانێک بۆ بەرزکردنەوەی بازرگانی و هاوکاری ئابووری و پەیوەندی ناوچەیی پێکدەهێنن.عێراق بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی گواستنەوەی وڵاتەکەی پرۆژەیەکی بە بڕی ١٧ ملیار دۆلاری ئەمریکی دەستپێکردووە، بەئامانجی

بەستنەوەی بەندەرێکی بەرچاوی کاڵا لە باشووری وڵاتەکەوە (بەندەری فاو) لەڕێگەی شەمەندەفەر و ڕێگاوبانەکانەوە بۆ باکوورو سەر سنووری تورکیا، ئەمە پرۆژەی "ڕێگای گەشەپێدانی عێراق"ە کە ئامانجی گۆڕینی عێراقە بۆ ناوەندێکی گواستنەوەی ناوچەیی لە ڕێگەی پەرەپێدانی ژێرخانی ڕێگاوبان و شەمەندەفەرەکەی، بەمەش ئەوروپا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەبەستێتەوە. ئەم پرۆژەیە کە ١٢٠٠ کیلۆمەتر لە تورکیاوە تا کەنداو درێژ دەبێتەوە، وەک بەردێکی بناغە بۆ ئابوورییەکی بەردەوامی نا-نەوتی و ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی یەکگرتنی ئابوری لەناو ناوچەکەدا سەیر دەکرێت.

ئەگەرچی عێراق لە هەموو ڕوویەکەوە نا-سەقامگیرە، دۆخی سیاسیی و ناکۆکی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان، هەروەها دەستوەردانی دەرەکیش وایکردووە گرەوی تەواوەتی لەسەر وەرچەرخانی وڵاتەکە لە خراپەوە بۆ باش و لە باشەوە بۆ باشتر نەکرێت. بەڵام هەبوون و خستنەڕووی دیدگایەکی ستراتیجی و جیۆپۆڵەتیکی کە کاریگەریی تەواو دەخاتە سەر توخمە ئابوریی و کەلتوری و تەکنەلۆژییەکان و ژینگەی بازرگانی گشتی دەبوژێنێتەوەو، ئەگەرێکی بەهێزە بۆئەوەی عێراق لە قووڕ و چڵپاوی دەیەکانی ڕابردوو دەربهێنێت، وەکو لە (٢٠٢٣) بە دروستکردنی ڕێگاوبان، مۆدێرنکردنی فڕۆکەخانەکان، دەستپێشخەرییەکانی گەشەپێدانی شارەکان دەستی پێکردووە.

هەروەها، ئەم پرۆژەیە هێمای هەنگاوێکی ستراتیژییە بۆ بەرزکردنەوەی ڕەوتی بازرگانی و کەمکردنەوەی تێچووی گواستنەوە و باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە بازاڕەکان. بە وەبەرهێنان لە دروستکردنی هێڵی ئاسن، ڕووسیا و عێراق زەمینەسازی بۆ تۆڕێکی لۆجستیکی بەهێز دادەنێن کە نەک تەنیا سوودی بۆ بازرگانی دوولایەنە دەبێت، بەڵکو کاریگەرییەکی شەپۆلاوی لەسەر داینامیکی بازرگانی ناوچەیی دروست دەکات (ÇalıŞkan، 2023).

بە کورتی، ڕووسیا مکوڕە لەسەر تەنینەوەی هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەک چۆن بەهاری عەرەبی (٢٠١١) ئەو بیانووەی دا بە ڕووسیا بێت بۆ سووریا. دواتریش ڕووسیا لە هەرێمی کوردستانەوە دەستی بە

دەستکاریکردنی ناوچەکە کردووە. سەرەتا لە باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان) پێگەی خۆی بەهێز کرد، پاشان بە بێدەنگی بەرەو ناوەڕاست و خوارووی عێراق هەنگاوی ناوە.

لێرەدا، ئەو ڕاستییە دەبینین کە ڕووسیا لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە هاتە ناو عێراقەوە و دەستکاری ناوچەکەی کرد، ئەوەش بەهۆی ئەوەی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیبوو لە بەڕێوەبردنی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بن، دۆخی خراپی ئابوریی و دابەشکردنی نا-جۆری باشووری کوردستان لە نێوان دوو حیزبی سیاسییدا (کە ئەمریکا بە هاوپەیمانی خۆیان دەزانێت) بووەتە هۆی هێنانی کێشەی جۆراوجۆر لە ناوچەکەدا.

## ٣.٥. هەژموونـــی ویلایەتـــە یەکگرتـــوەکان و وەرچەرخانـــی دەســـتەڵاتی چیـــن لـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت

چیـن، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی کـردووە بـە کلیلـی سـەرکەوتنی سیاسـەتی "ڕێـگای ئاوریشـم"؛ ئـەم سیاسـەتەش بووەتـە هـۆی فراوانبوونـی دەسـەڵاتی ئابـووری و سیاسـی و سـەربازیی چیـن، هەروەهـا یارمەتیـی وەبەرهێنانـی چینـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دا، بەتایبەتـی سـعوودیە، ئـیمارات و مـیسر، عێـراق، قەتـەر، ئێـران و تورکیـا. بەمجـۆرە چیـن پەیوەندیـی دیپلۆماسـیی خـۆی لـە ناوچەکـەدا فـراوان کـردووە. بارودۆخـی ئاڵـۆزی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ئـەو دەرفەتـەی بـە چیـن دا کـە پەیوەندییەکانـی خـۆی لەگـەڵ وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت پتـەو بکاتـەوە، بەتایبەتـی ئـەو وڵاتانـەی تووشـی قەیرانـی دارایـی بـوون و ئابوورییەکەیـان داتەپیـوە.

چیـن لـە مێـژە هەوڵـی داوە خـۆی وەک پاڵـەوان و پێشـەنگی ئـەو وڵاتـەی کـە پێـی دەوترێـت "باشـووری جیهانـی" جێگیـر بـکات. پەکیـن مەودایەکـی زۆری لـە پرسـی ئیسرائیـل و فەلەسـتیندا بڕیـوە، لـە پشـتیوانیکردنی چالاکانـە لـە لایەنـە فەلەسـتینییەکان لـە کاتـی جەنگـی سـارددا تـا چاندنـی پەیوەندییـە ئەمنـی و ئابوورییـە نزیکەکانـی لەگـەڵ ئیسرائیـل لـە سـاڵانی هەشـتاکان تـا ٢٠١٠، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەرگیـز بـە تـەواوی وازی لـە پاڵنەرەکانـی پێشـوو نەهێنـاوە.

دوای هێرشـی حەمـاس بـۆ سـەر ئیسرائیـل لـە ٧ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠٢٣دا؛ بەرپرسـان و شرۆڤەکارانـی چیـن بـە خێرایـی لـە پێگەیەکـی تاڕادەیـەک لایەنگـری ئیسرائیلـەوە وەرگـەڕان بۆئـەوەی نـەک تەنیـا ڕەخنـە لـە سیاسـەتی حکومەتـی ئیسرائیـل بگـرن، بەڵکـو ڕێگـە بـدەن بـە بڵاوبوونـەوەی بابەتـی دژە جوولەکـە لـە میدیـای کۆمەڵایەتـی و پەخشـی چینیـدا. پێدەچێـت ئەمـە ڕەنگدانـەوەی نیگەرانییەکـی تـازە بـۆ خواسـتەکانی فەلەسـتین نەبێـت، بەڵکـو هەوڵێکـی پەکیـن بـۆ بەکارهێنانـی ململانێـکان، چ لـە ئۆکرانیـا، غـەززە، یان شـوێنێکی دیکـە، بـۆ کۆکردنـەوەی ڕای گشـتی جیهانـی دژی ئەمریـکا. چینییـەکان لـە پـاڵ هەژموونـی ئابوریـی و جیۆپۆڵەتیکیـی خۆیانـدا، بەتـەواوی ئامرازەکانی میدیاشـیان هانداوە کـە دژی بەهاکانـی خۆرئـاوا بجەنگـن و بلاوبکەنـەوە، بـۆ چیـن و ڕووسـیا ئەوەنـدە گرنگـە کـە ئەمریـکا بـە شکسـتخواردوو بناسـێنن، گرینـگ ئەوەیـە ئەمریـکا شکسـت بخـوات و

تاک جەمسەریی نەمێنێت، نەک ئەوەی ئایا خەڵکی غەزە چارەنوسیان چی دەبێت و ئیسرائیل چەندو چی بەدەست دەهێنێت (Singh. 2023).

ئەمە بینینی سیاسەت نییە لەچاوی میدیاوە، بەڵکو لە بنچینەدا هەر وڵاتێک لەناوچەکەدا دەگریت قەبارەی بازرگانییەکەی لەگەڵ چین دا قەبەیە و زیادیکردوە: ساڵی (٢٠٢٥) کۆی قەبارەی بازرگانی چین لەگەڵ عێراق دا (٥٨) پەنجاو هەشت ملیار دۆلاربوە، لەکاتێکدا کۆی بازرگانیی ئەمریکا لەگەڵ عێراق (٣.٩) سێ ملیارو نۆسەت ملیۆن ملیار دۆلار بوە. چین و هیندستان پێکەوە (٥٠٪)ی مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ عێراق پێکدەهێنن (Baghdad Today).

سیاسەتزانانی ئەمریکا ئەو وانەیان وەرگرتووە کە ڕژانی خوێنی سەربازە ئەمریکییەکان و خەرجکردنی ملیاران دۆلاری ئەمریکی لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا کەمترین "سوودی" بۆ وڵاتەکەیان گێڕاوەتەوە. سەرەرای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک جاران پێویستی بە سامانی سرۆشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەماوە، بەڵام هاوپەیمانانی ئەمریکا لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هێشتا پێویستیان بە سەرچاوە سروشتییەکانی ئەم ناوچەیە ماوە. ئێستا کە چارەکی یەکەمی سەدەی ٢١ کۆتایی دێت؛ گرینگی ڕەهای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دابەزیوە، چونکە ئەمریکا وردە وردە کۆتایی بە پشتبەستنی خۆی بە نەوتی ئەم ناوچەیە هێناوە و بەرهەمی هایدرۆکاربۆنی خۆی بەرز کردووەتەوە، هەروەها گرینگی ڕێژەیی ناوچەکە بە شێوەیەکی گومانای دابەزیوە. بەڵام گرنگیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا لە سامانە سروشتییەکانیدا نییە، هەبوونی ڕێرەوی ئاویی گرنگ وەک "کەناڵی سوێز" و "بابلمەندەب" کە بە شاڕێگای بازرگانیی نێوان ئاسیا و ئەوروپا دادەنرێن، بایەخی ئەم ناوچەیەی بۆ زلهێزانی جیهانی زیاتر کردووە. بۆیە دەبێت قسەی کۆتایی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمریکا و ئیسرائیل بیکەن.

ئەزموونی ئەفغانستان چیرۆکی دابەزینی ئاستی ئەمریکا و هەڵکشانی زیاتری چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگێڕێتەوە:

"لە تەواوی ماوەی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو جەمسەری نێوان ئەمریکا و یەکێتی

سۆڤیەت (١٩٤٥-١٩٩١)، چین ( لە زۆربەی کاتەکاندا) بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پابەند نەبووە، یان هیچ وڵاتێکی دیکەوە. بە پێچەوانەوە ئەمریکا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ناوچەکەدا ئامادەیە. لە ڕاستیدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە گۆڕەپانێکی گرینگی کێبڕکێ بووە، بەتایبەت لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانییەوە، هەروەها لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو جەمسەریدا، گرینگی سەرچاوەکانی وزەی ناوچەکە و مەیلی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ خۆ-ڕێکخستنەوە لەسەر مۆدێلی ڕژێمە کۆمۆنیستەکان لەماوەی جەنگی سارد دا، ناوچەکەیان کردە زەمینەیەک بۆ کێبڕکێی دەسەڵاتی ئەمریکا و سۆڤیەت. کەیسێکی گرینگی تر لەشکرکێشی یەکێتی سۆڤیەت بوو بۆ سەر ئەفغانستان (١٩٧٩-١٩٨٩)، ئەمە ڕووداوێکی ئەوەندە گرنگ بوو، نەک هەر سەرەتای کۆتایهاتنی یەکێتی سۆڤیەت و شەڕی سارد بوو، بەڵکو بووە سەرەتایەکی گەورە بۆ دەستپێکردنی دەستوەردانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا."

وەک شیهو (٢٠٢١) سەرەتایەکی گرینگ شیدەکاتەوە؛ لە نیسانی ساڵی ١٩٧٨دا، ئەنجامی کودەتایەک بە سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی گەلانی ئەفغانستان (PDPA) یاخیبوونێکی ئیسلامی لێکەوتەوە و ئاستی وڵاتەکەی بۆ بازنەی توندوتیژی دابەزاند. یەکێتی سۆڤیەت خۆی بۆ دەستێوەردانێکی یەکلاکەرەوە سازدا، سکرتێری مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی لە یەکێتی سۆڤییەت، لیۆنید برێژنێڤ (Leonid Brezhnev) پێشبینی ئەرکێکی شەش مانگی دەکرد بە ئامانجی وەستاندنی یاخیبوونی جیهادییەکان و گۆڕینی دیمەنی ئەفغانستان بۆ ئاستێکی کۆمۆنیستی کەمتر توندوتیژتر، بەڵام سۆڤیەت هەرگیز ئەم ئەرکەیان بە ئەنجام نەگەیاند.

لەمکاتەدا، ئیدارەی جیمی کارتەر دەرفەتێکی بینی بۆ دەستوەردان بۆئەوەی ڤێتنامەکەی خۆی بە یەکێتی سۆڤیەت بگەیەنێت. بۆیە زبیگنیو برێژینسکی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی کارتەر، ئامۆژگاری سەرۆکەکەی کرد کە ڕێگە بە تێکۆشانی ئەفغانستان بدات لە شەڕ بەردەوام بێت. بەم شێوەیە کارتەر ئەرکی نهێنی "ئۆپەراسیۆنی سایکلۆن- Operation Cyclone"ی بە سەرۆکایەتی سی ئای ئەی پەسەند کرد؛ بەرنامەیەک یان ئۆپەراسیۆنێک کە زۆر پشتی بە پاڵپشتیکردنی گروپە ئیسلامییە چەکدارەکان دەبەست بۆئەوەی دژی کۆماری دیموکراتیی ئەفغانستان بجەنگن کە

ئاڕاستەی مارکسیزمیان وەرگرتبوو. لە دەستێوەردانە دە ساڵییەکەی ئەمریکادا (١٩٧٩-١٩٨٩) کە دوای ١١ی سێپتەمبەر بوو بە داگیرکاریی، ئۆپەراسیۆنی سایکلۆن نەک هەر درێژترین ئەرکی نهێنی بووە کە ئەمریکا سەرکردایەتی کردووە، بەڵکو گرانترین ئەرکیشە کە تێچووەکەی لە نێوان ٦-٢٠ ملیار دۆلار بووە (Shehu، 2021).

بێگومان چەکدارکردنی هێزەکانی موجاهید لەلایەن ئەمریکا و دەستێوەردانی سۆڤیەت لە ئەفغانستان ئەنجامی چارەنووسساز و درێژخایەنی هەبووە؛ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی نەک تەنیا جەنگەکە ژیانی ملیۆنان کەسی لەدەستداوە، بەڵکو زیاتر بووە هۆی چەسپاندنی چەمکی جیهادیی جیهانیی و ژینگەکەی بۆ قاعیدە و ڕژێمی تاڵیبان خۆشکرد کرد تا سەرهەڵبدەن و گەشەبکەن. لێرەدا ئەو ڕاستییە دەبینین؛ ئەفغانستان سنووری بە سنووری چین و ڕووسیاوە هەیە و زیاتر لە (١٠٠٠) کیلۆمەتریش سنووری لەگەڵ ئێران هەیە. هەریەکە لە ئەمریکا و چین و ڕووسیا وەک زلهێزی جیهانی ڕاستەوخۆ پڕۆژە و دەستوەردانیان لە ئەفغانستان هەیە:

بەڵام دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر کە لە ئاست و تەکنیکێکی شۆکهێنەردا هێرشکرایە سەر ناوجەرگە و سیمبولیزمی ویلایەتە یەکگرتوەکان، دواتر بووە هۆی تێوەگلانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ناویاندا هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان. جۆرج بوش کە ئەوکات سەرۆکی ئەمریکا بوو، ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە "قاعیدە" بوو کە لە هێرشەکان بەرپرسە! بەمجۆرە ئیدارەی بووشی کوڕ شەڕێکی جیهانی دژی تیرۆر ڕاگەیاند. بوش بە کەڵک وەرگرتن لە بڕیارنامەی ١٣٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان توانی ئەفغانستان داگیر بکات. ئەمریکا بۆ هاوکارییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم نەک تەنیا لەگەڵ هاوپەیمانانی دێرینی ناوچەکە، وەک میسر و ئوردن، بەڵکو پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی پشتگوێخراو، یان تەنانەت نەیارانی وەک یەمەن و لیبیا چڕترکردەوە.

لێرە بەدواوە پێشهاتی دیکە هەیە؛ لەوانە تێچووی لە ڕادەبەدەری جەنگی دژە تیرۆر لە عێراق و ئەفغانستان کە سەدان ملیار دۆلار لەسەر ئەمریکا کەوتوە، بەڵام گریمانەی سەرەکی ئەم بابەتە بەوە تاقی دەکرێتەوە کە بۆچی ئەمریکا لە ماوەی (٢٠٠١ تا ٢٠٢١) هێزە سەربازییەکانی لە ئەفغانستان ناکشێنێتەوە؟

شـێواز و گۆڕینـی هەڵوێسـتی سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریـکا بەرانبـەر بـە دەسـەڵاتی سـەرهەڵدانی تاڵیبـان لەسـەر بنەمـای چ فاکتەرێـک دەتوانرێـت ڕوون بکرێتـەوە؟

بەپێـی تیـۆری ڕیالیـزم، کرۆکـی باسـەکە بریتییـە لـە سـنووردارکردنی زیادبوونـی دەسـەڵاتی چیـن لـە باشـوور و ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا، شکسـتهێنان لـە شـەڕی دژی تیـرۆر، هەروەهـا بوونـی زلهێزەکانـی تـر لـە ناوچەکـە، تێچـووی قورسـی ئامادەبوونـی سـەربازی، ڕێککەوتـن لەگـەڵ تاڵیبـان، بۆچوونـی جیـاواز لەگـەڵ حکومەتـی ئەفغانسـتان خاڵـە سـەرەکییە ئامـاژە پێکراوەکانـن. تەنانـەت یەکێـک لـە ئەنجامـە مشـتومڕ هێنـەرەکان بـۆ هاتنـی بـاراک ئۆبامـا بـۆ کۆشـکی سـپی-٢٠٠٨، گۆڕانـی پێگـەی ئەفغانسـتانە لـە ستراتیـژی گـەورەی ئەمریـکادا، دوای دەستبەسـەرداگرتنی ناوەندەکانـی دەسـەڵات لـە واشـنتۆن، لـەو ماوەیـەدا دیموکراتـەکان تێگەیشـتنێکی جیاوازیـان هێناوەتـە ئـاراوە کـە چـۆن مانـا بـە پارێزبەنـدی ئەمنـی لـە ڕەهەنـدە جیاوازەکانـدا ببەخشـن.

لـە ستراتیژییـە گەورەکـەی ئەمریـکادا کـە وەزارەتەکانـی بەرگـری و دەرەوە ڕۆڵێکـی گەورەیـان لـە داڕشـتنی سروشـتیدا بینیـوە؛ ئەفغانسـتان لەمـاوەی هەشـت سـاڵی جـۆرج بوشـدا لـە ناوەنـدی سیاسـەتی ئەمریکیـدا بـوو، لـەم پێوەندییـەدا پرسـی ئەفغانسـتان بـووە جێـی سـەرنجی سیاسـەتی دەرەوەی ئۆبامـا. هەرچەنـدە پرسـی ئەفغانسـتان لـە چەقـی سیاسـەتی ئەمریکیـدا بـووە؛ زیادبوونـی زۆرتریـن ژمـارەی سـەرباز لـە سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریـکادا زیاتـرە لـە ئاراسـتەی بەرژەوەندییـە نەتەوەییەکانـی ئەمریـکا، بـەڵام بـۆ بەرژەوەنـدی کەسـی و بانگەشـەکانی هەڵبژاردنـی بـاراک ئۆبامـا لـە سـاڵی ٢٠٠٨ دا کاندیـد بـوو، ئەمـە بەکارهێنـدرا. بۆیـە زیادبوونـی ژمـارەی سـەربازەکان لـە ئەفغانسـتان کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٨ لەلایـەن جـۆرج دەبلیـو بوشـەوە دەسـتی پێکـرد، لەلایـەن بـاراک ئۆبامـا سـەرۆکی جێنشـینی ئەمریـکا بـەردەوام بـوو، ئەمـەش ئیـدارەی ئەمریـکای بەگشـتی خسـتە نێـو ئاڵۆزیـی زیاتـرەوە، سـەختی شـەڕ لەگـەڵ تاڵیبـان تـا ڕادەیـەک بـوو کـە ڕۆژنامـەی حکومـی نیویـۆرک تایمـز لـە ١ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠١٢ لـە وتارێکـدا بـە ناونیشـانی "نائومێـدی ئەمریـکا بـۆ دامەزراندنـی ئاشـتی لەگـەڵ تاڵیبـان" ڕاسـتییەکان ڕوونتر دەکاتـەوە (Yawar، M، E. 2024).

ئـیتر هیـوا خواسـتنی سـەربازانی ئەمریـکا بـۆ دۆزینـەوەی دەرچەیـەک بـۆ دەرچـوون

لـە قەیرانەکـە دەسـتپێکرد، ڕەنگـە ڕێککەوتنێکـی سیاسـیی ببێتـە بابەتێکـی خـوازراو بـۆ ئەمریـکا، چوونکـە هەوڵـدان لەگـەڵ حکومەتێکـی کەمتەرخـەم و گەنـدەڵ لـە ئەفغانسـتان و چاودێریکردنـی ئـەوەی جارێکـی تـر قاعیـدە سـەرهەڵنەداتەوە، کارەکـەی قـورستر دەکـرد و تێچوەکانـی بـۆ ئەمریـکا زیاتـر دەکـرد. بۆیـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ تاڵیبـان بۆئـەوەی هیـچ پەیوەندییـەک لەگـەڵ قاعیـدە نەگـرن، بـوو بـە بژاردەیـەک بـۆ ئەمریـکا.

دوای کشـانەوەی ئەمریـکا لـە ئەفغانسـتان لـە مانگـی ئابـی ٢٠٢١ و گەڕانـەوەی تاڵیبـان بـۆ حوکمڕانـی، زۆر شـت لەسـەر ڕۆڵـی ئەگـەری چیـن نـووسراوە کـە هـەم وەک دەوڵەتێکـی دراوسـێ و هـەم وەک هێزێکـی گـەورەی جیهانـی، لـە داهاتـووی وڵاتەکـەدا. پرسـی ئاسـایش، بۆشـایی ئابـووری و مرۆیـی کـە لـە ئەنجامـی کۆتایهاتنـی داگیـرکاری ئەمریـکا لـە ئەفغانسـتان بـە جێماوە؛ ئەمـە بابەتێکـە کاریگەرییەکـی بەرچـاوی لەسـەر بەرژەوەندییەکانـی چیـن لـە وڵاتەکـە و ناوچەکـە بەگشـتی دا هەیـە و، تەحـەدداو دەرفەتیشـی بـۆ چیـن هێناوەتـە ئـاراوە. بەدڵنیاییـەوە، پێشـهاتەکانی ئەفغانسـتان دەتوانـن کێشـەی سـەرەکی بـۆ سـەقامگیری ناوخۆیـی چیـن لـە ناوچـەی ناجێگیـری شـینجیانگ(Xinjiang) دروسـت بکـەن، هەروەهـا بوونـی تاڵیبـان لـە ئەفغانسـتان دەتوانێـت گرفـت بـۆ پـڕۆژەی جیۆ-ئابـووری جەخـت لێکـراوی چیـن، دەستپێشـخەری پشـتێن و ڕێـگا (BRI)، لـە پاکسـتان و ئاسـیای ناوەڕاسـت دروسـت بـکات.

لەهەمـان کاتـدا، ئەفغانسـتانێکی تاڕادەیـەک سـەقامگیر-و- دوور لـە هەڕەشـەکانی گروپـە چەکـدار و تیرۆریسـتییەکان- دەتوانێـت دەرفـەت بـۆ چیـن و دەوڵەتانـی دیکـەی ناوچەکـە دابیـن بـکات کـە لـە بنیاتنانـەوەی ئابـووری و گەشـەپێدانی دوای ململانـێ بەشـداری بکـەن. تاڵیبـان کـە لـە مانگـی ئابـی ٢٠٢١ دەسـتی بەسـەر وڵاتێکـدا گـرت کـە بەدەسـت زیاتـر لـە چـوار دەیـە شـەڕی بەردەوامـەوە دەناڵێنێـت، ڕووبـەڕووی تێکەڵەیـەک لـە قەیرانـی مرۆیـی و ئابـووری و دارایـی دەبێتـەوە. یارمەتـی دەرەکـی کـە پێـشتر نزیکـەی نیـوەی بەرهەمـی گشـتی ناوخۆیـی وڵاتەکـەی پێکدەهێنـا، تاڕادەیەکـی زۆر ببـوو بەهەڵـم (Zhou، J.، Su، F.، & Yuan، J. 2022). ئەگەرچـی چـوار سـاڵ دواتر، لە ژێـر حوکمڕانـی تاڵیبانـدا، ژمـارەی ڕووداوە ئەمنییـەکان و مردنەکانـی پەیوەسـت بـە شـەڕ بـە شـێوەیەکی بەرچـاو کەمیکـردووە، بـەڵام تاڵیبـان لـە داڵدەدانـی ژمارەیـەک گروپـی

توندڕەو و تیرۆریستی، کەمی ئاستی گەشەسەندن، نەبوونی دەرفەتی خوێندن و هەڵاواردنی نەتەوەیی و جێندەری بە ئامانج گەیشتووەتە ئاستی قەیران بەردەوامە.

هیچ گومان و پرسیارێک نییە، چین توانای هەیە لە شێوەی یارمەتی و دابینکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان بە شێوەیەک ڕۆڵێکی سەرەکی لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ئابووریی ئەفغانستان دوای ململانێ بگێڕێت. هەروەها چین بەرژەوەندییەکی ڕوونی هەیە لە ئەفغانستانێکی سەقامگیر و پارێزراودا کە دەتوانێت دەرفەت بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی سەرچاوە کانزاییەکانی وڵاتەکەدا دابین بکات و شوێنپێی سنووردار لەو وەڵاتەدا پەیدابکات.

لە پشت کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان هەر نیەتێکی دی هەبێت، لە پاڵیدا سێ ڕاستی ئازارهێنەر بۆ ئەمریکا هەیە:

**یەکەم:** ئیدارەی ئەمریکا، متمانەی بەوە هەبوو، سەربازە چەکدارەکانی ئەفغانستان کە نزیکی دوو دەیەیە ئەمریکا مەشقیان پێدەکات، پڕ چەکیان دەکات تاوەکو ڕۆژێک بێت بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و بەسەر تاڵیباندا سەربکەون، کاتێک لەناکاو ئەمریکا هێزەکانی کشاندەوە، بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازەوە، سوپای ئەفغانستان نەیتوانی پێشڕەوییەکانی تاڵیبان بوەستێنێت، لەماوەیەکی زۆر کورتدا بە بێ هیچ تێچوویەک چەکدارەکانی تاڵیبان توانییان بگەنە کابوڵی پایتەخت.

**دووەم:** کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شاهیدی داڕمانی وڵاتێک بووە کە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لەلایەن هاووڵاتیانی ئەفغانستانەوە هێرشی کراوەتە سەر بۆئەوەی بەرپرسانی حکومەتی ئەفغانستان لە ترسی تاڵیبان هەڵ نەیەن، ترسی ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ٢٠ ساڵ پێشوتر؛ بۆ ئەو کاتەی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بە تایبەت مافەکانی ژنان ڕێزیان لێناگیرێت. ئەم وێنانە لە هەموو شوێنێکدا دەستیان خستووەتە سەر ڕای گشتی و کاریگەرییان لەسەر دروستکردووە، چونکە، بەهۆی سۆشیال میدیا و ئەو ئامێرە خێرایانەی پەیوەندیکردن کە ئەمڕۆ هەمانە، دەزانین لەم ساتەوەختە وردەدا کە هەزاران کیلۆمەتر لەماڵەوە دوورە، چی ڕوودەدات. بینینی بە لێشاوی خەڵک کە دەتوانین بە "هەڵهاتن لە کابول" ناوزەندی بکەین، دیمەنی خەڵکی کە بۆ ژیان لەکاتی هەڵفڕیندا بەسەر فڕۆکە سەربازییەکانی ڕۆژئاوادا سەردەکەون، بینینی هەمان ئەو کەسانەی لە ترسی تاڵیبان خۆیان بە

فرۆکەکاندا هەڵدەواسن و لەکاتی فڕیندا دەکەونە خوارەوە، بەڵگەی پێویستی داوە کە ئەمریکا لە هەوڵەکانی ٢٠ ساڵەی لە وڵاتەکەدا شکستی هێناوە.

**سێهەم:** لە کاتێکدا، بەگشتی باڵیۆزخانەکانی ڕۆژئاوا پەلە دەکەن بۆ داخستنی بارەگاکانیان و کارمەندانی دیپلۆماسی بە خێرایی شوێنەکانیان جێدەهێڵن، چین و ڕووسیا بڕیاریان داوە دەرگاکانیان بە کراوەیی بهێڵنەوە و هەوڵی نزیکبوونەوە لەگەڵ حکومەتی داهاتووی ئەفغانستان بدەن. ئەم پێشهاتانە ڕێگە بە چین دەدەن، دەستڕاگەیشتنەکانی خۆی لەم وڵاتەدا فراوانتر بکات، و ڕەنگە لە داهاتوودا، ڕێگە بە ئەفغانستان دەدات بەشداری لە دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگادا بکات. بەتایبەتی چین دواتر بە فەرمی لە پەکین پێشوازی لە بەرپرسانی بالای تاڵیبان کرد و دانی پێداناون. بۆیە چین لەبەرەی ڕۆژئاوای وڵاتەکەیەوە کە ئەفغانستانە هەنگاوی ناوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە مانگی ئابی ٢٠٢١ەوە بەهۆی کشانەوەی ئەمریکاوە درووستبوە: دۆخێک کە بە گەورەترین شێوە بەشداری ڕژێمی تاڵیبانی کردووەتە فاکت لە ئاسیای ناوەڕاست و باشوور.

لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ناتۆ بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، چین هەنگاوی ناوە بۆ ئەفغانستان و سەرنجی خستە سەر قۆرغکردنی سەرچاوە کانزاییەکان، لەنێویاندا لیتیۆم کە گرنگە بۆ تەکنەلۆژیا سەوزەکانی وەک پاتری ئۆتۆمبێلی کارەبایی. دیمەنەکە جەخت لە لاپەڕەیەکی نوێ بە ڕۆیشتنی هێزەکانی ناتۆ بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە مانگی ئابی ٢٠٢١ەوە دەکاتەوە:

وەکو سیما خان (٢٠٢٤) ڕوونی دەکاتەوە، ئەفغانستان شوێنی یەدەگی کانزای مەزەندەکراو بە بەهای زیاتر لە ٣ سێ تریلیۆن دۆلاری ئەمریکییە، لەنێویاندا نەوت، لیتیۆم، مس، کانزای ئاسن و توخمە زەوییە دەگمەنەکان کە بۆ تەکنەلۆژیای مۆدێرن گرنگن. لە ساڵی ٢٠١٠، جیۆلۆجیستەکانی حکومەتی ئەمریکا دیارییان کرد کە ئەفغانستان یەدەگی کانزای بەرچاوی لەبەردەستدایە، وەڵاتەکەیان بە "سعودییەی لیتیۆم" ناوزەد کرد، سەرچاوەیەکی ئابووری ئەوتۆ دەتوانێت لە کەمکردنەوەی هەژاریی لە وڵاتەکە یارمەتیدەر بێت. بەڵام لە ماوەی بوونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، هەنگاوێکی کەم لەم بارەیەوە ئەنجامدرا. لەگەڵ زیادبوونی خواستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ لیتیۆم و هەمەچەشنکردنی زنجیرەکانی دابینکردنی، چین

بـەوە گەیشـتوە ئەفغانسـتان وەک گەنجینەیەکـی پۆتانسـێل ببینێـت.

لــە مانگــی یەکــی ســاڵی ٢٠٢٣ کۆمپانیایەکــی چینــی بــە بــڕی ٤٥٠ ملیــۆن دۆلار گرێبەسـتێکی بەرچـاوی بـۆ گـەڕان و ئیسـتغلالکردنی یەدەگـی کانـزاکان لـە باکـووری ئەفغانسـتان مسـۆگەر کـرد. لـە گرێبەسـتێکی دیکـە لـە مانگـی نیسـانی ٢٠٢٣ بـۆ هێڵـی بـۆڕی، بەڵێنـی وەبەرهێنانـی ١٠ دە ملیـار دۆلاری دەدات بـۆ گـەڕان بـەدوای کۆگاکانـی لیتیـۆم دا کـە ئامانـج لێـی دروسـتکردنی ١٢٠ هـەزار هەلـی کار ڕاسـتەوخۆیە، ئــەم هەنگاوانــە لەگــەڵ خواســتی فــراوانتری چینــدا دەگونجێــت بــۆ درێژکردنــەوەی کاریگەرییــە ئابــووری و سیاســییەکانی لەســەر ئاســتی جیهانــی، بەتایبەتــی لەڕێگــەی دەستپێشــخەری پشــتێن و ڕێــگاوە (Khan، 2024).

بــە دڵنیاییــەوە، ئــەم گــەڕان و بەدواداچوونانــە لەســەر گــردو شــاخەکان و ناوچــە سـەختەکانی ئەفغانسـتان، نیگەرانـی ئەخلاقـی و کەلتوریـی و جیپۆڵەتیکیـی دەوروژێنێـت کــە ئــەم ناوچانــە ڕیشــەی مێژوویــی و شارســتانیی کۆنیــان هەیــە، لــە پێنــاو دەرفەتــە ئابوریـی و جیۆپۆلەتیکییەکانـدا تێـک و پێـک دەدرێـن و ژینگەکـەش تووشـی مەترسـیی دەکاتــەوە. بۆیــە پێویســتە نیگــەران بیــن، چونکــە ســەرەڕای پێگــە ستراتیجییەکــەی و بوونــی ســەرچاوەی سرووشــتی بــێ هاوتــا، زۆرینــەی هاووڵاتییەکانــی لــە تــرس و برسـێتی دا کاتەکانـی خۆیـان بەسـەر دەبـەن. نیگەرانـی گـەورە بێتوانایـی وەزارەتـی کانزاکانـی ئەفغانسـتانە لـە بەڕێوەبـردن و سەرپەرشـتیکردنی کاریگەرانـەی ئـەو جـۆرە گرێبەســتانەی واژۆ دەکرێــت لەگــەڵ چینییەکانــدا. هەرچەنــدە دوای کشــانەوەی ناتــۆ حکومەتـی دیفاکتـۆی تاڵیبـان جەختـی لەسـەر نیـازی خـۆی بـۆ پاراسـتنی پـاشماوە شـوێنەوارییەکانی ئـەو شـوێنانە کردووەتـەوە. بـەڵام بـە ئاسـانی ئـەم جـۆرە گرێبەسـتانە دەتوانــن ببنــە هــۆی گەندەڵــی و خــراپ بەڕێوەبــردن و کارەســاتی ژینگەیــی.

پەرەســەندنی ئامادەبوونەکانــی چیــن لــە ئەفغانســتان ڕەنگدانــەوەی تەماحــە دیپلۆماسـییە بـەر فراوانەکانییەتـی. بـۆ ئـەوەش، چەندیـن هەوڵـی خـۆی بـۆ ئاشـتەوایی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت خسـتۆتەڕوو، لـە هەمووشـیاندا مەبەسـتییەتی ئاسـتی بێکاریگەریی ئەمریـکا نیشـان بـدات. هەشـت ڕۆژ پێـش ئـەوەی سـەرۆکی مەکتەبـی سیاسـی حەمـاس لـە هێرشـێکدا لـە شـوێنی مانـەوەی خـۆی بکوژرێـت، لـە کۆتایـی مانگـی تەمـووزی ٢٠٢٤

دا، چـوارده كوتلـەی فەلەسـتینی لـە نێوياندا حەمـاس و فەتحـی ڕكابەرەكانيـان، سـەردانی "چین"يـان كـرد؛ لـە "بەياننامـەی پەكيـن"دا "كۆتاييـان بـە دابەشـبوونەكانيان هێنـاو بڕيارياندا حكومەتێكـی يەكگرتـووی نيشـتمانيی كاتـی لـە فەلەسـتين پێكبهێنـن.

پەكيـن لـە مانگـی ئـاداری ٢٠٢٣دا خـۆی وەک دەڵاڵی دەسـەڵات لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت جێگیـر كـرد، كاتێـک دانوسـتانەكانی ڕێكخسـت كـە بـووە هـۆی گەڕاندنـەوەی پەيوەندييـە ديپلۆماسـييەكانی نێـوان سـعوديە و ئێـران. هەرچەنـدە ڕەنگـە كۆبوونـەوەی سـعوديە و ئێـران ديارتريـن دەسـتكەوتی مانۆڕەكانـی پەكيـن لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بووبێـت، بـەڵام پێشـەنگايەتييەكە ماوەيەكـی زۆرە لە ئارادايە، هـەروەک كۆڕبەندی هاوكاريی چين و دەوڵەتانی عەرەبـی (CASCF) كـە گفتوگۆيەكـی فەرمـی نێـوان چين و كۆمـكاری عەرەبييـە، بوونی هەيە.

ديـارە كـێ كاريگەرترە؛ لە ئۆكتۆبەری ٢٠٢٥ دا، شـەڕی غەزە بە پێی دەستپێشـخەرييەكی دۆناڵـد ترامـپ بـە هەماهەنگـی قەتـەرو مـيسر كۆتايـی پێهـێنرا. بـەڵام گرينگـە نيەتەكانـی چيـن بزانيـن، بەپێـی گفتوگـۆی چاينـە فايـل (Conversation (China File كـە تيايـدا مايـكل سـينگ قسـەدەكات، هەڵـە دەبێـت ئەگـەر سـەيری ئاشـتەوايی فەلەسـتين بكەيـن وەک ئامانجـی ڕاسـتەقينەی پەكيـن بـۆ جەختكردنـەوەی لەنـاكاوی پەكيـن لەسـەر شـەڕی غـەززە و لەسـەر سياسـەتی فەلەسـتين سـێ پاڵنـەر هەيـە كـە دوويـان لـە مێـژەن:

**يەكـەم:** چيـن لـە مێـژە هەوڵـی داوە خـۆی وەک پاڵـەوان و پێشـەنگی ئـەو وڵاتـەی كـە پێـی دەوترێـت "باشـووری جيهانـی" جێگیـر بـكات. پەكيـن مەودايەكـی زۆری لـە پرسـی ئيسرائيـل و فەلەسـتين بڕيـوە، لـە پشـتيوانيكردنی چالاكانـە لـە لايەنـە فەلەسـتينييەكان لـە كاتـی شـەڕی سـارددا، تـا دەگاتـە چاندنـی پەيوەندييـە ئەمنـی و ئابووريیـە نزيكەكانـی لەگـەڵ ئيسرائيـل لـە سـاڵانی هەشـتاكان تـا ٢٠١٠، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەرگيـز بـە تـەواوی وازی لـە پاڵنەرەكانـی پێشـوو نەهێنـاوە.

**دووەم:** لەگـەڵ گەشەسـەندنی ناوبانگـی جيهانيـدا، چين هەوڵی داوە نمايشـێكی چالاكيی ديپلۆماسـی لەسـەر پرسـە ديپلۆماسـييە گەورەكانـی وەک ململانێـی ئيسرائيـل و فەلەسـتين ئەنجـام بـدات، بۆئـەوەی جەخـت لەسـەر گرنگـی خـۆی بكاتـەوە. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش پەكيـن نێـردەی بـۆ ناوچەكـە نـاردووە و ميوانـداری شـاندەكانی لەوێـوە كـردووە، تەنانـەت چەنديـن پلانـی خۆ-بە-خـۆی بـۆ ئاشـتی ئيسرائيـل و فەلەسـتين بڵاوكردووەتـەوە.

پاڵنەرێکی سێیەم و نوێتر و کێشەدارتر لە کردەوەکانی پەکین لە دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣دا دیارە. بەرپرسان و شیکارانی چین بە خێرایی لە پێگەیەکی تارادەیەک لایەنگری ئیسرائیلەوە وەرگەڕان بۆئەوەی نەک تەنیا ڕەخنە لە سیاسەتی حکومەتی ئیسرائیل بگرن، بەڵکو ڕێگە بدەن بە بڵاوبوونەوەی دژە جوولەکە لە میدیای کۆمەڵایەتی و پەخشی چینیدا. پێدەچێت ئەمە ڕەنگدانەوەی نیگەرانییەکی تازە بۆ خواستەکانی فەلەستین نەبێت، بەڵکو هەوڵێکی پەکین بۆ بەکارهێنانی ململانێکان، چ لە ئۆکرانیا، غەززە، یان شوێنێکی دیکە (China File Conversation. 2024).


بەلای چینییەکانەوە گرنگ ئەوەیە ئەگەر ئەمریکا بدۆڕێت، ئەوا "پەکین"ە ئۆتۆماتیکیی لەم تێڕوانینە جیهانیەیدا سەردەکەوێت. بۆیە، تێڕوانینی جێگیر بەلای چینییەکانەوە، ئەوەیە دەستپێک و ئەنجامەکانی شەڕی غەزە ئاستی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دەگرێت. لەڕاستییدا زەحمەتە ئەمریکا بە هاوکاری هاوپەیمانەکانی (ئیسرائیل و بەریتانیا) ڕێگە بدات چین و ڕووسیا بە ئارەزووی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیاسە بکەن.

لە کۆتاییدا، ئەم دیمەنە لەسەر شانۆی جیهانی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەند پرسیارێکی گرینگ دەوروژێنێت: ئایا چۆن لە ناوخۆی وڵاتاندا دەستاودەستی دەستەڵات بە ڕێگەی جەنگ، کودەتا یان ڕێگای ئاشتییانە دەکرێت، ئاوهاش دەستاودەستی دەستەڵاتی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان زلهێزەکاندا (ئەمریکاو چین) ڕوودەدات؟ ئایا ئایندەی ململانێکانی ڕووسیا و چین لە ئەفغانستان و لەسەر زۆر پرسی دیکە قووڵتر دەبێتەوە، یان هەوڵە هاوبەشەکانیان بۆ نەهێشتنی سیستەمی تاکجەمسەریی ئەمریکا پێکەوە دەیانهێڵێتەوە؟ ئایا ئیدارەی دوای بایدن و ترەمپ، بە خێرایی کاریان لەسەر گەڕاندنەوەی متمانەی دۆستەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە ؟ یان کاتەکە بۆ بردنەوە دەبەخشێت بە نەیارەکانی؟ ئایا ئیدارەی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانە خۆرئاواییەکانی سەرکەوتوو دەبێت لە سیاسەتەکانی لەناوچەی هیندۆ-پاسیفیک دا، بۆئەوەی ببێتە ڕێگر لەبەردەم هەڵکشانی هەژموونی چین دا؟

### ٤.٥. چین لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بەندەرەکانی دەرەوەی وڵاتدا

هەوڵەکانی چین بۆ چەسپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر بەندەرەکان و ڕێڕەوە ئاوییەکان، لە ناوچە سنوورییەکانی خۆیەوە دەست پێدەکات. دوورگەی هاینان (Hainan) لە چین نزیکەی ٧٥٠ میل لە سپراتلیس (Spratlys) لە دەریای باشووری چینەوە دوورە کە مالیزیا لە ناوچەکانی ئابووری تایبەتی خۆی بەدوای یەدەگی نەوت و گازدا دەگەڕێت (EEZ)، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی چین، ئاماژەی بەوە دەکات، کردەوەکانی کوالالامپور "پێشێلکاری" سەروەری چین دەکات، چوونکە سپراتلیس بەشێکە لە دوورگەکانی چین. لەکاتێکدا شەش وڵات بانگەشەی ئامادەبوونی خۆیان لەم ناوچەیە دەکەن: برونێی، چین، مالیزیا، فلیپین، تایوان، ڤێتنام. لێرەدا چین پێداگری کردووە کە نەک هەر سەروەری بەسەر سپراتلیس دا هەیە، بەڵکو "مافی مێژوویی" بەسەر زۆربەی، واتە لەسەدا ٩٠ی دەریای باشووری چین هەیە. ئەمە لەکاتێکدایە، لە ساڵی ١٩٦٣ەوە مالیزیا سەروەری بەسەر لوکۆنیا شواڵسدا بەکارهێناوە و لە ساڵی ١٩٧٤دا حکومەت کۆمپانیای وزەی دەوڵەتی پێترۆناسی دامەزراند و مافی گەڕان و بەرهەمهێنانی نەوت و غازی پێبەخشی.

وەک لەلایەن ئیدارەی زانیاری وزەی ئەمریکاوە ئاماژەی پێکراوە، نزیکەی ٣.٦ ملیار بەرمیل نەوت و ٤٠.٣ تریلیۆن پێ سێجا غازی سروشتی لە یەدەگی سەلمێنراو لە دەریای باشووری چیندایە. بەپێی داتاکانی کۆمپانیای ڕیستاد ئینێرجی، زۆربەی ئەو سەرچاوە سرووشتیانە دەکەوێتە سنووری ئاوەکانی چین (١.٤ ملیار بەرمیل نەوت و ٥.٧ تریلیۆن پێ سێجا غازی سروشتی) و مالیزیا (١.٣ ملیار بەرمیل نەوت و ٢٩ ترلیۆن پێ سێجا غازی سروشتی). بە پێی دەسەڵاتی گەشەپێدانی وەبەرهێنانی مالیزیا گەشەسەندنی پیشەسازی نەوت و گاز بەشێکی گرنگی ئابووری وڵاتەکەیە و لە بەرهەمی ناوخۆیی، یان بەرهەمی گشتی ناوخۆیی بەڕێژەی نزیکەی لەسەدا ٢٠ بەشداری دەکات (Peña، K، D. 2024). بۆیە ئەمە ڕێگە خۆش دەکات بۆئەوەی چین وەک وڵاتانی دیکە مالیزیاش بخاتە ناو دەستەکانی خۆی.




**وێنەیەک کە بانگەشەی سنوورە ئاوییەکانی چین ڕوون دەکاتەوە.**

**سەرچاوە: Peña، K، D. (2024). inquirer.net:**

کارلێککردنی چین لەگەڵ بەندەرەکانی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیدا، بە پێی جۆرەکانی وەبەرهێنان و پلەکانی خاوەندارێتی لەسەرانسەری ناوچەکان و کاتەکاندا بەدی دەکرێت؛ بەتایبەتی لە دوای ڕاگەیاندنی پرۆژەی دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگا لە (٢٠١٣) ەوە. بەڵام ئێمە لە هەردوو بواری (بازرگانی و سەربازیدا) لەسەر ئەو بەندەرانەی هەڵسەنگاندمان پێویستە کە لەلایەن دامەزراوە چینیەکانەوە خاوەندارێتی دەکرێن، یان درووستکراون، یاخود نۆژەنکراونەتەوە، یان بەڕێوەدەبرێن: ئەوەی بەگشتی ئەم شێوازی کارلێکەی چین (١٢٩) بەندەر و پرۆژەی بەندەر دەگرێتەوە کە دامەزراوە چینییەکان خاوەندارێتی پشکی

جۆراوجــۆر، یــان پشــکی کارکردنیــان تیایانــدا بەدەســتهێناوە:

چیــن، لانیکــەم لــە یــەک بەنــدەر لــە هەمــوو کیشــوەرێکدا جگــە لــە ئەنتارکتیــکا کاردەکات، یــان خاوەندارێتــی دەکات. لــە کــۆی ١٢٩ پــڕۆژە، ١١٥ پڕۆژەیــان لــە (٢٠٢٤) دا چالاکــن، دەبینیــن ئــەو (١٤) پــڕۆژەی بەنــدەرەی ناچالاکــە یــان هەڵوەشــاوەتەوە، یــان ڕاگیــراون، هۆکارەکانــی هەڵوەشــاندنەوەیان یــان ڕاگرتنیــان بریتیــن لــە نیگەرانییەکانــی ژینگــە، خراپبوونــی پەیوەندییــە سیاســییەکان، کێشــە داراییــەکان و کێشــە ئەمنییــەکان کــە لــە ئاســتی ناوخۆیــی و نێودەوڵەتیــدا وروژێنــدراون. پــڕۆژە هەڵپەسێردراوەکان، وەک دروســتکردنی بەنــدەری خەلیفــە لەلایــەن چینــەوە لــە ئیماراتــی یەکگرتــووی عەرەبــی، دەتوانــن دەســت بــە دروســتکردنی بکەنــەوە.

چیــن، بووەتــە گەورەتریــن وڵاتــی بازرگانــی جیهــان و دووەم گەورەتریــن ئابــووری جیهــان و نزیکــەی لەســەدا ٩٥ی بازرگانــی نێودەوڵەتــی لــە ڕێگــەی هێڵــی دەریاییــەوە ئەنجــام دەدات. تــا مانگــی ئەیلوولــی ٢٠٢٣، چیــن حەفتــا ڕێککەوتننامــەی کەشــتیوانی دوولایەنــە و ناوچەیــی لەگــەڵ شەســت و شــەش وڵات و هەرێــم واژۆ کــردووە. پــڕۆژەی دەستپێشــخەری پشــتێنە و ڕێــگا لەلایــەن شــی جینپینــگ ســەرۆکی چیــن لــە ســاڵی ٢٠١٣ و هێنانەکایــەی ڕێــگای ئاوریشــمی دەریایــی ســەدەی بیســت و یەکــەم کــە چیــن بــە ئەوڕووپــا و زەریــای جەمســەری باکــوور لــە ڕێگــەی دەریــای باشــووری چیــن و زەریــای هینــدەوە دەبەســتێتەوە، وایکــردووە بایەخــی بەنــدەرەکان و ســنووره ئاوییــەکان زۆر زیاتــر بــکات (Liu، Z، Z. 2024).

زۆرجــار چینییــەکان، وتویانــە بــۆ دەوڵەمەندبــوون دەبێــت ســەرەتا ڕێگایــەک بوونیــاد بنێیــن؛ بــەڵام لــە ناوچــە کەنارییــەکان، بــۆ دەوڵەمەندبــوون دەبێــت ســەرەتا بەندەرەکانیــش دروســت بکەیــن. ئەمــڕۆ ڕێگاکانــی کەشــتیوانی و تــۆڕە خزمەتگوزارییەکانی چیــن وڵات و ناوچــە ســەرەکییەکانی جیهــان دەگرێتــەوە. هەرچەنــدە چیــن هێشــتا هێزێکــی دەریایــی جیهانــی نییــە و لــە ئێســتادا بنکــە دەریاییەکانــی لــە دەرەوەی وڵات ســنوورداره، بــەڵام بووەتــە هێزێکــی بازرگانــی پێشــەنگ کــە کاریگەرییەکــی بەرچــاوی جیۆ-ئابــووری لەســەر هێڵــی دەریایــی نێودەوڵەتــی و بەنــدەره بازرگانییــەکان هەیــە کــە بنەمــای ڕۆیشــتنی کاڵاکانــن بــۆ سەرانســەری جیهــان.

لە ڕاستییدا، ئەو گوتار و کتێبانەی لەبارەی کاریگەریی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنوسرێن، زۆرجار لە نێوان گێڕانەوەیەکی دوو سەردا دەسوڕێتەوە: هەندێک زیادەڕەوی لە باسکردنی کاریگەرییە ناوچەییەکانی چین دەکەن، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە فراوانبوونی شوێن پێیەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیەوێ پاڵ بە ئەمریکاوە بنێت لەم ناوچەیە بچێتە دەرەوە. هەندێکی تر "چین" بە کەم دەزانن و پێیانوایە سەرەڕای گەشەسەندنی هێزی ناوچەیی، پەکین کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە تا گۆڕانکارییەکی مانادار درووست بکات. بەڵام لە نێوان ئەم دوو تێگەیشتنەدا، واقیعێک هەیە کە ئەم توانا و بەهێزبوون و ڕکابەرییە ترسناکەی چین بۆ بەرانبەرەکانی درووستکردووە، بەهەمان چڕی و بڕو ئاڕاستە لە هێز و توانا وەڵام دەدرێتەوە.

بەهەر شێوەیەک بێت، چین زلهێزێکە و ئامادەییەکی جیهانی بەرچاوی هەیە، وەک هەندێک لەوانەی کە لە زانکۆکانی خۆرئاوا خوێندویانە و فێر بوون، ئێستا بەهۆی ئەوەی گرێبەستێکی کارکردنیان لەگەڵ دامەزراوە چینییەکان هەیە، دەنووسن؛ "چین لەسەر ڕێگایە بۆ دەستبەسەرداگرتنی ڕۆڵی ئەمریکا وەک هەژموونی ناوچەیی." ئەمە برێک ڕاستی تێدایە، چوونکە بەهۆی سیاسەتی ناڕوونی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چین بووەتە هێزێکی متمانەپێکراو و پێشوازیلێکراو کە جەخت لەسەر بوونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتەوە. ئێمە ئەمەمان بە درێژایی ساڵی ٢٠٢٣ لە نمایشەکاندا بینی، لە دەیەمین کۆنفرانسی بازرگانی عەرەبی و چیندا، نزیکەی ٣٠ گرێبەست بە بەهای ١٠ دە ملیار دۆلار لە نێوان کۆمپانیا چینییەکان و وەبەرهێنەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا واژۆ کرا. لەو ساڵەدا سعودیە، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی (ئیمارات)، کوێت، بەحرەین و میسر وەک هاوبەشی وتووێژ پەیوەندییان بە ڕێکخراوی هاریکاریی شەنگەهای کرد، هەروەها ئێران ئەندامێتی تەواوەتی پێدرا (Aluf. 2024).

جگەلەوەش، دەستپێشخەری ڕێگای ئاوریشمی دەریایی (MSRI) ئامادەیی گرینگ لە نێوان چین و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریکادا درووست دەکات. لە میانی کۆڕبەندی هاوکاری چین و وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی

٢٠١٨، وەزیـری دەرەوەی چیـن "وانـگ یـی" چوارچێوەیەکـی بـۆ وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و باکـووری ئەفریـکا ڕاگەیانـد بـۆ هاوبەشـیکردن لـە دەستپێشـخەریی ڕێـگای ئاوریشـمی دەریایـی کـە تیایـدا پەیوەندیـی نێـوان پارکـە پیشەسـازییەکان و بەنـدەرەکان بـە ڕێبـازی"دوو تایـە-Two Wheels" ڕوون دەکاتـەوە؛

یەکەمیـان، بریتییـە لـە هـاوکاری وزە (نـەوت و غـازی ئاسـایی و وزەی کـەم کاربـۆن)، دووەمیـان، هـاوکاری لـە بـواری تەکنەلۆژیـادا دەگرێتـەوە (ژێـری دەسـتکرد، پەیوەندییـەکان- Telecommunication و گەشـتی مانگـی دەسـتکرد). بەمجـۆرە وەبەرهێنـان و پرسـە داراییـەکان پێـش دەخـەن. وەک هەنـگاوی یەکـەم لـە (٢٠١٨)، چین جەختـی لەسـەر چـوار بەنـدەر کردۆتـەوە کـە بوونـی خـۆی تێـدا زیاتـر دەکات، بریتیـن لـە: ناوچـەی ئـازادی بازرگانـی بەنـدەری خەلیفـە (KPFTZ) لـە ئەبوزەبـی، ساڵی ٢٠١٩، بەنـدەری دوقـم لـە عومـان (کـە دواتـر لـە ٢٠٢٤ دا بـی پـی-bp بەپەلـە خـۆی گەیانـدە بەندەرەکـەو ٤٩٪ ی خسـتە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە)، بنکـەی پشـتیوانی هێـزی دەریایـی سـوپای ئـازادی گـەل (PLAN) لـە جیبۆتـی، بەنـدەری سـەعید لـە مـیسر.

لـە کاتێکـدا بەنـدەری حەیفـا لـە ئیسرائیـل لـە چوارچێـوەی ڕێبـازی "دوو تایـە"دا نەخراوەتـەڕوو، بـەڵام حەیفـا بووەتـە شـارێکی گرینگـی دیکـەی بەنـدەری چینـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ڕۆژهەڵاتـی دەریـای سـپی. تێرمینالـی بایپـۆرت کـە پڕۆژەیەکـی (١.٧) ملیـار دۆلاری ئەمریکییـە و لـە مانگـی ئەیلوولـی ٢٠٢١ کرایـەوە و لەلایـەن گروپـی بەنـدەری نێودەوڵەتـی شـەنگەهای (SIPG) بـە ڕێککەوتنێکـی ٢٥ سـاڵە بەڕێوەدەبرێـت. بەنـدەری نـوێ ڕێگـە بـە حەیفـا دەدات لـە ئاسـتێکی فـراوانتردا کەشـتییە بارهەڵگـرە- گـەورەکان جێگیـر بـکات، ئەمـەش گرنگـە بـۆ ئیسرائیـل کە پشـت بـە کەشـتیوانی دەرەوەی وڵات دەبەسـتێت بـۆ گواسـتنەوەی نزیکـەی لەسـەدا ٩٩ی هـاوردە و هەناردەکردنـی. پێـشتر بەندەرەکانـی ئیسرائیـل تەنیـا دەیانتوانـی مامەڵـە لەگـەڵ کەشـتییە بچووکەکانـدا بکـەن و وڵاتەکـە زۆرجـار تووشـی قەرەباڵەخـی بەنـدەری دەریایـی دەبـوو، لـە ئەنجامـدا دواکەوتنـی لێدەکەوتـەوە کـە مانگانـە نزیکـەی ٢١٨ ملیـۆن دۆلاری ئەمریکـی تێچـووی لەسـەر ئابـووری ئیسرائیـل هەبـوو (Fulton. 2022).

وا بـۆ چیـن دەردەکەوێـت، هەبوونـی خاڵێکـی تـری دەسـتڕاگەیشتن لـە کەنارەکانـی

دەریـای ناوەڕاسـت پاڵپشـتی بازرگانییەکـەی لەگـەڵ یەکێتـی ئەوڕووپـا بەهێزتـر دەکات، بـۆ نموونـە؛ ژێرخانـی بەسـتنەوە کـە ئیسرائیـل پلانـی بـۆ دانـاوە، لەوانـەش هێڵـی ئاسـنی ڕێد-مێـد و هێڵـی شـەمەندەفەری "ڕێـڕەوەکان بـۆ ئاشـتی ناوچەیـی" کـە لـە ڕێگـەی ئوردنـەوە حەیفـا بـە وڵاتانـی ئەنجومەنـی هـاوکاری کەنـداو دەبەسـتێتەوە، هەروەهـا سـوود بـە ئامانجەکـەی چیـن (پـڕۆژەی پشـتێنەو ڕێـگا) دەگەیەنێـت کـە بـۆ بەیەکـەوە بەسـتنەوەیان لـە نێـوان هەرێمەکانـدا هەیـە.

چیـن؛ لـە هەمـوو وڵاتانـی جیهـان زیاتـر نـەوت هـاوردە دەکات و بـە نزیکەیـی نیـوەی نەوتەکـە تەنیـا لـە شـەش وڵاتـی کەنـداوەوە دێـت. بۆیـە لـە بەرانبـەردا چیـن وەک هاوبەشـی بازرگانـی سـەرەکی بـۆ زۆربـەی وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت وەسـتاوە و وەبەرهێنـان و ژێرخـان و تەکنەلۆژیـای پێشـکەوتووی بەرچـاوی دابینکـردووە. داتاکانـی گومرگـی چیـن ئاشـکرای دەکـەن کـە لـە سـاڵی ٢٠١٧ تـا ٢٠٢٢ ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی چیـن و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت نزیکـەی دوو هێنـدە زیـادی کـردووە و لـە ٢٦٢.٥ مليـار دۆلارەوە بـۆ ٥٠٧.٢ پێنـج سـەت و حـەو مليـار دۆلار گەشـەی کـردووە. بەگوێـرەی ئامـاری ئەنجومەنـی دەوڵەتـی چیـن، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت خێراتریـن هاوبەشـی بازرگانـی چیـن بـووە لـە سـاڵی ٢٠٢٢، بـە ڕێـژەی ٢٧.١٪ لـە چـاو سـاڵی پێشـووتردا. بەهـۆی دەستپێشـخەری پشـتێن و ڕێـگاوە، چیـن پشـکی لـە لانیکـەم ٢٠ پـڕۆژەی بەنـدەردا هەیـە بەدرێژایـی ڕێـڕەوی دەریایـی گرینـگ کـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و باکـووری ئەفریقـا دەگرێتـەوە. چیـن هاوبەشـی ستراتیـژی گشـتگیر یـان هاوبەشـی ستراتیـژی لەگـەڵ ١٢ وڵاتـی عەرەبیـدا هەیـە، هەروەهـا ٢١ دەوڵەتـی عەرەبـی لەگـەڵ کۆمـکاری عەرەبـی بـە فەرمـی واژۆیـان لەسـەر ڕێککەوتنـی پـڕۆژەی پشـتێنەو ڕێـگا کـردووە (Aluf. 2024).

### ٥.٥. هایدرۆجینی سەوز لە کەنداو، دووکەڵی ڕەش لە ڕۆژهەڵاتی ئەوڕووپا !

کاتێـک لـە سـاڵی ٢٠٢٢دا لەشکرکێشـی ڕووسـیا بـۆ سـەر ئۆکرانیـا کاریگەرییەکـی قووڵـی لەسـەر سیاسـەتەکانی وزە و کەشـوهەوای یەکێتـی ئەوڕووپـا دانـا. بـەو هۆیـەوە یەکێتـی ئەوڕووپا ڕێبـازی خـۆی بـۆ جیۆپۆلەتیکـی ئاسایشـی وزە داڕشـتەوە، لەکاتێکـدا ماوەیەکـی زۆربـوو ئەوڕووپا بـەدوای بەدیلەکانـی دابینکردنـی ڕووسـیادا دەگـەڕا. ئەوڕووپـا، پابەندبوونـی خـۆی بـە گواسـتنەوەی وزە (گواسـتنەوە لـە فیوسـیل فیوڵـەوە بـۆ وزەی پـاک و نـوێ) لـە ناوخـۆ و لـە ڕێگـەی هەوڵـە دەرەکییەکانیشـەوە بەرزکـردەوە. وڵاتانـی ئەنـدام لـە یەکێتـی ئەوڕووپا توانییـان هاوسـەنگییەک لـە نێـوان گرانبوونـی سـووتەمەنی، جەنگەکـە و لێکەوتـە مرۆییەکانـی، گرانبوونـی کاڵاو تێچـووی ژیـان ڕابگـرن. سـەردەمی دوای سـەرهەڵدانی جەنگـی ئۆکرایـن، پاڵنـەری جیۆپۆلەتیکـی کاردانـەوەی هەبـوو لەسـەر درووشـم و ڕێبازەکانـی یەکێتـی ئەوڕووپـا بـۆ ئاسایشـی وزە و کەشـوهەوا، چوونکـە ڕێچکەکـە بـۆ جەختکردنـەوە لـە سـەر پرسـە ئەمنییـە سـەختەکان گـۆڕا.

سـەرەڕای ئـەوەی دیموکراسـییەت و بوونـی دامـەزراوەی بەهێـز لـە ئەوڕووپـا و ئەمریـکا زامنـی بـە بەهێزیـی مانەوەیانـە، بـەڵام جەنگـی ئۆکراینـا، شـەڕی غـەزە و لێشـاوی کۆچبـەر و تێچـووە داراییـە- بەرزەکانـی لەسـەر خۆرئـاوا، وایکـرد ئێمـە دووکەڵـی ڕەش و ئامادەکاریـی بـۆ جەنـگ لـە ئەوڕووپا ببینیـن، داخرانـی ئەوڕووپـا و ئەمریـکا بـە ڕووی کۆچبـەران و هەڵکشـانی ڕۆڵـی پارتـە ڕاسـتڕەوەکان لـە ئەوڕووپـا، هەورەهـا ئامادەکـردن و درووسـتکردنەوەی پەناگـەکان لـە ئەڵمانیـا و ئامادەکردنـی نەخۆشـخانەکان بـۆ حاڵەتـی لەنـاکاو ببینیـن. لەهەمـان کاتـدا کرانـەوەی کەلتوریـی و هەمەچەشـنکردنی سـەرچاوە ئابورییـەکان و بایەخدانـی بەرچـاو بـە وزەی پـاک و پـرۆژە ستراتیجییـە- هاوچەرخـەکان لـە کەنـداوی عەرەبـی ببینیـن:

لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی ٢١ دا، لـە سـەڵتەنەتی عومانـەوە بـۆ سـعودییە، کوەیـت، قەتـەر و ئـیمارات گۆڕانکاریـی ئێجـگار گـەورە هاتوونەتـە دی، بـە جۆرێـک کـە تێـز و گریمانـە نێگەتیڤەکانـی سـەدەی بیسـتەمی لـە بـارەی کەلتـور و تێگەیشـتینی جیهانـی عەرەبـی تـەواو پێچەوانـە کردۆتـەوە:

بۆ نموونە؛ لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٦٧ دا "چارڵز بێلگرەڤ- Charles Belgrave " لە وتارەکەیدا لە کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیای ناوەڕاست لەگەڵ بەدەستهێنانی مەدالیای لۆرێنس ئۆف عەرەبستان، چیرۆکی ناوچەی کەنداوی لە سێ وشەدا " مرواری، چەتەی دەریایی و نەوت- Pearls، Pirates، and Petroleum"کورتکردەوە؛ لەو کاتەوە ناوچەکە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری، سیاسیدا بە خۆیەوە بینیوە. بەهەمان شێوە ڕۆبەرت بار- Rober Barr (١٨٤٩-١٩١٢) لە کتێبەکەیدا بە ناوی "ڕۆژهەڵاتی نەگۆڕ- The Unchanging East"، کۆمەڵێک تێگەیشتن دەخاتەڕوو کە ئەمڕۆ مرۆڤێکی ئاسایی دەبینێت ئەو بۆچوونانە بۆ شوێنەکانی وەک وڵاتانی کەنداوی عەرەبی ڕاست نییە، کەنداوی عەرەبی مەل و بای گۆڕانکاری قووڵ و گەشەسەندنی خێراو بێهاوتا گرتویەتیەوە. ئێمە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بە گشتی لە ڕێگەی گۆڕانکاری لە کارلێک و پەیوەندییە مرۆییەکانەوە تێدەگەین کە دامەزراوە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە قاڵب دەدەنەوە. گۆڕانکاری بە تێپەڕبوونی کات ڕوودەدات و زۆرجار لێکەوتەی قووڵ و درێژخایەنی بۆ کۆمەڵگا دەبێت (Rahman& Al-Azm. 2023).

پێشکەوتنە سەرنجڕاکێشەکانی کەنداو بە بێ گۆڕانی کەلتوریی و بڕیاری سیاسیی بوێرانە نەبووە؛ بوونی ئاستێکی بەرهەمهێنانی پێشکەوتوو، هەمەچەشنکردنی ئابوریی، کەمکردنەوەی کاربۆن، بایەخدان بە زیرەکی دەستکرد، سوود وەرگرتن لە پێگەی جیۆ-ستراتیجیی، هەبوونی هایدرۆکاربۆن، تاوەرە هەوربڕەکان، داهێنانە تەکنەلۆژییەکان، درووستکردنی شاری دەستکرد، هەبوونی ئاستێکی بەرزی گەشتیاریی، هەروەها ستراتیجی نەرم و پەیوەندییە فرە-لایەنەکانی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ خۆرئاوا، چین، هیند، ڕووسیا و زۆر تایبەتمەندیی هاوچەرخی دیکە وامان لێدەکات گەشبین بین بەرانبەر گۆشەیەکی فراوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کەنداوی عەرەبییە؛

لەکاتێکدا سێ جەڵدەی گەورە؛ کۆرۆنا، جەنگی ئۆکراین، جەنگی غەزە ئابوریی جیهانی ڕووبەڕووی ئیفلیج بوون کردۆتەوە. دەبینین یەکێک لە هەرە سەرنجڕاکێشترینەکانی کەنداو، سەڵتەنەتی عومانە؛ بە هێمنی خۆی وەک ناوەندێکی جیهانی بۆ هەناردەکردنی هایدرۆجینی سەوز دادەنێت، نەک هەر عومان، بەڵکو

زۆرێـک لـە وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ڕوو لـە سـووتەمەنی پـاک دەکەنـەوە وەک ڕێگەیـەک بـۆ گواسـتنەوە بـۆ داهاتوویەکـی وزەی بـەردەوامتر. وزەی پـاک بەگشـتی و بەرهەمهێنانـی وزە لـە ڕێگـەی خـۆرەوە بەتایبەتـی یەکێـک لـە هـەرە سـوودە بـاس نەکراوەکانـی ئەوەیـە کـە داگیـرکاری و چـاوی تەماحـی زلهێـزەکان ناهێڵێـت، ئەگـەر لـە ڕابـردوودا جەنگـەکان بەهـۆی دەسـتگەیشتن بـە سـەرچاوەکانی نـەوت و گاز بـوون، ئەمـڕۆ ئیـدی بەرهەمهێنانـی وزە لـە ڕێگـەی خـۆر یـان ڕێگەکانـی تـرەوە ئـەوە ناهێڵێـت.

ئـیتر لـە ٢٠٢٤ بـەدواوە، سـەڵتانییەتی عومـان کـە زیاتـر بـە هەنـاردەکاری نـەوت و شـوێنێکی گەشـتیاری ناوچەیـی نـاسراوە، پـەرە بـە چەندیـن پـڕۆژەی گـەورەی هایدرۆجینـی سـەوز دەدات کـە ئامانجیـان دیکاربۆنیزەکردنـی پیشەسـازییەکانی عومـان و هەناردەکردنـی ئامۆنیـای کـەم کاربۆنـە بـۆ بازاڕەکانـی دیکـە. هایدرۆجینـی سـەوز لـە ڕێگـەی پرۆسـەیەکەوە بەرهـەم دێـت کـە پێـی دەوترێـت ئەلکترۆلیسـیس کـە تێیـدا ئـاو دابـەش دەکرێـت بـۆ هایدرۆجیـن و ئۆکسـجین بـە بەکارهێنانـی کارەبـا کـە لـە سـەرچاوە نوێبووەکانـەوە بەرهـەم دێـت (Enterprise. 2024، August 5). شـوێنی عومـان لەگـەڵ سـەرچاوە زۆرەکانـی وزەی خـۆر و بـا و بەردەسـتبوونی زەوییـە بەرفراوانەکانـی، وای لێـدەکات ببێتـە کاندیدێکـی ئایدیـاڵ بـۆ بەرهەمهێنانـی گازی کـەم کاربـۆن.

عومـان لـە پێگـە جوگرافییـە ناوازەکانـی جیهانـە؛ شـانازی بـەوە دەکات کـە لـە وزە نوێبوەوەکانـدا پێشـەنگە کـە هایدرۆجینـی سـەوز بـە تێچـووی کـەم لـە ڕێگـەی ئەلکترۆلیزەکردنـەوە بەرهـەم دەهێنێـت. پاشـان دەتوانرێـت ئـەم هایدرۆجینـە سـەوزە لـە ڕێگـەی تـۆڕی بـۆری گازیـی ئێسـتای عومانـەوە بگوازرێتـەوە کـە درێژییەکـەی (٤٠٠٠) کیلۆمەتـرە، ئەمـەش تێچـووی ژێرخانـی زۆر کەمدەکاتـەوە بـەراورد بـە دەسـتپێکردن لـە سـفرەوە. جگـە لـەوەش، ئەزموونـی بەرفراوانـی عومـان لـە پرۆسێسـکردن و هەناردەکردنـی گازی سروشـتی شـل (LNG) و ئامۆنیـا ڕاسـتەوخۆ سـوودی لێوەرگیـراوە بـۆ بەڕێوەبردنـی کارا هایدرۆجینـی سـەوز و وەرگیراوەکانـی.

سـەڵتەنەتی عومـان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، دوای قەتـەر دووەم گەورەتریـن هەنـاردەکاری گازی سرووشـتیی ، ئامانجـی ئەوەیـە تـا سـاڵی ٢٠٣٠ لانیکـەم ملیۆنێـک تـۆن هایدرۆجینـی نوێبـووەوە لـە سـاڵێکدا بەرهەمبهێنێـت پێـش ئـەوەی تـا سـاڵی

٢٠٤٠ توانـای زیادکردنـی بـۆ ٣.٧٥ ملیـۆن تـۆن. عومـان پلانـی هەیـە تـا سـاڵی ٢٠٥٠ توانـای هایدرۆجینـی سـەوزی هەبێـت کـە ٨.٥ ملیـۆن تـۆن بێـت، ئەمـەش لـە خواسـتی ئێسـتای ئەوڕووپـا زیاتـرە کـە نزیکـەی ٨ هەشـت ملیـۆن تـۆن هایدرۆجینـی هایدرۆجینـە. ئاژانسـی نێودەوڵەتـی وزە پێشـبینی دەکات وڵاتـی کەنـداو کـە لەسـەر ڕێـگا سـەرەکییەکانی بازرگانـی نێـوان ئەوڕووپـا و ئاسـیا دادەنیشـێت کـە تـا سـاڵی ٢٠٣٠ لەسـەر ئاسـتی جیهـان ببێتـە شەشـەم گەورەتریـن هەنـاردەکاری هایدرۆجیـن گەورەتریـن هەنـاردەکاری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت (Benny. 2024).

لـە ڕووی مێژووییـەوە، ناوچـەی کەنـداو بـە ناوچـەی سـەرچاوەکانی نـەوت و گاز نـاسراوە. لەڕاسـتیدا لـە دوای یەکەمیـن جەنگـی جیهانییـەوە، بـۆ زیاتـر لـە سـەد سـاڵە زۆربـەی هەناردەکـردن لـە زۆربـەی وڵاتانـی کەنـداوەوە هایدرۆکاربۆنـە. لـە کاتێکـدا هەناردەکردنـی یەکێتـی ئەوڕووپـا بـە شـێوەیەکی سـەرەکی ئامێـر و کاڵای جۆراوجـۆر و ئامێـری قورسـە. لـە ڕێگـەی بەرنامـە جیاوازەکانـی دیـدگای وڵاتانـی کەنـداو، ئاسـۆیەک هەیـە کـە ئـەم دیمەنـە ئابوورییـە تادێـت هەمەچەشـنتر دەبێـت. ئەمـە دەرفەتێکـی زۆر باشـە بـۆ کۆمپانیاکانـی یەکێتـی ئەوڕووپـا کـە لـە بوارەکانـی وەک بیناسـازی، گەشـتیاری، ڕۆشـنبیری، وەرزش و کات بەسـەربردن، گۆڕینـی دیجیتاڵـی، تەکنەلۆژیای سـەوز، لۆجسـتی، یـان کانـگا ئەزمـوون و زانیارییـان هەیـە. برانـدە ئەوڕوپییـەکان ناوێکـی زۆر باشـیان هەیـە لـە سـنووری ئەنجومەنـی هاریـکاری کەنـداو و لـە ناوچەکـە پێشـوازییان لێدەکرێـت. وڵاتانـی کەنـداو جەختێکـی زۆریـان لەسـەر کوالیتـی کـردووە و کـەمتر هەسـتیارن بـە نـرخ. ئەمـەش سـوودێکی ڕاسـتەقینەیە بـۆ بەرهـەم و خزمەتگوزارییـە ئەوڕوپییـەکان. بەڵام دەبێـت بیرمـان نەچێـت بەهەمـان بـڕ و ئاڕاسـتە وڵاتانـی کەنـداو لەگـەڵ باشـووری ئاسـیا بـە تایبـەت چیـن دەسـتیان بـە مامەڵـە و پەیوەندیـی ژێرخانـی و بازرگانـی کـردووە.

گومانـی تێـدا نییـە، ئابـووری لـە شانشـینی سـعودییە گەشـە دەکات؛ سـعودییە تاکـە وڵاتـی عەرەبییـە لـە گروپـی -٢٠ و گەورەتریـن ئابـوری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتە. یەکێتـی ئەوڕووپـا یەکێکـە لـە هاوبەشـە بازرگانییـە سـەرەکییەکانی سـعودییە و نزیکـەی لەسـەدا ١٥ی بازرگانـی جیهانـی شانشـینی سـعودیە پێکدەهێنێـت. تـا (٢٠٢٤) زیاتـر لـە ١٣٠٠ کۆمپانیـا لـە یەکێتـی ئەوڕووپـا سـەرچاوەیان گرتـووە و وەبەرهێنانیـان لـەم شانشـینییەدا

کـردووە. لـە سـاڵی ٢٠٢٢دا، پشـکەکانی وەبەرهێنانـی ئەوڕووپا ٣٠.٨ سـی ملیـار و هەشـت سـەت ملیـۆن یـۆرۆ بـووە کـە بـەراورد بـە پێشـووتر بازدانێکـی گەورەیـە (EEAS. 2024). هاوشـێوەی ئـەوەی لـە بەشـی دووەمـی ئـەم کتێبـەدا باسـی چۆنیەتـی سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی "چیـن" مـان کـرد، ئەمـەش لـە سـعودییەدا بـێ وەرچەرخانێکـی سیاسـی و کەلتوریـی لـە ئاسـتی ناوخـۆدا نەبـووە:

وا دەردەکەوێـــت، چوونـــە دەرەوە لـــە وەهابیـــزم و فیکـــری دۆگما و داخـــراو، ئەنجامەکـەی گەشەسـەندنێکی بێوێنـە بـووە لـە سـعودییە؛ لـە سـاڵی ٢٠١٧، شـازادە موحەمـەد بـن سـەلمان ( کـە لـە ناوەنـدە میدیایـی و خانەکانـی بیرکردنـەوەدا بـە MBS بەناوبانگـە)، بـە چەندیـن شـێوە نیشـانی جیهانـی دەدا کـە ئـەو سـعودییە دەکاتـە ڕێبەرێکـی گـەورەی ناوچەیـی- گەشەسـەندوو کـە لـە مێـژوودا هەسـتی پێنەکـراوە! ئـەو نیشـانی دەدا کـە چـیتر ئـەو گەنجـە هـەرزەکارە نییـە کـە سـەرقاڵی یارییـە ڤیدیۆیـەکان بێـت، بەڵکـو دەبێـت بـە ئەندازیـاری چوونـە دەرەوە لـە وەهابیـزم. ئـیتر سـعودییە ئـەو وێنەیـەی نابێـت کـە سـەلەفیزم و وەهابیـزم وەک گروپێکـی ئایدۆلۆجـی سـوونی کـە زۆرجـار بوونەتـە ئایکۆنـی توندڕەوی و بانگەشـەی داخرانـی کۆمەڵایەتـی دەکـەن، ئـیتر سـعودییە ئـەو وێنەیـەی نییـە کـە گوایـە ئـەو هیـچ ئیشـی نییـە، جگـە لـە هەناردەکردنـی نـەوت و سـەلەفیزم بـۆ ناوچـە جیاوازەکانـی جیهـان:

لـە ١٥ ی نۆڤەمبـەری ٢٠١٧، شـازادە موحەمـەد بـن سـەلمان ڕوداوێـک دروسـتدەکات کـە پێـشتر لـە خەونیشـدا نەدەبـینرا. کـە زۆرێـک لـە چاودێـران وەک گۆڕانێکـی ڕادیـکاڵ ناوزەنـدی دەکـەن، لـەم ڕووداوەدا شـازادە داوا لـە ئەمیـر بـەدر بـن فەرحـان دەکات سـەردانی شـاری نێۆیـۆرک بـکات و تابلۆیەکـی بـۆ بکڕێـت کـە لـە مەزادێکـی فەرمیـدا دەفرۆشرێـت. ئـەم تابلۆیـە، هونەرمەنـدی بەناوبانگـی مێژوویـی، سـەردەمی ڕێنیسـانس "لیۆنـارد داڤنشـی" بەنـاوی سـالڤاتۆر مۆنـدی- Salvator Mundi "کێشـاویەتی و نـاوی نـاوە : مەسـیح، فریادڕەسـی جیهـان. لـە مـەزادە فەرمیەکـەدا، کڕیارێـک ئامادەیـە بـە ٣٥٠ ملیـۆن دۆلار بیکڕێـت، بـەڵام ئەمیـر ٤٠٠ چوارسـەت ملیـۆن دۆلار دەخاتـە سـەر مێـزی کڕیـن و دواتـر کـەس ناتوانێـت لـەوە زیاتـر بـڕوات و دەیکڕێـت و پاشـان ٥٠ ملیـۆن دۆلاریـش کرێـی گواسـتنەوەی بـۆ سـعودییەی عەرەبـی

دەدات (Blostein، D. Libetti، R & Crow، K. 2018). بەمشێوەیە تابلۆی؛ " مەسیح، فریادڕەسی جیهان"، دەگاتە سەرزەمینی سەرهەڵدانی ئیسلام.

ئەوەی شازادە محەمەد بن سەلمان-MBS دەیەوێت بیکات، بە فیڕۆدانی پارەی دەوڵەت و موسوڵمانان نییە، بەڵکو ئامانجە سەرەکییەکە، لێدانە لەو کولتورەی کە وەهابیەکان دژ بە هونەر بەگشتی و هونەری وێنەکێشان بەتایبەتی لە چەند سەدەی ڕابوردودا لە سعودییەی عەرەبیدا بنیایانکردووە ، هەروەها ناردنی پەیامێکە بۆ جیهان کە ئیتر سعودییە کۆمەڵگایەکی کراوەیە، هەر وەک چۆن خاکی ئیسلام و موسوڵمانانە، جێگای مەسیحیشی تیادا دەبێتەوە.

ئەمە بەگشتی درووستکردنی وێنەیەکی پۆزەتیفە بۆ کۆمەڵگای سعودی. ئیتر ئەمە سەردەمێکی نوێیە کە سعودییە پێویستە نەوەکانی لەسەر بنەمای زانستی هاوچەرخ و جیهانگیریی و کرانەوە پەروەردە بکات، تیایدا ئینتیمای تاک بۆ دەوڵەت زیاتر بێت وەک لە فیکری سەلەفیزم و وەهابییەت لە سعودییەدا. ئیتر لەمەودوا ئەوە ڕاستە کە سعودییە وەک هۆڵەندا و سوید لە دیموکراتییەتێکی تەواودا ناژی، بەڵام سعودییە هەنگاوی گەورەی بەرەو کرانەوە و دەرچوون لە هزری ترادیشناڵ و گەیشتن بە مۆدێرانیزاسیۆن ناوە. ئیتر لەمەولا بەچەندین هۆکاری دیار یاریکەری سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەک سەدەی بیستەمی قاهیرە و بەغداد نییە، بەڵکو بڕیارە یەکلاکەرەوەکان دەکەونە دەست ڕیاز.

لەکاتێکدا سەدان پڕۆژەی ئایندەیی و ستراتیجیی گەورەی هاوچەرخ لە وڵاتانی کەنداودا دەبینین، جیهانێکی نا-سەقامگیریش هەڕەشە لە سیستەمی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی مرۆیی دەکات، زێدە ڕۆیی نییە بوترێ کەنداو دەتوانێت دەستپێشخەریی پراکتیکیی هەبێت و یارمەتی جیهان بدات بۆ پەڕینەوە لە مەترسییەکان. بەگشتی پڕۆژەکانی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو (GCC) گرنگی بە هەمەچەشنکردنی ئابووری، وزە، لایەنی ژێرخانی و تەکنەلۆژیا دەدەن:

دەستپێشخەرییە سەرەکییەکان بریتین لە؛ دیدگای ٢٠٣٠ی سعودییە کە ئامانجی کەمکردنەوەی پشتبەستنی شانشینی سعودیەیە بە نەوت لەڕێگەی پێشخستنی کەرتەکانی وەک گەشتیاری، کات بەسەربردن و وزەی نوێبووەوە. هەروەک چۆن

پێشـانگای ٢٠٢٠ی ئـیمارات لـە دوبـەی داهێنـان و بازرگانـی و گەشـتیاری ناوچەکـەی بەرزکـردەوە، لەکاتێکـدا پڕۆژەکانـی وەک نیـۆم- NEOM کـە گـەورە شـارێکی ئایندەییـە لـە سـعودییە، هـێمای پاڵنانـی ناوچەکەیـە بـەرەو گەشـەپێدانی بـەردەوام. هەروەهـا میوانداریکردنـــی قەتـــەر بـــۆ مۆندیالـــی ٢٠٢٢ بـــووە هـــۆی وەبەرهێنانـــی ژێرخانـــی گـــەورە. ئـــەم پڕۆژانـــە ڕەنگدانـــەوەی خواســـتی کەنـــداون بـــۆ بـــوون بـــە ناوەندێکـــی جیهانـی بـۆ بازرگانـی، تەکنەلۆژیـا و گەشـەپێدانی بـەردەوام. گەورەتریـن گۆڕانـکاری لـە کەرتـی هایدرۆجینـی عومـان سـاڵی (٢٠٢٣) ڕوویـدا، کاتێـک کۆمپانیـای هایـدرۆم کـە کۆمپانیایەکـی دەوڵەتییـە، شـەش ڕێکەوتنـی بـە بەهـای (٥١) پەنجـاو یـەک ملیـار دۆلار واژۆکـرد بـۆ وەبەرهێنـان لـە پڕۆژەکانـی هایدرۆجینـی سـەوزدا. ئەمانـە لەگـەڵ کۆمپانیاکانـی بەلجیـکا، هۆڵەنـدا، بەریتانیـا، ژاپـۆن، سـەنگافورە، ئەڵمانیـا، هیندسـتان، کوەیـت و ئـیمارات واژۆ کـران (Benny. 2024).

لەناوچـەی کەنـداودا، مـرۆڤ سەرسـام دەبێـت کـە وڵاتـی بچـووک لـە ڕووی ڕووبـەر و کاریگـەر لـە ڕووی ئابوریـی و ئەمنـی و پێگـەی جیۆپۆڵەتیکییـەوە دەبینێـت، دەستپێشـخەریی ستراتیجـی و گەشـەپێدانی بـەردەوام و شـۆکی کەلتوریـی هەسـت پێدەکەیـت:

لەوێنـەی سـەڵتەنەتی عومـان کـە چاکسـازییە دامەزراوەییـەکان لـە کۆمەڵگاکانـی دوای پترۆ و مێـژووی بەرفراوانـی عومـان وەک کیانێکـی بازرگانـی، پرۆسـەکانی چاکسـازییەکەی زیاتـر سـەرنجڕاکێش دەکات. زۆرێـک لـەو چاکسـازییە پێشـنیار کراوانـەی لـە دەوری دیـدگای عومـان ٢٠٤٠ دەسـوڕێنەوە. لـە سـاڵی ٢٠٢٠ دەسـتپێکردووە و ئامانجـی گۆڕینـی ئابـووری عومانـە، دیـدگای ٢٠٤٠ هەوڵـدەدات پشـتبەستن بـە هایدرۆکاربۆنـەکان کـەم بکاتـەوە، ئابوورییەکـی بنەمـادار بـە زانیـاری و گەشـەپێدانی بـەردەوام و گشـتگیر مسـۆگەر بـکات. لـە ڕێگـەی وەبەرهێنانـی تایبـەت بـە کەرتـەکان، لامەرکەزییـەت و چاکسـازی ئابـووری و دارایـی، ئەمـەش ئامادەکردنـی کۆمەڵگەکانـی کەنـداوە بـۆ قۆناخـی دوای هایدرۆکاربـۆن (Enterprise. 2024).

سـوڵتانییەت لـە عومانـدا، مێژوویەکـی نـاوازە و سەرنجڕاکێشـی هەیـە وەک کیانێکـی بازرگانـی، چالاکانـە بەشـداری لـە بازرگانـی زەریـای هیندیـدا دەکات. بـەڵام دوای

سـەرهەڵدانی بازرگانـی کۆلۆنیالیـزم لـە سـەدەی نۆزدەهـەم و دۆزینـەوەی نـەوت لـە سـەدەی بیسـتەمدا، ئابـووری عومـان تـا ڕادەیەکـی زۆر وابەسـتەی دەرهێنانـی سـەرچاوە و فرۆشـتنی نـەوت و گاز ببـوو. لەگـەڵ سـەرهەڵدانی دەوڵەتـی مۆدێـرن لـە عومـان لـە سـەردەمی سـوڵتان قابوسـدا، وابەسـتەیی بـە نەوتـەوە زاڵ بـوو بەسـەر زۆرێـک لـە سیاسـەتە ئابـووری و داراییەکانـی سـوڵتانییەتدا، بـەڵام لەمدواییانـەدا شـۆکی ئابـووری جیهانـی و هەڵاوسـانی نرخـی نـەوت تیشـکی خسـتە سـەر پێویسـتی هەمەچەشـنکردنی ئابـووری و سـوڵتانییەت پرۆسـەی چاکسـازی بەرفراوانـی دەسـتپێکردووە، بـۆ مۆدێرنکـردن و هەمەچەشـنکردنی بەرهەمـی ئابووریـی خـۆی. جگەلـەوەش ئـەو نزیـک بیـە جوگرافـی و پەیوەندییـە بازرگانییـە- دەریاییـەی کـە عومـان لەگـەڵ ئەفریـکا، بەتایبـەت یەمـەن، وە لەگـەڵ هینـدو گەلـی فـارس هەیبـوەو هەیەتـی، کاریگەرییەکـی تونـدی لەسـەر کولتـوور و ئاییـن و ناسـنامەی عومـان بەجێهێشـتووە، عومـان بـە گشـتی نەزمێکـی نـەرم و پاشـان بازرگانـی ئاڕاسـتە دەکات و لـە ڕووی مێژووییـەوە پەیوەندییەکـی باشـی بـە دەوڵەتەکانـی زەریـای هیندییـەوە هەیـە.

### ٦.٥. گرینگ نییە ئەمریکا چی دەوێت!

وەک لەسەرەتای کتێبەکەوە باسی ئایندەی جەمسەرگیریی و پرسی هەژموونمان کرد، بەرە-بەرە ئەوە دەسەلمێت کە سەدەی ٢١ لەلایەن هێزە گەورەکان یان هێزە سەرەکییەکانەوە وێنا ناکرێت. بەڵکو سەدەی بڵاوبوونەوە و زیادبوونی ژمارەی هێزە-مامناوەندییەکانە، لەگەڵ ئەمەشدا سەدەی زیادبوونی کاریگەری ئەکتەرە-نادەوڵەتییەکانە، بەتایبەتی کۆمپانیا جیهانییەکان و زۆر بەتایبەتیش ئەو کۆمپانیایانەی لەبواری تەکنەلۆژیادا کاردەکەن، وەکو ئەمازۆن، پلاتۆفۆڕمەکانی مێتا (بەتایبەت فەیسبوک)، مایکرۆسۆفت، ئۆراکڵ، ئەپڵ، سامسۆنگ، ئەلفابێت، ئین تێڵ، نڤیدیا، دیپ سیک، برۆدکۆم، سەیڵس فۆڕ، ئوبەر تەکنەلۆجی، زووم ڤیدیۆ، دێڵ تەکنەلۆجی، ئای بی ئێم -IBM و زۆری دیکە لەسەردەمی زیرەکی دەستکرددا دەگەنە ئەوپەڕی کاریگەریی (Kurban. 2024). ئەمە بەئەگەری زۆرەوە، جیهان پارچە-پارچە ناکات، بەڵکو ناوەڕۆکی دیکە بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و نەزمی جیهانی زیاد دەکات. مەرج نییە دوورکەوتنەوە لە زلهێزەکان مەترسیی بۆ جیهان زیاتر بکات، بەڵکو ئەم زیادبوونی کاریگەرییەی ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکان و زۆربوونی ژمارەی هێزە مامناوەندەکان (کە لە خواز زلهێزەکانەوە دادەنیشن) دەرفەتی جیهانی زیاتر دەکات.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کارەساتە مرۆییەکەی جەنگی غەزە و ئەنجامە سیاسی و ناوچەییەکانی، پرسی چەکە ئەتۆمییەکەی ئێران، بڵاوبوونەوەی هەژموونی بریکس کە مەترسیی خستۆتە سەر دۆلاری ئەمریکی، دەبنە ئەو سێ پرسە سەرەکییەی بەشدارن لە وەرینی هەژموونی ئەمریکا لەناوچەکەدا، کاتێکێش چین و ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەرەیان بە ئامادەگیی خۆیانداوە، ئیتر بۆ هێزە ناوچەییەکان و هێزە گەورەکانی تر گرینگ نییە ئەمریکا چی دەڵێت و چی دەوێت، هەر یەکەیەک بۆ خۆی ئامانج و ئەجێندەیەکی هەیە، ئەوەش دەکاتە پێوەری سەرەکیی بۆ داڕشتنی سیاسەتەکانی. مەگەر ئەمریکا سیاسەتی شەڕانگێزانەی خۆی لەناوچەکەدا بخاتەوە کار و چاوترسێنی گرووپە ئایدرۆلۆجییە چەکدارەکان بکات، هەروەها سیاسەتێکی ڕوونتر بخاتەگەڕ بۆ گۆڕینی ئەو فیگەرە

گەندەڵانـەی ناوچەکـە بەدەسـتییانەوە بێـزارە و بەهـۆی لێزانـی خۆیانـەوە زیانیـان بـە ئامانـج و بەهاکانــی خۆرئــاوا گەیانــدوە.

کاروبـــاری ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت ئاڵـــۆز و فرەڕەهەنـــدە، کۆمەڵێـــک توخمـــی جیۆپۆلەتیکـــی و ئابـــووری و کۆمەڵایەتـــی کولتـــووری لەخۆدەگرێـــت. دووبـــارە دەرکەوتنـــی گرووپـــە مەدەنییـــە دژە ئەمریکاییـــەکان لـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت و باشـــووری جیهانـــی، ئاماژەیـــە بـــۆ نارەزایـــی بەرفـــراوانتر لـــە سیاســـەتی دەرەوەی ئەمریـــکا لـــە ناوچەکـــەدا، بەتایبەتـــی ســـەبارەت بـــە پشـــتیوانیکردنی لـــە ئیسرائیـــل و دەســـتێوەردانەکانی لـــە گەلانـــی دیکـــەدا.

لـــە ڕووی مێژووییـــەوە ئەمریـــکا لـــە ڕووی ســـەربازی و ئابـــووری و دیپلۆماســـییەوە وەک دۆســـتێکی چەســـپاو پشـــتیوانی ئیسرائیلـــی کـــردووە. زۆرێـــک لـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت ئـــەم پشـــتیوانییە بـــە نەرێنـــی دەبینـــن، بەتایبەتـــی لـــە ژێـــر ڕۆشـــنایی مامەڵـــەی ئیسرائیـــل لەگـــەڵ فەلەســـتینییەکان و داگیرکردنـــی خاکـــی فەلەســـتین. ئەمــەش کۆمەڵگــەی عەرەبــی لــە نــاو ئەمریــکادا بەڕادەیەکــی زیاتــر تــووڕە کــردووە، ئەگەرچــی لــە ئێســتادا عەرەبەکانــی ئەمریــکا کەمینــە بــن، بــەڵام ئەمانــە لــە ئاینــدەدا ژمارەیــان زیاتــر دەکات و کاریگەریــش لەســەر دەنگدانــەکان بــە تایبــەت لــە زۆنــە یەکلاکـــەرەوەکان (Swing Zone) دا درووســـت دەکـــەن.

لەبەشـەکانی پێشـووتردا، ڕوونمـان کـردەوە کـە بـۆ مەبەسـتی جیۆپۆلەتیکـی ئەمریـکا پشـتیوانی لـە ژمارەیـەک حکومەتـی پاوانخـوازی ناوچەکـە کـردووە و سـەقامگیری و بەرژەوەندییەکانـی خـۆی لـە پێـش بەهـا دیموکراسـیەکان و مافـی مرۆڤـەوە دانـاوە، تەنانـەت ئەمریـکا چەندیـن تریلیـۆن دۆلاری خـەرج کـردووە لـە جەنگـی دژە تیـرۆردا، بەتایبەتـی لـە عێراقـدا، کەچـی ئێسـتا نوخبەیەکـی گەنـدەڵ وڵاتەکـە بەڕێـوە دەبـەن و دژی سیاسـەتەکانی ئەمریکاشـن!

زلهێـزە تازەپێگەیشـتوەکانی وەک چیـن و ڕووسـیا و هەروەهـا یاریزانـە ناوچەییەکانـی وەک ئێـران و تورکیـا، مەترسـییەکی گـەورە بـۆ سـەر زلهێـزە هەژموونخـوازە کۆنەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دروسـت دەکـەن کـە ئەمریـکا و هەندێـک زلهێـزی ئەوروپـی لەخۆدەگرێـت. ئـەم گۆڕانکارییانـە بـە گۆڕینـی هاوپەیمانـی و هاوتەریبییـەکان،

داینامیکــی جیۆپۆلەتیکــی ئاڵــۆز لــە ناوچەکــەدا دروســت دەکــەن. بۆئــەوەی تایبــەتتر قســە بکەیــن، ئــەم دۆخــە بــە ئەگەرێکــی زۆرەوە هەژموونــی ئەمریــکا لــە ناوچەکــەدا لاواز دەکات، ڕەنگــە پێگــەی ڕکابەرەکانــی دیکــە بەهێــز بــکات، بەتایبەتــی ئێــران و ڕووســیا و چیــن لاوازی سیاســەتەکانی ئیــدارەی بایدنیــان لەناوچەکــەدا کــرد بــە دەرفەتێــک بــۆ خۆیــان. بــەڵام لەکۆتاییــدا گۆڕینــی پێگــەی ئەمریــکا لــە ناوچەکــەدا هێشــتا لــە دەرەوەی پرســیارە.

لەلایەکــی تــرەوە، وڵاتانــی بریکــس کــە لــە بنەڕەتــدا لــە بەرازیــل، ڕووســیا، هیندســتان، چیــن و باشــووری ئەفریقــا پێکهاتــوون، هەوڵــدەدەن دراوێکــی یەدەگــی نــوێ دابمەزرێنــن کــە ســەبەتەیەک لــە دراوەکانــی خۆیــان پشــتگیری بکــەن. دراوی پۆتانســێلی بریکــس ڕێگــە بــەم گەلانــە دەدات، ســەربەخۆیی ئابــووری خۆیــان دووپــات بکەنــەوە، لــە هەمــان کاتــدا کێبڕکــێ لەگــەڵ سیســتەمی دارایــی نێودەوڵەتــی بکــەن. لــە چارەکــی یەکەمــی ســەدەی ٢١ دا، سیســتەمی دۆلاری ئەمریکــی زاڵ بــوو کــە نزیکــەی لەســەدا ٩٠ی ســەرجەم بازرگانــی دراوەکانــی پێکدەهێنــا. تــا ئــەم دواییانــە نزیکــەی لەســەدا ســەد بازرگانــی نــەوت بــە دۆلاری ئەمریکــی ئەنجــام دەدرا؛ بــەڵام لــە ســاڵی ٢٠٢٣دا یــەک لەســەر پێنجــی بازرگانییەکانــی نــەوت بــە بەکارهێنانــی دراوی غەیــرە دۆلاری ئەمریکــی ئەنجامــدراوە. بۆیــە بــە دڵنیاییــەوە لــە چارەکــی دووەمــی ســەدەی ٢١ دا، دۆلار کاریگەرییــە جیهانییەکــەی خــۆی زیاتــر لەدەســت دەدات. ئــەوەش هــۆکاری زۆرە، ناوەنــدی ئــەم دۆخــە بەردەوامــە شــەڕی بازرگانــی ئەمریکایــە لەگــەڵ چیــن، هەروەهــا ســزاکانی ئەمریــکا بــۆ ســەر چیــن و ڕووســیا.

بۆچــی گەلانــی بریکــس دەیانەوێــت دراوێکــی نــوێ دروســت بکــەن؟ وەکــو پیســتیلی (٢٠٢٤) گفتوگــۆی ئەمــە دەکات، ئەگــەر وڵاتانــی بریکــس دراوێکــی یەدەگــی نــوێ دابمەزرێنــن، پێدەچێــت کاریگەرییەکــی بەرچــاوی لەســەر دۆلاری ئەمریکــی هەبێــت، ئەگــەر هەیــە ببێتــە هــۆی دابەزینــی خواســت، یــان ئــەوەی بــە بــێ دۆلارکــردن--De-dolarization نــاسراوە. لــە بەرامبــەردا ئەمــەش کاریگــەری لەســەر ئەمریــکا و ئابــووری جیهانــی دەبێــت. هێشــتا "دراوی بریکس"مــان نەبینیــوە، بــەڵام کاتێکــی باشــە بۆئــەوەی ســەیری پۆتانســێلی دراوی بریکــس و کاریگەرییــە ئەگەرییەکانــی بــۆ وەبەرهێنــەران

بکەیـن. لـە ڕاسـتییدا، گەلانـی بریکـس هـۆکاری زۆریـان هەیـە بۆئـەوەی بیانەوێـت دراوێکـی نـوێ دابمەزرێنـن. ئاسـتەنگە داراییـە جیهانییەکانـی ئـەم دواییـە و سیاسـەتی دەرەوەی شـەڕانگێزی ئەمریـکا، وڵاتانـی بریکسـیان هانـداوە، ئـەو ئەگـەرە ئەزمـوون بکـەن. ئـەوان دەیانەوێـت بـاشتر خزمـەت بـە بەرژەوەندییـە ئابوورییەکانـی خۆیـان بکـەن، لـە هەمـان کاتـدا پشتبەسـتنی جیهانـی بـە دۆلاری ئەمریکـی و یـۆرۆ کـەم بکەنـەوە. وڵاتانـی بریکـس تـا ئێسـتا دراوی دیجیتاڵـی تایبەتـی خۆیـان نییـە، بـەڵام سیسـتەمێکی پـارەدان لەسـەر بنەمـای بلۆکچەینـی بریکـس لـە کاردایـە.

دەیــان ســاڵە دۆلاری ئەمریکــی وەک دراوی یەدەگــی پێشــەنگی جیهــان باڵادەسـتییەکی بێهاوتـای هەیـە. بەپێـی ئامارەکانـی یەدەگـی فیدراڵـی ئەمریـکا، لــە نێــوان ســاڵانی ١٩٩٩ بــۆ ٢٠١٩، دۆلار لــە ســەدا ٩٦ی فاکتــورەی بازرگانــی نێودەوڵەتـی لـە ئەمریـکا، لەسـەدا ٧٤ لـە ناوچـەی ئاسـیا و زەریـای هێمـن و لـە سـەدا ٧٩ لـە باقـی جیهـان بەکارهاتـووە (Pistilli. 2024). بەدڵنیاییـەوە، دراوێکـی نـوێ دەتوانێـت چەندیـن سـوودی بـۆ وڵاتانـی بریکـس هەبێـت، لەوانـە مامەڵـەی کاراتــر لــە ســنوور بەزاندنــی زیاتــر و زیادکردنــی گشــتگیری دارایــی. هەروەهــا بــە بەکارهێنانــی تەکنەلۆژیــای بلۆکچەیــن و دراوە دیجیتاڵییــەکان و گرێبەســتە زیرەکـەکان، دراوەکـە دەتوانێـت شـۆڕشـێک لـە سیسـتەمی دارایـی جیهانیـدا بـکات. بەهـۆی پارەدانـی بـێ کێشـە لـە سـنوورەکانەوە، دەتوانێـت یەکگرتنـی بازرگانـی و ئابــووری لــە نێــوان وڵاتانــی بریکــس و دەرەوەی وڵاتیــش بەرەوپێــش ببــات.

تــا دێــت ئەندامەکانــی بریکــس زیاتــر دەبــن، ئــەوان پێیانوایــە دروســتکردنی سیســتەمێکی ســەربەخۆی پارەدانــی بریکــس ئامانجێکــی گرنگــە بــۆ داهاتــوو کــە لەســەر بنەمــای ئامــرازە پێشــکەوتووەکانی وەک تەکنەلۆژیــای دیجیتاڵــی و بلۆکچەیــن دەبێـت. شـتە سـەرەکییەکە ئەوەیـە کـە دڵنیـا بیـن لـەوەی گونجـاوە بـۆ حکومەتـەکان و خەڵکـی ئاسـایی و بازرگانـەکان، هەروەهـا تـا چەنـد کاریگـەرە لـە ڕووی تێچـوو و، تـا چەنـد دوورە لـە سیاسـەت.

لەلایەکـی تـرەوە، فرەلایەنـی (Multilateralism) دەیـەی سـێیەمی سـەدەی بیسـت و یــەک لەســەر بنەمــای مەرجــی پێچەوانــە دامــەزراوە؛ ئەگــەر خۆرئــاوا زیرەکانــە

مامەڵــە نــەکات، پێدەچێــت هاوپەیمانـــی یۆرۆ-ڕۆژئـــاوای "ســـەرکەوتوانی ســـەدەی بیســـتەم" تادێـت توانـای خـۆی لەدەسـت بـدات و بـەم پێیـەش ئیـرادەی خـۆی، بـۆ بەردەوامبــوون لــە داڕشــتنی نەزمــی نێودەوڵەتــی، چ لەســەر ئاســتی جیهانــی و چ لــە بــواره ناوچەییــە جیاوازەکانــدا لــە دەســت بــدات. پاشــان، "پاشەکشــە"ی ئەمریــکا و هاوپەیمانـە ئەوروپییەکانـی لەگـەڵ سـەرهەڵدانی چالاکیـی و جەختکردنـەوەی ئەکتـەرە غەیــرە ڕۆژئاواییـــەکان هاوتەریبـــە، جـــا هاوپەیمانـــی نەریتـــی بـــن (وەک تورکیـــا و سـعودیە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت)، ڕکابـەرەکان (وەک ڕووسـیا و چیـن) یـان ئەوانـەی دەیانەوێــت بێلایــەن بــن (وەک هیندســتان، بەرازیــل و باشــووری ئەفریقــا).

وەک هەمــوو قۆناغەکانــی کێبڕکێــی دەســەڵات و هەیبەتــی دەســتەڵات، قۆناغــی ئێسـتا لەبـار نییـە بـۆ هـاوکاری نێودەوڵەتـی لەگـەڵ تاکجەمسـەریی ئەمریـکا، بەڵکـو بـە واقیعـیتر، هەلومەرجەکـە پـاڵ بـەوەوە دەنێـت کـە خـۆی لـە دەوری فرەیـی "جەمسـەر" یــان "وڵاتانــی پێگەیشــتوو- هێــزە مامناوەنــدەکان"ی بەدیــل ڕێکبخاتــەوە؛ سیســتەمە جیهانییەکـە لـەم خاڵـی وەرچەرخانـەدا، تەنیـا ناوبەنـاو لەگـەڵ یـەکتردا هـاوکاری دەکات. پێشــووتر، لەگــەڵ هاتنــە ئــارای هــەر پێشــهاتێکدا لەناوچــەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، وڵاتانـی ناوچەکـە پێـش ئـەوەی بوێریـی بڕیاردانـی پێشـوەختە بکـەن، تەلەفۆنەکەیـان هەڵدەگـرت و، دەیانگـوت "هەلەو..هەلـەو واشـنگتۆن"، چـیتر لەمـەولا وڵاتـان بـە ئازادیـی خۆیــان هاوپەیمانێتــی لــە نێــوان خۆیانــدا دەکــەن (وەک لــە دوو بەشــی پێشــووتردا ڕوونمــان کــردەوە)، بەئازادیـی خۆیـان بڕیـاردەدەن بن بـە ئەنـدام لـە بریکـس و نـەوت بـە پـارەی غەیـرە دۆلار بفرۆشـن، لەگـەڵ ڕووسـیا و چیـن گفتوگـۆ دەکـەن، لەگـەڵ تاڵیبـان و حەمـاس پەیوەندیـی فەرمیـی ڕێـک دەخـەن و...تادوایـی.

لــەوەش زیاتــر، بڵاوبوونــەوەی تەکنەلۆژیــای دیجیتاڵــی پــەردەی لەســەر چەندیــن دەرفەتـی سـەرنجڕاکێش بـۆ جیهانـی تازەپێگەیشـتو لادا. ڕێـگای نوێـی بـۆ خۆشـگوزەرانی ئابــووری و کارلێکــی کۆمەڵایەتــی پێشــکەش کــردووە. باشــووری جیهانــی تواناکانــی خــۆی نیشــانداوە بــە وەرگرتنــی تەحــەدای ڕووبەڕووبوونــەوەی داینامیکــی تەکنەلــۆژی، جگــە لــە هەندێــک کــە هێشــتا لــە ئاڵۆزییــەکان تێدەگــەن. جیهانــی گەشەســەندوو لــە ڕێگــەی داڕشــتنی مۆدێلێکــی پێشــبینیکراوی حوکمڕانــی تەکنەلۆژیــا پێویســتی بــە

چاندنــی خۆڕاگــری زیاتــر هەیــە، هاوئاهەنگــی ســتاندارده نیشــتمانییەکانی خۆیــان، بەســتنەوەی ئیکۆسیســتەمی داهێنانــی نیشــتمانی و پەروەردەکردنــی ڕێبازێکــی گشــتگیر بــۆ داڕشــتنی سیاســەتی تەکنەلۆژیــا. ئاخــر لــە فــەزای جیۆپۆلەتیکــی هاوچەرخــدا کــە کێبڕکێــی لەســەرە، داڕشــتنی سیاســەتی تەکنەلۆژیــا چــیتر تەنیــا پەیوەنــدی بــە تەکنەلۆژیــاوه نییــە، بەڵکــو بەرژەوەندییــە سیاســی و بازرگانییەکانیــش پێکدەهێنێــت.

### ٧.٥. دۆلارۆكراسی: قەیرانی لیبراڵیزم و پووچەڵكردنەوەی خۆرئاوا

وا دیـــارە ویلایەتـــە یەكگرتـــوەكان ناتوانێـــت فۆكەســـی لەســـەر كۆنترۆڵكـــردن و دەوردانــی چیــن هەبێــت؟ چوونكــە ویلایەتــە یەكگرتــوەكان بــە قووڵــی بــە جەنگــی ئۆكرایــن و ناكۆكییەكانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتەوە ســەرقاڵە. لەمــەش زیاتــر، وەكــو جــۆن مێرشــایمەر گفتوگــۆی لەســەر دەكات، ئەمــە ململانێــی نێــوان كــوڕی چــاك (لــیبراڵ دیموكراســی) و كــوڕی خــراپ (دەســتەڵاتگەرایی پاوانخــواز) نییــە؛ بەڵكــو ئەمــە وەرچەرخانــە لــە هێــزدا، وەرچەرخانــە لــە باڵانســی هێــزدا، چیــن هاتــووە و دەیــەوێ گەشــەی زیاتــر بــكات، دەیــەوێ هەژموونــی زیاتــری هەبێــت.

ئــەوەی لــە بەشــەكانی پێشــووتری كتێبەكــەدا خرایــەڕوو، ئەوەشــی مێرشــایمەر وەكــو پێشــەنگێكی قوتابخانــەی نیۆڕیالیســتەكان لــە جانیــوەری ٢٠٢٥ دا جەختــی لەســەردەكاتەوە؛ تــازە درەنگــە بۆئــەوەی ئەمریــكا بتوانێــت چیــن ڕابگرێــت، ڕەنگــە ویلایەتــە یەكگرتــوەكان بتوانێــت خێرایــی گەشەســەندنی چیــن لــە ڕووی تەكنەلۆژیــی یــان ئابوریــەوە كــەم بكاتــەوە، بــەڵام دواجــار چیــن هاتــووە و ئامادەگییەكــی ڕاســتەقینەی لەجیهانــدا هەیــە. ئــەوەی ویلایەتــە یەكگرتــوەكان دەتوانێــت بیــكات ئەوەیــە فۆكــەس بخاتــە ســەر "هێــز"ی خــۆی بۆئــەوەی لەوپــەڕی بەهێزیــدا بێــت، چوونكــە ئەگــەر دەوڵەتێــك یــان زلهێزێــك زۆر بەهێــز نەبێــت، ئــەوە دەوڵەتێــك یــان زلهێزێكــی دیكــە دێــت هێــزی ئابوریــی و ســەربازیی و تەكنەلۆژیــی و كەلتوریــی خــۆی بەســـەریدا تاقـــی دەكاتـــەوە (Mearsheimer. 2025: January 12).

پرسـیارێك بـەردەوام خـۆی دووبـارە دەكاتـەوە؛ بۆچـی ویلایەتـە یەكگرتـوەكان جەنگـی سـاردی دژی چیـن ڕاگەیانـدوە؟ بۆچـی كاتێـك تەماشـای ناوچـەی پاسـیفیك دەكەیـن، دەبینیـن لـە هـەر شـوێنێكدا ئەمریـكا بنكەیەكـی سـەربازیی بـۆ خنكانـدن یـان دەوردانـی چیـن دانـاوە، لەكاتێكـدا ئێمـە بنكەیەكـی سـەربازیی چیـن لەسـەر سـنووری ئەمریـكا و مەكسـیك نابینیـن! ڕەنگـە تـۆ بڵێیـت بابەتەكـە پەیوەندیـی بـە "تایـوان"ەوە هەیـە، چیـن لایوایـە تایـوان شـارێك یـان پارێزگایەكـی "چیـن"ە ، بـەڵام ئەمـە لەسـەردەمی ئیدارەكانـی ئۆبامـا و بایـدن و ترامـپ دا زیاتـر لـە بیانوویـەك دەچێـت؛ ئایـا زۆر پێـشتر ڕیچـارد نیكسـۆن ئـەم ڕاسـتییەی نەزانیـوە، كاتێـك لەسـاڵی (١٩٧١) دا سـەردانی چینـی كـردووە و

هەوڵـی درووسـتکردنی هاوڕێیەتـی لـە نێـوان هـەردوو وڵاتـدا داوە؟! ئایـا کلینتـۆن ئەمـەی نەزانیـوە کـە "چیـن"ی هێناوەتـە نـاو ڕێکخـراوی بازرگانـی جیهانییـەوە؟ چـی گـۆڕاوە؟!

لەڕاسـتییدا، کـەس باوەڕنـاکات "چیـن" بـاشتر بێـت لـە ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریـکا، لەگـەڵ ئەوەشـدا پێویسـتە بیانـووەکان و بانگەشـەی نوخبـە ڕۆژئاواییـەکان بپشـکندرێت، بـۆ نموونـە دەوترێـت چیـن کاری جاسووسـی بەسـەر ئەمریـکا و جیهانـەوە دەکات، ئـەی ئایـا ئاژانسـی ئاسایشـی نیشـتیمانی (NSA)ی ئەمریـکا ئەمـە نـاکات؟ چاودێریـی تەلەفۆنـی هەرکەسـێک نـاکات؟ لای هەمـوو کـەس ئاشـکرایە دەیـکات.

سیاسـەتی نوێیـی ئەمریـکا بـە ڕێبەرایەتـی دۆناڵـد ترامـپ لـە هەنـگاوی یەکەمـدا دژی پرنسـیپ و بـاوەڕی خـودی سـەرمایەداری خـۆی وەسـتاوە؛ لێـدان لـە ئـازادی لێدانـە لـە بنەمـا کاریگەرەکـەی بیـر و ئایدیـای لیبرالیـزم. کاتێـک جەنگخـوازی بـۆ مەبەسـتی قارسـکردنی ئابـووری میللەتـان لـە پێنـاو بوژانـەوەی ئابـووری ئەمریـکا و دابینکردنـی خۆشـگوزەرانی لای ترامـپ دەبێتـە ستراتیـج، لـەم دۆخـەدا زانسـت و توێژینـەوە و تیـۆر ئیفلیـج دەکرێـن، پڕوپووچـی و شـتە بـێ بەهـاکان دەبنـە مۆدێـل و مەعریفـە و تێـزی بیرمەنـدان و توێـژەران بـێ نـرخ و بێکاریگـەر دەکرێـن. لـە ڕاسـتییدا، ترامـپ دوای دووبارە گەڕانـەوەی بـۆ سـەرۆکایەتیکردنی ئەمریـکا هەمـوو ئـەم شـەڕ و ئاشـوب و گوشـارانە دەکات بـۆ ڕزگارکردنـی ئەمریکایـە لـەو قەیرانـە ستراکچەرییـەی تێیکەوتـوە:

سـەرنج بدەینـە نموونەیەکـی زینـدوو، ڕەنگـە زۆربەتـان ئەمەمـان نەزانـی بـێ: لـە سـەدەی بیسـتەمدا، یەکێـک لـە بیرکـەرەوە قووڵەکانـی نـاو دامـەزراوە- فەرمییەکانـی ئەمریـکا "هـێنری کیسـنجەر" بـوو؛ سـاڵ سـاڵی (١٩٧٠) بـوو کـە لەگـەڵ سـەرۆک ڕیچـارد نیکسـۆن کاری دەکـرد، هێشـتا نەببـوو بـە وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا، سـەرۆکی ئەنجومەنـی ئاسایشـی نیشـتیمانی بـوو، کیسـنجەر ئەوکاتـە هێشـتا پیاوێـک بـوو لـە ژیانـی خۆیـدا و بـەرەو ئـەوە دەچـوو بـۆ جیهانـی بسـەلمێنێ کـە چەنـدە کاراکتەرێکـی زیـرەک و قووڵـە. جارێکیـان کیسـنجەر ئامارەکانـی مایکرۆ-ئیکۆنۆمـی بینـی، نیگـەران بـوو! چوونکـە دەیزانـی هەمـوو ئیمپراتۆرییەتێـک کاتێـک لـە ڕووی ئابورییـەوە وڵاتێکـی زیـادەی ئابوریـی (Surplus Country) دەگاتـە ئاسـتی کورتهێنـان (Deficit Economy) ئـیتر ئـەوە سـەرەتای کاڵبوونەوەیەتـی. بۆیـە، کیسـنجەر لەگـەڵ

خەڵکانـی خۆیـان لـە ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نیشـتیمانی کۆبـوەوە، پرسـیارێکی لێکـردن: چـی پێویسـتە ئێمـە بیکەیـن بۆئـەوەی هەژموونـی ئەمریـکا بپارێزیـن، لەکاتێـک ئێمـە کورتهێنانمـان هەیـە!؟ بـە هەریەکەیانـی وت بـڕۆن بیربکەنـەوە، دواتـر لـە نیـو لاپـەڕە (نـەک لاپەڕەیەکـی تـەواو یـان بیسـت پـەڕە- بەڵکـو نیـو لاپـەڕە) وەڵامـم بدەنـەوە؛

دواتــر وەڵامەکانــی لێوەرگرتــن، زۆربەیــان بــە شــتی کلاســیکی و نیمچە-ڕازیکــەر وەڵامیــان دابــوەوە؛ یەکێــک نووســی بــووی لەبەرئــەوەی کورتهێنــان هەیــە دەبێــت تێچــوو کــەم بکەینــەوە، یەکێــک وتبــووی بــاج زیــاد بکەیــن، یەکێکــی تــر وەڵامــی دابــوەوە دەبێـت ڕێـژەی سـوو زیـاد بکەیـن، یەکێکـی دیکـەش نووسـی بـووی دەبێـت هــاوردە کــەم بکەینــەوە و پیشەســازیی ناوخــۆ گەشــە پێبدەیــن و باڵانــس لــە نێــوان هەنــاردە و هــاوردە ڕابگریــن ...و...تادوایــی. یەکێــک لــە پیــاوەکان وەڵامێکــی جیــاوازی لــە نیــو لاپــەڕە بــە تایــب نووسراوەکەیــدا وەڵامداوەتــەوە:

پێویسـتە چـی بکەیـن؟ دەبێـت "کورتهێنان"ەکەمـان بۆ سـێ هێنـدە زیاد بکەیـن! ئەگەر ئێسـتا جارێـک کورتهێنـان (خراپـە) هەیـە، دەبێـت سـێ هێنـدە کورتهێنانەکـە زیـاد بکەیـن، ئینجـا وا لـە سـەرمایەدارەکانی تـەواوی جیهـان بکەیـن بێـن و پارەکـەی بـدەن. ئەمـە ئـەوە بـوو کـە دواتـر ڕوویـدا، ویلایەتـە یەکگرتـوەکان کورتهێنانەکـەی زیـاد کـرد و بـەکاری هێنـا بـۆ درووسـتکردنی خواسـتی گشـتی و بـۆ هەناردەکردنـی تەواوەتـی بـۆ ئەڵمانیـا و ژاپـۆن و دواتریـش بـۆ چیـن؛ ئەمـە لەبەرئـەوەی کورتهێنانـی بازرگانـی لـە ویلایەتـە یەکگرتـوەکان کـە خانەکانـی ئـەم وڵاتـە دەمژێـت، دەبێتـە بەشـێک لـە پرۆسـەیەکی جیهانـی لـە ڕێگـەی هەناردەکرنــی ئەلەمنیــۆم و ئۆتۆمبیــل و کەرەســتەکانی تــرەوە، لەلایەکیــش پابەندیــان دەکەیـت بـە دۆلارەوە و تـا بێـن کورتهێنانەکـە پـڕ بکەنـەوە.

کاتێـک خەڵـک پرسـیار لـە پـاوڵ ڤۆڵکـەر (Paul A. Volcker) ئابووریناـس و سـەرۆکی ئەوکاتـەی یەدەگـی فیدراڵـی ئەمریـکا دەکـەن: ئایـا ئەمـە نابێتـە هـۆی دابەزینـی ئاسـتی بەهـای دۆلار؟ لەوەڵامـدا دەڵێـت؛ بـە شـێوەی درێژخایـەن نەخێـر، چوونکـە دۆلار تاکـە دراوی یەدەگــی جیهانییــە. تاکــە دراوێــک کــە خەڵــک خواســتیان لەســەری هەبێــت، تەنانـەت خەڵـک بـێ ئـەوەی بیانەوێـت شـتێک بکـڕن حەزیـان بـە "دۆلار"ە، خەڵکـی وڵاتـان خواسـتیان لەسـەر دۆلارە کـە ئەمریـکا چاپـی دەکات و بەرهەمـی دەهێنێـت. ئەگەر

تـۆ ئەمـڕۆ پرسـیارێک بـە مێشـکتدا بێـت، بۆچـی ئەمریـکا زۆر بەهەژموونـە؟ وەڵامەکـە ئەوەیـە ئەمریـکا مۆنۆپۆڵـی سیسـتەمی پارەدانـی جیهانـی کـردووە.

یەکێـک لـەو شـتانەی بـاراک ئۆبامـا شـانازیی پێـوە دەکـرد؛ ڕێککەوتننامـەی خۆرئـاوا و ئێـران سـەبارەت بـە پرسـی چەکـە ئەتۆمییەکانـی ئێـران و هەڵگرتنـی سـزاکان لەسـەر ئێـران بـوو کـە لەلایـەن ئەمریـکا و هەمـوو ئەوڕووپـاوە واژۆکرابـوو، ترەمـپ هـات ئەمـەی هەڵوەشـانەوە، چوونکـە ڕقـی لـە ئۆبامابـوو. لـە ڕاسـتییدا ڕاوێـژکاری ئەڵمانیـا "ئەنگـێلا مێـرکڵ" بـەم هەڵوێسـتەی ترامـپ لـە خوولـی یەکەمـی سـەرۆکایەتیەکەدا نیگـەران بـوو، چوونکـە مێـرکڵ زۆر کاری کـرد بۆئـەوەی ڕێککەوتننامـەی ئێـران و خۆرئـاوا واژۆ بکرێـت، بۆیـە مێـرکڵ بەئاشـکرا گوتـی، ئێمـە لەگـەڵ ئـەم هەڵوێسـتەی ئیـدارەی ترامـپ دا ناوەسـتینەوە، بـەڵام وەکـو پرۆفیسـۆر یانیـس ڤارۆڤاکیـس وەزیـری پێشـووتری دارایـی یۆنـان ڕوونـی دەکاتـەوە، بازرگانـە ئەڵمانییـەکان لەگـەڵ مێـرکڵ و وڵاتەکەیـان ڕێـک نەوەسـتان، هەڕەشـەی ئەوەیـان کـرد ئـەوان دەچـن لـە ئەمریـکا وەبەرهێنـان دەکـەن؟ چوونکـە ترامـپ هەڕەشـەی لێدەکـردن کـە بێبەشـیان دەکات لـە کەمکردنـەوەی بـاج و دەبێتـە مەترسـیی بـۆ سـەر سـەرمایەکەیان (Varoufakis. 2025: March 24).

بۆیـە، ئەمریـکا لـە ناوەنـدی سیسـتەمی ئابـووری جیهانیدایـە، بڕێکـی زۆر کاڵا و خزمەتگـوزاری بەکاردەهێنێـت کـە بەهـۆی قەرزکـردن و قـەرزەوە دەجووڵێتـەوە. لـە پێکهاتـەی ئابـووری جیهانـی ئەمریـکا زاڵـە؛ چوونکـە پشـت بـە ئیسـتغلالکردنی ناهاوسـەنگی بازرگانـی نێودەوڵەتـی و قەرزکردنـی زیـادە دەبەسـتێت، ئـەوەش دەبێتـە هـۆی ناسـەقامگیری سیسـتەمی جیهانـی. کەواتـە ئێمـە لـە بـری بـە جیهانیکردنـی دیموکراسـیی و چەسـپاندنی بنەماکانـی ئابوریـی لـیبراڵ "دۆلارۆکراسـی" دەبینیـن! دەکرێـت "دۆلارۆکراسـی" ببێتـە زاراوەیـەک وەسـفکردنی سیسـتەمێکی سیاسـی کـە تیایـدا پـارە بـە تایبـەت سـامانی کۆمپانیـا، یـان نوخبـە بەکاردەهێنـدرێ بۆئـەوەی کاریگەرییەکـی باڵادەسـت درووسـت بـکات لەسـەر پرۆسـەکانی دیموکراسـی، وەک هەڵبـژاردن، داڕشـتنی سیاسـەت و حوکمڕانـی. کاتێـک گـوێ لـە سـەرۆکی ئەمریـکا "دۆناڵـد ترامـپ" دەگریـت، تێدەگەیـت کـە پێـوەری ئـەو بـۆ شـتەکان تەنیـا خۆیەتـی و بـەس!

چـی دەڵێـی؟ وا نازانیـت کـە بەرە-بـەرە ئێمـە باسـی جیهانێکـی بـێ حیکایـەت

دەکەیــن، باســی سەرلێشــێواویی دەکەیــن، جیهانێــک کــە لیبراڵیــزم تیایــدا بەزەویــدا کەوتــوە، دەبێــت فۆڕمێکــی نــوێ بــۆ بەڕێوەبــردن پێشــنیار بکەیــن:

کارەســاتە مرۆیــی و مادییەکانــی غــەزە دەیــان ســاڵی تــر ســاڕێژ نابــن، بەردەوامــی مەترســییەکانی ڕووســیا بەســەر ئەوڕووپــاوە، گەرمبوونــی گــۆی زەوی بەهــۆی بەرژەوەندیــی نوخبــەی سەردەســتی ئابورییــەوە، گەشەســەندنی پۆپۆلیــزم و ڕاســتڕەوی تونــدڕەو لــە ئەوڕووپــادا، بڵاوبوونــەوەی نا-یەکسانی، کێشــەی کۆچبــەران، بڵاوبوونــەوەی زیاتــری مــاددە هۆشــبەرەکان، بڵاوبوونــەوەی چەکــی ناوەکــی، زیادتربوونــی ڕێــژەی دەســتەڵاتگەرا و پاوانخــوازەکان لــە حکومەتەکانــدا، ئافاتەکانــی تەکنەلۆژیــا و زیرەکــی دەســتکرد لەســەر مرۆڤایەتــی، تەنانــەت هەواڵــی ســاختە لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان و ئامرازەکانــی میدیــادا بووەتــە گرفتێکــی جیهانــی. هەمــوو ئەمانــە دەرخــەری ئــەوەن کۆمەڵگــە و حکومەتەکانــی جیهــان لــەم لەنگەرشــکانەی سیســتەمی جیهانــی تێگەیشــتوون و بــەدوای فۆڕمێکــی نوێــدا دەگەڕێــن. دۆناڵــد ترامــپ شــتێکی وای پــێ نییــە پێشکەشــی جیهانــی بــکات، پەیامــی ســەرەکی ترامــپ لــە خولــی یەکــەم ٢٠١٦-٢٠٢٠ و لــە ٢٠٢٥ یــش کــە دەســتبەکاربووە هەرئەوەیــە کــە ئــەوە ئیشــی ئەمریــکا نییــە دیــدگا جیهانییــەکان دروســتبکات و بەرزیــان ڕابگرێت. ئەمــە چ دیدگایەکــە کــە وا بــاش بــێ ئێمــە دیــوار درووســت بکەیــن لــە سەرســنوورەکان و سیاســەتی نــا لیبراڵانــە بــۆ بێگانــەکان پەیــڕەو بکەیــن!

بۆیــە، لەمیانــەی هەڵکشــانی ناڕەزایەتــی جیهانــی دا، نــەک لــە ئاســیادا، بەڵکــو دوور نییــە ئەوڕووپــا پێشــوازیی فەرمــی و ســەرەکی لــە هەڵکشــانی هەژموونــی چیــن بــکات. چینییــەکان کاتێــک مارکســیزم -لینیزمیــان پشــتگوێ خســت و بــە زیــادەوە ڕوویــان کــردە لیبراڵیــزم، ڕوویــان کــردە بــازاڕی ئابوریــی ئــازاد و هاریکاریــی نێودەوڵەتــی، بەرجەســتەکردن و پێشکەشــکردنی کاڵای هــەرزانتر لــە شــوێنە دوورەکان. هــەروەک چــۆن ئــەوەش وای لــە ڕووســیا کــردووە خــۆی زیاتــر لــە هێزێکــی گــەورە ببینێــت بــۆ کێبڕکــێ لەگــەڵ گوتــاری لیبراڵیزمــی جیهانــی و ئەوڕووپــا بەتــەواوی بخاتــە مەترسییەوە.

ئێمــە بەرئەنجامــی فێــڵ و تەڵەگەبازییەکانــی ســەرمایەداریی، بەرئەنجامــی پاشەکشــەکانی ئیــدارەی ترامــپ لــە ئازادیــی و دەرفەتــی یەکســان و ئابوریــی ئــازاد

و بەرگریــی لــە پایەکانــی دیموکراســی و دەربڕینــی ئــازاد، لــە چەندیــن خاڵــی ئــەم ســەرزەوییە حکومەتــەکان دەبینیــن کــە بــەرەو تۆتاڵیتارییــەت و دەســتەڵاتگەرایی و خۆســەپاندن هەنــگاو دەنێــن، کاتێــک حکومــەت ناتوانــێ ژیانــی خەڵــک بــە باشــی بەڕێوەببــات و کێماســییەکانی زۆر و درێژخایەنــن، دەچێــت میدیــا کــۆنترۆڵ دەکات تــا خەڵــک گێــل بــکات، بــەڵام ئەمــەش تاســەر نییــە!

بەگشــتی، خۆرئــاوا تاقەتــی بەڕێوەبــردن و دارِشــتنی دیــدگا جیهانییەکانــی نەمــاوە. ئەمریــکای ترامــپ یــان دەوڵەتــی قــووڵ لــە ئەمریــکا خەریکــی خــۆ کۆکردنــەوە و خــۆ ڕێکخســتنەوەیە بــۆ قۆناخێکــی گرینــگتر بــۆ داهاتــوو؛ لــە ڕووی دارایــی و بــاج، بەرهەمهێنانــی وزە، بەرهەمهێنانــی ئۆتۆمبیــل، تەکنەلۆژیــا باڵایــی بنوێنــێ. دەیــەوێ ئەوانــی تــر ناچاربــکات بــە سیاســەتەکانی خــۆی.

**٨.٥. فرەجەمسەریی، جیهانێکی بێ جەمسەر، هەردووکیان بە یەکجار: جیهانەکەمان لەسەردەمی جەنگی ئۆکراین دا**

ئەوەی دەبێت پێشبینیکراو بێت لە سەدەی ٢١ دا؛ زیرەکی دەستکرد و گرینگی ئۆقیانووسەکان (بەتایبەتی پاسیفک و ناوچەی هیندۆ-پاسیفیک) وەک پرسێکی نوێ سەرهەڵدەدەن کە پاڵنەر دەبن بۆ کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکی و دینامیکیەتێکی ڕێکخراو. کۆمپانیاکان بۆئەوەی لەم سەردەمە نوێیەدا گەشە بکەن، پێویستە مۆدێلی ستراتیژیی بازرگانی و زنجیرەی دابینکردن و پلانی بەردەوامیی خۆیان ڕێکبخەن.

ئەوەی دەبێت هەموو لایەک باشتر سۆراخی بکەن، ئەوە دەبێت: لە سەدەی ٢١ دا جیۆپۆلەتیک چۆن کاریگەری لەسەر بازرگانی دەبێت؟

کاتێک لە دوای دووەمین جەنگی جیهانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا، پێناسە و ئامانجە سەرەکییەکەی ئەوە بوو، ئەمە ڕێکخراوێکی حکومیی نێودەوڵەتییە، بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دامەزراوە، ئایا ئێمە ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەبینین؟ ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان توانی جەنگ لە ئۆکراینا، غەزە، لوبنان و زۆر شوێنی دیکە ڕابگرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە زۆر سادەو ڕوونن. ئەگەر دەتەوێت ئەو مەترسییە ئەمنییانە ببینیت کە جیهان ڕووبەڕووی دەبێتەوە، سەیر بکە، حکومەتەکان چەندە خەرجییەکانی بەرگرییان بەرزکردووەتەوە؛

بە پێی جۆناسان ماستەرز و ویل مێرۆ (٢٠٢٤) لە خانەی بیریی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە لێکی دەدەنەوە؛ لە ساڵی ٢٠٢٢ تا ٢٠٢٤ شەڕی ئۆکرانیا بارگرانییەکی دارایی بەرچاوی بەسەر وڵاتانی ڕۆژئاوادا سەپاندووە، بەتایبەتی لە ڕێگەی یارمەتی سەربازی و پشتیوانی مرۆییەوە: بە تەنیا ئەمریکا تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٤، وەک کۆی گشتی هاوکاری بۆ ئۆکرانیا نزیکەی ١٧٥ سەت و حەفتاو پێنج ملیار دۆلاری تەرخان کردووە، نزیکەی ١٠٦ ملیار دۆلاری ڕاستەوخۆ چووەتە خودی ئۆکرانیا. ئەم پاڵپشتییە یارمەتی سەربازی و مرۆیی و ئابووری لەخۆدەگرێت (Masters، J and Merrow، W. 2024). بەشێکی زۆری یارمەتییەکان بۆ پڕکردنەوەی کۆگا سەربازییەکان و بەرهەمهێنانی چەکەو لە پیشەسازییە بەرگرییەکانی ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتووە. وڵاتانی ئەوڕووپا، لەوانەش وڵاتانی

ئەندامـی یەکێتـی ئەوڕووپـا و بەریتانیـا و هاوپەیمانەکانـی دیکـەی ڕۆژئـاوا بەکۆمـەڵ تـا ناوەڕاسـتی سـاڵی ٢٠٢٤ زیاتـر لـە ١١٠ ملیـار یۆرۆیـان بـۆ ئۆکرانیـا تەرخانکـردووە. نزیکـەی نیـوەی ئـەم یارمەتییـە هـاوکاری سـەربازییە، وڵاتانـی وەک ئەڵمانیـا، بەریتانیـا و کەنــەدا بەشــداریێکی ســەرەکین (Kiel Institute for the World Economy. 2024). ئەمــە جگــە لــە هاوکاریــی و هاودەنگییەکانــی ئوستralیـا و ژاپـۆن و...تادوایـی.

بەشـێوەیەکی گشـتی، لەمـاوەی دوو سـاڵی جەنگـی ئۆکرایـن دا، تێچـووی جەنگەکـە بـۆ وڵاتانـی ڕۆژئـاوا تریلیۆنەهـا دۆلار بـووە؛ بودجـەی سـەربازی جیهانـی لـە سـاڵی (٢٠٢٣) دا، گەیشـتە ٢.٤٤ تریلیـۆن دۆلار (٢.٢٥ تریلیـۆن یـۆرۆ) لـە چـاو سـاڵی ٢٠٢٢ نزیکـەی ٧٪ زیاتـرە، ئەمـەش لـە سـاڵی ٢٠٠٩ ەوە بەرزتریـن بەرزبوونـەوەی سـاڵ بـە سـاڵ بـووە کـە لـە سـاڵی دووەمـی لەشکرکێشـی تەواوەتـی ڕووسـیا بـۆ سـەر ئۆکرانیـا تۆمارکـراوە. بێگومـان لـە سـاڵی (٢٠٢٤) بەهـۆی جەنگیـی غـەزەوە ئەمـە زۆر زیاتـر دەکات. ئەندامانـی ناتـۆ لـە (٢٠٢٤) ٣٨٠ ملیـار دۆلاری پێوانەیـی بـۆ بەرگـری خـەرج دەکـەن، بەهـۆی ئـەوەی کێـڤ بەتەنیـا ئامـادەی بەرەنگاربوونـەوەی ململانێیەکـی وەهـا بەرفـراوان نەبـوو، وڵاتانـی ڕۆژئـاوا یارمەتییـە سـەربازییەکانیان بـۆ ئۆکرانیـا زیادکـرد.

لـە هەمانکاتـدا گرژییـە پەرەسـەندووەکانی دیکـە لەگـەڵ ڕووسـیا و لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت وایکـرد حکومەتـەکان بەرگرییەکانـی ئاسایشـیان بەهێزتـر بکـەن، بـە پێچەوانـەی هـەر کاتێکـی دوای جەنگـی دووەمـی جیهانـی. لـە سـاڵی ٢٠٢٤دا ئەمریـکا ٨٨٦ ملیـار دۆلاری بـۆ بەرگـری تەرخـان کـردووە کـە لـە مـاوەی دوو سـاڵدا زیاتـر لـە ٨٪ زیـادی کـردووە (Martin. 2024). بۆیـە حکومەتـەکان بـۆ دابینکردنـی بودجـەی بەرزبوونـەوەی سـەربازییان، ڕووبـەڕووی زیادبوونـی قەرزکـردن و بـاج و کەمکردنـەوەی کەرتـی گشـتی دەبنـەوە.

لــە ســاڵی ٢٠٢٥ دۆناڵــد ترەمــپ، ســەرۆکی ئەمریــکا، نــاوی پنتاگۆنــی گــۆڕی بـۆ وەزارەتـی جەنـگ. بەپێـی داواکاری بودجـەی ئیختیـاری سـاڵی دارایـی ٢٠٢٦ کـە لەلایـەن فەرمانگـەی جێبەجێـکاری سـەرۆکەوە دەرچـووە، ئیـدارە پێشـنیاری زیادکردنـی ١٣٪ی بودجـەی بەرگـری کـردووە کـە بـۆ سـاڵی دارایـی ٢٠٢٦ بـڕی ١.٠١ یـەک تریلیـۆن دۆلاری ئەمریکـی بـووە. لـە هەنگاوێکـی بـێ پێشـینەدا و لـەم ژمارەیـە، ١٧٥ ملیـار

دۆلاری ئەمریکی بۆ بەهێزکردنی پاراستنی سنوورەکانی ئەمریکا و ئاسایشی ناوخۆ تەرخانکراوە (Executive Office of the President، 2025، May 2). قەبارەی ئەم ژمارەیە بێ وێنەیە، نەک تەنیا لە مێژووی ئەمریکادا، بەڵکو لە ئاستی جیهانیدا، چونکە هیچ نەتەوەیەکی دیکە تا ئێستا بڕە پارەیەکی وەها گەورەی بۆ بەرگری تەرخان نەکردووە. بۆ وێناکردنی گەورەیی، ئەگەر مرۆڤ بە ڕێژەی یەک ژمارە لە چرکەیەکدا تا یەک تریلیۆن بژمێرێت، زیاتر لە ٣١٧٠٠ ساڵ دەخایەنێت تا دەگاتە ئەو ژمارەیە: یەک تریلیۆن!

پشکنینی زیاتر دەریدەخات؛ بودجەی ساڵانەی پنتاگۆن "کە ئێستا لە ژێر وەزارەتی جەنگدا ناوزەد کراوە" زیاتر لە ٣٠٠ لاپەڕەیە- ئەم بەڵگەنامەیە تەنیا سەرەتایەکە: هەزاران ڕاپۆرتی تەواوکەر و پاشکۆ و پێشکەشکردنی پاوەرپۆینت لەگەڵیدا هاوپێچە کە وردەکاری خەرجییەکانی بۆ فڕۆکەی F-35 تا تەرخانکردنی شەش ژمارەییەک بۆ بەدواداچوون و ڕاگرتنی وازهێنەرانی سەربازی لە ملیارەها دۆلارەوە دەستپێدەکات. ئەم تۆڕە فراوان و ئاڵۆزەی بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە بەرگری، جەخت لەسەر قووڵی و قەبارەی خەرجییە سەربازییەکانی هاوچەرخی ئەمریکا دەکاتەوە.

لەکاتێکدا ئێمە تەنیا باس لە زیادکردنی بودجەی بەرگرییەکان و تێچووی دارایی جەنگەکان دەکەین، نەک زیانە ژینگەیی و مرۆییەکانی، نەک ئاوەدانکردنەوەی ئۆکراینا و غەزە و لوبنان، گەڕانەوەی دەیان ملیۆن خەڵک بۆ زێدی خۆیان. هەر لەسەرەتای جەنگەکەوە، پۆتین زۆر بە ڕوونی ئەوەی وتووە؛ جیهان زۆر بە خێرایی دەگۆڕێت. قەیرانەکان و پێکدادانەکان ئەوە دەردەخەن کە هەندێک دەوڵەت کێشەکانیان بە ڕێگەی سەربازی و هێز چارەسەر دەکەن، بەرەی ڕووسیا بە ئاشکرا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی وەک هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی گەلان و شکێنەری سەرەوەری گەلان دەبینێت.

لە دوای ساڵی ٢٠٢٥ ەوە یەکێک لە تایبەتمەندییە دیاریکەرەکانی ژینگەی جیۆپۆلەتیکی فرە جەمسەری دەبێت. ژمارەیەکی زیاتر لە ئەکتەرە بەهێزەکان سیستەمێکی جیهانی ئاڵۆزتر لە قاڵب دەدەن، وەک ڕووسیا، یەکێتی ئەوروپا، ئەمریکا

و چیـن بـەردەوام دەبـن لـە داڕشـتنی ژینگـەی کارکردنـی جیهانـی بـە شـێوازی قـووڵ. ئـەو دەوڵەتانەشـی کـە وەرچەرخانـی جیۆپۆڵەتیکیـی تیایانـدا ڕوویـداوە وەک هیندسـتان، سـعودییە، باشـووری ئەفریقـا و بەرازیـل کـە بـە تایبەتـی لەگـەڵ هیـچ زلهێزێـک یـان بلۆکێکـی گـەورەدا هاوتەریـب نیـن، دەسـەڵاتی زیاتـر بەسـەر کارنامـەی نێودەوڵەتیـدا بەدەسـتدەهێنن. هەروەهـا وڵاتانـی بچـووکتر و ئەکتـەرە نادەوڵەتییـەکان بـۆ دووبـارە کێشـانەوەی سـنوورەکان دەرفەتـەکان دەقۆزنـەوە، یـان بـە شـێوەیەکی تـر گۆشـەی فرەگەردوونـی جیۆپۆڵەتیکـی خۆیـان لـە قاڵـب بـدەن.

شـــەڕی ئۆکرانیـــا و ململانـــێ جیۆپۆڵەتیکیـــەکان کـــە لـــە چەنـــد ناوچەیەکـــی دیکـەی جیهانـدا هەڵگیرسـاون، ڕەنگـە تەنیـا سـەرەتایەک بێـت. ئـەوەی دەمێنێتـەوە داڕشـتنەوەی بەهـا و نۆرمـە گەردوونییەکانـە؛ ئێمـە چـۆن لـە سەرانسـەری جیهانـدا پێکـەوە ڕووبـەڕووی کێشـەکانی وەک؛ نا-یەکسـانی، کێشـە ژینگەییـەکان، بڵاوبوونـەوەی چەکـی ئەتۆمـی، قاچاخچێتـی مـاددە هۆشـبەرەکان، کێشـەی کۆچبەریـی، برسـێتی، ئـەو قەیرانانـەی ڕوویکردۆتـە دیموکراسـی، نەبوونـی دامـەزراوە و حوکمـی یاسـا لـە چەندیـن ناوچـەدا، پەتـا و نەخۆشـییە بڵاوبـووەوەکان ببینـەوە و چارەسـەری پێکەوەییـان بـۆ بدۆزینـەوە؟!

ئۆلیڤـەر جۆنـز و فرامکـە کرمبولـەر (٢٠٢٣)، ئـەم بابەتـە بـە جیۆپۆڵەتیکی زیرەکـی دەسـتکردەوە گرێـدەدەن؛ کـە ئـیتر حکومەتـەکان بـە بنیاتنانـی زەبـری خۆیـان زیرەکـی دەسـتکرد دەکـەن بـە جێـگای بایەخـی زیاتـر. حکومەتـەکان پێشـبڕکێ دەکـەن بـۆ ڕێکخسـتنی زیرەکـی دەسـتکرد بـۆ کەمکردنـەوەی ئەگـەری مەترسـییە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکان، بـەڵام داڕێژەرانـی سیاسـەت لـە هەمـان کاتـدا هـەوڵ دەدەن زیرەکـی دەسـتکرد لـە داهێنانـی ناوخۆیـی ئەزمـوون بکـەن بۆئـەوەی لـە ڕووی جیۆپۆلەتیکییـەوە کێبڕکـێ بکـەن. لـە ئەنجامـدا زیرەکـی دەسـتکرد دەبێتـە داینامیکـی ناوەنـدی لـە پەیوەندییەکانـی ئەمریـکا و چینـدا. بەمشـێوەیە بەکارهێنـان و ڕێکخسـتنی زیرەکـی دەسـتکرد گۆڕانـکاری بـەرەو بلۆکـە جیۆپۆلیتیکییـە جیـاوازەکان خێراتـر دەکات:

جیۆپۆلەتیکـی زەریـاکان زیاتـر لـە ڕۆحـی ئـەم سـەردەمە جیهانییـەدا دەردەکەوێـت؛ زەریـاکان شـوێنی ٩٤٪ی هەمـوو ژیانـی هەسـارەکەمانن و تادێـت دەبنـە سـەرچاوەیەکی

گرنگی ئابووری و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی گەلان. نزیکەی ٩٠٪ی بازرگانی و کاڵای جیهانی لە ڕێگا دەریاییەکانەوە بەشێوەی سەرسوڕهێنەر دێت و دەچێت، بەڵام زۆرێک لە قەرەباڵغترین ڕێڕەوەکانی ترانزێتی دەریایی جیهان مەترسی پچڕانی جیۆپۆلەتیکییان لەسەرە و پێشبینی دەکرێت کانگاکان لە قووڵایی دەریاکان، لانیکەم یەک لەسەر سێی دابینکردنی کانزا گرینگەکانی پێویست بۆ گواستنەوەی وزە پێکبهێنێت. کۆمپانیاکان پێویستە لە کاتی دانانی زنجیرەی دابینکردن و ستراتیژییەکانی بەردەوامیی خۆیان جیۆپۆلەتیکی ئۆقیانووس لەبەرچاو بگرن (Jones، O & Krumbmüller، F. 2023).

لەئەنجامدا، ئیتر لە ٢٠٢٥ بە دواوە، بە زۆر پێوەر خەریکە بڕوا بەوە دەهێنین کە لە جیهانێکی یەک جەمسەریدا ناژین، ئەوە ماوەکانی پێشوو بوو کە دەمانگوت ئەمریکا تاکە زلهێزی جیهانییە، ئەوەی ئەمریکای ترەمپ لەدەستی دێ نیشاندانی ماسولکە و هێزی ڕەقی ئەمریکایە لەچەند ناوچەیەکدا. ئەمڕۆ ئەو سەردەمە نەماوە. بۆ نموونە لە دوای داگیرکردنی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیا لە شوباتی ٢٠٢٢ەوە پەیوەندییە سەربازی و ئابوورییەکانی نێوان ڕووسیا و چین بەهێزتر بووە:

ڕۆژئاوا پێی وابوو، بەرنامەی گەمارۆکان و تێچووی شەڕی ئۆکرانیا ئابووری ڕووسیا دەگەیەنێتە ئاستی سواڵکردن، بەڵام دوای زیاتر لە دوو ساڵ بەردەوامی جەنگەکە، بانکی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند؛ ئاڵوگۆڕی بازرگانی ڕووسیا بە ڕێژەی (٦.٨٪) زیادیکردووە و کەرتی داراییش بە ڕێژەی (٨.٧٪) گەشەی کردووە و پیشەسازی بیناسازیش بە ڕێژەی (٦.٦٪) زیادی کردووە. ڤلادیمێر پوتین سەرۆکی ڕووسیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین ستایش دەکات بەوەی "لە باشترین قۆناغی مێژووییدان"، سەرۆکی چین "شی جینپینگ" ڤلادیمێر پوتینی بە "دۆستی کۆن"ی خۆی ناو دەبات (Bambery. 2024). لەوەش زیاتر کارابوونی لوتکەی ڕێکخراوی هاوکاری شەنگەها (SCO) کە هاوپەیمانییەکی ئەمنی و بەرگرییە و مۆسکۆ و پەکین وەک بەرپەرچدانەوەی ناتۆ سەیریان کردووە. شانبەشانی ڕووسیا و چین، چوار دەوڵەتی ئاسیای ناوەڕاست، هیندستان، ئێران و پاکستان ئەندامی ڕێکخراوی هاریکاریی شەنگەهاین.

ڕاستە ئەمریکییەکان مووشەکیان لە پۆڵەندا، تورکیا، ئەڵمانیا و بەریتانیا، هەروەها لە ئاسیا لە کۆریای باشوور و گوام و دوورگەی ئۆکیناوای ژاپۆن جێگیر کردووە، هەروەها ساڵانە ئەمریکا دەبێت لە بودجەکەیدا ڕەچاوی ئامادەیی سەربازیی خۆی لە تایوان بکات. جێگیرکردنی مووشەکی زەمینی مەودای مامناوەند لە هیندستان و زەریای هێمن لەلایەن ئەمریکاوە هەنگاوێکی بێ مەترسیی نابێت، چونکە چین هۆشداریی داوە "ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوە" دەگرێتەبەر. لایەنی کەم ئەمە لە ڕووی بودجەی بەرگرییەوە بۆ ئەمریکا تێچوونییەکی بەردەوامی دەبێت.

ڕاستە بەراورد بە ڕووسیا، نایەکسانی لە نێوان هێزی ئابووری و سەربازی چیندا هەیە، بەڵام ئەم دوو دەوڵەتە زۆر شتیان هاوبەشە. ڕووسیا دەتوانێت وزە و خۆراک بۆ چین دابین بکات کە هەردووکیان پێویستی بە هاوردەکردنە. لە کاتێکدا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەڕەشە لە کۆنترۆڵکردنی خاڵەکانی خنکاندنی پڕۆژەی ژێرخانی پشتێن و ڕێگا دەکەن کە کەشتییە بازرگانییە چینییەکان لە دەریای باشووری چین دەردەچن و دەچنە زەریای هێمن. هەروەها ئەوەی هاوکاری چین و ڕووسیا دەباتە پێشەوە، ترسێکی هاوبەشە لە دەستدرێژی ئەمریکا بۆ سەر هەردوو دەوڵەت. هەردووکیان ترسیان هەیە لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە گەمارۆ بدرێن.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دیمەنێکی شەرمهێنەری جەنگ لە غەزە بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو، مرۆڤایەتی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە سۆشیال میدیادا تەماشای شێوازەکانی کوشتنی منداڵ و ژنانیان کرد، نەتەوە یەکگرتووەکان کە بڕیاربوو ئاشتی جیهانی بپارێزێت، بێدەستەڵاتی خۆی هەر لەسەرەتاوە نیشانداوە. ئەمە بارقورسییەکی دیکەی سەر ئیدارەی ئەمریکایە کە ناتانیاهۆ بەردەوام پێیوایە دەتوانێت ئەمریکا لە شەڕێکی لەو شێوەیەدا بەشداری پێبکات. بە شێوەیەکی لۆژیکی، سەختە ببینین واشنتۆن بەشداری ئەم ململانێیە بکات، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دەستی وەزارەتی جەنگ و سی ئای ئەی دایە، نەک ترەمپ، یان مارکۆ ڕۆبیۆ، ناکرێت ئەم بابەتە ڕەت بکەینەوە، بەتایبەت هاتنە ناوەوەیەکی سەربازیی دژی ئێران!

وەک ڕۆژنامەنووسی ناوداری سودانی- بەریتانی "نەسرین مالیک" دەڵێت، ئەم جۆرە پێشهات و پەرەسەندنانە، سنوورێکی نوێ بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئینگلیز- ئەمریکی و ئەورووپادا دەسەپێنن. لە دوای داگیرکردنی ئۆکرانیا، چەندین وڵاتی ئەفریکا ڕەتیانکردەوە کردەوەکانی ڕووسیا ئیدانە بکەن و لە دوای کودەتاکانی ئەو دواییەی ئەفریقای سەب سەهارادا، ئاڵای ڕووسیا بەرزکرایەوە، ئیدانەی زلهێزە کۆلۆنیالیەکانی ئەورووپا وەک فەرەنسا کرا. چین بۆ ماوەی نزیکەی دوو دەیە گەورەترین هاوبەشی بازرگانی و وەبەرهێنانە لە ژێرخانی ئەفریکادا. گۆڕانکارییەکی دیکە کە بەهۆی ململانێیەکەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتۆتە ئاراوە، ئەوەیە ڕووداوەکانی ئەوێ پارێزەرانی نەزمێکی جیهانی لیبراڵیان کەمکردووەتەوە و سنوورە ئیتنی و کەلتورییەکان توندتر دەبنەوە.

تەنیا لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا (٢٠١٤ بۆ ٢٠٢٤) قەتەر بووەتە گەورەترین هەناردەکاری غازی سروشتی لە جیهاندا و ئێستا لە دۆخێکدایە جێگەی ئەمریکا بگرێتەوە وەک جێگرەوەی ڕووسیا وەک دابینکەری غاز بۆ ئەورووپا. ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی ئاواتەکانی فراوانکردنی هێزی ئابووری خۆی هەیە لەڕێگەی دەستەبەرکردنی دابینکردنی زێڕ و بەندەرە بەنرخەکانی دەریای سوور لە کەناراوەکانی ئەفریکا و بەمجۆرە پەیوەندی بەهێزتر لە کیشوەری ئەفریکا دروست دەکات، دابینکردنی چەک و بودجە بۆ هێزە میلیشیاییەکان لە سودان و دامەزراندنی ڕێڕەوی دابینکردن لە چاد. سعودییە ڕێبەرایەتییەکی ئابوریی هەمەچەشنی ناوچەیی و جیهانی دەکات، عومان لە تەپو تۆزی قەراخ دەریاکانەوە، دۆخەکەی گۆڕیوە بۆئەوەی ببێتە پێشەنگ لە بەرهەمهێنانی وزەی پاک و کەرتی گەشتیاریی و خانوبەرە (Malik. 2024).

بەمشێوەیە، زلهێزە ئابوورییە تەقلیدییەکان و ڕکابەرەکانی هەژموونی ڕۆژئاوا، چین و ڕووسیا، پێشبینی "جیهانێکی فرە جەمسەری" دەکەن، ئەوانی دیکەش (کە زلهێزە ناوچەییەکان و هێزە مامناوەندییەکان بەگشتی لەگەڵ ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکان) بە هێمنی لەهەموو لایەکەوە خەریکی بەدەستهێنانی پێگەی زیاتری خۆیانن، ئەمەش لەگەڵ گەشەسەندنی زیرەکی دەستکرددا هێمایەکە کە هاتنە ئارای جیهانێکی ناجەمسەریی "نەمانی جەمسەر" زیاتر دەکاتە ڕاستیی.

## ٩.٥. تێگەیشتن لە گۆڕانکارییەکانی هێز: بەشدارییە تیۆرییەکان لە وەرچەرخانی هێزی جیهانی دا

سەرهەڵدانی زلهێزە نوێیەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا بە قووڵی ئەو ژینگەیە دەگۆڕێت کە زۆربەی ئەکتەر و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان تێیدا کاردەکەن. بەڵام تا ئێستا لە ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئیش لەسەر ئەوە نەکراوە، ئایا کام تیۆرییە دەتوانێت بۆ تێگەیشتن لە سیستەم و نەزمی جیهانی نوێ زیاتر یارمەتیدەر بێت. بە دڵنیاییەوە مشتومڕ لەسەر ئەگەری ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی ئەم ساتەوەختە مێژووییە دێتەئاراوە کە تیایدا: زیرەکی دەستکرد، کۆمپانیاکانی بواری تەکنەلۆژیا و گەیاندن، هێزە- مامناوەندییە تازە سەرهەڵداوەکان، بە ئامادەیی چین و ڕووسیا لە داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی هێز ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن.

ئێمە هەژموونکردنی ئاشتیانەی چین لە جیهاندا دەبینین، بەڵام ئایا لە ئەگەری بەرجەستەبوونی جیهانێکی بێ جەمسەردا، هەیکەلییەتی ئەو جۆرە سیستمە چۆن دەبێت؟ چۆن بڕیار درووست دەکرێت؟ ئایا تەلارسازییەکە لە ئاستی ناوچەییدا چۆن دەبێت؟ بۆ نموونە لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان بوونی هەیە و لەناو ئەم ڕێکخراوە جیهانییەدا، وڵاتان بەگشتی ئەندامن و کار بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و درووستکردنی پەیوەندیی هاوڕێیانە دەکەن، هەروەها لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ئاسایشدا پێنج دەوڵەتی زلهێز (زیاتر ئەمریکا) دەتوانێت لەبارەی جەنگ و ئاشتییەوە بڕیارە چارەنووسسازەکان درووست بکات و دەربکات، لەوەتەی ئەم نەزمە لە دوای جەنگی جیهانییەوە درووست بووە، نەیتوانیوە بەها و نۆرمەکان ڕێک بخات، ئایا نەزم و ڕێکخستنی نوێی جیهانی چۆن لێک بدەینەوە؟

لێرەدا، هەن باس لە مەحاڵبوونی تێگەیشتن لەو نەزمە جیهانییە دەکەن کە سەرهەڵدەدات، بێ لەبەرچاوگرتنی ئاست و ڕۆڵی هەرێمایەتی، بۆ نموونە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان یەکێتی ئەوروپا، یاخود هیندۆ-پاسیفیک. ئەمەش دیسان جێگەی سەرسوڕمانە، پەیوەندی نێوان فرەجەمسەری جیهانی و داینامیکی ناوچەیی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، بە تایبەت

کاتێـک ئێمـە لـە بەشـەکانی پێشـووی ئـەم کتێبـەدا، بەڵگەمـان خسـتەڕوو کـە لـە ڕووی مێژووییـەوە "هەرێمایەتـی-Regionalism" بەرانبـەر بـە هەلومەرجـی سیاسـی نێودەوڵەتـی زۆر هەسـتیار بـووە.

لـە بـارەی بڕیاردانـی جیهانییـەوە، هانـس کوندانـی (٢٠١٧) لایوایـە، تێچـووی دەسـتێوەردانی سـەربازی بـێ ئەرکـی ئەنجومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە ڕووی ڕێکخسـتنەوە زۆر زۆرە، تەنانـەت لـەو شـوێنانەی ڕەنگـە لـە ڕووی ئەخلاقییـەوە ڕەوا بێـت، باشتریـن نموونـە سـووریایە، لـە دوای (٢٠١٠) ەوە کـە ئیـدارەی ئۆبامـا بـە دوودڵـی دەسـتوەردانی لـە سـووریادا کـرد، ئەنجامـی ئـەو دوودڵییـەش لـە دەسـتوەردانەدا دەرکـەوت، لـە کاتێکـدا تەنیـا لەسـەردەمی ئیـدارەی ئۆبامـادا زیاتـر لـە ٤٠٠ هـەزار کـەس لـە ململانێکانـی سـووریادا کـوژران، دواتریـش لەسـەردەمی ئیـدارەی ترامـپ و بایـدن دا پەرەسـەندن و قەیرانەکـە بـەردەوام بـوو (Kundnani. 2017).

پێـش ئـەوەی بـەدوای ئـەو تیۆرانـەدا بگەڕێیـن کـە کـەمتر لیبراڵـن، پێویسـتە دیمەنێـک بخەینـە پێـش چاومـان، ئێسـتا ئەگـەر خوێندکارێکـی قۆناخـی ماسـتەر تاقیکردنـەوە ئەنجـام بـدات، پرسـیارەکە ئـەوە بێـت؛ ئایـا بـۆ دۆخـی ئێسـتا، تـا چەنـد گونجـاوە تیـۆری لیبراڵیـزم بەکاربهێنیـن؛ دۆخێـک کـە ئەمریـکا وەک زلهێزێکـی گـەورەی نکۆڵـی لـێ نەکـراو هێشـتا لـە گۆڕەپانەکەدایـە، دۆلار کلیلـی بـازاڕە داراییەکانـی جیهانـە، چیـن لـە ئاسـتێکی بـەرزی گەشـەی ئابوریـی جیهانیدایـە، ڕووسـیا ئامادەییەکـی سـەربازیی و ئابوریـی هەیـە، ڕۆڵـی کۆمپانیـاکان و ئەکتـەرە نا-دەوڵەتییـەکان بـەرەو هەڵکشـان دەچێـت، چەندیـن زلهێـزی تازە-سـەرهەڵداو ئامـادەن کـە وەک هێـزی مامناوەندیـی پێناسـە دەکرێـن:

بێگومـان، ئەمـە لـەوە دەچێـت "لیبراڵیـزم" یارمەتیـدەر بێـت بـۆ تێگەیـشتن، چوونکـە لەسـەرەتاوە وتمـان، ڕۆڵـی کۆمپانیـا جیهانییـەکان زیـاد دەکات. جگـە لـەوەش لیبراڵـەکان لایانوایـە هەڵسـوکەوتی خراپـی مـرۆڤ لـە شـەڕانگێزی مرۆڤـەوە سـەرچاوەی نەگرتـووە، بەڵکـو لـە خراپـی دامـەزراوە سیاسـی و ئابوریـی و کۆمەڵایەتییەکانـەوە دێـت، ئـەو کلێشـە داڕێژراوانـە وا لـە مـرۆڤ دەکات زیاتـر خۆپەرسـت بێـت و بیـر لـە شـکاندنی ئەوانـی تـر بکاتـەوە. بـە پێچەوانـەی ڕیالیسـتەکان (بەتایبـەت نیۆریالیسـتەکان)،

لیبراڵیستەکان پێیانوایە جەنگ بابەتێکی حەتمی نییە، دەتواندرێ لە ڕێگەی ڕیشەکێشکردنی ئەو فاکتەرانەی هاندەری جەنگن، ئەگەری ڕوودانی کەمبکرێتەوە. بۆیە ئەو ئامانجەی لیبراڵییەت هەوڵی بۆ دەدات واقیعیتر دەردەکەوێت لە ئانوساتی وەرچەرخانی سیستەمی جیهانییدا، چوونکە بنەمای پەیوەندییەکان لە لیبراڵیزم دا "هاریکاریی"یە، گۆڕانی جیهانی و هاریکاریی دوو بابەتی چاوەڕوانکراو و پێکەوە گونجاون.

لەگەڵ ئەمەشدا، لای خوارەوە، چەند تیۆرێکی گرینگ دەخەینەڕوو کە بە یەکەوە چوارچێوەیەکی گشتگیر بۆ تێگەیشتن و وەسفکردنی جیهان دەڕەخسێنن، کاتێک لە یەک جەمسەرییەوە دەگۆڕێت بۆ نەزمێکی فرەجەمسەری یان ناجەمسەری. ئەم تیۆرییانە بۆ شیکردنەوەی ئەکتەرە سەرەکییەکان، گۆڕینی دەسەڵات و ڕۆڵی تەکنەلۆژیا سەرهەڵداوەکان لە حوکمڕانی جیهانیدا دیدگای جیاواز پێشکەش دەکەن. هەروەکو لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا تیۆری "حەتمییەتی تەکنەلۆژیی-Technological Determinism"مان خستەڕوو. لە بەشەکانی دواتریش لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆبنهاگنەوە تیۆریی "بە ئاسایشکردن"مان بۆ چارەسەرکردنی ئاریشە هەرێمایەتییەکان شیکردەوە. پێکەوە لەگەڵ ئەم تیۆرییانەی خوارەوە با ببنە وەڵامێکیش بۆ ئەوانەی لایانوایە، خوێندنەوەی زانستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕێبازی ڕووداوەکانی ئایندە، ڕوون نییە:

### ١.٩.٥. وابەستەیی ئاڵۆز بە یەکتر- Complex Interdependence

تیـۆری وابەسـتەیی ئاڵـۆز بـە یـەکتر، وەک چەندیـن کەناڵـی جیـاواز پەیوەنـدی و ئەجێنـدا لـە نێـوان دەوڵەتەکانـدا دادەمەزرێنێـت، لێـرەدا دەوڵەتـان و کەرتـە تایبەتـەکان و ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان وەک لایەنـی پەیوەندیـدار ڕۆڵیـان لـە چارەسـەرکردنی کێشـەکان و بردنـە پێشـەوەی دەوڵەتێـک بـەرەو ڕێـڕەوی گەشـەپێدان هەیـە. هـەروەک ڕۆبـەرت کیۆهـان و جۆزێـف نـای زیاتـر ئـەم تیـۆرە پێـش دەخـەن و جەخـت لـەوە دەکەنـەوە، دەوڵەتـان و ئەکتـەرە نادەوڵەتییـەکان بـە شـێوەیەک بەیەکـەوە گرێـدراون کـە لـە دەسـەڵاتی سـەربازی تێدەپـەڕن و گرنگـی بـە پەیوەندییـە ئابوورییـەکان و بازرگانـی جیهانـی و دامـەزراوە فرەلایەنـەکان دەدەن. ئـەم تیـۆرە بـۆ ڕوونکردنـەوەی سـەرهەڵدانی زلهێـزە ناوەنـدەکان و زلهێـزە ناوچەییـەکان (وەک دەوڵەتانـی کەنـداوی عەرەبـی) و ئەکتـەرە نادەوڵەتییـەکان لـە داڕشـتنی نەزمێکـی جیهانیـی لامەرکـەزیتر و فـرە جەمسـەریدا، یارمەتیـدەرە (Nye، J، S. & Keohane، R، O. 1987).

لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٧٠ دا، تیـۆری وابەسـتەیی ئاڵـۆز بـە یـەکترەوە بـەرەو ئـەوە چـوو ببێتـە تیـۆری بـاو لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا؛ بـەو هۆیـەوە مشـتومڕێکی سـەرنجڕاکێش لـە نێـوان هـەردوو قوتابخانـەی ڕیالیسـتی و نیولیبراڵـدا درووسـت بـوو. لـە سـەردەمی شـەڕی سارددا، ئـەو گەلانـەی تـازە سـەربەخۆییان بەدەسـتهێنابوو بـەدوای پێشـکەوتنی ئابـووری و تەکنەلـۆژی لـە وڵاتـدا دەگـەڕان؛ ئـەوان لـە نزیکـەوە چاویـان لـە پشـتگیرییەکانی ڕۆژئـاوا بـوو. زۆرێـک لـە وڵاتانـی جیهـان بڕیاریـان دا نەچنـە نـاو هیـچ هاوپەیمانییەکـی شـەڕی ئایدیۆلـۆژی نێـوان خۆرئـاوا (ئەمریـکا) و یەکێتـی کۆمـارە سۆسیالیسـتیەکانی سـۆڤیەت (یەکێتـی سـۆڤییەت). ئـەم وڵاتانـە بڕیاریـان دا بەشـێک بـن لـە بزووتنـەوەی نایەکگرتـووەکان-Non- Alignment Movement (NAM)، بۆئـەوەی بڕێـک یارمەتـی زیاتـر لـە هـەردوو بلۆکـە ئایدیۆلۆژییەکـە (سـەرمایەداریی و کۆمۆنیسـتی) وەربگـرن. هەریەکـە لـە ئەمریـکا و سـۆڤیەتیش پلانیـان بـۆ ئـەم دەوڵەتـە تـازە سـەربەخۆیانە هەبـوو، وەک پلانـی مارشـاڵ و هـاوکاری سـۆڤیەت بـۆ نزیککردنـەوەی بزووتنـەوە نا-یەکگرتـووەکان لـە خۆیـان. دواتـر شـێوەی هـاوکاری گەشـەپێدانی نێودەوڵەتیـان بـۆ وڵاتانـی تازەپێگەیشـتوو گرتەبـەر و نەتـەوە

یەکگرتـووەکان لـە داڕشـتنی سیاسـەتی گەشـەپێدان وەک دەزگایەکـی ڕێکخراوەیـی نێودەوڵەتـی و سـەرکردەیەکی گەشـەپێدان، ڕۆڵێکـی زۆر گرنگـی بینـی.

لـەم نێوانـەدا، قوتابخانـەی لـیبراڵ جەختـی لـەوە کـردەوە، ڕێکخـراوی نێودەوڵەتیـش دەبـێ لـە بازرگانـی و وابەسـتەیی ئابووریـی نێـوان باشـووری جیهانـی و ڕۆژئـاوا ڕۆڵێکـی گرنـگ لـە وابەسـتەیی ئاڵـۆزدا بگێڕێـت، چونکـە لـە دوای شـەڕی ساردەوە بازرگانـی نێودەوڵەتـی بووەتـە بەرپرسـیارێتی هەمـووان و سـەرمایەیەکی بەنـرخ. تیـۆری وابەسـتەیی ئاڵـۆز لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان بەیەکـەوە تاکـە تیۆرییـە کـە بـە دڵسـۆزییەوە واقیعـی جیهانـی نیشـان دەدات کـە گەرمبوونـی جیهـان و گۆڕانـی کەشوهەوا لەبـەردەم ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان و ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان بووەتـە تەحەدایەکـی زۆر جددی. لێـرەوە ئـەم تیـۆرە هـەوڵ دەدات "گەشـەپێدان" بکاتـە درووشـمی پێکـەوە کارکردنـی دەوڵەتـەکان و ڕێکخـراوە جیهانییـەکان و کۆمپانیـاکان، پێکـەوە لـە ڕوانگـەی پێشـکەوتن و خۆشـگوزەرانی و گەشەسـەندنی کۆمەڵایەتـی و پێکهاتەیـی لـە گفتوگـۆی جەماوەریـدا دەکاتـە تێگەیشـتنێکی تایبـەت لـە بـواری پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان بـۆ سـەقامگیریی و گەشەسـەندنی ئابـووری. بـەم پێیـە بـۆ پێشخسـتنی ئاسـتی ژیـان، ئـەدای ئابـووری، تەکنەلۆژیـا، بەردەوامـی، و دادپـەروەری کۆمەڵایەتـی ئەرکـی گەشـەپێدان بـە وڵاتانـی تازەپێگەیشـتوو دەسـپێردرێت (Bharti. 2023).

لێـرەوە تێدەگەیـن، لـە داینامیکـی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا، هێزێکـی شۆڕشـگێڕ سـەریهەڵداوە کـە تێگەیشـتنمان لـە کارلێکـە جیهانییـەکان لـە قاڵـب دەداتـەوە؛ وابەسـتەیی ئاڵـۆز بـە یـەکتر، چوارچێوەیەکـی تیۆریـی و گۆڕانکارییـە، ناوجەرگـەی قۆناغەکەمـان پێناسـە دەکاتـەوە کـە خاڵـی وەرچەرخانـی جیهانییـە، تیشـک دەخاتـە سـەر تـۆڕی ئاڵـۆزی پەیوەندییەکانـی نێـوان دەوڵەتـەکان و ئەکتـەرە نادەوڵەتییـەکان. ئەمـەش جیابوونەوەیەکـە لـە پارادایمـی ڕیالیسـتی کلاسـیک کـە لەسـەر داینامیکـی دەسـەڵاتی دەوڵەت-سـەنتەریی (لەسـەر بنەمـای دەوڵـەت بەهێزتریـن ئەکتـەرە لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان) جێگیـر بـووە، وابەسـتەیی ئاڵـۆز بەیەکـەوە پەیوەندییـە بێشـومارەکان ڕوونـاک دەکاتـەوە و کایـە سیاسـی، ئابـووری و کۆمەڵایەتییـەکان تێدەپەڕێنـن. ئەمـەش وا دەکات لـە ڕوانگـەی پەیوەندییـە قووڵەکـەی ئـەم تیـۆرەوە؛ ئیـش

لەسـەر کۆدکردنـەوەی پرسـە جیهانییـە هاوچەرخـەکان و پێشکەشـکردنی تێڕوانینـەکان بـۆ ئەگـەرە ستراتیژییـەکان دەکات، هـاوکات هەنـگاو بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو تەحـەدا ئاڵۆزانــە هەڵدەگریــن کــە جیهانــی بەیەکــەوە بەستراومــان پێناســە دەکــەن.

### ٢.٩.٥. نیۆڕیالیزم (ڕیالیزمی پێکهاتەیی- Structural Realism)

نیۆڕیالیـزم؛ جەخـت لەسـەر دابەشـکردنی دەسـەڵات دەکاتـەوە لـە سیسـتەمی نێودەوڵەتیـدا؛ کـە تیایـدا سیاسـەتی جیهانـی لـە لایـەن سیسـتەمێکی ئەنارکییـەوە لـە قاڵـب دەدرێـت و هیـچ دەسـەڵاتێک لەسـەنتەردا نییـە. لەگـەڵ گۆڕانـی دەسـەڵات لـە جیهانێکـی یـەک جەمسـەرییەوە بـۆ جیهانێکـی فرەجەمسـەری، یـان ناجەمسـەری، وەکـو مایـکڵ پۆڵشـۆک (٢٠٢٤) شرۆڤـەی دەکات؛ نیوریالیـزم بـۆ شـیکردنەوەی ئـەوە بـاش گونجـاوە کـە چـۆن دەوڵەتـەکان، بـە تایبـەت زلهێـزە گـەورە و ناوەنـدەکان، هەوڵـدەدەن کاریگەریـی خۆیـان لـە ژینگەیەکـی کێبڕکێـکار و پێشـبینینەکراودا بپارێـزن:

نیوریالیسـتەکان دەڵێـن؛ هەمـوو دەوڵەتـەکان ئامانجیـان بەدەسـتهێنانی دەسـەڵاتە و هەربۆیـە هاوکاریـی دەوڵـەت تەنیـا دەتوانێـت کاتیـی بێـت، لەسـەر بنەمـای دژایەتییەکـی هاوبـەش بـۆ وڵاتـی سـێیەم. ئـەم بۆچوونـە عەیبەکـەی ئەوەیـە جیهـان بـە ململانێیەکـی بێکۆتایـی بـۆ داهاتوویەکـی نادیـار مەحکـوم دەکات. نیوریالیـزم کـە بـە ڕیالیزمـی پێکهاتەیـی نـاسراوە، تیۆرێکـە لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان. کینێـس واڵتـز لـە کتێبـی "تیـۆری سیاسـەتی نێودەوڵەتـی" لـە سـاڵی ١٩٧٩دا پـەرەی پێداوە. لـە ڕیالیزمی کلاسیکەوە پـەرەی سـەندووە و بەهـۆی سروشـتی مرۆڤایەتییـەوە جەخـت لەسـەر سروشـتی کێبڕکـێ و ململانێـی سروشـتی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان دەکاتـەوە، بـەڵام نیوریالیـزم سـەرنج دەخاتـە سـەر پێکهاتـەی سیسـتەمی نێودەوڵەتـی کـە بزوێنـەری سـەرەکی ڕەفتـاری دەوڵەتـە، بـە پێچەوانـەوە ڕیالیزمـی کلاسـیک جەخـت لەسـەر سروشـتی مـرۆڤ دەکاتـەوە.

بەشـێوەیەکی گشـتی، لـە چوارچێـوەی ڕیالیزمـی پێکهاتەیـی (نیۆڕیالیـزم) دا، سیسـتەمی نێودەوڵەتـی ئەنارکییـە (فەوزایـە)، واتـە هیـچ دەسـەڵاتێکی سەرتاسـەری لـە سـەرووی دەوڵەتانـی خـاوەن سـەروەرییەوە نییـە. ئەمـەش ژینگەیـەک درووسـت دەکات کـە دەوڵەتـەکان ئاسـایش و مانـەوەی خۆیـان لـە پێشـینەی کارەکانیـان دادەنێـن. دەوڵەتـان ئەکتـەرە سـەرەکییەکانی سیسـتەمی نێودەوڵەتیـن و ڕەفتارێکـی عەقڵانییـان هەیـە، بـەدوای بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی خۆیانـدا دەگەڕێـن، بـە پلـەی یەکـەم مانـەوەی خۆیـان. هەرچـی پەیوەندیـی بـە دابەشـکردنی دەسـەڵاتەوە هەبێـت، لـە پێـش هەموویانـەوە دەسـەڵات لـە ڕووی سـەربازییەوە نیۆڕیالیـزم بـە پلـەی یەکـەم دەبینێـت، دەوڵەتـەکان لێـرەدا ئامانجیـان

ئەوەیـە؛ خاوەنـی زۆرتریـن دەسـەڵاتی ڕێژەیـی خۆیـان بـن، بۆئـەوەی پێگـەی خۆیـان لەنـاو سیسـتەمەکەدا مسـۆگەر بکـەن. بێگومـان لێـرەدا، بـۆ پاراسـتنی چوارچێـوەی یاریگای نێودەوڵەتـی، "هاوسـەنگی هێـز" هەیـە کـە بـۆ دڵنیابـوون لـە مانـەوە لـە بەرامبـەر گۆڕانکارییەکانـی دەسـەڵاتدا هاوپەیمانـی لەگـەڵ دەوڵەتـە لاوازەکان، یـان هاوپـەیمان لەگـەڵ دەوڵەتـە بەهێـزەکان ڕوودەدات (Poulshock. 2024).

نابێـت ئەوەمـان لـە بیربچیت، بەپێـی تێگەیشـتنی نیۆڕیالیسـتەکان، شـتەکان پەیوەندییان بـە سروشـتی سیسـتەمە جیهانییەکـە و ژینگـەی نێودەوڵەتییـەوە هەیـە، هـەر دەوڵەتێـک لـە گۆڕەپانەکـەدا خەمـی ئەوەیەتـی بـەراورد بـە دەوڵەتانـی دیکە چەنـدە قازانج و دەسـتکەوتی ڕێژەیـی هەبـووە . ئـەم کێبڕکێیـە ڕێژەییـەی دەسـتکەوتەکان لـە نێـوان دەوڵەتەکانـدا؛ خـۆی بـۆ خـۆی گومـان و ململانـێ پـەروەردە دەکات، تەنانـەت لـە شـوێنە هاوبەشەکانیشـدا. کەواتـە لـە نیوڕیالیـزم دا بەشـێوەیەکی هەمیشـەیی و تـا کاتێکـی نادیـار پەیوەندییـەکان لـە ململانێـدا دەمێننـەوە. بـە مانایەکـی دی، مـادام ململانـێ دەبینیـن، کەواتـە بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان دەبێـت دیـدو بۆچوونـی ڕیالیسـتەکان بەهەنـد وەربگریـن.

لەکاتێکـــدا دووڕیـــان و ململانێـــی ئەمنـــی هەیـــە: گرنگیدانـــی نیوریالیســـتەکان لەســـەر دەســـتکەوتە ڕێژەییـــەکان و دووفاقـــی ئەمنـــی زیـــاد دەکات، بەتایبـــەت لـــە پەیوەنـد بـەو کردارانـەی دەوڵەتێـک بـۆ زیادکردنـی ئاسایشـی خـۆی دەیـکات (وەک کۆبوونـەوەی سـەربازی) کـە دەتوانرێـت وەک هەڕەشـە لەلایـەن لایەنـی دیکـەوە هەســتی پێبکرێــت، بــۆ نموونــە دەستپێشــخەری پشــتێن و ڕێــگای چیــن (BRI) وەک هەوڵێـک بـۆ درێژکردنـەوەی کاریگەرییەکانـی چیـن سـەیر دەکرێـت، ئەمـەش وایکـردووە ئەمریـکا و هاوپەیمانەکانـی بـە ستراتیژییەکانـی وەک چوارچێـوەی هینـدۆ- پاسـیفیک (Indo- Pacific) بەرپـەرچ بدەنـەوە (Borges، L.، & Lucena، R. 2023).

بـەم پێیـە، نیوڕیالیـزم چوارچێوەیەکـی بەسـوودە بـۆ تێگەیـشتن لـە گۆڕانکارییـە جیهانییە بەردەوامـەکان، بەتایبەتـی گۆڕانکارییەکانـی دەسـەڵات لـە جیهانێکـی یـەک جەمسـەرییەوە بـۆ جیهانێکـی فـرە جەمسـەری. کۆتایهاتنـی جەنگـی سـارد و داڕمانـی یەکێتـی سـۆڤیەت بـووە هـۆی گواسـتنەوە لـە سیسـتەمی دوو جەمسـەرییەوە بـۆ جیهانێکـی یـەک جەمسـەری کـە ئەمریـکا تاکـە زلهێـز بـوو. نیوریالیسـتەکان دەڵێـن؛ ئـەم یـەک جەمسـەرییە لـە بنەڕەتدا

ناسەقامگیر بووە، چونکە زلهێزەکانی دیکە کە سەریانهەڵداوە و سەرهەڵدەدەن، وەک چین و ڕووسیا، تەحەدای دۆخی ئێستا دەکەن. بۆیە ڕیالیزمی پێکهاتەیی بۆ ڕوونکردنەوەی سەرهەڵدانی زلهێزە نوێیەکانی وەک چین و سەرهەڵدانەوەی هیندستان، هەروەها زلهێزە ناوچەییەکانی وەک سعودیە و تورکیا و بەرازیل یارمەتیدەرە. لەگەڵ فراوانکردنی کاریگەرییەکانی ئەم وڵاتانە، نەزمی جیهانی بەرەو فرە جەمسەری دەگۆڕێت کە چەندین زلهێزی گەورە کێبڕکێ لەسەر کاریگەری دەکەن.

لە ساتەوەختەکانی وەرچەرخانی دەستەڵاتی جیهانی دا، نیوریالیزم جەخت لەسەر ناسەقامگیری گواستنەوەی دەسەڵات دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەی زلهێزە سەرهەڵداوەکانی وەک چین تەحەدای باڵادەستی زلهێزە دامەزراوەکانی وەک ئەمریکا دەکەن، گرژییەکان پەرەدەستێنن و ئەگەری هەیە ببێتە هۆی ململانێ. ئەمەش لە پەرەسەندنی کێبڕکێی ستراتیژی لە نێوان ئەمریکا و چیندا دیارە، بەتایبەتی لە هیندۆ-پاسیفیک (ناوچەی زەریای هیندی و زەریای هێمن) کە ناوچەیەکی جیۆپۆلەتیکی و ئابووری فراوانە، تادێت دەبێتە تەوەرێکی سەرەکیی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی لەو گفتوگۆیانەی لەبارەی داینامیکی دەسەڵاتی جیهانی، بازرگانی و ئاسایش لە ئارادایە (Butcher، J. D. 2024). ئەمە بووەتە تەوەرێکی گرینگ، چوونکە هاوبەشییە ستراتیژییەکان (Strategic Partnerships) لە دوای ڕاگەیاندنی پرۆژەی پشتێنە و ڕێگای چین، لە ئاسیا و زەریای هێمن بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کردووە، دەکرێت واقیعی ناوچەیی و جیهانی ڕێگە بە دەوڵەتان و ئەکتەرە فرەلایەنەکان بدات بە شێوەیەکی نەرم و نیان هەڕەشەکان، تەحەددای ستراتیژی و بەرژەوەندییەکان لە ڕێگەی هاوکاری و بنیاتنانی نۆرمێکی هاوبەشەوە بەڕێوەببەن.

دواجار، نیوریالیزم بە جەختکردنەوە لەسەر داینامیکی دەسەڵات و سروشتی ئەنارکیی سیستەمی نێودەوڵەتی، چوارچێوەیەکی زۆرەملێ بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە گەورەکانی نەزمی جیهانی ئەمڕۆ دابین دەکات و تیشک دەخاتە سەر تەحەددیاتی پاراستنی سەقامگیری لە جیهانێکدا کە تادێت فرە جەمسەری دەبێتە گۆڕانی دەسەڵات و زاڵبوونی دەستکەوتە ڕێژەییەکان بەسەر ڕەفتاری دەوڵەتدا.

### ٣.٩.٥. تیۆری بوونیادگەرایی (کۆنستراکتیڤیزم- Constructivism)

بوونیادگەرایـی سـەیری ئـەوە دەکات، چـۆن نـۆرم و ناسـنامە و بیرۆکـە نێودەوڵەتییەکان کاریگەرییـان لەسـەر سیاسـەتی جیهانـی هەیـە. بـۆ نموونـە کۆنستراکتیڤیـزم لێکدانـەوە بـۆ زلهێـزە مامناوەندییـەکان، یەکـە نادەوڵەتییـەکان، زیرەکـی دەسـتکرد دەکات و ڕادەی کاریگەرییـان دیاریـدەکات. بوونیادگەرایـی یارمەتیـدەرە بۆئـەوەی بۆمـان ڕوون ببێتـەوە، چـۆن گۆڕانـی بەهـا و ناسـنامەکان حوکمڕانـی جیهانـی و سیسـتەمی نێودەوڵەتـی لـە قاڵـب دەدەنـەوە.

بوونیادگەرایـی لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا ڕێبازێکـی تیۆرییـە و لـە داڕشـتنی کارلێکـە نێودەوڵەتییـەکان و سیسـتەمی جیهانیـدا جەخـت لەسـەر گرنگـی بیرۆکـە و بیروبـاوەڕ و ناسـنامە و نۆرمـەکان دەکاتـەوە. بـە پێچەوانـەی تیۆرییـە ڕیالیسـتەکان یـان لیبراڵییـەکان کـە زیاتـر سـەرنجیان لەسـەر فاکتـەرە مادییەکانـی وەک دەسـەڵاتی سـەربازی، یـان وابەسـتەیی ئابـووری بەیەکەوەیـە، بوونیادگەرایـی دەڵێـت سیسـتەمی نێودەوڵەتـی لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە بنیـات نـراوە، واتـە ڕەفتـار و ئەنجامەکانـی دەوڵـەت بـە بیرۆکـەی بەکۆمـەڵ و تێگەیشـتنە هاوبەشـەکان لـە قاڵـب دەدرێـن نـەک تەنیـا هێـزی مـاددی. لێـرەوە تێدەگەیـن؛ چەمکـە سـەرەکییەکانی کۆنستراکتڤیـزم بریتییـن لـە؛ ناسـنامە، نۆرمـەکان، بیرۆکـەو بیروبـاوەڕ، پێکهاتـە کۆمەڵایەتییـەکان (McCourt، D، M. 2022).

بـە پێـی کۆنستراکتیڤیسـتەکان، کـردەوەی دەوڵەتـان لـە ژێـر کاریگـەری ناسـنامەکەیاندایە کـە بـە هـۆکاری مێژوویـی و کولتـووری و کۆمەڵایەتـی لـە قاڵـب دەدرێـت. دەوڵەتـەکان چـۆن خۆیـان دەبینـن و ئەوانـی تـر چـۆن دەیانبینـن کاریگـەری لەسـەر سیاسـەتەکانیان هەیـە. هەرروەهـا نۆرمـەکان، بەتایبەتـی نۆرمـە نێودەوڵەتییـەکان لـە ڕێنماییکردنـی ڕەفتـاری دەوڵەتـدا ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێـڕن. ئـەم نۆرمانـە بـە تێپەڕبوونـی کات لەسـەر بنەمـای کارلێکـە جیهانییـەکان پەرەدەسـەنن. بەهەمـان شـێوە، بوونیادگەرایـی جەخـت لـەوە دەکاتـەوە، نەزمـی جیهانـی بـە بیرۆکـە و ئایدۆلۆژیـاکان لـە قاڵـب دەدرێـت. گۆڕانـکاری لـەم بیرۆکانـەدا دەتوانێـت ببێتـە هـۆی گۆڕانـکاری لـە هاوپەیمانـی و ململانـێ نێودەوڵەتییـەکان. خاڵێکـی گرینگـی تـر کـە

بوونیادگەرایـی جەختـی لێدەکاتـەوە پێکهاتـە کۆمەڵایەتییەکانـە، بـەو پێیـەی پەیوەنـدی و ڕۆڵـی دەوڵەتـەکان جێگیـر نیـن، بۆیـە دەکەونـە ژێـر کاریگـەری پێکهاتـە کۆمەڵایەتـی و پراکتیکەکانــەوە (Erbas. 2022).

دەکرێـت ئێمـە لـەوە تێبگەیـن کـە تاکجەمسـەریی ئەمریـکا لـە دەرەوە ناڕوخێـت، هێشــتا کــەس ئــەو هێــزە ســەربازیی و تەکنەلۆژیــی و ئابوریــی و زانســتییەی نییــە کـە ئەمریـکا هەیەتـی، بـەڵام مەترسـیی گـەورە ئەوەیـە، ئەمریـکا لەنـاوەوە لـە ڕووی کەلتوریيــەوە دابڕزێـت، ڕەنگـە لـە لەنـاوەوە بەهـۆی تێگەیـشتن و نـۆرم و مقۆمقـۆی هەڵـە لەسـەر ناسـنامەی ئەمریـکا، لـە پڕێکـدا ئەمریـکا بـە داڕماویـی بدۆزینـەوە!

بوونیادگەرایـی یارمەتیدەرمانـە بـۆ تێگەیـشتن لـە خاڵـە وەرچەرخانـە جیهانییـەکان و جەمســەرگیری، بەتایبەتــی لــە ســەردەمی زلهێــزە ناوەڕاســتە ســەرهەڵداوەکاندا، بــۆ ئــەم مەبەســتە بوونیادگەرایــی دەتوانێــت تێڕوانینێــک پێشــکەش بــکات کــە بۆچــی سیســتەمی جیهانــی گۆڕانــکاری بەرچــاو بەخۆیــەوە دەبینێــت؟

لــە ڕاســتییدا بەپێــی تیــۆری بوونیادگەرایــی، گۆڕانکاریــی جیهانــی لــە نــۆرم و ڕۆڵەکانـدا ڕوودەدات، بەجۆرێـک کـە زلهێـزە ناوەندییـە سـەرهەڵداوەکان تادێـت ڕۆڵـی خۆیــان لــە سیســتەمی جیهانیــدا پێناســە دەکەنــەوە و هەوڵــدەدەن ناســنامەی نــوێ بــۆ خۆیــان بنیــات بنێــن (بــۆ نموونــە، وەک ســەرکردەی ناوچەیــی یــان نێوەندگیــری جیهانـی)، ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر سیاسـەتی دەرەوە و ڕێکخسـتنە نێودەوڵەتییەکانیـان هەیـە. زیاتـر لـەوەش، سـەرهەڵدانی ئـەم زلهێـزە ناوەڕاسـتانە زۆرجـار لەگـەڵ گۆڕانـی نۆرمەکانـی جیهانـی هاوکاتـە، وەک نۆرمەکانـی کـە لـە پرسـی سـەرەوەریی، گەشـەپێدان، یــان حوکمڕانــی جیهانــی نزیکــن. بەمشــێوەیە کاریگــەری ئەکتــەرە نوێیــەکان دەســت پێـدەکات، دواتـر تەحـەدای باڵادەسـتی ئـەو نۆرمانـە دەکـەن کـە بـاس لـە سـەنتەربوونی ڕۆژئــاوا و جەمســەرگیریی و گۆڕینــی هاوپەیمانییــەکان دەکــەن. بۆیــە بوونیادگەرایــی دەتوانێــت بــۆ ڕوونکردنــەوەی ئــەو یارمەتیــدەر بێــت کــە ئــەم نۆرمــە نوێیانــە چــۆن دروســت دەبــن و کێبڕکێیــان لەســەر دەکرێــت (Zala. 2013).

لەلایەکــی تــرەوە، بوونیادگەرایــی ڕۆشــنایی دەخاتــە ســەر جەمســەرگیری بــە گرنگیـدان بـەوەی چـۆن دەوڵەتـەکان، ئایدۆلۆژیـاکان، یـان گروپـە جیـاوازەکان کـە ڕەنگـە

بـۆ حوکمڕانــی جیهانــی دیــدگای کێبڕکێکاریــان هەبێــت. بــۆ نموونــە، ڕەنگــە زلهێــزە ناوەڕاســتە ســەرهەڵداوەکان مۆدێلــە تەقلیدییەکانــی ڕۆژئــاوا ڕەت بکەنــەوە و بیرۆکــەی جێگــرەوە (وەک فــرە جەمســەری یــان ناوچەگەریــی یــان نا-جەمســەریی) بەرەوپێــش ببــەن، ئەمــەش دەبێتــە هــۆی گــرژی لەگــەڵ دەســەڵاتە زیاتــر دامــەزراوەکان. لێــرەوە، ســەرەتای خاڵــی وەرچەرخانــی گــەورە دێتــە ئــاراوە، وەک ســەرهەڵدانی چیــن، یــان گۆڕانــی هاوســەنگی هێــز لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا کــە دەتوانرێــت لــە چاویلکەیەکــی بوونیادگەراییــەوە تێبگەیــن (Erbas. 2022).

بەشــێوەیەکی گشــتگیر، تیــۆری بوونیادگەرایــی ئــەوە دەبینێــت؛ ئــەم گۆڕانکارییانــە تەنیــا پەیوەنــدی بــە دەســەڵاتی ســەربازی یــان ئابوورییــەوە نییــە، بەڵکــو پەیوەنــدی بــە چۆنیەتــی هەســتکردن بــە نەزمــی جیهانــی و ئــەو بیرۆکانــەوە هەیــە کــە شــەرعیەت بــە فۆرمەکانــی نوێــی حوکمڕانــی دەدەن. ســەرهەڵدانی فۆڕمێــک لــە فــرە جەمســەری-سیســتەمێک کــە چەندیــن ناوەنــدی دەســەڵاتی تێدایــە، تــا ڕادەیەکــی زۆر بەهــۆی ئــەم گۆڕانکارییــە نۆرماتیڤــی و ئایدیۆلۆژییانــەی دێتــە گــۆڕێ. بەواتایەکــی تــر، دەکرێــت هێــزە مامناوەنــدەکان لەســەر بنەمــای نــۆرم و بیرۆکــە و ناســنامە لەیــەکتر نزیــک ببنــەوە، یاخــود لــە چیــن و ڕووســیا نزیــک ببنــەوە، نــەک لەســەر بنەمــای هاوبەشــی ســەربازیی و بەرژەوەندیــی ئابوریــی، بەتایبەتیــش ئیــدارەی ئەمریــکا و هاوپەیمانەکانــی شکســتیان هێنــا لــەوەی کەلتــوری دیموکراســیی لــە ناوچــەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا بچەســپێنن، یاخــود ئــەوە سرووشــتی وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت خۆیەتــی کــە دیموکراســییەت قبــوڵ ناکات هەرکامێکیــان بێــت، هێشــتا ئــەوە ڕوون نییــە، ئایــا تێوەگلانــی ئەمریــکا لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت لەســەر بنەمــای بەرزڕاگرتنــی دیموکراســییە یــان بەدواداچوونــی هەژموونــە؟

### ٤.٩.٥. تیۆری پۆست کۆڵۆنیاڵیزم (Post- Colonialism)

دەتوانیـن، تیـۆری پۆسـت کۆڵۆنیاڵیـزم بـۆ بینیـن و تێگەیـشتن لـە ڕۆڵـی باشـووری جیهانـی وەک چاویلکەیـەک لـە سیسـتەمی جیهانـی پەرەسـەندوودا بەکاربهێنیـن، لەوانـەش باشـووری ئاسـیا. لەگـەڵ سـەرهەڵدان و بەرزبوونـەوەی ئاسـتی کاریگەریـی کۆڵۆنیەکانـی پێشـوو، تیـۆری پۆسـت کۆڵۆنیالیـزم تیشـک دەخاتـە سـەر ئـەوەی چـۆن ئـەم ناوچانـە تەحـەدای باڵادەسـتی مێژوویـی زلهێزەکانـی ڕۆژئـاوا دەکـەن و داوای ڕێکخسـتنەوەی نەزمـی نێودەوڵەتـی دەکـەن.

هەریەکـە لـە ئێـدوارد سـەعید، فرانتـز فانـۆن پێشـەنگی تیـۆری پۆسـت کۆڵۆنیاڵیزمـن و هەوڵیانـداوە ئـەوە نیشـان بـدەن کـە چـۆن پێکهاتـە مێژووییەکانـی کۆڵۆنیالیـزم لـە کاریگـەری لەسـەر سیاسـەتی جیهانـی مۆدێـرن، بەتایبەتـی لـە پەیوەندییەکانـی نێـوان گەلانـی بەهێـز و کـەمتر باڵادەسـتدا بەردەوامـن. دوای کۆڵۆنیالیـزم جەخـت لەسـەر ئـەو نایەکسـانی و ناهاوسـەنگییە قووڵـە پێکهاتییـەکان دەکاتـەوە کـە لـە نێـوان باکـووری جیهانـی (گەلانـی پێشـکەوتوو) و باشـووری جیهانـی (گەلانـی گەشەسـەندوو و پێـشتر کۆڵۆنیالیـزم) ماونەتـەوە. لەگـەڵ چڕبوونـەوەی جەمسـەرگیری جیهانـی، بـە تایبـەت لـە نێـوان ڕۆژئـاوا و زلهێـزە تازەپێگەیشـتوەکاندا، تیـۆری دوای کۆڵۆنیالیـزم بـاس لـەوە دەکات کـە گرژییەکانـی ئێسـتا زۆرجـار ڕەگیـان لـەم مێـژووە کۆڵۆنیالیزمانـەدا هەیـە. کێبڕکـێ بـۆ باڵادەسـتی جیهانـی، دابەشـکردنی نایەکسـانی سـەرچاوەکان و پەراوێزخسـتنی دەوڵەتـە بچووکـەکان زەمینـە بـۆ جەمسـەرگیری دروسـت دەکات (Mälksoo. 2022). لـەم چوارچێوەیـەدا ئەکتـەرە غەیـرە ڕۆژئاواییەکانـی وەک چیـن لـە سیسـتەمی نێودەوڵەتیـی زاڵ بەسـەر ڕۆژئـاوا نوێنەرایەتـی گۆڕانکارییـەک دەکـەن کـە تەحـەدای پلەبەندییـە کۆنـەکان دەکـەن و دابەشـبوونی نـوێ دروسـت دەکـەن.

بـۆ نموونـە، فرانـز فانـۆن لـە ژێـر کاریگـەری فەیلەسـوف و شـاعیرانی هاوچەرخـی وەک ژان پـۆل سـارتەر و ئایـم سیسـایر، بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان و بـە سـۆزەوە سـەبارەت بـەو زیانانـەی لـە دەرەوە کۆڵۆنیالیزمـی فەرەنسـی بەسـەر ملیۆنـان کەسـدا هێناوییەتـی قسـەدەکات. لـە کتێبـی "پێسـتی ڕەش، دەمامکـی سـپی"دا فانـۆن بـە شـێوەیەکی سـەرەکی کاریگەرییـە دەروونییەکانـی کۆڵۆنیالیزمـی تاوتـوێ کـردووە،

بــە ســوودوەرگرتن لــە ئەزموونــی خــۆی وەک دەروونشــیکارێک. لــە گێڕانەوەیەکــی ئیلهامبەخــش و هــەم دڵتەنگکــەردا، فانــۆن تیشــک دەخاتەســەر دەردەســەریی و تێچــووی ژیانــی ئــەو تاکانــەی لــە جیهانێکــدا دەژیــن کــە بەهــۆی ڕەنگــی پێســتییانەوە، وەک گاڵتەجاڕیــی و لادانێکــی گــەورە لێیــان دەڕواندرێــت. هــەروەک فانــۆن بــاس لــە هەســتی خــۆی دەکات کاتێــک لــە فەرەنســا کەســانی نامــۆی ســپی پێســت ئاماژەیــان بــە ڕەشپێســتییەکەی ئــەو کــردووە لــە کاتێکــدا ئــەو خــۆی لــە ساڵی ١٩٢٥ لــە فەڕەنسا لەدایــک بــووە! بــەڵام وەک خــۆی دەڵێــت تەنیــا ئــەوەم دەویســت لەنێــو پیاوەکانــی تــردا پیــاو بــم (Mondal. 2012). ئەمــە تایبەتمەندییەکــە، لــە ژێــر ڕەحمەتــی گروپێکــدا کــە فانــۆن وەک کەســێکی کــەمتر، کــەمتر لــە مرۆڤــی تەواو-مــرۆڤ دەناســێنێت، گروپێــک کــە پێناســە و کەلتــوری خــۆی هەیــە و دەیــەوێ بیســەپێنێت.

بــۆ چۆنییەتــی مامەڵەکــردن لەگــەڵ ئــەم کێشــەیە، ئیــدوارد ســەعید، دیدێکــی مرۆڤدۆســتانە پێشــنیار دەکات و لایوایــە ئامانجــی ڕۆشــنبیر ئەوەیــە، ڕاســتییەکان وەک ئــەوەی هەیــە دەربخــات بۆئــەوەی ئــەو بارودۆخــە بــاشتر بــکات کــە مرۆڤــەکان لــە ژێریــدا دەژیــن. بنەمــا ئەخلاقییەکانــی وەک ئاشــتی و ئاشــتەوایی و کەمکردنــەوەی ئــازارەکان پێوەرێــک بــۆ حوکمــدان لەســەر دۆخــی ئێســتا دابیــن دەکــەن. لــە کاتــی نووســین و قســەکردندا ئامانجــی ڕۆشــنبیر ئــەوە نییــە نیشــان بــدات کــە ڕاســت دەکات، بەڵکــو ئەوەیــە گۆڕانــکاری لــە کەشــوهەوای ئەخلاقیــدا بهێنێتــە ئــاراوە بۆئــەوەی شــەڕانگێزی بــەو شــێوەیەی هەیــە بناسرێــت و ســزای نــاڕەوای تــاک یــان گــەلان ڕێگەپێنەدرێــت و ئازادییــە دیموکراســیەکان بــۆ هەمــووان وەک یــەک بەرەوپێــش ببرێــن نــەک تەنیــا بــۆ گروپێکــی هەڵبژێــردراو.

ئایــا سروشــتی ڕاســتی چۆنــە و کــێ توانــای گەیشــتنی بــەو ڕاســتییە هەیــە؟ وەڵامــی ســەعید پێــش هەمــوو شــتێک ئەوەیــە، ڕاســتی لــە دیاریکردنــی دروســتی ڕاســتییەکانەوە ســەرهەڵدەدات، هەرچەنــدە قــورس بێــت. دواتــر بیرۆکەکانمــان دەبــێ لەگــەڵ نۆرمێکــی ئەخلاقیــدا بگونجێــن. ئیــدوارد ســەعید بــە ڕوونــی هــۆی دژایەتــی ئــەم گەڕانــە بــەدوای حەقیقەتــدا دەگەڕێنێتــەوە بــۆ مەیلــی ڕۆشــنبیران کــە خۆیــان لەگــەڵ گروپــە نەتەوەییەکەیانــدا دەناســێنن. لــە ســەردەمی یەکگرتنــی کولتــوورەکان و تێکەڵبوونــی

دیمۆگرافـی، دەبێـت بیـر لـە بیرۆکـەی ناسـنامەی نەتەوەیـی بکرێتـەوە. موسـڵمانانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و باکـووری ئەفریقـا، ڕەشپێسـتەکانی ئەفریقـا، ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای هیندسـتان گۆڕانکارییەکـی زۆریـان لـە وڵاتانـی ئەورووپـا کـردووە. لـە ئەورووپـا بیرۆکـەی نەتەوەیـەک بـە یـەک زمـان و کولتـوور هیـچ مانایەکـی نییـە. هەمـان شـت دەتوانرێـت بـۆ گەلانـی وەک هیندسـتان و مالیزیـا و سـەنگافورە و سریلانـکا و زۆرێـک لـە وڵاتانـی ئەفریقـا و ئەمریـکای لاتینیـش بگوتـرێ. بـەم شـێوەیە بیرۆکـەی شوناسـێکی نەتەوەیـی یەکسـان و یەکگرتـوو، بـە کاریگەرییەکـی زۆرەوە لـە زۆر بوارەکانـی کۆمەڵـگا و سیاسـەتدا بیـری لێدەکرێتـەوە.

بەشـێوەیەکی ڕوونتر، سـەعید دەڵێـت، ئـەوەی کەلتـوورەکان سـەرنجڕاکێش دەکات، جەوهـەر یـان پاکییەکـەی نییـە، بەڵکـو ئـەو شـێوازانەیە کـە هەمەچەشـنن و ئـەو دیالۆگانـەن کـە لەگـەڵ کولتـوور و شارسـتانییەکانی دیکـەدا هەیانە. مرۆڤدۆسـت پێشـوازی لـە تەحـەدای تێگەیـشتن لـە زمـان و کولتوورەکانـی دیکـە دەکات، لـە پێوەنـدی لەگـەڵ کولتـوری خۆیـدا، مرۆڤدۆسـت پرسـیار و ڕووبـەڕووی دڵنیاییەکانـی خـۆی دەبێتـەوە، ڕووبـەڕووی ئـەوە دەبێتـەوە کـە ئەندامەکانـی کۆمەڵگەکـەی بەبـێ ڕەخنـە وەک ڕاسـت قبوڵیـان کـردووە (Kelly. 2023).

لـە بـارەی سـەرهەڵدان و فراوانخوازیـی هەژموونـی چیـن-ەوە، وەکـو جێنبـا تێنزیـن- Jinba Tenzin لـە (٢٠٢٢) دا دەڵێـت، پۆسـت کۆڵۆنیالیـزم ڕەخنەیەکـی لـە چیـن هەیـە، "چیـن" یـش ڕەخنەیەکـی لـە پۆسـت کۆڵۆنیاڵیـزم:

لـە چوارچێـوەی ململانێکانـی چیـن و ئەمریـکادا بـۆ مانـەوە و باڵادەسـتی، تێڕوانینـە گشـتییەکانی پۆسـت کۆڵۆنیاڵیـزم شـێوە ڕەگەزپەرسـتییەکانی ڕۆژئـاوا بـۆ چیـن نیشـان دەدات کـە زۆرجـار چیـن وەک هێزێکـی سـەرهەڵداو ناوزەنـد دەکات، لێـرەدا ئـەوە دەبیندرێـت، چـۆن چیـن لەنـاو نەزمێکـی جیهانیـدا خـۆی جێگیرکـردووە کـە هێشـتا لەلایـەن هەژموونـی ڕۆژئـاواوە ئـەو جیهانـە ئاڕاسـتە دەکرێـت. دەتوانرێـت سـەرهەڵدانی چیـن و دەستپێشـخەری پشـتێنە و ڕێگاکانـی بـە دیـدگای پۆسـت کۆلۆنیالیـزم شـیبکرێتەوە کـە دڵەڕاوکێیەکانـی ڕۆژئـاوا سـەبارەت بـە لەدەسـتدانی کۆنترۆڵـی حوکمڕانـی جیهانـی ڕەنگدانـەوەی شـێوازە کۆنەکانـی ئیمپریالیزمـە. هـەروەک بەهەمـان شـێوە هەڵکشـانی

چیـن و هەوڵەکانـی بـۆ کۆنترۆڵکردنـی ئابوریـی وڵاتانـی دواکەوتـوو، دەسـت بەسـەراگرتنی بەنـدەرەکان وەک پێشـووتر بـاسمان کـرد، دەکرێـت بەشـێک بێـت لـە کۆڵۆنیاڵیزەکـردن، بـەلآم بـە شـێوەیەکی دی، ئەمجارەیـان دەمامکەکـە ڕەنگێکـی تـرە.

سـەرهەڵدانی چیـن وەک زلهێزێکـی جیهانـی دەتوانرێـت وەک گێڕانـەوەی پۆسـت کۆڵۆنیالیـزم سـەیر بکرێـت کـە نەتەوەیەکـی غەیـرە ڕۆژئاوایـی بەسـەر ڕابـردووی نیمچـە کۆڵۆنیالیزمـی خۆیـدا زاڵ دەبێـت و کاریگەرییـە ئابـووری و سیاسـییە گەشەسـەندووەکانی بـۆ کاریگـەری لەسـەر پێکهاتـە جیهانییـەکان بەکاردەهێنێـت. بـۆ نموونـە دەستپێشـخەری پشـتێن و ڕێـگای چیـن (BRI) زۆرجـار لـە چاویلکـەی پۆسـت کۆڵۆنیالیزمـەوە وەک هەوڵێـک بـۆ دووبـارە دارشـتنەوەی پێکهاتـە ئابوورییـە جیهانییـەکان لـە ڕێگـەی دامەزراندنـی هاوبەشـی ئابـووری نـوێ لەگـەڵ وڵاتانـی تازەپێگەیشـتو بەتایبەتـی لـە ئەفریقـا و ڕۆژهەلآتـی ناوەڕاسـت لێکدەدرێتـەوە. چیـن تەحـەدای نۆرمەکانـی هەژموونـی ڕۆژئـاوا دەکات و بەدیلێـک بـۆ ئـەو نەزمـە جیهانییـە پێشـنیار دەکات کـە ڕۆژئـاوا زاڵـن، هاوتەریبـە لەگـەڵ ڕەخنـەی پۆسـت کۆڵۆنیالیـزم لـە ئیمپریالیزمـی ڕۆژئـاوا (Tenzin. 2022).

زیاتـر لـەوەی لەسـەرەوە بـاسمان کـرد، پۆسـت کۆڵۆنیالیـزم جەخـت لـەوە دەکاتـەوە، میراتـی کۆڵۆنیالیـزم ئەکتـەرە نادەوڵەتییەکانیشـی بەهێـز کـردووە؛ وەک کۆمپانیـا فرەنەتەوەییـەکان، ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان و تەنانـەت گروپـە توندڕەوەکانیـش. ئـەم ئەکتەرانـە تەحـەدای ڕوانگـەی نەریتـی دەوڵەت-سـەنتەری پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان دەکـەن. لـە ڕۆژهەلآتـی ناوەڕاسـتدا دەتوانـرا گروپەکانـی وەک حزبـوڵڵا، یـان تاڵیبـان وەک بەرهەمـی دیمەنێکـی دوای کۆڵۆنیالیـزم سـەیر بکرێـن کـە ئەکتـەرە غەیـرە دەوڵەتییـەکان بـە دژایەتـی نفـوزی ڕۆژئـاوا یـان لە وەلآمـی شکسـتی دەوڵەتـدا سـەرهەڵدەدەن. هەروەها دەتوانرێـت کۆمپانیـا فرەنەتەوەییـەکان، بـە تایبەتـی لـە ناوچـە دەوڵەمەنـد بە سـەرچاوەدا، وەک یەکەیەکـی نیوکۆڵۆنیالیـزم سـەیر بکرێـت کـە لـە ئیسـتغلالکردنی سـەرچاوەکانی ئـەو ناوچانـە بەردەوامـن کـە پێـشتر کۆڵۆنیالیـزم بـوون.

پۆسـت کۆڵۆنیالیـزم لـە چاویلکـەی ئیمپریالیزمـی مێژوویـی و نیوکۆڵۆنیالیـزم و میراتەکانـی پێکهاتەکانـی دەسـەلآت، سیاسـەتی جیهانییـان لـە قاڵـب داوە، سـەیری

شەڕی ئۆکرانیا بکە. لە ڕوانگەی دوای کۆلۆنیالیزمەوە، ململانێکان تەنیا ململانێیەکی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا نییە، بەڵکو دینامیکی فراوانتری هەژموونی ڕۆژئاوا و کایەکانی کاریگەری و چۆنیەتی بەردەوامبوونی دەسەڵاتە ئیمپریالیزمەکانی پێشووی کۆنترۆڵکردنی نەتەوە بچووکەکاندا دەگرێتەوە.

بۆ نموونە، لە ڕوانگەی دوای کۆلۆنیالیزمەوە، دەتوانرێت کردەوەکانی ڕووسیا وەک هەوڵێک بۆ دووپاتکردنەوەی کاریگەریی ئیمپراتۆری خۆی بەسەر ئۆکرانیادا سەیر بکرێت کە کۆمارێکی پێشووی سۆڤیەت بوو. یەکێتی سۆڤیەت وەک ئیمپراتۆریەتەکانی دیکە، خاکە فراوانەکانی کۆنترۆڵکرد، لەنێویاندا ئۆکرانیا کە لە مێژوودا وەک بەشێک لە کایەی کاریگەریی ڕووسیا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. تیۆریستەکانی دوای کۆلۆنیالیزم دەڵێن لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ ئۆکرانیا ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی ئیمپراتۆرییە کە ئامانج لێی دووبارە دامەزراندنەوەی کۆنترۆڵە بەسەر کۆلۆنیالیەکانی پێشوویدا (Mälksoo. 2022). ئەم ڕەفتارە ڕەگوڕیشەی لە بیرۆکەی وەرگرتنەوەی شکۆمەندی ئیمپراتۆری لەدەستچوودا هەیە کە بۆ زاڵبوون بەسەر ناوچە دراوسێکان یان ناوچە لاوازەکاندا ئاوێنەیەکی تەماحە کۆلۆنیالیزمەکانە.

بەگشتی، تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم ڕەخنە لە بەردەوامی کاریگەریی زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک جۆرێک لە ئیمپریالیزمی نوێ دەگرێت. ئەمریکا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە داڕشتنی دیمەنی سیاسی ناوچەکەدا گێڕاوە، زۆرجار بە بەکارهێنانی دەستێوەردانی سەربازی و پشتیوانی لە ڕژێمە خۆسەپێنەکان، ئەمەش شێوازەکانی وابەستەیی بەهێز دەکات. پۆست کۆلۆنیالیزم دەڵێ، ئەم دەستێوەردانە ناسەقامگیری درێژخایەن کردووە و ڕێگەی بە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا داوە کۆنترۆڵی سەرچاوە گرنگەکانی وەک نەوت بپارێزن، زۆرجار لەسەر حیسابی چارەی خۆنووسینی ناوچەیی.

لە چوارچێوەیەکی پۆست کۆلۆنیالیزمدا، پێدەچێت داهاتووی هەژموونی ئەمریکا کەم ببێتەوە، چونکە ئەکتەرە ناوچەییەکان و زلهێزە غەیرە ڕۆژئاواییەکان، وەک چین، لە فراوانکردنی کاریگەرییەکانیان بەردەوامن.

هــەر بــە تێکەڵکردنــی پۆســت-کۆلۆنیالیزم لەگــەڵ شــیکاری داینامیکــی دەســەڵاتی جیهانــی هاوچەرخــدا، بــە تایبەتــی لــە قۆناخــی پۆست-ســۆڤییەتدا، دەتوانیــن بــاشتر لــەوە تێبگەیــن، چــۆن میراتــە مێژووییەکانــی کۆلۆنیالیــزم و دەرهێنانــی ســەرچاوە و زاڵبوونــی کولتــووری کاریگــەری لەســەر ســەرهەڵدانی زلهێــزە نوێیەکانــی وەک چیــن بەردەوامــن، بەردەوامبوونــی هەژموونــی ئەمریــکا لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، سێبەری ڕووســیا بەســەر ڕۆژهەڵاتــی ئەورووپــا و ناوچــەی قەوقــاز، پەرەســەندنی ناوبانگــی ئەکتــەرە نادەوڵەتییــەکان لــە نەزمێکــی جیهانــی پارچەپارچــەدا، ڕۆڵ بینینــی حەتمییانــەی تەکنەلۆژیــا بــە تایبەتــی زیرەکــی دەســتکرد، نەبوونــی بەرپرســیارێتی بەرانبــەر گرفتــە کەڵەگەبووەکانــی هەســارەکەمان دەســتەڵاتی ئەمریــکای بەشــێوەیەکی ڕێژەیــی کەمکردۆتــەوە. سروشــت و پێناســەی سیســتەمی نێودەوڵەتــی گۆڕیــوە، بێئــەوەی ڕاگەیاندراوێــک، ددان پیانانێــک هەبێــت؛ لــە ســاڵی ٢٠٢٤ و بــەدواوە لــە سیســتەمێکی فرە-جەمســەریدا گــوزەر دەکەیــن، مرۆڤایەتــی ئەزموونێکــی نــوێ تاقیدەکاتــەوە، لــە نێــوان فرە-جەمســەریی یاخــود "جیهانێکــی بــێ جەمســەر" دایــە.

## ئەنجام

سـێ دەیـە دوای هەڵوەشـانەوەی یەکێتـی سـۆڤییەت، بێئـەوەی ڕاگەیەندراوێکـی گشـتی قبووڵکـراو هەبێـت، مرۆڤایەتـی پێـی خسـتۆتە نـاو قۆناخێکـی نوێـی "فـرە جەمسـەری"؛ دوور نییـە بەهـۆی زیادبوونـی ژمـارەی هێـزە مامناوەندییـەکان و کاریگـەری ڕۆڵـی تەکنەلۆژیـا و بەشـداری گـەورەی ئەکتەرە-نادەوڵەتییەکانـەوە، ئـەم نەزمـە نوێیـە وەک نەمانـی جەمسـەر"جیهانی بـێ جەمسـەر" لـە سیسـتەمی نێودەوڵەتیـدا پێناسـە بکرێـت. هەمـوو تایبەتمەندییەکانـی نەمانـی تـاک جەمسـەریی و هاتنـە ئـارای فـرە-جەمسـەریی لـە سـاڵی (٢٠٢٥) و دواتـردا دەبینیـن، بـەڵام ئایـا فرەجەمسـەریی بـۆ ئەمریـکا هەواڵێکـی ناخۆشـە؟

ئەمریـکا باڵادەسـتەو هێشـتا ئـەو ڕۆڵـی یەکلاکـەرەوە دەگێڕێـت، باتەیبـەت لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، بـەڵام هـەروەک لەسـەرەتاوە وتمـان ئێمـە بەتەنهـا باسـی دابەزینی ئاسـتی ئەمریـکا ناکەیـن، بەڵکـو بەرزبوونـەوەی ئاسـت و کاریگەریـی ئەوانـی دیکـە شرۆڤـە دەکەیـن.

لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا، فـرە جەمسـەری ئاماژەیـە بـۆ سیسـتەمێکی جیهانـی کـە چەندیـن دەوڵەتـی بەهێـز، یـان "جەمسـەر"، کێبڕکـێ و هـاوکاری دەکـەن، نـەک جیهانێـک کـە یـەک یـان دوو زلهێـز (یـەک جەمسـەری یـان دوو جەمسـەری) بەسـەریدا زاڵ بـن. لـە سیسـتەمی فـرە جەمسـەریدا، دەسـەڵات بـە شـێوەیەکی یەکسـانتر بەسـەر چەنـد وڵاتێکـدا دابـەش دەکرێـت، ئەمـەش وایکـردووە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان ئاڵۆزتـر و داینامیـکتر و کـەمتر پێشـبینیکراوتر بـن. لـە پاراسـتنی سـەقامگیریدا هاوسـەنگی هێـز ڕۆڵێکـی گرینـگ دەگێڕێـت، چونکـە هیـچ تاکـە نەتەوەیـەک بەبـێ پاڵنانـی بەرچـاو لەلایـەن ئەوانـی دیکـەوە ناتوانێـت بەسـەر نەزمـی جیهانیـدا زاڵ بێـت (Ashford. 2023). لانـی کـەم وڵاتانـی جیهـان چـیتر لـە

پـاڵ یـەک زلهێـزدا لـە ڕێکخسـتنە جیهانیەکـەدا نـاوەستن. چەندیـن زلهێـزی جیهانـی و ناوچەیـی لـە بابەتـە سیاسـی، ئابـووری، و سـەربازییە ناوچەیـی و جیهانییـەکان کاریگەرییەکـی بەرچاویـان دەبێـت، بـۆ نموونـە: ئەمریـکا، چیـن، یەکێتـی ئەوڕووپـا، ڕووسـیا، هیندسـتان، سـعودییە، ئیسرائیـل، تورکیـا و ئێـران.

لـە دۆخێکـی وادا دەوڵەتـان بەگشـتی پراگماتییانەتـر مامەڵـە دەکـەن، هاوپەیمانێتـی دەکـەن و هەڵیدەوەشـێننەوە، چونکـە ڕەنگـە بەرژەوەندییەکانیـان لـە پرسـێکدا یەکبگـرن، بـەڵام لـە پرسـەکانی دیکـەدا جیـاواز بـن. ئەمریـکا لایوایـە هیندسـتان دۆسـتێکی ستراتیجـی ئـەوە و لـە درووسـتکردنی بەربەسـت لـە بـەردەم هەڵکشـانی هەژموونـی چیـن دا لـە ناوچـەی هینـدۆ- پاسـیفیک پشـتی پێبەسـتووە، بـەڵام پێـش جەنگـی ئۆکرایـن هیندسـتان کڕیارێکـی سـەرەکی چەکـی ڕووسـیا بـووە، هیندسـتان ئەندامـی بریکسـە و هـاوردەکاری سـەرەکی نەوتـی ڕووسیاشـە. وەک لـە بەشـەکانی ئـەم کتێبـەدا، داتـاکان و فاکتـەکان ڕوونیـان کردۆتـەوە، ئەنجومەنـی هاریکاریـی کەنـداو، پێکـەوە و تاک-تاکیـش پەیوەندیـی ستراتیجیـی بەهێزیـان لەگـەڵ چیـن و ڕووسـیا هەیـە، ئامادەییـان نیشـانداوە بـە یوانـی چینـی نـەوت بفرۆشـن، ببن بـە ئەندامـی بریکـس، بـەڵام هێشـتا هاوپەیمانـی ویلایەتـە یەکگرتوەکانـن و چاویـان لەوەیـە ویلایەتـە یەکگرتـوەکان لـە ڕووی ئەمنییـەوە بیانپارێزێـت.

لـە کاتێکـدا هەندێـک بنەمـا لـە شـوێنی خۆیـان ماونەتـەوە، بـەڵام سروشـتی سیاسـی پەیوەندییـەکان گـۆڕاوە (یـان بـەلای کەمـەوە لـە گۆڕاندایـە). گرینگتریـن شـت ئەوەیـە، قۆناخـی گۆڕانکاریـی لـە سیسـتەمی جیهانـی و پەیکەربەندییەکـەی، لـە نـۆرم و بەهاکانـی تـاک جەمسـەریی دا ڕوویـداوە، نەزمـە نوێیەکـە لەگـەڵ تەواوبوونـی چارەکـی یەکەمـی سـەدەی ٢١ دا بریتییـە لـە "فرەجەمسـەریی"، لەمـەش گرینـگتر ئەوەیـە ویلایەتـە یەکگرتـوەکان نابێـت، فرەجەمسـەریی بـە مەترسـیی لەسـەر خـۆی بزانێـت، بەڵکـو پێویسـتە خـۆی لەگەڵیـدا بگونجێنێـت.

پێـش هەمـوو شـتێک، دەیـان زانـای ئەمریکـی لـە سـەدەی ٢٠ و ٢١ دا؛ پاڵپشـتی خۆیـان بـۆ سیسـتەمی فرەجەمسـەریی دەربڕیـوە. لـە هـەرە بیرمەنـدە پێشـەنگەکانی ئەمریـکا لـە بـواری پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا پێیانوایـە سیسـتەمی فرەجەمسـەریی

باشترە لە تاک جەمسەریی یان دوو-جەمسەریی، لەوانە: وەک هانس مۆرگێنتا، هنری کیسنجەر، ساموێل هۆنتیگتۆن، کریستوفر لەین، چارڵز کوپچان، ستیڤن واڵت. تەنانەت کینز واڵتز کە بە دامەزرێنەری قوتابخانەی نیۆڕیالیزم ناودەبرێت، داکۆکیکار بوو لە دوو جەمسەری نەک تاکجەمسەریی. لە چوارچێوەی نیوریالیستی خۆیدا ئاماژەی واڵتز دەڵێت؛ وەک لە کاتی شەڕی ساردی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بینرا، لەگەڵ ئەوەی هەردووکیان خاوەنی چەکی ئەتۆمی بوون، هیچ مەترسییەکی گەورەیان درووست نەکرد، بۆیە دوو جەمسەریی جێگیرترین پێکهاتەیە بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (Zala. 2013).

ساموێل هۆنتیگتۆن لە تیۆرەکەی خۆیدا سەبارەت بە "بەریەککەوتنی شارستانیەتەکان"، ئاماژەی بەوەداوە، جیهانی دوای جەنگی سارد بەرە و پێکهاتەیەکی فرە جەمسەری دەڕوات کە نەک تەنیا لەلایەن دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە، بەڵکو لەلایەن گروپە شارستانییەکانەوە پێناسە دەکرێت. بە بۆچوونی ئەو دەسەڵات لە داهاتوودا لە نێوان جەمسەرە کولتووری و شارستانییە جیاوازەکاندا (بۆ نموونە ڕۆژئاوا، چین، جیهانی ئیسلامی و هتد) لامەرکەزی دەبێت. ئەم ڕوانگەیە زیاتر لەگەڵ ڕوانگەیەکی فرە جەمسەریدا هاوتەریب دەبێت، چونکە گرنگی کاریگەرییە کولتوورییە جۆراوجۆرەکان لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەردەخات، نەک یەک دەسەڵاتی باڵادەست (Duerr، G. M.E. 2018).

چارڵز کوپچان (١٩٩٨) داکۆکی لە جیهانێکی فرە جەمسەری دەکات، جەخت لەسەر گرنگی یەکگرتنی ناوچەیی و پۆتانسیلی لەگەڵ کەمبوونەوەی باڵادەستی جیهانی ئەمریکا فرە جەمسەرییەکی جێگیر دەکاتەوە. کوپچان لە وتارەکەیدا لە سەنتەری بێلفەر بۆ زانست و کاروباری نێودەوڵەتی بە ناونیشانی "دوای پاکس ئەمریکانا: دەسەڵاتی بێهۆشکەر، یەکگرتنی ناوچەیی و سەرچاوەکانی فرە جەمسەرییەکی جێگیر" دەڵێت؛ بەتەنیا پشتبەستن بە هەژموونی ئەمریکا بابەتێکی ناڕاستەقینە و ئەگەری مەترسیداری هەیە. بەڵکو بۆ دروستکردنی نەزمێکی نێودەوڵەتی هاوسەنگ پێشنیاری پەروەردەکردنی زلهێزە ناوچەییە سووکەکان دەکات. کوپچان بۆ خۆگرتن لە مەشقی دەسەڵاتەکەیدا و یەکەمایەتیکردنی هاوکارییە ناوچەییەکان لە ئەمریکای

باكـوور، ئەوڕووپـا و ئاسـیا پێشـنیاری بەهێزكردنـی پابەندبوونـی ئەمریـكا دەكات. ئـەم ڕێبـازە ئامانجـی دروسـتكردنی جیهانێكـی فـرە جەمسـەری جێگیرتـر و یەكگرتووتـرە، بەرەنگاربوونـەوەی پێشـوەختی ئـەو پارچەبـوون و ڕكابەرییەیـە كـە دەكرێـت دواتـر لـە دابەزینـی دەسـەڵاتی ئەمریـكاوە سـەرهەڵبدات (Kupchan. 1998).

هانـس مۆرگنتـاو، زانـای ئەمریكـی، یەكێكـە لـە فیگـەرە سـەرەكییەكانی قوتابخانـەی ڕیالیزمـی كلاسـیك لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەكانـدا، لایوایـە فرەجەمسـەری لـە ڕێگـەی هاوسـەنگی هێـزەوە، بـە پێچەوانـەی چڕبوونـەوەی هێـز لـە سیسـتەمێكی یـەك جەمسـەری یـان دوو جەمسـەریدا هانـدەری سـەقامگیرییە. لێـرەدا، هاوسـەنگی بـەردەوام لـە نێـوان زلهێزەكانـدا ڕێگـری لـە هەژموونـی تاكـە زلهێزێـك دەكات و گـەلان ناچـار دەكات بـە شـێوەیەكی دیپلۆماسـی كار بكـەن. ئـەم ڕوانگەیـە جیـاوازە لەگـەڵ سیسـتەمێكی تـاك جەمسـەری كـە تەنیـا دەوڵەتێـك زاڵـە، چونكـە مۆرگێنتـاو پێـی وایـە بوونـی چەندیـن ناوەنـدی دەسـەڵات ئەگـەری ململانـێ كـەم دەكەنـەوە. بۆیـە مۆرگێنتـاو لەچەندیـن شـوێندا تیشـك دەخاتـە سـەر داكۆكیكردنـی بـۆ ڕێبازێكـی فرەجەمسـەری وەك ئامرازێـك بـۆ گەیـشتن بـە نەزمێكـی نێودەوڵەتـی سـەقامگیرتر (Williams، M، C. 2007).

هەروەهـا "هـێنری كیسـینجەر" وەك پراكتیـككار و تیۆریسـتێكی دیپلۆماسـی لـە كتێبەكـەی "ڕێكخسـتنی جیهانـی-World Order" ئامـاژەی بـەوەداوە، فـرە جەمسـەری دیپلۆماسـی و دەوڵەتسـازی پراگماتیـك پـەروەردە دەكات، چونكـە هیـچ تاكـە نەتەوەیـەك ناتوانێـت باڵادەسـتی تـەواو بەدەسـتبهێنێت. ئـەو ئـەم بیرۆكەیـەی لـە سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریـكادا لـە سـەردەمی جەنگـی سـارد و دوای جەنگـی ساردا بەكارهێنـا، دوای داڕمانـی یەكێتـی سـۆڤیەت پێشـبینی هەنگاونـان بـەرەو جیهانێكـی فـرە جەمسـەری دەكـرد. كیسـنجەر لـە چوارچێـوەی بەڕێوەبردنـی داینامیكـی دەسـەڵاتی جیهانیـدا بانگەشـە بـۆ ڕێبازێكـی فـرە جەمسـەری دەكات لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەكان. ئـەو بەدواداچـوون بـۆ چوارچێـوەی مێژوویـی و كاریگەرییەكانـی فـرە جەمسـەری دەكات، بەتایبەتـی سـەبارەت بـە سـەرهەڵدانی زلهێـزە نوێیـەكان و پێویسـتی كۆنسـێرتێكی گـەلان بـۆ بەڕێوەبردنـی كاروبـاری جیهانـی (Kissinger. 2015).

کەواتە بۆ ئەمریکا فرەجەمسەریی هەواڵێکی تازە یان مەترسیدار نییە. دەبێت دان بەوەدا بنێین؛ فرە جەمسەری دەتوانێت دەرفەت بۆ هاوکاری بهێنێتە ئاراوە، بەڵام بیرمان نەچێت ئاڵۆزی و تەحەدداش دروست دەکات، بەتایبەتی کاتێک کێبڕکێکان زیاتر دەبن و ئەگەری ململانێ لە نێوان چەندین زلهێزی گەورەدا دروست دەبێت. بەتایبەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیسەلمێنێت هێشتا ئەمریکا یەکەمە؛ دامەزراوەکانی ئەمریکا لە چاو چین و ڕوسیاو هەموو ئەوانی دیکەدا بەهێزترینن و شەرعیەتی ناوخۆییان بەهێزترە، زانکۆکان، کۆمپانیاکان، بڵاوکەرەوە ئەمریکیی و خۆرئاواییەکان لە ریزبەندنیی یەکەم و دووەم و سێهەم هەر خۆیانن. لە ڕووی داهێنان و توانای سەربازیی و ئابورییەوە ئەمریکا و دۆلار پێکەوە هەژموونیان هەیە.

لە دوای جەنگی ساردەوە، نەیارەکانی ئەمریکا وەکو ڕووسیا، چین، ئێران، کۆریای باکوور بەلایانەوە گرینگە بەردەوام نیشانی بدەن و دووبارەی بکەنەوە کە ئەمریکا شکستخواردوە و لە بڵاوبوونەوەی نا-یەکسانی، لە گەرمبوونی گۆی زەوی، لە ناکۆکییە تاقەتپڕوکێنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرپرسیارە، بەڵام کاتێک سیستەمەکە دەبێتە فرە-جەمسەریی ئەوانی دیکەش لە دەرەوەی ئەمریکا لەبەرانبەر گرفتە گەردوونییەکان و تێکچوونی نۆرم و بەهاکاندا بەرپرسیار دەبن. ئەوکاتە جیاوازیی گەورە لە نێوان پتەوی دامەزراوە خۆرئاواییەکان و کەلتوری دیموکراسی لەگەڵ بانگەشەکانی ئەوانە دەردەکەوێت کە لەناوەوە دامەزراوەی دیموکراسییان نییە و لەدەرەوە هەمان ڕیتمی ئیمپریالیزمی خۆرئاوایی پەیڕەو دەکەن.

وا دەردەکەوێت، ئەمریکا لە دەرەوە ناڕوخێت، مەترسیی گەورە ئەوەیە ڕۆژێک لە بری دەرەوە ئەمریکا لە ناوەوە بدۆزینەوە؛ هەموو شتێک کاریگەری سەربازیی و ئابوریی نییە؛ ئەو کاتەی گۆڕانە ناوخۆییەکان لە تێگەیشتن و بیروباوەڕ و ناسنامە و نۆرمەکاندا ڕوودەدات، ئێمە دارمانی تەواوەتی ئەمریکا دەبینین؛ بۆ نموونە، قووڵبوونەوەی دابەشبوونە سیاسییە نێوخۆییەکانی نێوان دوو کۆمارییەکان و دیموکراتەکان لەسەر چەندین پرسی دەرەکی بە تایبەت وەک ئەوەی لە نێوان ترامپ و بایدن دا بینیمان، مەترسیی دەخاتە سەر ئاستی ئەمریکا. نایەکسانی ئابووری

هۆیەکـی دیکەیـە کـە نایەکسـانی داهـات و سـامان بووەتـە هـۆی پەرەسـەندنی ناڕەزایـی ناوخۆیـی و نائارامـی کۆمەڵایەتـی، ئەمـەش سـەرنجەکان لـە ئەولەویەتەکانـی سیاسـەتی دەرەوە لادەبـات. هەروەهـا گۆڕانـی کەشـوهەوا زیاتـر هەڕەشـە لـە ئاسایشـی نیشـتمانی و سـەقامگیری ئابـووری ئەمریـکا دەکات کـە بووەتـە هۆکارێکـی سـەرەکی لـە سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریـکادا. ئەمـەش هەوڵـەکان بـۆ بەشـداریکردن لـە ڕێککەوتنـە جیهانییەکانـی کەشـوهەوا، ڕووبەڕووبوونـەوەی پرسـە نێودەوڵەتییـە ژینگەییـەکان و وەڵامدانـەوەی کـۆچ و ململانێـی سـەرچاوەکانی کەشـوهەوا دەگرێتـەوە.

کاریگـەری گەشەسـەندووی کۆمپانیـا زەبەلاحـەکان (بەتایبـەت ئەوانـەی لەبـواری تەکنەلۆجیـا و زیرەکـی دەسـتکرد کاردەکـەن)، بووەتـە تایبەتمەندییەکـی دیاریکـەری ئـەم نەزمـەی جیهانیـەی سـەریهەڵداوە؛ لەنـاو ئـەم دیمەنـە پەرەسـەندووەدا، ئەمریـکا سـنووردارکردنی سـەرهەڵدانی چیـن وەک پێویسـتیەکی ستراتیـژی دەبینێـت. پێشـکەوتنە خێراکانـی تەکنەلۆژیـای چیـن و فراوانبوونـی ڕۆڵـی لـە بەرهەمهێنانـی وزەی پـاک و بەبازاڕکردنـی جیهانیـدا زۆر لـە ئاسـیا تێپەڕیـوە و گەیشـتووەتە قووڵایـی کیشـوەرەکانی دیکـە. ئـەم فراوانبوونـە تەحـەدای پێکهاتەکانـی دەسـەڵاتی ئێسـتا دەکات و ئەمریـکا ناچـار دەکات بـۆ پاراسـتنی سـەرکردایەتی جیهانـی خـۆی وەڵامـی یەکلاکـەرەوە بداتـەوە.

چەندیـن هەڕەشـەی دیکـە هەیـە، ئامـادەن لەناوخـۆدا ئەمریـکا تووشـی داڕزانـدن بکەنـەوە، وەکـو ئاسایشـی ئەلیکترۆنـی، لەگـەڵ گەشـەکردنی هێرشـە ئەلیکترۆنییـەکان بەشـێوەی توونـد و دووبارنەبـووەوە، چارەسـەرکردنی ئاسایشـی ئەلیکترۆنـی بووەتـە یەکەمایەتـی سـەرەکی ناوخۆیـی، ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر پەیوەندییـە دەرەکییـەکان هەیـە، بەتایبەتـی لەگـەڵ وڵاتانـی وەک ڕووسـیا و چیـن. نیگەرانییەکانـی ئاسایشـی ئەلیکترۆنـی لەبـارەی بازرگانـی نێودەوڵەتـی، ڕێککەوتنـە بەرگرییـەکان و بەشـداریکردنی دیپلۆماسـی کاریگەرییـان لەسـەر هەڵوێسـتی ئەمریـکا هەیـە. جگەلـەوەش پرسـەکانی وەک گرژییـە ڕەگەزییـەکان و بزووتنەوەکانـی دادپـەروەری کۆمەڵایەتـی، فۆکۆسـی ناوخۆییـان بەشـێوەیەکی بەرچـاو تەنیـوە، ئـەم پرسـانە دەتوانـن وێنـەی ئەمریـکا لـە دەرەوەی وڵات لەکـەدار بکـەن و پاڵپشـتیکردنی مافەکانـی مـرۆڤ و دیموکراسـی لەسـەر ئاسـتی جیهانـی قـورستر بێـت.

ئەگــەر ئالنگارییــە نێوخۆییەکانــی ئەمریــکا زیاتــر پــەرە بســەنێت، لەگــەڵ ئــەو دابەزینــە- بــە ئــازارەی لــە ئاســتی چیــن و ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا کۆبکەینــەوە کــە تۆمــاری کــردووە، دوور نییــە ئێمــە لــە ماوەیەکــی کەمــدا ئەمریــکا وەک پیاوێکــی نەخــۆش و داماڵــدراو لــە جیهــان ببینیــن:

لــە نێــوان ســاڵانی ٢٠٠٣ بــۆ ٢٠٢٣، هەوڵەکانــی ئەمریــکا بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی تیــرۆر لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بەشــێک بــوون لــە "جەنگــی دژە تیــرۆر" کــە چەندیــن ناوچــەی گرتــەوە لەوانــە عێــراق، ئەفغانســتان و ســووریا. کــۆی تێچــووی ئــەم هەوڵانــە بــە ٨ هەشــت تریلیــۆن دۆلار مەزەنــدە دەکرێــت. ئــەم ژمارەیــە ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکان، چاودێــری تێکۆشــەرە دێرینــەکان، ســوودی قەرزەکانــی خەرجییەکانــی جەنــگ و خەرجییەکانــی دیکــەی پەیوەندیــدار لەخۆدەگرێــت. تەنیــا ئۆپەراســیۆنەکانی عێــراق و ســووریا نزیکــەی ٢.١ تریلیــۆن دۆلاری پێکهێنــاوە (Kimball. 2021). ئایــا ویلایەتــە یەکگرتــوەکان ئــەم تێچــوە زۆرەی لەناوچەکــەدا هەبــووە، بۆئــەوەی ئێــران لــە عێراقــدا فەرمانڕەواییەکــی بەهێــز بێــت؟ بۆئــەوەی کەســانێکی گەنــدەڵ فەرمانڕەوایــی وڵاتەکــە بکــەن کــە نــەک لەنــاو هانییشــتمانیاندا خۆشەویســت نیــن، بەڵکــو نوێنەرایەتــی حیزبەکانــی خۆشــیان نەکــردووە؟

لەڕاســتییدا ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت هاوشــێوەی چیــن بــۆ ویلایەتــە یەکگرتوەکانــی مانــدوو- کــەرە؛ ئیــدارەی ئەمریــکا وا بیردەکاتــەوە کێشــەکانی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت هیــچ چارەســەرێکی نییــە؛ چەندیــن جــار ئەمریــکا ئــەوەی تاقیکردۆتــەوە کــە دەتوانێــت واز لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بهێنێــت، بــەڵام ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت واز لــە ئەمریــکا ناهێنێــت، ئایــا بۆچــی ئەمریــکا لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت هیچــی بەدەســت نەهێنــاوە؟

لەســاڵی ١٩٤٨ ئیــدارەی ئەمریــکا لــە ڕێــگای دەستپێشــخەرییەکەوە کــە بــە "پلانــی مارشــاڵ" نــاسراوە و بــە فەرمــی نــاوی بەرنامــەی بوژانــەوەی ئەوڕوپییــە، زیاتــر لــە ١٢ ملیــار دۆلاری دابینکــرد (The History Channel. 2022)، ئەنجامەکــەی دیاربــوو کــە دواتــر یەکێتــی ئەوڕووپــا و ناتــۆ توانییــان نمونەیەکــی گەشەســەندوو و بەهێــز نیشــانی مرۆڤایەتــی بــدەن. جەنگــی ڤێتنــام لــە ســاڵی ١٩٥٥ تاوەکــو ١٩٧٥ بەردەوامبــوو، باکــووری ڤێتنــام لەلایــەن چیــن و ســۆڤیەتەوە پاڵپشــتی دەکــرا، باشــووری ڤێتنامیــش لەلایــەن ئەمریــکا و

هاوپەیمانەکانیـەوە، جەنگەکـە بەدەسـتوەردانی ئەمریـکا کۆتایـی هـات، دوای دوو دەیـە پەیوەندییەکانـی هــەردوولا ئاسـایی بوونــەوە؛ پەیوەندیــی بازرگانــی نێــوان هــەردوولا لـە ٤٥٠ ملیـۆن دۆلارەوە لـە سـاڵی ١٩٩٥ بـۆ نزیکـەی ١٣٩ ملیـار دۆلار لـە سـاڵی ٢٠٢٢ بەرزبۆتــەوە. ئێســتا ئەگــەر تــۆ ســەرمایەدارێکی ئەمریکیــت و بــەدوای وەبەرهێنــان و دەرفەتــی نوێـدا دەگەڕێیــت، ئــەوا ڤێتنــام پۆتانســێلێکی گــەورە پێشــکەش دەکات کــە شــایەنی ڕەچاوکردنــە (Tradeology. 2023).

لەســەرووبەندی کۆتایهاتنــی دووەمیــن جەنگــی جیهانیــدا، ئەمریــکا و هاوپەیمانــان هێرشــیان کــردە ســەر ژاپــۆن، بۆمبارانــی هیرۆشــیما و ناکازاکییــان کــرد، لــەو ڕووداوەدا کـــە لەلایـــەن هێـــزی ئاسمانـــی ئەمەریـــکاوە ئەنجـــام درا، لـــە کـــۆی ٣٥٠ هـــەزار دانیشــتووی شــاری ناکازاکــی زیاتــر لــە ١٤٠ هــەزار کــەس کــوژرا، لــە ناکازاکیــش زیاتــر لــە ٤٧ هــەزار کــەس کــوژران، بــەڵام دوای چەنــد دەیەیــەک ژاپــۆن دەبێتــە نموونــەی گەشەســەندووترین وڵاتــی جیهــان و بــە داهێنانــی پیشەســازیی و وەبەرهێنــان لــە کەرتــە جیاوازەکانــدا، ژاپۆنییــەکان ســەرنجی مرۆڤایەتــی بــۆ خۆیــان ڕادەکێشــن، ژاپــۆن یەکێکــە لــە گەورەتریــن هاوبەشــە بازرگانییەکانــی ئەمریــکا. لــە ســاڵی ٢٠٢٣دا کــۆی گشــتی بازرگانــی نێــوان ئەمریــکا و ژاپــۆن گەیشــتە ٢١٨.٣ ملیــار دۆلار، ئەمریــکا بــە بەهــای نزیکـەی ٨٤.٥ ملیـار دۆلار کاڵای هەنـاردە کـردووە و بـە بەهـای ١٣٣.٨ ملیـار دۆلاریـش لــە ژاپۆنــەوە کاڵای هــاوردە کــردووە (Census. 2024)، ژاپــۆن یەکێکــە لــە هاوپەیمانــە ســەرەکییەکانی ئەمریــکا لــە ئاســیادا.

بــەڵام لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا وەک ئــەوەی ئەمریــکا کشــتوکاڵی لــە ژاپۆنــدا کــرد بێــت، هیچــی بەدەســت نەهێنــا؟

جیهــان لــە هەمــوو ڕوویەکــەوە گــۆڕاوە، ئــەم مەلــی بایــە "وەرچەرخانــی وزە"شــی کردۆتـە بابەتێکـی حەتمـی، ئەگەرچـی تارمایـی نـەوت و گازی سرووشـتی لەسـەدەی ٢١ یشــدا بەســەر بــازاڕی ئابوریــی جیهانییــەوە دەمێنێــت، بــەڵام لەمــەولا وەکــو ســەدەی بیسـتەم ئەولەویەتـی ئەمریـکا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا"نەوت" نییـە، بەڵکـو ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـۆ ئەمریـکا و هاوپەیمانەکانـی سـێ مانـای هەیـە: پاراسـتنی ئیسرائیـل، پرسـی ئاسـایش، کەمکردنـەوەی هەژمـوون و کاریگـەری چیـن و ڕووسـیا لەناوچەکـەدا.

لـەوەش زیاتـر، ئەگـەر ئیـدارەی ئەمریـکا دەیـەوێ ڕووبـەڕووی گرفتـە ئایندەییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و لێکەوتەکانـی ببێتـەوە، ئـەوا ئـەم لێکۆڵینەوەیـە سـێ مەترسـیی سـەرەکی دەستنیشـان کـردووە: یەکـەم؛ مـاددەی هۆشـبەر، دووەم؛ توندڕەوی، سـێهەم؛ کێشـە ژینگەییـەکان کـە دەبێتـە هـۆی مەترسیی لەسـەر ئاسایشـی خـۆراک و پەرەسـەندنی زیاتـری دیـاردەی کۆچکـردن. هـەر سـێ گرفتەکـە ڕاسـتەوخۆ گرفتـی جیهانیـن. کلیلـی ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو کێشـانەش پێویسـتی بـە ڕووبەڕووبوونـەوەی گەندەڵـی و پشـتبەستن بـە خەڵکـی دڵسـۆز و بەتوانـاو خۆ-نەویسـت هەیـە لـەو ناوچانـە.

زۆربـەی ئـەو سـەرکردانەی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت وێرانەیەکیـان درووسـتکرد، خۆیـان و نەوەکانیـان گەندەڵییەکـی بێوێنەیـان کـردووە و پارەیـان سـپیکردۆتەوە، خاوەنـی ناسـنامەی بەریتانـی و ئەمریکـی و ئەوروپیـن، بەپاڵپشـتی ئەمریـکاش لـە دوای ١١ی سـێپتەمبەرەوە پۆسـتە باڵاکانیـان لـە وڵاتەکانـی خۆیـان وەرگرتـووە؛ نموونـەی ئـەم بابەتەمـان لـە بەشـی چـوارەم دا باسـکرد کـە بۆچـی سیاسـەتی ڕوبەڕوبوونـەوەی گەندەڵـی لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان سـەرکەوتو نابێـت، چوونکـە ڕوبەڕوبوونـەوەی گەندەڵـی پێویسـتی بـە ستراتیجیەتێکـی دورمـەودا و سـەروەری یاسـا و دەرکردنـی یاسـای تایبـەت بـە ڕوبەڕوبوونـەوەی گەندەڵـی هەیـە، هەروەهـا چاوترسـاندنی ئەوانـەی گەندەڵییـان کـردووە و لـە سـووچێکی ئـەم جیهانـەدا پاڵیـان داوەتـەوە و خەریکـی تاوانکاریـی زیاتـرن! ئایـا ئەمریـکا ئـەو چالاکوانـە ڕۆژهەڵاتییانـە نابینێـت کـە لـە واشـنگتۆن لۆبـی بـۆ تۆمتبارانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەکـەن و لـە وڵاتەکانـی خۆشـیاندا وێنەکانیـان لەگـەڵ ئەوانـە بڵاودەکەنـەوە کـە لـە لیسـتی ڕەشـی ویلایەتـە یەکگرتوەکانـدان؟

کەمبوونـەوەی شـوێنپێی ئەمریـکا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، پـەرەی بـە هـاوکاری نێـوان دەوڵەتانـی ناوچەکـە داوە: وەک نزیکبوونـەوەی تورکیـا و ئـیمارات، ئاشـتبوونەوەی سـعودیە و ئێـران بـە نێوەندگیریـی چیـن، گەڕانـەوەی سـووریا بـۆ کۆمـکاری عەرەبـی، ئاسـاییبوونەوەی پەیوەندییەکانـی تورکیـا و سـعودییە، مـیسر و تورکیـا. دواجـار مەترسـی ئـەوە هەیـە ئەمریـکا بـۆ سیاسـەتی دەرەوەی شـەڕانگێزانە و ڕووبەڕووبوونـەوە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بگەڕێتـەوە، پرسـیاریش هەیـە، ئایـا ئـەم جـۆرە سیاسـەتانەی

ئەمریکا تەنیا ئێران دەکەنە ئامانج یان بۆ شوێنی دیکەش درێژدەبنەوە!

دووبارە گەڕانەوەی ترەمپ بۆ کۆشکی سپی لە چرکەساتێکی مێژوویی هەستیاردایە، دەبێت بەهێزکردنی واقیع و تێڕوانین بۆ یەکدەنگی و بەهێزیی ئەمریکا لە دەرەوەی وڵات لە پێشینەیدا بێت، پێویستە ئەولەویەتەکانی خۆی بە وردی دیاری بکات، بۆ ئەمەش پەرەپێدانی تۆڕێکی بەردەوام و متمانەپێکراو لە هاوبەشە ئەمنییەکان گرینگ دەبێت. لەم ساڵانەی دواییدا زیانێکی زۆر بە زۆرێک لە پەیوەندییە نەریتییەکانی واشنتۆن کەوتووە؛ لە پێش هەموویان پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ سعودیە کە بە شێوەیەکی خراپ تێکچوون و پێویستیان بە ڕیسێتکردنی گەورە هەیە، بەڵام ئەوەی ترەمپ نیشانی جیهانی داوە هەرئەوەیە کە ئیدارەی ئەمریکا لەسەر حیسابی گەلانی دیکەی جیهان دەیەوێ کورتهێنانە داراییەکانی پڕبکاتەوە، هەر دەوڵەتێک یان کۆمپانیایەکی جیهانیش بەدوای ئەو نەکەوێت، ئەوا بە کارتی باڵادەستی دۆلار و باج و سیستەمی پارەدانی جیهانی هەڕەشەی لێدەکات!

لەکاتێکدا حوکمڕانیکردن ئاڵۆزە و دۆخی جیهان ئاڵۆزترە، بەڵام ترامپ لایوایە زۆر سادەیە، چوونکە ئەو نایزانێت بۆیە وا دەزانێت سادەیە و ئاڵۆزییەکی تیا نییە. بۆیە ئەستەمە پیاوی وەک دۆناڵد ترامپ تێبگات لێکەوتەکانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی چییە، ئەستەمە بزانێت سیستەمی تاریفە و ئابوری و جیوپۆلەتیکی جیهانی چۆن کار دەکات. ئێستا ئەمریکا زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچێت، توێژێک تیایدا فەرمانڕەوان کە لە سەرۆکەکەیان دەترسن، سەرۆکەکەیان خۆی لێبوە بە پادشا، تەنیا پێوەری ئەوەیە ئایا ئەوەی دەگوزەرێت بۆ شەخسی ئەو باشە یان خراپ! ئەو جەماوەرەی دوای کەوتوون هەر گرووپێکیان ئامانجێکی جیاوازی هەیە، بەڵام بە زۆری کەسانی لووتبەرز و سادەکارن.

ئەوەی پەیوەندیی وەرچەرخانی دارایی و بازرگانی جیهانییەوە هەیە، ژاوەژاوی بریکسە؛ دەڵێن پێنج، یان دە ئەندامی دیکەمان زیاد کردووە. بەڵێ.. پێدەچێت هاوپەیمانییەکی گەورەتر بۆ داماڵینی دۆلار سەرهەڵبدات، کاتێک ئەندامانی سیستەمی دۆلار لە دۆخی نێودەوڵەتی ناڕازی بن، ئەوەش زیاتر بەهۆی نا-

بەرپرسیارێتی بانکی ناوەندیی ئەمریکا، یان سیاسەتە هەڵەکانی ئیدارەی ئەمریکاوە کە سەرکردایەتی جیهانی دەکات لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی یاسا و نۆرمەکاندا. لێرەدا بریکس هەوڵیداوە سەرکردایەتی بازاڕە تازەپێگەیشتووەکان بکات بۆ گۆڕینی نەزمی دارایی جیهانی، بۆ ئەوەش سەرچاوەی جێگرەوەی پەرەپێداوە لە یارمەتی فریاگوزاری و پەرەپێدانی داراییدا، بۆ دروستکردنی سیستەمێک کە باشتر خزمەت بە بەرژەوەندی و بیرۆکەکانی بکات.

وەک ئەلێکساندەر گابویڤ و ئۆلیڤەر ستونکێل (٢٠٢٤) جەختی لێدەکەنەوە زلهێزە سەرهەڵداوەکان بەردەوام دانوستان لەسەر پێگەی نێودەوڵەتی خۆیان دەکەنەوە، لە کاتێکدا هەوڵی زیادکردنی کاریگەری و پێگەی خۆیان دەدەن، ئاواتەخوازن ببنە یاسادانەر و داڕێژەری کارنامەی دارایی جیهانی. کاتێک وڵاتانی ڕۆژئاوا وریایی زیاتر دەنوێنن و سەرنجیان دەخەنەوە سەر بازاڕی ئابوریی جیهانی لە ڕێگەی زلهێزە تازە-سەرهەڵداوەکان (هێزە مامناوەندییەکان)، بەرە-بەرە متمانە دروست دەکەن و هەوڵەکانی چین و ڕووسیا بۆ وەرگرتنی باشووری جیهانی بۆ دۆزی دژە ڕۆژئاوا تێکدەدەن (Gabuev، A & Stuenkel، O. 2024). کەواتە ڕۆژئاوا لەبری ئەوەی گریانی سەرهەڵدانی بریکس بکات، پێویستە لێپێچینەوە لەو دەوڵەتە ئەندامانە بکات کە پشکیان هەیە لە دڵنیابوون لەوەی گروپکردنەکە نەبێتە لایەنێکی ئاشکرای دژە ڕۆژئاوایی کە مەبەست لێی تێکدانی نەزمی جیهانییە.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە؛ ئەم دراوەی بریکس کە بڕیارە لە دایک ببێت، بە چی دەپێورێت؟ چوونکە پێوانەکردن و پێناسەکردنی دراو لە هەموو جیهاندا، یان بە دۆلارە یان بە زێرە، ژاوەژاوچییەکانی ناو بریکس دەڵێن: بە زێڕ، ئۆکەی؛ ئەوە بڕوامان هێنا، وەرن با لێکی بدەینەوە:

وڵاتانی بریکس بە کۆی گشتی نزیکەی ٦٦٠٠ تۆن زێڕیان هەیە تا ساڵی ٢٠٢٣. ئەمەش یەدەگی زێڕی وڵاتانی وەک چین (٢١١٣ تۆن)، ڕووسیا (٢٣٣٠ تۆن)، هیندستان (٧٩٧ تۆن) و وڵاتانی دیکە دەگرێتەوە. سەرەڕای ئەم بڕە بەرچاوە، تەنیا ئەمریکا نزیکەی ٨١٣٣ تۆن زێڕی لەبەردەستدایە کە زیاترە لە کۆی یەدەگی سەرجەم ئەندامانی بریکس بەیەکەوە. سەرەڕای ئەوەش، یەکێتی ئەوروپا بە کۆی

گشـتی یەدەگـی زێـڕی بەرچـاوی هەیـە، وڵاتانـی وەک ئەڵمانیـا و ئیتاڵیـا هەریەکەیـان زیاتـر لـە ٢٤٠٠ تـۆن زێڕیـان هەیـە. ئێمـە لێـرەدا دەبینیـن یەدەگـی ئاڵتونـی چیـن لـە دوای ئەڵمانیاشـەوەیە. ئەمـە جگـە لـەوەی ژاپـۆن و ئوسترالیـاش هاوپەیمانـی ئەمریـکان و یـەدەگ و کاریگەریـی بەرچاویـان هەیـە. لـە ڕووی زێـڕی ژێـر زەویـەوە، مەزەنـدە دەکرێـت کـۆی گشـتی دابینکردنـی زێـڕی بـێ کانـگا لـە جیهانـدا لـە دەوروبـەری ٥٠ بـۆ ٥٧ هـەزار تـۆن بێـت، هەرچەنـدە ئـەم ژمارەیـە دەتوانێـت جیـاواز بێـت بـە پشـتبەستن بـە دۆزینـەوە نوێیـەکان و چالاکییەکانـی کانـگاکان، بـەڵام بەگشـتی زێڕێکـی کـەم لـە ژێـر زەوییـدا ماوەتـەوە (Dsouza.2023).

بۆیـە دەبینیـن، وڵاتانـی بریکـس، بەتایبەتـی چیـن و ڕووسـیا، بـە شـێوەیەکی شـەڕانگێزانە یەدەگـی زێڕەکانیـان زیـاد دەکـەن وەک بەشـێک لـە ستراتیژییەکـی فـراوانتر بۆ کەمکردنـەوەی پشـتبەستن بـە دۆلاری ئەمریکـی لـە بازرگانـی نێودەوڵەتیـدا، بـەڵام قەبارەی زۆری زێـڕ کـە لەلایـەن ئەمریـکا و هاوپەیمانـە ئەوڕوپـی یەکانییـەوە لەبەردەسـتدایە، ئـەم هەوڵانـە بەتـاڵ دەکاتـەوە. لێـرەدا زلهێـزە ڕۆژئاواییـەکان دەبـێ سـەرنجیان لەسـەر خـراپتر نەکردنـی شـتەکان بێـت، بـۆ نموونـە هەوڵـدان بـۆ ترسـاندنی زلهێـزە ناوەڕاسـتەکان لـە پەیوەسـتبوون بـە بریکـس کـە بۆنـی باوکسـالاری و دەسـتێوەردانی نیمچـە کۆلۆنیالیزمـە.

ڕاسـتە بریکـس دۆسـیەیەکی بەهێـزی دەبێـت بـۆ گۆڕینـی دۆلار بـە دراوێکـی یەدەگـی تایبـەت بـە خۆیـان، هەروەهـا ئەمـە بـۆ بریکـس گرینگـە کـە وڵاتانـی کەنـداو هـەوڵ دەدەن نـەوت بـە دراوی غەیـرە دۆلار بفرۆشـن، بـەڵام ئـەوە زیاتـر لـە خەونێکـی نەبینـدراو دەچێـت بوتـرێ سـعودییە و ئیماراتـی عەرەبـی دەتوانـن بـە تەواوەتـی پشـت بکەنـە ئەمریـکا و ڕۆژئـاوا. هەروەهـا ئـەوە تەنیـا بـە گوتـن شـتێکی ئاسـانە کـە بوتـرێ وڵاتانـی بەشـدار لـە بریکـس دەسـت لـە دراوی ناوخـۆی وڵاتەکانیـان هەڵبگـرن و هەموویـان یـەک دراوی هاوبـەش بەکاربهێنـن، ئەمـە دەبێتـە هـۆی هەڵئاوسـان و نەگونجانێکـی زۆر، بەتایبەتـی دۆخـی دراو و بـاری ئابوریـی وڵاتانـی بریکـس ناچوونیەکـە، بـۆ نموونـە بـاری ئابوریـی چیـن زۆر جیـاوازە لـە ئەسـیوپیا کـە هاتۆتـە نـاو گرووپـی بریکسـەوە. پێشـووتر یـۆرۆ ئـەو هەوڵـەی دا ببێتـە دراوێـک جێگـە بـە دۆلار لێـژ بـکات، بـەڵام یـۆرۆ و دراوەکانـی دیکـەش نەیانتوانـی.

بۆیـە، دۆلاری ئەمریکـی وەک دراوی یەدەگـی باڵادەسـتی جیهـان دەمێنێتـەوە. بەپێـی ئامارەکانـی سـندوقی دراوی نێودەوڵەتـی، نزیکـەی ٥٨٪ی یەدەگـی ئاڵوگـۆڕی دراوی بیانـی جیهانـی تـا سـاڵی ٢٠٢٣ بـە دۆلاری ئەمریکـی هەڵگیـراوە کـە بـەراورد بـە سـاڵانی پێشـوو کەمێـک دابەزینـی بەخۆیـەوە بینیـوە، بـەڵام هێشـتا زۆر زیاترە لـە دراوەکانـی دیکەی وەک یـۆرۆ (٢٠٪) و یوانـی چینـی (٢.٥ ٪) بەشـێکی بەرچـاو لـە مامەڵـە بازرگانییـە جیهانییـەکان بـە دۆلار ئەنجـام دەدرێـت (Boocker، S &Wessel، D. 2024). کاڵاکانـی وەکـوو نـەوت و زێـڕ و کەرەسـتەی خـاوی دیکـە بـە دۆلاری ئەمریکـی دەفرۆشرێـن. بـۆ نموونـە نزیکـەی (٨٠٪)ی مامەڵەکانـی نەوتـی جیهانـی بـە دۆلار یەکلایـی دەکرێنـەوە. ئەمـەش وا دەکات دۆلار لـە بازرگانـی نێـوان وڵاتانـدا گرینـگ بێـت، بەتایبەتـی بـۆ وڵاتانـی تازەپێگەیشـتووی ئابـووری و ئـەو وڵاتانـەی کـە دراوی بەهێزیـان نییـە. هەروەهـا، دۆلاری ئەمریکـی بەسـەر بازاڕەکانـی قـەرزە نێودەوڵەتییـەکان زاڵـە و پشـکێکی زۆر لـە قـەرزە جیهانییـەکان بـە دۆلارە. زۆرێـک لـە وڵاتـان و کۆمپانیاکانـی جیهـان بۆنـد بـە دۆلار دەردەکـەن بۆئـەوەی وەبەرهێنەرانـی جیهانـی ڕابکێشـن. هەروەهـا دۆلار لـە مامەڵـە داراییـە نێودەوڵەتییـەکان دراوی پەسـەندکراوە و لـە بازاڕەکانـی ئاڵوگـۆڕی بیانـی (فۆرێکـس) کـە نزیکـەی ٩٠٪ ی بازرگانـی ڕۆژانـەی فۆرێکـس پێکدەهێنێـت دراوی باڵادەسـتە (Dsouza. 2023). بۆیـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوا دەتوانـن زیاتـر بکـەن بۆئـەوەی ئـەو زلهێـزە ناوەڕاسـتانە نامـۆ نەکـەن کـە بـەدوای فـەزای زیاتـردا دەگەڕێـن بـۆ مانۆڕکـردن و دڵنیابـن لـەوەی بریکـس نەبێتـە بلۆکێکـی دژە ڕۆژئـاوا. پێویسـتە بـە ڕاشـکاوتر بـاس لـەوە بکـەن کـە چـۆن هەندێـک سـزا پەیوەندییـان بـە پێشـێلکردنی یاسـا نێودەوڵەتییەکانـەوە هەیـە و هەوڵـدەدەن لـە جێبەجێکردنـی ئـەو سـزایانە لـە دژی هەمـوو سـەرپێچیکاران بگرنەبـەر، نـەک تەنیـا لـە دژی نەیارانـی جیۆپۆلەتیکیـی یەکگرتـوو بـن. وڵاتانـی باشـووری جیهانـی دەیانەوێـت لـە هەژموونـی دۆلار ڕزگاریـان بێـت کاتێـک دەبینـن وڵاتانـی ڕۆژئـاوا.

گواسـتنەوەیەکی دەسـەڵاتی گـەورە، لەگـەڵ زۆرانبـازی قووڵـی جیۆپۆلیتیکـی گرنـگ لـە نێـوان هـەردوو زلهێزەکـەدا بابەتێکـی چاوەڕوانکـراوە؛ چەندیـن گـۆڕاو هـەن کـە پێشـنیاری ئەگـەری گواسـتنەوەی ئاشـتیانەی دەسـەڵات لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە نێـوان واشـنتۆن و پەکیـن دەکـەن. هێشـتا ئەمریـکا دەتوانێـت بـە ئەگەرێکـی زۆرەوە متمانـەی خـۆی لـە کەنـداوی عەرەبیـدا زیاتـر بـکات، بەتایبـەت سـعودییە پێویسـتی

بــە پاڵپشــتی زیاتــری ئەمنــی هەیــە، بەمــەش ئەمریــکا دەتوانێــت پەیوەندیــی نێــوان ســعوديیە و ئیسرائیــل لــەدوای جەنگــی غــەزە توونــد گرێبــدات کــە دوو زلهێــزی ڕۆژهەڵاتــی نــاوەڕاستن.

بەپێــی ئــەوەی کــێ زیاتــر دەکات بــۆ جێگیرکردنــی ئەولەویەتەکانــی ئەمریــکا، دەتوانێــت یارمەتیــدەر بێــت بــۆ پاڵنانــی هەندێــک بڕیــار بــە ئاراســتەی بەرژوەندییەکانــی واشــنتۆن. بــەڵام سیاســەتی دەرەوەی ئەمریــکا بــەزۆری وردبینــی بــە باشــی ئەنجــام نــادات، بــۆ نموونــە هێشــتا نەیتوانیــوە نەوەیەکــی شارســتانیی مۆدێــرن بــە ئاڕاســتەی ڕۆژئــاوا لــە عێراقــدا پــەروەردە بــکات و پەیوەندیــی زانســتی و سیاســی و ئابورییــان لەگــەڵ گرێبــدات، لــە جیاتــی ئــەوە "چیــن" ئــەم دەرفەتــەی قۆســتۆتەوە، لەبەرانبــەردا ئەمریــکا و هاوپەیمانەکانــی بەگشــتی پشتبەســتوو بــووە بــە هەندێــک فیگــەر کــە هەلپەرســتانە و خۆپەرســتانە مامەڵەیــان کــردووە ، لەنــاو گەلانــی خۆشــیاندا خۆشەویســت نەبــوون و نییــن.

ئــەم توێژینەوەیــە، ئــەوە دەبینێــت کــە دیموکراســییەت لــە تــەواوی جیهانــدا لــە قەیراندایــە، نەیارەکانــی ئەمریــکاش هیچیــان وڵاتــی دیموکراســیی و دامــەزراوەی شــەرعی بەهێــز نیــن، بۆیــە دەرفەتەکەیــان قۆســتۆتەوە گاڵتــە بــە جیهانــی لــیبراڵ و دیموکراســیی دەکــەن. لــە ڕاســتییدا تەحەداکانــی بــەردەم دیموکراســی بــە سرووشــت جیهانیــن، لــە وڵاتانــی هــەژار و گەشەسەندوویشــدا، لــەو شــوێنانەی دیموکراســیی چەســپێندراوە و لــەو شوێنانەشــی کــە دیموکراســیی نوێیــە ئــەم گرفتــە هەیــە، بۆیــە بەرەنگاربوونــەوەی تەحەداکانــی بــەردەم دیموکراســیی پێویســتی بــە وەڵامێکــی جیهانیــی هەیــە؛ چوونکــە ســەرەڕای عەیبوعارەکانــی هێشــتا مرۆڤایەتــی هیــچ فۆڕمێکــی بــاشتر لــە دیموکراســیی بــۆ حوکمڕانــی نەدۆزیوەتــەوە.

لەکۆتاییــدا، وڵاتانــی دەوڵەمەنــد دەتوانــن چارەســەرکەری کێشــەی بــاشتر بــن بــۆ وڵاتانی هەژارتــر، لەوانــەش بــە هاوبەشــکردنی تەکنەلۆژیا و هاوکاریکردن لە گواســتنەوەی ســەوزدا. ڕۆژئــاوا پێویســتە بــۆ دیموکراســیکردنی نەزمــی جیهانــی هەوڵــی ڕاســتەقینەتر بــدات، وەک بــە لابردنــی ئــەو نەریتــەی تەنیــا ئەوڕووپییــەکان ســەرۆکایەتی ســندوقی دراوی نێودەوڵەتــی دەکــەن و تەنیــا هاووڵاتیانــی ئەمریکــی ســەرکردایەتی بانکــی نێودەوڵەتــی دەکــەن. جیهــان چاوەڕێــی دەکــرد ئیــدارەی ئەمریــکا توونــدتر دەســت بــە بەهــاو پرەنســیپەکانی

"لیبراڵ- دیموکراسیی"ەوە بگرێت بۆئەوەی نیشانی بدات بەهاکانی خۆرئاوا نایاب و جیاکەرەوەن، کەچی پاشەکشەکردنی ئیدارەی ترەمپ لەسەر بنەماکانی فەلسەفەی لیبراڵیزم نەک هەر ئەمریکا، بەڵکو حوکمڕانی خۆرئاوا بەرەو کاڵبوونەوە دەبات.

بۆیە، لەگەڵ گۆڕانی دەسەڵات (وەرچەرخانی هێز) و دەرکەوتنی جەمسەرە نوێیەکان، ئەمریکا وەک هێزێکی ترسناک دەمێنێتەوە؛ ئەمە گەشتکردنە بە جیهانێکدا کە زلهێزە ناوەندەکان و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری تەکنەلۆژیا و زەبەلاحە سەرهەڵداوەکانی وەک چین کێبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی کاریگەریی. لەم دیمەنە پەرەسەندووەدا، توانای ئەمریکا بۆ داڕشتن و بەشداری سەرەکی لە نەزمی جیهانی، تەنیا پشت بە باڵادەستی نابەستێت، بەڵکو بەندە بە ئەزموون و دامەزراوەی بەهێز و توانای خۆ-نوێکردنەوە و خۆڕاگرییەکەی لە بەرامبەر ململانێ ئاڵۆزە ناوچەییەکان و ڕەوتە پێشبینینەکراوەکانی فرە جەمسەریدا.

# لیستی سەرچاوەکان

Abu Al-Khair، K. (2011). World without poles: The new strategic realities in the international system. International Politics Magazine [Translated from Arabic to English]. September 12، 2011. Available at: https://www.siyassa.org.eg/News/1751.aspx

Adler، P، S. (2006) Technological Determinism. University of Southern California. July 7، 2006.

Akin، E. (2024) Turkey's annual inflation surges to almost 70% in April. Al- monitor. May 3، 2024. Retrieved from: https://www.al-monitor.com/originals/2024/05/turkeys-annual-inflation-surges-almost-70-april#ixzz8go1DAaY2

Aktunç، D (2022) The International Systems: Unipolarity، Bipolarity and Multipolarity. Published on Mar 27، 2022. Available at here: https://www.byarcadia.org/post/the-international-systems-unipolarity-bipolarity-and-multipolarity

Al Hurra (2021) The Sultan of Oman in Saudi Arabia. "Duqm Projects and the Yemen War" on the table of the first visit. Nahi Mahmoud - Dubai. [Translated from Arabic to English]. July 10، 2021. Available at: https://www.alhurra.com › 2021/07/10

Al-aalem Al-Jadeed. (2024) By 2035، Iraq will lose more than 10 billion cubic meters of its water resources. 18 April، 2024. [Translated from Arabic to English]. Available at: https://al-aalem.com › -بحلـول203...

Al-Ani، T. (2021) On its 40th anniversary... Learn about the most prominent stages of the Iran-Iraq war and who is behind its prolongation. Aljazeera. [Translated from Arabic to English]. 21/9/2020. Available at: https://www.aljazeera.net/politics/2020/9/21/%D9%81%D9%8A-%D8%B0%D9%83%D8%B1%D8%A7%D9%87%D8%A7-%D8%A7%D9%84%D9%8040-%D8%AA%D8%B9%D8%B1%D9%81-

%D8%B9%D9%84%D9%89-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%83%D8%AB%D8%B1

Al-Ansari، N. (2018) The dangers of the water crisis in Iraq: causes and ways to address it. Al Jazeera Center for Studies. [Translated from Arabic to English]. May 28، 2018.

Al-Gaul، Y، A. (2011) The Impact of the Rise of Justice and Development Turkish Party on the Turkish-Israeli Relations. Master Thesis. Al-Azhar University - Gaza. [Translated from Arabic to English]. pp. 99-100.

Al-hurra. (2024، August 19) Iraq: More than 12،000 drug dealers arrested since the beginning of the year. Dubai. August 19، 2024. [Translated from Arabic to English language]. Available at: https://www.alhurra.com/iraq/2023/08/19/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%A7%D8%B9%D8%AA%D9%82%D8%A7%D9%84-%D8%A3%D9%83%D8%AB%D8%B1-12-%D8%A3%D9%84%D9%81-%D9%85%D8%B1%D9%88%D8%AC-%D9%84%D9%84%D9%85%D8%AE%D8%AF%D8%B1%D8%A7%D8%AA-%D8%A8%D8%AF%D8%A7%D9%8A%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A7%D9%85

Ali، L. (2024) Gulf Investments in China: A New Era of Strategic Partnerships. International Institute for International Political Studies (ISPI). 18 Jun 2024.

Aljazeera. (2019) How much oil do we consume? Facts about black gold in the world. Available at: https://www.aljazeera.net/ebusiness/2019/8/25/%D9%83%D9%85-%D9%86%D8%B3%D8%AA%D9%87%D9%84%D9%83-%D9%85%D9%86-%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%81%D8%B7-%D8%AD%D9%82%D8%A7%D8%A6%D9%82-%D8%B9%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%B0%D9%87%D8%A8

Aljazeera. (2024) Clearing Gaza rubble could take 15 years، UN agency says. 15 Jul 2024. Available at: https://www.aljazeera.com/news/2024/7/15/clearing-gaza-rubble-could-take-15-years-un-agency-says

Al-Jubouri، Z. H. (2022). The world order and the inevitability of change (Translated from Arabic to English). Al-Nahrain Center for Strategic Studies.

Al-Khalifi، A. and Al-Hammadi، Y. (2008) Lee Kuan Yew: "If I were a Saudi، I would ask what would increase my importance to the countries of the world?" Asharq Al-awsat. Wednesday، 23 January 2008، Issue No. 10648. Available: https://english.aawsat.com/?_gl=1*g5e52v*_gcl_au*MzgzMjAzNjIxLjE3MjcxMjI0NDQ.

Al-Shammari، B. (2021) The dams of Türkiye and Iran dry up the Tigris and Euphrates in Iraq. The New Arab. [Translated from Arabic to English]. April 18، 2021. Available at: https://www.alaraby.co.uk › سدود-...

Alterman، J، B. (2024) China and the Middle East. Center for Strategic and International Studies (CSIS). Statement before the U.S.-China Economic and Security Review Commission. Washington، DC. April 19، 2024.

Aluf، D. (2024) China's Influence in the Middle East and Its Limitations. The Diplomat. February 26، 2024. Available at: https://thediplomat.com/2024/02/chinas-influence-in-the-middle-east-and-its-limitations/

Allison، G. T.، et al (2024، February 6). Is the US-China relationship the most consequential relationship for America in the world? Brookings. https://www.brookings.edu/articles/is-the-us-china-relationship-the-most-consequential-relationship-for-america-in-the-world/

Almaalomah. (2025، February 12). IQ places Abdel Latif under investigation and questioning in the corruption case [Translated from Arabic to English]. https://almaalomah.me/news/90821/local/%D8%B4%D8%B1%D9%83%D8%A9-%D8%A2%D9%8A-%D9%83%D9%8A%D9%88-%D8%AA%D8%B6%D8%B9-%D8%B9%D8%A8%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D9%84%D8%B7%D9%8A%D9%81-%D8%AA%D8%AD%D8%AA-%D8%AF%D8%A7%D8%A6%D8%B1%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%AA%D9%87%D8%A7%D9%85-%D9%88%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%AC%D9%88%D8%A7%D8%A8-%D9-

%81%D9%8A-%D9%85

Alsadiqon. (2025، March 28). Al-Bachari reveals corruption and violations in the telecommunications sector and confirms the ambiguity of the Vodafone contract. https://alsadiqon.iq/archives/25179

Amos، H. (2017) Israeli Military Chief Gives Unprecedented Interview to Saudi Media: "Ready to Share Intel on Iran". Haaretz. Nov 17، 2017. Available at: https://www.haaretz.com/israel-news/2017-11-17/ty-article/idf-chief-gives-unprecedented-interview-to-saudi-media/0000017f-e901-d62c-a1ff-fd7bb4dd0000

Anadolu Agency. (2023) 20 years after the invasion: Iraq between the American eagle and the Chinese dragon. [Translated from Arabic to English]. Anadolu (aa): News agency company Istanbul. 20.03.2023. Available at: https://www.aa.com.tr التقاريــر

Anadolu Agency. (2024a، March 25). Israel's Gaza war costs exceed $67B: Report. https://www.aa.com.tr/en/middle-east/israel-s-gaza-war-costs-exceed-67b-report/3447613

Arab Center for Research and Policy Studies. (2024) Determinants of Saudi Arabia's Response to the Gaza War. Series: Situation Assessment. 19 May 2024. Qatar (Doha). www.dohainstitute.org

Ashford، E (2023) "Yes، the World Is Multipolar"، Foreign Policy. Published on October 5، 2023، 4:19 AM. Available at: https://foreignpolicy.com/2023/10/05/usa-china-multipolar-bipolar-unipolar/

Atlantic Council. (2023، October 7) Is the Hamas assault on Israel the beginning of a wider war? October 7، 2023. Available at: https://www.atlanticcouncil.org/content-series/fastthinking/is-the-hamas-assault-on-israel-the-beginning-of-a-wider-war/

Avdaliani، E (2024) Turkey and China Seek Rapprochement، Though It Will Be Limited in Scope. Stimson. Middle East & North Africa Program. Middle East Perspectives Project. July 12، 2024.

AydıntaŞbaŞ، A & Bianco، C. (2021) Useful enemies: How the Turkey-UAE

rivalry is remaking the Middle East. European Council of Foreign Relations (ECFR/380). March 2021. pp: 1-22.

Aziz، H. (2024) Iraq; Drones transport drugs and spread among universities. Rudaw. [Translated from Kurdish to English]. 23-04-2022. Retrieved from: https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/210420224

Baban، M. (2024) Chinese Trade and Investment in Iraq: Risk or Opportunity? Rudaw Research Center. 20-02-2024.

Balci، A & KardeŞ، T. (2012). The Changing Dynamics of Turkey's Relations with Israel: An Analysis of Securitization، Insight Turkey. Vol. 14 / No.9.

Bambery، C. (2024) A dangerous multi-polar world. Counterfire. 7 July 2024. Available at: https://www.counterfire.org/article/a-dangerous-multi-polar-world/

Barantschik، M. (2023) Russia and Iraq: The 2023/24 Trade and Investment Dynamics. The Mediterranean Institute for Regional Studies. 10/15/2023 10:31:00 PM.

Barkey، H، J. (2022) US pipeline withdrawal marks a new chapter in Eastern Mediterranean. Ekathimerini. 07.02.2022 • 20:25. Available at: Ekathimerini: https://www.ekathimerini.com/opinion/1176904/us-pipeline-withdrawal-marks-new-chapter-in-eastern-mediterranean/

BasNews. (2024، July 27) A former parliamentarian has revealed the secret of the Iraqi president's $2 million in a bank. [Translated from Kurdish to English]. 27/07/2024 - 11:44. Available at: https://www.basnews.com/so/babat/855502

BBC News. (2014) Iran nuclear crisis: Can talks succeed? 25 November 2014. See here: http://www.bbc.com/news/world-middle-east-11709428

BBC. (2021، November 23) Iran nuclear deal: What it all means. 23 November 2021. Available at: https://www.bbc.com/news/world-middle-east-33521655

BBC. (2024، July17) Palestinian mother: Israeli army soldiers allowed a police

dog to maul the body of my son، who has Down Syndrome، "and tear him apart" in Gaza. bbc Arabia، [Translated from Arabic to English]. July 17، 2024. Available at: https://www.bbc.com/arabic/articles/cw5yk6evqlpo

bbc. (n،d) How did oil come to run our world? Available at here: https://www.bbc.co.uk/teach/articles/zn6gnrd#:~:text=The%20oil%20industry%20as%20we-،clean%20fuel%20for%20lighting%20homes.

Beasley، R، K & Mehvar، A. (2024) Timing bombs and the temporal dynamics of Iranian nuclear Security. European Journal of International Security (2024)، page 1 of 19 doi:10.1017/eis.2024.20.

Beinin، J.، Haddad، B.، & Seikaly، S. (2020). A critical political economy of the Middle East and North Africa. Stanford University Press. In the series Stanford Studies in Middle Eastern and Islamic Societies and Cultures. https://doi.org/10.1515/9781503614482

Bekkevold، J. I. (2023، September 22). No، the world is not multipolar. Foreign Policy. https://foreignpolicy.com/2023/09/22/multipolar-world-bipolar-power-geopolitics-business-strategy-china-united-states-india/

Benny، J. (2024) How Oman is quietly planning to be a major green hydrogen exporter. The National. April 06، 2024. Available at: https://www.thenationalnews.com/business/energy/2024/04/05/how-is-oman-quietly-planning-to-be-a-major-world-green-hydrogen-exporter/

Bertrand، N and Marquardt، A. (2022) The US seeks full reset with Saudi Arabia، effectively moving on from the murder of Jamal Khashoggi. CNN. Published 12:00 PM EDT، Fri June 10، 2022. Available at: https://edition.cnn.com/2022/06/10/politics/us-saudi-relationship-reset-jamal-khashoggi/index.html

Bharti، S، S. (2023) Development Policy and an Analysis of Complex Interdependence Theory. University of Warsaw. https://doi.org/10.15804/rop2023401

Biceroglu، E.، Canik، M. E.، & Dursun، A. (2023، August 11). Middle East plays vital role in global oil production. Anadolu Agency. Available at: https://www.aa.com.tr/en/economy/middle-east-plays-vital-role-in-global-oil-production/2965593

Bilali، C. B.، Odhiambo، E. O. S.، & Kisito، J. M. (2023). Securitization and mercantilism theories in the Ukraine-Russia war: Interplay of security and economic interests. World Journal of Research and Review (WJRR)، 17(2)، 1-11.

Bloomberg. (2021) UAE-Israel Ties Deepen as Mubadala Buys Gas Stake for $1 Billion. Available at: https://www.bloomberg.com/news/articles/2021-09-02/uae-israel-ties-deepen-as-mubadala-buys-gas-stake-for-1-billion

Blostein، D. Libetti، R & Crow، K. (2018) How a $450 Million da Vinci Was Lost in America—and Later Found. WSJ. Updated September 19، 2018. Available at: https://www.wsj.com/articles/fresh-details-reveal-how-450-million-da-vinci-was-lost-in-americaand-later-found-1537305592

Boocker، S and Wessel، D. (2024) The changing role of the US dollar. Brookings. August 23، 2024. Available at: https://www.brookings.edu/articles/the-changing-role-of-the-us-dollar/#:~:text=The%20dollar%20makes%20up%20a،of%20foreign%20trade%20invoices%20globally.

Borges، L.، & Lucena، R. (2023). Polarity in the context of U.S.-China competition: Reassessing analytical criteria. Central European Journal of International and Security Studies، 17(3)، 4-32. https://doi.org/10.51870/XVBP8977

Borshchevskaya، A. & Wahab، B. (2018) In Search of a New Patron، the KRG Turns Back to Moscow. Washington Institute for Near East Policy. PolicyWatch 2982. Jun 14، 2018.

Borshchevskaya، A. (2024) “How the Middle East Became an Arena for Putin’s Power Struggle with the US”. The Washington Institute for Near East Policy. Mar 9، 2024. Available at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/how-mid-

dle-east-became-arena-putins-power-struggle-us

Boullenois، C.، & Jordan، C. A. (2024). How China's overcapacity holds back emerging economies. Rhodium Group.

Britannica. (2024، July 13) Middle East region، Asia، Africa، and Europe. July 13، 2024، 11:18 AM ET (AP). Available at: https://www.britannica.com/place/Abu-Simbel

Brooks، S. G.، & Wohlforth، W. C. (2023). The myth of multipolarity: American power's staying power. Foreign Affairs. Published on April 18، 2023.

Burrows، M.، & Manning، R. A. (2024، March 21). Empowered middle powers and potential unthinkable alliances. Stimson Center. Retrieved from https://www.stimson.org/2024/empowered-middle-powers-and-potential-unthinkable-alliances/

Butcher، J. D. (2024). Simply another practice among others? Analyzing the rise of strategic partnerships in the Asia-Pacific region. Australian Journal of International Affairs، 78(4)، 498–519. Routledge.

Butler، A.، J. (2024) 21st Century Chinese Hegemony in the International System. Modern Diplomacy. January 18، 2024. Available at: https://moderndiplomacy.eu/2024/01/18/21st-century-chinese-hegemony-in-the-international-syst

Butter، B. (2020) Egypt and the Gulf. Chatham House. Research Paper. 14 December 2020. ISBN: 978 1 78413 395 5.

Cafiero، G and Milliken، E. (2023) Analysis: How important is Syria's return to the Arab League? Al Jazeera. 19 May 2023. Available at: https://www.aljazeera.com/news/2023/5/19/analysis-how-important-is-syrias-return-to-the-arab-league#:~:-text=Syria's%20government%20needs%20financial%20support،and%20other%20wealthy%20Arab%20nations.

Cagaptay، S. (2024) Will Turkey Cut Ties with Israel? Washington Institute for Near East Policy. May 8، 2024. Available at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/will-turkey-cut-ties-israel.

ÇalıŞkan، S. (2023) Faw Port and 'Development Road': US-China Rivalry Comes to the Middle East. Geopolitical Monitor. Situation Reports- September 20، 2023. Available at: https://www.geopoliticalmonitor.com/faw-port-and-development-road-us-china-rivalry-comes-to-the-middle-east/

Census. (2024) Trade in Goods with Japan. United States Census Bureau. Census.gov. Available at: https://www.census.gov/foreign-trade/balance/c5880.html

Chatham House. (2020) Same Old Politics Will Not Solve Iraq Water Crisis. 15 April 2020. Available at: https://www.chathamhouse.org/2020/04/same-old-politics-will-not-solve-iraq-water-crisis

China Briefing (2024) China's Economy Expands 5.3% in Q1 2024. Written by Arendse Huld. April 17، 2024. Available at: https://www.china-briefing.com/news/china-q1-2024-gdp-grows-5-3-percent/

China Daily. (2023، May 28). China's BRI helps to rebuild Iraq، say Iraqi scholars. Xinhua.http://global.chinadaily.com.cn/a/202305/28/WS6472915ba310b6054fad56c2.html

ChinaFile Conversation. (2024) "What to Make of China's Moves in the Middle East." A ChinaFile Conversation. August 19، 2024. Available at: https://www.chinafile.com/conversation/what-make-of-chinas-moves-middle-east

Climate Centre. (2021) Middle East. Red Cross Red Crescent Climate Center. with support from the ICRC.

COP28 UAE. (2023) Over 120 countries back COP28 UAE Climate and Health Declaration delivering breakthrough moment for health in climate talks. COP28 UAE; Press Release.

Copeland، M. (1970) The Game of Nations: The Amorality of Power Politics. Simon and Schuster. May، 1970. pp12 - 33.

Dagher، M. (2025). Voter turnout will define Iraq's 2025 election. Chatham House. 3 October 2025. Available at: https://kalam.chathamhouse.org/articles/vot-

er-turnout-will-define-iraqs-2025-election/

Dahlberg، R. (1982) Replacement of fossil fuels by hydrogen. International Journal of Hydrogen Energy. Volume 7، Issue 2، 1982، Pages 121-142

Davutoğlu، A. (2010): Strategic Depth: Turkey's role in the international arena. Al Jazeera Centre for Studies and Arab Scientific Publishers. Qatar.

Dezember، R. (2022، January 27) What's Behind Wall Street's $100 Oil Forecast? WSJ. Updated Jan. 27، 2022، 4:21 pm ET. Available at: https://www.wsj.com/articles/the-case-for-100-oil-more-driving-less-drilling-11643247290

Diskaya، A. (2013) Towards a Critical Securitization Theory: The Copenhagen and Aberystwyth Schools of Security Studies. Feb 1، 2013. E-International Relations. (www.tcpdf.org). ISSN 2053-8626. pp 1-13.

Draw. (2024) Kurdistan Region on the map of the drug world. [Translated from Kurdish to English]. 2024-05-14 18:17:24. Retrieved from: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=15086

Draw Media. (2020، May 14). Iraq blocks the financing of five organizations [Translated from Kurdish to English]. https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5918

Dsouza، V. (2023) U.S. Has More Gold in Reserves Than All of BRICS Combined. Watcher. Guru. September 14، 2023. Available at: https://watcher.guru/news/u-s-has-more-gold-in-reserves-than-all-of-brics-combined

Duerr، G. M.E. (2018) Huntington vs. Mearsheimer vs. Fukuyama: Which Post-Cold War Thesis is Most Accurate? Apr 22، 2018. E-International Relations. ISSN 2053-8626 Pp1-7.

Dunne، C، W. (2023) The UAE-Saudi Arabia Rivalry Becomes a Rift. Jul 6، 2023. Arab Center Washington DC. Retrieved from: https://arabcenterdc.org/resource/the-uae-saudi-arabia-rivalry-becomes-a-rift/

Economic Times. (2023) What are OPEC and OPEC+ and how do they affect

your oil bills? Nov 20، 2023، 09:42:00 PM IST. Available at: https://economictimes.indiatimes.com/news/how-to/what-are-opec-and-opec-how-it-affect-your-oil-bills/articleshow/105357895.cms?from=mdr

Economy Middle East. (2024) Top oil-producing countries in the world. January 19، 2024. Available at: https://economymiddleeast.com/news/top-oil-producer-countries/

EEAS. (2024) EU-GCC Dialogue on Economic Diversification A project funded by the European Union. Monthly Newsletter; Issue 45. February 2024.

Ehteshami، A. (2014). Middle East middle powers: Regional role، international impact. Uluslararası İlişkiler، Akademik Dergi، 11(42)، 29-49.

Elliott، S. (2024) Global gas demand to grow by 2.5% in 2024، but supply still tight. S&P Global. 26 Jan 2024 | 09:26 UTC. Available at: https://www.spglobal.com/commodityinsights/en/market-insights/latest-news/natural-gas/012624-global-gas-demand-to-grow-by-25-in-2024-but-supply-still-tight-iea#:~:text=Global%20gas%20demand%20is%20set،contribute%20to%20recovery%20in%20consumption.

Enterprise. (2024، August 5) BP to acquire 49% in Oman's Hyport Duqm green hydrogen project. Posted: Monday، 5 August 2024. Available at: https://enterprise.news/logistics/en/news/story/0bdabb64-a8e5-47b8-aa15-bb1b21b4b8b1/bp-to-acquire-49%2525-in-oman%25e2%2580%2599s-hyport-duqm-green-hydrogen-project

Environment Energy Leader. (2024، April 29). China، Europe، and the US dominate 95% of 2023 EV sales. Environment Energy Leader. Retrieved from https://www.environmentenergyleader.com/2024/04/china-europe-and-the-us-dominate-95-of-2023-ev-sales/

Erbas، I. (2022) Constructivist Approach in Foreign Policy and International Relations. Beder College University. Journal of Positive School Psychology. October 2022، Vol. 6، No. 3، 5087 – 5096.

Eroukhmanoff، C. (2018) Securitization Theory: An Introduction. E-International Relations. Powered by TCPDF (www.tcpdf.org). Jan 14، 2018. ISSN 2053-8626

ET Energy World. (2022) The EU looks to the east Mediterranean as a gas alternative to Russia. Updated on Jun 15، 2022، at 10:28 AM IST. Available at: https://energy.economictimes.indiatimes.com/news/oil-and-gas/eu-looks-to-east-mediterranean-as-gas-alternative-to-russia/92219587

Executive Office of the President. (2025، May 2). Fiscal year 2026 discretionary budget request. U.S. Office of Management and Budget. https://www.whitehouse.gov/omb

Fadlon، T. (2024) Israel – China Trade Slump: Turning Point or Correction? The Institute for National Security Studies (INSS). Special Publication، April 7، 2024.

Faraj Allah، C. (2023، September 17). Towards forming a new multipolar world order. Journal of International Politics. [Translated from Arabic to English].

Fares، M. (2024) Does China's increasing economic influence in Iraq open a door through which it intervenes in politics? Amwaj Media. [Translated from Arabic to English]. May 30، 2024. https://amwaj.media/ar/article/will-economic-clout-pave-way-for-chinese-interference-in-iraqi-politics

FDD. (2023) 10 Things to Know About Hamas and Turkey. Foundation for Defence of Democracies. November 29، 2023 - Insight. P.O. Box 33249، Washington D.C. info@fdd.org

Forbes India (2024) The top 10 largest economies in the world in 2024. By Forbes India. Jul 1، 2024، 08:26:34 AM IST. Available at: https://www.forbesindia.com/article/explainers/top-10-largest-economies-in-the-world/86159/1

Fortune. (2024، June 27). Chinese EVs made in Mexico plants bad for US auto industry. Fortune. Retrieved from https://fortune.com/2024/06/27/low-priced-china-evs-mexico-plants-america-auto-industry/

France 24. (2023) The UAE and Turkey signed agreements worth $50.7 billion

during Erdogan's visit to Abu Dhabi. France 24. [Translated from Arabic to English]. July 20، 2023. Time: 02:39. Available at: https://www.france24.com › 2023...

Fulton، J. (2022) Insight 281: From Haifa to Abu Dhabi: China's Maritime Strategy in the Middle East. National University of Singapore. July 19، 2022. Available at: https://mei.nus.edu.sg/publication/insights-281-from-haifa-to-abu-dhabi-chinas-maritime-strategy-in-the-middle-east/

Gabuev، A & Stuenkel، O. (2024) The Battle for the BRICS. The Mediterranean Institute for Regional Studies. 9/24/2024: 10:15:00 PM. Available at: https://www.mirs.co/details.aspx?jimare=245

Gharaibeh، I. (2004، October 3). China: Will it return to being a global superpower? Al Jazeera. (Original work published in Arabic، translated to English). Retrieved from https://www.aljazeera.net/opinions/2004/10/3/%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86-%D9%87%D9%84-%D8%AA%D8%B9%D9%88%D8%AF-%D9%82%D9%88%D8%A9-%D8%B9%D8%B8%D9%85%D9%89-%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%8A%D8%A9

Gül، M. (2011). The concept of change and James N. Rosenau: Still international relations? African Journal of Political Science، 5(6)، 001-009. Available online at www.internationalscholarsjournals.org © International Scholars Journals.

Gulf Business. (2025) Trump eyes visit to Saudi Arabia، UAE and Qatar next month. April 2، 2025. Available at: https://gulfbusiness.com/trump-saudi-arabia-uae-qatar/

Gulf International Forum. (2021) Saudi-Omani Partnership: Economic and Security Ties Deepen. Oman، Politics & Governance، Policy Focus.

Haass، R. (2008a، April 18). Living in a non-polar world. Project Syndicate. Available at: https://www.project-syndicate.org/commentary/living-in-a-non-polar-world

Haass، R. (2022b) The Dangerous Decade: A Foreign Policy for a World in Crisis. Foreign Affairs. October 2022. Available at: https://www.foreignaffairs.com/unit-

ed-states/dangerous-decade-foreign-policy-world-crisis-richard-haass

Hansen، B. (2000). The Unipolar World Order and its Dynamics. In: Hansen، B.، Heurlin، B. (eds) The New World Order. Palgrave Macmillan، London. https://doi.org/10.1057/9781403905277_5

Héder، M. (2022) AI and the resurrection of Technological Determinism. Információs Társadalom XXI، no. 2 (2021): 119–130. https://dx.doi.org/10.22503/inftars.XXI.2021.2.8

Henderson، S (2022) "Reality Check for Israel's Natural Gas Plans"، The Washington Institute for Near East Policy.

Human Rights Watch. (2024) I Can't Erase All the Blood from My Mind" Palestinian: Armed Groups' October 7 Assault on Israel. Copyright © 2024 Human Rights Watch. Printed in the United States of America. ISBN: 979-8-88708-143-4

International Crisis Group. (2024) Great Expectations: The Future of Iranian-Saudi Détente. Crisis Group Middle East Briefing. N°92 Tehran/Riyadh/Washington/Brussels، 13 June 2024. www.crisisgroup.org

Iraq Business News. (2024، April 22). AD Ports to run new Iraqi mega-port. Retrieved from https://www.iraq-businessnews.com/2024/04/22/ad-ports-to-run-new-iraqi-mega-port/

Iraqi News Agency. (2024) MOI: A narcotic substance manufacturing factory was seized in Sulaymaniyah. Baghdad - INA. 2-05-2024، 17:25. Retrieved from: https://ina.iq/eng/32513-moi-a-narcotic-substance-manufacturing-factory-was-seized-in-sulaymaniyah.html

Iraqi News. (2023، December 7) 80% of Iraq's Eridu oilfield to be owned by Russia's Lukoil. December 7، 2023. Available at: https://www.iraqinews.com/iraq/80-of-iraqs-eridu-oilfield-to-be-owned-by-russias-lukoil/

Jaafar، B. (2021) Normalization of UAE-Turkey relations: Causes، regional and

economic consequences. The Mediterranean Institute for Regional Studies، Policy Paper. [Translated from Kurdish to English]. 11/25/2021 2:40:00 PM.

Jaafar، B. (2023) A multi-front war in the Middle East: What will be the consequences? the Mediterranean Institute for Regional Studies. 10/8/2023 11:52:00 PM. Available at: https://www.mirs.co/details.aspx?jimare=220

Jabbar، B، J. (2016) Turkey–Israeli Relations During the Justice and Development Party Period (2002-2015). Master Thesis. Near East University. Nicosia. pp: 26- 105.

Jabbar، B، J. (2024) Deciphering the Eastern Mediterranean's Hydrocarbon Dynamics: Unravelling Regional Shifts. Emerald Publishing Limited. ISBN: 183608143X، 9781836081432.

Jalal، S. U.، Khan، Y.، & Pitafi، G. M. (2023). Saudi-Iran relationship: The beginning of a new era. Qlantic Journal of Social Sciences and Humanities، 4(3)، 1-12. e-ISSN: 2791-0229.

Jones، O & Krumbmüller، F. (2023) Top 10 geopolitical developments 2024. EY Parthenon.12 Dec 2023. Available at: https://www.ey.com/en_gl/insights/geostrategy/2024-geostrategic-outlook

Jordaan، E. (2003). The concept of a middle power in international relations: Distinguishing between emerging and traditional middle powers. Singapore Management University. https://doi.org/10.1080/0258934032000147282

Kaplan، R.، D. (2018) The Return of Marco Polo's World: War، Strategy، and American Interests in the Twenty-first Century Hardcover – March 6، 2018. Random House. Hardcover. March 6، 2018. ISBN-10: 0812996798

Kazem، E، M. (2012) The role of the Donmeh Jews in the collapse of the Ottoman Empire. University of Kufa، College of Education. Journal of the College of Basic Education، Issue 7. [Translated From Arabic to English]. May 2012.

Kelly، B. (2023) Edward Said's Postcolonial Theory. Mar 31، 2023. Medium.

Available at: https://wkelly1-19385.medium.com/edward-saids-postcolonial-theory-c12cd0a4822c

Kemp، G.، & Harkavy، R. E. (2000). Strategic geography and the changing Middle East. Middle East Studies Association Bulletin، 34(2)، 270-271. https://doi.org/10.2307/23064188

Khan، S. (2024) Navigating the Crossroads: China's Mineral Pursuit in Afghanistan and the US Concerns. Australian Institute of International Affairs. Available at: https://www.internationalaffairs.org.au/australianoutlook/navigating-the-crossroads-chinas-mineral-pursuit-in-afghanistan-and-the-us-concerns/

Kiel Institute for the World Economy. (2024) Ukraine Support Tracker. October 10، 2024. Available at: https://www.ifw-kiel.de/topics/war-against-ukraine/ukraine-support-tracker/

Kimball، J. (2021) Costs of the 20-year war on terror: $8 trillion and 900،000 deaths. Brown University. September 1، 2021. Available at: https://www.brown.edu/news/2021-09-01/costsofwar

Kissinger، H. (2015). World order. Penguin Press. September 3، 2015. ISBN-10: 0141979003

Kluth، A. (2024) The US May Have to Fight a Third Axis. Bloomberg. June 25، 2024، at noon GMT+3. Available at: https://www.bloomberg.com/opinion/articles/2024-06-25/us-may-have-to-fight-a-third-axis-of-china-russia-north-korea-iran?embedded-checkout=true

Krane، J. (2024، June 21). Exploring the options: Arab oil exporters and the US dollar. Arab Center Washington DC. Retrieved from https://arabcenterdc.org/resource/exploring-the-options-arab-oil-exporters-and-the-us-dollar/#:~:text=%E2%80%9C-Saudi%20Arabia%20will%20now%20sell،dollars%2C%E2%80%9D%20wrote%20BRICS%20News.

Krishnan، M. (2024، May 15). Is India taking a risk with the Iran Chabahar port deal? DW. https://www.dw.com/en/is-india-taking-a-risk-with-iran-chabahar-port-deal/a-69089809

Kundnani، H. (2017) What is the Liberal International Order? The German Marshal Fund of the United States (G|M|F). April 2017. Policy Essay. Liberal International Order Project، No (17). pp: 1-9.

Kupchan، C. (1998) After Pax Americana: Benign Power، Regional Integration، and the Sources of a Stable Multipolarity. Belfer Center for Science and International Affairs.

Kupchan، C. (2022). Bipolarity is back: Why it matters. The Washington Quarterly، 44(4)، 123-139.

Kurban، C. (2024) World's 22 Biggest Tech Companies of 2024. User Guiding. April 17، 2024. Available at: https://userguiding.com/blog/biggest-tech-companies

Lai، H. (2010). Uneven opening of China's society، economy، and politics: Pro-growth authoritarian governance and protests in China. Journal of Contemporary China، 19(67)، 819-835.

Latschan، T. (2025، October 6). What has Israel achieved in 2 years of war in Gaza? DW. https://www.dw.com/en/what-has-israel-achieved-in-2-years-of-war-in-gaza/a-74228934

Leonard، M (2023) China Is Ready for a World of Disorder: America Is Not. Foreign Affairs. Published on June 20، 2023. Available at: https://www.foreignaffairs.com/united-states/china-ready-world-disorder

Levine، R، M. (2022) The History of the Jews of Turkey. Aish. December 4، 2022. Available at: https://aish.com/the-history-of-the-jews-of-turkey/

Lew، L. (2024، January 11). China produces a record 30 million cars and exports soar. Bloomberg. Retrieved from https://www.bloomberg.com/news/arti-

cles/2024-01-11/china-produced-a-record-30-million-autos-in-2023-on-russian-exports?embedded-checkout=true

Lindenstrauss، G and Kivam، S، K. (2014) Turkey-Hamas Relation between Strategic Calculations and Ideological affinity، Strategic Assessment، Volume 17، NO.2. July 2014.Turkey.

Lindsay، J، D. (2022) How Eighteen Hungry Farmers Beat Collectivism and Helped China Succeed: Lessons from the Village of Xiaogang. Foundation for Economic Education. Tuesday، December 27، 2022. Available at: https://fee.org/articles/how-eighteen-hungry-farmers-beat-collectivism-and-helped-china-succeed-lessons-from-the-village-of-xiaogang/

Litvinenko، V. (2020). The role of hydrocarbons in the global energy agenda: The focus on liquefied natural gas. Resources، 9(59). https://doi.org/10.3390/resources9050059

Liu، Z.، Z. (2024) Tracking China's Control of Overseas Ports. The Council on Foreign Relations. August 26، 2024، 12:27 pm (EST). Available at: https://www.cfr.org/tracker/china-overseas-ports

Loft، P. (2023) Syria's civil war in 2023: Assad back in the Arab League. House of Commons Library. Commons Library Research Briefing. 9 June 2023. pp; 1-35.

Lons، C. (2024) East meets middle: China's blossoming relationship with Saudi Arabia and the UAE. European Council on Foreign Relations (ECFR). Deputy Head، Paris Office. Policy Fellow. 20 May 2024.

Lu، C (2024) How Much Leverage Does China Really Have Over Iran? Foreign Policy. April 19، 2024، 12:35 PM. Available at: https://foreignpolicy.com/2024/04/19/iran-china-israel-attack-oil-trade-economic-leverage/

Maarouf، M. (2010) Military coups and their secrets in Syria (1949-1969). [Translated from Arabic to English]. Dar Al-Riyadh Elrayyes Books and Publishing. 2010.

Maddox، B. (2024) Attacks on Hezbollah pagers will not improve Israel's situ-

ation on its border with Lebanon. Chatham House. Available at: https://www.chathamhouse.org/2024/09/attacks-hezbollah-pagers-will-not-improve-israels-situation-its-border-lebanon

Malik، N (2024) Our New، Non-Polar World. Global Dialogue - Georgetown University. March 27، 2024. Available at: https://globaldialogues.georgetown.edu/posts/our-new-non-polar-world

Mälksoo، M. (2022) The Postcolonial Moment in Russia's War Against Ukraine. Taylor& Francis. Journal of Genocide Research، 25(3–4)، 471–481. https://doi.org/10.1080/14623528.2022.2074947

Mammadyarov، E. (2007) "A new way for the Caspian region: cooperation and integration." Turkish Policy Quarterly (TPQ). P 2-8.

Månberger، A. (2014) Energy، conflict and war: Towards a conceptual framework. Energy Research & Social Science. December 2014 4:106-116. DOI: 10.1016/j.erss.2014.10.004

Martin، N. (2024) Ukraine war: The trillion-dollar cost to the West. DW. May 18، 2024. Available at: https://www.dw.com/en/ukraine-war-the-trillion-dollar-cost-to-the-west/a-69106932

Masters، J and Merrow، W. (2024) How Much U.S. Aid Is Going to Ukraine? The Council on Foreign Relations (CFR). September 27، 2024، 5:00 pm (EST).

McCourt، D، M. (2022) The New Constructivism in International Relations Theory. Bristol; online edn، Policy Press Scholarship Online، 22 Sept. 2022. Doi: https://doi.org/10.1332/policypress/9781529217827.001.0001

McNeil، T. (2019) Why the United States Is the Only Superpower. Tufts Now. November 21، 2019. Available at: https://now.tufts.edu/2019/11/21/why-united-states-only-superpower

Mearsheimer، J. (2024) "The Israel lobby is as powerful as ever" The New States-

man. 10 February 2024. Available at: https://www.newstatesman.com/the-weekend-interview/2024/02/john-mearsheimer-israel-ukraine-middle-east

Mearsheimer، J. (2025، January 12) John Mearsheimer: Why the US Can't Stop China's Rise. Rise of Asia. YouTube: https://www.youtube.com/watch?v=SWBr4quxJRc

Mediterranean Institute for Regional Studies. (2019) Oil and the idea of needing a world ruler. [Translated from Arabic to English]. 7/9/2019 1:54:00 AM. Available at: https://www.mirs.co/AR/details.aspx?jimare=86

Mediterranean Institute for Regional Studies. (2022) Energy Geopolitics and Conflict between Energy Basins: A Perspective beside Securitization of the New Regional and Global Order. 12/29/2022 2:49:00 PM. Available at: https://www.mirs.co/details.aspx?jimare=186

Mehvar، A. (2024) Key figures on attacks by and against Israel since 7 October 2023. ACLED. 10 October 2024. Available at: https://acleddata.com/2024/10/10/israels-war-on-gaza-a-year-in-numbers/

Middle East Eye (2025) Egypt signs record $35bn gas deal with Israel، paying 14 percent more for imports. By MEE staff. Published date: 8 August 2025 13:27 BST. Available at: https://www.middleeasteye.net/news/egypt-signs-record-35-bn-gas-deal-israel-paying-14-percent-more-imports

Middle East Monitor (2018، Januray 8) Swiss Newspaper reveals: Secret military cooperation between Saudi Arabia and Israel. MEM. January 8، 2018، at 3:17 am. Available at: https://www.middleeastmonitor.com/20180108-swiss-newspaper-reveals-secret-military-cooperation-between-saudi-arabia-and-israel/

Mohammed، X. M. (2024، April 26). The New Silk Road Project and the Chinese economy. Chawy Kurd Center. [Translated from Kurdish to English]. Retrieved from https://chawykurd.com/2024/04/26/%D9%BE%D8%B1%DB%86%DA%98%DB%95%DB%8C-%DA%95%DB%8E%DA%AF%DB%95%D-

B%8C-%D8%A6%D8%A7%D9%88%D8%B1%DB%8C%D8%B4%D9%85%DB%8C-%D9%86%D9%88%DB%8E-%D9%88-%D8%A6%D8%A7%D8%A8%D9%88%D9%88%D8%B1%DB%8C-%DA%86%DB%8C/

Mondal، A. (2012) Postcolonial Theory: Bhabha and Fanon. International Journal of Science and Research (IJSR) ISSN (Online): 2319-7064 Impact Factor (2012): 3.358.

Morrow، S. (2024) Saudi Arabia cuts production to propel prices، revealing strategy oversupply. Anadolu Agency. 02.02.2024. Available at: https://www.aa.com.tr/en/economy/saudi-arabia-cuts-production-to-propel-prices-revealing-strategy-over-supply/3125976

Mosebua. L & Maswabi، G. (2024) Charting a New Economic Frontier: BRICS+ Collaboration and De-dollarisation in the Global Landscape. Centre for Africa-China Studies University of Johannesburg. Policy Brief. January 2024.

Mosly، A. (2022) U.S.-Saudi Relations: Recalibrations. the Gulf Research Center. 2022-02-16. Available at: https://www.grc.net/single-commentary/42

Mulligan، R، F. (2024) Can BRICS Displace the Dollar? American Institute for Economic Research (AIER). January 15، 2024. Available at: https://www.aier.org/article/can-brics-displace-the-dollar/?gad_source=1&gclid=Cj0KCQjwjNS3BhChARIsAOxBM6rSXFJGz2X4ck5mARX261TtfM9qJAhYej3UkxpykMWMH9F-6GvAFZ8caAjlyEALw_wcB

nabd. (2024، July 26) Iraqi President pardons banker who embezzled $800 million. 26 July 2024. [Translated from Arabic to English]. Available at: https://nabd.com/s/140563157-0d8a98/%D8%A7%D9%84%D8%B1%D8%A6%D9%8A%D8%B3-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%8A-%D9%8A%D8%B9%D9%81%D9%88-%D8%B9%D9%86-%D9%85%D8%B5%D8%B1%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D8%AE%D8%AA%D9%84%D8%B3-800-%D9%85%D9%84%D9%8A%D9%88%D9%86-%D8%AF%D9%88%D9%84%D8%A7%D8%B1

Nedopil Wang، C. (2024، February 5). China Belt and Road Initiative (BRI) Investment Report 2023. The Green Finance & Development Center. Available at: https://greenfdc.org/china-belt-and-road-initiative-bri-investment-report-2023/

Neumann، I، B (2008) Russia as a great power، 1815–2007. Journal of International Relations and Development (2008) 11، 128–151. doi: 10.1057/jird.2008.7. Oslo.

Nye، J، S. & Keohane، R، O. (1987) Review: Power and Interdependence Revisited. The MIT Press. Vol. 41، No. 4 (Autumn، 1987)، pp. 725-753.

Nye، J. (2004) Soft Power: The Means to Success in World Politics. New York: Public Affairs

Nye، J. (2005) 'On the Rise and Fall of American Soft Power'، New Perspectives Quarterly، 22(3)، pp.75-77.

Nye، J. (2011) The Future of Power. New York: Public Affairs.

Nye، J. (2014، December 10). Is the American century over? Chey Institute for Advanced Studies.

Oborne، P. (2018) 25 years on، Huntington's 'clash of civilizations' theory has been refuted. Middle East Eye. 10 December 2018 12:10 GMT. Available at: https://www.middleeasteye.net/opinion/25-years-huntingtons-clash-civilisations-theory-has-been-refuted

Pahlavi، F (2012) The Secrets of the King and Farah. Second Edition. [The book Translated from Kurdish to English]. pp

Palik، J. (2023) The Impact of the Israel-Hamas War on the Saudi- Israeli Normalization Process. Peace Research Institute Oslo (PRIO) .PO Box 9229 Grønland، NO-0134 Oslo، Norway.

Payind، A. & McClimans، M. (2009) Keys to Understanding the Middle East. The OHIO State University. Diverse Perspectives.

Peña، K، D. (2024) Malaysia gets taste of China's West Philippine Sea bullying. Inquirer. net. August 29، 2024. Available at: https://www.inquirer.net/412098/malaysia-gets-taste-of-china-west-philippine-sea-bullying/

Petkova، M. (2019) What did Russia get from its KRG gamble? Aljazeera. 15 Apr 2019. Available at: https://www.aljazeera.com/features/2019/4/15/what-did-russia-get-from-its-krg-gamble

Pistilli، M. (2024) How Would a New BRICS Currency Affect the US Dollar? (Updated 2024). Nasdaq. July 08، 2024 — 05:00 pm. Available at: https://www.nasdaq.com/articles/how-would-new-brics-currency-affect-us-dollar-updated-2024

Poulshock، M. (2024) On the Unification of Neorealism and Neoliberalism. SSRN. April 2، 2024. http://dx.doi.org/10.2139/ssrn.4755375

Qatar News Agency. (2024) Qatar Takes Part in China-GCC Countries Forum on Industry and Investment Cooperation. 23 May 2024. Available at: https://www.qna.org.qa/en/News-Area/News/2024-05/23/0074-qatar-takes-part-in-china-gcc-countries-forum-on-industry-and-investment-cooperation#:~:text=His%20Excellency%20also%20pointed%20out،reach%20USD%206.8%20billion%20compared

Quilliam، N and Vakil، S. (2023) The Abraham Accords and Israel–UAE normalization. Chatham House. 28 March 2023. ISBN: 978 1 78413 558 4. DOI: 10.55317/9781784135584.

Quitaz، S. (2023) The Forgotten Arabs of Al Ahwaz: A Century-Old Struggle for Liberation from Iran. Jerusalem Center for Public Affairs. August 21، 2023. Available at: https://jcpa.org/the-forgotten-arabs-of-al-ahwaz/

Raffoul، A & Keller، K. (2024) As China-Gulf relations deepen، here are 3 key sectors for growth. World Economic Forum. Apr 10، 2024. Available at: https://www.weforum.org/agenda/2024/04/3-key-sectors-poised-for-explosive-growth-as-china-gcc-cooperation-deepens/

Rahman، M & Al-Azm، A. (2023) Social Change in the Gulf Region Multidisciplinary Perspectives. Springer. Gulf Studies 8. Qatar University Doha، Qatar. 22 March 2023. ISBN 978-981-19-7795-4

Ramadhanty، S & Syauqillah، M. (2022) Turkey-UAE Bilateral Relations: Interdependency in Causes of Conflict Reconciliation. Indonesian Journal of Multidisciplinary Science. 25 June 2022. P-ISSN: 2808-5957. pp; 1128- 1144.

Ramos، M. (2025). China can help counter US technological and digital dominance. Bdf. Beijing China. Updated On 20. Feb. 2025. Available at: https://www.brasildefato.com.br/2025/02/14/china-can-help-other-countries-fight-back-us-technological-and-digital-hegemony-says-chinese-expert/

Rapier، R. (2024) U.S. Oil and Gas Production Are Ahead of Last Year's Record Pace. Forbs. Apr 26، 2024،02:33pm. Available at: https://www.forbes.com/sites/rrapier/2024/04/26/us-oil-and-gas-production-are-ahead-of-last-years-record-pace/#:~:text=However%2C%20current%20data%20from%20the،production%20tells%20a%20similar%20tale.

Ratcliffe، J (2024) "Holding China Accountable for Its Role in the Most Catastrophic Pandemic of Our Time: COVID-19." The Heritage Foundation. No. 286. July 8، 2024.

Reed، J. (2017) Israel signs pipeline deal in push to export gas to Europe. Financial Times. Tel Aviv. APRIL 3 2017. Available at: https://www.ft.com/content/78ff-60ca-184c-11e7-a53d-df09f373be87

Reisinezhad، A. (2022). Geoeconomic power: The new Silk Road، investing in belts & roads and circulation in the global balance of power. Foreign Policy Quarterly، 35(1). Department of International Relations، Tehran University.

Reuters. (2021) Explainer: Why Russian exports hold sway over European and British gas prices. See here: https://www.reuters.com/business/energy/why-russian-exports-hold-sway-over-european-british-gas-prices-2021-11-03/

Reuters. (2024، August 28) Russian economy shows solid growth despite Ukraine war sanctions. August 28، 20249:15 PM GMT+3. Available at: https://www.reuters.com/world/europe/russian-economy-shows-solid-growth-despite-ukraine-war-sanctions-2024-08-28/

Reuters. (2024، June 3). China maintains stance on disputed Gulf islands despite Iran's anger. Reuters. Retrieved from https://www.reuters.com/world/china-maintains-stance-disputed-gulf-islands-despite-irans-anger-2024-06-03/

Ross، D. (2018) Iranians Are Mad as Hell About Their Foreign Policy، Washington Institute for Near East Policy. Jan 2، 2018. Available at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/iranians-are-mad-hell-about-their-foreign-policy

Rudaw. (2022) Iraqi top court to review case filed against President Salih next week. 18-03-2022. Retrieved from: https://www.rudaw.net/english/middleeast/iraq/18032022

Rudaw. (2024) Captagon seizure nearly quadrupled in Iraq in 2023: UNODC. 23 July 2024. at at 09:20 AM. Retrieved from: https://www.rudaw.net/english/middleeast/iraq/23072024

Russell، P. (2011) "Unipolarity and Its Benefits" Writing Excellence Award Winners. The University of Puget. Sound http://soundideas.pugetsound.edu/writing_awards/23

Sadiq، R.، L. (2011) The US-Turkish relations: During the era of the Justice and Development Party (2003-2011). Middle East University. Jordan. Translated from Arabic to English. pp. 41- 152.

Saed، S. (2023) The Chinese view of the new world order. Regay Kurdistan. [Translated from English to Kurdish]. May 17، 2023. Available at: https://www.regaykurdistan.com/index.php/wtar/rwang-y-chyny-b-n-zmy-nw-y-jyhany

Saeed، M. (2017) Loving co-wives...the roots of hostility between Saudi Arabia and the Emirates. Aljazeera. Qata. [Translated from Arabic to English]. July 5، 2017. Available at: https://www.aljazeera.net › politics

Salhani، J. (2024) Iraq's overreliance on oil threatens economic، political strife. Aljazeera. 28 Mar 2024. Available at: https://www.aljazeera.com/news/2024/3/28/iraqs-overreliance-on-oil-threatens-economic-political-strife

Salih، R، R (2024) China-Kurdistan Region's relations and its impact on the Kurdish cause. Center for Future Studies. [Translated from Kurdish to English]. No (20)، April. 2024. Centerfs.org

Sarsenov، M. B.، & Raev، D. S. (2018). Humanization as a phenomenon of post bi-polar international relations system. Utopía y Praxis Latinoamericana، 23(82)، 247-261.

Schaer، C. (2023) Syria returns to Arab League: What will it change? DW. May 9، 2023. Retrieved from: https://www.dw.com/en/syria-returns-to-arab-league-what-will-it-change/a-65561532

Shaffer، B. (2021) Iran Is More Than Persia: Ethnic Politics in the Islamic Republic. April 28، 2021. Monograph. The Foundation for Defense of Democracies (FDD). Washington، DC.

Shaw، S، J (1976) History of the Ottoman Empire and Modern Turkey: Volume 1، Reform، Revolution، and Republic: The Rise of Modern Turkey 1808-1975. Cambridge University Press، pp. 1-15، London. DOI: https://doi.org/10.1017/CBO9780511614965

Shehu، E. (2021) "The United States and China Power Transition in the Middle East: The Cases of the Kingdom of Saudi Arabia and the Islamic Republic of Iran." Università Ca' Foscari، Master's Degree Programme، Supervisor: Ch. Prof. Duccio Basosi.

Singh، M. (2023) Why China Is Taking Sides Against Israel—and Why It Will Likely Backfire. Washington Institute for Near East Policy. Nov 29، 2023. Available at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/why-china-taking-sides-against-israel-and-why-it-will-likely-backfire

SIPRI. (2024a) SIPRI Yearbook 2024: Armaments، Disarmament and Interna-

tional Security SIPRI YEARBOOK 2024 Summary. Stockholm International Peace Research Institute. www.sipriyearbook.org

SIPRI. (2024b) Role of nuclear weapons grows as geopolitical relations deteriorate—new SIPRI Yearbook out now. Stockholm International Peace Research Institute. 17 June 2024.

SIWI. (2020) 5 reasons why the climate crisis is a water crisis. Stockholm International Water Institute. Mar 20، 2020.

Sky، E. (2019). In a time of monsters: Travels through a Middle East in revolt. Atlantic Books.

Sky News Arabia. (2022، December 8) Signing 34 investment agreements between Saudi and Chinese companies. [Translated from Arabic to English]. December 8، 2022. Available at: https://www.skynewsarabia.com/business/1578919-%D8%AA%D9%88%D9%82%D9%8A%D8%B9-34-%D8%A7%D8%AA%D9%81%D8%A7%D9%82%D9%8A%D8%A9-%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%AB%D9%85%D8%A7%D8%B1%D9%8A%D8%A9-%D8%B4%D8%B1%D9%83%D8%A7%D8%AA-%D8%B3%D8%B9%D9%88%D8%AF%D9%8A%D8%A9-%D9%88%D8%B5%D9%8A%D9%86%D9%8A%D8%A9

Statista (2024a) Forecast of the gross domestic product of the United States from fiscal year 2024 to fiscal year 2034. Statista Research Department، Jul 5، 2024. Available at: https://www.statista.com/statistics/216985/forecast-of-us-gross-domestic-product/

Statista (2024b) The 100 largest companies in the world by market capitalization in 2023. Available at:https://www.statista.com/statistics/263264/top-companies-in-the-world-by-market-capitalization/

Statista. (2024c) Demand for crude oil worldwide from 2005 to 2023، with a forecast for 2024. Statista Research Department، May 22، 2024. Available at: https://www.statista.com/statistics/271823/global-crude-oil-demand/

Stoicescu، K.، Nazarov، M.، Giles، K.، & Johnson، M. D. (2023). How Russia went to war. International Center for Defence and Security. ISBN 978-9916-709-11-5 (pdf)، 2-7.

Studium Generale. (2022، September 15). If you want to be wealthy، build a road first. University Utrecht. Retrieved from https://www.sg.uu.nl/artikelen/2022/09/if-you-want-be-wealthy-build-road-first#:~:text=%E2%80%9CIf%20you%20want%20to%20be،is%20where%20the%20trade%20starts.

Soltani، E (2025). The Evolution of Saudi Arabia's Trade with China، the EU، and the U.S. Voronoi. May 14، 2025. Available at: https://www.voronoiapp.com/trade/-The-Evolution-of-Saudi-Arabias-Trade-with-China-the-EU-and-the-US-5086

Taha، Y (2024). Hamas's footsteps in Iraq. Draw Media. [Translated from Kurdish to English]. 2024-07-17 09:01:35. Available at: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=15383

Talmazan، Y. (2023) Ukraine is furious with Elon Musk for thwarting an attack on Russia's navy. NBC News. Sept. 8، 2023، 2:15 PM GMT+3. Available at: https://www.nbcnews.com/news/world/musk-stopped-ukraine-attack-russian-fleet-starlink-rcna104019

Tastan، K. (2022) Turkey and European Energy (In)Security: What Role of Turkey in European Energy Security Following the Russian Invasion of Ukraine? © Stiftung Wissenschaft und Politik (SWP). doi:10.18449/2022C38

Tenzin، J. (2022) Rethinking the Rise of China: A Postcolonial Critique of China and a Chinese Critique of the Postcolonial. Willey Online Library. 15 February 2022 https://doi.org/10.1002/johs.12361

The History Channel. (2022) Marshall Plan. History. com Editors. Updated: November 1، 2022. Available at: https://www.history.com/topics/world-war-ii/marshall-plan-1

The New Arab (2024) 25% of Iraqis are below the poverty line، amid warnings that the percentage will rise. [Translated from Arabic to English]. Baghdad. 08 July

2024. Available at: https://www.alaraby.co.uk › society

The New Arab. (2021a) Iraq: Türkiye reduced the levels of the Tigris and Euphrates rivers by half، and Iran cut off important tributaries. Baghdad - Muhammad Ali. 09 May 2021. Available at: https://www.aajeg.com › society.

The New Arab. (2024). Kurdistan security forces foils attempt to smuggle 'drug-infused books' to the United Kingdom. Reporter: Dana Taib Menmy. Iraq. 24 July، 2024. Retrieved from: https://www.newarab.com/news/iraqi-kurdistan-security-foils-drug-infused-books-going-uk

The Guardian. (2025). Trump's tariffs: the full list. Guardian graphic Source: White House. Updated on 7 April 2025. Available at: https://www.theguardian.com/business/2025/apr/03/trumps-tariffs-the-full-list

The Times of Israel. (2025، October 6). 1،152 security personnel killed، 885 children bereaved: Two years on from Oct. 7، Defense Ministry data shows the toll of war. https://www.timesofisrael.com/liveblog_entry/1152-security-personnel-killed-since-oct-7-defense-ministry-releases-data-on-countrys-fallen/

Timofeev، I (2019) "A New Anarchy? Scenarios for World Order Dynamics". The Russian International Affairs Council (RIAC). Published on August 6، 2019. Available at: https://russiancouncil.ru/en/analytics-and-comments/analytics/a-new-anarchy-scenarios-for-world-order-dynamics/

Tradeology. (2023) The Road to Trade Winds ASEAN: Vietnam. The ITA blog. February 7، 2023. Available at: https://blog.trade.gov/2023/02/07/the-road-to-trade-winds-asean-vietnam/

Trading Economics (2024) China Imports from Saudi Arabia. Available at here: https://tradingeconomics.com/china/imports/saudi-arabia

Travasoni، S. (2022) The English School's theory of International Society: a valuable concept to understand International Relations. Pismo Interdyscyplinarne، In-

terdisciplinary Journal. Nr 2(10)/2022. DOI: 10.34813/psc.2.2022.1.

Trenin، D. (2009) Russia's Spheres of Interest، not Influence. The Washington Quarterly. Volume 32، 2009 - Issue 4. pp. 3 - 22.

Tru news (2017) Pompeo: Saudis، Israelis Working Together. December 7، 2017. see here: https://www.trunews.com/article/pompeo-saudis-israelis-working-together

U.S. Energy Information Administration. (2012) Global natural gas consumption doubled from 1980 to 2010. April 12، 2012. Available at: https://www.eia.gov/todayinenergy/detail.php?id=5810

UNICEF. (2021) One in five children globally does not have enough water to meet their everyday needs. UNICEF/UN0406867. 17 March 2021.

UNISCO. (2008) The Silk Roads Project: Integral Study of the Silk Roads: Roads of Dialogue (1988-1997). CLT/CPD/DIA/2008/PI/68 .

United States Institute of Peace (2023) Iran & China: A Trade Lifeline. United States Institute of Peace. July 5، 2023. Available at: https://iranprimer.usip.org/blog/2023/jun/28/iran-china-trade-lifeline

UNODC. (2024) Drug Trafficking Dynamics across Iraq and the Middle East: Trends and Responses. United Nations Office on Drug and Crime. Regional office for the Middle East and North Africa. July 2024. Pp; 8- 45.

USTR. (2024) Iraq: Iraq Trade Summary. The Office of the United States Trade Representative. WASHINGTON، DC 20508. Available at: https://ustr.gov/Iraq#:~:text=Iraq%20Trade%20Summary،up%2013%20percent%20from%202013.

Varoufakis، Y. (2025، March 24). Yanis Varoufakis REVEALS Why the USA Wants to Stop China. YouTube: https://www.youtube.com/watch?v=HEtKflMbwfU&t=1816s

Voice of America. (2024) A drug factory in Darbandikhan has exported crystals to other countries، A retired brigadier has been arrested. VoA Kurdish. Dilshad Anwer. May، 2024. Available at: https://www.dengiamerika.com/a/7598687.html

Waltz، K. (1993) “The Emerging Structure of International Politics.” International Security 18، no. 2 (1993): 44-79.

Wang، F. (2024). China’s age of abundance: Origins، ascendance، and aftermath. Cambridge University Press.

Wardhani، N. F. (2021). The concept of polarity and centres of power in international relations. Jurnal Politik Indonesia (Indonesian Journal of Politics)، 7(2)، 106. https://doi.org/10.20473/jpi.v7i2.31126

Watkins، S. (2023 a) The New Global Oil Market Order and How to Trade It. 21 April 2023. ISBN-13: 979-8390950616

Watkins، S. (2023b) Russia Takes Control of Iraq’s Biggest Oil Discovery for 20 Years. Oil Price. Nov 28، 2023، 6:00 PM CST. Available at: https://oilprice.com/Energy/Crude-Oil/Russia-Takes-Control-of-Iraqs-Biggest-Oil-Discovery-for-20-Years.html

Wayman، F. W. (1984). Bipolarity and war: The role of capability concentration and alliance patterns among major powers، 1816-1965. Journal of Peace Research، 21(1)، 61-78. https://doi.org/10.1177/002234338402100105

Wessels، J. (2009) Water Crisis in the Middle East: An Opportunity for New Forms of Water Governance and Peace. The Whitehead Journal of Diplomacy and International Relations. pp131-142.

Williams، M، C. (2007) Realism Reconsidered: The Legacy of Hans Morgenthau in International Relations Get access to Arrow. 15 November 2007. Oxford University Press. ISBN: 9781383043525. DOI: https://doi.org/10.1093/oso/9780199288618.001.0001

Wolf، M. (2011، January 4). In the grip of a great convergence. Financial Times. Retrieved from https://www.ft.com/content/072c87e6-1841-11e0-88c9-00144feab49a

World Economic Forum. (2024، January 26). Middle powers: What are they and why do they matter? Davos Forum. https://www.weforum.org/agenda/2024/01/

middle-powers-multilateralism-international-relations/

World Meters. (2024) Oil Consumption by Country. Available at: https://www.worldometers.info/oil/oil-consumption-by-country/

World Population Review. (2024) Nuclear Weapons by Country 2024. Available at: https://worldpopulationreview.com/country-rankings/nuclear-weapons-by-country

World Vision. (2024) Syrian refugee crisis: Facts، FAQs، and how to help. World Vision Staff. July 15، 2024. Available at: https://www.worldvision.org/refugees-news-stories/syrian-refugee-crisis-facts

Yawar، M، E. (2024) Changing strategy and foreign policy of the United States regarding Afghanistan and the new interim government of the Taliban. Academic Journal of History and Idea. 11 (1) 2024. ISSN: 2148-2292

Yeung، J & Salman، A. (2024) What we know about the assassination of Hamas political leader Ismail Haniyeh. CNN. Wed July 31، 2024. Updated 5:12 PM EDT. Available at: https://edition.cnn.com/2024/07/31/middleeast/what-we-know-iran-haniyeh-assassination-intl-hnk/index.html

Youvan، D، C. (2024) 2024 Leap Day Crisis: The Reawakening of Nuclear Tensions in the 21st Century. February 2024. DOI:10.13140/RG.2.2.12745.93285. Doug@youvan.com

Zakaria، F. (2008). The post-American world. W. W. Norton & Company.

Zala، B. (2013). Rethinking Polarity for the Twenty-first Century: Perceptions of Order in International Society. University of Birmingham Research Archive، e-theses repository.

Zeman، C. Rich، M & Rose، J. (2006) World water resources: Trends، challenges، and solutions. Springer. Volume 5، pages 333–346. 22 August 2006.

Zhdannikov، D. (2018) The great Russian oil game in Iraqi Kurdistan. Reuters. April 19، 20185:12 PM GMT+3. Available at: https://www.reuters.com/article/us-rosneft-iraq-insight/the-great-russian-oil-game-in-iraqi-kurdistan-idUSKBN1HQ1R3/

Zhou، J.، Su، F.، & Yuan، J. (2022). Treading lightly: China's footprint in a Taliban-led Afghanistan. SIPRI Insights on Peace and Security، (2022/08).

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA